



Raman

# ڕامان RAMAN

150

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ تشرینی دووەمی ٢٠٠٩



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

## ● سەروتار


- کەمتەرخەمی زمانەکەمانی لە گرێژەنە بردووە/ سەرنووسەر/ 3


## ● دەق


- مێوانی ئاو/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا/ 6
- تا چاو بڕکا.. من بەڕێگەوەم/ دلاوەر قەرەداغی/ 7
- سواڵکردن/ سەلام محەممەد/ 8
- ڤژانەک ژ بۆ فرینی پێگۆتنەکا سپی/ د. عارف حیتو/ 10
- زستان/ لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغا بەیگی/ 12
- فریشتە نەبوو/ محەممەد ئەدیبی/ 14
- گرەو ناکەم من هەمیشە دۆڕاوم؟/ بەکر دەروێش/ 17
- بالۆرەکانی غەریبی/ ک. د. ئازاد/ 20
- فەدی/ ئەدیب پۆلاد/ 24
- وژە بە ڕەنگی خۆشەویستی/ لە عەرەبییەوە: ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل/ 27
- باران/ لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا سەعیدی/ 29


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ (جەمال بابان)ی پێشەنگ چیرۆکنووس/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 39


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- وشە، هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە/ ڕەهبەر مەحموود زادە/ 59
- (لیسا) لە نێوان نامۆیی و چاوەڕوانیدا/ د. پەخشان سابیر/ 66
- مەعروف جیاووک ڕۆڵی لە بواری ڕووناکبیریدا/ د. ئازاد عوبێد/ 76


## ● بیرەوەری


- بێ جێگایی/ مارف خەزنەدار/ 83


## ● تەلارسازی


- ڕەگەزە ئیستێتیکییەکان لە هونەری تەلارسازیدا/ کامەران تاهیر/ 86


## ● هزر و فەلسەفە


- سانت ئەنسلم (بەڵگەی ئەنتۆلۆژی)/ د. حەمید عەزیز/ 101
- کەسایەتی ڤۆڵتێر و بەرهەمەکانی/ لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر/ 112


## ● وتار


- ڕەخنە و بایەخدان بە خوێنەر/ ڕێبین خەلیل قادر/ 124
- خۆشەویستی و پارە/ لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 127
- دەق خوێنەری چەند ڕەهەندی دەوێ/ کەریم حیکمەتی/ 132
- خوێندنەوەی کتێبێکی (تۆدۆرۆف): ئەدەب لە مەترسیدایە/ لە عەرەبییەوە: د. فوئاد ڕەشید/ 134
- توانایی منداڵ لە پێگەی بەردەنگی ئەدەبیدا/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 137


## ● هونەر


- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 141


## ● خوێندنەوەی کتێب


- گەیشتن بە ئەندێشەکردنی باڵا لە ڕۆمانی «من ناوم سوورە»ی ئۆرهان پامۆکدا/ ئارام سدیق/ 145
- کراس ڕەش/ هاشم سەڕاج/ 151


## ● زاراوەسازی


- پانتۆمیم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155


## ● نرخاندن


- (ڕامان) هەژی شانازییە/ جەلال زەنگابادی/ 158


## ● نامە


- نامەی بارزانی نەمر بۆ د. مارف خەزنەدار/ 159


## ● سووکە لەنگەر


- سەبارەت بە ڕەخنەی درامای کوردی/ حەیدەر عەبدولڕەحمان/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# کەمتەرخەمی زمانەکەمانی لە گرێژەنە بردووە

**سەرنووسەر**

* زمان بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ گەشەکردن و بەرەو پێشڤەچوونی کۆمەڵ و فراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی پەرەی ستاندووە و بەرەو پێش چووە. بەو هۆیەوە کە زمان جەستەیەکی بێ گیان و مردوو نییە، بۆیە وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو نەشونما دەکا و پێشدەکەوێ و بەپێی سازبوونی هەلومەرجی لەبار بۆی گەشە دەکات و دەبووژێتەوە، کاتێکیش بایەخ بەزمان نادرێ و زەمینەی گونجاوی بە زیندوو ڕاگرتنی بۆ فەراهەم ناکرێ، بێ گومان ئەو زمانە کروشکە دەبەستێ و پاشەکشە دەکا و لە گەشەکردن دەوەستێ و لەوانەیە هەڕەشەی لە ناوچوون و فەوتانیشی لێ بکرێ. کوردیش وەک نەتەوەیەک کە هەمیشە خاکەکەی پێخوستی داگیرکەران بووە و بەردەوام بووەتە مەیدانی ڕمبازێن و تەراتێن و مایەی چاوچنۆکی ناحەزان و نەیارەکانی و بەسەتان جار کاول و بەسووتماک کراوە، بەڵام بەهۆی بە زیندوویی مانەوەی زمانەکەیەوە بووە کە توانیویەتی یەکێتی نەتەوەیی و بوون و مانی خۆی بەرانبەر بە پەلاماری دڕاندانەی دژمنان و شەڕانگێزان بپارێزێت، لێرەوە دەتوانم بڵێم جوانترین شاکارێکی ئەو میللەتە بەدەستەوەی دابێ و بۆی بەجێ هێشتبێ پاراستنی زمانەکەیە، کە وێڕای هەموو هەوراز و نشێوەکان و هەڵتەک و داتەکی ڕۆژگار و زەمانە و پەلاماردان و شاڵاوەکانی دژمنان و سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی مێژووش بە چاکی خزمەت نەکراوە، کەچی ئەو زمانە هەر بەپێوە و بە زیندوویی ماوەتەوە.

* لە مێژووی دروست بوونی نەتەوەکانی دنیاو وردبوونەوە لە چۆنیەتی پەیدابوونی زمانی یەکگرتوویان، لەنێوان نەتەوەی ئینگلیز و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و عەرەب و هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، ئەمانە سەرەتا هەموویان تووشی ئەو تەنگوچەڵەمەیە هاتوون کە ئێمە ئێستا بەدەستییەوە گیرۆدە بووین، هەمووشیان دواجار یەک دیالێکتیان کردووە بە بنەوانی زمانەکەیان بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوویان و پەیڕەویان کردووە. نەتەوەی فەڕەنسا دیالێکتی خەڵکی دەورووپشتی شاری پاریسی ئێستای کردە زمانی نەتەوەیی خۆی، هەروەها دیالێکتی شاری لەندەن بووە زمانی یەکگرتووی نەتەوەی ئینگلیز و دیالێکتی عەشیرەتی قوڕەیشی عەرەبی کە قورئانی پیرۆز بەو دیالێکتە بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) هاتووەتە خوارێ بووە بە زمانی یەکگرتووی عەرەب، ئێمەش وەک کورد دەبێ ئەمڕۆ ئەو دیالێکتە بکەینە زمانی ئیستاندارد و هەڵیبژێرین کە زۆرتر خزمەتکراوە و پێشکەوتووە و لەگەڵ داهێنانی ئەدەب و خوڵقاندن سازە و بەرە بەرەش پێشدەکەوێ و بەردەوام خۆی بە دیالێکتەکانی دیکە موتوربە و دەوڵەمەند دەکات. جگە لەوەی ئەمڕۆکە ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیەی دەیخوێنینەوە و دەیبینین و دەیبیستین بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتیماندا تەواو نابێ و بە پێویست نازانرێ ئەوها خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین، لە پاش ئەوەی بەدوو کۆنگرەی تەواو لە شەقڵاوە، لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ و ساڵی **١٩٧٣** کە بڕیاری جێگیرکردنی دیالێکتی خوارووی داوە، جارێکی دیکە بێینەوە و بە ڕێگایەکی تریدا ببەین و بە بارێکی دیکەیدا بخەین، کە ئەوە بەلامەوە خۆ خەریک کردنە بە شتی لابەلایی و دەبێتە هۆی ناکۆکی نانەوەی زیاتری نێوانمان کە دژمنانی نەتەوەکەمان بەردەوام تیژی دەکەن، چونکە لەجیاتی ئەوەی یەکمان بخات، ئەوە زیاتر لە یەکترمان دەترازێنێ و لێکترمان دوور دەخاتەوە. فەڕەنساش کە پێشان دوو دیالێکتی هەبووە، (ئویل) کە دیالێکتی باکووری فەڕەنسا بووە، ئینجا دیالێکتی (ئوک) کە دیالێکتی خوارووی فەڕەنسا بووە، (ئویل) زمانی ئاخاوتنی خەڵکی دەورووپشتی پاریس بووە کە کراوەتە زمانی سەرتانسەری وڵات، بۆیە زمانی یەکگرتوو مەرجی سەرەکی دروستبوونی نەتەوە و نیشانەی یەکێتی نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەکە.

* مام هەژاری زانا دەڵێ: (نەیارانمان ویستوویانە زمانە زگماکەکەمان لێ بەربەست کەن، لە سایەی بێ زمانییەوە بە یەکجاری مافی ڕەوای نەتەوەییمان پێ بەست بکەن،

ئەگەر من و تۆ نەزانین ئاغاکانمان باش دەزانن هەر زمانە قەباڵەی بوونی گەلانە، هەر گەلێ زوانی نەمێنێ قەت ناکرێ سەرهەڵێنێ و خۆ بنوێنێ، مافی خودادواوی وەدەست بێنێ). مام هەژاری رەحمەتی هاتووە باس لە نەیاران و ئاغاکانمان دەکا کە چۆن هەمیشە ویستوویانە بەربەست لەپێش نووسین و قسەکردن بەزمانە زگماکەکەمان دابنێن تا قسەی پێ نەکەین و پێی نەنووسین و پشتگوێی خەین و بەرە بەرە بەرەو کزی و سستی و سیس بوون و نەمان بڕوا و لە سایەی بێ زمانییەوە مافی ڕەوای نەتەوەییمان پێ بەست بکەن. باشە کە ئەو ئاغایانە دەزانن زمان قەباڵەی بوونی گەلانە، ئێمە خۆمان بۆ ئەوە نەزانین؟ ئەوان کە بزانن هەر گەلێ زوانی نەمێنێ ناکرێ و ناتوانێ خۆی بنوێنێ و مافی ڕەوای وەدەست بێنێ، ئێمە بۆ نەیزانین؟ ئەوەی ئاغاکانمان دەیزانن و پێمانی دەکەن بە جێی خۆی و با لەوسەر بوەستێ، ئیدی ئەوان چییان پێ کراوە لە بەرانبەرمان کردوویانە و درێغییان نەکردووە، ئەوەی نەیانکردووە ئەوەیە کە پێیان نەکراوە، یان لە دەستیان نەهاتووە بیکەن، بەڵام غەمی هەرە گەورە ئەوەیە کە خۆمان بەخۆمانی دەکەین، ئەو غەمساردی و کەمتەرخەمی و بێ ڕێزییەی خۆمان بە زمانەکەمانی دەکەین، جۆرێکە لە ئەنفالکردن کە ناوی ئەنفالی زمانی کوردییە.

* ئەوەندەی وردبوومەتەوە و سەرنجم لە نووسینی کوردی پاش ڕاپەڕین داوە، کەمتەرخەمی و بێ باکی و دەربەست نەبوونێکی بێ ئەندازە بەرانبەر بە زمانەکەمان دەبینم، بێ باکی و بایەخ نەدان بە زمانەکەمان لەلایەن نووسەران و ڕۆژنامەنووسانەوە لەناو نووسینی کوردیدا بە زەقی بەدی دەکرێ. ئەوەی جێی دڵخۆشیمە و بە کارێکی چاکیشی دەزانم ئەوەیە لەم دواییانەدا باسوخواسێکی گەرموگوڕ سەبارەت بە ڕزگاکردنی زمانەکەمان لەو پاشاگەردانی و کارەساتەی تێی کەوتووە کەوتووەتەوە، بانگەوازێک بۆ نووسین بەرێنووسێکی گونجاوی یەکگرتوو هەیە، یان ڕاستکردنەوەی زمانی نووسین و ڕزگارکردنی ڕستە و دەستەواژەی کوردی لەو ژاکان و گرێ و گۆڵ و تێکشکاوییەی تێی کەوتووە دەبینرێ، بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و ڕستە کوردییانە بە جۆرێک بگوترێن کە لە کوردەواریدا باوە و دەچنەوە سەر (کورد واتەنی)، یان واژەکان بە وردی و بە مانای خۆیانەوە بخرێنە شوێنی خۆیان و لە مانا ڕاستەقینەکانیان دوور نەخرێنەوە. لەو بارەیەوە مامۆستایانی شارەزا و لێزان و پسپۆڕ، غەمخۆری زۆر و قەڵەمی بە بڕشت و دڵسۆز چاکیان لێ کردووە بەلادا و زۆریان نووسیوە و بەردەوام لەم بارەیەوە دەنووسن، ئەگەرچی ئەوانەی نووسیویانە و دەنووسن، هەموویان لە یەک ئاستی توانایی و زانیندا نین، بەڵام نووسینەکان بۆ خۆیان نیشانەی گرینگیدانن بە زمانی نەتەوەکەمان و هەوڵدانی دڵسۆزانەن بۆ بژارکردن و پاککردنەوە و ڕزگارکردنی لەو تەڵەزگە و تەنگژەیەی تێی کەوتووە، کە داخەکەم ئەمڕۆ زمانەکەمان بە بەر چاوی هەموومانەوە، بەدەستی کەسانی ناشی و ناکارەوە گیرۆدە بووە و کارێکی پێ دەکرێ لێفە بەهەتیو، با بەدواری شڕی نەکردووە.

* ئەو غەمخۆر و زمانزانانە پێیان وایە زمانی کوردی تووشی زۆر چەشنە گۆڕان و تێکدان و بە لاڕێدا بردن هاتووە کە لە هیچ قۆناغێکی پێشتری پەرەسەندنی زمانی کوردیدا شتی وای بەسەر نەهاتووە و پەت پەتێنی وای بەخۆیەوە نەدیوە، ئەو گۆڕان و لادانەش زیانی زۆری بە دەستەواژە و ڕستەی ڕاست و ڕەوانی کوردی گەیاندووە، یان کارێکی وای کردووە شێوەی داڕشتنی ڕستە ببێتە هۆی گۆڕینی مەبەست و مانای ڕستەکان و بردنی بە ئاراستەیەکی دیکەدا، یان بووەتە هۆی ئەوەی مانا و پەیامی ڕستەکە سەرلەبەر بگۆڕێ و نەزانرێ دەیەوێ چ مەبەست و ئامانجێک دەپێکێ. جار هەیە ئەو شەپڕیوی و شڵەژانە لە ڕستەی کوردیدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەهۆی تێ نەگەیشتن و بەهەڵە بەکاربردنی هەندێ واژەوە دەبێ، کە بە تەواوی و بەوردی لە شوێنی خۆیدا بەکار نایەت، یان بەمانا و مەبەستێکی دیکەوە بەکاردەبرێ کە لە بنەڕەتدا ئەو وشە و واژەیە بۆ ئەو شوێنە بەکار نایەت، وەک بۆ نموونە وشەی (ژوان)، یان (هەڵکورمان)، یان دەنووسێ ئابووری لە ئاودا بکەین کە ڕێک (الأقتصاد فی إستخدام المیاه)ی عەرەبی لە زیهنی خۆیدا هێناوە و کردووە بە کوردی، لە جیاتی ئەوەی بنووسێ (با دەست بە ئاوەوە بگرین، یان با ئاو بە فیڕۆ نەدەین). هەڵەی ڕستەسازی و زمانەوانی زەق لە ناو نووسینی نووسەرەکانمان ڕوو دەدات کە ئەو هەڵە زمانییانە پێوەندییان بە لایەنی ڕێزمانییەوە هەیە، گاڤ نا گاڤێ زەنگ و ڕیتمی وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تەنیشت خۆی، ئاوازێکی ناساز و ناڕێک دەخولقێنێ. هەندێ جاری دیش شێوەی نووسینی وشەکە هەڵەیە وەک (تاووتو)، دەکرێتە (تاووتوێ)، یان لەنێوان (کولتوور) و (کەلەپوور)، (کلتوور) دەنووسرێ و جیاوازی ناکرێ، کە ئەمە تێکدانی بنیاتی وشەکە و ماناکەیەتی، چونکە قەت کورد بەم جۆرە ئەم واژانەی نەوتووە و بەکارنەهێناوە، یان تەنانەت لەناو نووسینی پێشەنگەکانماندا بەو جۆرە نەبینراون، بۆیە هەر دەبێ ئەو وشانە ڕاست بکرێنەوە. جاران گۆشەی تەرخانکراو بۆ بەدواداچوونی ڕەگوریشەی وشەو کوردیی ڕاستوڕەوان و زمانەوانی هەبوو، ئەمڕۆکە ئەوەشمان نەماوە و بە لەبیرچوونەوەمان سپاردووە.

* لە ڕاستیدا زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە و لەناو شێوەزارەکاندا واژەی زۆری هەیە کە هی هەموو دەڤەر و ناوچەکانە، ماوەیەک کە لە سلێمانی لە موزەخانەی ئیتنۆگرافی بووم، کەلوپەل و کەرەستەی بەکارهاتووی کورد لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لەوێ دانرابوون، هەر ناوچەیەک ناوێکی لەو کەلوپەل و پارچانە نابوو و ناوە تایبەتییەکانیان پارێزرابوون. دەکرێ بە وێنە لە جیاتی قەشەنگ، واژەی شۆخ و شەنگ بەکاربێنین، جارێکیان لە نووسینێکمدا قەشەنگم نووسیبوو، مام هێمن کە خوێندییەوە زۆری پێ ناخۆش بوو و یەکسەر کردییە شۆخوشەنگ، واتە دەتوانین واژەی زۆر و زەوەندی ڕەسەنی دیکەی خۆمان لە جیاتی ئەو واژانە بەکار ببەین، کە ئەمە فرەواژەیی و دەوڵەمەندیی زمانەکەمان دەگەیەنێ. بەپێی بۆچوونی زانایەکی وەک مەسعوود محەمەد، بەتایبەتی لە کتێبە نایابەکەی (زاراوەسازی پێوانەیی)دا، زمانی کوردی دەسەڵاتی لێک کێشانەوەی زۆری هەیە، دەتوانرێ هەر بەهۆی پێشگر و پاشگرەوە لە واژەکاندا زۆر زاراوەی کوردیی ڕەسەن بەدەست بێنین، یان ئەو بیروڕای وابوو ئەو زاراوانە لەناو زمانەکەماندا هەن و دەبێ بەدوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، نەک دروستیان بکەین و دایان بتاشین، بەڵام بەشێوەیەکی زانستییانە و زانایانە ئەم کارە بکرێ، ئەم هەنگاوەش لەوەوە دێ کە پرۆسەی پێشکەوتنی زمان بەردەوامە و زمانی هەموو میللەتانی دنیاش بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیوە و لە هەموو سەردەم و قۆناغەکاندا زمان وەک زیندەوەرێکی زیندوو تەماشای کراوە، نەبووە و نەکراوە زمان لە دەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بمێنێ و بەم حاڵەوە بەردەوام بێ، بۆیە واژەکان لە بەکارهێنانیاندا دەلالەت و مانای نوێ بەدەست دەهێنن و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش بنەمای

بەکارهێنانی نوێ و مانا و دەلالەتی نوێ وەردەگرن، ئەوسا ئەو وشانە بەو مانا نوێیانەی خۆیانەوە دەناسرێنەوە، ئەمەش چ لە ڕێی وتنەوە، یان نووسینەوە بێ ڕاستە، هیچ خەوشێک و لادانێکیش لە بەکارهێنانی وشە بەو مانا نوێیەی لە گۆڕێدا نییە، کاتێک لە بنەڕەت و بنچینەی زمانەکە لای نەدا بێت، چونکە مانایەکان لە پێش وەختدا حازر و ئامادەکراو نین، زمانیش لە دەرەوەی چوارچێوەی کات و شوێن و مێژوو و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نرخ و بەهایەکی ڕەهای نییە.

* وەک زمانی نەتەوەکانی دنیا ڕۆژ بەڕۆژ ڕستە و دەستەواژە و واژە و وشەی زۆر لە زمانی کوردیدا پاشەکشە دەکەن و ئەو ئەرکەی جارانیان نامێنێ کە لەسەردەمانی دیکەدا دەیانبینی، ئەوەتا ئەمڕۆکە زۆربەیان بە تەواوی پێشتگوێ خراون، زۆر واژەی کۆنیش هەن مانای نوێیان بە دەست هێناوە و لەکاردان، کەواتە ئێمە زۆر پێویستمان بە مشتوماڵ و بژارکردن و پاک کردنەوەی زمانەکەمان هەیە لە وشەی نامۆ، تا لە شوێنی ئەواندا بەدەیان و سەدان واژە و وشەی ڕەسەنی کوردیمان دابنێین کە فەرامۆش کراون و ئەمڕۆ بەکارناهێنرێن. بەداخەوە ئێمە لە قوتابخانەکانیشماندا زمان و ئەدەبی کوردی و ڕێزمانێکمان بۆ قوتابییەکانمان داناوە کە کارەکەیان زۆر لێ ئاڵۆز و ڕەزا قورس کراوە، بۆیە قوتابییان دوو وانەی گرنگی وەک زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی نەتەوەکەی خۆیان لێ کراوەتە مۆتەکە و حەز ناکەن بەلایاندا بچن، کە بەلای منەوە پێویستە هەر زوو ئەو بەرنامەی خوێندنانەیان بۆ چاک بکرێ و ئەو هەموو ئاڵۆزکردن و لق و پۆپ لێ بوونەوە و وشکوبرنگییە لابرێن کە قوتابی چێژیان لێ وەرناگرن و هیلاک و ماندوویان دەکەن، هەروەک چۆن نووسەرانیش لێی ڕادەکەن، چونکە نەمانتوانیوە لەگەڵ گیانی سەردەم و پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمیانەی خۆمان بیانگونجێنین، پێویستە لەمەولا هەوڵ بدرێ سنووری نێوان قسەکردنی ڕۆژانە و ئەو زمان و ڕێزمانە بەرتەسک بکرێتەوە. ئەو زمانەی لە پاش هەزاران ساڵ بە زیندوویی بۆمان مابێتەوە، ئەو دەستووری زمانەی هەیەتی و لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەمڕۆ بەشێکی بووەتە ڕێگر و کۆت و پێوەند و بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی پتری زمانەکەمان، ئەوەش بووەتە هۆیەک لە هۆیەکانی دواکەوتوویی زمانی ئێمە کە کورد بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ لەگەڵ خۆی هێناوە، هەر ئەوەش فۆبیایەکی دروست کردووە کە زانایانی دەروونزانی ناویان لێ ناوە (فۆبیای زمان)، ئەو فۆبیایە یەکێکە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی خودی ئینسانی کورد دەبێتەوە و وای لێکردووە بەنیگەرانییەوە بەرانبەر بە خودی خۆی و دنیای شارستانیەت و ژیوار و پێشکەوتن دۆش دابمێنێ، هەروەها بەرانبەر بەو شارستانیەتە کەونییەی تەکنۆلۆژیا و دەستاوێژەکانی بەرهەم هاتوون و دێنەدی ئەبڵەق دەبێ، لەگەڵ ئەوەشەوە دەکرێ و کارێکی ڕەوایە، بەپێی ئەو پێودانگ و ڕوانگە ئەدەبییەی هونەرمەندی داهێنەر لە سنووری ئەوەی ڕێگەی پێ دراوە مانا و دەلالەت بۆ واژە و وشەی دیاری کراو، لەناو سیاق و سەمتی (نسق)ی تێکستەکەیدا بە شێوەیەکی پاژەکی، یان هەمەکی لە مانا بنەڕەتی و ئەسڵییەکانیان بخاتەوە، ئامانجیش لەوە تەنیا گەمەکردن بە وشە نییە، بەڵکو بۆ بەپیرەوەچوونی پێداویستیی پرۆسەی خولقاندنی هونەرییە کە هەر کارێکی ئەدەبی پێویستی پێی هەیە، ئەمەش کەشێکی نوێ بۆ زمانی دەق دەخولقێنێ، چونکە شاعیرانی کلاسیک هەمیشە ئەو کارەیان کردووە، کە ئەوەش بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ پرۆسەی شیعرنووسیندا بووە.

* کێشە و مەسەلەی بژارکردنی زمان و ڕاستکردنەوە و دوورخستنەوەی لە بەلاڕێدا بردن، کارێکی پێویستە بۆ جێگیرکردنی بنەما ڕاستودروستەکانی زمان، هەر زمانێک، یان بۆ دانانی دەستوورێک بۆ ئەو زمانە لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ڕوون و ئاشکرا کە نووسەر ناچار بکات پێڕەوی لێ بکات، بۆ ڕەواندنەوەی تەمی گومان و تێپەڕاندنی هەڵە و چەوتی و پاشاگەردانی. زمانزانەکان پێش هەموو کەس ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی بەپیر ئەو داواکارییەوە بچن و لە پێناوی پێگەیاندنیدا ئەو کارە بکەن، بەڵام پێش هەموو شت دەبێ واز لە دەمارگیری و بیری تەسک بهێنن و چوارچێوەو کۆت و بەندەکان بشکێنن و بە تەواوی ملکەچی هەلومەرجی مێژوویی ئەو پێداویستییانە بن کە خۆیان دەسەپێنن، هەروەها پێویستە بۆ کارەکان و پشت ڕاستکردنەوەیان بۆ لای ئەدەب و سەرچاوەکانی شیعر و فۆلکلۆری دەماودەم هاتووی کورد و تێکستە دێرینەکان بگەڕێنەوە و بەدوای ڕەگوڕیشەی وشە و واژەکان بکەون بۆ دۆزینەوەی بنجوبناوانیان، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا گەڕانەوە بۆ (سەرچاوە) لەو سەردەمەدا هەرگیز بەو مانایە نییە کە بە وردی خۆمانی پێوە ببەستینەوە، بەڵکو تەنیا بۆ وەرگرتنی ڕوحی ئەو سەرچاوانەیە تا ئیلهامیان لێ وەربگرین و لەوێوە دەست پێبکەین و تێزەکانی خۆمانی لەسەر بنیاد بنێین، ئەوەش لەو باوەڕەوە دێ کە زمان پێش هەر شتێک «هەست» و «سەلیقە»یە، هەستی زمانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جوداوازە، هەروەها لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەش دەگۆڕێ، زۆریش پێویستە پشتیوانی و پاڵپشتی لە بەهێزکردنی هەستی زمان بکەین و لەناو خۆماندا پتەو و بەهێزی بکەین تا قووڵ ڕەگی خۆی دابکوتێ، ئەوەش تەنیا بەوە دێتە دی کە لەسەر بناغە و بنەمایەکی زانستی ئەو کارە بکەین، مەوزوعیانە نەک میزاجیانە ئەنجامی بدەین، بەڵام دەبێ هەموو کۆنینەییەک لە بیرکردنەوە و دیدگا و جیهانبینیمان، لە قاڵبدرانێک، چەق بەستووییەک بەلاوە بنێین. ناکرێ بەناوی دڵسۆزییەوە کە لە غیرە و ئیرەبی نەتەوەییەوە هاتبێ تێڕوانینەکانمان لە قاڵب بدەین و خۆمان و زمانەکەمان نوێ نەکەینەوە، پێشم وایە پەرەسەندن و پێشکەوتنی ژیان لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا، خۆی ئەو یاسایانە دەهێنێتە پێشەوە و جێی بۆ دەکاتەوە.

* لە کۆتایی ئەم نووسینەدا جارێکی دیکە دەچینەوە لای مام هەژار تا بزانین لە بارەی نووسینی کوردی پێش نزیکەی بیست ساڵ چ دەڵێ: (لاوانی کوردی دەست و دڵ گەرم و خوێندەوار- خوێنەوار بەزمانی بێگانە- کە زمانە زگماکەکەی بابوباپیرانی خۆیان وا لەبەر چاو کەوتبوو، لایان وابوو لە زمانە مردووەکانە و هەر بەشی شوان و گاوان و دەشتییەکانە و ڕووی مەجلیسی یارانی نییە و چڵکە هەورێکی هاوینە و هومێدی بارانی لێ ناکرێ و ئەوەندە لاواز و دڵ گۆشتە ئەگەر مارمێلکەشی بەگەروو داکەی نابووژێتەوە و خۆی بەسەر کاغەزەوە ناگرێ. هاتن چاکی مەردایەتییان لێ بەلادا کرد و هەرچی زمانی بێگانەکەیە و هەرچی زمانی شوان و گاوانە خۆماڵییەکەی خۆشمانە بەگەسک و بێڵ ماشتیان و ناشتیان و سەرلەنوێ کەوتنەکار و زۆر بە کارامەیی زمانێکی سەربەخۆی ئەوەندە سەیر و سەمەرەیان بۆ ئیجاد کردین کە سەری فیل و نەهەنگیشی تێدا گێژە دەبێ. کوردییە و کوردی نییە! تەرجەمەی عەرەبییە و تەرجەمەش نییە! و عەرەبیش نییە! ئەدی چییە؟).

# مێوانی ئاو

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



مێوانێ بە قرچەی خەیاڵ
لە ئاو دێتەوە
لە ترسی باران
دڵۆپ دڵۆپ
بۆشاییەکانی تەمەن بە باوە دەکا
با لە نێوان دوو باریندا
خەمی سەفەر دەڵێتەوە
وەکو حەیران
بە دڵدا دێ
بە چاودا دێ
بەنێو دۆڵێکی پڕ ئاوێنە
بەر لەوەی بڵێم تەمەن چەند فەرسەخی ماوە

ژیان دەشێوێنێ
ئاسمان دەشێوێنێ.
مێوانێ لە گەرمەی سەفەر
لە باران دەخزێ
لە دڵ دەخزێ
لە چاو دەخزێ
لە ئاو درێژ دەبێتەوە تا خاڵێ
جیاکردنەوەی چاو لە گۆزەی سەر شانی یار
تا سەرەتای هەستکردنی دڵ بە مەستی.
بزەیەک لە مێوان هەڵدەسێ
زەرد وەک پاییز
تەمەن دەکاتە سێبەر و
شەپۆل شەپۆل لە ئێوارەی سەوزی چیا
بەر لەوەی خۆری بەرکەوێ
بەر لەوەی کراسی باران دابکەنێ
یادگارییەکان بە بیرچوونەوە دەسپێرێ
لە ئێوارەی زەردی چیا
بەر لەوەی ژیان بشێوێ
بەر لەوەی دڵ لە بەرد بدا
پەپوولەکان بەردەبنەوە بەرپێی شەپۆل
وەک ڕستەیەکی نەگوتراو
بزە خۆی پێدەگرێتەوە
بەرلەوەی وشە بشڵەقێ
نیگا خۆی پێدەکاتەوە.
مێوانێ
لەپڕ تەمەن دەبیا
لەچاو دەوەرێ
لە دڵ دەکوژێتەوە
لە دەرگای هیچ
لە پەپوولە هەڵدەخلیسکێ
خۆی بە دەریا دەگرێتەوە
مێوانێ لەترسی ئاو هیچ ناڵێ
لە دەرگای هیچ
باران باران
وەک تریاک نازی دەکێشێ.

**هەولێر ٢٠٠٩/٨/١٥**

# تا چاو بڕکا.. من بە ڕێگەوەم

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)



لە شارێکم بە تەنیشت شارێکی ترەوە
بە ڕێگەوەم بۆ شارێک لەناو شارێکی تردا
لە شارێک دەچمە دەرێ لە خەونی شارێکی تردا
من بە ڕێگەوەم
لەوەدام بگەمە شارێک!

تاریکە شار... بە تەم و بەحیلەی بەجێماوی
ئەسپی سپی و
بە بریقەی شمشێری ژەنگاویی غەزووەکانییەوە
کەمێک سەرسام دەبم و پاشان
بەلایتێکەوە بەلایدا تێدەپەڕم

لادەدەم لەبەر شوورەیەکدا
هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژم و
خۆم هەڵدەبڕم
جڵەو بۆ بینین شل دەکەم
دەست دەنێمە سەر نێوچەوانم و
دەنۆڕم
لە دوورەوە خۆم دەبینم
تێدەگەم...
تا چاو بڕکا... من بە ڕێگەوەم
تا چاو بڕکا... من بەحاڵ دیارم!

بەلەمێک دەگرم... ئەدرێسەکەی دەدەمێ
بەلەمەوان نێوچەوانی بە زەریا تەڕ دەکا و
ڕەسمی شتێک لە هەوادا دەکێشێ
بۆ ئەوەی هەر چەشنە بەدحاڵیبوونێک بڕەوێنمەوە
قۆڵ هەڵدەکەم و
نەختێک سەوڵی لەگەڵدا لێدەدەم

لە ئوتێلی مەعدەنی پاک دادەبەزم
ژوورێک بە کرێ دەگرم
بە تەنیشت ژووری کۆترەوە
پاڵ بە عەموودێکی ئاسنەوە دەدەم
بەخۆم دەڵێم
وا باشە... سبەینێ زوو لە خەو هەستم و
ئەوان بۆ هەر شوێنێک بڕۆن
دوایان کەوم!

دڵم خۆشە بەم ڕەنگەی ئێوارانی زەریا
دەستوبرد
باڵەکانم بە درەختێکدا هەڵدەخەم
قاچ هەڵدەکەم و
زەمیلەکانی لێ پڕ دەکەم

خۆم بە قاوەخانەیەکدا دەکەم
بە قەناعەتەوە
بە چرپە لە قاوەچییەکە دەپرسم
ئەرێ... شاعیرەکەی ئێوە لەسەر کام کورسی دادەنیشێ
پاڵتۆکەم بە سنگێکدا هەڵدەواسم
دوو قاوەی شیرین بانگ دەکەم و
دەڕۆم
بەرانبەری دادەنیشم!

سێپتێمبەری ٢٠٠٩

# سواڵکردن

سەلام محەمەد
(سوید)

نازانم کەی ئەم شیعرەم نووسیوە، چونکە مێژووی لەسەر نییە، بەڵام دەزانم ساڵگارێکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە. بە بۆچوونی خۆم بۆ ساڵی ۱۹۷۱ یان ۱۹۷۲ دەگەڕێتەوە کە لێرەدا سووکە دەستکارییەکم کردووە، وەلێ هەرگیز بڵاونەکراوەتەوە و تەنانەت لای خۆشم نەمابوو. لەم ڕۆژانەدا کە کۆکردنەوەی شیعرەکانم هاتۆتە ئاراوە خزمێک لە ناو کتێبێکی کۆنی خۆمدا دۆزیبوویەوەو بۆی ناردم. تۆزێ لە بڵاوکردنەوەی دوودڵ بووم، بەڵام بۆچی نا؟ ئەوە منم و منیش لەوێوەو بەو جۆرە دەستم پێکردووە. دیارە شیعرەکەش ڕەنگدانەوەیەکی ساکار و ڕاستەوخۆی ساتەوەختێکی بێزاری و تەنیایی بووە. نایەتەوە یادم بۆ هیچ کەسێکی دیاریکراویش نووسرابێت، یان پێوەندی بە کەسەوە هەبێت.



ئەی کچە جوانەکە
باوەڕم پێ بکە
ئەوەندە تامەزرۆم
لە تاسە و حەژمەتا
لێوی خۆم ئەکرۆژم، خەریکە خۆم ئەخۆم
باوەڕم پێ بکە
ئەوەندە بێکەس و ئاوارە و بێ یارم
خەریکە ڕەنگی ڕەش،
قەترانی،
گوڵی قیڕ ئەبێتە بەهارم
شەوانی تەنیایی
وەک پشکۆ ئەسووتێم، ئەقرچێم بۆ یارێ
بۆ چرپە و (وامەکە)ی شیرینی نازدارێ
ئەوەتا بڕوانە، لە جیاتی هەناسە
دووکەڵ و بۆچرووک لە گەرووم ئەبارێ
ئەی کچە جوانەکە
باوەڕم پێ بکە
ناشوکر و ڕەشبین نیم

نه تینووم، نه برسیم
له خۆشی و ناخۆشی هەردووکیان
کەم و زۆر لام بوونە بە میوان
لە هیچم کەم نییە
پارە، ماڵ، بەرگ، نان
بەڵام من شەوانە سواڵ ئەکەم
ڕۆژانە سواڵ ئەکەم، بێ ئۆقرە و ڕاوەستان
سواڵی عیشق
یا بۆنی نێرگزی
دڵداری و جوتبوون و ڕامووسان
سواڵی ژیان
سواڵ سواڵ
بێ خەو و پشوودان
شەوانە سواڵ ئەکەم
ڕۆژانە سواڵ ئەکەم
سواڵی تیشک بۆ گیان
سواڵی دڵ، دڵێکی بێگەرد و میهرەبان
سواڵی چەند وشەیەکی گەرموگوڕ، نەرمونیان
سواڵی ماچ، ماچێکی خەمڕەوێن
ماچێکی سپی و سۆڵ، پاک زۆر پاک، وەک نووری خوا
خاوێن
ئەی کچە جوانەکە
باوەڕم پێ بکە
زۆر حەیفە ئەمرم و
هەزاران کیژۆڵەی شۆخ و شەنگ
لە دوای خۆم جێدێڵم
زۆر حەیفە لەو هەزار هەزارە
یەکێکیان ڕێگایان نەکەوتە ئەم کاولە هەوارە
کەسێکیان، بە ڕێکەوت نەهاتنە دڵەوە
زۆر حەیفە بمرم و ئەم هەموو تاڵاوی هاوارە
بەرمە ژێر گڵەوە

# ژڤانەک ژبۆ فڕینێ
# پێگۆتنەکا سپی ژبۆ ئەوێ د دلێ
# مندا و ژ چاڤان دوور

د. عارف حیتۆ
(دهۆک)



عـەزیزێ مـن...
رۆناهییا گەشـا دچاڤێن مـندا هـەلبوویی
گوڵ ئاسـمینا دناڤ بەخچەیێ مـەدا ڤـەبوویی
رەوشـا نوویا دەنگێ نیڤ چوویی
وەرە پیاسـەکا عـشـقاوی،
ل سـەر جاددە یێن بارکری ب حـەزێ بکەین
وەرە هـمبێزێن گەرم ژبۆ بایێ نەرم ڤـەکەین
وەرە بازکەین و
سـترانەکا ئەبەدی.. ژبۆ ئەبەدیەتێ بێژین
بەر ب رێکەکا ئاخێ و خـەملاندی ب داران
ل پالا ئاویەرا سـننە، بە فرا سـپی مـاچیکەین و
رەشـمـالەکا درێژ ل سـەر سـوورا ئامـەدێ ڤـەدەین
وەرە ل سـەر روویێ زەریایێ بنڤین و
ب سـینگێ چیایڤە بگرنژین..
لێ، دەنگێ ترێنێ و یێ گرییێ
ب ئەلندێڤە بوونە نۆژ و رۆژ گێرۆ بوو
ئەم یێ بەرەڤ ئێرۆسـی دچین
تاناڵۆس د رێکا مـە دا مـنارەنە
هـەمی خـەونێن مـە ژ رێکێن دوور ڤـەگرتی،
دووبارەنە!
تەڤ هـەڤبینێن مـە ب شـەیدایی دوور لێ گرتی
هـەپارەنە!
خـەم رێکەکا پان و درێژ
ل بەر دەرگەهێ مـالا مـە یا خـەمگین رادزێت
مـەشـەکا کەڤنار دایە پێنگاڤێن مـن و
سـیمـایەکێ مـشـت خـەریبی دایە خانی
مـا دێ چـەند جاران دهـەمـان رێکێ را دەباز بم؟
مـا دێ چـەند سـەدەیان ل بەندا تە مـینم و
ناگەهـمـە تە..
ئەی سـوارێ بای و بێهنا گوڵاڤێ
گەشـاتی یا رۆژێ و گەرمـا هـەتاڤێ
خۆرتییا سـویلاڤان و تەهـارەتا ئاڤێ
تە چەوا ئەز ب تنێ هێلام؟!
مـا دل دهێلی!..
مـن ب تنێ ل هیڤیا ژڤانی بهێلی
ئەز ب تنێ خـەمگین و مـات

ل بیابانان هشک و بێداد
خەونێن سەراباوی دجویم و ب هەکەیێ دژیم
ما دا چ بیت..
ئەگەر دگەل هەملا دەریایێ فڕی باینە و
دگەل چبکێن بارانێ کەتباینە همبێزا ئاخێ
یان ل سەر پشتا عەڤرەکێ رەشێ بارانی
سوار ببایبنە و مە ئاسمان ماچی کربا
تو.. رێرەوا عەڤران دزانی
دا بەرێ مە دەیە گزیرتە یێن متبوویی
ئەوێن ژ روویێ دەریایێ ڤەبوویی
یان دا زڤڕین..
هەر دا زڤڕین
بە رەف سەرگری و پاوانێ حیتۆی
ما دا چ بیت..
وەک دوو کیڤیا ل پالا چیایەکێ کەسکین
مە ب ئازادی قەیدێن حەزێ ڤەکربانە و
دۆل و نهال کربان عەشق و خۆشی و ئەڤین
پێغەمبەرێن شەڤستانان
خەفک و داڤێن نژدەڤان و نێچیرڤانان
دا سیس بن و ئەم دا ڤەژین.
لێ نزانم
چەوا خۆدێ هندە بێ رەحم و وەفایە
ئزرائیلێ خوە هنارتە د رێکا تەدا و
زەرگەهەکێ ب ژان و ئێشان ل دیتنا مەدا.

❊ ❊ ❊

دایکا وی دگۆت:
دوهی ب شەڤێ نەنڤست بوو
پەرتووکەکا هەلبەستان ب سینگیڤە بوو
ژڤانەکێ ل هیڤیێ مایی
گرنژینێن تازە ل سەر لێڤێن وی زایی و
سەفەرەکا درێژا ل سەر پشتا بای
هێشتا رۆژێ نە هەلات بوو
ل هیڤیا کەنینا وی ما بوو.
دایکا وی دگۆت:
سیمایێ وی و دێمێ رۆژێ
هەڤرکی بوو..
کی ل پێشییێ دێ ئەلندێ همبێزکەت و
روویێ خوە ب بێهنا ئاخێ شۆت
ملباکەت هاتن سەمایێ و
بیست شەمالک بۆ هەلکرن
بیست بهارێن کچین لێ مارە کرن
بیست دەرگەهـ بۆ ڤەکرن
بیست جاران دەستێن خوە بۆ بلند کرن
بیست وەلیان بەرەکەتا خوە لێ کرن
دەست و چاڤێن وی ماچکرن
ئوو ساتۆرێ، سینگێ کێکێ شەق شەق کر و
پرتێن سترانێ کۆمکرن
ئەو سترانێن دیۆنیسیس
ژبۆ بوونا مەسیحێ پیرۆز دگۆتن و
وەک گولاڤێ ل پرچێ دکرن.
دایکا وی دگۆت:
ئەڤرۆ سپێدێ..
تدارەکا سیابەندی ل بەژنا وی دهات
من ئاڤ رێت و بخوور بۆ سۆت
هەسپێ خوە یێ زینکری دگەل حەزێ هاژۆت
خەجێ بر و ئاسمانی بۆ دەرگەهـ ڤەکر
سیابەند ئەڤرۆ زاڤایە
دەریا وانێ و دلێ چیایێ سیپانێ
خوە بۆ بەژنا وی چەماند و ئومێد ڤەژاند
لێ ل ئێڤاری
ئاااخ… ژ بێ ئەختوبارییا ئێڤاری
سیابەندێ رویس ژ کینێ و مشت ژ ڤینێ
زڤڕی ب کفن.

❊ ❊ ❊

هۆۆۆۆ دایکا وی
هۆۆۆۆ بابێ وی
هەمی مام و خال و کەس و هەڤالێن وی
ب ئاشکرایی نەکەن گری،
خوە بگرینن
چونکو مەمۆ نەمرییە و چ جاران عاشق نامرن
لێ ژ قەستی خوە دمرینن
هزر نەکەن کو جێ رەسمێ وی ل مال هەبیت
ما چ مالە؟!
دێ رەسمەکێ ژ خوە مەزنتر،
ب دیوارێن خوە یێن بلندڤە هەلگریت!
هزر نەکەن دێ پەیکەرێ وی ل بالەتەی
یان هەر جهێ گۆڕەپانەک فرەهـ هەبیت
چکلینن و مینا کەوێ رباد خۆڕیت
ئەو چ جهە؟!
پەیکەرەکێ ژ خوە مەزنتر
دێ ب سینگێ خۆڤە گریت
هەمان بهێلن..
بلا ب تنێ بەرەف ئاسمانی بفڕیت
تەڤ خوداوەند ب تنێنە!!

تیرمەهـ – ٢٠٠٩

# زستان

**مەهدی ئەخوان سالیس**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(بۆکان)**

سڵاوت بێ وەڵامە چاوەڕێی چی؟
هەموو هەر سەرخزاوی ئێخەن و مات
کەسێ هەڵنابڕێ سەر بۆ وەڵام و دیتنی یاران
هەتا بەرپێ هەتەر ناکا نیگامان
کەوا ئەنگوستەچاو و هەڵخلیسکە ڕێی لە بەرمان
لەبۆ هەرکەس کە دەستی ئاشنایی ڕادەدێری
بە نابەدڵێوە بۆ لای دەستی تۆ دەست دەردەهێنێ
کە سەرمایەکی ئێسک سووت و سەختە.

هەناسەش گەر لە ناخی سینەوە سەرچاوە دەگرێ
دەبێتە هەوری تاریک و لەبەرچاوت دەوەستێ چەشنی دیوار
هەناسەی خۆت کە ئاوا بێ، چ چاوەڕوانی تۆ ئیتر
لە یارانی نزیک و دوورە دەستت؟

مەسیحاکەی جوامێرم! ئەرێ ئاگرپەرستی پیری بەرگ و
جل چلووکم!
هەوا زۆر ناجوامێرانە سەردە... بێرە ئادەی..
هەناسەت هەروەها گەرم و سەرت بێ تەم بێ داییم
سڵاوم تۆ وەڵام بستێنەوە و دەرگاکەتم لێ هەڵگرە!

منم، بێگانە نیم میوانی شەوگارت، منم، خێڵاتی
ئاساییەکی غەمبار
منم بەردی شەقانشەق پێکراوی دڵ بە ئازار
منم جوێنی زەبوونی خیلقەت و ئاهەنگی ناکۆک

نە زەنگیم و نە ڕۆمی من هەر ئەو ئینسانە بێ ڕەنگ و
ڕیایەی جاری جارانم
وەرە و هەڵبگرە دەرگا زووبە دەی تەمیان و دڵتەنگم
ئەرێ هاوڕێم! ئەرێ ئەی خانەخوێم! میوانی ساڵ و مانگی
تۆ ئێستا
شەپۆل ئاسا لە پشت دەرگا دەلەرزێ
نە تەیرۆکێ لە گۆڕێیە و نە مەرگێ
ئەگەر دەنگێ دەبیستی، دەنگی لێکدانی ددان و سۆزی و
سەرمایە.



من ئەم شەو دەمەوێ دەینی لە ئەستۆم دابماڵم
لەگەڵ تۆ پاک کەم حیسابم
دەڵێی چی کوا درەنگە؟ کوا سەحەر؟ بەر بەیانە؟
نیشانی ڕەنگی سووری دوای بەیانی کوا؟ فریودانە
ئەوە گوێی هەڵتەزیوی دەس تەزووی زستانە هاوەدەنگ
جێگە زللەی
سەردی دەس زستانە دەیبینی
چراکەی ئاسمانی بەرتەسک زیندوو بێ یان مردوو
ئەمێستا
لەناو تابووتی ئەستووری ڕەشی نۆ توێی بەرەو مردن
خزاوە
دە هاوڕێ هەستە ڕۆشن کە چرای بادە کە وەک یەک
وایە ڕۆژ و شەو.

سڵاوت بێ وەڵامە چاوەڕێی چی؟
هەوا دڵتەنگ و دەرگا بەستراو و سەر لەسەر ئێخە و
هەموو دەستیان پەنا داوە
هەناسەی گشتی هەورە و دڵ هەموو بێ تاسەیە و
غەمبار
وەکو ئێسک و پلووسکە دار و بەستوویە بە چەشنە
شووشە یەک ڕیز
زەوی بێ ڕوحە تاقی ئاسمان نزم و نەوی بووە
تەمومژ مانگ و ڕۆژی پاکی داگرتووە سەراسەر
بەڵێ زستانە زستانێکی سەرد و بێ سەرەو دەر.

## خاتوونەکەم

**عومران سەلاحی**

خاتوونەکەم
قسەی تۆ
وەهایە بەرد دەکا بە ئاو و
خەو دەنێتە چاوی خەو
هەیوانەکەش لە مانگەشەو تەژی دەکا

لەناو دڵی قسەت پەیدا دەبیت و ون
وەکو شکۆفەی سپی لەرۆکی مانگ لە کانیاو
دووپاتی وەسفی خۆت دەکەی
بە چەشنی ئاوی هەڵدەچیت و دێیتە خوار لە حەوزی
زیوی جوانیا

لەناو قسەت بە تۆ دەگەم
بە هەڵمژینی بۆنی عەتری تۆ دەگەم

❊ ❊ ❊
خاتوونەکەم دەزانی
لەناو لک و گەڵای حەکایەت
بە چەشنی مەل غەزەل بخوێنی ئاسمانی
خاتوونەکەم دەتوانی
ئاور بە ئاور داکوژێنی
دەتوانی تۆ بەڵا وەگێڕی ئێمە بی
مەرگ بە جۆرێ دڵ سپاردی باسی تۆیە
کە دەستی ناچێ کاری خۆی بە جێ بهێنێ
❊ ❊ ❊
خاتوونەکەم
شەوێکی خۆشە دەمەوێ کە من
تەواوی کەزیەکانی تۆ ببیستم

کە لێو دەکەیتەوە
شنەی شەوێ
تەواوی هەستی گوێیە بۆت
قسەی تۆ لە ئاخرا
دەبێتە باوەشێکی ئاشنا

## بەهاری بێ تەواوبوون

نە دڵتەنگی زەمان بووم و نە جاڕز بووی جیهانم
بەڵام گەر تۆ بڵێی پێم بمرە دەمرم گیانی گیانم
وەها عاشق بە عەشقی تۆ دەبم شێتانە ئازیز
کە دەستی خۆت کەلەبچە بکەی لە دەوری دەستەکانم
ئەمن وێڵی بەهارێکم، بەهاری بێ تەواو بوون
سۆراغی هەر لەتۆ دەگرم دەزانی تۆ، دەزانم

**سەرچاوە:**

**(١)** کتێبی: «زمستان»، انتشارات زمان، ساڵی ١٣٣٥ هەتاوی.

**(٢)** کتێبی «ای نسیم سحری! یە دل پارە دارم، چن میخری؟» – نووسەر: عومران سەلاحی –نشر: دارینووش – ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی.

# فریشتە نەبوو



محەمەد ئەدیبی
(بۆکان)

هەراوهۆریاکە هەروا دێتە گوێم. قەتم شتی وا نەدیوە. جار جارە خۆشم باوەڕ ناکەم کە شتێکی وا ڕووی دابێ، ئەرێ بڵێی چاوەکانم درۆ نەکەن، یانی ئەوە خەون نییە داوەت و ئاوا گەورە! نا، نا داوەت و گۆوەندم دیتووە، هەڵیش پەڕیوم. شاییەکی گەرموگوڕ و گەورەیە؛ هەموو کەسێک خۆی بە خاوەنی شایی دەزانێ، حەوت شەو و ڕۆژە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا دێتە گوێ، پێم وایە ئیتر ئەمڕۆکە ئاخر ڕۆژە. لاقەکانم لەگەڵم ناکەن. لە حەسارێدا پیاسە دەکەم. دوو دڵم بچم نەچم! هەموو جارێ دێم بکەومە ڕێ، بەڵام قسەکانی دایکمم دێتەوە یاد و دڵم دادەخورپێ و لاقەکانم بە عەرزییەوە وشک دەبن.

– «ئەوە لێرە چی دەکەی! ئەلحان و ژوورێ، مەگەر نازانی ئەمڕۆکە سەرتۆپی گۆوەندە و سوارچاکی زاوا دەستی بووک لە دەستدا دەگەنە شەقامی شار؟» جیرانەکمان بوو کە هاتبوو بەشوێنمدا.

شادی لە چاوانیدا پەنگی دەخواردەوە. حەجمانی نەبوو. لیپاولیپ لە ئۆخەیی و کەیف و نەشەدا بوو. وا دیاربوو لە خەم ڕەخسابوو قسەی تێدا نییە ئەو تەواو دڵنیابوو، تەنانەت مێشەکوێرەی پرسیارێکی کوێرانەش بە دەور ئەسپی خەیاڵیدا نەدەخولاوە. قیتوقنج و دەم لەسەر پشت و ئامادە.

لەمێژ بوو هاوڕێی یەکتر بووین. ڕۆژانێکی دوورودرێژ بوو کە یەکمان دەناسی. منداڵی ئەم کووچە و کۆڵانانە بووین و بە خاکوخۆڵی ئەم دەوروبەرە گۆش کرابووین.

خوا هەڵناگرێ پەلکێشی نەکردم، بەڵام سیمای گەشاوە و دڵنیابوونی هانی دام بکەومە ڕێ، بڕواتان هەبێ ئێستاشی لەگەڵدا بێ نازانم بۆچی سەداسەد دڵنیا و ئەرخایەن نەبووم، بەردێکی قورسی شک و گومان لەسەر دڵم

قورسایی دەکرد.
نازانم بچین نەچین، ئەو شاییە لە شایی جندۆکان دەچێ، کوڕە بە قسەم دەکەی با نەچین. بە قاقای جیرانەکەمان وەخۆ هاتمەوە و داچڵەکیم و لەگەڵی کەوتمە ڕێ.
تا لەناوەندی شار نزیک دەبووینەوە ئەو دەنگە بە سامە پتر گوێچکە و مێشکمی ئازار دەدا. هەرکە دەنگی بەرز دەکردەوە وەک برووسکە کۆڵان و شەقامی شاری دەرزی ئاژەن دەکرد.
هەموو جارێ دڵم پێی دەگوتم مەچۆ! مەچۆ بەرەو پیری. ئەوە شەوەیە شەوە، دیاری دەستی تارماییە، لێوی چرۆی بزەی لەسەر شینە، بەڵام دەمی بۆنی کەلاکی کۆنی تێ زاوە.
نازانم ئایا هەر لەپێش چاوی من ڕەش و دزێو بوو، یان بەڕاستی هەروا نگریس و دزێو بوو. پیرێژن گوتەنی بڵێی نووشتەیان لێ نەکردبێتم! ئەگەر بە دەور و پشتمدا دەڕوانی هەر خەڵک بوون بەرەو گۆڕەپانی ناوەندی شار ڕێچکەیان بەستبوو. بەینا بەینێکیش ڕادەوەستام دەتگوت قەڵەمی پێم شکا، کەچی هەموو جارێ جیرانەکەمان لێم مۆڕ دەبووەوە، یان بەگژمدا دەچوو. قسەی خۆمان بێ جار جارە نەسیحەتیشی دەکردم.
جار ناجارێکیش لە خۆم دڕدۆنگ دەبووم، پێم وابوو من لە هەڵەدام و خراپ تێ گەیشتووم، بەخۆم دەگوت ئەوە نییە ئەوانەی دیکەش هەروا دەڕۆن، زۆرێک لەوان وەپێشیشمان دەکەوتن. یانی ئەوانە هەموویان لە هەڵەدا بوون و وەدوای کڵاوی خوار کەوتبوون؟
ئەوەندەم بە هاوڕێکەم گوتبوو «با نەڕۆین و بگەڕێینەوە» ئیتر نەمدەوێرا ڕێک و ڕاست پێی بڵێم! ناچار پەڵپ و بیانووم پێ دەگرت و پێچوپەنام بۆ دەهێناوە، بەڵام کۆڵی نەداو ڕێگای خۆی گرتەبەر، تا لە ناوەندی شار نزیکتر دەبووینەوە هەنگاوەکانی و زەین و مێشکم پتر شەکەت و ماندووتر دەبوو و شەقاوەکانی ئەویش خێراتر و بە بڕشتتر دەڕۆیشتنە پێشێ.
لە ناوەندی شاردا ڕاوەستاوین هەر دێ و قەرەباڵغەکە زۆرتر دەبێ، بە گشتی هەموو بە کەیف و دڵ گەشاون. لێوبەبزە و شادن، لە دوورە دەستی نیگای تاق تاقەیاندا کارگی پرسیارێکی گوماناوی هەڵدەتۆقێ، دیابوو کە دڵەکوتەیان بوو. دەی دەی هێشتا ماویەتی کە هەموو دڵنیا بن. باشە باشە تەنیا نیم، هی دیکەش هەیە کە وەک من بیر بکەنەوە.
حەشیمەت چاوەڕوانن. چاوەڕوانی زاوان. ئەو زاوایەی بووکی ئاوات بێنێتە کەژاوەی ژیان. تەنانەت لە دار و دیواریش کە دەڕوانی تێکڕا دڵخۆش و ڕووگەش دەنوێنێ. کۆڵان و شەقام شان بە شانی یەک شایی دەگێڕن، شەقام سەرچۆپی گرە و دەسرۆکەی دەستی سەرچۆپی سپی سپییە وەک چوڕی شیر. بزەو شادی لەچاوی هەمووانەوە دەتکێ، بۆنی بەهار هەست پێ دەکرێ. پڕ بە سییەکانم هەناسەیەکی خۆش هەڵدەمژم تیرێژی تیشک دەنک دەنک گوڵ و خونچە دەڕوێنێ، شنەیەکی خۆش و دڵ کراوە دڵی هەمووان دەلاوێنێ.
ئەها هات تێکڕا خەڵکی کەوتنە جموجۆڵ و بەرەوپیری ڕۆیشتن. حەشیمەتێکی زۆر بێ سێ و دوو بە پێشوازییەوە چوون، زۆر نەبوون ئەوانەی کە سەیری ئەو جەماوەرەیان دەکرد و لە جێگای خۆیاندا ڕەق ڕاوەستابوون.
ئارەقەیەکی سارد تەوێڵی داگرتم، کە چاوم لە نیگاکانی بڕی، دەتگوت کوێر بووم بە هەردوو دەستم توند دەموچاوم داپۆشی، کە دەنگی هاتە گوێم، تازە زانیم ئەو دەنگەی ئازاری دەدام دەنگی ئەو بوو کە بە شوێنیدا بۆگەنێکی تاڵ وەکو کەکرە گەرووم دەئاخنێ. نا! نا، نامەوێ بیبینم، خۆفی لێدەکەم، شک و گومانم بەڕاست دەرچوون. ئەوەی بە گوێمانیاندا خوێند ئەوە نەبوو. بەڵێ بەڵێ ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە بە منداڵی دایکم و باوکم بۆیان گێڕاومەتەوە.
ئەڕێ وایە، ڕاست وایە، شێوەی لە کەس ناچێ، قەڵافەتی لە هەموو کەس گەورەتر و درێژترە، ئەی کوا خۆ دەیانگوت ئەو بە سواری ئەسپێکی کوێت دێت، بەڵام ئەسپی چی، ئەوەی پێیەتی لە کەریش ناچێ، ئەی بۆ لاقەکانی تەڕ نییە و بۆنی کانیاویان لێ نایە. با، با لاقەکانی تەڕە، بەڵام وا دیارە بەنێو ئاودا نەهاتووە. لاقەکانی تاکو پشت قولاپەی هەڵکردووە، دیارە سوورە، سووری سوور، یانی..!
چاوی لێکە لاق و قولێکی تووکنی درێژ و ناشیرین.
شانی جیرانەکەمانم گرتووە و بەسەریدا دەگوڕێنم: «ئەی کوا ئەو زاوا سوارچاکە. سیما پاک و بێ گەردە، کوا بووک، جا ئەوە بووکە بە تارای ڕەشەوە!» بەڵام بە

تووڕەییەوە مۆڕەیەکم لێدەکا و بە پەلە و بە هەڵەداوان بە پێشوازییەوە دەچێ، ئەوانەی وەک من لە دڕدۆنگیدا ماونەتەوە وەک من حەپەساون. هەر لە یەکتری دەڕوانین بە هەر نیگایەک سەد پرسیاری بێ وەڵام ئامبازی چاوی یەکتر دەکەین. نەسیحەتی دایکمم دێتەوە گوێ کە دەیگوت: ئەگەر دیتتان سەرتان داخەن و توند توند هەردوو گوێتان بئاخنن. ئەوەی دەبیەخشێتەوە نوقوڵ و نەبات نییە، تەرسەقولە، تەرسەقول.

هەرکەس بیخوات گیرۆدە و خولیای دەبێت. دەچمە پەنایەکەوە و خۆمی لێدەشارمەوە. شک و گومانم نەماوە، دڵنیام و ئەوجار من ئەرخایەنم.

نازانم بچم نەچم، چونکە بەڕاستی بە دیتنی دەرک و حەسارەکەیان وەڕەزم، بۆنێکی ناخۆش لەماڵەکەیانەوە دێتە دەرێ، بۆنی تەڕەشوویی و گنخاوی، نازانم بۆ وایە، خۆ دیوار بە دیواری ئێمەوەشن. جاران وانەبوو ئەوەتا لێک هەڵبڕاوین، هەست بەو بۆنە ناخۆشە دەکەم.

کاکم چڵە ڕێحانەیەک لە باخچەی حەسارەکەمان لێ دەکاتەوە و دەیداتە دەستم و دەڵێ بچۆ ئەم جارەش بچۆ بەشکم بێتە سەر ڕێ.

بەشوێن لەدەرگا دانەکەی مندا دێتە دەرێ، ڕوخسارێکی تووڕە و تۆسن و بەدزەڕە، سیمایەکی کە هەتا دوێنێکە پێکەنین و گوڵ و جوانی لێ دەباری کەچی ئێستا.. ئاخ!...

«بەس نییە! تاکو کەی تەریک و گوشەگیر دەمێنییەوە، ماندوو نەبووی، لەبیرتە چەندەم پێ گوتی مەچۆ پیاو، وەدوای مەکەوە، ئەوە ئێستا ڕۆژگارێکە لە هەڵەدای، بەڵام زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە. وەرە با بڕۆین.» دەتگوت لەگەڵ ئەویشت نییە متەقی نەکرد. گوڵەکانم لە گیرفانی کراسەکەی خست و ڕۆیشتم. کە ئاوڕم داوە دیتم، وەک بڵێی بۆنی ڕێحانەکە لووتی ئازار دەدا، چونکە هەر لووتی قرچ دەکرد و سەری بادەدا.

بەتەنیایی دەکەومە پیاسەکردن، لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان، ئەم شەقام نا ئەو شەقام، بەڵام نا، ناسیاوێک نابینی، بیشیبینی ڕووت تێ ناکا.

سەیرە دەرگاکان هەموو گاڵە دراون، ڕوخسارەکان گرژ و مۆنن.

وشکەساڵییەکی ناخۆشە. قامچی دەستی ڕەشەبا ڕوخساری هەموو کەسێکی ڕاماڵیوە.

چەند ڕۆژێکە باوکم و جەماعەت لە دەرەوەی شار ڕوو بە کێوەڕەش نوێژەبارانە دادەبەستن. تاکو بەشکم لەو هەورە سووک و سرکانە بارانی ڕەحمەت بباری، بەڵام «هەوری سوور بارانی دوور» منیش وەک خەڵکی شار شەکەت و ماندوو بەرەو ماڵێ دەبمەوە.

ڕوخسارەکان گەرچی گرژومۆنن، بەڵام ئاوێنەی ئەو ڕاستییەن کە بەڵێ! ڕاست خۆیەتی ئەوەی هات و تارمایی بەدیاری هێنا ئەو سپی پۆشە باڵابەرزە نەبوو.. با! با! باڵابەرز بوو بەڵام... بەڵام ئەو فریشتە نەبوو.. جەجاڵ بوو.. جەجاڵ..!

**پاییزی ١٣٨٧ هەتاوی**
**(٢٠٠٨ز)**



# گرەو ناکەم من هەمیشە دۆڕاوم؟

**بەکر دەروێش**
**(دوز خورماتوو)**

تۆ ناتوانی بە سانایی، شوورەی سەختی قەڵای بوونی من تێک بشکێنی و بێیتە نێو کۆشکی قایم و پتەوی هەست و نەستمەوە، ئاخر گەوجە خۆ من کەستەکڵێکی بەرپێی تۆ نیم تا بەزەبری قۆندەرە و پێڵاوەکەت بمشێلی، دەبێ تۆ لەوە بگەی کە سیستمی بوونی من سیستمێکی ئاڵۆزی خۆ کردە، بە ڕووخانی دیوارەکانی کۆتایی نایەت و هەڵناوەشێتەوە، بۆیە پێت دەڵێم: ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە، تۆ ئەو کەسە نیت بتوانی تا ئەوپەڕی ماندوو بوون بێیتە پێش و سڵ لە تارماییەکانم نەکەیتەوە، تۆ ناتوانیت یاریزانی ئەو گەمەیە بیت کە خۆم یاساکانیم داڕشتووە، تۆ ناتوانی ببیتە گەمیەوانێک لە دەریای وازییەکانی مندا سەڵپێن لێبدەی و دواییش ببەیتەوە، با خۆشت ناو نابێت گەڕۆکی تایبەتی هاوتەریب بوونی من، ئەوە گەواهی دۆزینەوەی دۆسییەکانی من نییە لەنێو دیسکی ئارەزووەکانتدا، بۆیە گەڕانت بۆ هەپلۆکی بەخت لە هەردە و پەیجووری خولیاکانی مندا بێ سوودە، گەڕانت بەنێو مەملەکەتی قشتاڵەی بوونی مندا بێ سوودە، باشتر وایە بچی خۆت فەرمەتەکەی، نەک بێیت و دزە بکەیتە ناو قاوغی هۆشارییەکانی منەوە، من کەڵەشێرێکی قووقنی سەر دیواری نەزاکەتم، ئەی بێ بەر لە ڕەنجی سیاساڵەی بوونی پووکت، با ئێمە برێک بوێرانەتر و کەمێک ڕاستگۆیانەتر و هەندێک ئاشکرایانەتر و چەرتەیەک ڕاشکاوانەتر مەبەستەکانمان بدرکێنین، با بە خەیاڵی دەسلەملانێی فریشتەکانەوە سەر نەخەینە سەر سەرینی خەوێکی گەوجانەوە، هۆشیار بووغان لەوەی کە دەیکەین هەنگاوێکی دروستە بۆ گەیشتن بە سەکۆی بەرخوردانمان، ئێمە ڕەوە کەوێکی سەر چیای بەرزی یادگارەکان نین تا لە گەرمەی قاسپە قاسپماندا لە شەقەی باڵ بدەین و بەرەو نشێوی

دۆڵێک باڵ بگرینەوە، گوێ بگرە ئەی سۆزداری سەر پەردەی پووکانەوەی من و خەیاڵی چل چرای خۆت، لە گەرمەسێری گەرمای هاوینێکی گەرمدا گەرمترین گۆرانی گەرمی خۆمت بۆ گەرم دەکەم و لەسەر نەغمەی عەوداڵ بوونێکی گەرم بۆت دەنێرم تا دڵت گەرم گەرم، گەرم بکاتەوە، تۆ ناتوانی سەر لە پەیامی من دەرکەی، من گورگە بۆرەی گورگستانی ئایین و ئۆینم، لە دارستانی گورگایەتیدا بۆرترین گورگی گورگایەتی بووم، تازە بە تازە چەقەڵی تۆ ناتوانێ مامری هۆشیاری لە نێو کولانەی بیری مندا بفڕێنێ، تازە بە تازە تۆ ناتوانی تۆوی خەراباتێکی دیکە لە وەردی پەینکراوی دڵی مندا بڕوێنی، خۆری ئەو زەمانەیە بەسەر چوو کە بە ئارەزووی خۆت گاگەلی گاڵتەجاڕیت بەڕەڵای نێو بێستانی هزر و هۆشی من دەکرد، زەلیل و داماو لە قاچەی مزگەوتی دێ داتدەنام و وەک بتی نەفرەت لێکراو توێکڵە شووتی مەخسەرت تێدەگرێم، من ئێستا تەسبیحی سی و دوو دانەی بەختی خۆمم لە هەرێمی دەست و پەنجەکانمدا شاردووەتەوە، ئیتر تۆ تاکەی لە کلاوڕۆژنەی مەبەستێکی ژەنگنەوە دەڕوانیتە ئەستێڵی ڕوونی دووچاوی پڕ لە پرسیارم، من بۆ دەرفەتی نقووم بوون لە فەزای خەیاڵی خۆمدا ناگەڕێم، ئەو وەرزی بەرینی جریتبازییە بەسەر چوو، کە هەندێ لە موریدانی تۆ بەنێو ئەقڵ و فامی مندا دەیانکرد، دەیانکرد و پاشان لە مەیخانەی فڕکردنی دوو قاپ شەرابدا هەموو شتێکیان لەبیر دەچووەوە، تۆ ویستت لاسایی سۆفۆکلیس بکەیتەوە و ببیتە باوکی مێژووی نوێ، وەلێ نەتزانی لە (ئەبو قەحتانێکی) کیشوەری تەنیایی بەولاوە هیچی تر نیت، تا بەکەی من پێشنوێژی گوزارشتە جەنجاڵەکانی تۆ بم، من گیڤارای خوێنینی ئەشکەوتی هەزار مێردم، گاندی لەپ زێڕینی پێش سوپای مادم لە دەشتی سیندا، تۆ لەو مەتەڵانە گەڕێ کە شەو و ڕۆژ بۆ ختووکەدانی ئارەزووەکانم دەیانگێڕیتەوە من لەبیرمە، ئەگەر بواری بیرکاری مابێت تۆ کە هاتی بۆ ئێرە دەمی شمشێرەکەت چۆڕەی خوێنی دەهات، کەچی منی دەبەنگ نێرگس بارانم دەکردی، دەشتوانم هەموو بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەت بۆ بگێڕمەوە ئەگەر زەمانەی گێڕانەوە مابێت، دەتوانم لەتۆ باشتر هەزاران مەتەڵ هەڵبەستم ئەگەر زەمانەی هەڵبەستنی مەتەڵ مابێت، پێم مەڵێ (وما ادراک ما نحن، قوم من صلصال کالفخار، یوم ینفخ فی الصور سنعود من جدید). من پێم وایە ئەو گۆزەیەی کە لەڕێی ئاودا دەشکێت جارێکی دیکە نابێتەوە بەو گۆزە قنج و قیتە کە کیژانی نێو دێ دەیانخستە سەرشانیان و خۆیان پێوە دادەدا، ئەو خەونەی لە بەها مرۆییەکانی بەتاڵ بووەوە جارێکی دیکە نابێتەوە بە مورشیدی ئیمان و ناتوانێ لە کۆڕی خێڵدا دەروێش لە دەوری خۆی کۆکاتەوە، دیسان من پێم وایە و تۆش پێت وایە، لەوانەیە خەڵکانی دیکەش پێیان وابێت، مەرحەمەتی بوون لەو گۆرانییە دایە کە یەک ئاوازی هەیە و بە چل زمان دەوترێ، لە تەواوی ئەو مەزامیرانە دایە کە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش لەسەر پێستی گا کێوی نووسراونەتەوە، من پێم وایە و تۆش پێت وایە و خەڵکانی دیکەش پێیان وایە، حەزرەتی نالی کە لە تاوی ئازاری دڵیدا دەینالاند تەنیا لەبەر خاتری گوڵی گوڵان حەبیبەخان نەبوو، ئەو حەزرەتێک بوو ئایندەی دەبینی، بۆ ئەمڕۆ دەینالاند، کە شێخ ڕەزا بینی سلێمانی دارولمولکی بابانە، گەرمیان فەرشی سووری بەر پێی قافڵەی عەرەب و عەجەم نەبوو، گەرمیانییەکان پۆلێک قەتێ نەبوون وەرزی کۆچان بۆ بیابانەکانی عەرعەر کۆچ بکەن، ڕەوە مامزێک نەبوون لە ترسی تەقەی ڕاوچیاندا سەری خۆیان هەڵگرن و بڕۆن بۆ هەندەران، ئەوە بەس منم دەزانم بۆچی لە دنیادا تەنیا پڕتەقاڵی باقوبە و دێلتاوە شیرین و پڕ لە ئاوە، ئاخر ئەو کە بە ئاوی سیروان ئاو دەدرێت، سیروان هەمووی فرمێسک و ڕۆندکی کوردەکانی شیمالە، ئەی لەبز شیرین، ئەی فەریکترین ساقی شەتڵی عەبەسییەت، زۆر دەمێکە فاکوفیکی بەر دەرگای پیرانی تەریقەتت ئاشکرایە، من دەزانم تۆش دەزانی عالەمەکەی خوداش دەزانن کە (خۆپاراستن لە چارەسەری باشترە) من دەزانم و تۆش دەزانی و هەموو دنیاش دەزانێ (پۆلیس لە خزمەتی گەلدایە) (شۆڕشیش بۆ گەلە و گەلیش بۆ تێهەڵدانە) من دەزانم و تۆش دەزانی و خەڵکانی دیکەش دەزانن، ئەگەر زمان بهێڵێ ئەوە سەر سەلامەتە، بەڵام ئەوەی نە من و نە هیچ کەسێکی دیکە لەم دنیایەدا نایزانێ ئەوەیە کە چۆن جەنابت لە شەو و ڕۆژێکدا ئاوا دەوڵەمەند بووی و بوویتە خاوەنی ئەم هەموو سەروەت و سامان و قەسر و قسووره؟ ئەم هەموو ترۆمبێل و فابریقەو کارخانەیەت

چۆن پێکەوەنا، ئەم هەمـــوو پاســـەوان و دەرگـــەوان و خزمەتچییەت چۆن کۆکردەوە، چۆن و چۆن و چۆن... ئۆ هۆ بمبەخشە دیسان دەستم کردەوە بە وڕێنە، ببوورە ئەی پاشای وەخت لەم پرسیارانەم دڵ گران مەبە، بەحرێ ئاو بە دەمی هیچ توولە و تانجییەک گڵاو نابێت، خوا تا کێو نەبینێ بەفـری تێناکـات، تۆ ئەو کـڵاوەی پڕ بەسـەری ئێمەی، خوانەکا بەم قسانە سەرت بێتە ژان، کوڕە هەر بەبایکە، لێگەڕێ با ئێـمـە و مـانان هەر بیـرێسین، با تۆزێ بای زگی خـۆمـان دەرکـەین، من دەزانم و تۆش دەزانی و هەمـوو دنیاش دەزانێ هەرگیز دەستی ماندوو لەسـەر زگی تێر نەبووە، هەرگیـز بە ئیش نەبووە، هەر بە ڕیش بووە، من گـاڵتەی وا ناکەم، چۆن گـرەو لەگەڵ تۆدا دەکەم، من هەمیـشـە دۆڕاو بووم، من خـوا بۆ پاسەوانی خەڵقی کردووم، کەچی دەمەوێ ببم بە خاوەنی پاسەوان، ئاخر بە ڕیشی کێ ڕەوایە گەدایەکی وەک من لە لەگەنی زێڕینی پاشایەتیدا نانەپڵاوی حکومڕانی بخوات؟ من زۆر لووت بەرزانە لە سەرەتای ئەم دەقەدا قسەم کرد، وا خـۆمم پیـشـاندا کـە قـەڵایەکی سـەخـتی بەرخـودان و مقاومەتم، من جەنگاوەرێکی ئەفسانەیی چوون هێرقلم، شێـرە قـوڕینەکـەی بابلیش دەرەقـەتم نایەت، ئەگـەر بۆم بلوایە ڕەنگە بمگوتبـایە، ئەبوهەولیش من دروسـتم کـردووە، قـەڵای هەولێـریش بە بڕیاری من دروستکراوە، براگیان من چەند گاڵتەچیم، ببوورە پاشام ئەی ڕەفیقی ڕێگا دوورەکانی نێو دارستانە تاریکەکانی ئەقڵم، سۆزم دەرێ بڵاوێنەوە، وا خـەریکە لەسـەر پشـتی ئەسـپی خنجیلانەی هۆش دەخلیسکێم و دەکەومە نیو تەپوتۆزی گومڕایی خۆمەوە، دەستی مەرحەمەتت بێنە بە سەرمدا با تۆزێ ئەقـڵم بێـتـەوە بەرم، با بەری بینایيم بکرێـتـەوە، کەس قەلەڕەشی دیوە ببێت بە کۆتری سپی سەر کۆشکی هیدایەت، کەس بیستوویەتی لە هێلکەی مریشک هەڵۆ بێتەدەر؟ مار مێروو بیخوات، گورگ ببێتە پاسەوانی مێگەل؟ من و تۆ ڕێگای قسـەکـردنمان دوورودرێژە، من داشی دامــەی تۆم، تۆش مــەلیکی نێــو شــەترەنجی جیـهـانگیریت، وریابە کشـەت لێ نەکەن و لەیارییەکە دەرت نەکەن، ئەوکات دەبیتە یاریچەی منداڵان، دەبیتە جـێگای قـسـەو باسی ژنانی خـێـڵی خـواروخـێـچی، تەمتومانێک بە ئاسمانی بینینی چاوەکانتەوە دەکەوێتە گەواڵە کردن، من ئا ئێستا ساباتێک لە تریفەی جوانی لە لێواری دەستەکانمەوە دەتکێ بۆ ناو پرچی کاڵ و خاوی سروشت، دەتۆش وابە، ببە بە گۆرانییەکی خۆش، ببە بە پارچەیەک مۆسیقا، لێگەڕێ دەست و پەنجەیەکی خەناوی لە ئێـوارەیەکی مـۆردا بە فلوتێکی نارنجی بتـژەنێ، بەس ببە بە تیری موژگان و دڵە عـاشقەکان خوێناوی بکە، تازە زەحمەتە جارێکیـتر بتوانی بە ئاسانی بلووری دڵی هیچ پاکیـزەیەک بشکێنی و ئاگری عـەشق لە هەناوی بەردەی، پیـری بە ڕوخسـارتەوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەبریسکێـتـەوە، دێراوەکانی تەوێڵـتی گـرتووە بەرەو پانتـایی پڕ لە چرچ و لۆچی گۆنا ماندوو و هیلاکەکانت دەڕوا، ئەفسـووس کە ئەمە ئاقیبەتت بوو، ئەفسووس کە ئەمە ئایینەدم بوو، من لەمە زیاترم پێ نییە، چونکە من دۆڕاوێکی هەمیشەییم.

**۲۰۰۸**



# بالۆرەکانی غەریبی

ک.د. ئازاد
(بانە)

تا ئەو ڕۆژە زانستگای «ڕەشت» جووتە خۆشەویستی ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو!

کە دوو بە دوو دەردەکەوتن، هەموو خوێندکارانی زانستگا بە شەوق و زەوقەوە چاویان لێ دەکردن!

بەهار و کاوە وا لێک دەهاتنەوە کە کەس ئێرەیی پێ نەدەبردن!

«کاوە» خوێندکاری زانکۆی پزیشکی و «بەهار» خوێندکاری ڕشتەی پەرەستاری بوو!

کاوە خەڵکی شاری «بانە» و پێنج ساڵ بوو لە ڕەشت خەریکی خوێندن بوو! بەهار خەڵکی «مەهاباد» و ساڵی دووی خوێندنی بوو! دوو ساڵ بوو یەکتریان دەناسی. ئاشنایەتی ئەو دووە خۆی سەربردەیەکی سەیر بوو!

بەهار ئەو ساڵەی کە بە خوێندکاری زانستگای ڕەشت وەرگیرا، هەر لە هەوەڵی پاییزەوە کە هات بۆ خوێندن سەرنجی هەموو کوڕ و کیژانی زانستگای بۆ لای خۆی ڕاکێشا! جوانی و ساکاری و بێ ڕیایی وای لەو کیژە کوردە کردبوو کە هەردوولا کوڕ و کچ خۆشیان دەویست. هەر کە دەگەڵ پۆلێ لە هاوڕێکانی وەدەردەکەوت، هەموو چاوەکان بۆ دیتنی وەردەچەرخا!

کاوە کوڕێکی دەرس خوێن و ڕەزاسووک و تەڕپۆش و جوان چاک بوو! بەهۆی زرنگی و جوانییەوە لەناو خوێندکارەکاندا بەناوبانگ بوو!

بەهار و کاوە یەکتریان نەدەناسی. کۆتایی مانگی سێیەمی پاییز بوو و خوێندکاران خۆیان بۆ تاقیکاری ئامادە دەکرد. بەیانییەکی زوو کاوە دەگەڵ دوو هاوڕێی بە بەر دەم زانکۆی پەرەستاریدا ڕادەبرد. بەهار و هاوڕێکانی لەسەر کورسییە بەردییەکانی ناو چیمەنەکە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. لەو کاتەدا کە کاوە و هاوڕێکانی تێدەپەڕین یەکێ لە کچە کوردەکانی کۆڕەکەی بەهار بەناوی ژاڵە کە دەیزانی ئەمانە ڕشتەی پزیشکی دەخوێنن بە دەنگێکی بەرز ڕوو بە

کــــوڕەکـــــان بە فـــــارسی دەڵێ: ڕێگاتان لێ ون بووە دکـــتـــۆرەکـــان؟ ئێـــرە هیچ نەخـــۆشی لێ نین! ئەگـــەر پێویستیشتان بە پەرەستارە فەرموون!

لەوکـاتەدا کـاوە کـە چاوی لە چاوەجـوانەکـانی بەهار هەڵدەنگوێ و بەلەهجەش دەزانێ ژاڵە کـوردە، بە کـوردی دەڵی: درەنگ، یان زوو پێویستیمان بە ئێوە دەبێ! ئێوە دەبێ لە ئێمە زۆر نزیک بن! بەڵام ئێستا کارێکی ترمان هەیە!

ئەم حازر جوابییەی کاوە کچەکان وەپێکەنین دەخا و بەهار کـە یەکەم نیگـای کاوە پێکاویەتی بە هاوڕێکانی دەڵێ: ئەوە کێیە؟ ناوی چییە؟

دوای ڕۆیشتنی کوڕەکان، هەموو کچەکان سەر دەنێنە سـەر بەهار و پێی دەڵێن: واز بێنە! ئەو کـوڕە جـوانە خەڵکی بانەیە و زۆر دەگەڵ کچان یەک نییە!

بەڵام هەوەڵ نیگـا کـاری خـۆی کـردبوو! لەم لاوە بەهار دەگـەڕا بۆ ناوونیـشـانی کـاوە و لەو لاشـەوە کـاوە لە دۆستان و هاوپۆلانی ناوونیشانی بەهاری دەپرسی!

ڕۆژێک بە ڕێکەوت تووشی یەکـتر بوون! ئەم جارەیان هەردووک بزەیان لەسـەر لێـو بوو! هیچ پێـویسـتی بە ناسـاندنی یەکـتـر نەبوو! هەردووک زانیـاری باشـیـان سەبارەت بە یەکتر هەبوو!

لەوە بەولا تا پشـوو دەدرا و تا کـاتی خـوێندنی ڕۆژانە تەواو دەبوو کاوە و بەهار لای یەک بوون و شان بە شانی یەکتر دەگەڕان!

سـەیر ئەوە بوو کـەس ئێرەیی پێ نەدەبردن! وا هاوتای یەک بوون دەتگوت خــوا هەر لـە ڕۆژی ئەزەلڕا بۆ یەکی دروست کردوون!

* * *

سـاڵی خـوێندن وردە وردە بەرەو پێش دەچوو. وەرزی پشـــووی بەهارە بوو. نەورۆزانە هەمـــوو خـــوێندکـــاران دەچوونەوە شاری خۆیان!

بەهار داوای لە کـاوە کـرد کە لە نەورۆزدا سەردانێکی مـاڵی ئەوان بکا تا دایکی لە نزیکەوە ببـیـنێ! ئاخـر بەهار لە ماڵەوە دەگەڵ دایکی دوو بە دوو دەژیان! باوکی چەند ساڵ لەوە پێش بەهۆی سەکتە مردبوو و برایەکیشی هەبوو کە ماڵی جیابوو! بەهار هەموو کەین و بەینی خۆی دەگـەڵ کـاوە بە تەلەفـۆن بە دایکی گـوتبـوو! دایکیـشی داوای کـــردبوو کـــە لە نەورۆزدا ئەگـــەر دەکـــرێ کـــاوە سەردانێکی ماڵی ئەوان بکا تا چاوی پێ بکەوێ!

* * *

کە نەورۆز هات؛ هەرکەس خۆی ئامادە دەکرد تا بەرەو شـار و مـاڵی خۆی بڕوا! بەهار و کـاوە دڵیـان نەدەهات بڕۆن! ناچار هەردوو تا تاران بەیەکەوە بوون! لە پەنا یەک دانیشتبوون و دەستیان لەناو دەستی یەکدا بوو!

لەتاران چوونە «ترمـینالی غـەرب». لە پێـشـدا بەهار سـواری ئوتوبووسی «مـەهاباد» بوو. لە دوایین قـسـەدا گفتی لە کاوە وەرگرت کە نەورۆز سەردانی مەهاباد بکا و کاوە بەڵێنی دا کە دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە «بانە» بچێ بۆ مەهاباد!

* * *

پێنج ڕۆژ لە نەورۆز تێـپـەڕی! بەلای کـاوەوە سـاڵێک دەبوو! جانتـای سەفەری هەڵگرت و بەرەو مـەهاباد وەڕێ کەوت! پێشتر بەتەلەفۆن بە بەهاری ڕاگەیاندبوو کە دێت!

هێـشـتـا مـابووی بۆ نیـوەڕۆ کـە گـەیشـتـە مـەهاباد. ناوونیشانی ماڵی بەهاری دەزانی. ناوونیشانەکەی دا بە تاکسی و لەبەر کـۆڵانی مـاڵەکـەیان دابەزی! بەهار لەبەر دەرگـا چاوەڕوان بوو! لەبەر دەرودراوسێ نەبوویایە هەر لە کووچە خۆی دەئامێزی کاوە داویشت!

دایکی بەهـار؛ «شکۆفـەخـان» ژنێکی نزیک چل سـاڵە بوو، بەڵام ڕەنـگ و ڕوخـســاری زۆر لەوانە جـوانـتـری دەنواند! پاش مردنی مێردەکەی باڵی بەسەر منداڵەکاندا کێشا و شووی نەکردەوە! ڕۆژانە لە ئارایشگایەکی نزیک ماڵی خۆیان کاری دەکرد!

شکۆفە خـان زۆر بە گـەرمی بەخێرهاتنی کاوەی کرد و دەسـتی دەگـەڵ لێـداوە و لە پەنا خـۆی دانا! لەبەرچاوی شکۆفە خانیش کاوە کوڕێکی جوان و لەبەر دڵان بوو!

کــاوە زۆر زوو جـــێگـەی خـــۆی لەمـــاڵ و دڵی ئەو خـــانەوادەدا کـــردەوە و ئەوە بۆ بەهار زۆر جـــێگـەی خۆشحاڵی بوو!

پاش خـواردنی نیـوەڕۆ بەهار و کـاوە چوونە دەرەوە و شکۆفە خان لە ماڵەوە، مایەوە، هەر چەند بەهار و کاوە زۆریان دەگەڵ گوت، وتی: نا ئێوە بڕۆن من دەبێ بۆ زاوا زێڕینەکەم ئەمشۆ تەعامێکی خۆش ساز کەم!

شکۆفـــەخـــان ژنێکی دەست ڕەنگین بوو! چێـــشـت و خـواردنی دەسـتی ئەو لای هەمـوو خزمـانیـان بەناوبانگ بوو!

ئەو ڕۆژە خـۆی تەرخـان کـردبوو تا بۆ کـاوە باشـترین

تەعام سازکا!
هەرکـە کـاوە هاتبـوو شکۆفـە خـان، بە دیتنی زۆر، خـۆشـحـاڵ بوو! خـۆشی نەیدەزانی بۆ! بەڵام هەسـتـی بە چەشنێک کولانەوەی برینەکانی لاوەتی خۆی دەکرد!
بەهار و کـاوە تا ئێـوارە زۆربەی شـوێنەکـانی مـەهاباد گەڕان! ئێوارەیەکی درەنگ هاتنەوە. زۆر شتیـان کڕیبـوو! کـاوە دیاری تایبـەتی لە بانەوە بـۆ شکۆفـەخان هێنابوو و ئەو ڕۆژەش لە مـــەهاباد شـــتـی تری بۆ کـــڕی و ئەو دیارییـانە، ئەوەندەی تری لای شکۆفـەخان خۆشـەویست کرد!

* * *

دوای خـواردنی شـێـو کـە بە ڕاسـتی شکۆفـەخـان بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە سفرەی چنیبـوو، دەسـتیـان کرد بە قـســە و سێ نەفــەری باسی داهاتوویان دەکــرد! زۆر جاران کاوە لە قسەکردندا چاوی لە چاوەکانی شکۆفەخان هەڵدەنگووت و هەسـتی دەکـرد کـە زۆر بە تامـەزرۆیی سەیری دەکا!
کـات زوو دەفـڕی و گەیشـتـە سـەعـات ١٢ی نیـوەشـەو. کاوە هەستا. وتی: بەیانی دەتانبینمەوە و ئێستا دەچم بۆ میوانخانەیەک!
شکۆفەخان وتی: ئەمە چ قسەیەکە! تۆ میـوانی ئێـمەی و غەیرە نی! ڕازی نین بچییە میوانخانە!
هەرچی کـــاوە وتی بێ ســـوود بــوو! بەهار لە خـــودای دەویست خـۆشـەویسـتـەکـەی لەمـاڵی ئەوان بخـەوێ و زۆرتریش بواریان دەبوو تا باسی داهاتوویان بکەن!
بۆ خەو لە دیوێک جێگەیان بۆ ڕاخست و تا مـاوەیەک هەردوو بە لایەوە بوون! پاشان جێیان هێشت تا بخەوێ! ئەوانیش چوون بۆ دیوی خۆیان!
کـــاوە تا درەنگ خـــەوی لێ نەکـــەوت! چۆن بخـــەوێ خـۆشـەویسـتـەکـەی لەودیو و ئەویش لەم دیو! هەر لە خەیاڵدا بوو تا خەو بردییەوە!

* * *

کـاوە هەسـتی کـرد لەو تاریکـیـیـەدا کـەسـێک لەپاڵ جـێگاکـەیدایە! هاتەوە بیـری کـە لەمـاڵی بەهارە!- «خـۆبەتی! بەهار!» خـۆی وەرگـێـڕاو توند بە خـۆیەوەی گوشی!
لەدڵدا وتی: بەهارە و بۆیە مـتـەقی لەخـۆی بڕیوە تا دایکی وەخـــەبەر نەیە! ئەویش بێ دەنگ باوەشی بۆ گـرتەوە و لەناو حـەز و شـەوق و هەوەسـدا لە ئامـێـزی یەکتردا خۆیان مەڵاس دا!
گەرما و شـەوقی هەوەس وای لێ کردبوو بڕسـتیـان لێ بڕابوو! بۆ دەکرا هەروا بێ دەنگ وەمێنن؟
«کاوە» لەوپەڕی ئارەزوودا کـەوتە ڕامووسان و دەستی بە هەمـوو لەشی بەهاردا دێنا، ئەویش وەک کێـشکەیەک خۆی دابوو بە دەسـتەوە و دەگەڵ لافاوی حەز و هەوەسدا مەلەی دەکرد!
لەپڕ دەرگـا کـرایەوە و کـەسـێک کلیلی بەرقی لێـدا و دیوەکە پڕ بوو لە ڕووناکایی!
کـاوە سـەری وەرچەرخـاند بەرەو لای دەرگـا! چ ببـینێ؟ بەهار لە قـاپی دەرگـادا ڕاوەسـتـاوە! کە سـەیری ئەوەشی کـرد لە باوەشـیـــدایە بەســەر ســوڕمــانەوە دیتی کــە شکۆفەخانی دایکی بەهارە!
«کـــاوە» ئەوەندە لە تاســـەوە چووبوو کــــە نەیزانی شکۆفـەخـان چۆن نیـوە ڕووت هەڵاتە دەرەوە و ئەویش لە خەجـاڵەتیـان چۆن خۆی پۆشـتـە کردەوە و چۆن جـانتـا و شتەکانی پێچاوە و چۆن لەو ماڵە هاتەدەر!
کـاتێـک کزەی ساردی با وەئاگـای هێناوە کە جانتـا بە دەست لە شـەقـام بوو! خـۆشی پێـی سـەیر بوو بۆ زەوی قووتی نەداوە و چۆن ئاسمان هەڵی نەلووشیوە! نەیدەزانی بڵێ چی! چۆن شکۆفەخان ڕێی بە خۆی داوە بێتە پاڵی؟ بۆ نەیزانیـوە ئەوە بەهار نیـیـە و دایکیـەتی؟ بۆ؟ بۆ و هەزاران بۆ؟ کە وەک خـۆرە گیـانیـان دەخـوارد و جوابێک نەبوو!
تا بەیانی لە شـەقـامـەکـان سووڕایەوە و وەک شـێـتـان دەگـەڵ خۆی دەدوا! ڕووی نەبوو بۆ مـاڵی بەهار وەگـەڕێ! چاوی پڕ لە بوغز و کینە و ناباوەڕی بەهار، سـاتێ لەبەر چاوی ون نەدەبوو! کـە خۆرهەڵات ئەو هەروا بێ ئومـێد و ئامـانج دەسووڕایەوە! لەلایەک دڵی نەدەهات مـەهاباد بە جێ بێڵێ و لەلایەکیش قاچێ هانای نەدەدا بڕوا!
لای ئێـوارێ سـواری مـاشـێن بـوو و بەرەو بانە وەڕێ کەوت!

* * *

دوای نەورۆز، هەمـــوو خـــوێندکـــارانی زانســـتگا هاتبوونەوە، بەڵام بەهار دیار نەبوو! ئێوارە ژاڵە و پەروانە و سێ چوار کـچی تری کـورد هاتـن تا هەواڵی بەهار لە کاوە بپرسن و بزانن بۆ نەهاتۆتەوە!
کـاوە لەژێر لافـاوی پرسـیـاری کـچـەکانـدا نەیدەزانی چ بکا! هیـچ جـوابێکی پێ نەبوو! زۆریشی پێ خـۆش بوو

دەگەڵ یەکێکدا دەردە دڵ بکا! شەوانە لە خەفەتان خەوی لێ نەدەکەوت!

دوای ڕۆیشتنی کچەکان کاوە بانگی ژاڵەی کرد و پێی وت: ژاڵە دەمەوێ قسەت دەگەڵ بکەم! تکایە تاوێکی تر وەرەوە!

چارەکە سەعاتێکی تر ژاڵە هاتەوە و زۆر تامەزرۆ بوو بزانێ کاوە چ کارێکی پێیە!

کاوە وتی: ژاڵە گیان دەزانم تۆ جێی متمانەی بەهاری! من قسە و باسێکت لا دەکەم کە ڕەنگە لێم برەنجێی، یان یارمەتیم بدەی! بەڵام تکایە لە هەر حاڵدا لای کچەکانی تر هیچ مەڵێ!

ژاڵە بە سەرسوڕمانەوە وتی: کاوە خۆت دەزانی من زۆر گاڵتە دەکەم، بەڵام کەس وەک من ڕاز نیگادار نییە! هەر قسەیەکت هەیە تکایە پێم بڵێ و متمانەم پێ بکە!

کاوە لە نووکەوە هەموو شتێکی بۆ باس کرد و لەپاشان وتی: نەهاتنەوەی بەهار خەتای منە! تکایە یارمەتیم بدە! هەر نەبێ با بەهار بێتەوە و درێژە بە خوێندنی بدا!

ژاڵە پاش تاوێک ڕامان وتی: کاوە دڵنیابە یارمەتیت دەدەم! هەر ئەمشەو تەلەفۆن بۆ بەهار دەکەم و بێ ئەوەی ئاماژە بە تۆ بکەم داوای لێ دەکەم بێتەوە!

کاوە دڵ پڕ لە خەم و پرسیار و پەشیمانی، تامەزرۆی بیستنی خەبەر بوو لە لایەن ژاڵەوە!

* * *

ژاڵە پاش چەند جار قسەکردن دەگەڵ بەهار لە دەمی هێنادەر چ بووە! بەهار وتبووی دێمەوە!

ئەو خەبەرە چەندە کاوەی خۆشحاڵ کرد، زیاتری بردە فیکرەوە! چۆن دەگەڵی دەجووڵێتەوە؟ بڵێی وەک بێگانە بن؟ تازە عەشق و خۆشەویستییان تەواو بوو؟ هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی تر!

* * *

بەهار پاش حەوتوویەک هاتەوە! لەلای کچەکان بە غەیری ژاڵە هیچی نەگوت! هەرکە دەگەڵ ژاڵە بە تەنیا دەبوون دەستی دەکرد بە گریان!

– ژاڵە گیان دەزانم کاوە هیچ تەخسیری نییە! هەموو هەڵە و تاوانەکان هی دایکمن! تازە نە کاوە لە ڕووی دێ بێ بۆ داخوازیم و نە منیش غیرەت دەکەم شوو بە کەسێک بکەم کە دایکم لە باوەشیدا خەوتووە!

– .....

* * *

ڕۆژانە لە دوورەوە کاوە سەرنجی بەهار و کچەکانی دەدا! کچەکان هەموو لە بەهاریان دەپرسی بۆ دەگەڵ کاوە ناگەڕێ و قسە ناکەی؟ ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت: «خانەوادەکانمان ڕازی نین! ئێمەش هاتووینە سەر ئەو بڕوایە واز لە یەکتر بێنین»! بەڵام ڕاستییەکە، شتێکی تر بوو!

حەوتوویەک بوو بەهار هاتبۆوە و سەری بە خوێندن و دەرسەکانییەوە خەریک کردبوو تا بەڵکو کاوە و کارەساتەکەی مەهابادی لەبیر وەچێ! ئێوارەیەک لە نزیک زانکۆکەی خۆیان چاوی بە کاوە کەوت و هەردووک بۆ ماوەیەکی زۆر، بێ چاوترووکاندن، واقیان وڕمابوو! لەو کاتەدا ژاڵە گەیشت و سڵاوی لە کاوە کرد و ئەویش هاتە پێش و لەبەردەم بەهاردا وێستا! کاوە وتی: تکایە ژاڵە گیان دەکرێ چەند چرکەیەک جێمان بێڵی؟ پاش ڕۆیشتنی ژاڵە، کاوە وتی: بەهار دەزانم زۆر لێم ناڕاحەتی و حەقتە! بەڵام..

– تکایە کاوە باسی هیچ مەکە! من هەموو شتێک دەزانم! دەشزانم خەتای دایکم بوو! تۆ لەو تاریکییەدا وات زانیبوو منم!

– وایە..!

– دوای ڕۆیشتنی تۆ شەڕێکی باشم بە دایکم گێڕا! ئەویش دوای گریانێکی زۆر پێی لێنا کە تاوانەکە هی خۆیەتی و تۆ هیچ تاوانێکت نییە!


– ....

– ....

* * *

لەوە بەولا هەموو ڕۆژێ دیسان جووتە دڵداری کوردی زانستگای «ڕەشت»، بەیەکەوە لە گۆشەیەک دادەنیشتن! نەیاندەتوانی بێ یەک بژین! کە بیرشیان لە داهاتوو دەکردەوە؛ دەچوونە ناو دەریای خەیاڵ و ماتی و بێدەنگی!

ئەم جارەیان بێدەنگییەک باڵی بەسەردا کێشابوون کە وەک ئارامی بەر لە تۆفان وابوو!



# فەدی

ئەدیب پۆلاد
(ئامەد)

ئەو دێ بچوونا دبستانا ناڤین، وێ دەمێ سێزدە- چاردە سالی بوو. مالا وان ل گوند بوو، لێ بەلێ بۆنا خوەندەکاریێ بدۆماندا، دڤیا ل بازارێ باتمانێ. بنجیە ببوونا. ژ بلی مالا کریڤێ وی، باڤێ وی ل ڤی بازاری کەسەکی نەدناسی. کریڤێ وی حەجی بوو، ب نمێژ و تاعەت بوو.

بۆنا قەیدکرنا دبستانێ ئەو دەرەنگ مابوو؛ لێ شوکور ژ خوەدێ رە مامۆستەیەک ناس کو گوندویێ وی بوو، د دبستانێ دە دەرسا ماتەماتیکێ ددا.

عەشقا خوەندنێ ل سەرێ وی خستبوو. لەوما تشتەک ل پێش چاڤێن وی نەدبوو ئاستەنگی. برچیتی، تازیتی، بێجیهی، بێپەرەیی.. نەخاسم دەردێ بێپەرەتیێ پڕ کشاندبوو، هێژا ژی دکشاند. باڤێ وی، بۆنا خەرج و مەسرەفێن هەفتەیەکێ، تەنێ پێنج بانقنۆت ددا وی. پێنج بانقنۆتێ وی دەمێ کو سێ بانقنۆت ل حەقێ رێ دچوو. رۆژا کو وی خوە ژ کۆندۆکتۆرێ ترینێ بدزیا و پەرێ بلێتێ نەدانا، ئەو رۆژ ژ کێفان پیێن وی عەرد نەدگرت. جارنان خوە د داشرا ترینێ دە ڤەدشارت. گاڤا بلێتڤان ئەو ددیت و زەفت دکر، وی پڕ فەدی دکر. سەرێ خوە دخست بەر خوە و پۆزێ خوە یێ ب لیچک پاقژ دکر. لێ ب لەز دهات خوە، دیسا سەرێ خوە ب روومەت رادکر و پێنج بانقنۆتێ کاغزی درێژی بلێتڤان دکر. بلێتڤان جارنان ئەو عەفو دکر، جارنان ژی بلێتەکە ب جەزا ژێ رە دبڕی. لێ ئەو، ب هێسانی ژ بن باندۆرا فەدیێ دەرنەدکەت. بەلێ فەدی..

ئەڤ بێژە د سەرێ وی دە گەلەکی جیهـ گرتبوو. گاڤا چەوتییەک دکر، کەسەکی گۆتنەک ژێ رە نەگۆتانا ژی، وی ژ خوە فەدی دکر. ب سەرێ خوە دما و دبۆنژی، ئەنیا وی دقەرمچی. ئەڤ قەرمووچاک ئێدی شۆپ ڤەکربوو، لەوما ژ

هەڤالێن خوە مەزنتر دخویا. هەڤالان حەنەک پێ دکرن، ژێ رە دگۆتن «پیرۆ» مینا زەلامێن مەزن دپۆنژی و دئاخفی. قاما وی کورت بوو، وەکە هەڤالبەندێ خوە درێژە نەببوو. ل هەڤالێن بەژندرێژ دنێهێری و فەدی دکر.

تەنێ بوو، تم و دائیم ب سەرێ خوە دگەڕیا. دەما ب هەڤالێن خوە رە بوو، ژی، دیسا تەنێ بوو.

هاوردۆر مژ بوو، هاوردۆر دوومان...

چار ئالیی «باتمان»!

ل وێ باتمانا کو هەر رۆژ بوویەر لێ دقەومین، کۆمەلەیەک ئافیشان ل ستوونێن ئەلەکتریکێ خستبوو. وان ئافیشان بالا وی دکشاند، لێ بەلێ ژ وان فام نەدکر. ئۆلپەرەست ژی گەلەک بوون، پارتیەک ئیسلامی د وێ دەمێ دە پڕ خورت بوو.

چار کێلەک تاری..

ل هەر دەر کوشتن و نالین...

دبستانا کو ئەو تێ دە قەید کرن، جهێ زارۆکێن زەنگینان بوو. کەچ و کوڕێن مالدارێن ئێلهێ ل وێ دبستانێ دخوەندن. گاڤا ئەو چاڤ ب بسیکلێتێن وان دکەت، فەدی دکر. خوەندەڤانێن خوەدی پەرە چیقۆلات دخوارن، لێ وی؟.. و نانەکی تسی، تاسەک ئاڤا قەرسی...

جارنان د حەوشا دبستانێ دە ل قونجەکی روودنشت، کوڕێن زەنگینان ژ بووفەیا حەوشا دبستانی بسکوفریتان و قۆلایان دکڕین. وی ل وان دنهێری، دەست داڤێت بەریکا خوە، بەتتانێ بنی ڤاژی دکر و پشترە فەدی دکر. کەچ و لاو ب بسیکلێتان ل حەوشێ دگەڕیان، لێ ئەو؟

زاف ژ سواریا بسیکلێتان حەز دکر، جارنا هەڤالەکی وی بسیکلێت ددایێ. دگەل وی نزانیبوو باژۆتا ژی، ئەڤ یەک ل خوەشا وی دچوو. وی هیچ بیرڤە نەدکر؛ رۆژەکێ دیسا ل بسیکلێتا هەڤالێ خوە سوار ببوو، کەچەکە باڤزەنگین لنگ ئاڤێتبوو بەر وی. ئەڤ یەک زاف ل خوەشا وی چوو بوو.

ل مالا حەجی دما. لەوما مەجبوور بوو نمێژ بکرانا. برچی دما، پێخواس دما و نمێژ دکر. نمێژ و تاعەت..

سەرێ سبەهان، گەلەک جاران شۆربا هوورک چێدکرن. رۆژا کو د بەرۆشێ دە شۆر بە نیسک هەبوونا، ئەو رۆژ پڕ ب کێف دچوو دبستانێ. سەرێ سبەهێ ب بەربانگێ رە شیار دبوو و د سەقەما چلە دە بەرێ خوە ددا دبستانێ. ژبیهر نەدکر؛ د رۆژەکە چلێ هشک دە کو بەرف و قەشا ل عەردێ بوو، مرۆڤەک ل کێلەکا جادێ، ل عەردێ نڤیایی دیتبوو. گاڤا نێزیکایی پێ کر، سۆسرەتەک گران ب چاڤێ خوە دیت: جەسەدەک جەمدی کو دەڤێ وی ڤەکری و چاڤێ وی دبرقین. مرۆڤەکی پارسەک بوو، لاشێ وی پڕ لاواز کەتبوو، چەرمێ ملێن وی رەش بوو مینا حوبرێ لاشێ وی یێ بێڕۆح ئێدی هشک ببوو. گاڤا ئەو چاڤ ب دەڤێ ڤەکری کەت، زاف ترسیا. هەتا وێ رۆژێ مرن تەنێ د خایالا وی دە هەبوو، لێ نها جەسەدەکی پارسەک هەموو ژیانا وی خستبوو بن باندۆرا فەدییێ تاسکا پارسەک یا پەرا، هێژا ل جەم خوەدییێ خوە بوو. چوکەک پارسەک ل عەردێ یەک ل هەوا بوو، شاشکا سەرێ وی هێژا ل جه بوو. گەلۆ ئەو کی بوو، ژ مالا کی بوو؟ ئەشکەرە بوو کو ئەو ئەختیارێ شێست سالی بێکەس بوو، یێن ل دۆرا وی بیانی بوون.

گاڤا ل وی پارسەکێ شاشکزەر، ل تاسکا وی یا یەکالی کو دراڤێن هەسنی ژێ بەلاڤ بوو بوون نێهێری، بێخوە دیتی و بەلەنگازی هات بیرا وی و فەدی کر. «کەسەک ژ برچینا نەمرە!» ژ مرۆڤاهییێ، ژ ڤێ گۆتنا پێشییان ژی فەدی کر.

فراڤین نەدخوار، برچی دما، لەوما ل گۆرا نفشا خوە لاواز و قامکنک مابوو. سەرما و سەقەم دبارییا، بشەڤ دناڤا نڤینان دە ژی گەرم نەدبوو، ئارامی نەدکەت جانێ وی. برۆژ ل دبستانێ دوەستیا، لەوما شەڤا کو رازانا، هەیانی سبەهێ شیار نەدبوو. د وان شەڤێن خایس دە، فەرسەند نەددیت هەرە داشرێ ژی. سەرێ سبەهێ ب خوە دحەسیا کو چ ببینە! ناڤا دۆشەکێ شلە، بوویە شەت ئەو گاڤ بۆنا ب ڤێ یەکێ باش باوەر ببە، د تارییێ دە دەستێ خوە دپالاند. گەر دەستێ وی شل ببوونا، مینا ئاسیدێ ل جانێ وی بکن، میزێ چەرمێ جانێ وی دپەرتاند . ژ عەیب و فەدیان، بۆنا ئەو شلبوون نەگهێژە تەژکێ، ب دزیکا رادبوو و کنجێن بەر سەرێ خوە دخست ناڤا دۆشەک و تەژکێ. سبەهێ ژ بیهنا میزا کو ژ کنجێن وی دهات فەدی دکر. بیهنەکە تووژ کو کرکیریکا پۆزێ وی دهەرفاند.

خاتوونا مالێ سەرێ سبەهێ دهات بۆ نڤینان ژ عەردێ هلدە؛ گاڤا دەست داڤێت دۆشەکا وی، ئەو پڕ دترسیا. دگەل ترسا دلێ خوە دوعا ژی دکر: «یا رەببی بلا میز

نەگهیژە تەژکێ!» پشتی راکرنا دۆشەکێ گەر تەژک سوا بدیتانا، وی نەفەسەک ب ئارامی دستەند و شوکورێ خوەدێ دکر کو دوعایا وی پەرژاندییە لێ بەلێ گەر ئەو گاڤ عەرد شل بونا، مینا کو ناڤا وی بپەرتە، هناڤێن وی وەرن خوارێ، ئاڤەکە سار ژ سەرێ وی هەیانی پییان بشقتە، ئەول ولو سار دبوو، دوو رە زوخروکێن خوێدانێ د ئەنیا وی رە وەکە دۆبەرانان هلداڤێت. گوهێن وی سۆر دبوون، سەری دکوتا بەر خوە و شەرما مەزن هەموو بەدەنا وی دخست بن باندۆرا خوە. عەرد بقەلشیانا، ئەو دێ پێ دە بچوونا. سبەهێ تاشتێ نەدخوار، برچی خوە داڤێت دەر.

ژ چەند مەهان چارەکێ باڤی وی دهات مێڤانداریا حەجی. گاڤا جفات دگەریا و شەڤبێرک د کەملی، دۆرا ئاخفتنێ دهات سەر مژارا خوەندنا وی. ئەو گاڤ ترسەک د دلێ وی دە ڤەدژییا: «قالا دۆشەکشلکرنێ بکن، ئەز دێ چ خوەلییێ ل سەرێ خوە بکم؟» باڤێ وی جارنا دپرسی: «کورک چاوا یە، چ دخوە، چ ناخوە؟»

خانما مالێ ئان ژی کریڤێ حەجی دەست ب ئاخافتنێ دکر. «لاوک باشە. کریڤێ من حەوجەیە ئەم بێژن؟ ژخوە ئەم چ بخون ئەو ژی وی دخوە، ئەم چ ڤەخون ئەو ژی وی ڤەدخوە. هیچ برچی نامینە، مە ئۆدەیەک ژێ رە جهێ کربیە. لێ نشتەک هەیە.. مخابن قوسوورەک کورێ تە هەیە..»

گاڤا گۆتنا داوی دهات سەرزمێن، وی ببالکێشی ل دەڤێ خوەدیێ مالێ دنێهێری و دوعا دکر: «یارەببی! نەهێلە بەحسا وێ نەخوەشینی، وێ کێماسییا منا کامباخ بکن!»

باڤێ وی دگۆت:

«کریڤێ حەجی، بن زمانێ تە شلە!»

جەجی ئەو گاڤ بێژەیێ د دەڤێ خوە دە دمزمزاند:

«کورک لاوازە، پشتا وی قەلسە، بشەڤ شیار نابە و ناچە داشرێ...»

قەی هەڤۆکا داوی نەگۆتانا نەدبوو یا رەببی؟ خەنجەر ل نیڤێ کەزەبا وی دکەت، وەکە هەر جار لیچک د پۆزێ وی رە دزا. دچوو ل قونجکەکی دیوێر روودنشت و دەست ب گری دکر، لێ دەنگی گریا وی نەدچوو کەسەکی. لیچکا پۆزێ خوە ب دەڤملکێ ئیشلکێ خوە پاقژ دکر. سەدەما هەر تشتی ژی رۆژ ب رۆژ ئێدی فام دکر. سەرێ خوە بلند دکر، ب چاڤێن سۆر کو مینا ڤینجانێن خوینێ بوون ل دۆرا خوە دنێهێری، بەغروور دمەشیا، ل سەر رێیا دبستانێ مینا زمانێن پر کوور کوور دپۆنژی.

ئێدی ڤەدی نەدکر.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (شۆربە و فەدی خەلا و غەیدی) رووپەلێن (١٥-١٨) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل ستەنبۆل و ژ ئالییێ وەشانخانەیا (پێری) هاتیە چاپ و بەلاڤەکرن.**

**«رامان»**



# وژە بە ڕەنگی خۆشەویستی

**لمياء الآلوسی**
**لە عەرەبییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

هەمـوو ڕۆژێک لەو کـاتەی بە کـۆڵانە تەسکەکەدا تێـدەپەڕم، پەردەیەکی ڕەنگ شیـری هەمـیشـە دەبینم بەسـەر پەنجەرەی نهۆمی سەرەوەی ماڵێکی کۆندا دادراوەتەوە، وا دەکەم سەر هەڵنەبڕم، هەرچەندە خەیاڵم دیواری ژوورەکە و پەنجـەرەکـە دەسـمێ، وای بۆ دەچم دوو چاوی خەواڵوو چاودێریم دەکـەن، دەیانەوێ جـەسـتـەم بکێـڵن!، ئاواتی ئەوە دەخوازم چاوەکانی ئەوین ببینن و دوام بکەون، ئاواتەخوازم شوێن هەنگاوەکانم بکەوێ، کولان بەکـۆڵان، شەقام بە شەقام، بۆ کوێ بڕۆم شوێنم کەوێ.. بڕیاری داوە ببینێ.. هەر کاتێک بێ بەیەک شاد دەبین..

– دەتوانین پێکەوە بەختیار بین.

بڕیارێکی وام پێدا و هیوامان بۆی خواست.. بەڵام چۆن؟. پەنجەرەکە، پەردە هەمیشە دادراوە ڕەنگ شیرییەکەی، هەرچەند چرکـەیەکی پێ دەچێ تا لێی تێـدەپەڕم، خـامـۆش، بێ دەنگ، بێ جـووڵـە، بەڵام هەست دەکـەم لە هیچ پەنجەرەیەکی ئەم دنیایە ناچێ...

ئەم بەیانییە دەمـەوێ نهێنییـەکان، نهێنی ئەودیو پەنجـەرەکە ئاشکرا بکەم.. لە دەرگا دەدەم، مـاوەیەک چاوەڕێ دەکەم، دەزانم بە ئاگایە، دەمزانی دوای نوێژی سپێدە ئیتر ناخەوێت، لە چێشتـخانەکە دادەنیشت و چاوی لە دەرگای حەوشە دەبڕێ، زەنگی دەرگاکەی دەمێکە لە کارکەوتووە، لە کردنەوەی دەرگاکە دوا دەکەوێت دەست دەبەم و دەرگاکە دەکەمەوە، دەچمە ژوورەوە هەواڵی دەپرسم.

– هێشتا ماوم و نەمردووم.

ئاوا وەڵامم دەداتەوە.. لەوەتی تەنیا ماوەتەوە، هەمیشە هەواڵیم دەپرسی، بێ ئەوەی بچم و تەنیاییەکەی لێ شێلو بکەم، ئاگاداری ژیانی بووم، ئەویش بەمەی دەزانی و لە یەکمان ئاشکرا نەدەکرد.. تا ئەمڕۆ، خۆم نەگرت و چوومە

ژوورەوە.. هەرچەندە لەگەڵ تەنیاییدا ڕاهاتبوو، هەستم کرد حەز بە مانەوەم دەکات، ئەو ساڵانەی تەنیایی وای کردبوو هەمیشە لەگوێ گرتن بێزار نەبێ، پەشۆکاو، ترساو، بەگومانێکەوە بەرانبەرم ڕاوەستاوە، لە ژوورەوە، بۆنی، بۆنێکی پیاوانە ژوورەکەی پڕ کردووە، لەسەر تەپڵەیەک دوو فنجانی قاوەم بینی، بۆ یەکەم جار دەمی هەڵهێنا دەنگی لەرەیەکی سەیری تێدابوو.. باسی پیاوێکی بۆ دەکردم دیاربوو نەیدەویست لەبیری بکات.

«- قژی لوولی قەترانی، زەردەخەنەی ساوا ئاسای سەرلێوی، لە پیاوانی ئەم سەردەمە جیاواز، ساڵانێکە لێم ون بووە، ئێستاش دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، بۆ هەر قوژبنێکی ئەم ماڵە دەچم یادەوەرییەکی تێدا بەجێ هێشتووە، چ ڕێکەوتێک بە یەکمانی گەیاند، بە هەمان شێوە لێم دووردەکەوتەوە، ترسێک لەناخمدا سەری هەڵدا، گوێم لە دەنگی دەبوو زەمانێکی لە دڵ منیشدا زیندوو دەکردەوە، هەردووک تێکەڵاو دەبوون و لەبەرچاو دەسڕانەوە.. بە دەوری خۆمدا چاو دەگێڕم، لەناو ئەو بێ دەنگی بەیانییەدا بۆ شتێ دەگەڕام مێشکی منیش وەکو ئەم ماڵە بەتاڵ و تەنیا یادەوەرییەکان بوون بە یەکادەچوون، تێکەڵاو دەبوون.. لە کراسە شینە تۆخەکەیەوە، ئەو ڕۆژگارەی ئەم ژنەم دەبینی.. وا بۆنێکی سەر مەستکەر، هەر لەو بۆنە دەچوو کە یەکەم جار لووت و مێشکی پڕ کردم، گوڵە کاڵ بووەکانی کراسە شینەکەی دەستیان بە شنەشن کرد، ژوورەکەیان پڕ کرد، تا بۆنیان هەردووکمانی مەست کرد، بۆنەکە لە پێچوپەنای ساڵانی ڕابوردووەوە دەهات و ئازاری هەردووکمانی ئاسان دەکرد. لە پڕ منیش «ئەو» دەبینم، کچە جوانەکان شەڕی پێ دەفرۆشن و ئەو گوێیان پێ نادا،.. بە قسە نەرمەکانی گوڵ بارانم دەکات، هەر ئەوەندە نییە لەبەردەستیدا باڵ بگرمەوە، بە وشەکانی دەمڕێنێ و زیندووم دەکاتەوە.

هێشتا لەناو چێشتخانەکەدا ڕاوەستاوین. هەستێک لەناخمدا سەری هەڵدا، وەک مردبێتم و زیندوو بووبێتمەوە، هەستێکی نوێ، ڕووناک...

لەم کاتەدا، بەرەو دەرگای چێشتخانە ڕۆیی و منیش دوای کەوتم، گوێ لە ترپەی پێی دەگرم..

تۆ بڵێی ڕێگەم بدات ئەم جیهانە جادووگەرەیەم پێ ئاشنا بکات؟ هەموو شتێک ئەوە دەردەخات ساڵانێکە دەستی ئادەمی پێ نەکەوتووە.. خانوویەکی داڕووخاو، هەندێ شوێنی قەوزە گرتوویەتی، دڕکوداڵ ئەو ناوەی تەنیوە، هەندێ ڕووەک لە جێگاکەی خۆی زەرد هەڵگەڕاوە، بە قەد ڕێڕەوەکەدا چەند ستوونێک بە ڕیز بۆ میچەکە چوون، لەوێ پاساری هێلانەی چێ کردووە، لەناو ئەو بێ دەنگییەدا هەندێ جار شەقەی باڵ و زریوەی پاسارییە ترساوەکان دەژنەوی... بە پەیژەیەکدا سەرکەوت، ئەم لاو ئەولای شەقار شەقارە، دڵم کەوتە لێدان، لەسەرخۆ بەدوایدا پێم دادەنا، ئاوڕی لێ دامەوە و پەنجەی لەسەر لێوی دانا بێ دەنگ بم! نهۆمی سەرەوە، نیوە ڕووخاوە، چوار ڕێڕەو دەتباتە سەر بەلەکۆنەیەک، بەدار پەرژینێکی بۆ کراوە، لە هەندێ شوێندا دارەکان لێکترازاون، لە هەر لایەکیشەوە، سێ ژووری داخراوی لێیە.. وەک بڵێی لە پشت دەرگای ژوورەکانەوە گوێم لە زەڵەزەڵ دەبوو، گوێم هەڵخست، وەک گوێ بدەمە دەنگە دەنگی ڕاستەقینە.. دارتوویەکی گەورە لقوپۆپەکانی خەریک بوون خۆیان بە ڕێڕەوەکاندا دەکرد. سەرەڕای ڕووناکی ئەو بەیانییە، تاریکییەکی تەنکی شێداری بە ڕێڕەوەکان دابوو،.. ئەمە چی جیهانێکە..

- بەر لە سی ساڵ ئا لێرەدا، لە باوەشیدا دەتوامەوە.. ئافرەتەکە لەبەر خۆیەوە بە ئەسپایی وای گوت..

پێم گوت: دەترسم ئەم خانووەت بەسەردا بڕووخێ

پێکەنی: سەرەڕای هەموو شتێک، لێی مەترسێ، بەهێزە، دەتوانێ لە ئاست بێ هێزی مندا خۆی بگرێ..

*** لمیا الآلوسی:**

**- لە ساڵانی هەشتاکانەوە چیرۆک دەنووسێ.. لە زۆربەی ماڵپەڕە عەرەبییە ئەدەبییەکاندا چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە.**

**- تەنیا یەک کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی (الجدار) لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا چاپکردووە... ئەم چیرۆکەی بە (ئیمێل) بۆ ناردووم، لەسەر داوای خۆی کردم بە کوردی.**



# باران

غوڵامحوسێن ساعیدی
لەفارسییەوە: عەبدوڵلا سەعیدی
(بۆکان)

(١)

دیمەنی شانۆ بە تیشکێکی سپی ڕووناک دەبێت و هەتا ماوەی شانۆ بەرەو پێش دەچێت، کەم کەم و بە ئەسپایی تیشکێکی سوور بە شێوەیەکی هەست پێ نەکراو دیمەنی شانۆ دادەپۆشێ. بێ دەنگی وڵات دادەگرێ. سەعاتی گەورەی شار دوو جار زەنگ لێدەدا. بەهمەن دەچێتە سەر چرپاکە و پشت بە بینەران ڕاوەستاوە و لە سەعاتی زەنگداری شار ڕاماوە. حاجەتێکی بەدەستەوەیە کە ڕەنگی تێدایە. کاتێک زرەی زەنگە گەورەکە دوور دەکەوێتەوە، قامکی لە ڕەنگەکە هەڵدەکێشێ و چەند خەتێکی ڕەش لەسەر شووشەی سەعاتەکە دەکێشێتەوە. پاشان بە بەرەدەستی ڕەنگەکە دەشێوێنێ هەتا ڕووی سەعاتەکە لێڵ دەکاو میلەکانی دیار نەبن. بۆ ماوەیەکی کورت لێی ڕادەمێنێ. دەنگی بارینی باران دێت. لەسەر چرپاکە دێتە خوار و گوێ ڕادەگرێ و لەهەمان کاتدا چنگە ڕەنگاوییەکانی بەدیوارەکەوە دەنێ. وێنەی پەنجەیەکی ڕەش لەسەر دیوارەکە وەدیار دەکەوێ. وێنەی دووەم و سێیەمیش لەسەر دیوارەکە دەکێشێتەوە. بە کێشانەوەی هەموو پەنجەکان لە پەنای یەکتر وێنەی پەنجەیەکی ڕەشی گەورە وەدیار دەکەوێ. پاشە و پاش دەکشێتەوە و لە مێزی دەرمانەکان هەڵدەکەوێ. وەک کەسێک کە ماری حەفی دیتبێت دەست دەکا بەهەڵاتن. دەرکەکە هەتا نیوەی دەکاتەوە. دەنگی ڕێژنەی باران دێت و ژوورەکە پڕ دەکات. دەرکەکە دادەخا و پشت بە دیوارەکەوە دەنێ. لەناکاو چاوی بە جانتاکەی ژێر چرپاکە دەکەوێ. لێی خورد دەبێتەوە. پاشان لە حاڵێکدا کە بە گۆشەی چاو ئاگای لە تارمایی سەر پەنجەرەکەیە، دەچێت و جانتاکە لەژێر چرپاکە دەردەکێشێ. دەیکاتەوە. تەلەفۆنێکی پەککەوتە و چەکڵە دێنێتەدەر. هەرواکە ئاگای لە تارمایی سەر پەنجەرەکەیە

پاشە و پاش دەکشێتەوە و نیگای لەنێوان تارمایی سەرپەنجەرەکە و پەنجە ڕەشەکە دێت و دەچێ. بەهێواشی دەچێتە پەنا مێزەکە و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ. لەکاتێکدا کە تەلەفۆنەکەی لەباوەش دایە وا هەست دەکا کە لەسەر مێزەکە جێی خۆی کردۆتەوە، تەلەفۆنەکە دادەنێ و چاوەڕوان دەمێنێتەوە. گووشییەکە هەڵدەگرێ، ژمارەیەک دەگرێت و گوێی دەداتێ.

دیسانەکە ژمارەیەکی دیکە دەگرێت و گوێی دەداتێ. خەبەرێک نییە. وەردەسووڕێ و لەتارمایی سەر پەنجەرەکە ڕادەمێنێ و ژمارەیەک دەگرێ و گوێ هەڵدەخا.

**بەهمەن:** بێ دەنگ، بێ دەنگ، هەر وەک قەبرستان. [گووشییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و بۆ خۆی دەکشێتەوە] هیچ کارێک ناکرێ. دەبێ چاوەڕوان بم، چاوەڕوان دانیشم. [سەری لەنێوان هەردووک دەستیدا ڕادەگرێ.] دەمێنێتەوە.. دادەنیشم... سەبر دەکەم... [چاوەکانی دەقوچێنێ.] لە کەنگێوە هاتوومەتە دەرێ؟ چەندە گیان سەختی! بە خەیاڵم دەمکوت تەواو بووە... بەڵام.. نا.. ئەگەر پیرێژنەکە [چاوەکانی هەڵدێنێ و بەقەڵافەتێکی شێواوەوە] لە خەو هەستێت و بێت؟ [بیر دەکاتەوە] نا، ناتوانێ. ناتوانێ بێ. باران، ڕەشە باران... ناتوانێ. پیرێژنەکەش ناتوانێ. [بەدەنگێکی نەرم] ناتوانێ.. [دەنگی ڕێژنە باران دەبیسترێ.] ئەگەر ڕۆژێک باران نەبارێ؟ [لە ترسان چاوەکانی زەق دەبنەوە.].. ئەگەر [وەستان] بێنەوە دەستەم.. ئەو کات ئیدی.. [بەترس و خۆفەوە] باران! باران! باران! [چاوەکانی قوچاندووە و دووپاتەی دەکاتەوە] باران، باران... [دەنگی بەخوڕەمی باران زیاتر دەبێت.] کوڕە سەبرکە... [دەنگی باران هێواشتر دەبێت.] چ خەبەرە؟ ها؟ [چاوەکانی بەحاڵ هەڵێناوە. دەنگی چرکە چرکی سەعاتی شار نزیک دەبێتەوە و ژوورەکە پڕ دەکات. چاو لە سەعاتەکە دەبڕێ.] بێ دەنگ بە! بێ دەنگ! [دەنگە دەنگی سەعاتەکە تەواو دەبێت.] بێ دەنگ بە! پیرێژنیش بێ دەنگ بێ! هەمووتان بێ دەنگ بن! کەللە کەرانە! عەسرێکی پاییز... [وەستانێکی درێژ] پاییز خودا دایناوە بۆ خەوتن. [بەڕق و قین و قودرەتێکی بەدرۆ] دیسانەکە، بۆ، دەوێرێ هەستێ و بێ بۆ ئێرە؟ بۆ، بێ خەبەرە؟ بۆ، نازانێ؟... [ئارام] بۆ، مەگەر باران دەهێڵێ؟

**تارمایی سەر پەنجەرە:** [بە ئاوازێکی گاڵتەجارییەوە] باران؟ بارانی چی؟

**بەهمەن:** بێ دەنگ بە جانەوەر! [لەکاتێکدا کە بەترسەوە چاو لەتارماییەکە دەکات دەنەڕێنێ.] بێ دەنگ بە! ناتوانێ بێتە ئێرە...

نا، ناتوانێ، ناتوانێ من لێرە دەرکات. من بچمە کوێ؟ [چاوەکانی لێک دەنێ.] دەرێ، لەو بەر خۆرەتاوە. [وەستان] بچمە بەر ئەو خۆرەتاوە؟ بخولێمەوە؟ [کەلەبەرێک دەدا بە چاوەکانی. هێزە درۆیینەکەی نیشتۆتەوە.] دەزانی کە دەترسم؟ دەزانی کە نامەوێ... نامەوێ دیق بکەم، لە پێش چاوی هەمووان...

**تارمایی:** نامەوێ دیق بکەم، لەپێش چاوی هەمووان.

**بەهمەن:** [چاوەکانی دەقوچێنێ. فەرماندەرانە] باران!.. ڕەشە باران! [دەنگی باران] دەبێ هەمیشە باران ببارێ.. پێم خۆشە هەمیشە باران ببارێ و من لێرەدا بمێنمەوە و... پیرێژن نەتوانێ بێ. [پێدەکەنێ.] دەنگی باران لەسەر دارەکان.. لەسەر بەردەکان.. لەسەر سنگەکان دەبیستم. [دەنگی بەخوڕەمی باران]

**تارمایی:** دەنگی باران لەسەر سنگەکان، لەسەر بەردەکان، لەسەر کێلەکان. [بێ دەنگی]

**بەهمەن:** ئەو وەختە پێم خۆشە، لە خۆشییان بگریم، بەڵام مەگەر هەمووی چەندە دەخایەنێ؟ [دەنگی باران تەواو دەبێ] ڕەنگە زۆر کەمتریش. [وەستان] باران خۆش دەکاتەوە. دیسان پیرێژن، دیسان دکتۆر.. دیسان زۆری، دیسان حاشا.. دیسان.. دیسان نەسیحەت، دیسان درۆ. [وەستان] دیسان دەرمان.. دەرمان، دەواودەرمان.. [بەگۆشەی چاو، چاوێک بە مێزەکە و شووشەی دەرمانەکاندا دەگێڕێ]

دیسان دەرزێ. ئەلحان دێویکم دەوێ کە بتوانێ ئەوانە ورد و پرت کات. ئەو شووشانە. [بە ئیشارەی قامک لەسەر یەکێک لە شووشەکان] ئەوە!

هەوەڵ شووشە- کاردیبیازۆل.

بەهمەن- ئەوە!

دووەم شووشە- لارگاکتیل.

بەهمەن- یان ئەوە!

سێیەم شووشە- ئەنسۆلین.

بەهمەن– ئەوەی دی!.. ئەوەی دی! نۆیەمین! دەیەمین!

شووشەکان لوومیناڵ، لوومیناڵ، لوومیناڵ. [دەنگە دەنگی شووشەکان هێواش هێواش دوور دەبێتەوە و لەگەڵ دەنگی باران تێکەڵ دەبێت و هەردووکیان لەبەین دەچن.]

**بەهمەن:** [دەگەڕێتەوە بۆ لای پەنجەرەشەکە و بەدەنگی بەرز] ئەهای... کێ باوەڕ دەکات کە من زیندوو بم؟ هیچ کەس! هیچ کامتان نازانن. [بێ دەنگی] لوومیناڵ، لوومیناڵ، لوومیناڵ. [بێ دەنگی] سەعات... سەعات چەندە؟ [چاو لە سەعات دەکات.] چاکتر! [لە سەعاتەکە دەچێتە پێش و لێی خورد دەبێتەوە.] چەندە؟ چ وەختێکە؟ باران هەموو شتێکی داپۆشیوە. [یەک جار پێدەکەنێ و بەرانبەری تارماییەکە] باران ناهێڵێ. باران... ناهێڵێ بزانم سەعات چەندە. باران.. باران سەعاتەکەی.. باران سەعاتەکەی داپۆشیوە. [دەگەڕێتەوە نێوە ڕاستی ژوورەکە و بە شێوەیەکی قەڵس و تووڕەییەکی زۆر دەستەکانی بڵاو کردوونەتەوە و دەنەڕێنێ.] ئەهای مردووەکان! کەس نایەوێ قسەم لەگەڵ بکا؟

**تارمایی:** کەس نایەوێ قسەم لەگەڵ بکا!

**بەهمەن:** [بە تەلەفۆن] قسە بکەن. لەگەڵ ئێوەمە. هەمووتان قسە بکەن. هیچتان بۆ کوتن پێ نییە؟ [بە چاوی قوچاوەوە پێدەکەنێ] ئەمجار زۆر باشە. دەمزانی. ئەە... نا، نا. مەعلووم.. ئەرێ. حەتمەن ئێستا منداڵەکەی هەڵگرتووە و ڕۆیشتۆتە دەرێ. نا. ئەگەر مێردەکەی گووشییەکە هەڵبگرێ. لەسەر شەقام، لەژێر خۆری بێ تین و سارد. ئەها... خەبەری پیرێژنەکەی نییە. [لەکاتێکدا کە بە بێ ئیرادە لە ژوورەکەدا هەڵدەسووڕێ.] نیگەرانی بێ فایدەیە. ئێستا، [ڕادەوەستێ و بیر دەکاتەوە.] کەنگێ؟ [چاو لە سەعات دەکا.] جێی ماتڵ بوون نییە. پیرێژن لە گۆڕێدا نییە. دێوە سپییەکەش دەرزییەکەی لەژێر سەری ناوە، خەوتووە. ئەلحانیش یاڵڵا! دەبێ قسە بکەم. ئەرێ، ئەرێ. [بەجورئەت و متمانەیەکی تایبەت بەخۆی لەکن تەلەفۆنەکە ڕادەوەستێ. تەلەفۆنەکە زەنگ دەخوا.] دەزانم کێیە. دەتوانم سوێند بخۆم. [گووشییەکە هەڵدەگرێ.] ها؟ ئەمن؟ بۆ خۆمم! تۆ.. ئەتۆ کێی؟ من لێرەم. لە پەنا خۆم.. تۆ، تۆ لە کوێی؟.. بۆ خۆم؟ یانی [بە ترسەوە چاو لە تارماییەکەی سەر پەنجەرە دەکا.] نا، نا... ئیدی نەخۆش نیم. [وەستان] نەخێر. ئیدی چاک بوومەتەوە. [وەستان] نازانم. پێم دەڵێن. [وەستان] وا دەڵێن. [وەستان] بڕوابکەم؟... قەت قەت! [وەستان] ئیدی، کەس ڕێگەنادەم! [ماوەیەک گوێ ڕادەگرێ.] لەماڵێ. ئەرێ. لە ژوورەکەی خۆمدا. ئای... بەخودا ڕۆژگار دێت و دەڕوا... وابزانم... گریان؟... یانی چۆن؟.. باوەڕ مەکە. [پێدەکەنێ.] هەمووان.. [وەستانێکی درێژ.] نا... نا... ناتوانم.. لێم گەڕێ. [بە ترسەوە] من بۆ دەرێ.. ناتوانم... [وەستان] تۆ وادەڵێی، ئەوان وادەڵێن، هەموو وادەڵێن! بۆچی دەستبەردارم نابن؟ هەموو دەیانەوێ. [وەستان] ئەرێ. هەموو دەیانەوێ لێرە دەرم بکەن. [وەستان] کەس وابیر ناکاتەوە. [وەستان] ئەگەریش لەو بیرەدا نەبوون، ئەوە ئێستا هەن. دەرزیم لێ نادەن. تەواو بووە. [وەستان] تەواو. هەمیشە هەر وابووە. بۆ خۆم باش دەزانم. [وەستان. لەگەڵ خۆی] بەخودا ناکرێ بڕۆی. ناکرێ.

**تارمایی:** بۆ لەدەرێ حەڵوا دەبەخشنەوە؟

**بەهمەن:** مەبەستم ئەوەیە کە... کەس ناتوانێ. تۆ.. تۆ.. دایە... ئەتۆی؟... لەکوێوە قسە دەکەی... لە...؟ ها. ئەسڵەن دەنگت نەگۆڕاوە، ئەسڵەن.. ئاخر.. چەند ساڵە، زۆر لەمێژە کە تۆ مردووی.. ئەرێ. ڕەنگە زیاتریش بێ... بەڵام خودایە ئەم دەنگە.. [وەستان] دەڵێن زیرەی پیاو لەژێر گڵدا ناڕزێ.. زیرە! [وەستان] وایە دایە... نابێ هیچ کەس ئەم باسە بزانێ.. دەزانم. ئەرێ، ئەرێ... هەر ئەوەیە پیاوە پەرۆش دەکات. ها؟ من؟ باسی من مەکە.. بڵێم چی؟ ئای چت کوت.. بووکە شووشەیەک؟ نا. ناتوانم بێم.. سەر لەسەر پیاو داناگرن؟ .. چەند خۆشە! بەڵام من.. هێشتا بۆ من زووە [پێدەکەنێ، پێکەنینێک کە زیاتر لە گریان دەچێت.] ئاە، تاقەت.. دەستبەردارم نین.. [وەستان] مووسیبەت ئەوەیەکە دەستبەردارم نین. چاو لە ئێستا مەکە ئارامم، ڕاحەتم.. لەچاو ترووکانێکدا.. ئەرێ، هەموو شتێک تێک دەچێ! [وەستان] لە پیاوەتی زۆر بەدوور نییە. [وەستان] هیچ فەرق ناکات. جوامێری!.. ناهێڵن سەر لەبەر خۆم نێم.. ژان!.. بەهیچ زمانێک ناکوترێ کە دەرێ.. بەهیچ برغوویەک ناچێتە مێشکیانەوە.. چییان لێ بکەم؟.. هەموو، هەموویان. کاکم، ژنەکەی،

منداڵەکەی... [وەستان] نا ئیدی. زۆر کەم دێنە ژوورەکەم... لەکۆڵم بوونەوە [وەستان] ئەوانی تر... دکتۆر، پیرێژنەکە.

ئەرێ هەموو ڕۆژێ. ڕێک سەری سەعات سیلەی ڕوحمیان دەبزوێ.. بەشەر دۆستی! [وەستان] بەشەر دۆستی وایان لێ دەکات کە لە بیرم نەکەن. [پێکەنینێکی توند] خەڵکی هەمیشە پێیان خۆشە کەلاک ببینن. [دیسان پێدەکەنێ.] ئەرێ کەلاک!... لەوێ پڕ بوو. منیش یەکێیان بووم.. دەنگە دەنگ، قیامەت... گوێیەکانم زۆر بە تاقەت بوون.. [وەستان] وام بیرم نەدەکردەوە.. بۆ، بۆچی جیاوازییەکی چکۆلە. لانی کەم لە ژوورەکەی خۆم دام. [وەستان] ئەرێ. نەیانتوانی. بەخودا قەوەی ئەوەیان نەبوو.. ئەرێ.. لێرەیە. لەکن منە. ڕەنگ و گوڵەکانیشی. هیچ کاریگیان لەدەست نایە. تەنیا دەرۆن و دار هەڵداوێن کە.. بەڵێ، دەرمان و پەرەستار و.. ئەو پیرێژنە قوڵتڕە ترسێنەرە.. خراپتر.. لە هەمووان خراپتر، ئەم دکتۆرە کە دەیەوێ بەزۆری منداڵێکی گوێڕایەڵ لەپیاو دروست بکا.. سەری هەموو سەعاتێک لێرە قوت دەبێتەوە. هەر سەر هەڵدەخولێنێ. تەشەر لەپیاو دەدات و زۆری دەکات..

**دەنگی دکتۆر:** [پڕ بە شوێنەکە، بە دەنگێکی تایبەت بە تەلەفۆن.] وەرە با بچینە دەرێ کوڕی باش. ئەگەر بزانی لەدەرێ خۆرەتاو چەند گەرمە و ئاسمان چەند سامالە! مەترسێ، وەرە. وەرە لەگەڵ یەکتر.. چەند سامالە! مەترسێ، وەرە. وەرە لەگەڵ یەکتر...

**بەهمەن:** گوێت لێ بوو دایە؟ ئەها. بۆ خۆی چاک دەزانێ کە قەت ناچمە دەرێ. ئێستا دەچیت و پیرێژنەکە بانگ دەکات. [بە ئەسپایی گوێ هەڵدەخات.]

**دەنگی دکتۆر:** [بەدەنگێکی باریک و بەزڕەوە لەسەر دیمەنی شانۆ بڵاو دەکرێتەوە.] ئەوە پسیکاستێنییەکی ئاسایی نییە. ئەگەرچی بوونی ئاگورافوبیا ئاشکرایە. نەخۆش بوارێکی ئێسکیزوئیدی تێدا بەدی دەکرێ. لە ئەنسۆلینی بێ هۆشیش هیچ دەسکەوتێکمان دەست نەکەوت!

**دەنگی پیرێژن:** بەڵێ.

**دەنگی دکتۆر:** ئێستا چ دەرزییەکی لێ دەدەن؟

**دەنگی پیرێژن:** ئەنسۆلین، کاردیازۆڵ، لوومینالس.

[دەنگی پیرێژنە و بەهمەن تێکەڵ و باریک و بەزڕەوە.] لوومینال، لوومینال، لوومینال و... [دەنگەکە هێواش هێواش دوور دەبێتەوە و لەگەڵ دەنگی باران تێکەڵ دەبێت. بەهمەن گووشییەکە لە باوەش دەگرێت.]

**بەهمەن:** گوێت لێیە دایە؟ گوێت لێیە؟ چی بکەم؟.. چی بکەم؟ هەمیشە وایە، تەواوبوونی نییە. ئەرێ. خۆ هەر تەنیا ئەوان نین. هەموویان، هەموویانن، دەستیان ڕاداشتووە و خەریکن دێن بۆ لای من.. چیتان لەگیانی من دەوێ؟ بۆ بەرۆکم بەر نادەن؟ [بەنەڕەوە] چیتان دەوێ؟ [تەلەفۆنەکە لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ و لە باوەشی دەگرێ.] خەریکە هەموویان دێن. [چاوەکانی دەقوچێنێ.] فڕ و فێڵ... ساختەچییانە، کاتیان بەسەرچووە... [دەنگی چەند منداڵێک کە شێوەی دەنگی بەشەر نادەن، دەڵێی لەنێو گڵێنەیەک، گریان و پێکەنینی چەند گیانلەبەرێکی سەیریش تێکەڵ بەیەک دەبیسترێ.] ئەوانە ئیدی ئاسایین. فێڵەکانیان دەناسمەوە. دایە دەزانم. دەزانم.. دەزانم ئێستا هێواش هێواش خەریکە دێن بۆ لام. [تەلەفۆنەکەی هەڵگرتووە و بۆ لای سووچی ژوورەکە پاشەو پاش دەڕوا.] دێنە پێش، بەڵام ناوێرن بێنە ژوورێ. لەژێر پەنجەرەکە دەمێننەوە. ئێستا هەموویان لەوێن. بڕوانە. ئەها [قامکێک وەپەنجەرەکە دەکەوێ.] گوێت لێ بوو؟ دیتت؟ ئەوە یەکێک لەوان بوو. دووەمیان ئازاترە. [چەند کرتەپشت سەری یەک لە پەنجەرەکە دەکەوێ.] بەڵام دەزانن کە پەنجەرەکە ناکرێتەوە. ئەوە کاری هەموو ڕۆژێیانە. [سێبەری چەند پەنجەیەک لەسەر شووشەکان وەدیار دەکەوێ و پاش چەند چرکە لە چاوان ون دەبن.] سەریان وەبەرد کەوت. زانیان پەنجەرەکە ناکرێتەوە. خەیاڵ و پڵاو، جندۆکە و جادوو؟ [وەستان] تەلیسم؟ ئەها، نا. تازە فەرقیش ناکات. چ دەبێ بابێ، چی؟ دەروونی خۆم؟ هەر چی هەیە لە دەروونی خۆمدایە؟ لەنێو دڵم؟ لەمێشکمدا؟ لەمەبەستت تێدەگەم. [تەلەفۆن لە باوەشدا دێت و دەچێ.] نا.. هەموو ئی دەرەوەیە! [لە نەکاو ڕادەوەستێ و پێدەکەنێ.] مزگێنی چی؟ ئیدی ئازادم؟ دەتوانم نەچمە دەرێ؟ [وەستان] یانی [بەقیافەیەکی غەمبارەوە.] تۆ؟ [لە کاتێک تەلەفۆنەکەی لەباوەشدایە دەچێ بۆ لای چرپاکە و لەسەر سووچێکی چرپاکە دادەنیشێ.] کەواتە؟... نا. نا دایە. ئیدی تەواو بووە.

چی وای نەماوە. ماویەتی؟ ئاه، [هەڵدەستێ و لەکاتێکدا کە بێ ئیرادە لە ژوورەکەدا هەڵدەسوورێ نزیک بۆتەوە و لەپشت مێزەکە دادەنیشێ.] دەزانم گیانە! [بەتوندی پێدەکەنێ.] بەڵام ئەگەر... [وەستان] ئەگەر لە بەینیان نەبردبا.. بۆ خۆم نا.. من ئیدی ساعەتەکە نابینم. هەموو ئەو شتانەی کە.. [وەستان] باس کردنی بێ فایدەیە. بۆ خۆت چاکیان دەناسی. [چاوەکانی قوچاندووە و گوشییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و بێ ئیرادە، ئارام و لەسەرەخۆ] هەموویان. تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانی کە کێ تاوانبارە؟! بێ ئەوەی کە چاوەڕێی بێ... [وەستان] ئەرێ ڕێ خۆی وەپێش خۆی دا و ڕۆیشت. [وەستان] فکری لەوە نەکردەوە کە لەپاش ئەو من چم بەسەر دێ... ئەرێ.. بێ خەیاڵن.. خەڵک؟ [وەستان] بەڵام ئەوان بۆچی؟ وای زانی کە ئیدی تەواو بوو؟ من مامەوە. ئەو تەنیا نییە. زۆر کەس هەن کە ناتوانن باوەڕ بکەن کە ڕەنگە مردوویەک بتوانێ زیندوو بێتەوە. باوەڕ ناکەن. ئەویش هەر ئەو کارەی کرد. ڕێگەی خۆی گرتە بەر و بەو شتە گەیشت کە.. هەموو.. [بە چاوی قوچاوەوە پێدەکەنێ.] دەنا ڕەنگە چاوەڕێی ئەوە بووبێ کە من وەشوێنی کەوم، بەڵام.. نەیدەزانی کە من ناتوانم. [دەنگی باران] درۆ شتێک نییە کە نەتوانی باوەڕی پێ نەکەی. نەدەهاتە ئەم ژوورە؟ [وەستان] لێرە گۆرانییەکانی نەدەکوت؟ گوڵی بۆ من نەدەهێنا؟ لەبەر خاتری من کراسە زەردەکەی لەبەر نەدەکرد؟ [هەتا نیوە هەڵدەستێتە سەر پێ و بەچاوی نیوە کراوەوە.] گوڵی داودی گوڵی داودی؟ ئاه، ئەوانەت بۆ کێ هێناوە؟ بۆ من؟ چەند خۆشحاڵم. ئەمڕۆ چوویتە پۆل؟ زۆرچاکە. بەردەوام بەرەو سەر دەڕۆی؟ من کە ئەرخەیانم. [بەبێ دەنگی پێدەکەنێ و دەستی بەدەمییەوە دەگرێ.] ئاه، ئەوە زۆر چاکە. ڕووداوێکی خۆشە. تۆ حەتمەن دەبێ هەر ئاوا بی. ئێستاش دەمەوێ گۆرانیم بۆ بڵێی. [دووبارە دادەنیشێ و چاوەکانی دەقوچێنێ.] بیڵێ. دەی بیڵێ بێهجەت، [دەنگی گۆرانی لە دوور ڕا دەبیسترێ کە لەگەڵ دەنگی باران هێواش هێواش دوور دەبێتەوە.] بۆچی بێ دەنگ بووی؟ ئەو وەختەی [چاوەکانی هەڵدەهێنێ.] ژوورەکەم بەقەدەر باغێک گەورە بوو. هەموو شتێکی تێدا بوو. ئاووهەوایەکی خۆشی بوو. هەتاوێکی خۆش. وەرزێکی زۆر خۆش و بێ دەوامی بوو.. وەختایەک بردیانم، بە خەیاڵم ئەورۆ و سبەینێ دەگەڕێمەوە، بەڵام... [وەستان] کاتێک گەڕامەوە، گەڕامەوە. ئەویش بە چ وەزعێکەوە. گەڕامەوە ئێرە. گەڕامەوە و بە چ وەزعێکەوە. گەڕامەوە ئێرە. گەڕامەوە. [بەنەڕەوە.] باغ، وێران.. وێران وێران ببوو و لەنێو ئەو وێرانەیەشدا هیچ شتێک نەمابۆوە. باغەکە وێران ببوو. نەهەوا.. نە سێبەر.. نە باڵندە، نە گۆرانی.. دەی باشە، خەتای ئەو چ بوو کە نەیتوانی تامڵی بکات؟ دیاربوو. ئەوە من بووم کە بێ کەڵک بووم، بەڵام لە باغەکەدا شتێک هەبوو کە لە چاوی ئەوان شاراوەبوو. [چاو لە جانتایەکە دەبڕێ.] مروارییەکان، داودییەکان... [وەستان] وشک و ڕزیو، بەڵام، [دووبارە چاوەکانی دەقوچێنێ.] بەڵام مکافات! [پێدەکەنێ.] ئێستاش ناچارە هەموو ڕۆژێ منداڵە نەخۆش و ئیفلیجەکەی لەم شەقام بۆ ئەو شەقام، لەو کەنار بۆ ئەو کەنار و هەر شوێنێک کە پەلەیەکی لێیە، هەرجێیەک کە خۆرەتاوی لێیە. [بە دەنگێکی بەرزتر و بە پێکەنینەوە.] بەڵام سەلامەتی ناگەڕێتەوە. چاک نابێ. منداڵە ئیفلیجەکان چاک نابنەوە. گوێ ڕادێرن. منداڵی ئیفلیج! دەبێ هەر هەڵیسوورێنی. هەڵیسوورێنی، هەڵیسوورێنی، هەڵیسوورێنی... لێرە بۆ ئەوێ. لایە لایەی بۆ بڵێی. ڕۆڵە ڕووناکی گلێنەی چاوم، بەندی جەرگ و دڵ، هێزی هەناوم، بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم، سەد تاڵی و سوێریت لەسەر دەچێژم... [وەستان] نەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو، شەو و نیوەشەو لێ دەنێم شەواو، هەی لایە، ڕۆڵە لای لایە، ئەمشەو بەزەییت بەمندا نایە. [وەستان] دەردێکی گرانە! منداڵە سەقەتەکان. [دەنگی تەگەری ڕەوڕەوەی منداڵێک لەسەرسەنگ فەرشەکان و دەنگی پێڵاوی ژنێک کە لای لایە دەڵێ.] لایە لایە!... لایەلایەی لەخۆڕا، لایەلایەی بێ هوودە! [دەنگەکان دوور و تەواو دەبن.] ئەرێ. [دەستەکانی داداوەتە سەر مێزەکە و ڕوو لە تەلەفۆن.] چی؟ درۆیە؟ ئەم جار بڕوا بکەم؟ بێ چارە کێ؟ ئەو کچە بێچارە؟ بۆچی؟ لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خەم و خەفەتی خواردووە؟ [وەستان] لەبەر خاتری من ئازار و ژانی چێشتووە؟ ئەی بۆچی تەنانەت تاقە جارێک هەڵنەستاوە بێتو سەرێکم لێ بدات؟ من؟.. من بۆچی؟ [دەنگی باران] ئەمن نەمدەتوانی. [بەرقەوە] کێ کێ؟ کەواتە هەڵێم. یانی منداڵی نییە؟

یانی چی؟ مێردیشی نەکردووە؟ ئاخر من هەمیشە گوێم لە دەنگی ڕەوڕەوەی منداڵەکەیەتی!.. ئی دیکە؟ ڕەنگە زۆر کەس و دیکە بن؟ کە منداڵەکەیان سەقەت بێت؟ ڕەنگە تەنیا خەیاڵی دەنگ بێت؟.. ئێستا ئەوە گرێ پووچکەیەکی چاکە. لەم تاریکییەوە بۆ ئەو تاریکی.. [وەستان] ئەرێ. ئەرێ..[وەستان] من زۆر جار بیرم لێکردبۆوە. زۆر جار بە تەواوی بڕوام دەکرد. [وەستان] ئەم کابرایە ناهێڵێ. ئەوە. [بێ ئەوەی کە وەرسووڕێ، بەدەست تارماییەکەی سەر پەنجەرەکە نیشان دەدات.] بێ فایدەیە.. تەنیا من دەیناسم.. ناهێڵێ باوەڕ بکەم. هەر ئەوە.. هیچ کاتێک پێی خۆش نییە کە ئەو قسانە باوەڕ بکەم. [وەستانێکی درێژ و بەشێوەیەکی ماخوولیایی.] هەر ئێستا؟ کراسە زەردەکەی لەبەر کردووە؟ گوڵێ زەرد؟ کەوشی سوور؟ دەیەوێ بێ بۆ ئێرە؟ بێ چی بکا؟ [وەستان. سەری ڕادەوەشێنێ.] گۆرانی! گۆرانی بڵێ؟ گۆرانی... گۆرانی، گۆرانی... [بەچاوی زەقەوە لە شوێنێک ڕادەمێنێ.]

**تارمایی:** ئێستا درۆیەکی گەورە دێتە لات. نابێ بڕوای پێ بکەی. ئاگات لەخۆت بێ.

**بەهمەن:** [هەردووک گوێی دەگرێت و دەیەوێ گوێی لە دەنگی تارماییەکە نەبێت.] چی، چی؟ گەیشتۆتێ؟ خەریکە لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوێ؟ دەنگی کەوشەکانی؟ گوێم لێیە! [دەنگی کەوشی ژنانە و کۆخینی ژنێک.] ئەرێ، ئەرێ، گوێم لێیە. باوەڕ دەکەم [بەزاری داچەقاوەوە و چاوی زەقەوە دەرگاکە بۆ لای خۆی وەردەسووڕێنێ. دەرکەکە هێواش، هێواش دەکرێتەوە. بەهمەن هەڵدەستێ و بەشێوەی کەسێک کەمۆتەیەک دێتە ژوورەکەی. چەند هەنگاو پاشە و پاش دەکشێتەوە. بێهجەت بە باوەشێک لە گوڵی داودی و بە پێکەنینەوە وەدیار دەکەوێ و لەبەردەم دەرکەکە ڕادەوەستێ.]

**(٢)**

دیمەنی شانۆ تەنیا ڕووناکییەکی سوور ڕووناک کراوە.

**بەهمەن:** [چەند ساتێک بە حەپەساوی ڕاوەستاوە، پاشان لەکاتێکدا کە بەبزەیەک ڕەنگی دەموچاوی دەکرێتەوە، هێواش هێواش دێتەپێشێ.] تۆ! [وەستان] ئەتۆی؟ [وەستان] هاتی؟.. هاتووی کەچی؟ [وەستانێکی درێژ] ئەو گوڵانە.. ئەو گوڵەزەردانە.. بۆچی هاتی؟ منداڵەکەت چی لێکرد؟ لەو شەقامانە بەڕەڵات کرد؟ [وەستان] هەر کەس ناساغ بێت. [وەستان] تۆ بەجێی دەهێڵی و دەڕۆی؟ جوابم بدەوە.

**بێهجەت:** [بەشیرنە بزەیەک دێتە نێوەڕاستی ژوورەکە و بەدەنگێکی هێمنانە و لەسەرەخۆوە] منداڵ؟.. کامە منداڵ؟

**بەهمەن:** منداڵەکەت. منداڵە سەقەت و نەخۆشەکەت.

**بێهجەت:** [پێدەکەنێ] من؟.. منداڵی من؟ ئەهـ، [چاو لە داروديواری ژوورەکە دەکات.] خودایە گیان، منداڵی من؟ [دووبارە پێدەکەنێ.]

**بەهمەن:** [دێتە پێشتر] ئەرێ، بۆ پێدەکەنی؟ [چاو لەچاوی بێهجەت دەبڕێ.] پێم بڵێ چت لەمنداڵەکە کرد؟

**بێهجەت:** منداڵ؟... منداڵی من... تۆ منداڵی منی.. تۆ تەنیا منداڵی منی.

**بەهمەن:** [بژاردە، بژاردە و بە هێواشی] منداڵەکەت.. ئەو منداڵە نەخۆشەت بۆچی بەجێ هێشت؟ [وەستان] ئەو گوڵانە، ئەو گوڵە تازانە..

**بێهجەت:** ئەوانی دیکە، ئەو گوڵانەی دیکە...

**بەهمەن:** پێم خۆش نییە باسی ئەوانی دیکە بکەی.

**بێهجەت:** [کتو پڕ پێدەکەنێ.] ئەوانەی کە... یانی [لەبەر پێکەنین شین و ڕەش دەبێتەوە.] ها؟ خودایە.. [چەپکە گوڵەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ.]

**بەهمەن:** پاش ئەو ماوە دوور و درێژە، پاش ئەو ڕۆژگارە دوور و درێژە، وەختایەک هاتی، هەر بەوانەوە، هەر بەو زەردانەوە... ئاهـ... چ گیان سەختم بێهجەت!

**بێهجەت:** سەگ گیانی، ڕۆڵە گیان. سەگ گیان!

**بەهمەن:** [بەدەنگێکی بەرز، بەشێوەیەک کە کچەکە گوێی لە دەنگی تارماییەکە نەبێت.] ئەهـ.. بڵێ بزانم، ئێستاش ژوورەکەی منت پێ خۆشە؟ چاو پەنجەرەکەم چی لێ کردووە. شین و سوور، شین و سوور. ئەو دیوارانە، چاو ئەو دیوارانە. حەتمەن چاوت لێیانە [پێدەکەنێ] ئەو دیوارانە بۆ من زۆر بەکەڵکن. هەمیشە بە ئەو ڕەنگە ئەو کارەم دەکرد. بۆ خۆت دەزانی. تەنانەت وەختایەک کە گەڕامەوە.. ئاهـ... چ باسە... [چاو لە دەموچاوی کچەکە دەکات.]

**بێهجەت:** بۆ وام چاو لێ دەکەی؟ دەتوانی ئارامتر و ئاسوودەتر چاوم لێ بکەی. [بەتوندی پێدەکەنێ.]

**بەهمەن:** وابزانم ژوورەکەمت پێ خۆشە. هەر ئەو ژوورەی جارانە. ژوورەکەی خۆمان. هەر بەو پەنجەرانەوە، بەڵام تەنیا ئەو دیوارانە...

**بێهجەت:** دەتوانی کەمێک بەتاقەتتر و هێواشتر... [قسەکەی دەبڕێ و چاو لەو دەکات.]

**بەهمەن:** بەڵام [بەداخ و پەشیمانییەوە] ئەگەر گوێت لێ دەبوو. ئەگەر دەتزانی.

**بێهجەت:** [لەنێو ژوورەکەدا دەست دەکا بە گەڕان. لەکاتی پیاسە کردندا، بێ ئەوەی کە لە شتێک خورد بێتەوە، یان بەدوای شتێکدا بگەڕێ.] گوێم لێیە بەهمەن. دەزانم. هەموو شتێک دەزانم، بەڵام ئەو دیوارانەت چاک ڕەش کردوون. لەبەر خاتری کێ ڕەشت کردوون؟

**بەهمەن:** دەمزانی کە دەتویست ئەوە بپرسی. دەزانی کە ئەو... [دەیەوێ کە تارمایی سەر پەنجەرەکەی نیشان بدات و لە نەکاو پەشیمان دەبێتەوە.] ئەرێ دەزانی کە ئیدی ساعەتەکە کار ناکات؟

**بێهجەت:** بەڵام من [گوێ ڕادەگرێ.] گوێم لە دەنگیەتی.

**بەهمەن:** ئەرێ، ئەرێ. دەزانم کە گوێت لێیە.. بەڵام ئێستا چاک بووە. شتێکی کەشت پێ بڵێم. [وەک کەسێک کە بیەوێ ڕازێک بدرکێنێ.] تۆ بڵێی میلی ساعەتەکە بۆ دواوە هەڵنەسووڕێن؟ [بەسەرنجێکی سەیرەوە کە لە چاوەکانییەوە دیارە گوێ دەسپێرێ.]

**بێهجەت:** میلەکان؟.. پاشەوپاش؟... ئەرێ، بۆچی. ڕەنگە.

**تارمایی:** میلەکان...

**بەهمەن:** [لەکاتێکدا کە دەیەوێ دەنگی تارماییەکە نەبیسترێ.] ئاه، بێهجەت. من لەمێژ بوو ئەو بیرەم کردبۆوە، بەڵام دەترسام. لە هەموو کەسێک دەترسام. دەمکوت کە لەکوێ ڕا بزانم کە خەڵکی دیکەش نەیانزانیبێت؟ بۆ وێنە ئەگەر پوورم زانیبێتی و بەتۆ بڵێ. ئاخر من لەمێژە کە ناتوانم خاترجەم بم. بۆ هیچ شتێک خاترجەم نیم. ڕەنگە بشزانم کە هەمووان لەسەر ئەوە، لەگەڵ من نێوانێکی وایان نییە، بەڵام.. ئاه.. [بیرمەندانە] دەڵێی شتێک دەبینمەوە. ئەرێ، ئەرێ. میلەکان، پاشە و پاش دەڕۆن. گوێ بگرە. گوێت لێیە ها؟ [دەنگی چرکەچرکی ساعەتەکە زیاد دەکات.] من خاترجەمم و ئێستا دەیبینمەوە. [بەتاسە و زێدەوەسفی قسە دەکات.] ئەگەر وانەبوو.. [وەستان] ئەرێ. خۆ لەگەڵ دایکم قسەم کرد. ئەتۆش کە هاتی. گوێ بگرە، گوێ بگرە. گوێت لێیە کەمیلەکان پاشە و پاش دەڕۆن؟ [بەقامک ئاماژە بۆ لای ساعەتەکە دەکات.]

**بێهجەت:** ئەرێ، میلەکان پاشە و پاش دەڕۆن. من دەنگیان دەبیستم. [دەنگی چرکەچرکی توندی ساعەتەکە.]

**بەهمەن:** [بەزەوقەوە] خۆ تۆ ناترسی؟ ها؟ من خاترجەمم کە ناترسی.

**بێهجەت:** ئەرێ، ناترسم.

**بەهمەن:** ئاه، چاوت لێیە کە چەند بەتوندی بۆ دواوە دەڕۆین؟

**بێهجەت:** ئەرێ، زۆر توند دەڕۆین.

**بەهمەن:** ئێستا دەتوانین وەک ڕابردوو بین. وەک ئەو وەختی؟

**بێهجەت:** ئەرێ دەتوانین. وەک جاران بین.

**بەهمەن:** کەواتە وەرە ئێرە. وەرە ئێرە دانیشە. [دەچێ بۆ لای چرپاکە.] ئاه، نا، نا. شوێنێکی کە. دەنا پێت چۆنە هەر ئاوا بە پێوە. ها؟

**بێهجەت:** ئەرێ، ئاوا خۆشترە.

**بەهمەن:** بێهجەت، بڵێی دەرەوە چۆڵ بێت؟ بەڵام من پێم وانییە.

**بێهجەت:** وایە. دەرێ قەت چۆڵ نییە.

**بەهمەن:** هەر لەبەر ئەوەشە کە ناچینە دەرێ، بەڵام ڕاوەستان، لەیەک جێ مانەوە چ کەڵکێکی هەیە؟ بڕۆ با بڕۆین. بڕۆین.

**بێهجەت:** بڕۆین؟

**بەهمەن:** ئەرێ. با بگەڕێینەوە. هەر لێرە. لەم ژوورەدا. وەبیرت دێ؟ ئەو وەختانەت وەبیر دێ کە وەختایەک ئێرە باغێکی گەورە بوو؟ [قۆڵی بێهجەت دەگرێ.] و هەموو شتێکی بوو. هەوا، خۆرەتاو و چ ڕۆژگارێکمان هەبوو. [بە پیاسەوە لە ژوورەکەدا دەگەڕێن.] بەڵام ئەلحانیش خراپ نییە. شەقامەکانی، دارەکانی، خەڵکەکانی... دەنا وانییە؟

**بێهجەت:** وایە.

**بەهمەن:** بەخوا هەوایەکی خۆشی هەیە. تاو و بانێکی خۆشە.

**بێهجەت:** ئەرێ وایە بەهمەن. چ تاوێکی ڕوون و خۆشە.

**بەهمەن:** چەند خۆشە. چەند دڵگرە. ئێستا قسە بکە. هەر چی پێت خۆشە بیڵێ.

**بێهجەت:** ئەرێ.

بەهمەن: دەڵێی تاقەتی ئەوەت نییە، بەڵام ئاوا مڕومۆچ بێ، بێ کەڵکە. حەقت بەدەستە بێهجەت، بەڵام تۆ لە ڕازێکی گەورە بێ خەبەری. تۆ نازانی چ شتێکە.

لەو کاتەوە کە من... مەبەستم خۆمە، لەوێ هاتمە دەرێ.. وام هەست دەکرد کە بەختەوەرم. بەختەوەر.

**بێهجەت:** ئەرێ بەختەوەرین.

**بەهمەن:** بەڵام ئەو بەختەوەرییە هەمووی لەسەر دەموچاوم، لەدەوری لێوم کۆببۆوە. هەمووی لەسەر ئێرە. [لە قامکی خەتێک لەدەوری لێوی دەکێشێتەوە.] هەمووی لەسەر ئێرە. تەنیا دەمتوانی قسە بکەم، بەڕەڵابم. نەمدەتوانی کارێکی دیکە بکەم. ئەو ماوەیەی دیکەشی بە تاڵ بووم. بەتاڵ، بەتاڵ. [وەستانێکی درێژ]

**بێهجەت:** [لەسەرەخۆ] بەتاڵم، بەتاڵ. [دەنگی چرکەچرکی ساعەتەکە وەخۆیان دەهێنێتەوە.]

**بەهمەن:** ئاه، دەمەویست کە باسی ئەوە بکەم، وەختایەک کە لەوێ هاتمە دەرێ شتێکی سەیرم بینی. شتێکی ترسێنەر. شتێک بوو. چۆن بڵێم کە تێبگەی. شتێکی قاڵکراو بوو. شتێکی سوورەوە بوو و لیقن و کەژی بوو. [لە ڕاوەستان دەکەوێ و بەهمەن بەچاوی کراوەوە لە بێهجەت خورد دەبێتەوە.] نازانی کە چەندە پڕ مەترسی و وەحشی و زاڵم بوو. بە وێنەی دووکەڵ و ئاو، [بەدەست دەیەوێ شکڵەکەی نمایش بدات.] وەک هەورە و هەر کاتێک کە دەمەوێ بچمە دەرێ و هەر کاتێک کە دەیانەوێ بمبەنە دەرێ؛ [چاوەکانی دەقوچێنێ.] ئاه، باران.. باران... باران... [هەروا ڕادەوەستێ. بێهجەت وردە وردە دوور دەبێتەوە و دەچێتە پەنا مێزەکە. دەنگی بارانێک کە هێواش هێواش دوور دەبێتەوە و تەواو دەبێت.] ئەو کاتەیە کە من هێزی هیچ کارێکم نییە. هەموو شتێکم لێ دوور دەبێتەوە و من بە تەنیا دەمێنمەوە. قاچەکانم لە عەرز دادەبڕێ. وەحەوا دەکەوم. تەنیا و هەڵواسراو... [وەستان] ئێستا بێهجەت، دەتوانی دەستم بگرێ؟ [دەستی درێژ دەکات.] ئێستاش گۆرانییەکم بۆ بڵێ. کۆپلەیەکی چکۆلەو جوان. [چاوەکانی هەڵدەهێنێ.] ئێ، بۆ چوویتە ئەوێ؟ ڕەنگە نەتەوێ بیلێی؟ نەکا... [وەستان. بەشک و دڕدۆنگییەوە.] پەشیمانی؟ نەکا دیسان میلەکان، وەک دوو ئەسپی وەحشی و ڕەوی و بەرەو پێش لە غاردان دان؟

**بێهجەت:** من ئیدی ناتوانم گۆرانی بڵێم. ناتوانم. [دەنگی توندی چرکەچرکی ساعەت.]

**بەهمەن:** ئاوا قسەم لەگەڵ مەکە. خۆ لێم نەبان نی؟ نەکا بتەوێ بڕۆی؟

**بێهجەت:** ئەرێ. من ئیدی دەمەوێ بڕۆم. من ئیدی دەبێ بڕۆم. درەنگە. زۆر درەنگە.

**بەهمەن:** بۆ کوێ. کوێ درەنگە؟ [دەچێتە پێشتر.]

**بێهجەت:** ئەرێ درەنگە. زۆر درەنگیشە.

**بەهمەن:** خۆ تۆ هیچ کارێکت نییە. وانییە؟ تاقەتت بەسەر چووە؟

**بێهجەت:** ئەه، لێم گەڕێ. وەڕەز بووم. دەبێ بڕۆم. نازانم کە... ئێستا نازانم کەچی بەسەر منداڵەکەم هاتووە. خودایە ئەو دڵەکوتەیە چییە. نەکا بەڵایەکی بەسەر هاتبێ؟

**بەهمەن:** منداڵ؟ کامە منداڵ؟ خۆ من دەمزانی، بەڵام بۆ درۆت دەکرد؟

**بێهجەت:** نا، نا. من دەبێ بڕۆم. ڕەنگە ئێستا بگری. گوێم لە دەنگیەتی. ئەرێ، منداڵەکەم ئێستا دەگری.

**بەهمەن:** ئاه، نابێ بڕۆی. بۆ خۆت دەزانی کە ناکرێ و نابێ بڕۆی.

**بێهجەت:** نا، نا.

**بەهمەن:** منداڵی تۆ؟ ناهێڵم بڕۆی. من منداڵی تۆم. من منداڵە ئیفلیجەکەی تۆم. دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟ لەپاش ئەو چەند ساڵە، لەپاش ئەو هەموو چاوەڕوانییە.. [دەنگی چرکەچرکی ساعەتەکە بەرز دەبێتەوە. بەهمەن دەیەوێ گوێیەکانی بگرێ.]

**بێهجەت:** [گوڵەکان لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ.] نا... من ناتوانم... بێ دەنگ دەبم... بێ دەنگ.

**بەهمەن:** من پێت دەڵێم ئەو کارە مەکە. [لێی نزیک دەبێتەوە.]

**بێهجەت:** من دەڵێم لاچوو، لەسەر ڕێم لاچوو.

**بەهمەن:** مەڕۆ. [بەحاڵەتێکی پاڕانەوە و عاجزییەوە.] تکات لێدەکەم مەڕۆ. دەبینی کە... وەرە... وەرە لێرە

دابنیشە و خۆت شێت مەکە.

**بێهجەت:** ئەمن دەمرم. منداڵەکەم... [وەستان] ئەڕێ... نەکا بەڵایەکی بەسەر هاتبێ.

**بەهمەن:** ئەهای، مەڕۆ. دەڵێم مەڕۆ. خەریکە باران دەبارێ. دەزانم. تەواوی گیانت تەڕ دەبێت. مەڕۆ...

**بێهجەت:** نا... باران تەڕم ناکات. باران.. باران تەڕم ناکات.

**بەهمەن:** بۆ باوەڕ ناکەی؟

**بێهجەت:** [لەگەڵ خۆی] منداڵە بەدبەختەکەم لەسەر شەقام... دایکت کوێر بێ. چاوەزار کاری لێ نەکردبێ؟ [دەرکەکە دەکاتەوە.]

**بەهمەن:** چاو بێهجەت. چاوەکە. مەڕۆ، مەڕۆ. خەریکە باران دەباسرێ. [بێهجەت لەکاتێکدا کە گوڵەکانی لە باوەش دان، بە پەلە لە دەرکەکە دەچێتەدەر و دەرکەکە پێوەدەدا. بەهمەن یەک بەخۆی هەرا دەکا] مەڕۆ، مەڕۆ. خەریکە باران دەبارێ. باران. باران. [لەپڕ و نەکاوێک دادەکاتە بارانێک وەک گۆزەی سەرەو ژوور. دەنگی باران دێت کە لە شووشەی پەنجەرەکە دەدات. بەهمەن لەکاتێکدا کە بەپێکەنین دەمی کراوەتەوە، دەچێتە بن دەرگاکە و خۆی دەشارێتەوە.] ئێستا، ئێستا تەڕ تەڕ دەبی و دێیەوە ژوورێ. دێیەوە ژوورێ و دەکەویە باوەشم. هەروەک چۆلەکەیەک، دەموچاوە تەڕەکەت، لێوە تەڕەکانت، جەستە تەڕەکەت، پەنجە و گوڵە تەڕەکانت... بۆ هەتا هەتایە.. بۆ هەتا هەتایە.. [دەرکەکە بەتوند و تیژی دەکرێتەوە. بەهمەن باوەش بۆ بێهجەت دەکاتەوە.]

(٣)

دیمەنی شانۆ لەناکاو بە ڕووناکی و تیشکێکی سپی ڕووناک دەبێت. دەنگی باران تەواو دەبێت. پیرێژنی پەرەستار بە سوورەنگ (سرنج) و دەرزییەوە دێتە ژوورێ.

بەهمەن باوەشی ئاواڵە دەکات هەتا لە باوەشی بکات. بەڵام بەدیتنی قەڵافەتی وشک و بەهەیبەتی پیرێژنە و دەرزییەکەی، دەست و لاقی بێ هێز دەبێت و لەترسان وشک دەبێت. بەهێواشی و بێ ئەوەی کە قسەیەک بکات، تێک شکاو و دۆڕاو، بەچاوی زەق و زاری داپچڕاوەوە، پاشەو پاش دەکشێتەوە بۆ دواوە. پاشە و پاش دەڕواو دەکەوێتە سەر چرپاکە. پیرێژنی پەرەستار دێتە نێوەڕاستی ژوورەکە و دەرزییەکە لە شووشەی سوورەنگەکە هەڵدەکێشێ. زۆر بە وردی و بە کاوەخۆ لایەنی زیادی دەرمانەکە دەڕێژێ. دەچێت بۆ لای چرپاکە، باسکی بەهمەن هەڵدەکات و بەهێواشی دەرزییەکەی لێدەدات. دەنگی ساعەتەکە، ئارام و یەک دەست دەبیسترێ.

پیرێژنەکە دەیەوێ لە ژوورەکە بڕواتە دەرێ کە لەناکاو چاوی بە تەلەفۆنەکە دەکەوێ و بەهێواشی دەچێتە پێشتر و چاوی پێدا دەگێڕێ. ژمارەیەک دەگرێت و گوێ ڕادەگرێ. بەسەر سوڕمانەوە چاو بە دەوروبەری ژوورەکەدا دەگێڕێ. لەکاتێکدا چاوی بە جانتا سەر ئاواڵەکە دەکەوێ، بەزاری داپچڕاو و چاوە ئەبڵەقەکانی لەگوڵە وشکەکان ڕادەمێنێ.

### غوڵامحوسێن ساعیدی
### (١٣١٤- ١٣٦٤)- (١٩٣٥- ١٩٨٥ز)

غوڵامحوسێن ساعیدی (گەوهەر مراد)، لە ساڵی ١٣١٤ (١٩٣٥ز)ی لە شاری تەورێز لە دایک بووە، باوکی کارمەندێکی سادەی دەوڵەت بوو. خوێندنی سەرەتایی هەر لە شوێنی لەدایک بوونی تەواو دەکات و پاشان دەچێ بۆ تاران بۆ زانکۆی پزیشکی و لەخولی پزیشکی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ڕەوانی و دەروونی بەشداری دەکات و خوێندن لەو زانکۆیە تەواو دەکات.

ساعیدی کاری نووسەری لەچاو کاروباری پزیشکی لەسەرتر دەزانێ و زۆربەی کاتەکانی خۆی سەرفی چیرۆک نووسین دەکات؛ هەر بەم هۆیەوە لەو ماوە کەمەی ژیانیدا گەلێ بەرهەمی وەک، ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شانۆنامە، فیلمنامە (سناریۆ)، تاک نووسی (مۆنۆگرافی) هێنایە خوڵقاندن و ئافراندن. لە چیرۆکنووسیدا هێندێک تایبەتمەندی هەبوو کە ئەوی لە نووسەرەکانی دیکە جیا دەکردەوە. ساعیدی لە شرۆڤەکردنی کۆمەڵگای شارستانی و گوندنشینی لە ئێراندا و هەڵسوکەوتی خەڵکی شار و گوند، هێندە بەسەرنج و وردبینە کە ڕیالیزمی گەورەی بەلزاکمان وەبیر دینێتەوە. ئەگەر بڵێین بۆ ناسین و توێژینەوەی کۆمەڵگای شار و گوندی ئێران و ئاشنا بوون بە بیروباوەڕ و سوننەتەکانی خەڵکی شارودێهات، بچن و بەرهەمەکانی غوڵامحوسێن

ساعیدی بخوێننەوە و وەک سەرچاوەیەک چاویان لێبکەن قسەیەکی بێ مانا و لارێمان نەکردووە.

ساعیدی، وەک نیگارکێشێکی دەستەوەستان ژیانی خەڵکانێک کە لەگەڵ نەداری و هەژاری و نەدامەتی و تاریکایی و بێ دەرەتانیدا دەستەو یەخەن، نیشان دەدات؛ لەسەر ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ناسینی دەروونی مرۆڤەکاندا هەیەتی، خاڵە وردەکانی ڕوحی و ئەخلاقی، قارەمانی چیرۆکەکانی بەقەڵەمێکی بەتوانا، ڕاشکاوانە دێنێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەحەوسەڵە و سەرنجێکی تایبەت، توێژینەوە لەسەر عادەت و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و هەوەس و ویست و مەیل و تایبەتمەندییەکانی دەروونی ئەوان و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەوان ژیانی تێدا بەسەر دەبەن، دەکات و دایاندەڕێژێ.

لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا لەواقیعگەرایی و ڕیالیزمەوە، ڕوو دەکاتە سوریالیزم و هەر بۆیە کە لە چیرۆکی «مانگا»دا «مەسخ»ی کافکا، وەبیر خوێنەر دێنێتەوە. لە چیرۆکی «مانگا»دا ڕاکێشان و لێک گرێدراوییەکی تایبەت دەبینین کە خوێنەر بە تێپەڕ بوون لە ڕیالیزمەوە بەرەو سوریالیزم تووشی سەرسوڕمان و شڵەژان نابێت و گرێیەک ناخاتە نێو ڕەوتی چیرۆکەکەوە. ئەو لە دەرد و مەینەتییەکانی سەردەم دەدوێ، لە نیگەرانییەکان، ترس و بێ مرادییەکان، سەر لێ شێواوییەکان، هیواکان و ناهومێدییەکانی خەڵک بەشێوەیەکی واقیع و ڕیال ئاگادارە و دڵەکوتە و کەش و تووشی ژیانی ئەمرۆکە، لە چیرۆکەکانیدا بەباشی هەست پێدەکرێ.

نووسەری کتێبی «نووسەرانی پێشەنگی ئێران» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چیرۆکەکانی ساعیدی، لە بنەڕەتدا بەسەر سێ ڕەوتی بنەڕەتی تێدەپەڕن: «هەوەڵ بەندەرەکانی باشوور، وڵاتێکی شۆرەکات و نەدار و هەژار لەگەڵ ناساغی و نەخۆشی ناوچەیی و خورافات و قۆڕیاتەکان. دووەم، دێهاتەکانی ئازەربایجان، پێک هەڵپڕژان و تێک هەڵچوونی بنەو دوو دەستەییە چکۆڵەکانی ناو دێهات، تاکەچکۆلە و داماوەکانی ئابووری، زەینەکانی گیرۆدەی وەهم و هۆ و گومانەکان. سێیەم گەورەشار بە ڕووناکبیرەکانییەوە، نەخۆشخانەکانی، کرێکار و بێ کارەکانی. حاڵ و هەوایەک کە بەسەر ئەم سێ بوارەدا زاڵ بووە، هەژاری و شێتی و نەزانییە.»

غوڵامحوسێن ساعیدی زۆر بەرهەمی پڕ بایەخی لەپاش خۆی بەجێ هێشتوون کە بریتین لە:

ماڵەکانی شاری ڕەی، تەورێز ١٣٣٤، شەونشینییە بەشکۆکان ١٣٣٩، عەزادارانی بەیەل (هەشت چیرۆکی گرێدراو) ١٣٤٣، ترس و لەرز (شەش چیرۆکی گرێدراو) ١٣٤٧، تۆپ (ڕۆمان) ١٣٤٨، تاتاری دەم بە پێکەنین (ڕۆمان) ١٣٥٣، غەریبێک لەشاردا (ڕۆمان) ١٣٥٥، جاڵجاڵۆکەکانی نێو سەنگەر (شانۆنامە) ١٣٣٩، ئای کڵاودار و ئای بێ کڵاو ١٣٤٦، وەرزی گوستاخی (فیلمنامە) ١٣٤٨، مانگا (فیلمنامە) ١٣٥٠، مولووس کوورپووس (فیلمنامە) ١٣٦١... و زۆر بەرهەمی دیکەی وەک فیلمنامە (سیناریۆ) و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و تاک نووسی (مۆنۆگرافی) و وەرگێرانی هەن کە بەداخەوە مەرگ چیدی مەودای پێنەداو لەکاتێکدا کە لە ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانیدا کە لەدەرەوەی ئێران دەژیا، لە ڕۆژی دووەمی سەرماوەزی ١٣٦٤ لەشاری پاریس، دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت.

**سەرچاوە:**

*** روزنامه کیهان/ ٣٠ و ١٣٧٨/٤/٣١هـ. ش/غلامحسین ساعدی در یک نگاه- سالشمار ساعدی.**



# جه‌مال بابان:
## من خۆم به ڕۆژنامه‌نووس نازانم..
## چیرۆک و شیعری کوردیش به‌و شێوازه‌ی ئێستای بۆ ته‌مه‌نی ئێمه هه‌رس ناکرێ

**هه‌ڤپه‌یڤین: ئازاد عه‌بدولواحید**

له دوێنێ و ئه‌مرۆدا بنه‌ماڵه‌ی بابانه‌کان له شاری سلێمانیدا، خزمه‌تێکی به دیمه‌ن و به‌رچاویان به ژیانی کولتووری و سیاسی گه‌له‌که‌مان کردووه، ئه‌و خزمه‌تانه‌یان له‌به‌رچاوی نه‌ته‌وه‌ی کورده و له‌بیر ناکرێن. به‌ڕێز جه‌مال بابان-یش وه‌ک که‌سایه‌تییه‌کی دیار و به‌رچاوی ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه به‌چوار پشت ده‌چێته‌وه سه‌ر ئاوڕه‌حمان پاشای بابانی دامه‌زرێنه‌ری شاری سلێمانی. ئه‌و که‌سایه‌تییه له بواری مه‌سله‌کی و وه‌زیفه‌دا دوای ته‌واوکردنی خوێندنی له کۆلێژی یاسا وه‌ک به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه و پاشان وه‌ک سه‌رۆکی شاره‌وانی سلێمانی و دواتر وه‌ک به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی خانه‌ی هاوکاری (دار التضامن)، زۆر کار و وه‌زیفه‌ی دیکه‌دا کاری کردووه و جێ ده‌ستی دیاره.

له بواری ئه‌ده‌بی و کولتووریشدا، جه‌مال بابان یه‌کێکه له پێشه‌نگه‌کانی بواری چیرۆکنووسیی کوردی، هه‌روه‌ها له بواری وه‌رگێڕان و مێژوو و که‌له‌پوور و بیره‌وه‌ری و یاسادا، نووسین و کتێبی زۆری به چاپ گه‌یاندووه. ده‌مێک بوو ده‌مویست له نزیکه‌وه بیدوێنم و گفتوگۆیه‌کی فراوانی له‌گه‌ڵدا ساز بده‌م، تا له دوا سه‌فه‌ری شاری سلێمانیمدا به دیداری گه‌یشتم و ئه‌و دیداره‌ش ئه‌و هه‌ڤپه‌یڤینه‌ی لێ که‌وته‌وه.

**رامان:** خۆشحاڵ بووم ئەمرۆ بە دیداری جەنابت شادبوومەوە. لەم دیدارەدا پێم خۆشە بەوە دەست پێبکەین کە لە سەرەتاوە کێ هاندەرت بووە و چۆن ڕووتان کردووەتە دنیای نووسینەوە؟

**جەمال بابان:** سوپاست دەکەم کاک ئازاد، بەخێرهاتنیشت دەکەم، هەرچەندە زۆر بە شوێن ماڵەکەمانا گەڕای و ئەزیەتت کێشا، بەڵام باش بوو بەدیداری یەکتر گەیشتین. من کە قوتابی سەرەتایی بووم لە ماڵی باپیرم کە لە سەرکاریز بوو، خانوویەکی گەورەیان هەبوو، ئەوان کتێبێکی زۆریان هەبوو، کە کتێبەکانی حوسێن حوزنی موکریانی و ڕۆژنامەی ژین و ئەوانیان تێدا بوو، منیش زۆر حەزم لە خوێندنەوە دەکرد، دەچووم ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە، ئیتر ئەوە وای لێکردم زیاتر بایەخ بە کتێب و بەخوێندنەوە بدەم.

**رامان:** ئەوکاتە لە پۆلی چەند بوویت؟

**جەمال بابان:** لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەچووم بۆ ناوەندی، من لە پێنج و شەشی سەرەتاییەوە ئەو کتێبانەم دەخوێندنەوە، بەڵام وەنەبێ بە تەواوەتی لەناویاندا قووڵ بووبێتمەوە، ئیتر بەو جۆرە لەسەری ڕۆیشتم تا لە بەغدا بوومە خوێندکاری یاسا، خوالێخۆشبوو (کامیل کاکەمین)...

**رامان:** مەبەستت بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی ئەوکاتە بوو.

**جەمال بابان:** بەڵێ بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی بوو، ناردی بە شوێن هەندێ لە قوتابییەکاندا تا بچن لە ئێزگەی کوردیدا یارمەتی بدەن، یەکێک لەوانە من بووم. کە چووم ئەوەی بەرەو ڕووی منی کردەوە وتار بوو. من وتارم دەخوێندەوە و یەکەم وتار لە گۆڤاری گەلاوێژ دەرم هێنا هی (شێخ محەمەدی خاڵ) بوو بە ناوی (کۆشی دایک، یان باوەشی دایک) نووسیبووی، کە خوێندمەوە کاک کامیل زۆری پێ خۆش بوو، وتی حەز دەکەم لەسەر ئەمە بڕۆیت، لەوەوە منیش بەدوای شتدا دەگەڕام و دەرمدەهێنان و دەمخوێندنەوە، لەدواییدا بەرهەمی خۆم دەنووسی، من چوار ساڵ لە کۆلێژی یاسا بووم، ئەوسا زانکۆ نەبوو، ئەو کاتە کەی وەکو ئێستا بوو، ئەمرۆ لێرە زانکۆ هەیە و ئەو هەموو کۆلێژانە هەن، ئەوکاتە دەبوو بڕۆیشتیتایە بۆ بەغدا، تەنانەت لە عیراقدا زانکۆ نەبوو، ساڵی ١٩٤٧ چوومە کۆلێژی یاسا، لە ساڵی پەنجادا دەرچووم. خوێندنەکەم



جەمال بابان – ئازاد عەبدولواحید

چوارساڵ بوو، لەو چوار ساڵەدا نزیکەی سێ ساڵی لەگەڵ ڕادیۆی کوردیدا هاوکار بووم.

**رامان:** ئەمە بووە سەرەتایەک بۆت؟

**جەمال بابان:** بوو بە سەرەتایەک، کە تەواوم کرد بە بەڕێوەبەری شارەدێ (ناحیە) دامەزرام، یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەتیم لە (عەربەت) بوو، دووەم لە خورماڵ بوو، لە خورماڵ ئەوکاتە دادگایی کردنی دکتۆر موسەدیق بوو، ئەوەم لەبیرە، منیش حەزم دەکرد ئەو دادگایی کردنە بنووسمەوە و تۆماری بکەم، یان لەگەڵ کتێبی دیکەدا لە یەکی بدەم. خوالێخۆشبوو (عومەر عەلی ئەمین) کە لەم دواییەدا کۆچی دوایی کرد لەوێ مامۆستا بوو، لەگەڵ ئەو دەمانووسی و وەرمان دەگێڕا، دواتر من لەوە زیاتر ڕۆیشتم، نەک هەر دادگایی کردنی موسەدیق، بەڵکو دادگایی کردنی زۆر کەسی دی، لە سوقراتەوە گرتم، دادگایی کردنی سوقرات، دادگایی کردنی شاژنی بەریتانیا، دادگایی کردنی ستاڤیسکی و.. هەتا هاتمە سەر موسەدیق و دادگایی کردنی شێخ مەحموودی لای خۆمان، ئەوەم کردە کتێبێک و بەناوی (دادوەرییە بەناوبانگەکانی جیهان) بڵاوم کردەوە، بەڵام ئەوە یەکەم کتێبم نەبوو.

**رامان:** بەڵام ئەو کتێبەت زۆری خایاند، چونکە لە چل و حەوت و چل و هەشتەوە دەستت پێکردووە، کەچی تۆ لەم ساڵانەی دواییدا چاپت کرد، ئەمە ماوەیەکی زۆری کێشا.

**جەمال بابان:** بەڵێ بەڵام من کە دەستم پێکرد وەک چیرۆک دەستم پێکرد، چۆنیش وەک چیرۆک دەستم

پێکرد؟

**ڕامان:** بەڵێ ئەمە چۆن بوو چوویتە ناو دنیای چیرۆکەوە و چیرۆکت هەڵبژارد؟

**جەمال بابان:** من لەناحیەکانی سلێمانی، یان هەولێر بووم کە دەهاتمەوە بۆ شار دەچووم کتێبم دەکڕی، دەچوومە لای (ڕەئووف مەعرووف) لە کتێبخانەی گەلاوێژ، لەلای ئەو چی کتێبی بۆ بهاتایە بۆی دادەنام، منیش مانگە و مانگ دەچووم کتێبەکانم لێوەردەگرت. دوایی کە بۆ هەولێر گوێزرامەوە، یەکێک لەو شوێنانە ناحیەی کەندێناوە بوو، کە دیبەگەی پێ دەڵێن، لەوێش دەچوومە هەولێر، دەچوومە لای گیوی موکریانی کتێبی کوردی چی هەبوو ئەویش بۆی دادەنام، ئەوانەم دەکڕین و دەمهێنان، یەکێک لەو کتێبانەی کڕیم و زۆرم بە دڵ بوو و حەزم لێ کرد، کتێبی لالۆ کەریم نووسینی (جەمال نەبەز) بوو، کە ئەو لالۆ کەریمەم خوێندەوە، دوو سێ جارم خوێندەوە، سەیرم کرد منیش دەتوانم شتی وابنووسم. دەستم دایە قەڵەم و دەستم پێکرد و نووسیم، ئاکام پێیدا هاتمەوە و دوو سێ جار گۆڕیم، شتێکم بەشتێک کرد، کە هاتمەوە بۆ سلێمانی، دام بە (ڕەووف مەعرووف) لە کتێبخانەی گەلاوێژ کە ئەو خوێندییەوە وتی ئەمە شتێکی باشە، لەوێدا دابووی بە (مستەفا ساڵح کەریم)، ئەویش کە خوێندبوویەوە زۆری پەسند کردبوو، ئیتر وەڵامیان بۆ ناردمەوە و گوتیان چی دەڵێیت چاپی بکەین؟

**ڕامان:** چیرۆکەکە ناوی چی بوو؟

**جەمال بابان:** خانزاد، چیرۆکەکە باسی ژیانی لادێ بوو، چونکە من بەڕێوەبەری شارەدێ بووم و وەختی باوکیشم هەر بەڕێوەبەری شارەدێ بوو و لەلادێ لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبووم. زۆر باش لە ژیانی لادێ گەیشتبووم، بە تایبەت ئەوکاتەش دووەمین جەنگی جیهانی بەسەردا هات و لادێیەکان زۆر نەدار بوون، شەکر نەبوو، چا نەبوو، زۆر ئاوات و داخوازییان هەبوو، لە هەموو ئەوانەدا من لەگەڵیان بەشداربووم، ساڵێک باران نەبوو، لادێیەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو هەر ئاخ و داخی باران نەبارین و وشکەساڵییان بوو و دوعایان دەکرد کە ببارێ، منیش لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بەو موعاناتەیان ببووم، بەڵام چونکە باران نەباری، من هاتمەوە سلێمانی. قوتابخانەم هەر لە سلێمانی بوو، کە

**زانکۆکانمان کاریگەرییان هەیە، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نین کە پێویستە هەیانبێ.**

هاتمە سلێمانی، تەنانەت ڕۆژێک لە قوتابخانە دەمانخوێند خوالێخۆشبوو (ساڵح سەعید) مامۆستای جوگرافیامان بوو، دانیشتبووم هات و لێی پرسیم وتی: جەمال ئەوە چیتە؟

وتم: هیچ نییە مامۆستا، وتی: نا هەر دەبێ پێم بڵێی، وتم: مامۆستا من لە عەربەت بووم، بیر لەوە دەکەمەوە ئەو لادێییانە هەموو ئاخ و ئۆفیانە لەتاو وشکەساڵی و باران نەبارین، ئەوە زۆر کاریگەریی لەسەرم بووە و ئەوەیە کە مێشکی سەرقاڵ کردووم. واتە هەستم ئاوابوو، ئیتر ئەمە وای کرد دەست بدەمە قەڵەم و بنووسم و ئەو خانزادەم دەرکرد. خانزادیش وەک باسم کرد سەربردەی لادێییەکان بوو، ژیانیان و ئیتر کچ بەشوودان و ئەمانە..تاد.

**ڕامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**جەمال بابان:** ئەمە ساڵی پەنجا و شەش بوو.

**ڕامان:** تۆ وتت من ساڵی شەست و یەک ئەمەی لالۆ کەریم-م بینی.

**جەمال بابان:** ساڵی نۆ سەد و پەنجا و حەوت چاپ کراوە. یەکەم کتێبم بوو، چونکە وەک باسم کرد لە چیرۆکەوە دەستم پێکرد.

**ڕامان:** وردە وردەش ئیشت لەسەر ئەو دادوەرییانە دەکرد، بەڵام هێشتتەوە و لە لای خۆت مانەوە؟

**جەمال بابان:** جارێ هێشتا ئەوە ماوە، دوای ئەوە من هەر لە دیبەگە بووم، واتە لە ناحیەی کەندێناوا لە هەولێر بووم کاتێ لافاوەکەی سلێمانی ڕووی دا، ئێمەش بە ماڵ و منداڵەوە هاتینەوە، چونکە کەسوکارمان لێرە بوون، گوتمان: با بزانین چ قەوماوە و چۆن بووە. ئیتر هەر کەسێک دەهات باسی لافاوەکەی دەکرد، ئەم کارەساتە هەریەکە و بە جۆرێک دەیگێڕایەوە، ئەمە لە مێشکمدا کۆبووەوە. گەڕامەوە دیبەگە، ئەمەشم کرد بە چیرۆکێک ناوم نا (پەڵە هەورێکی چڵکن) و ناردم بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)، لەلای ئەو مایەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی بەسەردا هات.

**ڕامان:** ئەمە چەند ساڵی خایاند؟

**جەمال بابان:** عەرزم کردی (١٩٥٧) ئی خانزاد بوو، بەڵام (پەڵە هەورێکی چڵکن) (١٩٥٨) بوو.

**ڕامان:** چەند ساڵ لەلای مایەوە؟

**جەمال بابان:** ساڵێک لە لای مایەوە و ئیتر شۆڕشی

بەسەردا هات، بوو بە ژێر لێشاوی کتێبەوە، ئینجا دوای ئەوە چیرۆکی (سەی کەڵەک) کە کورتە چیرۆکە لەگەڵ (مامەیارە) کە ئەویش کۆمەڵێک چیرۆکی کورت بوون، نووسران.

**رامان:** دواتر هاتیتە سەر نووسینی مامە یارە.

**جەمال بابان:** (سەی کەڵەک) کۆمەڵێک چیرۆکی کورتە، ئینجا مامە یارەش نووسرا.

**رامان:** ئێستا دەمەوێ پرسیاری ئەوەت لێبکەم، تۆ زۆر بە حەماسەت و گەرموگوڕییەوە بەرەو پیری چیرۆکنووسین ڕۆیشتی، بەڵام بۆ دەستت لە چیرۆکنووسین هەڵگرت؟

**جەمال بابان:** دەستم لێ هەڵنەگرت، بەڵکو دوو کۆمەڵە چیرۆکی ترم دەرکرد، بەڵام کە مێژوو هاتە پێشەوە، بەتایبەت کە لە بەغدا سەرچاوە زۆر بوون و شتی مێژووییم دەخوێندەوە، سەیرم کرد دەتوانم لەسەر کەسایەتی کوردی بنووسم، لەوەوە دەستم بە نووسین لەسەر ئەو کەسایەتییانە کرد، ئینجا دوایی ئەوەشم کرد بە عەرەبی و بە ناوونیشانی (الآم کرد العراق) بەشی یەکەمی دەرچوو، ئێستا بەشی دووەمیشی لە هەولێر خەریکە چاپ دەبێت. ئەگەر بەرێزت نە هاتیتایە، من سبەینێ و دوو سبەی بۆ بەدواداچوونی ئەو کتێبە دەچووم بۆ هەولێر. من دەستم لە چیرۆک نووسین هەڵنەگرت، چونکە لەدواییدا چیرۆکی ترم نووسی.

**رامان:** ساڵەکەی گرنگە، ئەو چیرۆکانە لە چ ساڵێکدا نووسراون؟

**جەمال بابان:** ئەوە خانزادم پێ ڕاگەیاندیت.

**رامان:** ئەی ئەوانەی ئەم دواییە.. دوو کۆمەڵەی ترت کە چاپ کردووە.

**جەمال بابان:** خەڕەکە شکاوەکە.

**رامان:** ساڵی چەند بوو؟

**جەمال بابان:** (١٩٨٩).

**رامان:** ئەوە هەر ئەو ساڵە نووسیبووت، یان کۆن بوو؟

**جەمال بابان:** لە هەشتاونۆدا نووسیم و چاپیشم کرد.

**رامان:** ئەی ئەوەی تر چی بوو؟

**جەمال بابان:** دواتر دەیدۆزمەوە.

**رامان:** کێشە نییە.. مامۆستا تۆ لە سێ تەوەردا کارت کردووە، تەوەری چیرۆکنووسین، تەوەری مێژوونووسین، تەوەری ڕۆژنامەوانی، تۆ لەو سێ تەوەرەیە زیاتر حەز بە کامیان دەکەیت؟

**جەمال بابان:** ئێستا زیاتر حەزم لە مێژوونووسینە، نووسینی مێژوو بە تایبەت بۆ من کە لە بنەماڵەی بابانم، بە خەتێکی ڕاست دەچمەوە سەر (ئەوڕەحمان پاشای بابان)، من (جەمال عەبدولقادر عەزمی مستەفا سلێمان عەبدولڕەحمان) دەچمەوە سەر ئەوڕەحمان پاشای بابان، کە مێژووی کوردم دەخوێندەوە و مێژووی بابانەکانم دەخوێندەوە و سەیرم دەکرد ئەم پیاوە (ئەوڕەحمان پاشا) بێجگە لەوەی کە لە سلێمانی حوکمڕان بووە، ئەم پیاوە زاناش بووە و دەرسی گوتۆتەوە. بۆ نموونە مزگەوتی (سەید حەسەن) ئەو دروستی کردووە، تەنانەت لەو مزگەوتەی خۆیدا دەرسی بە قوتابییان گوتۆتەوە. دەڵێن گوایە کوڕێک بۆ کێشەیەکی خۆی چۆتە لای بۆ دیوانی پاشایەتی، لەدواییدا کە کوڕەکە دەچێتە مزگەوتی (سەید حەسەن) بۆ لای برادەرێکی کە لەوێ فەقێ بووە، سەیر دەکا ئەوە هەر هەمان ئەو پاشایەیە کە ئەم چووەتە لای، ئێستا دانیشتووە و دەرس دەڵێتەوە، ئەمە ڕووداوێکە لە مێژوودا تۆمارکراوە.

**رامان:** ئەو قوتابییانەی پێی گەیاندوون لەوانەی ناسرابن، ناوی چەند کەسێکت لەبیر ماوە؟ واتە ئەو فەقێیانەی ئەو دەرسی پێ وتوون؟

**جەمال بابان:** بەخوا لەوانە نا، بەڵام مامۆستاکان کە پێوەندیی لەگەڵیان هەبووە (مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی)، ئەوەم لەبیرە، ئینجا (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) کە شاعیر بووە، تەنانەت دەڵێن ئاوڕەحمان پاشا گوایە لە دێیەکی وەک (دەربەند فەقەرە) دەگەڕێ، ئافرەتێک دەبینێ زۆر جوان لەلای دەبێ، بۆ خۆی خوازبینی دەکات، ئەوانیش لەبەر ئەوەی پاشا بووە داویانەتێ، ئەو ئافرەتە دەزگیرانی (حەمەئاغای دەربەندفەقەرە)یە، حەمە ئاغا شیعرێکی بۆ دەنێرێ، دەڵێ ئەمە دەزگیرانی منە، ئەویش ئاکام نەیگواستۆتەوە و بە هەموو جیهازێکی خۆیەوە بۆ (حەمەئاغای دەربەند فەقەرە)ی دەنێریتەوە و وازی لێدەهێنێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو سلێمان پاشایەی کە لە قەڵاچوالان بووە و لە سەردەمی ئەودا شەڕی دوازدە سوارەی مەریوان ڕووی دا، ئەمانە هانیاندام زیاتر مێژوو بخوێنمەوە، بە تایبەت مێژووی کورد، ئەمەش گەیاندمییە ئەوەی ئیتر لەسەری بڕۆم و بڕێک شتی مێژوویی بنووسم، لەو شتە مێژووییانەی نووسیومن (مێژووی سلێمانی)، (سلێمانی شارە گەشاوەکەم)

بەرگی یەکەم لە (١٩٩٨)، بەرگی دووەمیش هەر لە (١٩٩٨)، بەرگی سێیەم لە (٢٠٠٠)دا، بەرگی چوارەم لە (٢٠٠٢)دا چاپ کراون، ناڵێم هەرچی شت هەیە لەخۆی گرتووە، بەڵام زۆرترین شت کە دەستم کەوتوون لەو چوار بەرگەدا کۆم کردوونەتەوە. بە ڕاستی بووە بە ئەرشیڤێک، یان وەک سەرچاوەیەک وایە، بەتایبەت بۆ قوتابییانی بەشی (مێژوو)ی زانکۆی سلێمانی، خۆش خۆش دێن بۆ لام و لەو بابەتەوە کتێبەکەیان پێیە و پرسیارم لێ دەکەن.

**ڕامان:** جەنابت بەرهەمی چیرۆکنووسانی ئەمڕۆ دەخوێنیتەوە؟

**جەمال بابان:** بەخوا کەمتر، چونکە دەتوانم بڵێم ئەو کاتەم نەماوە چیرۆک بخوێنمەوە، تەنانەت لە ڕۆژنامەشدا، بۆ نموونە هەموو ڕۆژێک کوردستانی نوێ و بڵاوکراوەی (ئینسات) لەگەڵ (اتحاد)م بۆم دێن، واتە بۆم دەیهێننە ماڵەوە. ڕۆژی پێنج شەممەوان چیرۆکیشی تێدایە، بەخوا فریا ناکەوم بیانخوێنمەوە، چونکە بێجگە لەو سێ ڕۆژنامەیە کە بۆم دێن، من دەچم ڕۆژنامە و گۆڤاری تریش دەکرم، بە لێشاو کتێبم بۆ دێت. ئەمانە وا دەکەن فریای خوێندنەوەیان نەکەوم.

**کاتم نەماوە بەرهەمی چیرۆکنووسانی ئەمڕۆ بخوێنمەوە و فریای خوێندنەوەیان ناکەوم.**

**ڕامان:** کەواتە فریای خوێندنەوەیان ناکەویت؟

**جەمال بابان:** نەوەڵڵا فریا ناکەوم.

**ڕامان:** باشە تۆ لەو کاتانەی خولیای چیرۆکنووسیت هەبووە و حەزت بە خوێندنەوەی چیرۆک کردووە، چیرۆکنووسێکی کۆن، یان نوێ، بەوانەی ئێستاش ماون و بەردەوامن لەسەر نووسین و سەرنجی تۆیان ڕاکێشابێ و بەرهەمەکانیان بە تامەزرۆییەوە بخوێنیتەوە کێن؟

**جەمال بابان:** ئەو چیرۆکانەی دەمخوێندنەوە، بیرم بێت هەر لە دیبەگەی ناوەندی شارەدێی کەندیناوا، لەوێ هەر لەبەر چرا، خۆ ئەوسا کارەبا نەبوو، کە دەچووم بۆ هەولێر ڕۆمان و چیرۆک دەردەچوو، بە تایبەتی ڕۆمانی (ئەلهیلال) و هەندێک چیرۆکی تر، بۆ وێنە کتێبی نووسەرەکانی جیهان و ئەوانەم هەموو دەکڕین، بڕوا بکە کە ئەمگرت بە دەستمەوە شەو نەدەنووستم، بەیانی ڕۆژ دەبۆوە، هەتا تەواوم دەکرد ئینجا چراکەم دەکوژاندەوە، نیو سەعات، سەعاتێک دەنووستم و ئینجا هەڵدەستام و دەچووم بۆ دائیرە، واتە ئارەزووم لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆک بەو شێوەیە بوو.

**ڕامان:** لەو ناوانەی لەبیرت مابن و زۆر حەزت بە خوێندنەوەیان کردبێ کێن؟ لە کوردەکان پاشان لەناو نووسەرە عەرەبەکان و ئەوانەی تردا؟

**جەمال بابان:** لە کوردەکان چیرۆکەکەی لالۆ کەریم کە چیرۆکی (جەمال نەبەز) بوو زۆر حەزم لێ کرد، ئەوەبوو هانیدام بۆ ئەوەی خانزاد بنووسم.

**ڕامان:** دەی کێی تریش؟ هەر ئەو، یان خەڵکی تریش هەبوون لەناو چیرۆکنووسانی کورد؟

**جەمال بابان:** لە چیرۆکنووسانی کورد چیرۆکەکانی (حوسێن عارف)م دەخوێندەوە، ئەویش ئێستا نا، ئەوکاتەی کە لە بەغدا بووم. خۆت دەزانی لەو تەمەنەی ئێستاشمدا ئینسان ئەو ئارەزووەی جارانی نامێنێ. لە پاڵ چیرۆکنووسین، زیاتر بەرهەمەکانی (حوسێن عارف)م دەخوێندەوە.

**ڕامان:** هەر لەو کاتانەی ئێوە چیرۆکتان نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە، لەناو چیرۆکنووسانی عەرەبی عیراقیدا کە لێمانەوە نزیکن، ئەڵبەتە ئەو سەرچاوانەش بۆ خوێندنەوە دەست ئێوە کەوتوون، چیرۆکنووسی وەک (نیهاد ئەلتەکەرلی) و (عەبدولمەلیک نووری) و (مەهدی عیسا سەقەر) و ئەمانە لەژێر کاریگەریی ڕۆشنبیری ئەوروپایی بوون، لەبەر ئەوەی زمانی تریان زانیوە، تەکنیکی چیرۆکەکانیان، خەیاڵی ئەو چیرۆکنووسانە سەیر دەکەی، لە ڕووی هونەرییەوە کاملترن و شتی جوانتریان نووسیوە، بەڵام چیرۆکی ئەو قۆناغەی ئێوە چیرۆکتان تێدا نووسیوە، زیاتر چیرۆکی تەقریری و ڕاستەوخۆن، هەروەها ڕاگواستنێکی فۆتۆگرافیشی تێدایە، هۆیەکەی چییە ئێوە ئەو ڕێبازەتان هەڵبژاردووە و نەتانتوانیوە کەرەستەکانی چیرۆک و هونەری چیرۆک نووسین زیاتر لەلای خۆتان بخەملێنن؟

**جەمال بابان:** نیهاد تەکەرلی دادوەر بوو، منیش پارێزەر بووم، واتە موڕافەعەشم لەگەڵدا کردووە، تەنانەت نەختێ پێوەندیشمان هەبوو. ئەو کتێبەی کە نووسی (الرجع البعید) بەرگێکیشی دامێ. سەیر دەکەم ئەوەی ئەو نووسیویەتی ئەوە نییە کە من حەزی لێدەکەم، ئیتر ئەوە زەوقە نازانم بۆچی؟ زیاتر زەوقم لەگەڵ

چیرۆکەکانی (عەبدولمەلیک نووری) بوو. کتێبێکی تر یەکێک لە نووسەرە عیراقییەکان دەری کردووە کە مەسیحی بوو، میللی بوون، ئەوسا حەزم بەوانە دەکرد. ئەوانە ئەو چیرۆکە میللیانە بوون کە من بەدوایاندا دەگەڕام، چونکە منیش لەناو خەڵکدا ئەم جۆرە توانایەم بۆ چیرۆکنووسین پەیداکرد بوو.

**ڕامان:** بەڵام ئەم واقیعیەتەی ئێوە بەزەقی هێناوتانە بۆ ناو چیرۆک، زۆرجار ڕووداوێکی ڕووکەش و سنووردار بووە، واتە نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی بڵێین تەکنیکی بەرز و هونەرێکی بەرزتری لێ دروست بکرێت.

**جەمال بابان:** بەڵێ شتێکی واقیعی بوو، ئەوانەم لە واقیعی ژیانەوە هەڵێنجاوە.

**ڕامان:** هەر بۆ نموونە عەبدولمەلیک نووری کە دەڵێی زیاترم بەدڵە وەک لە (نیهاد تەکەرلی)، قسەیەکی هەیە دەڵێ چیرۆکنووسانی عیراق لەوکاتەدا کە چیرۆکیان تێدا نووسیوە، هەموویان عەریزەنووسن.

**جەمال بابان:** ئیتر ئەوە هەرکەسە بیروڕای خۆی هەیە، بەڵام عەرزت بکەم، من کە خانزادم نووسی و بڵاوکرایەوە، بڕوا بکە لەسەدا هەشتای خوێندەواری سلێمانی دەست بەدەست دەیانقۆزتەوە، وەک پێیان دەوتم و بۆیان دەگێڕامەوە زۆریان پێ خۆش بووە، لە ژوور هەموویانەوە خوالێخۆشبوو مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)، ئێستاش نووسینێکیم لەلایە کە لەبارەیەوە نووسیویەتی، ئەو کاتێک نووسیویەتی یەکتریمان نەدەناسی، لە دوورەوە یەکتریمان دەناسی، دەڵێ من هێشتا بە خزمەتی (جەمال بابان) نەگەیشتووم، من حەدم نییە ئەو بەخزمەتی من بگا، بەڵام دەڵێ زۆر تەقدیر و بەرز پێداروانینی ئەو چیرۆکی خانزادە دەکەم کە نووسیویەتی.

**ڕامان:** ئەوەت لەلا ماوە؟

**جەمال بابان:** لە ڕۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە و هەڵم گرتووە و لەلامە.

**ڕامان:** لێرەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، تۆ لەمێژە دەنووسی، دیارە تۆ لە پەنجاکانەوە خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆتی، ئەو خەڵکەی لەسەر تۆیان نووسیوە لە هەموویان ڕازیت؟ ئایا خۆت بە مەغدور نابینی ئەو هەموو ساڵە نووسیوتە و خەڵکێک لایان بەلای کارەکانی تۆدا نەکردۆتەوە؟



جەمال بابان لەگەڵ باوک و خوشکی - ١٩٣٥

**جەمال بابان:** با ئیتر ئەوە حاڵی هەموو نووسەرێکی کوردە.

**ڕامان:** ئەو نووسینانەمان بۆ هەڵبسەنگێنە بەوەی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)شەوە، ئەوە دەرکەوت ئەویانت بەدڵ بووە.

**جەمال بابان:** هۆی ئەوەی کە زۆر کەس لەسەر منیان نەنووسیوە، ڕەنگە ئەوە بێ کە من لێرە نەبووم. دەنا لە نووسەرانی عەرەب لە بارەی منەوە دەیاننووسی. بۆ نموونە یەکێک لەوانە (حەمیدولمەتبەعی) هەبوو، زۆر زۆری لەسەر نووسیبوم و هەموو نووسینەکانیم هەڵگرتووە.

**ڕامان:** نووسینەکانیت بەدڵ بوون.

**جەمال بابان:** (حەمیدولمەتبەعی) شتی واقیعی دەنووسی، وەنەبێ منی هەڵکێشابێ. دەینووسی (جەمال بابان) ئەوەیە، ئەوەی نووسیوە، ئینجا تەقدیری منی کردووە. هی کوردەکەی لای خۆمان، چونکە من لە بەغدا بووم، هەرچەندە زیاتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا دەمانووسی، لە بەغداش لەسەردەمی بەعسییەکانیشدا هەر دەمانووسی و قەت نەوەستاوین، لەو مەترسییەی لە کاتی بەعسدا بەرانبەر بە خەڵک ڕووی دا، تەنانەت لەوەش دەترساین، بەڵام هەر دەماننووسی، نووسینەکانیش چی بوون، تۆ هەر جنێوت بە بەعس نەدابایە، ئەوان ئیتر تخوونی تۆ نەدەکەوتن، بەڵام نووسیمان، ئەوە من بووم، (حەمەی مەلا کەریم)، (دکتۆر کەمال مەزهەر)، خوالێخۆشبوو (دکتۆر ئیحسان فوئاد)، (مستەفای سەید ئەحمەد نەریمان)، (شوکور مستەفا)، واتە کۆمەڵێکی زۆر دەمانووسی.

**ڕامان:** پێت وانییە بەشێکی ئەوەی ڕەخنە کەمتر

ئاوڕی لە تۆ داوەتەوە هی ئەوە بێ ماوەیەک پلە و پایەیەکت هەبووە، بەڕێوەبەری شارەدێ بوون، بەڕێوەبەری گشتی بوون؟

**جەمال بابان:** خانزاد و ئەم چیرۆکانەی تر، (پەڵە هەورێکی چڵکن) وەک گوتم بەدوایدا لێشاوی کتێب هاتن، بە تایبەت دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، کتێبی مارکسی و شیوعییەکان و زۆر کتێبی دیکە چاپ کران، کتێبەکەی من بوو بە ژێرەوە، بەڵام لەدوای ئەوە نووسینی من زۆر بایەخی پێدەدراو خەڵک بە دوایدا دەگەڕان.

**ڕامان:** واتە ئەو نووسینانەت بەدڵ بوون کە لە بارەی تۆوە دەنووسران؟

**جەمال بابان:** ئەگەر بەدڵم نەبێ نابێتە هاندەر بۆ ئەوەی شتی تر بنووسم.

**ڕامان:** تۆ لەمێژە خەریکی نووسینی، بە عەرەبی و بە کوردی نووسیوتە، ئاگاداری ئەوەی ئێستا مشتومڕێک هەیە، زۆربەی ئەوانەی کوردن و بەزمانی تر نووسیویانە ئەو نووسینانەیان ناخرێتە ناو نووسینی کوردییەوە، لەوانە (سەلیم بەرەکات) بە عەرەبی نووسیویەتی، (یەشار کەمال) بە تورکی نووسیوبەتی، (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) بە فارسی نووسیویەتی، ئەمانە دەڵێن ئەوە دەچێتە ناو ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی-یەوە، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**جەمال بابان:** ئەوە قەیناکە کوردن، بەڵام ئەگەر بە کوردی نەنووسن و کوردەکە نەیخوێنێتەوە و تێنەگا چی نووسراوە، بۆچی باشە؟ ئێستا من خۆم یەکێکم لەوانەی نووسینی دەروێشیان-م نەدیوە، یان ئەگەر بە فارسی ببینم من فارسییەکەم، فارسییەکی شکاوە، ئەوە نییە بتوانم نووسینی ئەوی پێ بخوێنمەوە. دەی ئەگەر من وابم، خەڵکی تر چۆن دەبێ؟

**ڕامان:** گوتت ئێستا زۆر موتابەعەی چیرۆکی کوردی ناکەم، لەبەر ئەوەی کاتت کەمە، بەڵام وەکو چیرۆکی ساڵانی ڕابردوو کە خۆشت یەکێک بووی لە چیرۆکنووسەکان، ئەو ساڵانە چیرۆکی کوردیت بەدڵ بوو، یان پێت وابوو ئەوکاتە بەپیر داواکارییەکانی خوێنەرانەوە چووە؟

**جەمال بابان:** چیرۆکی کوردی، یان شیعری کوردی بەو شێوازەی ئێستای بۆ ئێمە و تەمەنی ئێمە هەزم ناکرێ، نەک لەبەر ئەوەی نامەوێ، من تەقدیری دەکەم و زۆرجار دەشیخوێنمەوە، بەڵام ئەوە نییە کە ڕامبکێشێ و بە تەواوەتی بیخوێنمەوە، چ شیعربێ چ چیرۆک.

**بە لای منەوە**
**ناوەڕۆک لە ڕوخسار گرنگترە**

**ڕامان:** دوای ئەوەی مەودایەک کەوتووەتە نێوان تۆ و چیرۆکەکانت، ئەو چیرۆکانەت کە لە ساڵانی ڕابردوودا نووسیوتن، ئێستا ئەگەر بەچاوی ڕەخنەوە تەماشایان بکەیت چەند ڕات لەو چیرۆکانەی خۆتە کە نووسیوتن و لەناو هەموویاندا کام چیرۆکەی خۆتت زۆر بەدڵە؟

**جەمال بابان:** ڕام لێیانە، بەڵام بڵێم چی، ئەوە دەبێ بگەڕێمەوە بۆیان، چیرۆکەکان زۆرن. خانزادەکەم بە دڵە، خانزاد یەکەم نووسینیشمە، بەڵام من بەدڵمە، لەدواییدا چیرۆکی کورت، یەکێک لەم چیرۆکانەی دوایی (خەرەکە شکاوەکە) بەڕاستی ئەو (خەرەکە شکاوە)م زۆر بە دڵە، کە قوتابی بووم و دەچوومەوە بۆ عەربەت بۆ ماڵی خۆمان کە باوکم لەوێ بەڕێوەبەری شارەدێ بوو، بە پاس دەچووین جا خۆزگە خوێنەر ئەو (خەرەکە شکاوە)ی دەخوێندەوە، چونکە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز و خۆش، واقیعێکی ئەو کاتە پیشان دەدا، ئەوەم زۆر بەدڵە.

**ڕامان:** لەناو چیرۆکەکانتدا تا چەند بایەخت بە ئافرەت داوە، ئایا چیرۆکەکانت چۆن کێشەی ئافرەتیان چارەسەر کردووە؟

**جەمال بابان:** لە چیرۆکی (سەید کەڵەک)دا دەردەکەوێ، مەسەلەی ژن و ژن فرۆشتن و بازرگانی بە ژنەوە و لە (خانزاد)یشدا زۆر موعاناتی ژن نیشان دراوە کە چۆن زوڵم لێکراو بووە و چۆن بە زۆر بەشوو دراوە و بە پیاوی دەوڵەمەند دراوە، ئەگەرچی ئەو ئافرەتە یەکێکی هەبووە کە حەزی لێکردووە، بەڵام بەبێ ئارەزووی خۆی بەیەکێکی تر دراوە، ئاشکرایە ئەوانە موعاناتی ئافرەتن و لە چیرۆکەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە.

**ڕامان:** بەلای تۆوە لە نووسینی ئەو چیرۆکانەتدا ڕوخسارت پێ گرنگترە، یان ناوەڕۆک؟

**جەمال بابان:** بەڕاستی ناوەڕۆکەکە گرنگترە. ڕوخساریش گرنگە، بەڵام ناوەڕۆکەکە حیسابە.

**ڕامان:** بێجگە لە چیرۆکنووسیی هیچ هەوڵێکت نەداوە ڕۆمان، یان نۆڤلێت، یان شانۆ بنووسیت؟

**جەمال بابان:** من شانۆشم نووسیوە. مامە یارەم وەک بابەتێکی شانۆیی نووسیوە.

**ڕامــان:** واتە ڕەگــەزی شــانۆت تێکەڵی چیــرۆک کردووە؟

**جەمال بابان:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەڵام من مەبەستم وایە بڵێیم وەک هونەرێکی سەربەخۆ شانۆت نووسیوە؟

**جەمال بابان:** نەخێر.

**ڕامــان:** ئەی کــاتی خــۆی بیــرت لێ نەکــردۆتەوە شــانۆییــەک بنووسی، یان نووســیبێــتت و لە دواییــدا دڕاندبێتت، یان حەزت نەکردبێ بڵاوی بکەیتەوە؟

**جەمـال بابان:** دوای بەیانی ئازاری ســاڵی ١٩٧٠ کە کورد هاتە بەغدا و وەزیریان هاتنە بەغدا، بەو بۆنەیەوە فسیتیڤاڵێک کرا، ڕایانسپاردم شانۆگەرییەک بنووسم، منیش لەگەڵ هونەرمەند (سەید ئەحمەد دەنگ گەورە) شتێکمان ڕێکخست و نووسیمان، هەر لەو ئاهەنگەدا پیشانیش درا.

**ڕامان:** ناوی چی بوو؟

**جەمـال بابان:** ناوەکـەی وابزانم (کـاوەی ئاسنگەر)، شــتــێکی ئاوا بوو، باش بەبیــرم نایە، ئاکــام چونکە شــانۆگــەری کــاتی زۆری دەوێ لەو ئاهەنگەشــدا نابێ هەمــوو کــاتەکــە بەوە بڕوا، خــواڵێخــۆشبــوو (ســامی عــەبدولڕەحــمــان) کــە وەزیر بوو هات گــوتی بابە ئەمــە کــاتی زۆر دەگرێ، پرۆگرامــەکــەی ئێــمەش قــەرەباڵغــە، ئەگــەر لاریت نییــە با لێــرەوە کــۆتایی پێ بهــێنین، وتم قەی چی دەکا. ئەو کــاتە هەمــوو ســەرمــان لە ڕێدا بوو، ئەو دڵسۆزییەی ئەوکاتە هەبوو زۆر لەگەڵ ئەوەی ئێستا جیــاوازە، چونکە بیرت دەگۆڕێ، دوای ئەوەی مــامــەڵەی سەرەوە دەبینی، بیرت دەگۆڕێ.

**ڕامان:** نووسەر بەردەوام شاهیدی سەردەمی خۆیەتی، زۆرجــار هەنــدێک کــەس دەڵێن شــاهیــدە و دەبێ کاریگەریش بێ و دەبێ لە گۆڕانکارییەکاندا بەشداربێ، بە شــێــوەیەکی گــشــتی تا چ ڕادەیەک هەست دەکــەی نووسەری کورد توانیــویەتی ببێــتە ئەو شاهیدە بەسەر ڕووداوەکــانی ســەردەمــەوە؟ ئایا توانیــویەتی وەک نووسەرێک لەسەردەمی خۆیدا قسەی خۆی بکات؟

**جەمـال بابان:** نیــســبــەت بە خــۆمــەوە لەم ژمــارەیەی دواییدا کە ژمارە (٩)یە، لە گۆڤاری (بابان) کە خۆم خــاوەن ئیــمــتــیــازیم، لەوێدا نووســیــومــە، بە کــورتی ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە دەڵێم ئەگەر سەرکردە لەگەڵ مــیــللەتدا نەژی و لەناو مــیــللەتدا نەژی و لەئازاریان



**جەمال بابان کاتێک سەرۆکی شارەوانی بووە سلێمانی ١٩٦٨**

تێنەگات، ئەوە مانای ئەوەیە دوورکەوتۆتەوە و ئاگای لە مــیللەتەکە نەمــاوە. ئیــتــر دووردرێژ لەسەر ئەوە قــسەم کردووە.

**ڕامــان:** بە شــێــوەیەکی گــشــتی تۆش وەک دیاردەیەکی باوی نــاو نــووســــەرانی کــــورد، لە زیــاتر لە بوارێک نووسیــوتە، ئەمڕۆ کەم نووسەر هەیە لە بوارێکدا پسپۆڕ بێ و تەنیــا لە بوارێکدا بگیــرسێــتــەوە و بەردەوام بێ، زۆربەیان پەل دەهاوێن، زۆر کــەسیــش دەڵێن ئێــســتــا ســەردەمی پســپــۆڕییــە، کــاتی ئەوە هاتووە نووســەر تایبــەتمەندی هەبێ و لە بوارێکدا بنووسێ باشتــرە، ئێوە ڕاتان سەبارەت بەو بابەتە چییە؟

**جـەمـال بابان:** من لە چەند تەوەرێکدا تێکەڵ بووم و نووسیومە، بێجگە لە چیرۆک بۆ نموونە (بنەچە و بناغەی ناوی شار و شوێنەکانی عیراق)، ئەوە (بولدانیاتی) پێ دەڵێن، لەو بوارەدا سێ کــتــێــبم هەیە. بەرگی یەکــەم و دووەم و ســێــیــەم. ئینجا لە ڕووی یاسایییــەوە دیســان نووســـــینم هەیە، وەک کــــتـــێـــبی (هەندێک داوەری بەناوبانگ لە مێژوودا)، لە ڕووی مێژوویییەوە وەک باسم کـرد (سلێمانی شارە گـەشاوەکـەم) چوار بەرگـە، ئینجا ناودارانی کــوردی عــیــراق لە یەکــەمین چارەکی ســەدەی بیســتــەمدا لە هەزار و نۆ سەد و بیست و پێنجەوە، لەو بوارەدا دوو کــتێبم هەیە، کــتێبی یەکــەم دەرچووە، ناوی ســێـــــســەد و پەنجا کـــەســایەتی کـــوردی تێــدایە بە وێنەکــانیشیــانەوە. کتــێبــەکە خۆی هەزار لاپەڕە زیاترە. ئێستا بەرگی دووەمی لە هەولێر لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشــنبــــــیــــــری لەژێر چــاپدایە، ئەوەش لــە بــابــەت (ڕاگــەیاندنەوە)یە، بێــجگە لەوانە توێژینەوە و ســـاغ کردنەوەم هەیە، بۆ نموونە (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)

من پێشکەشم کردووە و توێژینەوەم لەسەر کردووە و چاپیش بووە. ئینجا قسەی پێشینان کە (جەمیل سائیب) و (مستەفا سائیب) کۆیان کردۆتەوە، من ڕاڤەم کردووە و لێکم داوەتەوە و چاپیش کراوە. یاداشتنامەی (عەلی کەمال) بە عەرەبی، کە پیاوێکی بەناوبانگە و شانۆ و مزگەوتی دروست کردووە.

**ڕامان:** یارمەتی گۆڤاری گەلاوێژی دەدا.. ئاگام لە کارەکانیەتی.

**جەمال بابان:** ئینجا پەند و ئامۆژگاری (عەبدولقادر قەزاز) کە ئەویش هەر پێشکەش کردن و ڕێکخستن و پێداچوونەوەی منە، ئەویش لە (٢٠٠٢)دا لە بەغدا چاپ بووە.

**ڕامان:** ئێوە لەو گۆڕینی تەوەرانەی نووسینتان، دەتانەوێ بڵێن گرنگە نووسەری کورد خۆی بەبوارێکەوە نەبەستێتەوە، چونکە کورد و کتێبخانەی کوردی پێویستی بەو ڕێچکەیە هەیە، تا ئەو بوارانە بەسەر بکاتەوە و چەندی لە توانایدا هەیە و بتوانێ خزمەت بکا، کە من خۆشم بیروڕام هەر وایە، بیروڕای ئێوەش هەر وایە؟

**جەمال بابان:** لەو بارەیەوە بیروڕای جۆراوجۆر هەیە، هەیە دەڵێ نەخێر تۆ دەبێ پسپۆڕی وەربگری و بۆ ئەوەی لەو بوارەدا زیاتر پێش بکەویت ئەوە بۆ میللەتەکە باشترە، هەشە وەک من ڕایەکی تری هەیە. قەی چیی دەکات، من لەو بوارانەدا لە هەموویان نووسینم هەیە، بە مەرجێک نووسینەکەم ئاستی هەبێ، نەک هەر بڵێین کاغەز پڕکردنەوە و چاپ کردنی کتێب بێ.

**ڕامان:** تۆ کاتێک کەسێک بۆ قارەمانی چیرۆکێکی خۆت هەڵدەبژێری، ئەو کارەکتەرەت لەناو واقیعدا هەڵبژاردووە، یان زادەی خەیاڵ بووە، یان وەک خەیاڵ لەناو چیرۆکەکەتدا خولقاندووتە؟

**جەمال بابان:** زۆریان بەرهەمی خەیاڵی خۆمن.

**ڕامان:** ئەگەر زۆری خەیاڵن، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەرەوە.

**جەمال بابان:** (پەڵەهەورێکی چڵکن) وەک پێشتر باسم کرد کە لافاوەکە ڕووی دا باسی یەکێکیان دەکرد، ئەگەرچی قاچێکیشی نەبووە، بەڵام توانیویەتی خۆی و ژن و ماڵەکەی ڕزگار بکات، ئەوە پتر بە خەیاڵ دەرمخستووە.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر لە چیرۆکی تریشدا هەندێک نموونەم بۆ بێنیتەوە.

**جەمال بابان:** لە مامە یارە-شدا دیسان ئەوەم کردووە، هەندێک شتی خەیاڵی خۆم تێخستووە.

**ڕامان:** زۆر چاکە، لەکاتی چیرۆکنووسیی خۆتدا بە یەک جار کە دادەنیشتی چیرۆکەکەت تەواو دەکرد، یان بە چەند قۆناغێک؟ واتە کە ئەمڕۆ ئیشت تێدا کردووە، پاش دوو ڕۆژ بێیتەوە سەری؟

**جەمال بابان:** لەسەر یەکێک لە چیرۆکەکانم تا تەواوم دەکرد دادەنیشتم، هەموو کتێبێکیشم هەر وایە. ئێستا (ناودارانی کورد) بەشی دووەم کە خەریکیم، کاری ترم خستۆتە ئەو لاوە، تەنیا دەمەوێ ئەوە تەواو بکەم، ئینجا بچمە سەر بەرهەمی تر.

**ڕامان:** ئەوە کارێکی زۆر باشە، بەڵام دیارە کتێبی دادوەرییەکەت درێژەی کێشاوە.

**جەمال بابان:** بەشێکم وەرگێڕاوە، زۆریش بەدوای کەرەستەکانیدا دەگەڕام، تەنانەت بە شوێن دادگایی کردنەکەی (شێخ سەعید)دا گەڕام. شێخ سەعیدی تورکیا، ئێستاش دەگەڕێم دەستم نەکەوت.

**ڕامان:** ئەوە بەشێکی لە گۆڤاری ڕۆژی نوێ-دا هەیە، کە ساڵی شەست و نۆ چاپ بووە، گۆڤارەکەی سەردەمی (محەرەم محەمەد ئەمین) و (عەبدوڵڵا میدیا) و (جەمال شاڵی)، لەوێدا بڵاویان کردۆتەوە.

**جەمال بابان:** ئەوەم هەیە، گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)یەکەم هەیە، بەڵام ئەوە هەموو ئەو وردەکارییەی تێدا نییە، بەو وردەکارییەی من دەمەوێ پێش ماوەیەک لە ڕۆژنامەیەکدا دیم، ئەو وردەکارییانە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، بەڵام نووسیبووی بەشی یەکەم.

**ڕامان:** ئیتر بەشی دووەمت نەدی؟

**جەمال بابان:** بە داخەوە نەمدیبیەوە.

**ڕامان:** لەوێ بە تەواوەتی هەیە. ئێوە پێش ڕاپەڕین کارتان کردووە و دوای ڕاپەڕینیش لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریی بوون، ئەگەر باری ڕۆشنبیری پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین هەڵبسەنگێنن، چۆنی دەبینن؟ ئەم دوو دیمەنە، دیمەنی پێش ڕاپەڕین و ئێستا چۆنە، وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون ئەگەر بکرێ ئەو دوو دیمەنە بەیەکتر بەراورد بکەن؟

**جەمال بابان:** ئاشکرایە ئێستا پێشکەوتووترە لە جاران، چاپەمەنییەکان زۆرترن.

**رامـان:** پێـشکەوتنەکـە هی ئەوەیە کـەرەسـتـەی تەکنۆلۆژیا هاتووەتە ناوەوە.

**جەمال بابان:** بەڵام ئەوە نییە کە لەو ئاستەدا بێ.

**رامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی زۆری و بۆری هەیە.

**جەمال بابان:** ئا، ئەرێ وەڵڵا. بە کورتی ئەوەیە.

**رامان:** مامۆستا ئەوانەی هاموشۆی تۆیان کردووە، چ ئەو نووسـەرانەی سـاڵانی زوو، یان ئەو نووسـەرانەی سـاڵانـی دوایـی ئـەوانـەی هـاوڕێـت بـوون و بـە بەهاوڕێیەتییـان ئاسوودە بووی، هەندێک لەو ناوانە کێ بوون؟

**جـەمـال بابان:** من لە بەغـدا هاوڕێم هەبوو، لە سلێمانیش لەوەتەی هاتووەتەوە ئێرە، خوالێخۆشبوو (عومەر عەلی ئەمین)، کە هەر پێکەوە لە ناوەندییەوە تا دوایی قـوتابی بووین هەر هاوڕێ بووین. ئەو لە خورماڵ مامۆستا بوو، من بەڕێوەبەری ناحیە بووم. کە لە بەغـدا هاتمەوە ئێـرە هاتوچۆی دەکـردم و منیش هاوتوچۆم دەکرد. بێجگە لەو (دکتۆر ئیحسان فوئاد) کە لە کۆڕی زانیاری بەغدا بەیەکەوە بووین، یەکەمین یەکێتی نووسەرانی کوردیش ئێمە دامانمەزراند و دوایی کە هەڵبژاردن کرا من بووم بە سەرۆک، خوالێخۆشبوو (دکتۆر ئیحسان فوئاد) بوو بە جێگری سەرۆک، ئینجا (کاکە مەم بۆتانی) بوو بە سکرتێر، ئەوانی دیکەش (دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) و (دکتۆرە نەسرین فەخری) و (دکتۆر مارف خەزنەدار) تێیدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بووین.

**رامان:** کێی ترتان لەگەڵ بوو؟

**جـەمـال بابان:** ئەوانەی بەغـدا هەر ئەوەندە بوون، ئەوەی ئێمە ئەمانە بوون کە ناوم هێنان. بیرم کەوتەوە (خالید دلێر)یش بوو، بەڵام لە ڕاستییدا لەولەبەکەی (کـاکـە مـەم بۆتانی) بوو، بەداخـەوە ئەوە دوو جـارە یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر ئاهەنگ بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانەوە دەگێـڕن، بەڵام کـە ئێـمـە سـاڵی ١٩٧٠ لە بەغـدا یەکـێـتی نووسـەرانمان دامەزراندووە ناوی یەکێکمانیان نەهێناوە، تەنیا ناوی (کـاکـە مـەم بۆتانی) نەبێ. خـەڵکی دیکە ڕێزیان لێ نراوە، دکـتـۆرە فـلان و کێ و کێ و کێ، ئەمـانـە ڕێزیان لێ نراوە، بەڵام هەرگیز بەلای ئێمەدا نەهاتوون.

**رامـان:** ئاخـر ئەوانە ئەندامی لقی نووسـەرانی هەولێـرن، ئەمـان زیاتر ڕێز لە ئەندامـانی لقی هەولێـر دەنێن.

**جـەمـال بابان:** قـەیناکـە، بەڵام ئاهەنگەکـەیان بە چ بۆنەیەکەوە بووە؟

**رامان:** بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەری کورد بووە لە ١٠ی شوباتی هەموو ساڵێک.

**جەمال بابان:** لە ساڵی ١٩٧٠

**رامان:** بەڵێ.. بەڵام ئیشی ئەوان تەنیا لقی هەولێرە، ئەوان مەڵبەندی گشتی نین.

**جەمال بابان:** ئەوە شتێکی مێژوویی‌یە، نابێ ناوی ئێمە بسڕنەوە و خەڵکی تر ڕێزیان لێ بنرێت، مەبەستم ڕێز لێ گرتن نییە، من پێویستم بەوە نییە، بەڵام خەڵکی دیکە سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕێزیان لێ نراوە کە پێوەندییان بە باسەکەوە نییە.

**رامـان:** ئەگـەر ئەوانەی بناغـەکـەیان داناوە ڕێزیان لێگیرابێ، ئەوە هەقی خۆتە و نابێ ئێوەش لەبیر بکرێن.

**جەمـال بابان:** من بە کـاک نەوزاد عـەبدولعـەزیز-م گـوت، کـە لە وەزارەتی ڕۆشنبیـری ڕاوێژکـارە، تەنانەت موزەکەرەیەکیشم نوسیوە کە هاتم بۆ هەولێر دەیدەم بە کاک (فەلەکەدین کاکەیی).

**رامـان:** تۆ پێت وایە ئەو یەکـێـتی نووسـەرانە کـە لە سـاڵی ١٩٧٠وە، یان باشـتـر وایە بڵـێین لە سـاڵی ١٩٦٩وە یەکـەم جـار دامـەزراوە و پاشـان لە سـاڵی ١٩٧٠وە کـەوتۆتە جـموجووڵ و چالاکی، ئەم ڕێکخـراوە ئەدەبی و ڕۆشنبـیـرییـە توانیـبـێـتی خزمـەتێ بە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بکات؟

**جەمـال بابان:** بەڵێ کـردوویە، بە پێی توانای ئەوکـاتە کردوویەتی. بە گوێرەی ئەو توانایەی کە هەبووە خزمەتیان کـردووە، چونکە بەهۆی ئەوەی لە دوایـیـدا نەک هەر لە بەغدا، بگرە هاتە شـارەکـانی دیکەش، لە سلێمـانی، لە هەولێـر، لە دهۆک، لە کـەرکـووک، لە هەمـوویانـدا بڵاوبووەوە و چالاکی نواند، ئەی ئەوە خزمەت نییە؟

**رامان:** چالاکی کـۆڕ گـرتن و سیـمینار و چاپ کـردنی گـۆڤـارەکـەیان بەردەوام بوو. تۆ دەمـێکە خـەریکی نووسینی، پێت وانییە ئەوەی تا ئێستا نووسیوتە لە چاو تەمەنی نووسینت کـەم نییـە؟ تۆ پێت زۆرە، یان کـەمە؟ چۆنی تێدەگەی؟

**جەمال بابان:** من بە باشی تێدەگەم، چونکە تا ئێسـتا لەو بوارانەی باسم کـردن سی و دوو کـتـێـبم بە چاپ گـەیاندووە. ئەوەش تەنیـا لە بوارێکدا نەبووە، بگرە

لەبواری چیرۆک، یان بولدانیات، یان مێژوو، یان لێکۆلینەوە و ئەوانە، سی و دوو کتێبم هەیە. بە گوێرەی تەمەنم و توانای خۆم لێی ڕازیم.

**ڕامان:** سەرەتا بۆ نووسینت هەڵبژارد، بۆ شتێکی ترت هەڵنەبژارد؟ هەر بە ڕێککەوت و ئەو کتێبخانەیەی باپیرت هۆیەکە بووە؟

**جەمال بابان:** ئەو کتێبخانەیە و ڕادیۆی بەغداش بوو.

**ڕامان:** ئەوەش کاریگەریی لەسەرتان هەبوو؟

**جەمال بابان:** ئەرێ وەڵڵا زۆر کاریگەری هەبوو.

**ڕامان:** لە لای تۆ پەیامی نووسین چییە؟ تۆ بە چ ئامانجێک خەریکی نووسین بووی؟

**جەمال بابان:** پەیامی نووسین دەڵێ تۆ هەموو شتێک واز لێ بێنە، کتێب بخوێنەرەوە، کتێب خوێندنەوەش لە نووسینەوە پەیدا دەبێ، یان نووسین لەکتێب خوێندنەوەوە پەیدا دەبێ. من بڕوا ناکەم شتێک هەبێ نرخی لەوە زیاتر بێ.

**ڕامان:** نووسینیش بۆ خۆی خزمەت و پەیامێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوە.

**جەمال بابان:** نووسین ئەنجامی خوێندنەوەیە. نووسین هەموو شتێک دەگەیەنێ و بۆ هۆشیارکردنەوە و خزمەت کردنی میللەتە، بۆ مێژووە، بۆ فۆلکلۆرە، بۆ هەموو ڕووەکانی ژیانە.

**ڕامان:** بیروڕایەک هەیە دەڵێ ڕۆشنبیری کوردی، ڕۆشنبیرییەکی وابەستەیە، لێرە لە عیراق، یان لە سوریا، ڕۆشنبیری کوردی وابەستەیە بە ڕۆشنبیری عەرەبەوە، لە ئێران وابەستەیە بە ڕۆشنبیری فارسەوە، لەتورکیا وابەستەیە بە ڕۆشنبیری تورکەوە، ئەم کاریگەرییە زۆر بەسەرماندا زاڵ بووە، ئەمە وای لێکردووە ڕۆشنبیری کورد بکەوێتە بن دەست و پێی ئەم ڕۆشنبیرییەی سەردەستە و میللەتی زاڵ، تۆ بیروڕات چییە؟ ئێمە ئەگەر بمانەوێ ناسنامەی خۆمان لەوان جیابکەینەوە و سەربەخۆیی خۆمان هەبێ چی بکەین باشە؟

**جەمال بابان:** من دەڵێم ئەوەی دەیفەرمووی شتێکی سروشتییە، ئێستا لە تورکیا (یەشار کەمال) پەیدا بووە دەپرسین: چۆن (یەشار کەمال) پەیدابوو؟ ئاشکرایە تورکیا دەوڵەتێکی پێشکەوتووە، لە بواری ڕۆشنبیری و هەموو ڕوویەکی ڕاگەیاندنەوە تورکیا پێشکەوتووە، کاتی خۆشی تەنانەت لەسەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانیشدا، لەو وەختەدا کە پیاوێکی وەکو (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد) چووە تورکیا، پیرەمێرد پێگەیی. ئەو ڕۆشنبیرییەی لەوێ وەریگرتبوو، یان ئەو سەرچاوەیەی لەوێ دەیخوێندەوە و لەگەڵ خۆی هێنایەوە، کردییە ئەو پیرەمێردی کەوا هەموومان دەیزانین، ئەمە لەوێ، دەی باشە لای فارسەکان، ئەو کوردانەی کە لەوێوە، هاتوونەتە کوردستانی لای خۆمان دەبینی ئەم توانا گەورەیەیان هەیە و پێشکەوتوون، من ئەوە لە ناوچەوانی ڕۆشنبیریی فارسییەوە دەبینم، هەروەها ئێمەش کەڵکمان لە ڕۆشنبیریی عەرەبی وەرگرتووە، بەڵام سوود لە ڕۆشنبیریی دەرەوەش دەبینین، هینی ئەوروپا و ئەمریکا و...

**ڕامان:** ئەوەی کە پێوەندی بەخۆمانەوە هەیە، مافێکی ڕەوایە سوود لە کولتووری دەوروبەری خۆمان وەربگرین، بەڵام سیاسەتی کولتووری ئەو نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، سیاسەتەکەیان بەرانبەر بە ڕۆشنبیریی ئەو میللەتانەی ژێر دەستی خۆیان، سیاسەتی تواندنەوە بووە لەناو ڕۆشنبیریی خۆیاندا، واتە سیاسەتی لە قاڵبدان و پەراوێز خستنە، ئەوەی ئێمە دەیکەین بە نییەتێکی پاک و شارستانیانەی سوود وەرگرتن بووە، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیکەن نییەتییان بەرانبەر بە ئێمە پەراوێز خستنی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرانی کورد بە غەرەزی توانەوە بووە، تۆ بۆ ئەمەیان چی دەڵێی؟

**جەمال بابان:** ئەمە ڕاستە بووە، ئێمە وەک میللەتێکی ژێردەستە ئەم بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەیەمان هەبووە. بە گوێرەی کات و بارودۆخەکە هاتووە و ڕۆیشتووە، لە کوردستانی گەورەدا بە شێوەیەکی گشتگیر، چ لە کوردستانی تورکیا، چ لە ئێران، چ لە عێراق، چ لە سووریا، ئەمە ڕاستە بووە، ئەوەش وا لە میللەت دەکات، خۆی بەرهەم و داهێنانی هەبێ و خۆی دۆزینەوەی هەبێ.

**ڕامان:** ئەی بەڕای ئێوە ڕۆشنبیری کورد چەند لە ئاستی ڕووداوەکان و لە ئاستی کێشەی میللەتەکەی خۆیدا بووە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد، توانیویەتی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی بەپێی پێویست جێبەجێیان بکات؟

**جەمال بابان:** بە ڕای من نەخێر.

**ڕامان:** بۆ؟ هۆیەکەیمان بۆ باس بکە.

**جەمال بابان:** ڕەنگە هۆیەکەی سیاسی بێ، پێش ئەوەی هەر هۆیەکی تر بێ. بەداخەوە ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی کورد هەریەکەیان خۆیان بەلایەکەوە بەستۆتەوە، لەبەر ئەوە ئەو ڕۆڵەی دەیبینن، ڕۆڵێکی واقیعی نییە، بۆ

ئەوەی ئەو بەرژەوەندییەی خۆیان پێوە بەستۆتەوە لە کیسی نەدەن.
**رامان:** تۆ پێت وایە نووسینەوەی یاداشت شتێکی گرنگ بێ؟
**جەمال بابان:** بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا زۆر گرنگە.
**رامان:** ئەی ئێوە لەگەڵ یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆتان چیتان کرد؟
**جەمال بابان:** نووسیومەتەوە و چاپیشم کردووە، چونکە نووسینەوەی یاداشت پێویستە، ئێستا من یاداشتی خۆم بنووسمەوە، تۆ هی خۆت بنووسیتەوە، هەرکەسێ توانای هەیە یاداشت بنووسێتەوە با بینووسێتەوە، ئەم یاداشتانە هەموویان کۆ بکەینەوە، مێژووی لێ دەردەچێ، فۆلکلۆری لێ دەردەچێ.
**رامان:** بەشێکی زیندووە لە مێژووی میللەتەکە.
**جەمال بابان:** بەڵێ، بەڵێ.
**رامان:** مێژووی کەسەکان مێژووی میللەتەکەیە. ئەی گۆشەگیربوون، یان چوون بۆ ناو ڕێکخراوەکان و ئەندام بوون لە زۆرێک لەو ڕێکخراوانە بە پێویست دەزانی؟ یان پێویستە نووسەر لە هەموو ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەکاندا ببینرێت؟ بۆ نموونە تۆ لەو ڕووەوە پێت خۆشە لەو ڕێکخراوانە بە دوور بیت، یان زۆر بچیتە ناویانەوە و وەک کەسێکی کۆمەڵایەتی دەربکەویت؟
**جەمال بابان:** بەش بەحاڵی خۆم دەمەوێ گۆشەگیر بم، لەبەر ئەوەی ئەو باسوخواسانەی لەو کۆبوونەوانەی ئەم ڕۆژانەدا دەگوترێن و دەبیسترێن هیچیان واقیعی نین، هەمووی بەرتیلە بە بەرپرسان و کاربەدەستان دەدرێن، ئەگینا ئەوە شتێکی باشە، واتە کۆبوونەوە و سیمینارێک دەبێ، پیاو ئامادە بێ چاکە، بە مەرجێ شتەکە بەرتیلدان نەبێ.
**رامان:** ناکرێ تۆ لەو شوێنانەدا ئامادەبیت هەبێ و قسەی خۆت بکەی؟
**جەمال بابان:** نەخێر ناتوانم.
**رامان:** ناتوانی لەبەر ئەوەی ڕەنگە باج و گومرگی بەدواوە بێ؟
**جەمال بابان:** بەڵێ تۆ بوارت نییە. ئێستا من لێرە گۆشەگیرم زۆر شت لەدڵمدا هەیە، بەڵام ناتوانم بیانڵێم، چونکە دەزانم لە ئەنجامدا خراپ لەسەرم دەشکێتەوە، وەنەبێ لەوەش بترسم چونکە من تەمەنێکم بەسەر بردووە، چیم لێ دەکەن؟ بەڵام دەزانم سوودی نابێ، ئەوانە پەرژینێکیان لە دەورە ناتوانی لێیان بچیتە ژوورەوە، کەوابوو من تاکەکەسێکم لەناو هەزاران کەسدا، چیم پێدەکرێ؟
**رامان:** مەبەستت وایە تووشی جۆرێک لە بێ ئومێدی بووی؟
**جەمال بابان:** بەڵێ.
**رامان:** تۆ هەست دەکەی ئەگەر قسەش بکەی ڕێزی لێناگیرێت و جێ ناگرێ. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی دەتاننووسی، هاوڕێیەتیتان لەگەڵ خەڵکی بەناوبانگ و نووسەرانێک کردووە کە جێ دەستیان دیاربووە، ئێستا باسی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)ت کرد، ئەی خەڵکانی تر کە لەو ئاستەدا بووبن و ئێوە پێوەندیتان لەگەڵیان هەبووبێ کێ بوون؟
**جەمال بابان:** وەڵڵاهی کەسانێک هەبوون...
**رامان:** بۆ نموونە (تۆفیق وەهبی)، ئەو پیاوانەی کە لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا گرنگن.
**جەمال بابان:** ئاخر (تۆفیق وەهبی) لێرە نەبوو لە لەندەن بوو، من چوومە خزمەتی.
**رامان:** لە بەغدا وەختی خۆی فریای نەکەوتی، نەتبینی؟
**جەمال بابان:** لە بەغدا نەوەڵڵا، خۆت دەزانی دوای شۆڕشی تەمووز، ئیتر ئەوان هەموویان ڕۆیشتن.
**رامان:** ئەی لە نزیکەوە برادەرایەتی و دۆستایەتیت لەگەڵ کێدا هەبووە و توانیوتە هاوڕێیەتی لەگەڵدا بکەیت و سوودیشت لێ وەرگرتبێ؟
**جەمال بابان:** وەڵڵاهی من کێ بڵێم.
**رامان:** بۆ نموونە باسی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ت کرد، کە کتێبت بۆ ناردووە، ئەو دۆستایەتییە دیارە هەبووە، ئەمە چۆن بوو؟
**جەمال بابان:** بەڵێ لەگەڵ (عەلائەدین سەجادی)، لەگەڵ خوالێخۆشبوو (ناجی عەباس) و (دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی)یدا ئەو پێوەندییە هەبوو، بێجگە لە (ڕەفیق حیلمی) خۆی.
**رامان:** لەگەڵ شاعیرەکان (گۆران) و ئەوانی دی نێوانت چۆن بوو؟
**جەمال بابان:** بەخوا لە یەکەوە دوور بووین، چونکە ئەو پێش من بوو، دوایی من لە بەغدا بووم، (گۆران) لە سلێمانی بوو، گۆران-یش خۆت دەزانی ڕایەکی تایبەتی

هەبوو، وەنەبێ من دوژمنی ئەو بیــروڕایە بووبم، بەڵام ڕێکنەدەکەوت بەیەکەوە کۆببینەوە. ئەوانەی لەم دواییەدا بەیەکەوە بووین، (دکتـۆر کەمـال مـەزهەر)، (دکتـۆر ئیـحسـان فـوئاد)، (حـەمـەی مـەلا کـەریم)، (مـەلا عـەبدولکەریمی مودەڕیس) بوو، کە چەند جار چوومەتە خزمەتی.

**ڕامان:** لە ساڵانی چلەکان و پەنجایەکانی سلێمانیدا نووســەری باش هەبوون وەک مـامـۆسـتـا (عـەبدوڵڵا جەوهەر) و ئەوانەی کە لە گۆڤاری گەلاوێژ نووسیویانە، تۆ هیچ دۆستایەتیت لەگەڵ ئەوانەدا هەبوو؟

**جەمـال بابان:** نەوەڵڵا لەگـەڵ (عەبدوڵڵا جەوهەر)دا هەر لە دوورەوە سلاومان هەبوو، دەنا بەدانیشتن نەبووە.

**ڕامــان:** ئەی سـاڵانی پەنجـاکـان و شـەسـتـەکـان کەشـوهەوای ڕۆشنبیـریی چۆن بوو؟ یان با بڵـێین لەناو نووسـەرانی ئەوکـاتەدا چ تەقـالیـدێک سـەرنجی تۆی ڕاکێشابوو، کە ئێستا لەناوەندی ڕۆشنبیریدا نەمابێ؟

**جەمال بابان:** نازانم بڵێم چی، چونکە ئەوکاتە لەشار نەبووم، من بەڕێوەبەری ناحیە بووم.

**ڕامــان:** دووراو دووریش بەدواداچوونت نەکــردووە، بزانی ئەو بارودۆخە چۆن بووە؟

**جەمـال بابان:** کە دەهاتمەوە ئەوەی کە دەمـدی (مـەلا نەجمەدین) بوو، دەچووم بۆ لای، زۆرم خۆش دەویست.

**ڕامان:** کەوایە باسێکی ئەومان بۆ بکە.

**جەمـال بابان:** لە ڕاسـتـیـدا (مـەلا نەجـمـەدین) زۆر ئیخلاسی هەبوو بۆ من و منیش زۆر ڕێزم دەگرت. هەموو جارێک کە دەهاتمەوە سلێمـانی دەچوومە لای (ئۆفیک)، ئۆفیک کـابرایەکی ئارەق فرۆش بـوو، دەچووم دوو دینار، یان سێ دیناری ئەو کاتەم لادادەنا، دیناری ئەوکاتە زۆر بوو، دەمگوت ئەمە بۆ مـانگەکە (مەلا نەجمەدین)ی پێ داپۆشـە. ئیـتـر هەمـوو ڕۆژ ئەو دەچوو چارەکێ ئارەقی دەخـــواردەوە. ڕەنگە ئەو سێ دینارە بەشی پازدە ڕۆژی (مـەلا نەجـمـەدین)ی بکردایە، بەڵام لەدواییدا دەچوومـە قوتابخانەی کەشتی نووح و لەوێ بەیەکەوە دادەنیشتین، تەنانەت جارێک وتی با بە یەکەوە بچین بۆ قـەڵاچوالان بۆ ئەوەی گۆڕی بابانەکانی باپیرت بۆ دەستنیشان بکەم، ئەمـە دنیـایە، ئەم کـێلە قـەبر و گۆڕانە دەفەوتێن، تۆش هەتا لە توانادایە پارێزگارییان لێ بکە بۆ ئەوەی ئاکام نەفـەوتێن. چووین بۆ قـەڵاچوالان، یەکـەیەکـە گـۆڕەکـانی پیشان دام. ئیتر من ئەوکاتە لە بەغدا بووم، گەڕامەوە بۆ بەغدا و نەمتوانی بێم بۆ ئێرە و بچم ئەوە بکەم، تەنانەت توانایشی دەویست، ئەو توانایەشم نەبوو.

**ڕامان:** ئێستا ئەو گۆڕانە دەناسیتەوە؟

**جەمـال بابان:** نەوەڵڵا ئێـسـتـە نایاننـاسـمـەوە. دوێنێ لەوێ بووین نەمناسینەوە.

**ڕامان:** مـامـۆسـتـا (نەجـمـەدین مـەلا) خـۆی لە کـوێ زانیبووی ئەم گۆڕانە هی ئەوانە؟

**جەمال بابان:** ئەو دەچێتە سەر مەلایەک کە پێشنوێژ و وتارخوێن و بەرنوێژی مزگەوتێ بووە لە قەڵاچوالان، واتە باووباپیرانی لەوێ بووە.

**ڕامـان:** تۆ وەک کـەسـێک کـە شـارەزاییت لە بواری مێژوودا هەیە، بە بۆچوونی خۆت کێت پێ مێژوونووسە؟

**جەمال بابان:** (حوسێن نازم).

**ڕامـان:** ئەو هەڵوەـرجـەی لەو مـێـژوونووسـەدا هەیە چییە؟

**جەمـال بابان:** ئەو زمـانی زانیـوە، فـارسی و تورکی و کــوردی و وابزانم عــەرەبیــشی زانیــوە، لەبەر ئەوە ئەو سەرچاوانەی ئەو کۆی کردوونەتەوە گرنگ بوون. بێجگە لەو خوالێخۆشبوو (حوسێن حوزنی موکریانی)، لەو شاخ و بەرد و کـێـوەی ڕەواندزدا، بەو چاپخـانە شـڕەی ئەو هەمـوو کتێبە جوان جوانانەی چاپ کرد و بڵاوی کردنەوە کە هەرگیز بەهای تەواو نابێ، ئینجا (ڕەفیق حیلمی).

**ڕامان:** مەبەستت یاداشتەکانی ئەوە.

**جەمـال بابان:** ئەوە (ئەمین زەکی بەگ) کـە لە ژوور هەموویانەوەیە.

**ڕامــان:** مــێــژوونووس چ بارودۆخــێـک دەیکا بە مێژوونووس، بۆ نووسینی مێژوویی باوەڕ پێکراو، چونکە وەک خۆت دەزانی مێژوو ئەوە نییە خەڵک لە خۆوە شت بنووسێ، دەبێ بەڵگە و دۆکـیـۆمـێنتی باوەڕپێکراوی هەبێ. ئێوە لەکـاتی مـێـژوونووسیندا، پرسیـارەکـەم دوو بەشـە، بەشێکی ئەوەیە مـێـژوونووس چ بارودۆخێک، چ هەڵومـەرجـێک دەیکا بە مـێـژوونووس، بەشی دووەمی پرسیارەکەم ئەوەیە مێژوونووس پشت بە چ کەرەستەیەکی باوەڕپێکراو دەبەستێ؟

**جەمـال بابان:** سـەبارەت بە پرسـیـاری یەکـەم کـە چ هەلومـەرجێک دەیکات بە مێژوونووس، ئەوە ئاشکرایە خـوێندنەوەی زۆری کـتـێـبی مـێـژوویی دەیکات بە مـێژوونووس، جگە لەوە ئەو شـتـانەی کـە لەدەوروپشـتی خۆی دەیانبینێ، تەنانەت کارکردن بەشێوەی مـەیدانی،

واتە خەڵک قسەت بۆ بکا، ئینجا کتێب، ئینجا پشت بەستن بە ڕووداوەکان، ئەمانە هەموویان بەسەریەکەوە وات لێدەکەن ببی بە مێژوونووس، بەتایبەت ئەگەر ئەو توانایەت هەبێ، ئەوە وات لێ دەکا ببیتە مێژوونووسێکی باش.

**ڕامان:** واتە ئیشی مەیدانی بۆ مێژوونووس گرنگە، بیرەوەری پیرەمێردەکان و بەساڵداچووەکان گرنگە، دواتر ئێمە وەک کورد زۆر بایەخمان بە پاراستنی بەڵگەنامەکانیشمان نەداوە.

**جەمال بابان:** زۆر بەداخەوە.

**ڕامان:** زۆریشی لێ فەوتا، زۆری لێ سووتا، بە تایبەتی دەستنووس و کتێبەکانی کتێبخانەی بابانەکان. وەک کەسێک کە حەزت کردووە مێژووی کورد بخوێنیتەوە و ناوی کۆمەڵێکیشت لێ هێنان، ئایا بەپێی پێویست خزمەتی مێژووی کورد کراوە؟

**جەمال بابان:** ئەوەش بۆ بارودۆخی کوردوکوردستان دەگەڕێتەوە، ئایا چەند یارمەتیدەر و لە بار بووە بۆ ئەوەی مێژوونووس، مێژووی میللەتەکەی بنووسێتەوە. تەنیا ئەوەی توانرابێ کراوە، یەکێکی وەک (ئەمین زەکی بەگ) ئەو مێژووەی کە نووسییەوە، دوایی پێش ئەوەی چاپی بکات، لە تورکیا لە ماڵێکدا دابینابوو، نازانم لە ئەستەنبوڵ بووە، یان لە ئەنقەرە، دوایی خانووەکە سووتاوە و ئەو هەموو ڕەنج و ماندوو بوونەی کە لە چەندین سەرچاوەوە هەڵێنجا بوو، هەموویان سووتان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوە کۆڵی نەدا، جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە، هەتا ئەم کتێبە نایابانەی لە بابەت مێژووی کوردەوە چاپ کرد.

**ڕامان:** وەک ئێوە دەزانن لە قۆناغە جیاجیاکاندا کە کوردی پێدا تێپەڕیوە زۆرجار هەوڵی نووسینەوەی مێژوو دراوە، بەڵام زۆر بە پچڕ پچڕی نووسراوەتەوە، هەندێک شوێنی ئەو مێژووە هەیە، بەڵگەنامەی زانستی و پێویست بۆ پاڵپشتی کردنی بیروڕایەکان لە ئارادا نەبووە، ئێستا کە کورد سەرچاوەی زۆرتری لەبەردەستدایە و خەڵکێکی زۆرمان زمان دەزانن، دۆلاب و خەزانەی وڵاتانی دەوروبەر و ئەوروپاش بۆ گەڕان و کنە کردن لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا خراوەتە سەرپشت، ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە مێژووی کورد سەرلەنوێ بنووسینەوە؟

**جەمال بابان:** بەڵێ کاتی هاتووە، بەڵام ئەوەی ئێستا بتوانێ هانی ئەم نووسینە بدات زیاتر دەسەڵاتە، چونکە ئەو کارە بە تاکەکەسێک ناکرێ.

**ڕامان:** دەبێ لیژنەیەیەکی بۆ دابنرێ.

**جەمال بابان:** بەڵێ دەبێ لیژنەیەکی بۆ دابنرێ، ئەو لیژنەیە تا ئێستا دانەنراوە، تەنانەت ئێمە کوردییەکەمان، یەکگرتوو نییە و نەکراوە بە زمانێکی پاراو، من خۆم لە کۆڕی زانیاری بەغدا ئەندام بووم، چەندین کتێبمان لەم بارەیەوە نووسییەوە، بۆ ئەوەی وشەی هەموو لایەک یەکگرتوو بێ، ئەکادیمیا کوردی لە هەولێر هەیە، تا ئێستا هەر هیچی دیار نییە و هیچی نەکردووە، لەوانەشە کردبێتی، بەڵام دەرەنجامێک دیار نییە، کەواتە هیچی نەکردووە.

**ڕامان:** مەبەستتە بڵێی کارەکانی کاریگەر نەبووە.

**جەمال بابان:** لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس هاتوون ئیشیان کردووە، بەڵام لە ئاستی چاوەڕوانی کورددا نییە.

**ڕامان:** تۆ لە کۆڕی زانیاری عیراق «دەستەی کورد» ئیشت کردووە و دەمێکیشە بە کوردی دەنووسی و بە کوردی دەخوێنیتەوە، بۆ یەکگرتنەوە و نووسین بە زمانێکی کوردی ئیستاندارد و یەکگرتنەوەی ئەم زاراوانە چی بەباش دەزانی کە پەسەند و عەمەلی بێ و هەموو ئەوانەی ئەم شێوەزارانە بەکاردەهێنن بە پەسەندی بزانن؟

**جەمال بابان:** ئەم دەسەڵاتەی خۆمان هات قەیناکە ئەکادیمیای دانا، لەوەو پێشیش کۆڕی زانیاری، واتە ئەکادیمیا لە بەغدا هەبوو، ئەو هەموو هەوڵانە دران، بەڵام تا ئێستا نەهات لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەو زاراوانەی هەیە دابنێ، من نامەوێ ئەو کوردییەی ئێستا هەیە و هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێ، هەمان ئەو کوردییە بەو جۆرە بەکار بێنم، چونکە بنەمایەکی نییە، زۆریش شتی هەڵەی تێدایە، بۆیە دەبوایە دەسەڵات دەستی پێ بکردایە، ئێستاش بوار هەیە دەست پێبکات. چ بۆ زمانی یەکگرتوو، چ بۆ مێژوو، چ بۆ شتەکانی تر، ئەگەر ئێستا نەکرێ ئەی کەی ئەمە دەکرێ؟

**ڕامان:** تۆ لە بواری چیرۆکنووسیدا کارت کردووە، جگە لە بیرەوەری و یاداشت نووسینەوە، هەوڵت نەداوە ئەزموونی خۆت لە بواری چیرۆکنووسیدا بنووسیتەوە؟

**جەمال بابان:** نەوەڵڵا چونکە ڕووم کردە شتی تر، وەک بڵێی ئەوەم پشتگوێ خستووە.

**ڕامان:** من پێم باشە، ئەمەش وەک پێشنیار دەڵێم ئەگەر لێم وەربگریت، لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر

بایەخ بە یادداشت نووسینەوەی خۆت بدەیت وەک پێشتریش بایەخت پێ داوە، ئەزموونت بە تایبەتی لە بواری چیرۆکنووسیدا بنووسیتەوە، کە زۆر گرنگە بینووسیتەوە.

**جەمال بابان:** ئیتر بزانین چۆن دەبێ.

**رامان:** هیوادارم لەش ساغ و تەمەن درێژ بی بۆ ئەوەی ئەو کارەمان بۆ بکەیت. هەرچەندە خۆت بە رۆژنامەنووس نازانی، بەڵام پێم خۆشە بزانم خۆ خەریک کردنت بە رۆژنامەنووسی، حەزوخولیا بووە، یان ئەوەتا هی ئەوەیە کاتێکی پێ بەسەر ببەی و خۆتی پێ سەرقاڵ بکەی؟

**جەمال بابان:** من وەک رۆژنامەنووس لەچییەوە دەستم پێکرد؟ ئەوە بوو کە بووم بە بەڕێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی لەوێ دەردەچوون وەک رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان، بەڕێوەبەری گشتی دەبوو بە سەرنووسەری هەموویان، کارەکەی من هەر لەوەوە دەستی پێکرد، خۆشم کە بە یەکجاری هاتمەوە سلێمانی، لێرە بیرم لەوە کردەوە گۆڤاری بابان دەربکەین.

**رامان:** خوالێخۆشبوو (دکتۆر ئیحسان فوئاد) لەماڵی خۆیان چەند ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەی دامێ.

**جەمال بابان:** گۆڤاری سلێمانی.

**رامان:** نەخێر گۆڤاری بابان.

**جەمال بابان:** جا چەند ژمارەت نوقسانە پێم بڵێ من بۆتی تەواو دەکەم.

**رامان:** بەڵێ کە تەواو بووین قسەیەک لەو بارەیەوە دەکەین. پرسیارەکەم ئەوەبوو، ئەو گۆڤاری بابانەت حەز و خولیایەکی رابردوو بوو زیندوو کرایەوە، یان هەر بۆ ئەوەت بوو تۆزێک خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەی؟

**جەمال بابان:** لە راستیدا بۆ رۆژنامەوانی نەبوو، بۆ ئەوە بوو زیاتر لە مێژووی بابانەکان بکۆڵێتەوە و لەناو ئەو هەموو گۆڤار و رۆژنامانەشدا کە دەردەچن، لای ئێمەش بەردەوامییەک هەبێ.

**رامان:** ئەمەش تەنیا باکگراوەند و هۆکارێکی مێژوویی لە پشتەوەیە.

**جەمال بابان:** زیاتر مێژوویی بوو، نەک رۆژنامەوانی.

**رامان:** تۆ ماوەیەکی باش بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هاوکاری بووی لە بەغدا، من ئاگادار بووم رۆژنامەنووسێکی زۆر لەبەردەستت بوون، پرسیارەکەم ئەوەیە: رۆژنامەنووسی چاک و خراپ چۆن لێک جیا دەکەیتەوە؟ ئایا سەبارەت بە رۆژنامەنووسان رایەکی تایبەتیت لەلا دروست بووە؟ بەرای تۆ و بەپێی ئەو ئەزموونەی لەم بوارەدا هەتانە چاکی و خراپییەکەی بزاڤی رۆژنامەگەریی ئەمرۆکەمان لەچیدا دەبینی؟ چۆن رۆژنامەنووسی باش لە خراپ جیا دەکەیتەوە و ئەو سیفاتانەی لە باشەکاندا هەیە چین؟

**جەمال بابان:** ئەوەی لە بارەی ئەم بابەتەوە بیزانم هەر ئەوەیە کە چوومە ئەو دەزگایە بە رەسمی پرسیارم لە وەزارەتی رۆشنبیریی کرد، کە هەلومەرجی رۆژنامەنووسی باش چییە؟ ئەمە سەردەمی (حامید جبووری) بوو کە ئەوکاتە وەزیری رۆشنبیری بوو. (حامید جبووری) وەڵامی نەدایەوە. پاشان (تاریق عەزیز) هات ئەو داوایە هەر مابوو، ئەو وەڵامی دایەوە و گوتی: هەر کەس بیەوێ رۆژنامەنووس بێ دەبێ متمانە بکاتە سەرخۆی. ئەمە هەموو وەڵامەکەی ئەو بوو.

**رامان:** واتە باسی ئەوەی نەکرد کە دەبێ ئەو کەسە بروانامەی راگەیاندنی هەبێ؟

**جەمال بابان:** نا هیچ باسی ئەوانەی نەکرد، بەڵام گوتی دەبێ پشت بە خۆی ببەستێت و بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ بیکات، خۆی ماندوو بکات.

**رامان:** ئیتر تۆ لەسەر ئەوە رۆیشتی.

**جەمال بابان:** من خۆم بە رۆژنامەنووس دانەدەنا.

**رامان:** بەڵام بۆ پەیرەوکردنی ئەو قسەیە لەسەر ئەوانەی لە دەزگاکەتاندا بۆ کاری رۆژنامەوانی داتاندەمەزراندن لەسەر ئەوە دەرۆیشتی.

**جەمال بابان:** ئەو کادیرانەی هەمان بوون زۆر بوون، بۆ نموونە یەکێکیان کە لەوێ بوو (مەحموود زامدار) بوو، لەوێ من هەڵەیەکیشم بەرانبەری کرد، لە راستیدا کە چوومە ئەوێ (مەحموود زامدار) مانگانە پەنجا دیناری بۆ بڕابۆوە و ئیشی دەکرد، کە من چووم ئیتر نازانم بە هاندانی خەڵک بوو، چی بوو ئەو بێ ئەقڵییەم بەرانبەری کرد.

**رامان:** دوور لەتۆ، داننان بە هەڵە گەورەییە بۆ ئینسان کە لای ئێمە نەبووە بە عادەت، بگرە ئێمە شانازی بە هەڵەکانمانیشەوە دەکەین. چیتان بەرانبەر زامدار کرد؟

**جەمال بابان:** مووچەکەیم بڕی.

**رامان:** کەمت کردەوە، یان بە تەواوی بڕیت؟

**جەمال بابان:** هەر بە یەکجاری بڕیم. بۆچیش ئەمەم کرد؟ سەیرم کرد ئەوەتەی من لەوێم، نایە بەوێدا و دەوام

ناکـات، مـاوەیەک بـوو لەویٚ بووم، مـەحـمـوودم نەدی، تەنیا یەک جار هات، دوای ئەوەی مووچەکەی بڕا ئینجا هات و کـەوتە دەوام کـردن، لەگـەڵ ئەوەشدا هێشـتـا پێم ناخۆش بوو کە ئەوەم بەرانبەری کرد.

**رامـان:** جـا نوکـتـەکـەی کـاک مـەحـمـوود لای منە با ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە. شەوێکیـان لەگـەڵ کاک مەحموود و چەند برادەرێک چووین بـۆ ئەبوو نـواس دانیـشـین، کـە هاتینە دەرەوە ئۆتۆمـوبیلەکـەی تۆمـان بینی کـە لەوبەری ئێمەوە ڕاوەستـابوو، ئەوسـا ڤالڤـۆیەکت هەبـوو، زامدار قـەڵەم برێکی پیٚ بوو کـە بۆ خـەیار پاککردن و ئەمـانە هەڵیگرتبـوو، کە هاتینە دەرەوە زۆر سەرخۆش بوو، کاتیٚ ئۆتۆمبیلەکەی تۆی بینی قـەڵەم بڕەکەی دەرهێنا دەیگوت ئێـسـتـا دەچم تایەکـانـی ئوتومـبـیلەکـەی دەتـەقـێنم و ئیمپراتۆریەتی بابان دەڕووخێنم.

**جەمال بابان:** (پێدەکەنیٚ) بەخوا هەر ئەوەبوو لە دڵیدا مابوو. (دیسان پێدەکەنیٚ)

**رامان:** دیار بوو ئەوکـاتە ئەوە ڕووی داوە، ئیـتر ئێـمە خستمانە تەکسی و بردمانەوە ماڵەکەی.

**جەمـال بابان:** بابە بـا ئیـمـپـراتۆریەتەکە نەڕووخـێنیٚ، (پێدەکەنیٚ) بۆ خۆی ڕووخاوە..

**رامـان:** قـسـەکـە بـۆ خـۆشی بـوو بۆیە گـێـڕامـەوە، مەحموودیش بۆ خۆی پیاوێکی قسە خۆشە.

**جەمال بابان:** وایە، بەخوا من هەڵەم بەرانبەری کرد.

**رامان:** مامۆستا ئەوە گەورەیی خۆتە، کە ئێستا دان بەو هەڵەیە دادەنێی. تۆ لەو کـاتانەی سـەروکـاری ئەم ئیـشـانەت کـردووە، ڕۆژنامـەی هاوکـاری و گـۆڤـار و چاپەمـەنیـیـەکـانت لـەبەر دەست بوو، چەند هەوڵتـان دا بەهرەی گـەنجـان و لاوان پیٚ بگەیەنن و بیـانهـێننە پێشەوە؟

**جەمـال بابان:** ئەو کـاتە ئێـمـە خولێکمان بۆ گەنجـان کـردەوە، بەتایبـەت بـۆ ئەوانەی دەرچووی زانکۆ بوون. بەشی ڕاگەیاندن ئەگەر کوردی تێدا بوایە هەر زۆر هانمان دەدا بهاتبایە و لەو خولانەدا بەشدار بوایە، ئەو کوردانە هەم خـۆیان سـوودیـان لیٚ دەبینی و هەم سـوودیـش بەوانە دەگـەیشت کـە لە خـولەکـەدا بوون، لەو ڕووەوە بەڵیٚ، بێجگە لەوە وانەبێژمـان دەهێنا کە لەو بوار و بابەتانەدا وانەی دەگوتەوە.

**رامان:** بۆ ئە مەبەستە کوردتان دەهێنا، یان عەرەب؟

**جـەمـال بابان:** بەزۆری عـەرەب بوون، بەخـوا کـورد نەبوو، کەسێکی وامان نەبوو.

**رامان:** بەشدارانی خولەکان سوودیان لیٚ وەرگرتن.

**جەمال بابان:** زۆر سوودیان لیٚ وەردەگرت.

**رامان:** ئەی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیت بۆ لاوەکانی ئەمڕۆ چییە؟ تۆ کەسێکی ئەزموونێکی دوورودرێژت لە بواری نووسـیندا هەیە، ئەو لاوانە چی بکەن باشـە بۆ ئەوەی ڕێگای دوور و درێژیان بۆ کورت بکەیتەوە؟ بۆ نموونە ئەو شتانەی تۆ پێشـتر ویستووتە بیانکەیت، ئەگەر یەکێک بێت و پێت بڵیٚ ئەو ڕێگایە دوورودرێژە و مـەیگرەبەر، ئەمـەیان بگریـتـەبەر ئاسـانتـرە و زووتر ڕاسـتـیـیـەکـانی نووسین و خـوێندنەوە بە دەست دەهێنی، ئێـسـتـا ئەگـەر بتـەویٚ ئەو ڕێگە دوورودرێژەیان بـۆ کـورت بکەیتـەوە چییان پیٚ دەڵێیت؟

**جەمـال بابان:** بیٚ گـومـان هەندێک شت هەن، گـاندی هەندێک ئامۆژگاری بۆ میللەتەکەی دانابوو، ئەوە حەوت بڕگـەیە، بەڵام هەر بڕگـەیەکی کتـێبـێکە، دنیـایەکـە، من دەڵێم ئەو گـەنجـەی دەیەویٚ پێـشـکەویٚ لەپێش هەمـوو شتێکدا دەبیٚ دڵسۆزی تێدا هەبیٚ و ڕاست بیٚ، ئیشکەر بیٚ، نەک پشت بە کـەسـانی دی ببـەسـتـێت، یان لە پەراوێزدا بژی، ئینجـا ئەو شـتـانەی دەیەویٚ بیـانکات بەدواداچوونیـان بۆ بکات، دواتر دێتـە سـەر پرسی خـۆ ڕۆشنبـیـرکـردن کـە بۆ ئەوەی خـۆی پیٚ بگەیەنیٚ زۆر بخوێنێتەوە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ڕاستییە، ڕاستی و دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەری، من ئەوانەم لەلا گرنگن، بەداخەوە ئەم نەوەیەی ئێستا نەختێک غـەسارده، نەک نەختێک بەخوا زۆریش بیٚ باکن. نەوەی ئێستا کامیان بە تەواوەتی مێژووی کوردیان خوێندۆتەوە؟ حزبییەکانی لیٚ دەرکە، حزبییەکانیش هەندێکیان پشت بە کـەسانی دی دەبەستن، واتە شتـەکـان دەجوونەوە، ئەگینا کـامیـان نووسـینێکی وایان هەیە سـەرنج ڕابکێـشیٚ، کـوڕە هەندێکیان هەر عەرەبیش نازانن، ئەویش گوناهی خۆیان نییە کە عـەرەبییەکە نـازانن، ئەم بارودۆخە وای کردووە عـەرەبیـیـەکـەیان لیٚ دوور بخـرێتـەوە، هیچ زمـانێکی دیکەش نازانن.

**رامان:** بەکوردیش ناخوێننەوە.

**جەمـال بابان:** کـوردییـەکـەشیـان تێک داوە، باشـە لە عـەرەبیٚ دوورکەوتوونەتەوە، ئەوە کـارێکی باشە؟ نەوەڵڵا ملی ئەو قوربەسەرانەی پیٚ دەشکیٚ.

**رامـان:** ئاشکرایە من لە قـسـەی تۆ وا تێـدەگـەم کـە

مـەبەسـتت هەمـوو گـەنجـەکـان نیـیـە، چونکە لەناو گەنجەکانیش کەسانێک هەن دەخوێننەوە و خۆیان پێ دەگـەیەنن، ئایا تۆ نـووسـینی ئەو لاوانەی خـۆیان پێ دەگەیەنن و خۆیان ڕۆشنبیـر دەکـەن دەخوێنیـتـەوە؟ ئایا کـەسـێک هەیە لەناویاندا سـەرنجی تۆی ڕاکـێـشـابێ، دەتوانی ناویمان پێ بڵێی تا بزانین کێت پێ باشە؟

**جـەمـال بابان:** بەخـوا ئەو (بەخـتـیـار عـەلی)یەم پێ باشە.

**ڕامان:** بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە؟

**جـەمـال بـابان:** بەڵێ دەیانخـوێنمـەوە، بەو ڕۆژگـارە بەرهەمەکانی دەیخوێنمەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی دی کە دەنووسن چۆنن؟

**جەمال بابان:** زۆریان دەخوێنمەوە. ناڵێم کاتم نییە بۆ شتـی تر، لەبەر ئەوەی من دەچم ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـان دەکرم، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی تر بێجگە لەوەی هەمـوو ڕۆژێ ئەو سێ ڕۆژنامـەیەم بۆ دێ، ئەوانە دەخـوێنمـەوە، سەیر دەیانخـوێنمـەوە، کـە شـتـێک دەکـرم، دەبێ هەمـوو سەردێڕەکان سەیر بکەم و بزانم کامیم بەدڵە، دەبێ تا دوا دێڕی بخوێنمەوە.

**ڕامان:** ئەی تۆ لەگەڵ وەرگێڕان چۆنی؟

**جـەمـال بابان:** بەخـوا زۆر کـەم لە ژیانمدا خـەریکی وەرگێڕان بووم.

**ڕامـان:** واتە هیـچ ئیـشـێکتـان لە بواری وەرگـێـڕاندا نەکردووە کە شایەنی باس کردن بێ و بەرچاوبێ؟

**جەمال بابان:** وەک کتێب نا.

**ڕامان:** وەک وتار کارت کردووە؟.

**جەمال بابان:** وەک وتار هەمە.

**ڕامان:** دیارە شتی بچکۆلە بووە.

**جەمال بابان:** بەڵێ شتی بچکۆلە بوون.

**ڕامان:** ئەی گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی دەگریت؟

**جەمال بابان:** گۆرانی کوردی؟

**ڕامـان:** کـوردی بێ، غـەیری کـوردی بێ، گـوێیـان لێ دەگریت؟

**جـەمـال بـابان:** وەڵڵا گـوێ لە هی فـارسی و تورکی و عەرەبیش دەگرم.

**ڕامان:** ئەوانەی پێت خۆشە گوێیان لێ بگریت، ناوی چەند کەسێکمان پێ بڵێ.

**جەمال بابان:** هی کوردی (عـەلی مەردان)، (حەسەن زیرەک)، (شـەهێن تاڵەبانی)م پێ خـۆشە. لە عـەرەبیـدا (نازم غـەزالی)، (سـەلیـمـە مـوراد) و ئەوانە، بەخـوا لە فـارسـیـشـدا شـتـی عـەجـاییـبـیـان هەیە (گـوگـوش) و (مـەهەسـتی)، زۆر مـوعـجـەبم بەو دەنگانە. لەدواییـدا حەزم لە مۆسیقا و گۆرانی تورکیشە.

**ڕامان:** کۆنەکان دەڵێی، گۆرانی تورکی ئیستەنبوڵی و ئەوانە.

**جەمال بابان:** بەڵێ.

**ڕامـان:** بەپێی خـوێندنەوە و بەدواداچوونی خـۆمـان مـێـژووی کـورد تووشی شـێـواندن هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو شـێـواندنانە ڕاست بکرێنەوە و ڕێگا لەوە بگرین چیـتـر نەشێوێ، چی بکەین باشە؟

**جـــەمـــال بابان:** ئاشکرایە ئەو شـــێـــواندنە کێ شێـواندوویەتی؟ دژمنانی کورد ئەمەیان کـردووە، دژمنی کـوردیش، فـارس بووبێ، تورک بووبێ، عـەرەب بووبێ، ئەمانە شێـواندوویانە، بەڵام بەداخەوە مقاشـەکەیان هەر کــوردەکــە خــۆی بووە، دەتـوانرێ ئەوە بە گــوێرەی ئەو بەڵگەنامـانەی هەن و بە گـوێرەی ئەو ڕووداوانە ڕاست بکرێتەوە کە ڕوویان داوە، بە تایبەت ئەگەر لای خۆشمان نەبێ، لە دەرەوەی وڵات ڕووداوەکـان تۆمـار کـراون و ئەو دۆکیـومێنتـانە پارێزراون و چەندین ڕۆژهەڵاتناس هاتوون بۆ کـوردسـتـان، بۆ نموونە کـەسێکی وەک (مـسـتـەر ڕیچ) سـاڵی ١٨٢٠ هاتووەتە سلێـمـانـی، چوار مـانگ لە سلێـمـانی مـاوەتەوە، دوایی لێـرەوە چۆتە ئەودیو بۆ کوردستـانی ئێران، لەوێ شتی نووسیوە، کە خۆی مرد، ژنەکەی نەیهێشت ئەو شتانەی نووسیبوونی بفەوتێن و بە زمـانـی ئینگلیـزی چاپی کـردن، دوایی بەهائەدین نووری وەریگێڕایە سـەر زمـانی عـەرەبی، ئەمانە زۆر ڕاسـتـیـیـان تێدایە، واتە دەتوانرێ بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو شێـواندنە کــە لە مــێــژووی کــورددا هەیە مــتــمــانە بەو جەشنە بەڵگەنامانە بکرێ.

**ڕامـان:** تۆ پێت وایە بەم شـێـوەیە ڕێگا لەم شـێـواندنە بگیرێ؟

**جەمال بابان:** من وادەزانم.

**ڕامــان:** کــورد وەک هەر مــیـللەتێک کــەلەپوور و فـۆلکلۆری خـۆی هەیە، چۆن دەتوانرێ ئەو کـەلەپوور و کـولتـوورە بپـارێزرێ و چۆنیش دەتوانرێ هاوشـان لەگـەڵ هاوکێشەی نوێ بوونەوە و هاوچەرخایەتی ڕاییبگرین؟

**جـەمـال بابان:** ئەو کـەلەپوورە بۆ ئەوەی نەفـەوتێ و بەرەوپێشەوە ببرێ، ئەرکەکەی دەکەوێتە سەرشانی تاک،

هەروەها دەکەویتە سەرشانی دەسەلات، یان کاربەدەستان، بۆ ئەوەی بتوانن بیپارێزن و بەرەو پێشەوەی بەرن و لیژنەی بۆ دروست بکەن، تا سەرەتا هەمووی تۆمار بکرێ، زۆر پەندی پێشینان خوالێخۆشبوو (شێخ محەممەدی خاڵ) کۆی کردنەوە و یەکەم کتێبی لەو بارەیەوە دەرکرد، هەزار و ئەوەندە پەند بوو، کتێبی دووەمیشی گەیشتە زیاتر لە هەزار پەند. هی تریش زۆرن کە لەبابەت پەندی پێشینیانەوە بوون، ئەمانە هەموویان پێویستە کۆبکرێنەوە و ڕاڤەبکرێن، مانای ئەوەیە ئێمە ئەوەمان پاراست، ئینجا هەیە بە عەرەبی بەراوردی دەکات، بۆ نموونە (بەدرخان سندی) کتێبێکی لەو بارەیەوە هەیە.

**ڕامان:** بەناوی (الحكمة الكوردية- پەندی کوردی).

**جەمال بابان:** بەڵێ (الحكمة الكوردية- پەندی کوردی). جا ئەوانی تریش بەو جۆرە.

**ڕامان:** هیچ ڕێگرییەک هەیە ئێمە بەچاوێکی نوێ ئەو کەلەپوور و ڕابردووەی خۆمان بخوێنینەوە؟

**جەمال بابان:** چۆن؟

**ڕامان:** وەک دەزانی زۆر تیۆر و میتۆد و قوتابخانەی نوێ هەن، میللەتان ڕابردووی خۆیانی پێدەخوێننەوە، پەندی پێشینیانت، فۆلکلۆرت، حەقایەتت، ئێستا لەناو هەموو میللەتاندا بە چاوێکی نوێ ڕابردووی خۆیان دەخوێننەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو بەرهەمە کۆنانە بە سەردەم ببەستنەوە و خەڵک باشتر بەپیریانەوە بچن، تۆ ئەمەت پێ چۆنە؟

**جەمال بابان:** لەوە باشتر هەیە، ئەگەر وابێ، نەوەی ئێستاش لێی سوومەند دەبن.

**ڕامان:** ئێستا خەڵکێکی زۆر پشتی کردۆتە خوێندنەوەی کتێب، بیانوویان ئەوەیە گوایا ئەو پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیایەی هەیە، بە تایبەتی ئینتەرنێت، سەرچاوەکانیان لەوێ زۆرتر بە دەست دەکەوێ، ئەوانە دەڵێن بۆیە ڕوو ناکەینە کتێب خوێندنەوە، چونکە لەوێ دەخوێنینەوە، تۆ پێت وایە ئەو خوێندنەوەیە خۆشە، یان کتێبێک خۆت بەچاوی خۆت بیخوێنیتەوە و بەدوایدا بچیت؟

**جەمال بابان:** لای من گرنگ ئەوەیە سوودی لێ ببینێت، سوود لە شتە باشەکانی هەر شتێک ببینێت، ئینجا کتێب بێ، تەلەڤیزیۆن بێ، ئینتەرنێت بێ، ئەگەر سوودت لێ بینی، ئەوە شتێکی باشە.

**ڕامان:** ڕۆماننووس، چیرۆکنووس، ئەوانە زۆر بایەخ بە شوێن دەدەن، بۆ وێنە شوێنی منداڵی لای چیرۆکنووسێک ڕەنگە جوانترین شوێنی دنیا بێ، ئەو شوێنەی لە منداڵیدا لەسەری جموجووڵ دەکرێ و تێیدا پەروەردە دەبین، ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنە لەناو چیرۆک و لەناو نووسیندا زۆر بڵاوە و بەبێ ئاگایی ئێمە دێتە ناو دنیای نووسینەکانمانەوە، تۆ لە چیرۆکەکانتدا چەند پەیوەست بووی بە شوێنەوە؟ ئەو شوێنەی تێیدا پەروەردەبووی چەند لەبەرهەمەکانتدا ڕەنگی دایەوە؟

**جەمال بابان:** نەک ئەو شوێنەی تێیدا پەروەردە بووم، ئەو شوێنەی چیرۆکەکەم تێدا نووسیوە زۆر ڕەنگی داوەتەوە، من بۆ سەردەمی گەنجیم دەگەڕێمەوە، سوودم لەو ڕووداوانە بینیوە کە لەو شوێنانەدا هەبوون، وەک باسم کرد لە عەربەت، بۆ نموونە (خانزاد) کە من زیاتر بۆ نووسینەکانم هزر و بیرکردنەوەم بۆ عەربەت دەگەڕێتەوە، لەو شوێنەداو لەو چیرۆکەمدا زیاتر پێوەندیم بە عەربەتەوە هەیە. ڕەنگبێ لەچیرۆکەکانی تریشدا زیاتر بە خەیاڵ پێوەندیم بە عەربەتەوە هەبووبێ، چونکە لە تەمەنی لاوی و مێرمنداڵییەوە تا گەنجی هەر لە عەربەت بووم، باوکم هەر لەوێ بەڕێوەبەری ناحیە بوو، سەیر ئەوەیە خۆم دەرچووی یاسا بووم، کەچی خۆشم بووم بە بەڕێوەبەری ناحیە لە عەربەت.

**ڕامان:** ئەو کاریگەرییانەت تا ئێستا لەسەر ماوەتەوە.

**جەمال بابان:** ئەو کاریگەرییە ماوەتەوە و ئێستاش لە مێشکمدایە.

**ڕامان:** لە سەرەتایەکانی دەست کردنت بە نووسین، کاریگەریی چ نووسەرێک، چ هزرەڤانێک چ کەسێک بەسەرتەوە بووە، کەی توانیت خۆت لەو کاریگەرییانە ڕزگار بکەی؟

**جەمال بابان:** لە فیلمێکدا کە هەر لەم سلێمانییە نیشان درا و ناوی ڕۆمیۆ و جۆلێت بوو، فیلمێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو، پاڵەوانی فیلمەکانی ئەوکاتە بەڕاستی ئەکتەر بوون، دوو- سێ جار چووم ئەو فیلمەم دییەوە، چونکە زۆر کاری تێکردبووم، ئەوە لەیەکێک لە نووسینەکانمدا ڕەنگی دایەوە، ئێستا نازانم کامیانە، ئەم ڕۆمیۆ و جۆلێتە، هەمووی نا، بەڵام هەندێک بەش و ڕووداوی لە نووسینەکانمدا ڕەنگی دایەوە.

**ڕامان:** کەی هەستت کرد بە تەواوی لەژێر کاریگەرییەکەی ڕزگارت بووە؟

**جەمال بابان:** لەم دواییانەدا.

**رامان:** باسی ئەوەت کرد ساڵی ١٩٤٠ کە چوویتە بەغدا و لە یاسا خوێندت، خوێندنی ئەوسا وەک ئێستا نەبووە، زانکۆ زۆر کەم بووە، ئێستا زانکۆ زۆرە، لە وڵاتی ئێمەدا کۆمەڵێک زانکۆمان هەیە، ئەو زانکۆیانە چۆن دەبینی، ئایا لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانیدا چ جۆرە کاریگەرییەکیان هەبووە و هەیە؟

**جەمال بابان:** بێ گومان کاریگەرییان بایی خۆیان هەر هەیە، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نین کە خەڵک دەیانەوێ و لێیان چاوەڕێ دەکات. ئەوانەی ئێمە کەموکورییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بڵێین سوودیان لێ وەرناگیرێ، بە پێچەوانەوە هەتا فێرگە (سەرەتایی، ناوەندی، زانکۆ) زۆربن و ئەگەر کەموکوڕیشیان هەبێ، بەڵام هەر ئەوەیە میللەت پێش دەخا.

**رامان:** پێت وایە ئەرکی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕاندبێ؟ یان جارێ ماویانە؟

**جەمال بابان:** ماویانە.

**رامان:** تۆ ئەو کتێبەت کە بە عەرەبی دەربارەی رەگوریشەی ناوی شار و شارۆچکەکان دەکرد، بۆ بەزمانی عەرەبی ئەمەت نووسی و باسی هەموو شار و شارۆچکەکانی عیراقت کرد، بۆ تایبەت نەبوو بە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بە زمانی کوردی زانیارییەکانت بگەینیتە خەڵکی خۆمان تا لەلایان بمێنێتەوە؟

**جەمال بابان:** بۆیە بە عەرەبی بوو بۆ ئەوەی عەرەبەکان لەو زانیارییانە ئاگادار بن، ئێستا من ئەو بەشی یەکەمەم نووسیوەتەوە کە هی هەموو عیراقە، کە دەڵێم هی هەموو عیراقە، دەڵێم هی ئەو شوێنانەیە کە گەیشتوومەتە ئەسڵی ناوەکەی، بۆ نموونە (حلە)، (بەسرا)، (رومادی)، بەڵام خۆ من هەرچی شوێن هەیە تۆمارم نەکردووە و نەگەیشتوومەتە ئەسڵی ناوی هەموویان. دەپرسن بۆچی بە عەرەبی نووسیم؟ سەرچاوەکان عەرەبی بوون، تەنانەت من لەلایەن عەرەبەکانیشەوە رەخنەم لێ دەگیرا، دەیانوت تۆ زۆر ناوی کوردیت هێناوە و لەکتێبەکەتدا ریزت کردوون. منیش وەڵامم ئەوە بوو کە من کوردم و مەربووتم بە خاک و وڵاتی خۆمانەوە، ئێوە هێشتا مەمنوون نابن من هاتووم باسی ئێوە دەکەم. ئەوە بەشی یەکەم بوو، بەشی دووەمی تایبەت بە (بغداد و مواقعها) بوو، بۆ نموونە باسی گەڕەکەکانی بەغدام کردووە، ئەوە بەشی دووەمە، لێرە (لە سلێمانی) ڕاگەیاندن چاپیان کرد، وتم ئەمە چاپ بکەن و بینێرن بۆ (مام جەلال) کە میوانێکی عەرەب دەچێتە لای، ئەمەی پێ بدات و بڵێ ئەمە نووسینی کوردێکە، هەرچی گەڕەکی بەغدا و شوێنی بەغدا هەیە ئەسڵی ناوەکەی دۆزیوەتەوە و نووسیویەتی، ئەمە دیاری منە بۆ ئێوە، ئەوە بوو لەسەر ئەو بنەمایە بۆیان چاپ کردم.

**رامان:** گلەییەکە ئەوەیە عەرەب بایی ئەوەندە خەڵکی خۆی هەیە، مێژووی خۆی بۆ بنووسێتەوە، ئێمەی کورد کوڵەوارین و ئێستاش خەڵکی شار و شارۆچکەکانی ئێمە نازانن ناوی شارەکەیان، شارۆچکەکەیان لەچییەوە هاتووە، بۆ وێنە ناوی گوندێک، شارێک، شارەدێیەک دەبینی تورکییە، کابرای تورک ئێستاش دەڵێ ئەو شارانە چونکە ناوەکانیان تورکین، کەواتە ئەوانە هەموویان هی تورکن، ئەوە ڕەچاو ناکەن کە کوردیش وەک گەلانی ناوچەکە زیاتر لە چوار سەدە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە و تووشی شاڵاوی بە تورکاندن هاتووە، بۆیە زۆر پێویستە کەسانێک هەبن ئەو شتانە بۆ نەوەی ئەمڕۆمان ڕووناک بکاتەوە.

**جەمال بابان:** خەڵک زۆر ئەوەیان پێ گوتووم، کە بۆچی نایکەیت بە کوردی، پێیانم وتووە بەسرە بکەمە کوردی، کوردێک چ سوودێکی لێ دەبینێ؟ بەڵێ ڕاستە بۆ ناوەکانی لای خۆمان، ئەگەر بۆم کرا بیکەم بە کتێبێک، ئەوە شتێکی باشە، چونکە ئەوەیان خاڵێکە لەجێی خۆیەتی.

**رامان:** ئێمە حەز دەکەین هەموو رەنج و تەقەلایەکان، کۆششەکان برژێنەوە ناو ڕووباری خزمەتی کورد، واتە بەرەو کوردێنی بڕۆین باشترە. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا ئەو قسانەی نزیکەی سێ سەعاتە تۆمارمان کردوون، تۆ توانیوتە قسەی دڵی خۆت بکەیت، یان بە پێی پێویست قسەکانی دڵت بکەیت، یان بڵێین تێری کردی؟

**جەمال بابان:** هێشتا زۆری ترم لە دڵدایە، بەڵام لەم چاوپێکەوتنەدا هەر ئەوەندە دەوترێ، دەنا زۆر شتی ترم ماوە.

**رامان:** من پشووم درێژە، ئامادەم تا چەند سەعاتی تر قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام نامەوێ لەوە زیاتر شەکەت و

مـــاندووتان بکـەم، ئەگـــینا پرســـیــــار زۆرە. یـەک دنیـــا پرســـیـــارم هەیە و تەوەرەکـــانیش زۆرن، بەڵام ئەوە وەک هەنگاوی یەکەم پێم وایە خراپ نەبوو.

**جـەمـال بابان:** زۆر سـپـــاست دەکــەم و بەخـێـــر بێن سەرچاوم.

**ڕامان:** ئێمەش ئەزیەتمان دای، زۆر سپاس بۆ جەنابت.

**بەرهەمەکانی جەمال بابان**


**(١) خـانزاد، سلێـمـانی، چیـرۆکی درێژ، ١٩٥٧، چاپخـانەی (التمدن)، بەغدا.**

**(٢) پەڵە هەورێکی چڵکن، سلێمانی، چیرۆکی درێژ، ١٩٥٨، چاپخانەی (المعارف)، بەغدا.**

**(٣) سـەید کـەڵەک، سلێـمـانی، چیـرۆکی کـورت، ١٩٦٩، چاپخانەی (ئەسعەد)، بەغدا.**

**(٤) مامەیارە، سلێمانی، چیرۆکی کورت، ١٩٧٣، چاپخانەی (دارالجاحظ)، بەغدا.**

**(٥) أصول أسماء المدن والمواقع العراقية- الجزء الاول، بەغدا، بلدانیات، ١٩٧٦، مطبوعات المجمع العلمي الكوردي-بەغدا.**

**(٦) أصـول أسـمـاء المدن والمواقع العـراقـيـة (مـزيد و منقح)، الجزء الأول، بەغدا، بلدانیات، ١٩٨٩، چاپخـانەی (الأجـیـال)، بەغدا.**

**(٧) خـەرەکـە شکاوەکـە، بەغـدا، چیـرۆکی کـورت، ١٩٨٩، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.**

**(٨) هەندێک داوەری بەناوبانگ لە مێژوودا، بەغدا، یاسایی، ١٩٨١، چاپخانەی (المجمع العلمي الكوردي)، بەغدا.**

**(٩) سلێـمـانی: شـارە گـەشـاوەکـەم-١، بەغـدا، مـێـژوویی، ١٩٩٨، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا.**

**(١٠) سلێـمـانی: شارە گـەشـاوەکـەم-٢، بەغـدا، مـێـژوویی، ١٩٩٨، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا.**

**(١١) سلێمانی: شارە گەشاوەکەم-٣، سلێمانی، مێژوویی، ٢٠٠٠، دەزگای سەردەم، سلێمانی.**

**(١٢) سلێمانی: شارە گەشاوەکەم-٤، سلێمانی، مێژوویی، ٢٠٠٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی.**

**(١٣) (٦) أصول أسماء المدن والمواقع العراقية، الجزء الثاني، سلێمانی، بلدانیات، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی.**

**(١٤) بابان في التـاريخ ومـشـاهيـر البـابانيين، بەغـدا، مێژوویی، ١٩٩٣، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.**

**(١٥) أعلام كرد العراق بعد الربع الأول من القرن العشرين، سلێمانی، اعلامي، ٢٠٠٦، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.**

**(١٦) لە خـەومـا. جـەمـیل سـائیب، پێشـەکی و توێژینەوە، بەغـدا، چیـرۆکی درێژ، ١٩٧٥، چاپخـانەی (المجـمع العلمي الكوردي)، بەغدا.**

**(١٧) قـسـەی نەسـتـەقی پێشـینیـان لێکدانەوە و ڕاڤـەکردن- جەمیل سائیب و مستەفا سائیب، سلێمانی، کەلەپوور، ٢٠٠١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.**

**(١٨) مـذكـرات علي كـمـال، پێشـەکی و توێژینەوە، بەغـدا، یادداشت، ٢٠٠١، شركة الخنساء ، بەغدا.**

**(١٩) پەند و ئامـۆژگـاری، عـەبدولقـادر قـەزاز، پێشـەکی و ڕێکخسـتن و پێداچوونەوە، بەغـدا، پەند و ئامـۆژگـاری، ٢٠٠٢، شركه الخنساء، بەغدا.**

**(٢٠) هەنـدێک لەو زاراوانـەی واتایەک زیـاتر دەبەخـــشـن (مسـتل)، بەغدا، زاراوە و ئیدیۆم، ١٩٧٥، مجلة المجمع العلمي الكوردي، القسم الاول- المجلد الثالث.**

**(٢١) السليمانية- من نواحيها المختلفة، بەغدا، مێژوویی، ١٩٨١، مـسـتل من المجلد الثـامن من مـجلة المجـمع العلمي الكوردي.**

**(٢٢) مەلا حەمدوون لە بێ چاوێکی هەژارەوە، بۆ بلیمەتێکی بەهرەدار، بەغدا، کۆمەڵایەتی، ١٩٨٤، (مستل)، المجلد الحادي عشر من مجلة المجمع العلمي الكوردي.**

**(٢٣) أصـول أسـمـاء المدن والمواقع العـراقـيـة، الجـزء الثـاني الخـاص ببـغـداد و مـحـلاتهـا، سلێـمـانی، بلدانیـات، ٢٠٠٦، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.**

**(٢٤) أصـول أسـمـاء المدن والمواقع العـراقـيـة، الجـزء الثـالث (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

**(٢٥) أعـلام كـرد العـراق، الجـزء الثـاني (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

**(٢٦) السليمانية و مرور مائتي عام على إنشائها مع مقالات أخرى، (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

**(٢٧) پەندە جـۆراوجـۆرەکـانی پێشـینان (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

**(٢٨) بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

**(٢٩) درەختی بنەماڵەکانی بابانەکان (چاوەڕوانی چاپکردنە).**

**(٣٠) یادداشت و ئەزمـوون. لە کـاروانی ژیانما (چاوەڕوانی چاپ کردنە).**

# وشە، هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە
# ئاوڕدانەوەیەک لە شەبەنگی ڕاڤە لە شیعری (شێت)دا

**ڕەهبەر مەحموودزادە**
**(شنۆ)**

**١- سەوزایی شیعرێک کە مانا سووری دەکاتەوە**

ڕەنگدانەوەی بەشێنەیی و هەندێک جار دژوار و تەژی لە ژانی مانا، لە شیعردا لە چەشنی ئاشکرا بوونی مانا لە قسەی ئاساییدا نییە. دەقی ئاسایی و پەیڤی ڕۆژانە ڕاستەوڕاست و دەق و دۆغر مانا لە خۆیان تێدەپەڕێنن و ئیدی لەو دۆخەی تێ ناپەڕێنن.

بەڵام مانا لە شیعردا بە بێ ئەوەی جەوهەرێکی جیا و پەتی و یەک دەست و نەگۆڕ بێت، وەبن دەداتەوە و هەڵ دەداتەوە و خویا دەبێت و نەدیو دەبێتەوە و حوکمیش نییە ئەوەی ئێستا هەڵی داوەتەوە و خویا بووە هەر ئەو مانایە بێت کە ساتێک پێش وەبنی داوەتەوە و نەدیو بووە. ڕەفتاری شیعر ئاواهییە. کاتێک وەرزی خوێندنەوە دەگۆڕدرێت، تەرزی ماناش، بتەوێت، یان نەتەوێت گۆڕدراوە.

مانا لە شیعردا شەبەنگێکی ئەفسووناوییە. دەگۆڕدرێ. شەبەق دەداتەوە و تاریک دەبێتەوە. تیشک دەداتەوە و دەکوژێتەوە و دیسان بەرەبەرە بە ترووسکەیەکی ختووکەی هەستی خوێنەر دەداتەوە، بۆیە من هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ خوازەی «شاردرانەوەی مانا لە شیعردا» کۆک نیم. لەم خوازەیەدا، مانا وەکو لەتە سواڵەتێک چاوی لێ دەکرێت کە لە ژێر بارستایی گڵی گردێکی کەونارادا شاردرابێتەوە و ئێمە بە هەڵکۆڵین و هەڵقەندنی ئەو خاکە و بە لابردنی ئەم بارستە گڵە بگەین بە هەمان دەفر و سواڵەت کە ڕەنگ و شێوە و تایبەتمەندی دیاری کراوی هەیە و ئەگەر پێمان خۆش بێت جارێکی دیکە لە ژێر گڵ دەیشارینەوە و هەر کاتێکیش حەزمان لێ بوو، هەر هەمان دەفر و سواڵەت وەکو خۆی دەدۆزینەوە. خوازەی شەبەنگ سروشتی بگۆڕ بوون و ناکۆنکرێت بوون و سەییال بوونی مانا باشتر دەگەیەنێت.

دوای ئەو پێشەکییە کورتە ئەم پرسیارە دەهێنمە گۆڕێ کە لە شیعرێکی وەکو شیعری شێتدا، چۆن دەبێت لەگەڵ پرسی «تێگەیشتن» بەرەوڕوو بینەوە؟

بەر لەوەی هەر چەشنە وەڵامێک بەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت تێبینییەکی کورتیش لەسەر زاراوەی «تێگەیشتن» - کاتێک مەبەستمان تێگەیشتنی دەقێکی ئەدەبییە - بهێنمە گۆڕێ.

ڕاستە شیعر بابەتی تێگەیشتنە، بەڵام ڕاست نییە بڵێین شیعر هەر بەتەنیا بابەتی تێگەیشتنە. بێجگە لە تێگەیشتن بە زۆر ڕەهەندی دیکەشەوە خوێنەر دەتوانێت پێوەندی بە دەقێکی شیعرییەوە بگرێت. هەندێک بەرهەمی هونەری هەن، لەوانەیە تێشیان نەگەین، بەڵام هەستیان پێ بکەین. هەندێک بەرهەمی هونەری هەیە حوکم نییە فامیان بکەین، بەڵام هۆشیاری و ناهۆشیاریمان (خودئاگا و ناخودئاگامان) لێیان دەخشێت (لەمسیان دەکات) وەکو سەمفۆنیایەکی بتهۆڤن، یان



**یوونس ڕەزایی**

مۆتزارت. وەکو وێنەگەرییەکی مۆدێرن کە نەزانی وێنەی چییە، بەڵام هەستی نەزمێکی تێکچنراو (پیچیدە)ت پێ ئیلقا بکات، وەکو سۆزی دەنگی گۆرانیبێژێکی بێگانە کە نەزانی چ دەڵێت: بەڵام هەستی پەژارەیەکی گریاناویت پێ ڕاگوێزێت .

ئەگەر تێگەیشتن بە مانای لێکدانەوەی شیکارانە و عەقڵانی بێت، لە هیچ کام لەم نموونانە ناگەین، بەڵام ئەگەر تێگەیشتن بە مانایەکی فراوانتر فام بکەین و بە مانای زورێک لە پێوەندەییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروپشتی بزانین، زۆر باش و بە بێ نێونج لەم بەرهەمانە تێ دەگەین.

زۆر بیرمەندی وەکو کرۆچە و کالینگوود و تۆڵستۆی و هی دیکە، لەسەر ئەم خاڵە پێیان داگرتووە کە خۆڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری و پێوەندی گرتن بەم بەرهەمەوە هەر بەتەنیا بارتەقای چالاکییەکی عەقڵی و شیکارییەکی چەمکی بەرتەسک نابێتەوە(١).

بەڵام پرسیارەکەمان ئەوەبوو ئەگەر مەبەستی کەسێک لە تێگەیشتن، هەڵهێنجانی مانا لە دەقی شیعر بێت، چۆن لەگەڵ ئەم پرسە، لە شیعرێکی وەکو شیعری یوونس ڕەزایی-دا بەرەوڕوو دەبینەوە؟

لەپێشدا بە بێ لەسەر ڕۆیشتن و تیۆری بۆ دارشتن، بە هێنانەوەی نموونەیەک لە شیعرەکان، باسەکە دەبەینە پێش. با پێکەوە شیعری «ڕۆژئەژمێری ڕەوەز» لە دەفتەری «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان» دووەم کۆمەڵە شیعری یوونس ڕەزایی بخوێنینەوە(٢):

**بە پانایی ئەو ڕۆژەدا ڕژا بیرەوەریم**
**بەپانایی ڕووناک- نە - شیرین.**
**نەکا**
**وەها بێت هەڵۆیەک چەواشە**
**وەها کە ئیتر نە باخ بە سەغیری**
**نە شاخ**
**بە ئاخی تەنیاوە**
**ڕووت و**
**ڕەوەز**
**بەڵێ پانابیت ڕووناکە و ڕژا و**
**نەکا**
**هەڵفڕێ هەڵۆیەک**
**بە تەنیایی شاخەوە**
**تیژ باڵ**
**هەڵفڕێ تاڵ.**
**خانم بە ڕووناکاییتدا درێژ دەبم**
**تا**
**لە ڕەوەزی دوێنێتدا**
**ڕووت و**
**تەنیا**

بە بێ ئەوەی بمانەوێت قسەیەکی یەکجارەکی و ڕاڤەیەکی دوایی لەسەر ئەم شیعرە بە دەستەوە بدەین، هەوڵ دەدەین لێکدانەوەکەمان لە قالبی ئیماژێکی دووبارە ساز کراو لەسەر بناغەی دەقی خودی شیعرەکە ڕێک بخەین. ئیماژەکە بەم شێوەیەیە:

- خوازەی شاخێک بە ڕەوەزەوە و هەروەها باخێکی ساوا(یان بە تەعبیرێکی تر باخێکی سەغیر) بۆ ئافرەتێکی ڕووت.

- خوازەی هەڵۆیەک کە بەسەر ئەو ڕەوەزە، یان بەسەر ئەو باخەدا هەڵ دەفرێت بۆ پیاوێک

- ڕووناکایی ئەم بیرەوەرییە.

دواتر دەبینین وێنەکە هەر بەم جۆرە ڕاوەستاو نامێنێتەوە و جووڵە دەکات. دەمانەوێت بڵێین ئەم وێنەیە بۆ شیعرێکی دژواری لەم چەشنە کلیلێکمان دەداتە دەست بۆ ئەوەی دەرگای پێکهاتەکەی هەڵگرین و بە چەشنێک شیعرەکە، ڕام و کەوی بکەین و بە نامۆیی و بە ناچاری لێی تێ نەپەڕین. ئەگەر وێنەیەکی ئاوا بۆ خوێندنەوەی ئەم شیعرە دەستەمۆ نەکەین، بە ڕاستی

شیعرێکی لەم چەشنە چۆن دەخوێندرێتەوە؟

لێرەدا پرسی «تێگەیشتن» بە هێزی خەیاڵی خوێنەر دەبەسترێتەوە.

ئەگەر جارێکی دیکە لە بەر تیشکی ئەم ئیماژە ساکار کراوە، شیعرەکە بخوێنینەوە، تارادەیەک لە میکانیزمی دارشتنی پەیڤ لە شیعری شێت دەگەین. ئێمە وێنەکەمان بە شێوەیەکی یەکپارچە کێشاوە، بەڵام لە راستیدا وێنەی ئاماژە پێ کراو، لە ناو ئاوێنەیەکی یەکپارچەدا نابیندرێت، بەڵکو وێنەکە بە گوێرەی دینامیزمێکی تایبەت دەگۆڕدرێت. سروشتی ئەم دینامیزمە، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە، یان زاراوەیەکی تایبەت هەر جارەی بە شێوەیەکی جیاواز لە جاری پێشوو.

پێشتریش لە وتاری «هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێتدا» باسی ئەوەمان کردووە کە ئەم تەکنیکە، واتە هێنانە مەیدانی وشە، هەر جارەی بە شێوەیەکی تایبەت و چوونە سەری فرێکانس، یان چەند پاتەیی وشە و خستنە رووی لایەنە جیاوازەکانی و بە گشتی دانی چەندین کەسایەتی جیاواز بە هەمان وشە، تەکنیکێکە کە قەبارە دەدات بە ئیماژەکان. هەتا ئێرەی باسەکە شتێکی زیاتر لە وتاری هەندەسەی پەیڤمان نەگوتووە، بەڵام دەمانەوێت باسەکە بخەینە سەر بارێک کە روانینێکی تازەترمان بۆ شیعری شێت پێ ببەخشێت.

تەعبیری قەبارەدار بوونی وێنە لە شیعری شێت-دا واقیعێکە کە دەقی ئەم شیعرە پشت راستی دەکاتەوە، بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی خراپ حاڵی بوونێک کە سیمای شیعری بەرباسی ئێمە چەواشە بکات. خراپ حاڵی بوونەکەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە زاراوەی وێنەی قەبارەدار، بیرکێشەکێی (تداعی) جۆرێک راوەستان و چەق بەستن لە مێشکی خوێنەردا دەکات. هەر شتێک قەبارەیەکی تایبەتی هەبێت شکڵێکی نەگۆڕی تایبەتیشی هەیە، بەڵام ئەوەندەی چەمکی قەبارە لە بارەی ئیماژەکانی شیعری شێت وەراست دەگەرێت، ئەوەندەش چەمکی حەرەکەت / جووڵە، لەبارەی ئەم وێنانەدا وەراست دەگەرێت.

دەزانین بەکارهێنانی وشەی وێنە بۆ سیما خەیاڵییەکانی ناو شیعر، خۆی جۆرێک خوازەیە. فۆرمالیستەکانی رووس راستیان دەگوت کە ئێمە لە شیعردا تەسویر، یان وێنەمان نییە. ئەوەی هەیە کۆمەڵێک وشەیە کە پێوەندییەکانی نێوان ئەم وشانە دەبێتە هۆی پێکهاتنی نەخشێکی خەیاڵی لە مێشکماندا. کەواتە دەستەواژەکانی وێنەی قەبارەدار و وێنەی حەرەکەتی خۆیان بەکارهێنانی خوازەیی خوازەیەکی ترن. واتە بەکارهێنانی وشەی «وێنە» بۆ شیعر، خوازەیە کەواتە زاراوەکانی وێنەی قەبارەدار، یان وێنەی حەرەکەتی، خوازەیەکی دوو قاتن، بەڵام ئێمە بۆ وەسف کردنی وردی تایبەتمەندییەکانی شیعری شێت پێویستمان بە خوازەیەکی ئەوتۆ هەیە کە لەیەک کاتدا سێ چەمکی: وێنە و قەبارە و حەرەکەت لە خۆی بگرێت، واتە خوازەیەکی سێ قات بێت.

خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە لەم شێوە وێنانەدا، قەبارەدار کردنی وێنە، عەینی حەرەکەت پێدانیەتی و وەجووڵە خستنی وێنەش، هۆی قەبارەدار بوونیەتی.

بۆ ئەوەی باسەکە دوور لە زەین نەبێت، دیسان دەگەرێینەوە بۆ ئەو شیعرەی پێشتر بە نموونە هێنامانەوە. لەم شیعرەدا وشەی رووناک / رووناکایی، سێ جار دووپات بووەتەوە:

**جاری یەکەم:**

**بە پانایی ئەو رۆژەدا رژا بیرەوەریم / بە پانایی رووناک - نە - شیرین**

لەبەرئەوەی لە پێشدا شاعیر دەڵێت «بە پانایی ئەو رۆژەدا»، و دواییش وەکو شی کردنەوەیەکی دێری پێشوو دەڵێت «بە پانایی رووناک» کە واتە رووناک لەم دێرەدا جێگای رۆژی گرتووەتەوە و لێرەدا بە پێچەوانەی بەکارهێنانی ئاسایی وشەی رووناک، نەخشی رێزمانی ئەم وشەیە، ناوە نەک ئاوەڵناو.

**جاری دووەم:**

**بەڵێ پانایيت رووناکە و رژا**

لێرەدا رووناک نەخشە ئاساییەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و دەبێتەوە بە ئاوەڵناو، بەڵام لایەنێکی تریش بە قەباری وێنەکەوە زیاد بووە. لە دێری یەکەمدا شاعیر گوتبووی بە پانایی ئەو رۆژەدا رژا بیرەوەریم». ئێستا دەڵێت: «پانایی تۆ» کەواتە وێنەیەک ساز کراوە کە رۆژ و رووناک و تۆ، هەر کامە، لایەنێکی ئەم وێنە سێ کوچکەیە دروست دەکەن. خانمێک کە رۆژە و خانمێک کە رووناکە بەسەر شیعردا و بەسەر هۆشیاری و ناهۆشیاری خوێنەری شیعردا دادەبارێت و لە ناویدا دەتوێتەوە. رووناکاییەکە لە ناو شیعردا دەگوازرێتەوە بۆ ناو زەینی

خوێنەر.

**جاری سێیەم:**

جاری سێیەم کاتێکە کە شاعیر دەڵێت «خانم بە ڕووناکاییتدا درێژ دەبم» دیسان وشەی ڕووناک لە قاڵبی وشەی ڕووناکاییدا بووەتەوە بە ناو، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە قاڵبی وشەی «ڕووناکایی» لەگەڵ قاڵبی وشەکانی «پانایی» و «تەنیایی» یەکن. سەر لە نوێ وێنەیەک بە سێ لاتەنیشت، ساز دەکرێتەوە: لاتەنیشتێک پانایی، لاتەنیشتێک ڕووناکایی و لاتەنیشتێکیش تەنیایی:

**خانمێکی تەنیا کە ڕووناکاییەکەی دەڕژێتە پانایی پاناوکێکەوە دەڕوات.......**

**تەنیایەک کە بە پانایی ڕووناکاییدا، یان ڕووناکاییەک کە بە پانایی تەنیاییدا پان دەبێتەوە......**

دەبینین وێنە زاووزێ دەکات. تەکسیر دەبێتەوە. وێنە لەم شیعرەدا لەسەر کاغەزێکی دوو لایەن نییە، بەڵکو لە ناو کریستاڵێکی سێ لایەن، یان چەند لایەن دایە. تیشک بە هەر لایەنێکدا بێتە ناو ئەم کریستاڵەوە، شەبەنگی ڕەنگ بە شێوەیەکی تایبەت بە لایەکی دیکەدا دەڕژێتە دەرێ.

سەرنج بدەن شیکارییەکەی ئێمە هەر بە تەنیا لەسەر وشەی ڕووناک داکۆکی کردبوو. بۆ بەدەستەوەدانی شیکارییەکی تەواو لەسەر لایەنەکانی وێنەیی و مانایی و پێکهاتەیی ئەم شیعرە، دەبێت لێکدانەوە لەسەر هەموو وشەکان بکەین. کلیلی چوونە ژوور بۆ ئەم شیعرە، لە خوێندنەوەی ئێمەدا، وشەی ڕووناک بوو، بەڵام هەر کام لە وشەکانی پانایی، بیرەوەری، ڕووت، ڕەوەز، شاخ، باخ...تاد لە خوێندنەوە جیاوازەکاندا دەتوانن ببن بە کلیلی بەکەڵک.

کەواتە لەبەر ئەوەی وشەکان سووڕاون، جووڵەیەک لەم وێنانەدا هەیە و لەبەر ئەوەش هەر کام لەم وشە سووڕاوانە، لاتەنیشتی وێنەیەکی قەبارەدار پێک دێنن، ئەم وشانە قەبارەیان هەیە، هەر بۆیە هەم قەبارەکە و هەم حەرەکەتەکە لە یەک کاتدا دەگووڕێن: قەبارەکە عەینی جووڵەکەیە و جووڵەکەش عەینی قەبارەکەیە.

چونکە وشەی ڕووناک لە سەرەتادا ناوە و دواتر دەبێت بە ئاوەڵناو و بۆ جارێکی تر دەبێتەوە بە ناوێکی جیاواز لە ناوەکەی سەرەتا، کەواتە وشە جووڵەی هەیە و لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە جارێک ئاماژە بۆ ڕووناکایی ڕۆژ دەکات و جارێکیش قامک بۆ ڕووناکایی خانمێک ڕادەدێرێت کە ڕەوەزە( ڕەوەزێک کە سەخت و چەخت و بەرز و پتەوە) و دواجار چونکە پانایییەکی ڕووناک کە دەڕژێت، مانای ڕەوان بوونی ئاومان بۆ ڕادەگوێزێت- کە ڕەوان بوونەکەی بە پێچەوانەی سەخت و چەخت بوونی ڕەوەزە- کەواتە وێنەکە چەندین لایەنی هەیە و قەبارەدارە.

بیرەوەری دەڕژێت، کەواتە بیرەوەری ڕووبارێکە و دەڕوات

ڕووناکایی خانمێک دەڕژێت، کەواتە ڕووناکایی خانم ڕووبارێکە و ڕەوانە

خانم ڕەوەزێکە چەخت کەواتە ڕووبار لێرەدا ڕاوەستاوە و ڕەوان نییە

سەر هەڵدێنی، لە سەرووی ڕەوەزەکە، هەڵۆیەک دەبینی کە بەسەر بەرزایی ڕەوەزەکە دا زاڵە. وێنەی هەڵۆی سەر ڕەوەز لە مێشکتاندا ڕاگرن.

کاتێک شاعیر دەڵێت: «خانم بە ڕووناکاییتدا درێژ دەبم» هەڵۆیەکە دەبێتەوە بە لیزگێک تیرێژ و تیشکەکەی بە ڕووناکایی ڕووبارەکەدا بڵاو دەبێتەوە و لەگەڵی دەڕژێت و ڕەوان دەبێت. ئا لێرەدایە کە قەبارە و جووڵە بە ڕاستی لێک نابنەوە.


هەر ئەو تێکهاڵانە ڕێژەییە، پێوانەیەکی کاتیمان دەداتە دەست بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی دەفتەری «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان» و دابەش کردنیان و ئاگادار بوون لە جیاوازییەکانیان. لە هەندێک لە شیعرەکاندا قەبارەکە بەرچاوترە و حەرەکەتەکە خاوترە. لە هەندێک شیعری دیکەدا جووڵە باڵی بەسەر قەبارەدا کێشاوە و شاردوویەتەوە. لە هەندێک شیعری تردا قەبارە و جووڵە جیاکردنەوەیان چەتوونە. با پێکەوە چاوێک بە ڕێژەی نێوان بارستای قەبارە و خێرایی جووڵە لە شیعری «گورگ»دا بخشێنین.

**چاوەکانت کە دڕندانە ڕەش و عاشق**
**ڕەش و**
**خۆفێک کە گورگ خۆی تێدا دەشوا**
**لە ڕەشایی شەپۆلانی وەها شەوێکدا**
**لە چڕی دارستانێک هەتیو و**
**قاقڕ**
**ڕەش و قاقڕ بە خوێنم وەر بوو وەرزێک بە تۆوە**

**تا**
**به ساڵی ئەوینەوە- نەکا قەبارین و**
**نەکا وەستان**
**کە وەرزێک لە چاوت لە من دا**
**خۆفی دارستان**
**دڕندانە شەپۆلانی ڕەش**
**چاوەکانت بە وەرزێک- چڕی دارستان**
**بە ساڵی شەپۆلانی شەو**
**تا**
**گورگێک قاقڕ و عاشق**
**لە ئەوکم دا**
**بە مەشغەڵانی لوورەوە**

لە بەشی سەرەتای شیعردا، گورگ بۆ نیشاندانی ترسناکی و دڕندەیی چاوێکی ڕەش کەڵکی لێ وەرگیراوە: ڕەش و عاشق/ ڕەش و خۆفێک کە گورگ خۆی تێدا دەشوا. لە بەشی کۆتایی شیعردا، گورگێک بە برینداری لە ئەوکی ئەو کەسەدا کە خاوەن چاوە ڕەشەکە دەدوێنێت، لوورەی دێت. هەتا ئێرە قەبارەیەک لە وێنەی گورگ ساز کراوە: گورگێک کە دڕندەیە و دەترسێنێت، لاتەنیشتێکی قەبارەکەیە. گورگێکیش کە برینداره و دەلوورێنێت و دەپاڕێتەوە لاتەنیشتێکی دیکەیە.

حەز دەکەم بە یاریدەی خەیاڵ و هێزی دەرهەست کردنەوە وێنەیەکی چەند لایەنە لە زەینتاندا بخوڵقێنن کە لایەنێکی، دڵدارێکە بە زەق بوونەوەی ڕەنگی چاوەکانی، لایەنێکی دیکەی ئەویندارێکە بە زەق بوونەوەی سۆزی دەنگی.دواتر وێنەی گورگێک بە دڕندە بوونی لە لایەکەوە و بە لوورەی بریندارانەی لە لایەکی دیکەوە دەکەوێتە سەر ئەو لایەنانەی وێنەی پێشوو. لە قۆناغێکی دواتر دا، وێنەکە قەبارەیەکی تازەتر پەیدا دەکات. دارستانێکی چڕیش لە شەودا بە تابلۆکەمانەوە زیاد دەبێت. خۆفی چاوە ڕەشەکە بە هۆی خۆفی چڕی دارستانێک لە شەودا دەبێتە خاوەنی لایەنێکی تازە و سووتانی ئەویندارەکەش بە پێ وەر بوونی وەرزێکی ڕەش و قاقڕ بە خوێنییەوە قووڵتر دەبێتەوە و تەکسیری لایەنەکانی قەبارەکە لێرەدا کۆتایی پێ نایەت. لە ئاستێکی تردا وەرزە ڕەشەکە لە خوێنی ئەویندارەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ چاوی دڵدارەکەو چڕی دارستانەکەش لە چاوە ڕەشەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوکی دڵدارەکە.



ئایا لەم شیعرەدا قەبارە و جووڵە لێک جیا دەکرێنەوە؟

پێم وایە ئێستا خوێنەر تا ڕادەیەک تێ گەیشتووە لەم جۆرە شیعرانەدا، لایەنەکانی وێنە چۆن تەکسیر دەبێتەوە و دوایە هەر ئەو لایەنە تەکسیر بووانە چۆن تێک دەبەزنەوە؟ چۆن قەبارەیەک لە ناو قەبارەیەکی دیکەدا ساز دەبێت و چۆن وێنەیەک بەو پەڕی تێکچنراوییەوە بیچم دەگرێت؟ چۆن حەرەکەتێکی نەرمونیان لە ناو قەبارەکەدا بەدی دەکرێت و بە پێچەوانەوە ئەو جووڵەیە بۆ خۆی قەبارەیەک دروست دەکات؟

وشە دەڕۆن. وێنە دەزێن. قەبارە لەگەڵ قەبارە تێک دەبەزن، ئەوە بووتیقای شیعری شێت لە ڕستەیەکی برووسکەئاسا دایە.

بەم شێوەیە شیعرێک چەکەرە دەکات کە مانا سووری دەکاتەوە. کاتێک ئەم چەکەرەیە فراژووتر دەبێت، لە ئاسۆی ڕوانینی خوێنەردا ئەم وێنەیە ئاشکرا دەبێت:

**سەوزایی شیعرێک کە مانا سووری دەکاتەوە.**

### ٢- قژت ڕەشترین بیرەوەری پەنجەمە

باسەکەمان بە پرسی مانا لە شیعری نوێدا دەست پێ کرد، بەڵام هەتا زیاتر لە تەتەڵە کردنی باسەکەدا چووینە پێش، باسی وێنە- لە جیاتی باسی مانا- زۆرتر قورسایی خۆی خستە سەر بابەتەکە. ئەم پێودانەش لە لای ئێمە هۆیەکی ڕوونی هەیە، هۆیەکەش ئەمەیە کە ئەندێشە لە شیعر دا سروشتێکی وێنەیی هەیە.ئەگەر ئەندێشە لە فەلسەفەدا خاوەنی مەنتیقێکی شیکارانەی ڕووت بێت، لە شیعردا خاوەنی مەنتیقێکی ئیماژیستییە، بۆیە بۆ نموونە ڕێبازێکی وەکو سووریالیسم لە ئەدەبدا بۆی هەیە گەشە بکات، بەڵام لە فەلسەفە دا بۆی نییە سەرهەڵ بدات.

لێرەدا پرسێکی گرنگتر سەرهەڵ دەدات. زۆر جار

بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کە لە شیعری ئاوانگارددا وێنە هیچ دەورێکی سەرەکی نەماوە. بە دەربڕینێکی دیکە بوون، یان نەبوونی وێنە لە شیعردا لە لای هەندێک کەس بە پێوانەی ئاوانگارد بوونی شیعر دادەنرێت. ئێمە لەسەر ئەم بۆچوونە دوو تێبینی ڕوونمان هەیە:

**یەکەم:** ئەوەیە زۆر جار هەر لە شیعری جێگای پەسندی ئەم کەسانەشدا دەکرێت نموونەی بەرچاوی چەندین جۆری وێنە بدۆزرێتەوە.

**دووەم:** کەڵک وەرگرتن، یان کەڵک وەرنەگرتن لە وێنە پێوانەی نزم بوون، یان بەرز بوونی شیعر نییە، بەڵکو چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ وێنە و چۆنیەتی داڕشتنی دەکرێت وەکو پێوانەیەکی ڕێژەیی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر چاوی لێ بکرێت.

لە مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردیدا چوار جۆر وێنە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لێرەدا بە خێرایی ئاماژە بۆ ئەم جۆرانە دەکەین.

**یەکەم:** وێنەی ڕیالیستی. ئەم جۆرە وێنانە لە ڕاستیدا جۆرێک لە وێنە بە مانای شێوەکانی خەیاڵ نییە، بەڵکو فۆتۆگرافییەکی ناسک و وردە لە واقیعی دیمەنەکان و ڕووداوەکان. ئەم جۆرە وێنانە لە مێژووی شیعری کوردیدا جێگای خۆیان هەبووە و لە ڕاستیدا یادگاری چاخی دەسەڵاتی ڕێبازی ڕیالیسمی سۆسیالیستین. بەرچاوترین نموونەی ئەم وێنانە لە شیعری مامۆستا هێمندا دەبیندرێن.شیعری «بەهاری کوردستان» نموونەی فۆتۆگرافییەکە کە بە کۆمپۆزیسیونێکی هونەرمەندانەوە وێنەی سروشتی کوردستان نیشان دەدات.

**وەنەوشەی جوانی خۆشبۆ**
**هاتە دەر لە لێوی جۆ**
**دار دەری کردووە چرۆ**
**کەروێشکەی کرد گەنم و جۆ**

**دووەم:** وێنەی خەیاڵی، ئەم وێنانەن کە شێوەکانی خەیاڵ تێیاندا بەکارهاتوون، بەڵام وێنەکان هێشتا ئەوەندە دەرهەست نین بۆ تێگەیشتن و هەست پێ کردنیان پێویستیان بە چەند جار خوێندنەوە هەبێت و خوێنەر بە شێوەیەکی شهوودی فامیان دەکات. یەکێک لە شارەزایانی ئەم جۆرە وێنانە لە شیعری کوردیدا مامۆستا گۆرانە:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتووەتە باوەش**
**هاوار و هاژەی کەف چەڕێنی چەم**
**بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم**
**عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی**
**بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی**

**سێیەم:** وێنەی دەرهەست، ئەم وێنانەن کە بە ئاراستەی دەرهەست بووندا بەرەو پێشتر چوونە. ئەم وێنانە لەوانەیە لەخۆگری ماکەی سروشتی و بەرهەستیش بن، بەڵام وێنەکان لە گشتایەتی خۆیاندا دەرهەستن. پێشەکی لاوکی هەڵەبجەی ڕەفیق سابیر نموونەیەکی باش بۆ ئەم جۆرە وێنانەیە:

**بە تەنیا جێی مەهێڵن**
**ئەمشەو زریان دەیچێنێت**
**تەمومژ دایدەپۆشێت**
**مانگەشەو دەیڕفێنێت**
**گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن**
**زامەکانی بە شیلان**
**بە گۆرانی دایپۆشن**
**یان بە سەوزی دارستان**
**سەری بە شەپۆلان کەن**
**با ئەم شەوە ڕایژێنێت**
**باڵای لە هەور بگرن**
**برووسکە و با دەچێنێت**

**چوارەم:** وێنەی دەرهەستی خاوەن جووڵە و قەبارە. بۆ ناسینی ئەم وێنانە، دیسان ئاوڕێکی خێرا لە وێنەکانی جۆری سێیەم دەدەمەوە. وێنەکانی جۆری سێیەم ئەگەرچی دەرهەستن، بەڵام نە جووڵەیان تێدا هەیە و نە قەبارەیان تێدا بەدی دەکرێ. ئەم وێنانە نموونەی بەرچاوی داهێنان و وردەکارین، بەڵام بۆ تێپەڕاندن لەم وێنانەیە کە باسی جووڵە و قەبارە دێتە گۆڕێ.

وێنەکانی جۆری چوارەم بەلێشاو لەناو شیعرەکانی یوونسی ڕەزایی-دا دەدۆزرێنەوە. نموونەیان ئەو دوو شیعرانەن کە پێشتر شیمان کردنەوە.

هەڵبەت شیعری شێت بە گشتی - بە سەرنجدان بە هەر دوو کۆمەڵە شیعری «شێن ترین بە تاڵ» و «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان» ، لە وێنە دەرهەستەکانی جۆری سێیەمیش لیپاولیپە. کەواتە ئارادەیەک دەتوانین بە هۆی

قورس بوونی شیعری شێت بزانین. هۆیەکە ئەوەیە کە:

یەکـەم، وێنەکـان خـۆیان وێنەی دژوار و دەرهەستن.

دووەم، دەربڕینی ئەم وێنانە بە هۆی زمـانێکی ئەوتۆوە بووە کە تەواوێک لە نۆرمەکانی زمانی ئاسایی و ڕۆژانە لای داوە . سێیەم، ئەم وێنە دەرهەستانە کە بەم زمانە نائاساییە دەربڕدراون، جوولەیان پێدراوە و قەبارەیان پەیدا کردووە و چوارەم، پێکهاتەی شیعر، نە ئاسۆییە (افقی) و نە ئەستوونی (عمودی). زۆر جار بیستوومانە کە دەڵێن جیاوازی (یان یەکێک لە جیاوازییەکانی) شیعری نوێ لەگەڵ شیعری نەریتی لەوەدایە کە لە شیعری نەریتیدا هەر بەیتێک بۆ خۆی وێنەیەک، یان ئیدەیەکی سەربەخۆیە و بەیتەکان بەم شێوەیە بەسەریەکدا هەڵ دەچندرێن، بەڵام پێکهاتەی شیعری نوێ ئەستوونییە.واتە ئیدەیەک، یان وێنەیەک لە سەرەتای شیعرەوە هەتا کۆتایی بیچم دەگرێت.

ئەو بۆچوونە لە بارەی زۆرێک لە شیعرە نەریتییەکان و شیعرە نوێیەکاندا وەڕاست دەگەڕێت، بەڵام لە بیرمان نەچێت هەر دوو پێکهاتەی ئاسۆیی و ئەستوونی خەتین. واتە هەر بەشێکی پەیڤ لەسەر هێڵە ئاسۆیی و ئەستوونییەکاندا هەر بە تەنیا لەگەڵ بەشی پێش خۆیان و بەشی پاش خۆیاندا پێوەندیان هەیە، بەڵام لە شیعری شێتدا پێکهاتەی شیعر، ڕایەڵەییە (شبکەای) ئەویش ڕایەڵەیەکی چەند ڕەهەندی. لێرەدا هەودای مانا بە ئاراستەی هێڵێکدا ناچێتە پێش، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا هەوداکە دەپسێت و مانا و وێنە لە فەزای شیعرەکەدا و بە هەموو ڕەهەندەکاندا بڵاو دەبێتەوە. وشەکان و دێڕەکان هەر لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیان و پاش خۆیان پێوەندیان نییە، بەڵکو هەموو وشەکان و هەموو دێرەکان بۆیان هەیە ئاوێزانی یەکتر بن و باوەش بە یەکتردا بکەن، بۆیە شیعر دەبێت لە گشتایەتی خۆیدا بخوێندرێتەوە، بۆیە ڕادەی گەڕانەوە بۆ خود لەم جۆرە شیعرەدا یەکجار بەرز دەبێتەوە.

یەدوولڵا ڕوئیایی، پێشەنگی ئیسپاسمانتالیسم لە شیعری فارسی، لە جێگایەکدا کە بە دوای وێنەی قەبارەدار لە شیعری فارسیدا دەگەڕێت، ئەم جۆرە وێنانە وەکو یەک لە شیعری شاعیرانێکی وەک ڕەزا بەراهەنی و سیمین بێهبەهانی و مەنووچێهر دامغانی و مەولەوی بەڵخیدا دەبینێتەوە.

بەراهانی دەڵێت: «زمان دەبێتە هاوچەرخی هەتاو».

وێنەی شیعرەکەی بێهبەهانیش ئەمەیە: «تەمەنی من وەکو پەردە/ ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەبێت/ ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەڕوات» (٢).

ئەو حەرەکەتەی ڕوئیایی لەم شیعرانەدا باسی لێوە دەکات لەگەڵ جوولەی شیعری شێت جیاوازی هەیە. مەبەستی ڕوئیایی لە بوونی جوولە لەم شیعرانەدا ئەوەیە کە مەودایەک لەناو ئەم شیعرانەدا بەتاڵن و زەینی خوێنەر دەبێت بۆ پڕ کردنەوەی ئەم مەودایانە، جوولەیەک بکات. دیارە ئەمەش ناچارەکی بە مانای ڕایەڵەیی بوونی پێکهاتەی شیعر نییە.

ئێستا وای دابنێین کە لە شیعری یوونس-دا دێرەکان و وێنەکان، هەندێکیان بە تەنیا قەبارەیەک و جوولەیەکیان هەیە بەو چەشنەی ڕوئیایی باسیان لێوە دەکات، بەڵام دواجار لە ڕایەڵەیەکیشدا وێنەکان دیسان بە شێوەیەکی دیکە و بە ئاراستەیەکی دیکەدا وەجوولە دەکەون.

ئەگەر بمانەوێت چەند وێنە لەناو شیعرەکانی یوونس-دا بخەینە پاڵ ئەم وێنانەی ڕوئیایی، بۆ دۆزینەوەیان تووشی زەحمەت نابین:

**دڕکەزاری ئەندێشەیەک لە چاومدا**
**بەخشیومە شیناوەردی شیعریک بە وشە**
**بە ڕازی دەنگتدا زمانم دەدرەوشێ**
**وشە هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە**

ئەگەر لەوە نەترسابایین وتارەکەمان وەکو لیست کردنێکی ناداهێنەرانەی نموونەی شیعرەکانی لێ بێت، بۆمان هەبوو چەند لاپەڕە لەم وێنە بەدیعانە بە دوای یەکدا ڕیز بکەین. وێنەی وەک:

قژت ڕەشترین بیرەوەری پەنجەمە.

**سەرچاوەکان:**


**١- شپرد، آن، مبانی فلسفه هنر، ترجمه علی رامین، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ پنجم، ١٣٨٥، ص٣٧ - ٥٠.**

**٢- ڕەزایی، یوونس، منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧**

**٣- رؤیایی، یدالله، عبارت از چیست؟ از سکوی سرخ(٢)، گردآوری و تنظیم: محمد حسین مدل، مؤسسه انتشارات آهنگ دیگر، تهران، ١٣٨٦، ص٦٨.**

# (لیسا) لە نێوان نامۆیی و چاوەڕوانیدا

د. پەخشان سابیر
(كۆلێژی پەروەردە – سۆران)

(١ – ٢)

(لیسا) دەقێكی چڕوپڕی ڕەمزئامێزی (مەهدی ساڵح مەجید)ە، كە لە كانوونی دووەمی (٢٠٠٠) لە بەریتانیا نووسراوە، ئەم دەقە لەگەڵ (چاوەڕوانی گۆدۆ)ی (سامۆئێل بیكیت) و ئەفسانەی (سیزیف)دا كە قووڵایی بیر و فەلسەفەی (ئەلبێركامو)ە. یەكدەگرێتەوە، (لیسا) گۆدۆ و (سزیف)ە لە یەک كاتدا، تەنیاییەكان و چاوەڕوانی هەموو ژیانی تێدا بەدی دەكرێت، بەو هیوایەی ڕاستییەكان بدۆزێتەوە. لەكاتێكدا شاعیر خۆیشی ئەوە دەدركێنێ كە:

(لیسا لە ئەسڵا هەر نییە، ئەگەر هەشبێت درۆیە، بەڵام من دڵم چوو بوو لە درۆیەک كە ناوی لیسا بوو..)ل٩.

لیسا لەناوجەرگەی ناوەوەی شاعیرە، بەڵام شاعیر دوای پشكنینی ناخی خۆی، لە دەرەوەش هەر خەریكی سۆراغكردنی (لیسا)یە، لە دەروازەی گەڕانەكەیدا پێناسەیەكی (لیسا) دەدركێنێ كە:

(لیسا هاوڕێی شینایی ئاسمانە و لە گەڕەكی گوڵە زەنبەق دادەنیشێ)ل١

لە هەمان كاتدا (لیسا) كە لە شاعیرەوە نزیكە وەكو ناوی خۆی كە نزیكترین شتە پێیەوەی نووساوە و دوورترین شتیشە لێی، بۆیە هێندە لێشی دوورە هەندێ جار لای ئەستەمە پێی بگات. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەدوایدا وێڵە.

(لیسا) لەنێوان دیاری و نادیاریدا ئەم سەر و ئەوسەر دەكات، كەچی: (هیچ ناوونیشانێک نییە لە دنیادا بە تەواوی بزانێت چ ڕێگایەک دەگاتە بەردەم ئاستانەی تایبەتی گۆشەگیری دڵی لیسا)ل٣، یان تەنانەت لە هیچ سەربردەیەكی خورافیش لێی ڕوون نییە دەروازەی حەرەمسەرای خەنەیی عیشقی ئەفسانەی لیسا دەكەوێتە چ قوڕنەیەكی ئارامی دنیاوە...)ل٣.

تەنیا تاڕادەیەک لە بواری ئاییندا دەتوانرێ هەست بە شوێنی (لیسا) بكرێت، ئەمەش خاڵێكی گرنگە كە (لیسا) بە پیرۆزی ئایینییەوە بەندە، نەک خودی ئایینێكی دیاریكراو، بەمەش (لیسا) هێندە بەرز دەكرێتەوە تا دەیگەیەنێتە لووتكە.

بە كەسكردنی ساڵ و ڕۆژەكانی هەفتەشی هەر بۆ ئەوەیە كە لەتەنیاییەكەی ڕزگاری بكات، بە تایبەتی كە سیفەتی (ڕەنجان و نەهاتن و سۆراخ نەكردن و بێ وەفایی...)ی داونەتە پاڵ، بەمەش (كات)ی خستووەتە دەرەوەی كات، یان بەواتایەكی تر (كات)ی لە كاتێتی دابڕیوە و هەیكەلێكی تری پێ بەخشیوە، تێیدا چوارشەممە نەک تەنیا مرۆڤە، بەڵكو خێزان ئاسا خاوەن منداڵیشە، ئەوەتا گلەیی ئەوەی لێ دەكات (نە چوارشەممەیەک ئەڵێ وەرە كچەكەی خۆمی بدەمێ و بتكەم بە زاوای ژیان)ل٤.

– زاوای ژیان ڕەمزە بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری و گونجان لەگەڵ ژیان، واتە شاعیر لەگەڵ ژیاندا تەبا نییە، وێڵە بەدوای تەباییەک لەگەڵ ژیاندا یەكیان بخات و



**نالی**

پێکیان بهێنێتەوە، کە ئەو تەباییە و سۆراغکردنی ئەو پرسیارەی لەلا دروست کردووە: مرۆڤ لەبەرچی دەژی؟

لەبەرچی هاتۆتە باوەشی ژیان؟ لەکاتێکدا سەرتاپای ژیانی تەنیاییە، تا دەگاتە نامۆیی. چۆن دەتوانێ بەرگی تەنیایی دابکەنێ و فڕێی بدات.

شاعیر دەیەوێ هاوسەنگییەک لە ژیاندا دروست بکات، کەچی نامۆیی دەبێتە بەربەستێک لەبەردەمیدا، لەگەڵ ئەوەشدا (لیسا) ئەو خەونە بەردەوامە بەدی نەهاتووەیە کە لە قۆناغەکانی ژیانیدا چاوەڕێی بەدیهاتنی دەکات، وێنەی شتەکان زۆر بە ڕێکوپێکی لە هزری شاعیردا پارێزراوە.

ئەم دەقە توانیویەتی شیعرییەت بهێنێتەوە نێو شیعری کوردی، سفرەیەکی ڕازاوەی شیعرییە، هەموو جۆرە وشەیەکی بە تاموچێژی لەسەرە، شاعیر لەنێو جیهانی مادییەتدا ماندوو بووە، بۆیە دەیەوێ لەنێو ئەم دەقەدا هەناسە بدات و بحەسێتەوە، وەکو کاریگەرییەک وایە کە لە کەمترین کاتدا زۆرترین بەرهەم دروست بکات و مەکینەکانی پاک بکاتەوە، مێشکی شاعیر و دەروونی وەکو ئەو کارگەیە وایە. تەنانەت بانگەشەی خوێنەریش دەکات بۆ ئەوەی هەناسەیەکی پاک هەڵمژێت، هەناسەی زانین، فێربوون، شیعرییەت، جوانی...تاد.

ئەم هەناسەدانەش لەنێو (لیسا)دا بە مەبەستی گەڕاندنەوەی بەها بەنرخەکانە بۆ باوەشی ژیان و گەڕانەوەی جوانییەکانە بۆ سیمای ئاڵۆزی ژیان، جوانی

هەروەک (کیتس)ی شاعیر ئاماژەی بۆ کردووە: (جوانی ڕاستییە و ڕاستی جوانییە، ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە پێویستە لەسەر زەوی بیانزانی و ئەوە ئەو هەموویە کە پێویستە بیزانی)(١).

لەنێوان جوانی و ڕاستیدا شاعیر ویستوویەتی هاوکێشەی (ژیان و مردن) هاوسەنگ بکات، لە پەنای فەلسەفەی بوونەوە دەیەوێ وەڵامی پرسیارە قورسەکانی نێوان (ژیان- مردن) بداتەوە.

(دەمەو بەیانییەک ژیان کە هێشتان خەوی بەیانی بەری نەداوە، بەڕوویەکی گرژەوە، بە توندی دەرگاکانی بە قایمی پێوە دەدات و بە مۆنییەکەوە دەڵێ: ئەو ماڵە باریان کردووە بۆ ئەو دنیا کەسیان لە ماڵ نییە، ئەم چەمە وشکی کردووە، ئیتر لێرەوە ڕەت نابێت، ئەم دڵە خاڵییە لە ژیان، ئەم خانووە بێجگە لە بیرەوەری کەسی تێدا ناژی)ل٢.

ئەم وێنانە دەشێ داهێنانێک بن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لە ئاکامی خەیاڵێکی وردەوە چنراوە، قووڵیی تاقیکردنەوەی شاعیر کەشێکی تەمومژاوی نەک تەنیا بە کەسێتی (لیسا)، بەڵکو بە کەشی نێو دەقەکە بەگشتی بەخشیوە. (شیندەر) لای وایە ئەگەری قورسێتی لە دەقدا بۆ دوو ئەگەر دەگەڕێتەوە (٢):

١- زمانی شیعری لە خودی خۆیدا قورسە.

٢- بوونی پەیامێکی شاراوە لەنێو ئەم زمانە قورسەدا.

بەخشینی وردترین هەست و سۆزی کەسێتییەکی هەست ناسکی تا سەر ئێسقانی بە پاییزییەتی ژیان بەخشیوە، دەربڕینی ئەم هەستانە و زمانی دەربڕینەکە و درێژی ڕستە شیعرییەکان بوونەتە مایەی دروستکردنی ئەم کەشە ئاڵۆز و تەماوییە، بۆ نموونە: (فیزاحی هەڵوەرینی گەڵایەکی سەوز، زامی بە سوێی هەڵوەرین، ئێشی سەختی گریانی وردوخاشبوونی دڵشکاوی پەنجەرە، مانگ سەرپۆشی ئێوارەی بەست،...تاد) خواستنەکانی چالاکی و هێزیان تێدا بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک کە واتای نوێ بەدەستەوە دەدەن و مێشک ئاودێر دەکەن، دەقەکەش بالاتر. (ئاو) لەم دەقەدا یەکسانە بە هەموو ژیان و وەستانی بریتییە لە پیرێتی، مردن، نەمانی ژیان و چالاکی، بۆیە دەڵێ: («ئاو» لە ڕاوەستاندا پێویستی بە دڵنەوایی کردن هەیە، گوڵ کە ڕەونەقی جوانییەکەی دەمرێ، پێویستە پێی بڵێ خۆت خۆش دنیا بۆ باخچەکان نەما ئێمە لەم تاریکاییەدا تەنیا دەتوانین بەرگەی ئەم تەنیاییە بگرین کە بێ وەفایی

ئازیزانمان جێی دەهێڵن)ل٣
شێوازی ئەم دێرانە و چۆنیەتی دەربڕینیان لە شێوازی پرسەدایە، گوڵ ڕەمزە بۆ نەوە و (باخچە) ڕەمزی باپیرە گەورەکانە، (باخچە) شوێن و مەڵبەندی گوڵە، گەر مەڵبەند نەمێنێ ئیتر (گوڵ) چ دڵنیاییەکی لا دروست بێت بۆ مانەوە؟

ڕەهەندێکی فەلسەفی- ئایینی لە (لیسا)دا دەخوێنرێتەوە، لیسا بەپێی ئەم دوو ڕەهەندە و ڕەهەندەکانی تریش پێناسەکراوە، بەڵام پێناسەکان هێشتا ئەوە نین کە بتوانن (لیسا) بناسێن چونکە: (لە چواریانی تەنیایی منەوە هیچ کەسێک لیسای نەبینیوە ڕەت بێت، خۆشم هەرگیز نەمبینیوە)ل٤.

سەرچاوەکانی زانین و زانیارییەکان بەڵگەی ئەزموون و ڕۆشنبیری شاعیرن، بۆیە ئەم وێنانەی دروستیانی کردووە، بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی هەستەکانیەتی، هەڵوێستەکانی بە ئاشکرایی بەدی دەکرێن، ئەمەی لە ئاکامی (عاشقبوون)دا دەربڕیوە، دەشێ مەعشووقەکە خۆی لە (ئافرەتێکی دیاریکراو و دایک و نیشتیمان و خاک و خەمەکانی ولات) هەموویان بەیەکەوە بن و لە (لیسا)دا خۆیان بنوێنن، هەست دەکەیت، ئەم ئافرەتە بە مرۆڤێکی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵەکەی بەسەرەداوێکەوە بەندە، هەرچەندە سیماکەی و ناوونیشانی دیار نییە، بەڵکو تەنیا لە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیردایە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئەمە ئافرەتێکی ئاسایی نییە، ڕەمزێکە بۆ ژیان و بەدیهێنانی خەون و ئارەزووەکانی من، ڕەمزێکیشە بۆ ماندووبوونەکانی مرۆڤ لە ژیاندا و ئەو بەرهەمانەی لە چوارچێوەی ژیاندا دەیاندورێتەوە، بۆیە (لیسا) گەورەتر و باڵاترە لەوەی تەنیا کەسێکی دیاریکراو بێت، دەشێ بەشێک لە «لیسا» لە هەموو کەسێکدا هەبێت و دەشێ کەسیش نەبێت، ئەم دووانە پێچەوانە و ئەم دوو جەمسەرە جیاوازە چێژێکی زۆریان بەم دەقە داوە، لە ئاکامیدا هەست بە هەموو ململانێی نێوان ئەم دوو جەمسەرە دەکەیت، بە تایبەتیش ململانێی نێوان جەمسەری ژیان و مردن، یان جەمسەری ئومێد و نائومێدی، یان بەدی هاتن و بەدی نەهاتن، یان.. تاد.

ژیان چییە؟ چ مانایەک دەبەخشێ؟ ئەمە ئەو پرسیارە وێڵەیە کە لە هەموو بوارێکەوە وەڵامی دراوەتەوە، کەچی هێشتا ئەو وەڵامە پڕ بە پێستەی ئەم پرسیارە نەدراوەتەوە، بۆیە شاعیریش وەک فەیلەسووف و زاناو دانا و نووسەرانی تر بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە وێڵە و بەهیچ تینوێتی ناشکێ.

(کەنارییەک لە قەفەسی گۆشەگیری منا ئەگەر لێی بپرسی ژیان یەعنی چی؟ دەمی دەچێت بە یەکاو نازانێت دوو قسەی ڕێکوپێک بکات، دەڵێ یەعنی چاوەڕوانییەکی درێژ لەنێو لاپەڕە دڕاوەکانی تەنیاییدا.

لەنێو شەمە و یەکشەمەکاندا بەدوای مردندا دەگەڕێم ژیان لە داهاتووی مندا دەست ناکەوێت، لە شەقامی دوو سایدی بەرەڵلایی منەوە ژیان هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت.

کەسێک بپرسێ ماڵی مەعنای خۆشەویستی لەکوێدایە. ئەمەنم عاجباتی لێ دێ)ل٥

شاعیر چاکسازێکی کۆمەڵایەتی نییە، تا چارەسەرییەکان بخاتە ڕوو، بەڵکو تەنیا بیروڕاکانی دەخاتە بۆتەی هەستەکانی و دەریاندەبڕێت، شاعیر خۆی سیزیفە و ژیانی بە هەموو ناخۆشییەکانەوە لەکۆڵ ناوە و هەست بە دووبارەبوونەوە و سواوی ژیان دەکات، ئەم لە کۆڵ نانەش بەرەو هەستکردن بە تەنیاییەکی لە ڕادەبەدەری لەلا دروستکردووە، بەشێوەیەک کە ئارەزووی چوونە دەرەوەی لەنێو کۆمەڵگاکەی دەکات، هەرچەندە ئەو نەخۆشییەی شاعیر دووچاری بووە کە نامۆیییە لە ژیاندا پێوەندی بەشوێنەوە نییە، هێندە پێوەندی بەناوەوە و خودی شاعیر خۆیەوە هەیە. (لیسا) لە چوارچێوەی ئایینیدا ڕەمزێکە بۆ پەرستن، بۆ خۆپاراستن لە خراپەکارییەکانی ژیان، ئینجا دێتە سەر ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان کۆن و نوێدا بەدی دەکرێن، تا دیسان دەگەڕێتەوە سەر هەمان خاڵی بازنەی بەتاڵی ژیان، سەیری بەم خەڵکە دێ کە وەڕس نابن. (بەدەستی بەتاڵ دێنەوە و لەو هەموو دووبارەبوونەوەیە وەڕس نابن، هەر دەڵێن ژیان پێچی مێزەرێکە، ژیان دەرگایەکی دوولایی گەورەی داخراوە هەر چۆن لێی بدەی ناکرێتەوە، مەسافەیەکی درێژە لە ڕۆیشتنی بێ مەعنا هەر چۆن بڕۆیت هەر تەواو دەبێت)ل٥-٦.

ئەوپەڕی ڕەشبینی و مامەڵە کردنێکی بێ هوودانەیە لەگەڵ ژیاندا، هەر ئەم بێهوودییەشە شاعیری گەیاندۆتە تەنیایی، چونکە «لیسا» بەدی ناکات، زیاتر دەچێتە ناخی تەنیایی و هەموو دنیای تەنیاییە، تەنانەت داستانێکی مرۆڤایەتی لەسەر (تەنیایی) هۆنیوەتەوە، تێیدا هەست بە تارمایی ئەفسانە دەکەیت، چونکە ئەفسانەیەکی دیاریکراوی خاوەن سیمایەکی دیار و ڕوونی وەرنەگرتووە، بەڵکو ڕێڕەوی بنیادی ئەفسانە و داستانی خەیاڵی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی (تەنیایی)یەکەی دەرببڕێت، بەڵام (تەنیایی) شاعیر بە مەبەستی هەڵاتن



**گۆران**

نییە لە واقیع، بەڵکو شاعیر بە هۆشیارییەوە گوزارشت لە تەنیایی دەکات، هەرچەندە «لیسا» وەک پاڵەوانێکی سەرسەختی نێو ئەفسانە و داستان بەدی دەکرێت کە لەنێوان بوون و نەبوونی لە واقیعدا ئەم سەر ئەو سەر دەکات، وێنای دەکات، یان دەگاتە ئەوەی کە تەنیایی هێندە کوشندەیە، شتێک نییە دادی بدات، تەنانەت (پێغەمبەرایەتیش دادی تەنیایی نادات)ل٦، ئەمە ئەوپەڕی سکاڵاکردنە لە تەنیایی، هەر بەهۆی ئەمەوەیە کە:

(عابدێکی لەخواترس شەووڕۆژ لەسەر بەرماڵی ئیتاعەت دەپارێتەوە:

خوایە لەبەر خاتری جوانی «لیسا» لەم
تەنیاییە مەحفووزمان بکەی)ل٦

شێوازی ئەم دێرانە ڕێک شێوازێکی ڕاستەقینەی عابیدەکانە، بەڵام بۆ پاراستنان لە گوناه و خراپەکاری، نەک لەبەر خاتری «لیسا»، بەڵکو لەبەر خاتری پێغەمبەر و پیاوچاکان، کەچی شاعیر بەرەو ئاراستەیەکی تری بردووە، زیرەکانە گفتوگۆیەکان دادەڕێژێت. گەڕانەوەی شاعیر بۆ نێو ئەفسانە و جیهانی پڕوپووچ بۆ ئەوەی بیانکاتە ڕەمزێک و ئەو جیهانەی لەسەر بنیاد بنێ کە لە بیر و دەروونیدایە، تووشی دڵەڕاوکێ و پەرتی بووە، ئەمەش سەرچاوەی لە کۆمەڵگاکەی گرتووە، گەر پەنای نەبردایەتە بەر ئەفسانە و ڕەمز. نەیدەتوانی بە ئازادی گوزارشت لە هەستەکانی بکات، ئەوەتا پەنا بۆ (با) دەبا وەک ڕەمزێکی سروشتی و هەڵگری نهێنییەکان کە پارێزگاری ڕاز و نهێنی و نامە و...تاد دەکات. بە کەسکردنی (با) لەنێو گەلێ دەقی ئەدەبی کوردیدا بڵاوە و ئامرازێکی یارمەتیدەرە، شاعیر لەم دەقەدا داهێنانێکی نوێی لە مامەڵە کردن لەگەڵ (با)دا کردووە و وێنەیەکی ورد و پڕ لە جوانی لێ دروست کردووە.

(با کە جوانی «لیسا»ی بینی داڵغەی ڕۆیشت و خۆیدا بەنێو قەدی درەختێکی ڕەشتاڵەدا و گەڵاکانی لێ هەڵوەراند، گوتی: دەبێ عەفووم بکەی ئاگام لەخۆم نەبوو)ل٦

بیرۆکەی ئەم دێرانە لە شیعری کوردیدا بە شێوازی تر دارێژراوە وەک:

**گوڵ کە جوانی گۆنای تۆی دیوە**
**چقڵی خۆی لەژێر پێی هەڵچەقیوە**

بەڵام دارشتنی شاعیر و گفتوگۆکەی وەک کەسێکی ڕۆشنبیر ئەوە جوانییەکی تری بە وێنەکە بەخشیوە، ئەم دەقە بە «خواستنی درکاو»ی نوێ بەرهەمی خەیاڵی وردی شاعیر ئاخنراوە، وەک: (داڵغە لێدانی با، پێ خلیسکانی چەم و بەربوونەوە و بەدەماکەوتنی، هاژەی تەریقبوونەوە، تەنیایی دڕاوی پینەکراو، دروستکردنی کراس بۆ دڵ، سەلام کردنی مانگ لەتاریکی، پێکەنینی پەلکە گیایەکی عازەب، بەیانییەکی گەنج، چاوداگرتنی شەپۆل، ئاوڕدانەوەی با، گەڵایەکی هەرزەکار نەخۆشکەوتنی مانگ بەزەردوویی..تاد)

خواستن بەگشتی و خواستنی درکاو بە تایبەتی کە لە بەهای وێنەکان زیاتر دەکات و لە سەرتاپای شیعردا هەر لە کلاسیکییەوە تا شیعری نوێ و هاوچەرخ هێڵی جوانی شیعر دەردەخەن، کە لەم دەقەدا شاعیر توانیویەتی زۆربەی ئەو وێنانەی پێشتر لە چوارچێوەی شیعری کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە تێپەڕێنێ. بۆ نموونە (تەنیایی) بەشێوازێکی وا گوزارشتی لێکراوە، کە پێش ئەم دەقە بەم شێوەیە بەرجەستە نەکراوە:

(لایەک لە دیواری تەمەنم ڕووخاو و پیرێتم کەوتە دەشتەوە «لیسا» سەری سوڕما کە تەنیایی دڕاوی منی بینی پینەم کردووە، گوتم دەستم ناڕوا هیچ خۆشەویستییەک شک نابەم بیکەمە بەرم، ئەگەر دەتوانی نیو گەز خۆشەویستیم بدەرێ بۆ ئەم جەژنە ئەیکەمە کراسێک بۆ دڵم، «لیسا» هیچی نەوت تەنیا ئەوکاتەی کوشتمی گوتی: ئاگات لەخۆت بێت با سەرمات

نەبێ)ل٦

یەکێ لە تەکنیکەکانی چیرۆک کە لەم دەقەدا ڕەنگی داوەتەوە (گفتوگۆیە)، ئەویش گفتوگۆی کەسی و گفتوگۆی کۆمەڵی، لێرەدا بە مەبەستی دۆزینەوەی چەشنی کەسێتییەکە و بیروباوەڕ و هەڵچوونەکانی.. چەندین گفتوگۆی نایابی دروستکردووە، هەرچەندە تاووتوکردنی بابەتی (تەنیایی) لەم دەقەدا بەشێوەیەکی زۆر هێمنانەیە، تەنانەت کۆششی شاعیر گەیشتنە بە (ماچێکی لیسا)، لێرەدا (ماچ) ڕەمزێکە بۆ تێگەیشتنی ژیان نەک ماچی ئاسایی، لای وایە کە ئەم ماچە سەرەداوی نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا دەکات، بۆیە هەردوو دنیای بەرانبەر ئەم ماچە دەدات، ئەمەش وای لێ دەکات وەکو چۆن (گلگامێش) بەدوای (گیای نەمری)دا دەگەڕا، لای شاعیریش ئەم ماچە دنیایەکی نەمری پێ دەبەخشێت و بەهۆیەوە دەتوانێ پەی بە نهێنییەکان بەرێ.

(ئاخر ماچ دوا خۆشەویستی ئاوە بۆ حەوزێکی بەتاڵ کە پڕە لە بیرەوەری تاڵی قەوزەی بەجێماو، هەڵاتنی خۆرەتاوێکی خۆشە لە ڕۆژێکی ساردی زمستان
سەلامی مانگە لە تاریکی، پێکەنینی پەلکە گیایەکی عازەبە بۆ نەسیمی فێنکی بەیانییەکی گەنج
چاوداگرتنی شەپۆلێکی عەیارە لە کەنارێکی بەتەمەن پێشوازی کردنی گوڵێکی سەخییە لە پەپوولەکانی ئاشنا..)ل٧

یەکێ لەو ڕەهەندانەی کە لە گفتوگۆکانیدا بەکاری هێناوە، ڕەهەندی دەروونییە، بە هەموو هەست و سۆز و سیما هزری ڕەوشتییەکانی، ئیتر (ماچ) لووتکەی گۆڕانەکان دروست دەکات، چەمکی ئەم (ماچ)ـە لای (هێمن)ی شاعیریش نیشانە و هۆکارێکە بۆ دووبارە بنیادنانەوە و بەخشینی ژیان، بەڵام وێنەکان لای (هێمن) کاڵترن، لای (مەهدی) قووڵتر دەبنەوە، چەندین مەدلوولی تری پێ دەبەخشێت، وەک:

(١) دەعوەتکردنی غەریبییەکی ساردە لەنێو تاریکی ئێوارەی شارێکی جەنجاڵدا بۆ بەردەم گەرمایی ڕووناکی.

(٢) حەنانەتی درەختێکی پیرە کە بە باڵندەیەکی ژێرباران دەڵێ کوڕم با سەرمات نەبێ وەرە بۆ ژێر گەرمایی چەتری گەڵاکانی من.

(٣) ئاوڕدانەوەی (با)یەکی خێرایە لەوسەری ئێوارەی کۆڵانی دارستانەوە بۆ گەڵایەکی هەرزەکار.

(٤) نازکردنی شکۆفەی خونچەیەکی بەهارە لە دواکەوتنی دەنگی جریوەی باڵندە کە دەڵێ: ئەوە لە کوێی شتە پیس بیرم کردیت.



هەردی

(٥) چاوەڕوانی بە پەرۆشی ئەستێرەیە لە درەنگ هەڵاتنی مانگ کە دەڵێ: ئەوە بۆ ئەوەندە دواکەوتیت لە ئێوارەوە چاوەڕێت دەکەم.

(٦) ماچ سوجدە بردنی خودایە بۆ قیبلەی موبارەکی عیشق.

(٧) دوا تەعبیری زمانە لە وەسف کردنی جوانی.

(٨) گەیشتنی ئاوە بەوپەڕی عەرشی مەزنی قووڵایی خۆی.

(٩) دوا ئایەتی قورئانە لەنامە ڕازاوەکانی خوداوە کە بۆ پێغەمبەرێکی ئازیزی خۆی دەنووسێ: خۆشم دەوێی.

(١٠) دوا کەلامی گەرمی ئاوە کە لەبەرزەخی ڕۆیشتندا پەلەوەرێکی تینوو دەکات، دەڵێ: بێرە بۆ ژێر ئەم دارە هەنجیرانە...تاد.

هەریەک لەم وێنانەی سەرەوە کە شاعیر بە (ماچ)ی بەخشیوە، ئەوپەڕی سنووری ڕۆمانسییەت دەردەبڕن و خەیاڵ بەرەو پانتاییەکی بێ سنووری جوانی دەبەن، وێنەکان بەرجەستەکردنێکی ڕاستەقینەی هەستەکانی شاعیرن، گوزارشت لە هەڵوێستە خودییەکانی دەکەن، هەر لە ڕەهەندی دەروونی کە لە ئاکامی ڕەنگدانەوەی جوانییەکانی سروشت لەسەر دەروونی شاعیر و بزواندنی هەستەکانی دروست بووە، تا دەگاتە بەخشینی ڕەهەندی ئایینی کە پیرۆزی دەبەخشێتە وێنەکان و بەرزتری دەکاتەوە، بەخشینی ئەم ڕەهەندەش بۆ ئەوەیە جەخت

لەسەر ڕاستگۆیی هەستەکانی و قوولّیان بکاتەوە، شاعیر دەیەوێ بەهۆی ئەو دەربڕینانەوە خودی خۆی پاک بکاتەوە و خۆی بخاتە پاڵ کەسایەتی ترەوە و خۆی حەشار بدات. بەهۆی ئەو برە زۆرەی هەستەکانی کە هەڵیگرتووە، بەپێی هەڵوێستەکانی دابەشیان بکات، بۆیە حەز و ئارەزووی پڕ لە حەسرەتی شاعیر بۆ گەیشتنی بە (ماچ)ی ژیان و تێگەیشتن لە واتای قوولّی ژیان، تا بتوانێ پێناسەیەکی گونجاوی لا دیاری بکات، وەک ئەو باوەشەی کە تینوێتی سۆزی دەشکێنێ و دەتوانێ چەمکی (ماچ)ی لا ڕوون بکاتەوە.

زۆربەی وێنەکان وێنەی بینین، کە پشت بە ڕەنگ و حاڵەت و بریسکە و تیشکی بینراوەکان دەبەستێ، بەشتێک لە وێنەکان لەنێو دەقی (لیسا)دا لە داهێنراوی شاعیرن، بەڵام بەشێکی تر لە وێنەکان لە ئاکامی هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەی کۆنی شیعری کوردییەوە و دووبارە بنیادنانەوەیەتی بە شێوازێکی تر، کە لە ڕەوانبێژیدا بە لێکچوونی ئاوەڵوو ناودەبرێت، چەندین وێنەی وای دروست کردووە کە پڕ لە جووڵە و چالاکی و جوانی بۆ نموونە:

مەهدی دەڵێ: (مانگ لە حەسرەت جوانی «لیسا»دا تووشی نەخۆشی زەردوویی هات و هەموو جارێکیش هەر بەو دەردەوە هەڵدێت..)ل٧

**(نالی)ی وتوویەتی: (لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت**

**بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان.. دیوانی نالی، ل٣٢١.**

مەهدی دەڵێ: (گوڵ ڕەنگی لە ڕوخساری «لیسا» وەرگرتووە، عەتریش لە هەناسەی بەهار لە بۆنی مێیایەتی جەستەی «لیسا»وە دروست بوو..)ل٨

(مەولەوی) وتوویەتی:

**(گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**

**وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان)**

(چەندین وێنەی تریش کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان پێدەکرێت)، یان ڕەنگدانەوەی (پاییز) و هەموو ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەی کە وەرزی پاییز دەیانبەخشێ. لەنێو شیعردا بوونەتە سەرچاوەیەکی بلاو و پتەو بۆ خەیاڵی شاعیران، تەنانەت (محەمەد عومەر عوسمان)، هەر بە شاعیری پاییز ناسراوە. هێندە گوزارشتی لە پاییز کردووە، کەچی شاعیر لەم دەقەدا دەربڕینێکی تری بە پاییز بەخشیوە، کە لە ڕەوانبێژیدا دەچێتە نێو (جوانی پاییس)ەوە.

(جوانی «لیسا» پاییزی بەدەردێک برد.. تووشی پەرکەمی گەڵاڕێزانی کرد و فرۆیدیش سەری لێ دەرناکات..)ل٧

هۆکاری پەیوەست بوونی گەڵاڕێزانی بردۆتەوە سەر جوانی «لیسا»، بەشێوەیەک کە زانای دەروونناسی ناتوانێ پەی بەمە ببات. (لیسا) لەم دەقەدا (ژیان)ە، لە هەمان کاتیشدا (لیسا) یەکسانە بە خۆشەویستی و هەستکردن بە جوانییەکانی خۆشەویستی، کەواتە لە ئاکامی ئەم هاوکێشەیەدا دەگەینە ئەوەی کە ژیان و جوانییەکانی یەکسانن بە خۆشەویستی.

(هەموو ڕەنگەکانیتری مەعنای ژیانیش تەقلیدی جوانی «لیسا» دەکەنەوە، بەڵام نە هیچ ڕەنگێکی ئایینده و نە ئێستا و نە ڕابردووش وەکو سەوزایی جەستەی باغی ئیرەمی «لیسا»یان لەدەست نایەت کە هەر ڕۆژێ نەوعێک ژیان دەگرێت پێشتر کە نەیبینیوە..)ل٨

شاعیر دواتر هاوکێشەیەکی تر دروست دەکات، ئەویش دەلالەتی جوانییە لە چوارچێوەی (لیسا)دا، تەنانەت بوون و نەبوونی جوانیشی بە (لیسا)وە گرێداوە، بەڵام هێشتا شاعیر هێندە بە تەنیایی تەنراوە و هێندە ڕەنگی تەنیایی گرتووە، بۆیە تەنیاییەکە تۆخێکی وایە کاڵ نابێتەوە، لەکاتێکدا کە ڕەنگ دەبەخشێتە تەنیایی، واتە هەستی بینینی پێ دەبەخشێ کە دایکی هەستەکانە، بەمەش پەیکەرێک بۆ تەنیایی دروست دەکات کە لەناوەوە هەستی پێدەکات، لە هەمان کاتیشدا بەرجەستەی دەکات و لە بەرانبەر خۆیدا جەستەیەکی بۆ بنیاد دەنێ و دەیهێنێتە دەرەوە.

(ئەگەر «لیسا» نەبێت جوانی خۆی لە ئەسلا هیچ مەعنایەکی تری نییە شانازی پێوە بکات، بەڵام «لیسا» بەو هەموو جوانییەوە هیچ مەعنایەک نابەخشێتە ڕەنگی تاریکی و تەنیایی تۆخی من کە بە هیچ خۆشەویستییەکی شەرابیش کاڵ نابێتەوە)ل٨.

شاعیر بەردەوامە لەگەڕان بەدوای ئەو (لیسا)یەی کە وێڵ بوونە بەدوای وەڵامدانەوەی چەندین پرسیار، پرسیارکردن لەژیان، لە واتاکانی ژیان، لەو مانایانەی کە لە پشت ژیانەوە هەن، ژیان ئەو مەتەڵە ئاڵۆزەیە کە ناوی (لیسا)یە و بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ ناتوانێت هەڵیبێنێ، چونکە (لیسا) ژیانە بە تەواوی و بە ئومێد گەیشتن و ترۆپکەی هیواکانە، ئیتر چۆن دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر هەموو ژیاندا دەشکێت، بۆیە دەنگی پیرێتی دێتە دەرەوە و جەستەیەکی تر لە دەرەوەی شاعیر دروست دەکات و دەکەوێتە گفتوگۆکردن، کە ئەم دەقە بەرەو

لێدوانێکی فەلسەفییانە و پرسیارکردنی فەلسەفییانە لە بارەی ژیان و مردن و تێگەیشتن لێیان دروست دەکات.

(پیریێتی لەسەر ڕێگاکانی مردندا ڕێی لێ گرتم) بە چ عەقلێکەوە ئەم لاپەڕە تۆخانەی ژیان هەڵدەدەیتەوە کە بە جەخاری مردن کۆتایی دێت.

دانیشە بۆ کوێ دەڕۆیت، خەریکی چ بەزمێکیت،
لێرەوە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ هەڵاتن لە تەنیایی، بڕۆ بۆ خۆت لەنێو کتێبەکاندا بە تۆزی خۆتەوە داسەکنێ)ل٩

(فرە دەنگی) یەکێکە لەتەکنیکەکانی ئەم دەقە، بەڵام ئەو دەنگانەی شاعیر هێناویەتییە نێو ئەم دەقەوە، دەنگی خوازەیین، نەک دەنگی خەڵکی ئاسایی، ئەو دەنگانەن کە لەناوەوەی خۆیاندا هەرایانە، بە تایبەتی (دەنگی پیری، دەنگی مردن) لەگەڵ دژەکەیان کە ژیانە و لەو دەقەدا لە (لیسا)دا خۆی دەنوێنێ، دەنگی تەنیایی، ئەو تەنیاییەی کە بۆتە نامۆیی و لە پەیکەرێکدا بەرجەستەکراوە و لەگەڵ ژیاندا لەململانێدایە، دەنگی تەمەن....تاد).

(گوێم نەدایە تەعلیقە ناخۆشەکانی تەمەن کە منەتی چرچ و لۆچی پیریێتی دەکرد بەسەر دەموچاومدا.. بەو ناوونیشانەی کە دڵم پێی دابووم هاتم لە ئاوی گەنجێتی بەنیوە و ناچڵی پەڕیمەوە ئەوبەری ژیان گەیشتمە سنوورە سەختەکانی مردن...)ل٩ هەموو ڕێگاکانی (منداڵێتی، گەنجێتی، پیریێتی، تەمەن، تەنیایی، بێ هوودەیی، هیوا و خۆزگەکانی مرۆڤ دەباتەوە سەر (مردن)، مردن دەکاتە ئەو شوێنەی هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ئەو، کەچی هێشتا شاعیر لەژیان ناگات چۆن دەتوانێ پەی بە مردن ببات، دەوروبەر لە ڕوانگەی شاعیرەوە، چونکە کۆتایی بە مردن دێت، ئیتر جوانی و بریسکەکانی ژیان چۆن بەدی بکات و چێژیان لێ وەربگرێت، ئەگەر خۆی لە نێو جەرگەی ژیاندا بێت و نەتوانێ لە نهێنییە سادەکانیشی تێبگات، چۆن دەتوانێ لە نهێنییەکانی مردن تێبگات کە هەر خۆی لەخۆیدا نهێنییەکی ئاڵۆزە.

(پیریێتی لەسەر جێگاکانی مردن ڕاکشاوە و کەس نییە قومێک (لیسا)ی بداتێ لە دورەوە چاوەڕوانی ئەجەل دەکات، بێ هوودەیی نزیکترین خزمی ژیانە و تەمەن بەشی پاڕانەوەیەک ناکات لە (لیسا)، پیریێتی لەناوەڕاستی شەقامەکانی ژیاندا بە بەرچاوی ئەو هەموو جوانییەی (لیسا)وە یەخەت پێ دەگرێ و دەڵێ مردن پەنجا ساڵی ژیانی بە قەرز داویتەتێ بۆ نایدەیتەوە...)ل٩.

کەواتە (لیسا) لێرەدا دەبێتە تروسکایی ئەو هیوایەی کە گیانی شاعیر ڕۆشن دەکاتەوە و تۆزقاڵێک چالاکی ژیانی پێ دەبەخشێت، شاعیر هاوکێشەیەکی زۆر وردی دروست کردووە بەوەی ژیان قەرزە، مردن بە مرۆڤی دەبەخشێ و دواتر داوای دەکاتەوە، ئەمەش هەر بیرۆکەی دروست بوونی مرۆڤە لە نەبووەوە، واتە لەمردنەوە بۆ ژیان و دواتر دیسان گەڕانەوەی بۆ نەبووەوە، ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا لە زۆر شوێندا ئاماژە بەم بیرۆکەیە کراوە.

(بولبولێک لەنێو ژەنگی قەفەسی تەنیایی ساڵەکاندا سەروریشی سپی دەبێت ڕەنگە دوو بەهار نەیناسن، کەچی مردن بەعەمەدەن هەموو ڕۆژێک لەنێو شکۆفەی ڕەونەقی وەرزەکاندا پیاسە دەکا و بە کەیفی خۆی دەستکاری چارەنووسی تەمەنی هەرزەکاری جوانییەکانی پاکیزەیی دەکات، هیچ کتێبێک ناتوانێت پێی بڵێت: ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە خوێنی خۆت تاڵ دەکەیت.

ئەم (ئاوە) ڕۆشنەی ژیان بە تەنیا بۆ تۆ نییە بیبخۆیتەوە، ئاخر گوڵەکانی پەژمووردەیی جوانی ئێمەش نەفسیان هەیە..) ل١٠

(بولبول) لەم دێرانەدا ڕەمزە بۆ خودی ژیان خۆی، ژیانێکی بە تەمەن، ژەنگی ساڵەکان بەڵگەی پیریێتی ژیانن، هیچ شتێک نییە ببێتە بەربەست بۆ (مردن)، مردن ئازادییەکی ڕەهای هەڵگرتووە، (کتێب)یش ڕەمزە بۆ زانست و زانیاری بە هەموو لقەکانیانەوە، واتە ئەدەب و زانست نەیانتوانیوە بگەنە ڕاستی تێگەیشتن لە ناسینی مردن و ڕێگە لێ گرتنی.

مردن ژیان دەباتەوە باوەشی خۆی، کەواتە لەنێو مردن خۆیدا ژیان هەیە، بۆیە زانستی نێو کتێبەکانیش تینوێتی شاعیر ناشکێنن، شاعیر ناچار دەکەن بەدوای ڕێگەی تردا بگەڕێت تا هەر هیچ نەبێت کەمێک لە وەڵامی پرسیارەکانی تێدا بەدی بکات.

(مخابن ژیان لە نێو کتێبەکاندا خەوێکە هەرگیز نایەتەدی، سیستمی تەنیاییەکی کوشندەی دوورەپەرێزی ژیانە و ڕێی ناکەوێتە سەر هیچ ئاوەدانییەک)ل١٠.

لەو خاڵەدا شاعیر کە حیکمەتی نێو کتێبەکانیش یارمەتی تێگەیشتنی نادەن، فلاش باکێک دەکا بۆ ڕابردوو، بەرەو ڕێی هات و نەهاتی نێو داستانە کۆنەکان، ئەو دوو دژە ڕێیە تا چەند دەتوانن ببنە پاڵپشتی شاعیر، پەردەی نهێنییەکانی ژیانی بۆ ڕاماڵن، شاعیر پاڵەوان ئاسا بەرەنگاری چەندین کۆسپ دەبێتەوە، بەڵام هەر ناوەستێ، بۆیە هانا بۆ سەربردەی ئەو پێغەمبەرانە دەبات کە بوونەتە ڕەمزی هەمەجۆر لە نێو ئەدەبیاتدا، ڕەمزی ئایین بەمەش پیرۆزی بە ڕێڕەوی

ڕۆیشتن و گەڕانەکەی دەدات، نموونەی (ئەیووب، نووح)
(ناچار بوو سەری ئەیووبم- بە خەزێنەی قاروون کڕی و نیوەی عومری نووحیشم قەرز کرد، هەر بەشی نەکرد و نەمدۆزییەوە)ل١٠

هەرچەندە خۆی خستۆتە نێو ئەم بەرگانەوە، بەڵام مەبەستەکەی ئەوەیە کە ئەوان بەو هەموو سەبر و تەمەنە زۆرەیانەوە نەیانتوانی خۆیان بپارێزن، شاعیر وەک مرۆڤێکی ئاسایی چۆن دەتوانێ بەرگە بگرێ و بگاتە شیکردنەوەی نهێنییەکان، لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگەی کە چەندین شاعیر گرنگییان پێداوە و سکاڵا و گلەییان ئاراستە کردووە، لەبەردەم (مەهدی)ی شاعیریشدا سەری هەڵداوەتەوە، ئەو پرسیارە فەلسەفییانەی بەدوای نهێنی ژیاندا دەگەڕێن شاعیریان گیرۆدە کردووە.

(من بۆ هاتووم بۆ بەردەم ئەم ئاوێنە جوانەی ژیان کە هیچ کوێیەکی ڕۆشنایی دونیای لێوە دیار نییە)ل١١

ئەوە هەمان ڕەنگدانەوەی ئەو ئازار و خەمانەیە کە هەریەک لە (أبو علاء المعري)، شاعیری عەرەب و (گۆران) شاعیری کورد پێی گیرۆدەبوون، کە بۆچی هاتوونەتە نێو ژیان؟ ئەو پرسیارە فەلسەفییەی کە هیچ وەڵامێک هەڵناگرێت، جگە لە (تاوانی باوکێتی) نەبێت، کە ئێستا ئەم تاوانبارکردنەش داد نادات، بۆیە تەنانەت (أبو علاء المعري) خۆیشی لێ لاداوە.

(لەنێوان مردن و ژیاندا بێ مەعنایییەکی عەنتیکەم بۆ هیچ تەنیاییەکیش دەست نادەم تەنیا بۆ مردن دەشێم کە هەر جارێک پێم دەگات دەڵێ: ها حەرام زادە لە کوێی)ل١١

شاعیر ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک لە واتای ژیان، یان لەبەرچی بووە؟ تێبگات، بۆیە هەستێکی ڕەشبینانەی لەلا دروست دەبێت.

(چ غەشیمانە لەسەر مێزی خۆشباوەڕی ئەو هەموو گەنجێتییەی خۆمم دۆڕاند)ل١١

ئەم هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەیەکی (ئەحمەد هەردی) شاعیرە کە دەڵێ:

**بەدەستی خۆت، کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە**
**ئەگەر زەهریشی تێدا بوو... گوناهی خۆتە بیزانە**
**هەڵە یاخود گوناهت کرد، لە کاتێکا کە بێ هۆشی**
**سزاو تاڵاوی هەرچی بێ، ئەبێ وەک بادە بینۆشی**
ڕازی تەنیایی، ل٨٣

هەرچەندە (مەهدی) شاعیر هەستی بە غەشیمی خۆی کردووە، هۆشیار بۆتەوە، بەڵام ئەنجامەکەی هەروەکو بیرۆکەکەی (ئەحمەد هەردی)یە.

ئەو دەرگای واتای ژیانەکەی کە نووسەرێکی وەک (کافکا) و (نیتشە)ی فەیلەسووفیش نەیانتوانی بیکەنەوە (وەکو دەڵێن مشتێ نموونەی خەروارێکە، شاعیر ئەم دوانەی بە نموونە هێناوەتەوە، ئەگەرنا ئەوانی تریش هەر بە سەرسامی لەژیانیان ڕوانیوە).

شاعیر دوای پێش گەڕان و لەنێو گەڕان و دوای گەڕانیشدا هەر دەچێتەوە سەر ئەو تەنیاییەی کە ڕەنگی سروشتی ژیانە و ناشێ لێی ببێتەوە، بۆیە دەڵێ:

(پڕ بووم لە هەناسەی گەرمی کەبت کراوی ژیان و گوناهی ساردی پەشیمانی ساڵهایەک کە نەمزانیوە بۆ چ ژیاوم و سەد ساڵی دیکەش بژیم هەر تێناگەم بۆچی دەژیم بۆنی حەیفی چ تەنیاییەکی قێزەوەنم لێ دێت، بۆنی تەنیاییم ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات) ل١١

شاعیر لە لووتکەی شاعیرێتی و پرسیار و گەڕان و سۆراغ کردن، دێتە خوارەوە، ملکەچی تێگەیشتنێکی ئاسایی دەبێت، هەست دەکەیت چالاکی و جووڵەکانی کەمتر دەبنەوە، ئەو حەماسەتە زۆرەی گەڕان بەدوای نهێنییەکانی (ژیان و مردن)ی لەلا کاڵتر دەبێتەوە، بەڵام کاڵ بوونەوەکە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە شاعیر توانیویەتی وەڵامی گونجاو بدۆزێتەوە، بەڵکو لە ئاکامی ملکەچ بوونەکە و بێ هوودەیی کاڵ دەبنەوە، یان چونکە دەشێ (لیسا) مەهدی چاوەڕوان کرابێ کە لەگەڵیدا ئاسوودەیی و دڵنیایی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشن.

(بۆنی بەهارات، بۆنی کراسی یووسف هات، بۆنی بوخووری لیسا هات، هەموو پەلەوەرەکانی پێشوازی هێلانەی بەهاریان چێ کرد)ل١٢

١- بۆنی بەهار
٢- بۆنی کراسی یووسف
٣- بۆنی بوخوری لیسا

هەرسێکیان هاو بەرانبەرن و ڕەمزی ڕۆشنایی و نوێبوونەوە و مژدە و هیوایەکن دوای ئازارێکی زۆر، ئەوپەڕی وێنەی نوێباوی نێو ئەدەبیاتن، کە لە ئەلتەرناتیڤێک بۆ (بۆنی کراسی یووسف) بدۆزێتەوە؟

(بەڵام عومرم لەوە زیاتر بەشی نەکرد لە پشت پەنجەرە شکاوەکانی چاوەڕوانییەوە دانیشم مردن لە پشتەوە چاوی گرتم و گوتی بزانە دەمناسیتەوە، هەناسەم شڵەژا و تەمەنم ئیحراج بوو شایەتومانێکم بەسەرشانی ناسۆری وڵاتەکەمدا هێنا و ئایەتولکورسییەکم خوێند: گوتم دەتوانم ڕستەیەک بێزاری بۆ ئەو کەسە بنووسم کە منی دروست کرد، بڵێم جارێکی تر خەڵقم مەکەرەوە

سوپاس)، ل١٣
تەوزیف کردنی ئەو یارییە کولتوورییەی کوردی (لای گەلێ نەتەوەی تریش هەیە) کە یەکێک چاوی یەکێکی تر دەگرێ، بە مەبەستی تاقیکردنەوەی بەرانبەر و دروستکردنی لە ناکاوییەک کە دڵی بەرانبەری پێ خۆش دەبێت، بە تایبەتیش کاتێ لە ڕێگای هەستەکانییەوە ناسینەوەکە ئەنجام دەدات، کەچی شاعیر لێرەدا هێندە پرسی (مردن) لەمێشکیدا گەڵاڵەی کردووە، بۆیە (مردن) کەس ئاسا یاری لەگەڵدا دەکات. ئەو بێزاری دەربڕینەی لە ژیان، بەوەی نایەوێ جارێکی تر دروست بکرێتەوە، لە ئاکامی ئەو هەموو گومانەی کە دەوری شاعیریان داوە، دروست بووە، بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە نەیانتوانی مانای ژیانی بۆ هەڵبێنن، واتە (ژیان) هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی لای شاعیر مەتەڵێکە، کە جارێک نەیتوانیوە هەڵیبێنێ، نایەوێ جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەم مەتەڵە ببێتەوە، بۆیە دەست بەرداری ئەم دروست بوونەی دەبێتەوە.
هەست دەکات کە دووبارە بوونەوە یەخەی دەگرێت، شاعیریش هەروەک (نالی) کاتێ کە لە زێدی خۆی دووردەکەوێتەوە لەنامە شیعرییە دووردرێژەکەیدا هەواڵی شار و شوێنە پەیوەستەکان بە شاعیرەوە دەپرسێ، لێرەشدا هەمان لە ئاکامی دووریدا ئەم پرسیارانە بە شێوازێکی تر دووبارە دەبنەوە، ئەمە غەریزەیەکە لە ناخی مرۆڤدا و دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ ئەو شوێنانەی کە تێیاندا ژیاوە و لە بیرەوەریدا هەڵی گرتوون، بەتایبەتی شوێنەکانی سەردەمی زووی مرۆڤ،
(سەلام لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هەواڵم ناپرسن، دەستی کتێبخانەی گشتی ماچ دەکەم من بە کورتی باشم، بەڵام بە تەفسیلی نەک، کە هاتیت دایکم نەخۆش نەبوو وڵاتەکەم نەدەگریا، (هێرۆ) لەبەردەم ئاوێنە تەڵخەکانی چاوەڕوانیدا بیری لە چ ڕەنگێکی ژیان دەکردەوە، من هیچ ڕەنگێکم نییە بۆی بنێرم) ل١٣
ئیتر خەمی وڵات و بارە هەمەجۆرەکانی لە خودێتی خۆی و خەمە خودییەکانی خۆی دەچێتە سەر دەرەوەی خۆی، تیشک دەخاتە سەر هەموو ئەو حاڵەتە ناسۆرییانەی کە وڵاتەکەی تەنیوە، وەک: (چاوەڕوانی کچە قەیرەکانی وڵاتەکەی، کە یەکێکە لەو بابەتانەی لە ئاکامی شەڕەکاندا دروست بووە، بێ ئیشی، یان خەمەکانی شەڕی براکوژی (کە جەنگ لە جاران گەنجترە و کۆسکەوتوویی تا بێ جوانتر دەبێتەوە) ل١٤.
شاعیر لە ڕۆژئاواش بە دوای ماناکانی ژیاندا گەڕاوە، بەڵام نەیدۆزیوەتەوە، بۆیە دەگاتە ئەوەی کە (ژیان لە هیچ کۆییەک دەست ناکەوێت) مەبەستی ژیانێکی ڕاستەقینە و دروستی دوور لە شتە دروستکراوە تێکدەرەکانە، یان بەواتایەکی تر مەبەستی مانا قووڵەکانی ژیان و بەهاو نرخە جوانەکانی ژیان، کە سیمای ژیان دەگەشێننەوە. لەکاتێکدا بەکەسکردنی (مردن) بەردەوامە و هێڵە سەرەکییەکە هاوشانی هەستێکی هەمیشەییە لە ناخیدا، ئەم هەستەش لە خودی مردن ترسناکترە، مرۆڤ بە هێواشی مۆم ئاسا دەتوێنێتەوە، خوێنەر تارمایی مردن لە پشت دێڕەکانی ئەم دەقەدا بەدی دەکات و هەست بە هەنگاوەکانی دەکات کە لە شاعیر نزیک دەبنەوە، هەموو ڕێگاکان دەچنەوەسەر ئەو هۆکارانەی کە مردن دروست دەکەن. مردن بەواتا خوازەییەکەی کە لە بێ هوودەیی ژیان و نەدۆزینەوەی واتاکانی ژیان دێتەدی.
(تەرمی مردن هات بە لەشما و ئاوەدانییەک جێی هێشتم بۆ تەنیایی
کتێبەکان لەماڵا نەخۆش کەوتن و (سەعدی) دەستی کرد بە گریان و ڕووناکایی نێو سۆمای دیدەم مرد)ل١٤.
ڕیتم بەتەواوی ڕۆڵی خۆی لەم دەقەدا بینیوە، بەوەی هەستەکان کراونەتە زنجیرەیەک و حەلقەکانی یەک بەدوای یەکدا هاتوون، ئەمەش یەکێتی بابەتەکەی پاراستووە، بە مرۆڤکردنی کتێب و خواستنی درکاوی (نەخۆش کەوتن) چێژێکی بەم وێنەیە و جوانییەکی لە ڕادەبەدەری پێ بەخشیوە. (سەعدی) کە مەبەست سەعدی شیرازییە مەبەست بەرهەمەکانی سەعدییە (گوڵستان و بوستان) لەسەرووی هەموویانەوە، بۆ ئەوەی (کتێب) دووبارە نەکاتەوە، چڕییەکی تری خستۆتە نێو دێڕەکان، هەست بە قورسییەک دەکرێت لە پشتی زمانی دەقەکەوە، زمانی دێڕەکان چڕ و پڕن، هەروەک (شیندەر) کە بنەمای قورسی لە دەقدا لە ئاکامی دوو ئەگەردا دەخاتە ڕوو:*
١- ئەگەری یەکەم: زمانی شیعر لە خودی خۆیدا قورسە.
٢- ئەگەری دووەم: بوونی پەیامێکی شاراوە لەم زمانە قورسەدا.
بە بۆچوونی ئێمە هەردوو ئەگەرەکە زمانی (لیسا)یان قورس و چڕ کردووە.
چونکە (لیسا) ئاخنراوە بە ڕەمزە هەمەجۆرەکان، ئەمەش قورساییەکی زیاتری خستۆتە سەر دەقەکە. سەرباری تەوزیفکردنی کەسایەتییەکی وەهمی کە لە (لیسا)دا خۆی دەنوێنێ و (ناوەهمی)یش لە هەمان

کاتدا بەهۆی وەسفەکان لەنێوان دوو جەمسەر هاتوچۆ دەکەیت، جەمسەری ئەفسانە و جەمسەری کولتوور، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر وێنە هونەرییەکان و چۆنیەتی دارشتنیان لەنێوان چوارچێوەی پتەو و ڕازاوەدا هەبووە و هەیە، سەرباری گوزارشت کردن لە ویژدانی مرۆڤایەتی، کەواتە دەتوانین هاوکێشەیەکی لەم چەشنە دروست بکەین:

(لیسا= ویژدانی مرۆڤایەتی) چونکە چەمک و بیروهزری نێو دەقەکە ڕاستەوخۆ بەبێ پێچوپەنا لەگەڵ هەستت دەدوێ و دەیوروژێنێ

- إذا الشعر لم يهززك عند سماعه

فليس خليقاً ان يقال له شعراً (الزهاوي).

ئەو لێکچواندن و خواستن و جوانکارییە ڕەوانبێژییانەی هێناوییەتییەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشە و بنەمای وێنە جوانناسییە دەروونییەکان دروست کردووە، وەک ئەوەی شاعیر لە ئاکامی ئەو زەمینە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی، ڕێگەیەکی تری بۆ مەبەستی لێکدانی وشەکان دۆزیوەتەوە، ئەو وشانەی کە بەشێکیان بە هۆی زۆر بەکارهێنانیان سواون، ئەگەر ئەو ڕێگە تازانە نەبێت وەکو شاعیر لەم دەقەدا پەیڕەوی کردووە بە تەواوی پەکیان دەکەوێت، بۆیە پێکەوەنانی کەرەستەی وشەکان لەم دەقەدا گیانێکی تری بە بەریاندا کردووە، بۆ نموونە:

١- حەوزێک ماسی لە دڵمدا وشکی کرد.

٢- دەیان پەپوولەی نارنجی لە دارستانی شعوورمدا هەڵاتن بۆ بەردەم ئاگر.

٣- هەناسەم بۆکروزی گرت.

٤- سەدان ڕەوە باڵندەی ئومێد لە ناخمدا خۆیان کوشت.

٥- هەرچی کانی تەقیوی ناخم بوون سەریان هەڵگرت بۆ وشکانی- ل١٥.

ئەم ڕستانە و هاوشێوازییان لەم دەقەدا زۆر بەدی دەکرێت، شێوەی دەنگی و کێش و سەروا و ئیقاعی ناوەوە و دەرەوەیان بەم شێوەیە تیشکێکی بەرچاوی بە دەقەکە بەخشیوە، تەنانەت هەر دێرێکی یەکە یەکی تەواوە، گوزارشت لە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی (لیسا) دەکات، هەر لە هەست و سۆز و سیما هزری و ڕەوشتییەکانی، واتە شاعیر هەوڵ و توانایەکی زۆری سەرف کردووە تا گوزارشتەکانی چڕ بکاتەوە و ئەم ناوەرۆکە مەزنە بە دەقەکە بدات، ئەمەش وای کردووە، خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکە ماندوو بێت، یان هەست بە ماندووبوونێکی زۆر بکات، چونکە پێویستی بە کۆکردنەوەی بیر و وردبوونەوە لە دێرەکان هەیە تا بتوانێ هەرسیان بکات، دەتوانرێ بە سفرەیەکی (خوانێکی) چەور و ڕازاوە بچوێنرێ، کە خواردنی هەمەچەشنەی بە تاموچێژی لەسەر بێت و هەموو جۆرە زەوقێکیش تێر بکات، چونکە لەم دەقەدا چەندین ڕەمز کۆکراونەتەوە، کە سەرچاوەکەیان لە ئایین و مێژوو و ئەدەبیاتدا گرتووە، هەموو ئەم ڕەمزانەش بە هەموو جیاوازی و دژایەتییەکانیان بوونەتە یەک ڕۆشنبیری و هەریەکەیان لە لایەنێکەوە خزمەت بە دەقەکە دەگەیەنێ و سەرسوڕمانیش لە ئاکامی گونجاندنیان لای خوێنەر دروست دەکات. لەپاڵ ئەو پێوەندییەی شاعیر بە بوون و سروشت و ژیانی مرۆڤایەتی دەبەستێتەوە، ڕستەکانی ئەم دەقەیان پێکهێناوە هەموو پێوەندە کۆنەکانی سیستمی شیعرییان تێک شکاندووە، ڕێسایەکی دیاریکراوی شێوە نییە کە شاعیر خۆی پێ بەستبێتەوە، بەڵکو سەربەستی و ئازادییەکی تارادەیەکی زۆر ڕەها بەسەریدا زاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی شاعیرێتی بە پوختی بە بەرهەمەکەوە دیارە، مەبەستمان لە ئەرک، جوانناسی و زاکردنی پێوەندەکانی خودی شاعیر خۆیەتی کە لە سنووری شیعرەکەدا خۆی دەنوێنێ هەندێ جاریش سروشتی بابەت و خودی گوزارشتەکان ئەم حاڵەتە زاڵ دەکەن، بۆیە زۆربەی ڕستەکانی شاعیر، چەندین ڕستەی شیعرین لەنێو یەک ڕستەدا.

# مەعروف جیاووک ڕۆڵی لە بواری ڕووناکبیریدا

**د. ئازاد عوبێد ساڵح**
**(زانکۆی سەڵاحەدین – بەشی مێژوو)**
**(٣ – ٣)**

**تەوەری سێیەم: دانراوەکانی**

**أ- دۆزی کورد – القضية الكردية:**

یەکەم کتێبی چاپکراوی مەعروف جیاووکە، لەساڵی ١٩٢٥ لەسەر ئەرکی چاپخانەی (الأستقلال) لەبەغدا چاپی یەکەمی دەرچووە، (١٠٩) لاپەڕەیە و لە پێشەکی ئەو چاپەدا نووسیویە: دەمەویست کورتە مێژوویەکی کوردان بنووسمەوە، بەڵام سەرقاڵی و کەمی کەرەستە و سەرچاوە کۆسپ بوون، هەندێ برادەریش زۆریان لێ کردم ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکانی بەغدا، بڵاوکردبوونەوە، بەجیا لە کتێبێکدا کۆیان بکەمەوە، ئەوە منیش لەسەر خواستی ئەوان، ئەو کۆمەڵەیە بڵاودەکەمەوە، بەو هیوایەی ببێتە پێش بار بۆ ئەو مێژووەی کە بەنیازم لە داوارۆژێکی نزیکدا بینووسمەوە، خوا پشتوپەنا بێت. چاپی دووەمی ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٣٩ لە (١١٩) لاپەڕەدا لەچاپخانەی (النجاح) لەبەغدا چاپکراوە، دوای ئەوەی چاپی یەکەمی دانەی نەماوە و داوای لێ کراوە چاپ بکرێتەوە(٨٧).

ئەم کتێبەی وەک خۆشی نووسیویە، کۆمەڵێک وتاری پەرشوبڵاوە لەکاتی جیاجیادا نووسراون و لەبارەی کوردوکوردستان و دۆزەکەی وەڵامی هەندێک خەڵکی داوەتەوە، تێیدا شارەزایی نووسەر لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیای کوردستان و جیهان و داکۆکی کردن لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد دەردەکەوێ و بابەتی وەک (کورد و سنووری عیراق) بەدرێژی لە(٢٦) لاپەڕەدا بەناخی مێژوودا چۆتە خوارەوە و سەبارەت بە (کێشەی مووسڵ) کە لەو سەروبەندەدا ببووە جێی ململانێی نێوان تورکیا و بەریتانیا و عیراق کە دیارە ولایەتی مووسڵ بریتییە لە باشووری کوردستان، تورکیا داوای کردەوە و کەوتبووە نێو دۆسییەی نێودەوڵەتی لە کۆمەڵەی گەلان و ناردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەکە، لێرەدا مەعروف جیاووک دژی دانەوەی مووسڵ بووە بە تورکیا، بەتایبەتی کە کورد تاڵاوی زۆری لەسەر دەستی تورکەکان چێشتبوو، پتریش لەسەردەمی کەمالییەکاندا(٨٨).

ئەمە و چەندین وتاری دیکەی وەک شۆڕشی کورد و زوڵم و زۆری تورکەکان لەتێڕوانینی مافە نێودەوڵەتییەکان، کە مەبەست لێی ڕاپەڕینی نەتەوەیی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥و حکومەتی بەریتانیا و بەرژەوەندی کورد و لەبەرچی و چۆن لە خاچ دەدرێن و ڕاستییە درەوشاوەکان و چەندین وردە بابەتی دیکە(٨٩). ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمی مێژووی کورد و لەلایەن زۆر نووسەرەوە کراوەتە سەرچاوە(٩٠).

**ب- نیابتی ١٩٢٨-١٩٣٠- نوێنەرایەتیم ١٩٢٨-١٩٣٠:**

کتێبێکی دیکەی مەعروف جیاووکە و لە ساڵی ١٩٣٨، بە قەوارەی (٢٤٠) لاپەڕەیە، لە چاپخانەی (الزمان) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم کتێبە ئەو وتار و



**مەعروف جیاووک**

دوان و پێشنیار و داخوازی و گفتوگۆ و باسوخواسانەن کە لەخولی پەرلەمانی (١٩٢٨- ١٩٣٠)، مەعروف جیاووک نوێنەری هەولێر بووە و لە ڕۆژنامەی ڕەسمی دەوڵەتی عیراق (الوقائع العراقية)دا بڵاوکراونەتەوە و پاشان کۆی کردوونەتەوە و خستوویەتە دوو توێی لاپەڕەکانی. ئەم کتێبە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان لەوە دەدوێ کە چۆن ویستوویە ببێتە نوێنەر، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە چۆتە ئەستانە و لە دانیشتنەکانی پەرلەمان دانیشتووە و گوێی بۆ گفتوگۆ و مشتومڕی ئەندامەکانی ڕاگرتووە(٩١)، پاشان ئەو هەوارانەی بڕیوبەتی تا بۆتە نوێنەر و پاڵاوتنی بۆ جێگری یەکەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە عیراق(٩٢).

بەشی دووەمیش ئەو دانیشتنانەی کە خۆی قسەی تێدا کردوون، هەر لە ٢١ی مایسی ١٩٢٨ تا ١٣ی شوباتی ١٩٣٠، کتێبەکەی بە(خاتمة) کۆتا هێناوە(٩٣).

هەروەک لەسەر بەرگی کتێبەکە و لە پێشەکیشدا ئاماژەی پێکردووە..... "مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە ڕاکیشانی خوێنەر نییە بۆ پێ سەرسام بوون، بەڵکو هەموو ئەوەی دەخوازم ڕەخنەم لێ بگرێ، ئەگەر بینی لە بەرنامەکەمدا هەڵەم"(٩٤). ئەمەش درەخستنی هەڵوێستەکانێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەرانبەر بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندن و.. تاد لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواری و عیراق لەو سەردەمەدا.

**ج- "ڕاستییە چەسپاوەکان لەنامیلکەی فەخامەتی بەڕێز نووری سەعید وتارەکانی هەندێ لە نەیارەکانی بخوێننەوە – اقرأوا الحقائق الثابتة في كراسة فخامة السيد نوري السعيد و مقالات بعض خصومة":**

ئەمە ناوونیشانی سیپارەیەکی قەوارە زەنگیانەی (٦٤) لاپەڕەیە و لە ساڵی ١٩٤٨ لە چاپخانەی (الجامعة) لە بەغدا چاپ بووە.

ئەم سیپارەیە لەبارەی نامیلکەیەکی نووری سەعید بەناوی (بعض الحقائق في قضايا العراق الأخيرة وفلسطين)، کە چەند کەسێک لەبارەیانەوە نووسیوە، وەک تۆفیق سەمعانی خاوەنی ڕۆژنامەی (الزمان)و شێخ ڕەزا شەبیبی و هەندێ خەڵکی دیکە، کە بەلای مەعروف جیاووکەوە بێ ویژدانی بووە، لە نووری سەعید، بۆیە هاتووە ئەم سیپارەیەی نووسیوە. سەبارەت بەو داکۆکیکردنەشی خۆی بە گەلی عیراق ڕادەگەیەنێ، ئەو جیاووک "لەماڵ دانیشتووە نەچۆتە ڕیزی هیچ حزبێک، یان کەسێک و قەرزاری کەسیش نییە و لەوانەش نیم بەلای بەرژەوەندی خۆم ڕابکەم کە دەنووسم نە لە خۆشەویستی کەس دەنووسم نە بۆ بەرگریکردن لە کەس، بەڵکو ئەرکی نیشتمانیم وام لێ دەکات قسە بکەم..... من تەمەنێکم گوزەراندووە، لە شەست و سێ و چل و چوار ساڵیشەوە لە مەعارف و داد و کارگێڕی کارم کردووە..."(٩٥).

دیارە وەک بەرگرییەک لە نووری سەعید ئەمەی نووسیووە، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژگارە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی لای بەرانبەر، چونکە مەسەلەکەش سەروکاری بە پێوەندی نێوان عیراق و بەریتانیا و فەلەسیتنەوە هەبووە، کە هەردووکیان دوو کێشەی گرنگ و بەتایبەتیش کە نووری سەعید خۆی وەک پیاوی دەست ڕۆیشتووی دیاری سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) و نزیک بە بەریتانیاش دەناسرا.

هەرچەندە مەعروف جیاووک پێشەکی وەڵامی خۆی داوەتەوە، بەلای ئێمەشەوە جیاووک کەسێکی ڕاستگۆ و دڵسۆز و بە وەفاو خاوەن ویژدان و هەڵوێست بووە، هیچ لێکدانەوەیەکی دوور لەو بۆچوونەی خۆی لێ نافامرێتەوە و لە هەمان کات وەک ڕووناکبیرێکی هۆشیار و بە ئاگاش بوێرانە قسەی خۆی کردووە، ئەگەرچی بە پێودانگی بەرەی بەرانبەر وەک گومان لێکدانەوەی دیکەی بۆ دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە و تۆمارکردنی هەندێ زانیاری گرنگە سەبارەت بە ژیانی خۆی و بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دیکە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەندێ

مەسەلەی وەک تەمەنی خۆی و کارکردنی بە کەڵک و جێی متمانەن(٩٦).

سەبارەت بەو نامیلکەیە ڕۆژنامەی (ژین)یش بەناوی (وەفا چاکە) باسی ئەو نامیلکەیەی کردووە و نووسیوە: "جارێ جیاووک دۆست و دوشمنی ئەیزانن کە نەزیهە چاوی لە هیچ نییە، کەوابوو ڕاستگۆیە، هەروەکو زۆرجار جەزای ڕاستگۆیی دیوە و ئەوی ئەو نووسیویەتی ئەوانەی ئەیانەوێ ئینکاری بکەن لە قەبیلەی ئەوەیە بە لێفە شرٍ ئاسمان داپۆشن"(٩٧).

بۆ هەڵوێستی نووری سەعید لە مەسەلەی کورد، نووری سەعید لە ئایاری ١٩٤٤ سەردانی کوردستانی کرد و پێشنیاری کرد پارێزگایەکی کورد پێک بێت کە هەموو قەزا کوردییەکانی پارێزگای مووسڵ بگرێتەوە و فەرمانبەرانی لەلایەن وەزیرێکی کوردەوە دابمەزرێن، کوردێک پایەی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەروەردە بدرێتێ، چاککردنی ڕاژەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دانی قەرزی کشتوکاڵی، چاوخشاندنەوە بە چارەنووسی قۆرخکردنی توتن، بەڵام هاوڕێیەکانی لە وەزارەت لایەنگیری ئەو پێشنیارانەیان نەکرد و عەبدولئیلا کردنی دهۆک بە پارێزگای پەسەند نەکرد، بۆیە وەزارەتەکەی دووچاری گومان و دژمنداری هات(٩٨).

لە پێوەندی بەو بابەتەوە، لێرەدا ئاماژە بە وتارێکی د. کەمال مەزهەر دەکەین، بەناوی (دوو کورتە گفتوگۆی جیاواز دەربارەی نووری سەعید)، لەم وتارەدا د. کەمال بەراوردی نێوان نووری سەعید و یاسین هاشمی دەکات و دەڵێت: "...هیچ دوور نەڕۆین زۆربەی هەرە زۆری ڕووناکبیرانمان تاوەکو ئێستاش یاسین هاشمی بە نیشتمانپەروەر و دوژمنی سەرسەختی ئینگلیز و نووری سەعیدیش بە نیشتمان فرۆش و نۆکەری ئەڵقە لەگوێی ئینگلیز دادەنێن، کەچی لە ڕاستیدا هەردووکیان وەک یەک دڵسۆزی عیراق و عەرەب بوون، هەردووکیان وەک یەک بە ناچاری دەستیان دەخستە ناو دەستی ئینگلیزەوە، هەردووکیشیان وەک یەک یاریدەدەری دڵسۆزی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بوون و ئەمیش وەک یەک پشتی پێ دەبەستن، بەڵام نووری سەعیدیان لە ڕاستیدا، ڕاستگۆتر لەگەڵ خۆی و دنیادا و دەسپاکتر و دووربینترو هەڵبەت هەر لەبەر ئەوانەیش کەڵک بەخشتر بوو"(٩٩). بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەی، نموونەی زیندوو لەمێژوو دێنێتەوە، سەرەنجام د. کەمال مەزهەر دەگاتە ئەو ڕایەی کە دەڵێت: "من بەش بە حاڵی خۆم دوای ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای نووری سەعید بووم گشت سەرنجەکانی پێشووم بەرانبەری گۆڕی، هەرچەندە، بێ گومان، ئەمە وا ناگەیەنێ نووری سەعید فریشتە بووە، یان هەرگیز دەستی تەتەڵەی نەکردووە، کەسێکی واش کە فریشتە و بێ هەڵە بێ نەهەڵکەوتووە و نە قەتیش هەڵدەکەوێ"(١٠٠).

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو بۆچوونەی، د. کەمال مەزهەر، بۆ پشتگیری کردنی ڕاوبۆچوونەکانی جیاووکە، کە ئەو، واتە جیاووک، لە نزیکەوە نووری سەعیدی ناسیوە، هەروەک خۆی لەنامیلکەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە(١٠١).

هەر لەو بارەیەوە بەلای سیاسەتمەدارێکی وەک فوئاد عارفەوە، نووری سەعید ئینسانێکی سیاسی و زیرەک و نیشتمانپەروەر بووە و کەس بە ئەندازەی ئەو خزمەتی عیراقی نەکردووە(١٠٢).

## د- کارەساتی بارزانی ستەم لێکراو- مأساة بارزان المظلومة:

ئەم کتێبەی جیاووک لە ساڵی ١٩٥٤ بە(٢١٣) لاپەڕە، لە چاپخانەی (العربیة) چاپی یەکەمی دەرچووە، چاپی دووەمیشی لە ساڵی ٢٠٠١ بە قەوارەی (١٦٠) لاپەڕە، لە چاپخانەی پەروەردە، لەلایەن دەزگای ئاراسەوە لە هەولێر چاپکراوە (١٠٣).

ناوەڕۆکی کتێبەکە، کۆمەڵێک سەرناوی جیا جیای لەخۆ گرتووە، وەک هۆی چاپکردنی، من کێم؟ کورد کێن؟ نەستوورییەکان، بارزان و بارزانییەکان، سیاسەت چییە و سیاسییەکان چی دەڵێن، لەگەڵ هێنانەوەی (٢٢) بەڵگە، سەبارەت بە نیازی ئینگلیز بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی و حکوومەتێک بۆ ئاسوورییەکان لە باشووری کوردستان.

پاشان ناردنی سوپا بۆ ناوچەکە و کاری سەربازی و شەڕەکان و پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و...تاد. لە کۆتاییدا ئەو چەرمەسەری و کارەساتانەی دووچاری بارزانییەکان بوونە دوای هاتنەوەیان و خۆ بە دەستەوەدانیان بۆ حکوومەتی عیراق و لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە و دوورخستنەوەی بارزانییەکان لە کەشوهەوایەکی یەکجار دژوار و ناهەمواردا، بەتایبەتی بۆ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە.

سەبارەت بە هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کەوا زۆر لە بارزانییەکان لە بەندی و دوورخراوەیی پێوەندییان پێوە کردووە، بەتایبەتیش شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرۆکیان بەهۆی ئەو ستەمە بێ ئەندازەیەی لێیان کراوە.(١٠٤)

بایەخی ئەو کتێبە لەوەدایە لە سەردەمێک نووسراوە، کە بارزانییەکان بە ڕاستی کەوتبوونە بەر ڕقی حکوومەت

و هەندێ کەسانی، تەنانەت کوردیش، کەم کەس هەبوو بتوانێ لاگیریان لێ بکات و بۆیان تێبکۆشێ و نەختێ لە مەینەتیان کەم بکاتەوە، وەک دەڵێن کەس لاگیری لێقەوماو نییە، بۆیە نووسین لەو بارەیەوە و هەوڵدان بەکردەوە بۆیان کارێکی تا بڵێی ئاستەم و دەگمەن بوو، دیارە هەر لە مافپارێزێکی وەک مەعروف جیاووک وەشاوەتەوە.

ئەم کتێبە وەک سەرچاوەش لە زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی پەیوەست، بەکارهێنراوە.(١٠٥).

ئەوەی مایەی سەرنجە چاپی دووەمی ئەم کتێبە بەبێ هیچ هۆیەکی لەجێ و دروست دەستکاری کراوە و پەراوێزی نا شایستەی بۆ کراوە، تەنانەت ئەمە وای لە یەکێک لە نەوەکانی جیاووک کردووە، روونکردنەوەیەک بلاوبکاتەوە و ناڕەزایی خۆی دەرببڕێ، چ لە رووی وەرنەگرتنی ڕەزامەندی نەوەکانی و چ وەک نووسینی پێشدەستی لەلایەن سامی شۆڕش و ئەو پەراوێزانەی بۆیان کردووە (١٠٦). تەنانەت نازناوی بنەماڵەی (جیاووک)یان کردۆتە (چیاووک)، کە بێ گومان (چیاووک) هەڵەیە هەروەک لە بەشی یەکەمدا روون کراوەتەوە(١٠٧).

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مێژووی کورد لە چلەکانی سەدەی بیستەم، نووسەر وەک رووناکبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی ئاگاداری دەوروبەری خۆی بووە، چ رووداوەدات، هەروەها سەرچاوە و زانیارییەکانی کتێب و بەڵگەنامە و بلاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بووە. لە راستیدا ئەو کتێبە، هەڵوێستی روونی مەعروف جیاووکە لە دۆزی میللەتەکەی و دەکرێت بە یادداشتی ئەو پیاوەی دابنێین، چونکە خۆی لەناو رووداوەکاندا بووە و لە هەندێکیان خۆی بەشێک بووە لە رووداوەکان.

ئەو سەردەمەی جیاووک ئەو کتێبەی نووسیووە (١٩٥٣-١٩٥٤) کەسێکی وانەبوو بتوانێت بڵێت، بارزانییەکان غەدریان لێکراوە، سیاسەتی حکوومەت دژی بارزانییەکان بوو، تەنانەت هەندێ کوردیش دەستیان تێدا هەبوو، ڕەنگە ئەوانە کوردایەتیشیان دەکرد، بەڵام رقی تایبەتی (شخص)یان لەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو، لەوانە سەعید قەزاز، کوردێکی خاوێن و باش بوو، زۆریش یارمەتی کوردەکانی بەغداو کوردستانی داوە، بەڵام لەگەڵ بارزانییەکان نەیار بوو، بەتایبەتیش کە لە هەولێر موتەسەریف بوو، لە بزووتنەوەکانی ١٩٤٣-١٩٤٥، حزبی هیوا ئەوەندە (انسجام)ی لەگەڵ بزووتنەوەی بارزان نەبوو،بە تەنیا مەعروف جیاووک، تەنانەت لە بەغدا هانی ئەندامانی پەرلەمانی دەدا بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ١٩٤٥ بارزان، ئەو کوردایەتی بەئاشکرا دەکرد، بۆیە ببووە جێی ڕەخنەی کوردەکانی سەر بە حکوومەت، ئەوان بارزانییەکانیان بە خێڵ و دواکەوتوو دانابوو، بۆیە گەمەیان بە مەعروف جیاووک دەکرد(١٠٨).

(عەزیز محەمەد)ی سیاسەتمەداری بەرەی چەپ لە بارەی نووسینی کتێبی (مأساة بارزان المظلومة)دا دەڵێت "ئەو سەردەمە نووسینی کتێبی (مأساة بارزان المظلومة)، شتێکی گاڵتە نەبوو، بەرگری بوو لەکێشەی کورد. ئەوانە هەنگاوی سەرەتا بوون، هەنگاوی سەرەتاییش زۆر گرنگە"(١٠٩).

هەروەها بەلای کەریم ئەحمەدیشەوە کە کتێبی (مأساة بارزان المظلومة)ی نووسی، دەنگی دایەوە(١١٠).

**ه - لەبەغداوە بۆ ئارارات- من بغداد الی آرارات:**

وەرگێڕانی گەشتنامەکەی (هیبارد- Hub-bard,G.E)، کە لە ئەسڵدا لەژێر ناوی (لە کەنداوەوە بۆ ئارارات ساڵی ١٩١٤) بوو بۆ زمانی عەرەبی، کارێکی رووناکبیری دیکەی مەعروف جیاووکە و دەستنووسێکی (٥١) لاپەڕەییە و بەناوی (لە بەغداوە بۆ ئارارات)(١١١)، دیارە دەبێ لە زمانی ئینگلیزییەوە بێت، چونکە گەشتەکە بەو زمانە نووسراوە و خۆشی ئاماژەی پێ نەکردووە. وەک جیاووک خۆی دەڵێت جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فەڕەنسی و نەختێ ئینگلیزی زانیوە(١١٢)، بەتایبەتی وەک دەزانین بایەخی ئەو گەشتنامە و یاداشت و تۆمارەکانیان، چەند گرنگە بۆ لێکدانەوە و نووسینەوەی مێژوو و بارە جیاجیاکانی ژیانی کوردەواری لە سەروبەندی گەشتەکانیاندا، ئەم گەڕیدانە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندیان بۆ تۆمارکردووین، بە وەرگێڕانی دەتوانین لەبیرو بۆچوون و ئامانجی ئاشکرای ئەو گەڕیدانە ئاگاداربین، بەتایبەتیش بۆ گەلێکی وەک کورد کە کولتوور و مێژووی زۆر بەکەمی تۆمارکراوە.

**و- هەوڵەکانی جیاووک لەبواری نووسینی مێژوودا:**

مێژوو وەک زانستێکی گرنگ و بە کەڵک، بە (زانستی زانستەکان) ناوی براوە، چونکە هیچ زانست و زانیارییەک نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت. هەرچی مێژووی ژیانە، کە گشت زانست و رووداوەکانی رۆژانە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە. هەر رووناکبیرێکی ڕەسەن و فەرمانبەرێکی سەرکەوتوو، زەحمەتە بتوانێ بێ ئاگاداری و زانیاری مێژوویی، جێ پەنجەی دیار

بێت(١١٣). مـــەعــروف جــیـــاووکـــیـش، چ وەک ڕووناکــبــیــرێکی دیار و چ وەک فــەرمــانبــەرێکی ســەرکــەوتووی کـارگـێــڕی، پەروەردەیی، دادوەری، لەو پێناسەیە بەدەر نییە.

وەک مـومـتـاز حەیدەری دەڵێت: مەعـروف جیـاووک، دیاردەیەکی کـۆمــەڵایەتی- ڕۆشنبـیـرییـە، لە باوەشی کۆمەڵێکی دواکەوتوو، بەڵام پێشی سەردەمەکەی خۆی کەوتووە، وێڕای خۆ ڕۆشنبیرکردن، ڕۆشنبیریشی کردۆتە ئامرازی تێکۆشان، لەپێناو پێشکەوتن و سەربەخۆیی نەتەوەکەیدا(١١٤).

زۆر زوو مێژوو بایەخی لای مەعروف جیاووک پەیدا کـردووە، لە نامـیلکەی باربوودا، لە دوای (پێشـڕەو- پێشەکی) بە ناوی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد)، لە (١٩) لاپەڕەدا، مێژووی کوردی چڕ کردۆتەوە. سەرەتا لە پێناسـەیەکی (تاریخ- مـێـژوو)دا دەڵێت: "ئاوێنەی ملەتە". لە کار و ئیشو ژیانی باوک و باپیرمان ئەدوێ. چاک و خـراپی، ســەرکــەوتن و شکســتــیــان، هەر مـیللەتیکیش مـێـژووی خـۆی هەیە، کـوردیش بە قـەدەر خۆی مێژووێکی پاکی هەیە، پێویستـە مێژووی بزانێ، ئەو مـیللەتەی مـێـژووی خـۆی نەزانێت "شـایستـەی ژیان نییە"(١١٥).

پاشـان لە سەرەتای دەسـتـپـێکردنی مـێـژوو، دەدوێت: (هەوار- مرحلة)ی (لە پێش تاریخ و لە دوای تاریخ) و ئینجـا سـەردەمـەکـانیـان، دەوری بەرد و ئاسن. پاشـان هەواری دوای مێژوو کە مرۆڤ (انسان) خۆی ناسیوە و کار و کردەوەکانی خۆی تۆمار کردووە. باسی ئەو ناوانەی لە کـورد نـراون و ناوی واتای کـورد وەک ئازاو پاڵەوان و لەشکرە دە هەزارییــەکـەی زەینەفـۆن لە کـتـێـبــەکـەی (ئاناباسیس) لە سـاڵی ٤٠١ پ. ز(١١٦)، کە لەگەڵ کـورد بەشـەڕ هاتوون کـردووە، دواتر لە ئاریایی بوونی کورد و سنووری کوردستان و ژمارەی کورد و بیروباوەڕی ئاییني کـورد هەر لە کۆنەوە تا ڕۆژگـاری میرنشینەکانی بابان و سۆران زۆر بە کورتی(١١٧)، بەسەر کردۆتەوە. ئەوەتا لە زیاتر لە جـێگایەک ئـامـاژە بەوە دەکـات کـە بە نیـاز بووە مێژوویـیەکی سەرلەبەری کورد بنووسێتەوە، بۆ ئەمـــەش زانیـــارییــەکی زۆریشی تایبـــەت بە کـــورد کۆکردۆتەوە، کە پاش سەروبەرکردن و ڕێکخستنی ناوی بنێ (مێژووی کورد. ئەمەش لەو کۆمەڵە دەستنووسانە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ژمارەیان (٥) پێنج دەستنووسە و سـەرلەبەریان تەرخـانن بۆ مـێـژووی کـورد لە هەمـوو سەردەمەکان، لەگەڵ سەربردەی ژیانی خۆی ئەمەش ناوی دەستنووسەکانی:

١- تاریخی هەڵستانی کورد.
٢- حقوقی کورد.
٣- تاریخی قەدیمی کورد.
٤- تاریخی ئیسلامی کورد.
٥- سەرگوزەشتەی جیاووک(١١٨).

ئەوەی دوایـیـان لە نووسـراوەکـانی خـۆی بە زمـانی عـەرەبی بەناوی (حیـاتی- ژیانم)(١١٩) ناوی هێناوە، پێدەچێت زانیاری زۆری لەبارەی ژیان و سەر و سەربردە و ڕووداوەکانی نیوەی یەکـەمی سەدەی بیسـتـەمی تێدا تۆمـارکـردبن، خـۆی چەند جـارێک لە نووسـینەکـانیـدا ئاماژەی پێکردووە!.

بەداخــەوە ئەو دەســتنووســانە تا هەنووکــە بێ ســەرو شـوێنن، ئەگــەر لەبەر دەســتــدا بان، ئەوە زیـاتر توانا و لێـهـاتوویی و بایەخدانی جـیـاووک وەک مـێـژوونووس دەردەکـــەوت، چونکە ئەو لە ڕۆژگـــارێکی زۆر زوو ئەو هەسـتـی بایەخـدان، بەمــێـژووی کــوردی لە لا چەکـەرە کردووە، واتە لای کەم لە سەرەتای بیستەکانەوە(١٢٠) ئەو لە خولیای نووسینی کورتەیەکی مێژووی کورد بووە، بە پلەی یەکەم چ سەرقاڵی خۆی بە کـاری ئاسایی و چ نەبوونی ئامراز و سەرچاوە، دەستی بەستووە. وێڕای ئەوە خەریکبوونی بە کاری سیاسی و کارگێڕی و دادوەری و دواتریش دەرچوونی کـتـێـبـەکـەی مـێـژوونووسی گـەورە مـــحـــەمـــەد ئەمین زەکی (خــولاســـەی مـــێـــژووی کوردوکوردستان)، بۆشاییە مێژوویـیەکەی زۆر بە چاکی پڕ کــردۆتەوە، بۆیە بەڕای ئێـمــە، ڕەنگە بۆ جــیــاووک زەحــمــەت بووبێ کـارێکی پڕ وردەکـاری و زانســتی وا گـەورەی وەک ئەو بنووسێ و نەشـیـویسـتـووە، شـتـێکی دووبارە بێت. ئەگـینا ئەگـەر ویسـتـبـای دەیتـوانی چاپی بکات.

بایەخی مـێـژوو لای جـیـاووک، لەو وتارانەشـیـدا دەردەکەوێت، کە لە بۆنەکان دواوە، چونکە وەک دەزانین ســـــەروەرییـــــەکـــــانی هەر نەتەوەیەک لە ڕووداوە مێژوویـیەکانی نەتەوەکەوە خۆی دەنوێنێ، بۆیە جیاووک لە دوان و نووسـینەکـانیـدا پەنا وەبەر ئەو سەروەرییـانە دەبات و شکۆمـــەندی و ســەرفــرازی و خــاڵە لاواز و نوشستییەکانی تێدا دیار دەکات. لە وتارێکی درێژی بە ناوی (الاکـراد و حـدود العـراق) باسی ڕەگـەزی ئاری و ئاری بوونی کـورد دەکـات کـە حکوومـەتی (مـیـدیا)یان دامـەزراندووە و پاشـان سـەردەمە مـێـژوویـیـەکـان بەسەر دەکاتەوە و ڕووداوە سەرەکییەکان دەخاتە ڕوو(١٢١).

بە بۆنەی سەردانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەغدا لە ٢٦ی شـوباتی ١٩٤٤ مــیــوانداریـیــەکی گــەورە بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری گەورە پیـاوان ڕێکخراوە،

جیـاووک لە دوانەکـەیدا سـەرەتا کـورتەیەکی لە بارەی مـێـژووی کـورد، ئینجـا سنووری کـوردسـتـان و.... تاد دواوە(١٢٢).

هەر لە کـتـێـبی (مـأسـاة بارزان المظلومـة)دا، چەند لاپەڕەیەکی بۆ مێـژووی کورد بە ناوی (کـورد کـێنە- من هم الاکراد) تەرخان کردووە(١٢٣).

بایەخی مێژوو لای جیاووک لە هەڵسەنگاندنی کتێبی (خولاسەی مێژووی کوردو کوردستان)ی ئەمین زەکی بە ڕوونـی دیاره، کـــــە چەند جـــــاریـک ئاماژەی پێکردووه(١٢٤). لەوانە، ئەو وتارەی جیـاووکـە کـە لە چلەی محەمەد ئەمین زەکی خوێندوویەتەوە و دەڵێت، کە ناوی ئەو زاتە هات "واجـیـبـە لەسـەر هەمـوو کـوردێـک سەری حورمەت و تەقدیری بۆ کەچ بکا، دانەوێنێ، کورد مەدیوونی سوپاس و شوکرانەی ئەوە، بە تیشکە تیشکی هەتاوی ئەثەری، ئەوە ئەثەری قـیـمـەتدارەی (تەئریخی کوردو کوردستان) ظولمەت و تاریکی کوردستانی لابرد، تەئریخی عـالەمی ڕووناک کـردەوە، مـەوقـیـعـێـکی مـوهیـمـی بۆ کـورد ئەقـوام دامـەزراند، سـەری هەمـوو کـوردێکی بەرز و بڵند کـردەوە و ناوی کـوردی لە گـۆڕی دوو هەزار ساڵەی فەرامۆشی ڕزگار کرد و گیانێکی نوێ و تازەی پێ بەخـشـی، هەیهـات کـە دایکی وەتەن، ڕۆڵەیەکی نازدار و قـیـمـەتداری وا بەم زووانە ببینی، خووصووصەن لەم عەصری دەیجوورە،..... ئەوە ئەمین زەکی بە شـەجاعەتێکی کوردانە و ئازاییەکی مەردانەوە هاتە مـەیدان وە تەئریخـێکی کـوردی مـوهیـمـی بەکـار هـانـی، لـەبـەر ئـەمـــــــــە ئـەمـین زەکـی ژیـاوە و ئەژی...."(١٢٥). بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کـورد لە باشـووری کـوردسـتـان، ناکـرێ بەرهەمـە مـێـژووییـەکـانی مـەعـروف جـیـاووک پشـتـگوێ بخرێن(١٢٦).

وێڕای ئەمـانە جیـاووک وتاری مـاتەمـینی بە بۆنەی کـۆچی دوایی چەند کـەسـایەتی ناوداری نەتەوەکـەی نووسـیـوە و بە هەردوو زمـانی کـوردی و عـەرەبی و بە کـوردییـەکی جـوان و عـەرەبییـەکی تۆکـمـەتر هەست و نەسـتی خـۆی بەرانبـەر ئەو کـەسـایەتییـانە و کـار و کـردەوەکـانیـان و جێ پەنجـەیان لە ژیانی ڕۆشنبـیـری و سیاسی نەتەوەی کورد هەڵسەنگاندووە و پەسن داوە، کە بە ڕاسـتی پارچەی ئەدەبی شـایەنن، هەروەها ئەم وتارانە زانیاری باش و کەم زانراویان تێدایە و بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوە زۆر پێویست بوون.

**پەراوێزەکان:**

(٨٧) جیـاووک الکردي، القـضـیـة الکردیة، ط١، مطبـعـة الأسـتـقـلال ، بغـداد ١٩٢٥؛ ط٢، مطبـعـة النجـاح، بغـداد، ١٩٣٩، ص٢.

(٨٨) م. ن، ص١٠-٤٥.

(٨٩) جیـاووك الکردي، القـضـیـة الکردیة، ط٢، ص ٥٣-١٩١.

(٩٠) وەکو د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە کـتـێبی (کرکوک وتوابعـها وحکم التاریخ والضمیر دراسة وثائقیة عن القضیة الکردیة في العـراق، ج١، مطبـعـة ڕینوین، (بلا)- (د.م)؛ د. سعدی عـثـمـان هروتی، کردسـتـان والأمـبـراطوریة العـثـمـانیـة، ١٥١٤-١٨٥١م ، مطبعة خاني، اربیل،٢٠٠٨؛ د. سروه أسعد صـابر، کـوردسـتـان من بدایة الحرب العـالمیـة الأولی الی نهـایة مشکلة موصل ، ١٩١٤-١٩٢٦، مطبعة وزارة التربیة، أربیل، ٢٠٠١؛ د. محمد عبدالله کاکە سوور، ڕۆڵی سیاسی و کولتووری ئەفـسـەرانی کـورد لە بزاڤی کـوردایەتی کـوردسـتـانی باشـووردا (١٩٢١-١٩٤٥)، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٠.

(٩١) مەعروف جیاووک، نیابتي...، ص٦-٢٣٢.

(٩٢) م. ن، ص ٢٦.

(٩٣) م. ن، ص ٢٧- ٢٣٢.

(٩٤) معروف جیاووک، نیابتي...، الغلاف، ص٣.

(٩٥) معروف جیاووک ، اقرأوا الحقائق الثابتة...، ص ٤.

(٩٦) معروف جیاووک ، اقرأوا الحقائق الثابتة...، ص ٥٤، بەدواوە.

(٩٧) "ژین"، ژ ٩٣٧، ٣٠/ ئەیلول/ ١٩٤٨.

(٩٨) ستیفن همسلي لونگریک، م.س، ج٢، ص٥٢٩.

(٩٩) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ل ٤١٠.

(١٠٠) هـ. س، ل ٤١٠-٤١١.

(١٠١) معروف جیاووک، اقرأوا الحقائق الثابتة...، ص ٥٤ بەدواوە.

(١٠٢) دیدار لەگـەڵ فـوئاد عـارف لە ڕۆژی ١٠ی مـارتی ٢٠٠٦.

(١٠٣) مـعـروف جـیـاووک، مـأسـاة بارزان المظلومـة، مطبـعـة العربیـة، بغـداد، ١٩٥٤، ط٢، مطبـعـة التـربیـة، مطبـوعـات دار آراس، أربیل ، ٢٠٠١.

(١٠٤) مـعـروف جـیـاووک ، مأساة بارزان المظلومة، ١٩٥٤، ص٦.

(١٠٥) بۆ نموونە، بڕوانە: إسمـاعـیل شکر رسول، أربیل دراسة تأریخـیـة في دورها الفکري و السـیـاسي (١٩٣٩- ١٩٥٨)، منشورات مرکز شهید ژیباز، السلیمانیة، ٢٠٠٥؛ عەلی تەتەر،

بزافا سیاسی له کوردستانی ١٩٠٨- ١٩٢٧، چاپخانەی پەروەردە، دەزگای سپیریز، دهۆک، ٢٠٠٢؛ محسن احمد المتولي، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، دار العربية للدراسات، ط ١، بيروت، ٢٠٠١؛ أحمد محمدامين قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق ١٩٢٥- ١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم من منشورات بنكەی ژین لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٧ و چەندانی دیکەش.

(١٠٦) بڕوانە: پەیمان معروف جیاووک، تعقيب حول الطبعة الجديدة لكتاب (مأساة بارزان المظلومة)، "خەبات"، العدد ١٠٩٠، ٩/ اب/ ٢٠٠٢.

(١٠٧) بڕوانە: معروف جیاووک، مأساه بارزان المظلومة، ط ٢.

(١٠٨) دیدار لەگەڵ نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز له ڕۆژی ٢٨/ئایاری٢٠٠٦/.

(١٠٩) دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد له ڕۆژی ٢١ی/مارتی/ ٢٠٠٦.

(١١٠) دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد له ڕۆژی ١١ی/حوزەیرانی/ ٢٠٠٦.

(١١١) ئەسڵی کتێبەکە:

“Hubbard, G.E From the Gulf to Ararat, An Expedition through Mesopotamia and Kurdustan, William Blackwood and Sons-Ed inburugh and London, 1917.”

من بغداد الى أرارات ، مذكرات الأنكليزي المستر (هبارد) مؤلف كتاب من الخليج الى جبال أرارات عام ١٩١٤.

تحتوي هذه المذكرات عل وصف لبلاد الكورد وعاداتهم وأخلاقهم وتاريخهم نقلها الى العربية، معروف على أصغر جیاووک. ئەو کتێبەی هابارد بۆته جێ سەرنجی نووسەرانی کورد دوای جیاووک وەریان گێڕاوە بۆ عەرەبی و بڵاویان کردۆتەوە. عەلی سەیدۆ گەورانی دانەری کتێبی "من عمان الى العمادية او جولة في كردستان الجنوبية"، وەک خۆی دەڵێت: دوای سەردانی باشووری کوردستان، حەزی سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشم هەبوو، بەڵام بێ کاتی بواری نەدام، بۆیە وا ئەو گەشتەی هابارد "من الخليج الى ارارات"م خستەسەر کە له ساڵانی ١٩١٣- ١٩١٤ نووسەرەکەی وەک ئەندامێکی لیژنەی ڕاکێشانی سنووری نێوان تورکیا و ئێران بووە. بڕوانە: علي سيدو الگوراني، من عمان الى العمادية او جولة في كردستان الجنوبية، تقديم: د. سعد ابوديه، دار البشير، عمان، ١٩٩٦. هەر ئەو کتێبە کراوەتە کوردی. بڕوانە: عەلی سەیدۆ گەورانی، له"عەمان"ەوە بۆ "ئامێدێ" گەشتێک بە کوردستانی باشووردا، وەرگێڕانی: تالیب بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠. هەر ئەو گەشتەی کە له ڕۆژنامەی (التآخي) بەناوی ڕەمزی قەزاز بە نۆ بەش هەر له ژمارە (١٣٤)ی ڕۆژی١١/ئەیلول/١٩٦٧ تا ژمارە (١٤٢) له ٢٠/ئەیلولی١٩٦٧/و هەروەها له گۆڤاری (گەلاوێژ)یش سەرەتا بێ ناوی وەرگێڕ به کوردی بەناوی (له خەلیجەوە تا ئارارات) له ژمارە (٥)ی ساڵی (٧)، مایسی ١٩٤٤ و بەشی (٤) ی له ژمارە (٩)ی ساڵی (٧) ئەیلوولی ١٩٤٦ بڵاوبۆتەوە. لەو ژمارەدا ناوی (عەلی غەربی: ڕەشید محییەددین)ی بەسەرەوەیە. بڕوانە: "گەلاوێژ"، ژ٩، س(٧)، ئەیلوولی ١٩٤٦، ل٢٦.

(١١٢) معروف جیاووک، مأساة بارزان المظلومة، ص١١٥. بۆ سەلماندنی زانینی زمانی ئینگلیزی کتێبەکەی کابتن (های) دوو ساڵ له کوردستان، که وەسفەکەی ئەحمەد عوسمانی پێ کردووە، وەک له شوێنی خۆی باس کراوە، بەڵگەیە.

(١١٣) بۆ زانیاری پتر لەو بارەیەوە بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو/ کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣، ل٧.

(١١٤) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، هەولێر له ڕۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٦.

(١١٥) باربوو، ل٦- ٢٥.

(١١٦) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: زینفون، م.س.

(١١٧) بۆ درێژەی بڕوانە: باربوو، ل٢٤-٢٥.

(١١٨) معروف جیاووک، بەرگی (املای) کوردی، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٣٠. بۆ زانیاری پتر لەمەڕ چاپ نەکراوەکانی مەعروف جیاووک، بڕوانە: بەرگی پشتەوەی نامیلکەی بەرگی (املای) کوردی، بەداخەوە وێڕای کۆشش و سەرو سۆراخی زۆر، چ شوێنەواریان دیار نییە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە نووسەری ناسراو (تارق جامباز) لەساڵی ١٩٩٣، بانگەوازێکی کردووە، بەناوی (دەستنووسەکانی معروف جیاووک لەکوێن بڕوانە: "ئاڵای ئازادی"، (ڕۆژنامە) هەولێر، ژ ٦٤،خ٢، ٧ی/ ئادار/ ١٩٩٣. له دیدارێکدا لەگەڵ د. ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، لەسەر زاری شوکرییە عەلی ئەکبەر دەگێڕێتەوە، کە لەساڵی ١٩٥٥، مەعروف جیاووک نەخۆش بووە، داوای له سەعید ناکام کردووە دەستنووسەکانی بباتە لای خۆی، ئەویش بردوویە، دوای چەند ساڵێک داوای کردۆتەوە، بەڵام نەیداوەتەوە. دیداری د. ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ له ٥ی ئایاری ٢٠٠٧، ئێمەش زۆرمان هەوڵ دا، بەڵام بێ هوودە بوو.

(١١٩) معروف جیاووک، نیابتی...، ص٧، ٢٣٨؛ معروف جیاووک، مأساة بارزان المظلومة، ص٢٠٤.

(١٢٠) بڕوانە: وتارەکانی له ڕۆژنامەی (العراق).

(١٢١) جیاووک الكردي، القضية الكردية، ط٢، ص١٩- ٤١.

(١٢٢) باربوو، ل٨٢- ٨٥.

(١٢٣) معروف جیاووک، مأساة بارزان المظلومة، ص١٩- ٢٩.

(١٢٤) باربوو، ل٢٥؛ معروف جیاووک، مأساة بارزان المظلومة، ص١٩.

(١٢٥) سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، یەکەم بەرگ، ل٢٧٨.

(١٢٦) د. ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٧.

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(١١)

# بێ جێگایی

مارف خەزنەدار

**ڕۆژی یەک شەموو ١٩٨٣/٨/٢٨**

لەو ڕۆژانەدا ئەگەر بەیانییان نوورەدین سویسی نەهاتایە لام بۆ ئوتێل، هەوەسی ئەوەم نەبوو بە تەنیا بچمە دەرەوە. ئەو ڕۆژە بە تایبەتی دەبوو بێ بۆ لام، پێش نیوەڕۆ گەڕانێکی پۆرتی شاری عەننابە بکەین و ئینجا نیوەڕۆ بچینەوە ماڵی ئەوان.

ماڵی نوورەدین لە ناوەڕاستی شار بوو، لە نزیک باڵەخانەی پارێزەری عەننابە کە لە سەردەمی خۆیدا فەرەنسی بوو. ماڵەکەیان بریتی بوو لە دوو نهۆم، ئەوەی خوارەوە بریتی بوو لە فڕنی نانەواخانە و دوکانی نان فرۆشتن. باوک و دوو برای نانەواخانەکەیان بەڕێوە دەبرد. نهۆمی سەرەوەش بریتی بوو لە دوو شوققە، یەکێکیان خۆیان زیندەگانییان تێیدا دەکرد ئەوی تریشیان بەکرێ دابووە نووسینگەیەکی تەئمین بە ڕۆژ کاریان تێدا دەکرد.

ماڵی نوورەدین بە ژمارە خێزانێکی گەورەبوون، فرە منداڵیان هەبوو، خوشک و برایەکی زۆر، هی گەورە و عازەبییان تێدا بوو، بچووکی واشیان هەبوو تازە چووبوونە قوتابخانەوە. بەپێی خووونەریتی جەزائیرییان ژنیان پێشوازییان نەکردم، چاوم بە کەسیان نەکەوت، ئەوکاتە پیاویشیان لە ماڵ نەبوون. بۆ یەکەمین جار چاوم بە خواردەمەنییەکەیان کەوت کە «کوسکوسی» پێ دەڵێن، بریتی بوو لە پلاوساوەرێکی بڕوێش ئاسایی و بەجیا گوشتاوی بۆ دروست دەکەن، بەپێی کەژ سەوزەی تێدەکەن. لام وایە بەکارهێنانی دانەوێڵەی لە گەنم دروست کراو بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەم وڵاتە بە زۆری قەڵەوییان پێوە دیار نییە، بە تایبەتی چونکە برنجیش کەم بەکاردێنن.

### ڕۆژی دووشەموو ١٩٨٣/٨/٢٩

ئەمڕۆ ئەوەندە گرژ و دڵگوشراو بووم، وام دەزانی ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەم لەوە زیاتر بۆ هەڵناگیرێ. لە بەیانی زووەوە کە لە خەو هەڵدەستام، تەنیا نوورەدین هاودەمم بوو. سڵاوم لە پاسەوانی ئوتێل دەکرد و کلیلی ژوورەکەم لێ وەردەگرت. لە ژوور و ناو نوێنی میلیۆنێران دەحەسامەوە، کەچی خواردەمەنیم لە چێشتخانە میللییە هەرزانەکانی ناو شار بوو. مێردەزمە وەکو شێرپەنجە چڕنووکی لە دڵ و دەروون و هەناوم گیر کردبوو.

ڕێکەوت ئەمڕۆ هەندێ دەوری هەبوو بۆ ئۆقرە گرتنم، بڕیارم دابوو ئەگەر مەندیی ئەو گۆماوەی تێی کەوتبووم نەشڵەقێ و وردە شەپۆلی تێدا پەیدا نەبێ، پشت لەو جێگایە دەکەم، ئەوەی دیارە لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئاسایی ناگونجێ.

لەگەڵ نوورەدین کە ڕوومان کردە زانستگا، نازانم سکرتێرەکە چۆن هاتە سەردەمی و بلێ بابچین بۆ لای کارگێڕی کاروباری مامۆستایانی بێگانە.

ژوورێکی گەورە بوو، کرابوو بە دوو بەشەوە. بەشە گەورەکەی کچە سکرتێرەکەی لێ دانیشتبوو، بەشە بچووکەکەشی کابرای کارگێڕی لێ دانیشتبوو، ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی دەخوێندەوە، ناوی محەمەد بوگڕڕە بوو. سڵاوم لێی کرد بە لالووت وەرامی دامەوە. بەرانبەری دانیشتم و باسی خۆمم بۆی کرد. کابرایەکی ئێسک قورسی عەبووس بوو، ویستی وا خۆی پیشان بدات مووچەخۆرێکی گەورەیە، بەڵام من ڕێگەم نەدا. عەرەبی باش دەزانی. گوتی: لەپێش هەموو شتێکدا کرێی ئوتێلەکە لەسەرخۆتە، لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات لێی دەربچی، دەبوو لە ڕۆژی یەکەمەوە کە گەیشتییە وڵاتی ئێمە بێی بۆ لای خۆم. منیش گوتم: لە ڕۆژی یەکەمەوە هەموو ڕۆژێ نا ڕۆژێ هاتوومەتە لات، بێ سوود کەس لێرە نەبووە، کەسیش ڕێگە و جێگەی پێ پیشان نەدەدام. دەیویست قسە بخواتەوە، گوتی: هەر چۆنێ بێ لە بەیانی پێش نیوەڕۆوە ئێمە وەرتدەگرین، لە ئوتێل چاوەنۆڕ بەو پیاوی خۆمان دێ بۆ لات، هەروەها پاش نیوەڕۆش پاسپۆرتت بۆمان بێنە بۆ ئەوەی ناوت لەناو دەفتەری مامۆستایاندا تۆمار بکرێ.

پاسپۆرتم لە نووسینگەی ئوتێل بوو، گوتیان: پاسپۆرت نابێ لێرە بچێتە دەرەوە. دیار بوو لەوە دەترسان نەوەکو من لە ئوتێل ڕابکەم و کرێی ڕۆژانی میوانی ئەوێم بخۆم. بێ گومان بیریان لەوەش کردۆتەوە ئەو شتومەکانەی من کە لە ژوورەکەدایە بەشی کرێکەی ئەوان ناکا. ئیتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین چوارسەد دۆلار وەک بارمتە لایان دابنێم بۆ ئەوەی بۆ ماوەی دوو سەعاتێک پاسپۆرتەکەم بدەنەوە. پارەکەم لایان دانا و ئەوەی پێویست بوو لە زانستگا جێ بەجێ کرا.

### ڕۆژی سێ شەمووی ١٩٨٣/٨/٣٠

ئەمڕۆ بەیانی کە لە نهۆمی دوازدەمی ئوتێلی پلازا هاتمە خوارەوە، لە هۆڵی چاوەنۆڕیدا هەستم کرد نوورەدین ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە. گوتم: ئەمڕۆ دڵخۆشی! گوتی: تۆ لە من دڵخۆشتری لەبەر ئەوەیە منیش بەختیارم، زۆر بیر لەچارەنووسی تۆ دەکەمەوە. لەو دەمەدا خۆم بە بەختیارترین کەس دەهاتە بەرچاو. منم لە ژیانی ئەم ئوتێلە ڕزگاریم دەبێ! بە تەنگ ئەوەوە نەبووم کرێی ئەو شەش حەوت ڕۆژەی ئەوێم کە لە شەش حەوت ساڵ درێژتر بوو، نزیکەی نیوەی هەموو ئەو پارەیەی پێم بوو. کرێی ئوتێلەکە چوارسەد و پەنجا دۆلار بوو.

نزیکی نیوەڕۆ نوێنەری زانستگای عەننابە بە خۆی و ئۆتۆمۆبیلییەوە هاتە لام. ڕوومان کردە ئوتێلێکی بچووک جێگەیان نەداینێ. دیاربوو کابرا بە تووڕەییەوە دەیگوت: من مامەڵە لەگەڵ میری ناکەم، پێشین کرێی ژوورم دەوێ. ناچار چووین بۆ ئوتێلێکی دیکە، هەرچۆنێ بێ بووم بە خاوەنی ژوورێک. لام وایە ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەبوو ئوتێلەکە لەبەر بچووکی و ناخۆشی و پیس و پۆخلی کەس ڕووی تێ نەدەکرد و بازاڕی کز بوو.

خۆزیا جێ نەبوایە، چونکە ئەو ژوورەی دایان بە من بە ئاژەڵیش ڕەوا نەدەبینرا. ژوورەکە لە تەنیشت ژووری بەڕێوەبەری ئوتێلەکە بوو، قەوارەی ژوورەکە لە شەش مەتری چوار گۆشەیی تێپەڕی نەدەکرد. بێ گومان عەمبار بوو و کردبوویان بە ژووری نوستن. ژوور چی ژوورێک، نەوەکو تەنیا تاریک و کانگای مێشوولە بوو، بەڵکو قالۆنچە و و جاڵجاڵۆک و پیس پیسۆکیشی لێ چنگ دەکەوت. لە سێ دیواری ژوورەکە تەنیا کولانکەیەک هەبوو، دەرگا و پەنجەرەیەکی بچووک بە تەک یەکەوە بوون.

ڕاستە شەو هەشت سەعات ڕاکشام، بەڵام خەو نەچووە چاومەوە لەبەر گەرما و گیزگیزی مێشوولە و خۆ خوراندن و گاڵەگاڵ و قەڵەباڵغی ژووری کارگێڕ و دەنگی ڕادیۆ و

تەلەڤیزیۆن. هەرچی خورەی ئاوی ئەدەبخانە گشتییەکەش بوو کە لە تەک پەنجەرەکەوە بوو ئەمەیان هەر مەپرسە! نازانم چۆن شەوم لێ بووەوە! سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوڕی و ناهەمواریییەش ناوی ئوتێلەکە «ئەندەلووس» بوو.

**ڕۆژی چوارشەمموو ۱۹۸۳/۸/۳۱**

ئەمڕۆ بەیانی نالێم لە خەو هەلسام، بەلکو دەلێم گێتی ڕووناک بووەوە و جموجوولّ کەوتە ناو ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی، ئەمڕۆ هەموو ئادەمزادێک هیوا و ئامانجێکی هەبوو، ئارەزووی من ئەوە بوو لەم ئوتێلە ڕزگاریم ببێ. بە پڕ باوەڕییەوە وام دەزانی دۆزەخ بەهەشتە لە چاو ئەم ئوتێلە بێ شەرمانە ولاتی ئەندەلوسیان نزم کردۆتەوە کە ناوی ئەم کۆلیتەیان ناوە ئەندەلوس. لەگەلّ ئەوەشدا من بە هەلّە چوو بووم، هەر ئەو ڕۆژە کەوتمە گۆشەیەکی خراپترەوە.

نوورەدینی هاوڕێم هات، لەپاش ئەو تاکسی زانستگا گەیشتە لامان. کەلوپەلمان بارکرد. داخی گرانم نەدەکرا لە کاتی پشت تێ کردن و ڕزگاربوون لە ئوتێلی ئەندەلوس سێ بەرد فڕێ بدەم، بەناوی ئەوەی کەس تووشی ئەم جێیە نەبێ! بەلام لە ناو دلّمدا دەمتوانی بە مۆنۆلۆجی ناوەوە ئەم ئارەزووەم بهێنمە دی. هەر چۆنێ بێ چووین بۆ لای کارگێڕی خانوو دابەش کردن بەسەر مامۆستایاندا. بیرۆکراتیزم ئازاری داین. نامەکەمان مۆری سەرۆکی زانستگای پێوە نەبوو. دەبوو ئەو مۆری بکا، نەک هی لە خۆی خوارتر. ئەم کارگێڕییە لەنێوان شار و زانستگا بوو، تاکسی دەست نەدەکەوت، کەسیش ئامادە نەبوو ئۆتۆمۆبیلمان بۆ ڕا بگرێ، ناچار گەڕاینەوە شار، لەوێوە تاکسیمان بەکرێ گرت و بەپێش ئەو جێیەدا تێپەڕین کە لە سەعاتێک زیاتر لێیدا وەستاین و ئۆتۆمۆبیلمان دەست نەکەوت، باش بوو کە بە وێدا تێپەڕین هێشتا هەر چۆلّ و کەسی لێ نەبوو.

لە زانستگا هیچیان بۆم نەدەکرد، مەسەلە مۆری سەرۆکی زانستگا نەبوو، بەلکو ئازاردانی بێگانان بوو. نەیاندەویست جێگەیەکی باش و دلّگیرم بدەنێ و کۆتایی بە مەسەلەی نیشتەجێی ئەو مامۆستایانە بێنن کە لە دەرەوە هاتوون، چونکە لەلای خۆیان مەسەلەی خانوو وەرگرتن ئەوەندە دژوارە ئەگەر یەکێک دە سالّ لە سەرە بوەستێ و ئینجا خانووی دەست بکەوێ بەختیارترین ئادەمزادە.

بەم جۆرە دەبوو بۆ ماوەی سێ شەو تا ڕۆژی شەمموو جێگەو ڕێگەیەکم بۆ جێبەجێ بکرێ. ئیتر بردیانم بۆ گەڕەکێکی تازە بە ناوی سۆناتیبە. کابرای ڕێبەرم ناوە ناوە دەیچرپاند بەگوێمدا ئەو شوققەیەی ئێستا چاوت پێی دەکەوێ دەتوانی لەناویدا بژی، خۆ ئەگەر بە دلّیشت نەبوو هەر لەم گەڕەکە یەکێکی ترت دەدەینێ!

دەرگای دەرەوەی شوققەکە ئەوەی دەگەیاند پیاو تێیدا نەحەسێتەوە، بەر دەرگا پیس، پێپلیکەکان دەتگوت سەد سالّە نەمالّراون، تۆز و زبلّ و پارچە کاغەزی دڕاو و وردە بەرد دیمەنی پاش بۆمبابارانی جەنگیان دەنواند، دەرگای شوققەکە جێی سێ کلیلی هەبوو، کێلوونێک و دوو قفلّ و کلیل، دەبێ دز ئەوەندە زۆر بێ!؟ دوو ژوور و مەتبەخ و گەرماو و توالێت و عەمبارێکی لێ بوو. لەوەی دەکرد دز هاتبن شوققەکەیان تالان کردبێ، شتی بە کەلکیان بردبێ و هی بێ کەلکیشیان بەسەر یەکدا تێکشکاندبێ و تەفروتوونایان کردبێ.

دیار بوو پێشتر کابرایەکی پۆلۆنی تێیدا ژیا بوو. هەندێ شووشەی دەرمان و قاپی بەتالّی خواردنەوە و گۆوار و ڕۆژنامە بەناو ژوورە تۆزاوییەکاندا بلاوبووبوونەوە. ئەم کابرا ئەورووپاییە دەبێ هەر لە بنجدا پیس و پۆخلّ بووبێ، یان هەناسەی ڕۆژهەلات کاری لێ کردبێ و بوو بێ بە نموونەی پیسی!

نزیکی ئێوارە نوورەدین گەڕایەوە مالّی خۆی، منیش لە بازاڕی گەڕەکەکە هەندێ نان و کالّەک و تەماتە و خۆشاوم کڕی و هاتمە ناو شوققەکەمەوە و سێ شەو بەمە سەر تا ڕۆژی شەمموو، بەلکو بۆ زیندەگانی ئاوارەیی ئەو سەردەمەم جێگەیەکم دەست بکەوێ.

# ڕەگەزە ئیستێتیکییەکان لە هونەری تەلارسازیدا

**کامەران تاهیر**
**(کەرکووک)**

جوانی بەهایەکی گوزارەیی، یان چەمکێکی بالایە، چوارچێوە و پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، بەلام ئەوەی نکوڵی لێ ناکرێت، هونەرمەندان حەز و خولیایەکی بێ پایانیان هەیە، بۆ گەیشتن و بەرجەستەکردنی بەها ئیستێتیکییەکان لە کار و بەرهەمەکانیاندا.

لێرەوەش هونەرمەند ئەو بەهایانە بەرهەم دەهێنێت، کە پێشتر لەسەروبەندی ڕامان و وردبوونەوەکانی خۆیدا پەی پێیان بردووە و هەوڵ دەدات لە کۆنتێکستی بەرهەمەکانیدا جارێکی دیکە دایانبرێژێتەوە و جاویدانی و نەمرییان پێببەخشێت، بۆیە تاکە ژێدەری هونەر بریتییە لە زانین و ڕامان و وردبوونەوە لە تەواوی شتەکانی ئەم دنیا پان و بەرینەی ئێمە کە دواتریش کۆی هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە دنیابینی و تێڕوانینێکی نوێ لای هونەرمەند بەرهەم دێت، ڤێجا هونەرمەند هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەو مەعریفە و دنیابینی و وێناکردنانەی خۆی لە ڕێگەی ژانرێک لە ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە بە مرۆڤەکان بگەیەنێت.

هەر کار و بەرهەمێکی هونەری تەنیا گوزارشتکردنێک نییە و بەس، بەڵکو دەربڕی واتایەکە.. کاری هونەریی خودان ناوەرۆک و بوون و ماتریالە، ناوەرۆکیش بریتییە لە دنیابینی و وێناکردن و تێڕوانینی هونەرکارییانەی هونەرمەند، هەبوونیش خۆی لەخۆیدا بریتییە لە جێبەجێ کردن و فەراهەمکردنی ئەو بیرۆکەیە، یان ئەو وێناکردنە و هەوڵدان بەو ئاراستەیەی، کە لەسەر واری کردەنیدا بکارین بە ڕاستەقانی ببینین، یان پەی بە جێکەوت و کاریگەرییەکانی بەرین، هەرچی (مادده)شە بە پردی پێک گەیاندنی نێوان هزر و بینەر دادەنرێت، بە واتایەکی دیکە دەکارین بێژین (مادده)، یان کەرەستەکان هەڵگری تێڕوانین و وێناکردنەکانە، یان ناوەندێکە بۆ فەراهەم کردنی هزرەکانی هونەرمەند.

ئەگەرچی دەشێت «مادده»، یان کەرەستەکان خۆیان ببنە بابەتێک بۆ پەی بردن بە بەهاکانی جوانی، لە بارەی چۆنایەتی و ئەو وێنە و دیمەنە گشتییانە دەربڕی ئەو ئایدیا شاراوانەی ناواخنی کەرستەکانی وەک بەرد و ئاو و ڕووەک و درەختەکانن، کە بریتیین لە کەرستەی خاو و بنەڕەتی، ئاو خۆی لە خۆیدا بە پێکهاتەیەکی ئیستێتیکییانە دادەنرێت، ئەگەر وەک ئەو دۆخەی تێیدایە وازی لێ بهێنرێت.

### ئامانجەکانی کاری هونەری

کاری هونەری ئامانجێک، یان کۆمەڵە ئامانجێکی هەیە کە هونەرمەند هەوڵ دەدات بیخاتە دووتوێی کەرستە و ماددەی کار و بەرهەمەکەیەوە. بۆ نموونە هونەرمەند وا هەست دەکات کە لەسەریەتی، یان دەخوازێت بەو ئاراستەیە بێت، یان ناکارێت، بەم شێوەیە بێت، یان دەترسێت بەو ئاستە بگات، لەم هۆکارانەش پێنج ئەگەر دەخەینە ڕوو:

١- لەپێناو کات بەسەربردن: لێرەشدا هونەرمەند هەوڵ

دەدات، لە ڕێگەی گەمە سەرسوڕهێنەرەکانی خۆیەوە، بۆ نموونە تێڕامانی جوان و فانتازیا جۆرێک لە جۆرەکانی ڕابواردن و خۆشنوودی و فروسماوی بەرهەم بهێنێت.

٢- پاککردنەوەی حەزەکان: کاری هونەریی لە ڕێگەی وێنەکانەوە بۆ قووڵایی ناسۆری و هەڵچوونە مرۆییەکان شۆڕدەبێتەوە کە هونەرمەند هەستیان پێدەکات، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ئاسایی خۆی ڕەوشە تۆقێنەرەکان، ترسناکەکان، بەزەیی پێداهاتنەوەکان ناخاتە ڕوو، چوون بەرهەمێکی هونەری لە فۆرمێکی داهێنەرانەی ناوازە دەکارێت بەرجەستە بکات.

٣- هونەر بۆ هونەر: بریتییە لە ستایلێکی هونەری، کە هونەرمەند جگە لە بەهای ئیستێتیکیانەی شێوەکاری و هونەریانەی بەرز، هیچ شتێکی دیکە لە کارو بەرهەمەکەیدا بەهەند وەرناگرێت.

٤- پەیامی جوانکردن: یان شکۆمەندبوونی بیرۆکەیەک، چوون هونەرمەند وێنەیەکی دیاریکراو دەبینێت، هەوڵ دەدات لە ستایلێکی فانتازیا ئامێز و ئەندێشەمەندانەی هونەرکارییانەی بەرز و ناواز و نایابدا، دنیایەکی جوانتر و سەراسیمەتر چێ بکات.

٥- ئەرکی بەهێزکردن: پەیامی بەرهەمی هونەری جێگیربوون و سەقامگیرکردنی ژیانێکی کەتوارییانە و بەهێزکردنی ویست و ورەی مرۆڤەکانە، هەروەک لەژیاندا هەیە، تاکو تاکەکانی کۆمەڵ بکارن درێژە بە پارێزگاریکردنی خۆیان بدەن و بە گەشبینییەوە ئامێزەکانی بۆ ژیان بکەنەوە و هەوڵی گۆڕانی بدەن، ڤێجا لە کاتی پێویستدا ژیانیان لای خۆشەویست بکرێت، بەبێ ئەوەی ژیان بشێوێنرێت و هەوڵی نەهلستییەتیان لەلا پەرە پێ بدرێت.

کاتێک کار و بەرهەمێکی هونەریی هەڵگری ڕەگەز و خەسڵەتەکانی جوانین، کە بکارێت تەواوی بەها ئێستێتیکییەکان لەخۆیدا بەرجەستە بکات و لە تەک ئەرکە سایکۆ کۆمەڵایەتییەکاندا.. کۆک ببێت و هارمۆنییەک لە نێوان ڕەگەزەکانیدا فەراهەم بکات، هەروەسا پێوەندی گرووپەکان و کار و بەرهەمی هونەری بێنێتەدی و بکارێت بەشێوازێکی هونەرکاریانەی بەرز گوزارشت لەگیانی سەردەم و بەها مرۆییەکان و پەرەسەندن و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

جوانی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت: جوانی خودی و جوانی بابەتی، بۆیە پێویستە دوو خەسڵەت، یان دوو توخم لە ئارادا بێت، تاکو ئێمە هەست بەجوانی شتەکان



بکەین، کە ئەویش بریتییە:

**یەکەم:** کاتێک هونەرمەند و بەهای ئیستێتیکی و هونەری یەکانگیری یەکدی دەبن، ئەفراندن چێ دەبێت، ئەو دەمەش هونەرمەند دەکارێت بەرهەمێکی نایاب و ناوازە بەرهەم بهێنێت و شاکاری جوان لە دایک بێت.

**دووەم:** پێویستە بینەر خودان هەستێکی ئیستێتیکیانەی بەرز بێت.

ئەم دوو ڕەگەزەی سەرەوەش چەندان کارلێکردنی هاوبەش و جۆراوجۆر لەنێوانیاندا هەیە، بەبێ ئەو دوو ڕەگەزەش هەستی جوانکاری نایەتەدی و ناتەواوە. جوانی تەلارێکی دیاریکراو و چەندان ڕێژە و هاوڕێژەی ڕێکوپێک و گونجاو و پێکهاتەی ئیستێتیکیانە و جەڤەنگی هونەرکاریانەی بەرز دەگرێتەخۆ، کە مرۆڤە کەودەن و دەبەنگەکان بەهیچ کلۆجێک هەستی پێ ناکەن و چێژی لێوەرناگرن، هەر بۆیە ئەو مرۆڤەی هەست بەو بەها جوانکارییانە بکات، سەنگ و قورساییەک دەداتە ئەم ڕەگەزە ئیستێتیکیانە و لێرەوەش سەرسامبوونی بە دەردەکەوێت، هەروەسا ئەگەر تەلارێک ڤالابێت لە بەها جوانکاری و ڕەگەز و توخمە ئیستێتیکییەکان، ئەستەمە مرۆڤ لە ڕووی سایکۆلۆژی و جەستەییەوە بورووژێنێت، بۆیە کاتێک بە تەنیشتیدا گوزەر دەکەیت، ناکارێت هیچ کاریگەری و کارلێکردنێکی هاوبەش لەهۆشدا جێ بهێڵێت، کەواتە بەهای جوانی هەم خودی و هەمیش بابەتییە، بۆیە جوانی لەو توخم و ڕەگەزانەدا ئامادەیی

هەیە کە ئێمە هزریان لەبارەوە دەکەین، لەو کەسەشدا ئامادەیی هەبێت، کە بیر لەو شتانە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی تەواوکاری هەستی جوانکاریانە و چێژی هونەریانە فەراهەم ببێت و بێتە دی.

جوانی دابەش دەبێت: بۆ جوانی سروشتی و جوانی سروشتی ڕازاوە و جوانی هونەری.

- جوانی سروشتی: لەو دیمەنە جوانەیە لە سروشتی خۆڕسک و خۆکردا، بەبێ ئەوەی هونەرمەند کاریگەریی و کارلێکردنێکی لەسەر هەبێت.

- جوانی سروشتی ڕازاوە: بریتییە لەوەی سروشت، یان ڕەگەزەکانی سروشت بخەینە ژێر ڕکێفی خۆمان و دەستێکی هونەرییانەی پێدا بێنین و شتێکی دیکەی بخەینە سەر، بە مەبەستی زیاتر جوانکردن و ڕازانەوەی.

- جوانی هونەری: دەرخستنی بیاڤی ئیستێتیکییانەی شتێکە، مەرج نییە لەخودی خۆیدا جوان بێت، کەواتە ئەمە تێڕوانین و دنیابینی هونەرمەندە بۆ ڕەگەز و کەرەستەکانی سروشت بە خستنەسەری شتێکی دیکە بۆی، لێرەوەش هونەرمەند پرۆسەی ئیستێتیکییانە و داهێنانێکی هونەری و فانتازیا و جۆرێک لە هێماکاری لەکار و بەرهەمەکەیدا بەرجەستە دەکات، کە تێیدا خۆی لەنێوان هەردوو ئاستی هەست و نەستدا هاموشۆ دەکات، هەروەها باسکاران پێیان وایە هونەرمەند دەگاتە ئەوپەڕی ڕادەی بیرتیژی کاتێ بە شێوەیەکی تایبەت سۆز و هەڵچوونە سایکۆلۆژییەکان دەوروژێنێت.

## جوانی و ئیستێتیکای هونەر

سایکۆلۆژیای هونەری و توندی هەستیاری ئەم سایکۆلۆژیایەش پەیوەستە بە خودی مرۆڤەکان و چۆنیەتی وروژاندنەکانەوە کە بریتییە لە بابەتەکان و چەندایەتی، چەندان ئەزموونکاری بۆ پێوانەکردنی توندی چەشەی جوانی تایبەتی و تاکەکەسی ئەنجام درا، لەپێناو گەیشتنیش بە یاسا گشتییەکان، پێویستە ئێمە ئەزموونەکان کورت بکەینەوە، چونکە بە ئاڵۆزبوونی بابەتە هونەرییەکانیش تێیدا وا دەکات تەمومژاوی بێت، دواتریش لێتوژان ژمارەیەکی زۆری تاکەکان دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە، تاکو مگێزە تایبەتی و تاکەکەسییەکان، یان ڕیزپەڕەکان و ناوازەکان وەلاوە بنێت، چونکە بە پێچەوانەوە ئاماری دەرەنجامە بەکۆمەڵەکان دەمانگەیەنێتە نێوانگیرییەکی سروشتی مگێزی کەسەکان لە ئاکامدا دەکارین کێرڤی گۆڕانکاری چێژ وەرگرتنەکان دەست نیشان بکەین.. بۆ نموونە بۆچی ئێمە پێمان وایە ڕووبەری پەنجەرە لاکێشەکان جوانتر بەدەردەکەون، لە ڕووبەری هەر پەنجەرەیەکی دیکە، ئەم دەرەنجامەش لە ئاکامی بە ئەزموونکردنی کۆمەڵێک ڕووبەری لاکێشەیی جۆراوجۆر بەدی هاتووە، ئەمەش بەوەی ئەو کەسانەی دەخرێنە ژێر ئەو تاقیکردنەوەیە، دەبێ تەنیا هزر لە پێوەندی ڕووبەری ئەو لاکێشانە، هەریەکە جیابکاتەوە، ئەم پرۆسێسەش چەند بارە و لەسەرچەندان کەس ئەنجام دراوە و دەرکەوتووە، کە ڕووبەری لاکێشە جوانترە لە ڕووبەری چوارگۆشە، بە ئاشکراش ڕووبەری چوارگۆشەی لاکێشەیی پشتی تێکراوە، هەروەسا ڕووبەری لاکێشە زێدەڕۆییەکانیش بە بێزراوی تێی دەڕوانرێ، بەم پێیە لێتوژان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی لای زۆربەی مرۆڤەکان پەسەند بێت، ئەوەی کە بە «یەکلاکەرەوەی زێڕین» نێوزەد دەکرێت.

ئێمە لاکێشەی «یەکلاکەرەوەی زێڕین» دەبینین پەسەندترە و زۆرتر بەخت یاوەرێتی لەوەی تەنیا بێت، لەکاتێکدا چوارگۆشە زۆرتر هەستی تەنیایی چێ دەکات و شتێکی هەمەڕەنگمان پێشکەش ناکات، هەر لێرەوەش ئەمە وای کردووە دیمەنی چوارگۆشە قورس و ڕەزاگران خۆی بنوێنێت و بەدەربکەوێت.

هەروەسا چوارگۆشەی شێواو، یان لاکێشە زێدەڕۆییەکان لە درێژیدا، جیاوازییەکی یەکجار زۆر نیشان دەدەن، بەڵام چانسێکی کەمی تەنیاشی لە پێوەندی بینینی لە لایەنەکانییەوە هەیە، لێرەوەش لاوازی لە بنیاد، یان ونبوونی هارمۆنیکی خۆی تێدا دەنوێنێت. ئا بەو ئاوایە تێگەیشتنی پەنهان و شاراوە و تەمومژی تەنیایی لە هەمەڕەنگدا، لەوانەیە هۆکاری نادیار و شاراوە بێت لە بە گەنکردنی ڕووبەری فۆرمە جیاوازەکانی هەر پێکهاتەیەکی تەلارسازی.

پێکهێنەرەکانی تەلارسازیش بریتییە لە کۆمەڵە بەش و پارچەیەک، هەر پارچەیەکیش لە سنووری خۆیدا بە شتێکی سادە یەکسانە، لێ گرنگییەکی مەزنی هەیە لە کۆنتێکستی پێوەندییە گونجاوەکان لە تەک فاکۆڵتی بەش و پارچەکانی دیکەدا.

بێ گومان لە ئەزموونکاریدا لێکۆڵینەوەی بنیادی پارچەکان بە تەنیا ئەنجام دەدرێت و پارچەکانی دیکە فەرامۆش دەکرێن.

- لە ئەزموونکاریدا پێوەندی پارچەکان لەگەڵ یەکدیدا فەرامۆش دەکرێن.

- لە ئەزموونکاریدا بنیادی باڵا فەرامۆش دەکرێت، کە



له پێکهاتەی گشتیدایە، بۆیە زۆربەی لێتوێژان و ڕەخنەگرانی بواری هونەری تەلارسازی پێیان وایە ئەزموونکاری ناکارێت مۆدیلێکی باڵا داسەپێنێت، وەک «ڕێژەی زێڕین»، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەزموونکاری کەتوارگەری بۆ ڕاستییەکان واز دەهێنێت، مۆدێلە باڵاکانیش ناکارن پاساو بۆ ڕێساکان بهێننەوە، تەنیا لە دنیایەکی باڵادا نەبێت، هەروەها نموونە باڵاکان خۆبەخۆی و ساکارن.

لە تەواوی ساتەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا هەڵوەستەی ژیانی داهێنەرانە لە کایەدایە، کە گوزارشت لە چارەنووس و ئەفراندنە ئازادەکانی خۆی دەکات، کەواتە ئەوانە بریتین لە نموونەی باڵای ڕەهای نوێ، وێڕای ئەوەی نموونەی باڵابوونی هەیە، تەواوی بەهاکان بوونیان نییە، بەڵام ئێمە کاتێک پەی بە بوونیان ببەین، ئەو دەمەش ناچار دەبین لە بەرانبەر بەهاکانی دیکەدا بەراوردیان بکەین. لێرەوەش دەکارین بێژین لە بری نموونەی باڵای ڕەها، پێودانگ لە ئارادایە، بۆیە نموونەی باڵای کەسەکان، ئاڵوگۆڕ دەبێت بۆ پێودانگ، ئەم پێودانگەش لە ڕووی زانستییەوە ئەرکێکی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی تێکڕایی نێوانگیری و بەهای پێکەوەیی ئاساییدا، بە پێچەوانەی ئەوەش کاری هونەری دەبێتە مایەی ئەوەی بەهایەکی نەرێنی، یان ناپێکەوەیی ببێت و بەشێوەیەکی ناشیرین خۆی بەرجەستە بکات، کاتێک نەکارێت یەکێک لە ئەرکەکانی ئەنجام بدات، یان کاتێک بە پێچەوانەی داواکراو بەشێوەیەکی هاودژ لە ڕۆڵەکانی دیکەدا، ڕۆڵێک بگێڕێت، بەم پێیە نموونەی باڵای جوانی وەک نموونە باڵاکانی دیکە دەشێت ڕێگەیەک بێت بۆ دیاریکردنی تێکڕایی نموونەی نێوانگیری، وەک پشت بەستن بە ڕێژە ئیستێتیکییە پێکهاتەییەکان، لە بەرانبەر ڕێژە زێڕینەکان، وەک پێودانگێکی باڵاو مۆدیلێکی باڵا.

**بەشەکانی جوانی**

١- جوانی هەستەکی: واتە ئەو جوانییەی، ڕاستەوخۆ، لە کەرەستەیەکی ماتریالییەوە لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت،، کە ئەمەش لە هەر چەشنێکی دیکە زیاتر هەستی پێدەکرێت، کە بە جوانیی ساکار دەناسرێت نە پێویستی بە پەروەردە کردنی تواناکانی چێژ وەرگرتنە لای مرۆڤەکان و نە پێویست بە شرۆڤە و شیتەڵکردنیش دەکات، چونکە تەواوی مرۆڤەکان، ڕەنگە درەوشاوەکان لێدانی ڕیتم و ڕەزمە ڕێکوپێکەکان و نەرمی ئاوریشم و بۆنی گوڵەکان و خواردنە بەلەزەت و بەتامەکان..تاد کاریان تێدەکات و بەرەو لای خۆیان پەلکێشیان دەکات.

٢- جوانی سۆزداری: کاریگەرێتی لە ڕێگەی پەیوەستبوون بەشتێکەوە بەدی دێت، کە وا دەکات یادەوەری و سۆزەکان بورووژێنێت، وەک ئەوەی هێما بۆ واتایەک، یان شتێک بکات، یان هەندێک کەسان، یان بوویەری ڕابردوومان بە بیر بێنێتەوە و ئەندێشەمان بە ئاگابێنێت و هەستی ئێمە بخرۆشێنێت و شاعیرییەتیمان تێدا بورووژێنێت و بمانخاتە چەندان دۆخی سۆزداری، ئەم ڕەوشەش وا دەخوازێت، کە سەرسامبوون و جوانییەکان جارێکی دیکە لەناخماندا بێنێتە کایەوە و سەرهەڵبدات.

٣- جوانی هزری: ئەمە نایەتەدی، تەنیا دوای قۆناغێکی مەزن لە پێشکەوتن و پێشڤەچوون و ڕۆشنبیریدا، جا لە ئاستی تاکەکەسدا، یان مرۆڤەکان بێت، کە بە درێژایی قۆناغ و سەردەمەکان، ئەم حاڵەتەش لە ئاکامی تێڕامان و تێڕوانینەوە بۆ هەمان فۆرم و تەنیا ئەو، یان بە گونجانی پارچەکانی دابەش دەبێت بۆ دوو چەشن.

أ- جوانی هزری ئەبستراکت: بریتییە لە سەرسامبوون بە فۆرمەکە بۆ خۆی، وەک کۆتاییەک لە ڕادە و ئەندازەی

خودی خۆیدا، سەرسامبوونێکی ئەبستراکتی پاک و بێگەرد لەهەر ئامانجێک، یان سوودمەندییەک، بەو پێیەی کار و بەرهەمی هونەری خودان بەهایەکە، ئەمەش لە ئاکامی پێکهاتەی هونەری و گردبوونەوەی فۆرمەکان و دابەشبوون و ڕووتکردنەوەیان، دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین بیروهۆشی مرۆڤەکان خوویەکی هەیە، ئەویش ڕێکخستن و ڕێکوپێک کردن و جوانکردنی شتەکانە، بۆ ئەوەی ئێمە بکارین تێیان بگەین و پەیان پێ بەرین و بەهەمەکیانەش لێکیان بدەینەوە، لەبیروهۆش و یادەوەریدا فۆرمەکانیان جێگیر بکەین، لە ڕاستیدا مرۆڤەکان شتەکان ناناسن، تەنیا ئەگەر تێی بگەن و بچنە نێو چوارچێوەی ژیربیژییەوە، ڕێک وەک ئەوەی فۆرمێکی ڕوونی هەبێت، یەکەمین هەنگاویش لەم ڕێگەیەدا بریتییە لەوەی شتان شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕوونیان هەبێت، کە بە سانایی پەسن و خەسڵەتە ئەندازەییە جێگیرەکانیان بێتە ناسین.

ب- جوانی ئامانجدار: ئەم دۆخەش لە ڕێگەی تێگەیشتن و پەی بردنەوە بەرهەم دێت، کە شتان فۆرمێکیان تێدا وەرگرتووە، بۆ ئەوەی فەرمان و ئامانجێکی تایبەتی فەراهەم بکەن و لە ڕاژەی ئامانجێکی دیاریکراو سوودمەند بێت.

ئیستێتیکا بریتییە لە شادی و خۆشنوودی، یان چێژوەرگرتن کە لە زانینی ئەرک و ئامانجەکانی تەلار و ڕادەی هارمۆنیکیانەی لە تەک ئەو ئەرکەی بۆی دیار کراوە دێنە ناسکرن، سەرباری پێکهاتە و پێکهێنەرە تەلارسازی و فۆرمە گشتییەکان و ئەو ڕێکخستنانەی لە پێکهاتە تەلارسازییەکان، یان لە بۆشاییەکان، یان ڕووگەی تەلارگەریدا هاتوونەتەدی، بۆیە لێرەوە دەبینین تەلارسازی مەزن هەم لە ڕاژەی ئامانجە سوودگەراییەکانە و هەمیش بەها ئیستێتیکییەکان لە هونەری تەلارسازیدا فەرامۆش ناکات، بەڵکو چەمکێکی گرنگی تەلارسازییە.

هەرچەندە لە بنەڕەتدا تەلارگەری، لە ئاکامی ئامانجە سوودگەراییەکانەوە هاتۆتەدی، چونکە مرۆڤەکان لەسەرەتادا پێویستیان بەشوێنێک هەبووە لەسەرما و سۆڵە و گەرما خۆیانی تێدا دالّدە بدەن و حەشارگەیەکی چاکیش بێت بۆ خۆپاراستن لە دڕندەی کێوی، بەواتایەکی دیکە جێگەیەک بێت بۆ ئاکینجیبوونی مرۆڤەکان دەست بدات، بەجۆرێک، کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان دابین بکات، ئا بەو ئاوایە وردە وردە فۆرمە سەرەتاییەکانی خانووبەرە و تەلارسازی سەرهەڵدەدات لە شێوەی ئەشکەوت و کوخەکان، لەگەڵ پێشکەوتن و بەرەو پێشڤەچوونی ڕەوتی ژیانی مرۆڤەکان لە تەواوی کایەکاندا، ئیدی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەشدا هونەری تەلارسازی پەرەی سەند و فۆرمی ئالۆزتری وەرگرت، لە سەردەمە سەقامگیر و ئارام و ئاسوودەییەکاندا مرۆڤەکان هەوڵیان داوە خانووبەرەو کۆشک و تەلارەکانیان بڕازێننەوە، ئەم دیاردە و ڕواڵەتانەش لەسەدان کۆشک و تەلار و پەرستگەی جیاجیا و گۆڕ و گۆڕستانەکاندا بەدەر دەکەوێت، ئەگەرچی لەسەرەتادا تەنیا گرنگی و بایەخ بە هۆکاری هێز و پێزی تەلارسازی درابێت، لێ دواتر ڕازانەوەش وەک ڕەگەز و هۆکارێکی گرێدراوی هەر کۆشک و تەلارێک هاتۆتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕازانەوە و جوانکاری و ڕەنگاندن و نەخشاندنەکان بە بەراورد لە تەک هۆکار و ڕەگەزی توندوتۆڵی و هێز و قەبەیی و قەبارەی کۆشک و تەلارەکان تا ماوەیەکی درێژ وەک هۆکارێکی لاوەکی مایەوە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە پەرستگاکان، گۆڕستانەکان، بەر لە کۆشک و تەلارەکان و سەکۆی شانۆییەکان و بازاڕەکان بنیادنراون و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤەکان تێڕوانینیان وا بووە، کە کۆشک و تەلارەکان شوێنی دالّدەدانی کاتین و بەسەر دەچن، هەرچی هی یەکەمن پێی وابووە شوێنێکن تا هەتایی بەکاردەهێنرێن و تێیدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش بەئاشکرا لای چەندان گرووپ بەدی دەکرا، بەتایبەتی لەبای میسرییە دێرینەکان، کە لە ڕۆنانی ئەهرامەکانیان ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت.

لێرەوە بەدەردەکەوێت، کە مۆرکی سوودگەرایی، لە مۆرکی تەواوی تەلارسازی لە ژینگەی ڕەسەنی خۆی بەدی هاتووە، کە ئەم مۆرک و خەسڵەتانەش لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە بە گوێرەی سروشتی کەشوهەوا لە یەکدی جیاوازن، ئەمەش بەپێی سروشتی ئەو کەرەستە و کەلوپەلانە، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێن.

ئامانجە ئیستێتیکییەکان بریتین لە کۆمەڵێک چەمک کە پێتڤییە لە هونەری تەلارسازیدا فەراهەم بکرێن، ئەمە سەرباری فەراهەم بوونی ئامانجە سوودگەراییەکان، کە بنەڕەتین، کە بەبێ ئەو هۆکارە بنەڕەتیانەش تەلارسازی بێ سوود و بێ کەڵک دەبێت، ئامانجە ئیستێتیکییەکانیش چەندان ڕەگەز و خەسڵەت بەرجەستە دەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە گوزارشتکردن لە

چەمک و بەها ئیستێتیکییەکان، ئەو وێنە و دیمەنانەی کە لە سروشتدا زۆر روونن، ئەو وێنە و چەمکانەش وەک قورسایی، ڕەقێتی، یەکانگیربوون، ڕاشکاوی، لەو پەسن و ڕوخسارە گشتییانەی کەرەستەی تەلارگەرین، ئەم پەسنانەش بریتین لە دەرکەوتە بەراییەکانی ویست، کە یەکجار سادە و لە گوزارشتکردنی تەمومژاوییانە دوورن.

گوزارشتکردن لە چەمکەکانی هاوڕێژە و فۆرم و سیمستری، کە ئەمانەش ڕەگەزەکانی پێکهاتەی فۆرمن و بریتین لە بنەماکانی ئەندازە و سیستمی فۆرمگەری، بزاوتنیش گوزارشتکردنە لە جووڵە و سیستمی جووڵە لە فۆرمدا کە لە میانەی سیستمی بزاوتی بۆشاییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە. ڕەگەزی ڕووناکی، یان ڕۆشنایی ڕۆڵێکی گرنگ و باڵای لە هونەری تەلارسازیدا هەیە، چونکە بۆ دیارخستنی لایەنە جوانکاری و هونەرییەکانی هەر تەلارێک هەوڵ دەدات، هەر بۆیە جوانی و بەهای ئیستێتیکییانەی هەر تەلار و خانووبەرێک لەبەر ڕۆشنایی تیشکی خۆر و لەژێر ئاسمانی شیندا وەک دیمەنێک درێژ دەبێتەوە و دەبێتە باکگراوندێک، کە کاریگەری و ئیستێتیکای حەزکردنی بینینی جیاواز لەبەر تریفەی مانگەشەو و ڕەش هەڵگەڕانی ئاسماندا.

هەروەسا ڕووناکی کاریگەرێتی ڕاستەوخۆی هەیە لە دەرخستنی ئەو پێوەندیانەی لەنێوان بەشە جیاوازەکانی هەر باڵەخانەیەک، یان تەلارێک و تەلارسازدا لە ئارادایە، هەمدیس ڕووناکی ڕۆڵی گرنگ لە بۆشاییەکانی ناوەوەی هەر تەلارێکدا دەگێڕێت، هەم کاریگەرییەکی ئیستێتیکیانەی لەسەر پێوەندییە ناوەکییەکانی هەر تەلارێکدا هەیە، هەمیش گوزارشت لە بارەی دامەزراندن لە ڕووی هەڵگر و هەڵگیراو دەکات.

ڕەگەزە ئاوی و دار و درەخت و ڕووەکییەکان، کە لەم ڕەگەزانەشدا جوانی لە دەستکردی سروشتدایە کە ئەویش بریتییە لە جوانی سروشتی کە جۆرە ئێستێتیکایەکی ئەفسووناوی دەبەخشێت، بۆیە ئەم لایەنەش لە هونەری تەلارسازیدا بەهەند وەردەگیرێت.

زراڤگەری و ڕەوانی بریتین لە پەسنەکانی ئەم ڕەگەزانە و یەکێکیشن لە نیشانە و بەها ئیستێتیکییەکانی هونەری تەلارسازی.

هونەری رز و باخی ڕووەکەکان، هونەرێکی خۆڕسکانەیە، کە ئەم پرۆسەیەش بریتییە لەوەی ڕووەک و دار و درەخت و گوڵەکان وازیان لێدەهێنرێت خۆیان گەشە بکەن، بەبێ ئەوەی دەستیان بۆ درێژ بکرێت، هەروەک لە هونەری ڕەز و باخی ئینگلیزیدا هەیە، هەرچی هونەری ڕەز و باخی کۆنی فەرەنسییە، ئەوە مرۆڤ دەستوەردەداتە جیهانی درەخت و ڕووەکەکان، گوڵ و گوڵزارەکان فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرن و وایان لێبکات ڕازاندنەوەیەکی تایبەت بە هونەری تەلارسازی ببەخشن. هەروەسا دەشێت دەریاچە و دار و درەخت و ڕووەکەکان و ئەو شتانەی دیکەی پەیوەست پێیانەوە، پێکهاتەیەکی ئیستێتیکیانە چێ بکەن، کەواتە کۆی هەموو ئەم ڕەگەزانە بەسەریەکەوە بەها ئیستێتیکییەکان زیاتر لە هونەری تەلارسازی بە دەردەکەون.

پێوەندییەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان ئامانجە ئیستێتیکی و سوودگەراییەکاندا لەئارادایە، بەوپێیەی چێژ وەرگرتن و ئیستێتیکا لە تەلارسازیدا دەوەستێتە سەر توانست و کارامەیی تەلارسازی هونەرمەند بۆ فەراهەمکردنی ئەو ئامانجانە، کەواتە لێرەوە دەکارین بێژین چەند تەلارساز بکارێت سازانێک لەنێوان ئامانجە ئیستێتیکییەکان و ئامانجەکانی دیکەدا چێ بکات، بە ئەندازەی ئەوەش دەکارێت لە ئەفراندن نزیک بکەوێتەوە.

لەم سەروبەندەشدا هەرچەندە ڕۆڵی ئامانجە سوودگەراییەکان و ئەو خواست و پێداویستییانەی کە ژینگە دەیسەپێنێت، ئەوە بەو ئەندازەیەش ڕۆڵی بەها ئیستێتیکییەکان لە تەلارسازیدا پاشەکشە دەکا و کەم دەبێتەوە، بەشێوەیەک ڕەگەزەکە جوانکارییە تەلارسازییەکان لەسەر حسێبی ڕەگەزەکانی دیکە کۆتوبەندی دەخرێتەسەر. چۆنێتی فەراهەم کردنی جوانکاری لە هەر تەلارێکدا، دەبینین و تێڕوانینی هزری ئیستێتیکییانە دەگرێتەخۆ، ئەم بینین و تێڕوانینەش لە ڕووی جوانکاری و هزری و هەستەکی و سۆزدارییدا، واتە تا چەند ئەم تەلارە لە تەک ئەو بیرۆکەیە دارێژراوە، دەکارێت ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی ئەنجام بدات، ڕێکخستنی شێوە و دابەشبوونی ژوورەکان، بەشەکان، ڕەگەزەکانی دیکە و بۆشاییەکان و هەیکەلی دامەزراندن و سیستمی دامەزراندن، لە میانەی هەستەوەر و مگێزی بینەران دەستنیشان دەکرێت، کە ئەمەش لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و چەندان هۆکاری جۆراوجۆری لە پشتە، ئەمە سەرباری هەڵبژاردنی جۆری کەرەستەکان و بەرکەوتگە و نەخشاندن و ڕەنگەکان و ئەو چێژانەی لێیانەوە وەریان دەگرین ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی ڕەنگە هەر تەلار و خانووبەرەیەک هەڵگری دنیایەک جەڤەنگ و کولتوور و کەلەپوور و بەهای جوانی و

بیرەوەری تاڵ و شیرین و ڕەنگاوڕەنگ و پەنهانی لە خۆیدا حەشاردابێت.

هەر گوزارشت کردنێک بەرلەوەی لە فۆرمێکدا بەرجەستە بکرێت پێتڤییە خودان هەندێک خەسڵەتی دیاریکراو بێت، بەڵام هەندێک خەسڵەتی بنەڕەتی، کە خودان بەهایەکی ئیستێتیکیانەیە، تاکو بە کۆتا نەهاتی کارەکە، ئەستەمە هەستی پێ بکەین و پەی پێببەین، هەر لێرەشدا نهێنی هونەری تەلارسازی چڕ دەبێتەوە و هەستکردن بە سیستم لە قوولایی کارەکاندا بەدەردەکەوێت، ئەو سیستمەی، کە کرۆک و گەوهەری کاری تەلارسازییە، کە دەکەوێتە پێش بیرکردنەوە لەو جەستە گونجاوەی ئەو ڕوحە، ئەمەش بریتییە لەو چێن وتوێژە پێکهاتەیەی لە هەستکردن بە ئەرکەکانی هەر ڕەگەز و شوێنگە و سیستمی ڕۆنانەوە سەرچاوە دەگرێت.

## تێڕوانین لە بۆشایی

بۆشایی ئەو قەبارەیەیە، کە مرۆڤەکان پێویستیان پێیەتی بۆ فەراهەمکردنی ئەرکێک، لە چوارچێوەی ئەو بۆشاییەدا، واتە بۆشایی بریتییە لەو ناواخنەی کە کاری تەلارسازی تێدا ڕۆدەنرێت و هەر لەوێوەش بۆ کەتوار بەرهەم دێت، کەواتە ئەو بنەمایەیە کە لە کلاوڕۆژنەیەوە سەرەتای تێگەیشتنی ئێمە بۆ سیستم، یان بیرۆکەی بنەڕەتی دەست پێدەکات، هەروەسا پێویستە ئەفراندنەکانی ئێمە هەم بایەخ بداتە بۆشاییە ناوەکی و دەرەکییەکان لە تەلار و شوێنگەکاندا، هەمیش گرنگی بدرێت بە پێوەندی نێوان تەواوی بۆشاییەکان و ڕێکخستنی ئەو بۆشاییانە لەسەر هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆییشدا، هەڵبەتە چەندان جۆری بۆشایی لە ئارادایە:

* **بۆشایی فیزیکی**: بریتییە لەو قەبارەیەی، کە مرۆڤەکان تێیدا ئەرکێک ئەنجام دەدەن، چەندان پێودانگی فیزیکی دەگرنەبەر، وەک پێداویستی تاکەکان لە ڕەهەند و پێوەر و فۆرمی ئەندازەیی، بە جۆرێک ئەم بۆشاییە سەرسووڕهێن بێت، کە مرۆڤەکان بۆ لای خۆی پەلکێش بکات، کاتێک ئەرک و فەرمانەکانی ئەنجام دەدات.

* **بۆشایی ژیان**: ئەو بۆشاییەیە، کە ڕێگە دەدات مرۆڤەکان لە دوو توێی خۆی لەخۆ بگرێت، لە تەک مەرجە ژیانییەکاندا، بەواتایەکی دیکە ئەو بۆشاییەی، کە ئەنجامدانی چالاکییە مرۆیی و ئەرک گەلەکانی دەستەبەر دەکات، لە تەک بەردەوامبوونی مانەوەی مرۆڤەکان لە چوارچێوەیدا.

* **بۆشایی دەروونی**: ئەو بۆشاییەیە کە ڕێگە دەدات ئەرکێکی تێدا ئەنجام بدرێت، لە چوارچێوەی مەرجە ژینگەییەکان، لە تەک حەسانەوە و ئاسوودەیی دەروونی و هەستکردن بە خۆشنوودی، واتە هەستکردن بەوەی کە مرۆڤەکان نەکەوتوونەتە ژێر تەنگ پێ هەڵچنین و گوشارەوە.

**فۆرم**: بریتییە لە کۆمەڵە خەسڵەتێک، کەوا دەکات شێوەیەک بەشتەکان ببەخشێت، بەو ئاوایەی کە تێیدا پەسنە هەستەکییەکان کۆ دەبنەوە، کۆی هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە فۆرمی ئەو شتەمان بەشێوەیەکی وردتر لە هونەری تەلارسازیدا پێدەبەخشێت کە بریتییە لە پێکهاتەکان ئەویش بۆشاییە تەلارسازییەکان و ڕووبەرگییەکان دەگرێتەوە.

## فۆرمی سادە و فۆرمی لێکدراو

ئەگەر هاتو کەرەستەکە، یان تەنەکە، یان شتەکە لێکدراو بوو، لە چەندان پارچە بەشی جۆراوجۆر، ئەوە ئەو دەمە فۆرمەکە خۆی دادەبڕێتە سەر کۆمەڵە بەشێک و پێوەندییەکی دیالێکتیانە لەتەک یەکدا چێ دەکەن، لێ ئەگەر پێکهاتەی کەرەستەکە، یان شتەکە سادە و تاقانە بوو، دەشێت فۆرمێکی لێکدراو لە چەند پارچەی سادە چێ بکرێت.

فۆرم مادە نییە، دەشێت بەهەستەوەرەکان پەی پێ ببردرێت، بەڵکو پەسن و خەسڵەتێکی ئەبستراکتە، تەنیا دەکارین لە ڕێگەی ئاوەزەوە پەی پێببەرین، لێ فەراهەمکردنی ئەم فۆرمە دەبێ لە ڕێگەی ناوەندێکەوە بێت، تاکو مرۆڤەکان بکارن پەی پێ ببەن، ئەم ناوەندەش لە تەلارسازیدا بریتییە لە بۆشایی و ڕووبەرگەکان.

ناوەند و پەی پێ بردنی ئاوەز بۆ فۆرم یەکەیەکی یەکگرتووی گرێدراوە، بە واتایەکی دیکە دەبێژین هیچ فۆرمێک نییە بەبێ مادە، کەواتە ئەم جەستە و مادەیە هۆکارێکن بۆ هەستکردن، بە شتەکان و فۆرم بەخشین بە شتەکان، بەم پێیە ئەوان هۆکاری پەی بردنن، کەواتە هەستکردن بە هەستەوەرەکان و پەی بردنی ئاوەز، هەردووکیان بە مرۆڤەکانەوە گرێدراون، بەم پێیە لێرەدا گرێدانێک لە نێوان مادە و فۆرمدا بەدەردەکەوێت.

## فۆرمە سروشتییەکان و فۆرمە دەسکردەکان

دەکارین جیاوازی لەنێوان فۆرمە سروشتییەکان و ئەو

فۆرمانەی دەسکرددا بکەین کە مرۆڤەکانن و بە سانایی لەیەکدی جودایان بکەینەوە.

- فۆرمە سروشتییەکان: بەوە جیادەکرێنەوە، کە شۆڕشێکی تایبەتە بە ژیانەوە.

- خەسڵەتی گەشەکردن و ئاڵوگۆڕکردنیان هەیە.

- بزاوتی خۆکردە و فۆرمێکی جێگیری نییە، بەڵکو خودان فۆرمێکە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

- خەسڵەتێکی پتەو و سفتوسۆڵی هەیە.

- تایبەتمەندێتی لەنێو چوون و داخورانی هەیە.

- لە شتانی لێکدراو، یان سادە چێکراوە، لێ خەسڵەتی پێوەلکان بەخۆیەوەی هەیە، هەر بەشێکیش تەواوکاری خودی تێدایە، دەشێت هەر پارچە و بەشێکیش جیابکرێتەوە، بەوەی پارچەیەکی سەربەخۆیە.

- پەسنی تەواوکاری ئۆرگانی هەیە کە هەموویان یەکەیەکی تەواوکاری پێکەوە لکاو چێ دەکەن.

- پێکهاتەیەکی تایبەتی لە خانە سەرەتاییەکان هەیە و بەش و پارچە بنەڕەتییەکان فۆرمە دەسکردەکان: خەسڵەتی ژیانی تێدا نییە.

- هێزی ناوەکی تێدا نییە، ببێتە مایەی ئەوەی گەشە بکات و پەرەبسێنێت، بەڵکو بە درێژایی کاتەکان جێگیر و نەگۆڕە.

- پیشەکار تایبەتمەندێتی مادەی فۆرمەکە بە هەند وەردەگرێت، کە ئەو کار و فۆرمانەی لێ چێدەکات.

- فۆرمی دروستکراو، لێکدراو، یان سادە، سیستمێکی پێکهاتەی هەیە، کە هەر پارچەیەک بەجیا دەستنیشان دەکرێت، دواتر پێوەندی لەنێوان پارچە و بەشەکان دیار دەکرێت.

- ئامانجێکی تایبەتی هەیە، بۆ گەیشتن پێی و فەراهەم کردنی چەمکی ئاوەزەکی.

- شتە دروستکراوەکان هەڵگری خەسڵەتێکن، کە تایبەتمەندی هەر هونەرمەندێک و کەسایەتییە جیاکراوەکانی بەرجەستە دەکات.

ئا بەم شێوەیە تەلارسازی دەبێتە خودان واتای رێکخستن و گردبوونەوە و رۆنان و دامەزراندن و شێوەکاری، بیرۆکەی پێکهاتنی رەگەزە سەرەتاییەکانیش پێویستیان بە پرەنسیپی سەرتاپاگیر هەیە، بۆ ئەوەی ئەو توخمانە یەک بخات و وایان لێبکات، ببنە شتێکی تەندروست، یان یەکە و یەکبوونێک چێ بکەن.

کاتێکیش دەبێژین، ئەم تەلارگەیە، فۆرمێکی دیایکراوی نییە، واتە بەو مانایە نا، کە خودان بوونی پێکهاتەیەک نییە، بەڵکو پێکهاتەی هەیە، لێ ئەم پێکهاتەیەی ناڕوون و ناچیزەیە، کە ناکارین لە رێگەی ئاوەزەوە پەی پێ ببەین، ئەمەش لەبەر نەبوونی سیستم و نارێکوپێکییەک لەنێوان تەواوی بەش و پارچە جیاجیاکانیدا.

## خەسڵەتەکانی بینین لە فۆرمەکاندا

- دیمەن: بریتییە لە پەسنە جیاکەرەوە سەرەکییەکان، کە شوناسی فۆرمێک دەستنیشان دەکات، ئەویش پەیوەستە بە رووتەختەکان، لایەکان، لێواری فۆرمەکان.. دیمەنیش کاریگەرە بە هەردوو دیوی دواوە و پێشەوە.

باکگراوندی فۆرمیش کاریگەر لەسەر شێواز و رادەی جیاوازی لەنێوانیاندا چێ دەکات.

- تێڕوانینی بینین و گۆشەی بینین کاریگەری لەسەر بینینی فۆرم دادەنێت، کە بریتییە لە دووری لە فۆرم واتە (دووری خاڵی بینین لە فۆرم) کە خۆی لەدرێژی و پانی و بەرزی و لایەکانی فۆرم بەرجەستە دەکات.

- هەلومەرجی رووناکی: رووناکی فۆرم رادەی توندی رووناکی دەنوێنێت

- دیمەن لەتەلارسازیدا بریتییە لەو رووتەختانەی، کە بۆشاییەکان دادەخات، یان پڕ دەکاتەوە و رووگەکان پێکدەهێنێت.

- دەرچە و دەلاقەکان لەچوارچێوەی شوێنی بۆشاییەکان لەرووگەکاندا.

- وێنەی سێبەری فۆرمەکان.

قەبارە: بریتییە لە رەهەندە راستەقانییەکان بۆ فۆرمی دەرەکی، واتە درێژی و پانی و بەرزی، ئەم رەهەندانەش پشتیان پێ دەبەسترێت، وەک پێوەرێ بۆ فۆرمێک، ئەگەر لە تەک رەهەندەکانی دیکە بەراورد بکرێت.

رەنگ: بریتییە لە پلە پلەیی چڕی فۆرم، ئەگەر خودان تاکە رەنگێک بێت و پلە پلە بوونیشی لە رووتەخت و قەبارەکاندا بەدەر دەکەوێت.

- یان رەنگە گشتییەکانی فۆرم، کە چوون کاریگەری لەسەر کێشی بینینی ئەو فۆرمە دادەنێت.

پێکهاتە: بریتییە لە پەسنە جیاکەرەوەکانی رووی هەر فۆرمێک، کە ئەمەش بریتین لە گرێچنی ئەو فۆرمە کە چەندان هۆکار کاریگەرێتی لەسەر چێ دەکات.

- رەنگدانەوەی رووناکی لەسەر فۆرم.

- بەرکەوتگەی رووی فۆرم کە ئەمەش نازکی و زبرێتی

شتەکان بەرجەستە دەکات.

### ڕەگەزە ئیستێتیکییەکانی فۆرمگەری، یان شێوەکاری

قــەبارەکــان: هەر قــەبارەیەک سێ ڕەهەندی هەیە، ئەویش درێژەی و پانی و بەرزییــە، فــۆرمــیش شــوناسی سەرەکی و جیاکەرەوەی قەبارەیە.

- بارستایی و بۆشاییەکان: تەلارگەکان لە بارستایی پێکەوە بەستراو پێکدێن، ئەم بارستاییانەش بریتین لە فۆرمبەندی، یان پێکهاتنی بۆشایی، واتە باکگراوندی بارستایی بۆشاییەکانی پێکەوە بەستراون، کە ئەرکێکی دیاریکراو فـەراهەم دەکـەن، لێـرەشـدا فـۆرم پێکهـاتنی بۆشایی قەبارەیی دەنوێنێت.

- بارســتــایی و جــێگە: پێــوەندی بارســتــایی بە جــێگەوە، پێــوەندی زاڵبـــوون و پێکەوەنووســـانە، لەکـاتێکدا دەشــێت زاڵبــوون لەســەر کـایەی بینین و پەیوەستبوون پێیەوە، دواتریش پێوەندی لەنێوان جێگە و بارســتــایی ڕێکوپێک لەســەری پێــوەندییـــەکی کـاریگەرانەی هاوبەشـە، چونکە ڕەگەزە کـاریگەرەکـانی هاوبەشن، کە لەتەکیـدا کـەتوارێکی یەکـانگیـر پێک دەهێنن، هەمــدیس لەنێــوان بارســتــایی و جــێگە پێــوەندییــەکی فــۆرمگیـری لە ڕووی جیــاوازبوون و هاودژبوونەوە لە ئارادایە، فـۆرمبـەندیش لەنێـوانیـاندا وەک باکگراوندێکی پێشـەوەیی چارەسەر دەکـات، ئەم جیـاوازبوونەش پەیوەستـبوونێک لەنێـوانیـاندا پێک دەهێنێت، ئەوە جــێگەش باکگراوندێکە بۆ فــۆرمی بارسـتـایی سـەری، ئەم فـۆرمبـەندییـەش یەکـێک لە ڕاستییەکانی تەلارسازی دەبەخشێت.

- چەقـاندن: بریتـیـیـە لە تێـهـەڵکێـشـانی قـەبارەی بارستاییەکان، کە لە کەلێن و بۆشاییە تەلارسازییەکانی ناوەوە بچەقێنرێت، یان لە بۆشـایی و دەرچە و دەلاقـە دەرەکییەکاندا.

ڕازاندنەوەکــان: بریتین لەو ڕەگــەز و توخــمـــانەی ڕازاندنەوەی وەک دەریاچەکان، ئەستێڵکەکانی گوڵان، جۆگـەکـان، چەترەکـان..تاد ئەم ڕەگەزە جوانانە، چوون ئەگەر بۆشاییەکـان، یان بارسـتـاییـەکـان، کە فـۆرمێک کـاریگەری لە بۆشاییە تەلارسازییەکان و فۆرمگیری و پێکهـاتە هونەرییـەکـان لە جـێگە و لە بۆشـاییـەکـاندا هەیە.

### ڕوو تەختەکان، یان ڕووەکان

بریتـیـیــە لە قـەبارەکـان، کـە تێـیــاندا بەرزی کـەم دەبێتەوە، بۆ ئەوەی یەکجار بچووک بێت، لە چاو هەردوو دوورییەکانی دیکە (درێژی و پانی)، دەبێژن ئەم ڕەهەندە فەرامۆش کراوە، بۆیەش ڕووتەختەکان تەنیا خودان دوو ڕەهەندن، کە ئەوانیش درێژی و پانییە.

### - خەسڵەتەکانی ڕووتەخت

١- هەر ڕووتەختێک فۆرمێکی هەیە، ئەویش هێڵی چێوە دەستنیشان دەکات کە لێواری دەرەکی ڕووتەختەکان پێک دەهێنێت.

٢- ڕوانین بۆ فــۆرمی ڕووتەخت، ئەگــەر ڕووبەڕووی نەبێت، ئەوە بینراوی ئەم فۆرمە دەشێوێت.

٣- خەسڵەتەکانی ڕووی ئەم ڕووتەختەش، لە ڕەنگ و پێکهـــاتەکـــانی دیکەی وەک دووری و نزیـکی و جێگیربوون کاریگەری لەسەر دیمەنەکەی دادەنێت.

### جۆرەکانی ڕووتەخت

هەر تەلارێک خودان چەندان ڕووتەختی جۆراوجۆرە.

١- ڕووتەختـە ئاسۆییـەکان: وەک ڕووتەختی بنمیچ، ئەم ڕووتەختـەش بۆشـایی دادەپۆشێت و لە هۆکـارەکـانی کەشوهەواش دەیپارێزێت، ڕووتەختێکی دیکەش بریتییە لە ڕووتەخـــتی زەوی ژوورەکـــان کـــە هەڵگری ئەرک و ئامانجێکە ڕەنگە زەمینەی شوێن، یان زەمینەی نهۆمی یەکەم بێت لە بۆشـاییدا، یان زەمینەی نهۆمی دووبارە، یان بەرزایی لە تەلارگـەدا بێت، کـە دەشـێت لە هەمـان کـاتدا بنمـیـچـەکەش هەمدیس ببـێـتـە زەمـینەیەک بۆ بۆشاییەکی دیکە.

٢- ڕووتەختە شاولییەکان! بریتین لەو ڕووتەختانەی پێیـان دەبێژین دیوارەکان، هەم بۆشاییەکان دیاردەکەن و هەم دایان دەخەن.

٣- ڕووتەخــتــە لارەکــان: کــە بریتین لە دیوارەکــان، بنمیچەکان، زەوی ژوورەکان.

٤- ڕووتەختـە چەمـاوەکـان: کـە بریتین لە دیوارەکـان، بنمیچەکان، پێپلکانەکان.

٥- ڕووتەخـتــەشکاوەکــان: هەمــدیس بریتــیـــە لە دیوارەکان، بنمیچەکان، زەوی ژوورەکان.

هەروەها چەندان فــۆرمی جــیـــاوازی ڕووتەخت لە تەلارسازیدا لە ئارادایە لەوانەش:

١- جێگە گشتییەکان: تێیاندا تۆپۆگرافیا و سروشتی جوگـرافـیـا کـاریگەری لەسـەر جـێگە دادەنێت، ئەمـەش وادەکـات ڕووتەختی جۆراوجـۆری ئاسـۆیی، یان شکاو، یان لار لەسەر بۆشاییە دەرەکی و ناوەکییەکان دابنرێت و

خوی بسەپێنێت.

تەلارسازی هونەرمەند و داهێنەر کە خودان تێڕوانین و بینینێکی تایبەتە، دەکارێت گەمەی خۆی لە فۆرمی گشتی جێگەدا ئەنجام بدات، تاکو لە ئاکامدا فۆرمێک بۆ تەلارگەکەدا دەهێنێت کە هەڵگری بەها ئیستێتیکییەکان بێت.

٢- ڕووبەرگی تەلارگە: ڕووتەختە دەرەکییەکانی تەلارگە لەنێوانیشیاندا بنمیچەکان، زەوی ژوورەکان، ڕووبەرگێک بۆ بۆشاییەکان پێکدەهێنن و شێوەکاری دەرەوەش چێ دەکەن.

- دەشێت تەواوی ڕووتەختە دەرەکییەکان لە هەر تەلارگەیەکدا ئامادەییان هەبێت، وەک ڕەگەزێک ئیستێتیکی شێوەکاری کە بەکارهێنانی ئەم فرە ڕووتەختییەش وادەکات، فۆرمێکی جوانکاریانەی سیحر ئامێز ببەخشێتە هەیکەلی گشتی تەلار و باڵەخانەکان و بەشێوەیەکی ناوازە و نایاب و سەرسوڕهێن خۆی نمایش بکات، چوون ئەو ڕووتەختە جیاوازانەی لە کارو بەرهەمە فانتازیاکانی (میس ڤان دروهە)دا بە دەردەکەوێت.

- دەشێت تەلارسازی هونەرمەند گەمەی خۆی لە زەوی ژوورەکان، هۆڵەکان، ساڵۆنە هەمە ڕەنگەکان ئەنجام بدات، لە چوارچێوەی ڕووتەختی جیاواز لە بەرزاییدا، کە ئەمەش زۆرجار جوانکارییەکی بێ وێنە و ناوازە دەبەخشێتە هونەری تەلارسازی.

- دەشێت ڕووتەختەکان ببنە ڕووگەی دەرەکی بۆ تەلارگەکان، ئەمەش پێوەندی نێوان بۆشایی ناوەوە و بۆشایی دەرەوە دەردەخات، هەروەسا پێوەندی بۆشایی ناوەوە بە هۆکاری کەشوهەوا دیاردەکات، هەمدیس ئەم ڕووگە دەرەکییانە فۆرمێکی گشتی دەبەخشنە هونەری تەلارسازی، لە هەر تەلار و باڵەخانەیەکدا، لە شارەکانیشدا ڕووگە دەرەکییەکان، فۆرمی بۆشایی دەرەکی تایبەت بە شەقام و گۆڕەبانەکان دەبەخشن.

٣- کەرتە ناوەکییەکان: دەشێت ڕووتەختەکان ببنە کەرتە ناوەکییەکان و ڕەگەزە ناوەکییەکان لە بۆشاییەکاندا، ئەمەش بۆشاییە هەندەکییەکان دیار دەکات، یان ئەوەی پێی دەڵێن گۆشە و قوژبنەکان، یان سووچەکان لە چوارچێوەی بۆشاییە هەمەکییەکاندا، یان لەکاتی بوونی چەندان نهۆم لە چوار چێوەی بارستاییەکدا، کە ڕەگەزە ناوەکییەکانی هەر نهۆمێک دەستنیشان دەکرێت، وەک بنمیچی لاوەکی و خوازراو، یان دیواری لاوەکی خوازراو..تاد.

٤- ڕەگەزەکانی دامەزراندن: دەشێت ڕووتەختەکان دیواری هەڵگرین، یان بنمیچی لاوەکی، یان زەمینەی لاوەکی بن.

**- خەسڵەتی هێڵەکان**

* ئاراستەیەکی دیارکراوی هەیە.

* درێژی هەیە، بەڵام بەرزی و پانی نییە.

* لێواری ڕووتەختێکی دیارکراو دەستنیشان دەکات، یان فۆرمێکی دیاریکراوی پێ دەبەخشرێت.

* ڕووی ڕووتەختەکان وەک گرێچنێک، یان ڕەنگێک دەردەکەوێت.

* هێڵ هەڵگری ڕەگەزی دامەزراندنە.

* هێڵ ڕەگەزێکی بەستنەوەی نێوان دوو خاڵە.

* هێڵ ڕەگەزی گەمارۆدان و بەستنەوەیە.

**- جۆرەکانی هێڵ**

* هێڵی ئاسۆیی: هێمای سەقامگیری و جێگیربوونە.

* هێڵی شاولی: گوزارشت لە بارەی ڕەوشی هاوسەنگی لە تەک هێزی کێشکردن دەکات.

* هێڵی لار: لادانە لە دۆخی جێگیربوون، بۆیە دەبێ ڕەگەزێکی دیکە پاڵپشتی بکات، بۆ ئەوەی بە فۆرمێکی هاوسەنگ و کارا بەدەربکەوێت.

* ڕاستەهێڵ: ڕێکوپێک و هاوسەنگە.

* هێڵی چەماوە: دەشێت چەمانەوەکەی چەقێکی جێگیری هەبێت، بەشێوەیەک، کە بازنەیی، یان بازنەکان، یان چەندان پارچەی چەماوە چێ دەکەن، هەروەسا دەشێت چەمانەوەکەی لە چەقێک زیاتری هەبێت کە بەشێوەی پێچاوپێچ خۆی نمایش دەکات.

* هێڵی شکاو: پێکگەیشتنی نێوان چەندان ڕاستەهێڵ، بە گۆشەی جیاواز.

**هێڵ لە هونەری تەلارسازیدا**

١- ڕەگەزەکانی دامەزراندن: ڕەگەزەکانی هێڵ لە تەلارسازیدا بەکاردێت وەک ئەستوونگەکان، پردەکان، یان چوارچێوەکان، یان ڕەگەزەکانی چێکردن لە ڕستەکانی دارشتندا..تاد.

٢- هێماکانی گوزەرپانەکان: وەک ڕەگەزێکی ڕازاندنەوە بە دەردەکەوێت، بۆ نموونە وەک میلەکان، ئەستوونگەکان، پەیکەرەکان و دیواربەندی بیرەوەرییەکان.

٣- ڕەگەزە ڕازاوەکانی ڕێکخستنگەری: ئەم ڕەگەزە هێڵانەش دەشێت ببنە مایەی ڕازاندنەوە و جوانکردنی

ڕووگەکان، بە جۆرێک وا بکات ڕایەڵبەندییەک لەنێوان کەرەستەکان چێ بکات، یان چوارچێوەی دەوری دەریاچەکان، یان تۆڕێک لەنێوان ئەستوونگ و پەردەکان پێکدەهێنێت.

٤- بۆشاییەکان، یان بارستایی هێڵەکان: ئەمەش بەشێوەیەک کە بزاوتی ناوەکی بۆشاییەکان هێڵگیری دەبێت، دواتریش وا دەکات، فۆرمی بۆشاییەکان هێڵگیری خۆی بنوێنێت، یان بارستاییە هێڵگیرییەکان لەسەر باکگراوندی جێگەکاندا بەشێوەی هێڵگیری خۆیان نمایش دەکەن، هەروەک شوقەکان و باڵەخانە چەندان نهۆمییەکان کە بەشێوەی هێڵگیری بەدەردەکەون.

## خەسڵەتەکانی خاڵ

* ئاراستەیەکی نییە.
* ڕەگەزێکی زاڵ و ناوەندییە.
* خودان هیچ دوورییەک نییە.
* لە تەواوی ئاراستەکاندا چوونیەکە، یان بەلای کەمەوە لە دوو تەوەرەییە.

## خاڵ لە هونەری تەلارسازیدا

١- هێماکان ناوەندی و زاڵە: وەک هێمای گۆڕەپانەکان، یان ڕەگەزی دیواربەندییەک، یان پەیکەرێکی بیرەوەری پێکدێنێت.

٢- بۆشاییەکان، یان بارستاییە چوونیەکەکان سەبارەت بەخاڵ کە دەشێت جێکەوتەی ئەم بۆشاییانە بازنەیی، چوارگۆشەیی، سێگۆشەی لا یەکسان بن، یان قەبارەی لوولەیەک، کە بەرزاییەکەی یەکسان بێت، یان بکاتە تیرەکەی، یان شەشپاڵوویی، یان هەرەمێک ڕووەکانی یەکسان بن، یان گۆیی و...تاد.

فۆرمی تەلارسازی هەمیشە خودان ئەرک و مەبەستێکە و دەبێت کەڵک و سوود گەراییەکیشی لێ وەگیر بکەوێت، تەنیا ئەگەر بۆ نموونە کۆتەڵێکی بیرەوەری وەربگرین، ئەوە تەنیا فۆرمێکی ئەبستراکتانەی جەڤەنگی هەیە، هەرچی لەو ئەرکە تەلارسازییانەشدا دەمێنێتەوە، ئەوە هەم بەهایەکی ماتریالی و گوزارەیی و هەم هەڵگری بەهایەکی ئیستێتیکی هەستەکی و سۆزداری و هزری ئەبستراکت و هزری ئەرکمەندییە، ئەم ئەرکەش نەک هەر دەبێ هەبێ و بەس، بەڵکو ئەم ئەرکە لە پێش فۆرمەوەیە، کە وا دەکات پاساوێک بێ بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فۆرمبەندییە و هۆکارێکی بنەڕەتیشە بۆ هەبوونی و پاساو هێنانەوە بۆ هەبوونی، هەروەسا سەرچاوەیەکی سەرەکیشە تا لەسەر نەخشەسازی دابنێت بۆ وەرگرتنی تەلار و باڵەخانەکان بۆ ئەو فۆرمەی، کە تێیدایە و لەسەرێتی.. کە هەر ئەمەش بریتییە لە گەوهەر و کرۆکی ڕاستەقینەی تەلار و باڵەخانەکان، فۆرمیش هەڵگری ئەرکگەلی جۆراوجۆرە، ئەرکەکانیش هۆکارێکن بۆ وەرگرتنی ئەو فۆرمە، ئەمەش بەڵگە هێنانەوەیە لەسەری بۆ لێکۆڵینەوەی فۆرمەکە.

پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی بۆشاییەکان بە درێژایی کاتەکان، کاریگەرێتی لەسەر فۆرم چێ دەکەن، ئەرک و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانیش وادەکات تەلارساز جێگە بۆ ئەو ئەرکانە لە بۆشاییە تەلارسازییەکاندا بکاتەوە و فەراهەمیان بکات، بەڵام ئەم ئەرکانەش لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بە جۆرێک لە جۆرەکان پەرە دەسێنێت و دەبێتە مایەی:

١- سەرهەڵدانی بۆشایی نوێ، لەگەڵ پەرەسەندن و بەرەو پێشڤەچوونی کاتەکانیش کە پێشتر ئەو ئەرکانە هەم لە تەلارساز و هەمیش لە سەربەست و ئامانجی تەلارەکاندا نەدەخوازرا، ئەم ڕەوشە نوێییەش وای کرد، ئەرکی نوێتر سەرهەڵبدات و داخوازییەکانیش ئاڵوگۆڕ بن و تەلارەکانیش ئەمڕۆ چەندین ئەرکی نوێی وەک فەرمانگە کارگێڕییەکان، جێوار بوون لە باڵەخانە چەند نهۆمییەکان و چەندان کارو چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دیکە ڕۆڵی باڵەخانە و تەلارەکانی ئاڵوگۆڕ پێکرد.

٢- بۆشاییەکان بەرەو پێشڤەچوون، بەشێوەیەک ئەو بۆشاییانەی بۆ ئاکنجیبوون دەسازن، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتەکاندا چەندان ڕەهەندی جیا جیا و گۆشە و سووچی نوێ وەردەگرن، لە کلاوڕۆژنەی پێوەندییەکان و لە تەک بۆشاییە هاوسێیەکاندا، یان پێوەندییە ناوەکییەکان، یان دابەشکردنی ڕایەخەکان و...تاد.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەرکە جیاجیاکان و مەبەستی بەکارهێنانی تەلارەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا، ئەرکە جیاوازەکان کاریگەرێتی نوێ لەسەر فۆرمەکان دادەنێن، چونکە ڕوانینی تاکەکان بۆ ئەم بۆشاییانە لە سۆنگەی بەکارهێنان و ئەرکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر تاکێکیش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تێڕوانینی تایبەتی هەیە بۆ ئەو فۆرمەی ئەو بۆشاییە پێکدەهێنێت، کە ئەم ڕوانینەش لەو ڕوانینەی تەلارساز جیاوازە کە لە بارەی بۆشاییەوە گوزارشتی لێدەکات، چونکە هونەرمەند تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ فەراهەم کردنی ئەرک و

ئامانجەکان هەیە بەبەراورد لە تەک بەکارهێنانی مرۆڤە ئاساییەکانی دیکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە، چونکە تەلارسازی هونەرمەند فۆرمێکی جیاواز دەبەخشێتە بۆشاییەکان، کە ڕەنگە کۆک بێت، یان جیاواز بێت لە تەک ڕاوبۆچوونی ئەوکەسەی بەکاری دەهێنێت، هەرچۆن بێت هونەرمەند خودان بینینی تایبەتی خۆبەتی، بۆ ئەوەی فۆرمێکی تایبەتی پێ ببەخشێت.

تەلارسازی هونەرمەند هەم لە پێداویستییەکانی مرۆڤەکان تێدەگات و دەزانێت چۆن ئەرکەکانی لەو بۆشاییانەدا ئەنجام دەدات، هەم ئەوەش تێدەگات کە هەر تاکێک بیروبۆچوونەکانی لەو بارەوە جیاوازە لە تەک بیروبۆچوونەکانی تاکێکی دیکەدا، کە ڕەنگە تاکەکان لە ڕوانینەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان چوون یەک بن، تەنانەت لە بەکارهێنانی بۆشاییەکانیشدا. هەر بۆشاییەک ڕووبەرگێکی هەیە کە دەوری دەدات، ئەم ڕووبەرگەش خودان فۆرمێکە، کە یەکانگیرە لەگەڵ بۆشاییدا و گوزارشتی لێ دەکات، یان لە تەکیدا ناکۆکە، بۆیە پێوەندی بۆشایی بە ڕووبەرگەوەش بەم شێوەیەیە:

١- جۆرێک لە دروستکردن و پێکهاتە ئەرکگیرییەکەی یەکانگیرە لەگەڵ فۆرمە دەرەکییەکەی وەک کورسی و ئاماڵ و هەیکەلی تەلار و پردەکان و..تاد.

٢- جۆرێکیش فۆرمە دەرەکییەکەی لە جێگەی ڕووبەرگە، بەو شێوەیەی کە پێکهاتە ناوەکییەکەی دەیگرێتە خۆی، لەم جۆرەشدا پرسەکە ئاڵۆز دەبێت، چونکە ڕووبەرگە دەرەکییەکە پارچە و بەشە بنەڕەتییە ناوەکییەکان دەشارێتەوە، هەڵو بیاڤی بوونی ئیستێتیکییانەی ئەرکگیری خۆی لە دەست دەدات و گومی دەکات، هیچ بوارێکیش ناهێڵێتەوە، تەنیا بیاڤێک بۆ ئەبستراکتانەی تایبەت نەبێت.

٣- ئاریشەکەش ئاڵۆزتر دەبێت، بە هەبوونی مۆدیلێکی سێیەم، کە هەردوو جۆرەکەی پێشوو دێنە ناوەوە، ئەو دەمەش ڕووبەرگەکە بە تەواوی نابێتە ڕووبەرگ، بەڵکو هەندێک ئەرک ئەنجام دەدات، بۆ نموونە ڕووبەرگی فرۆکە بەشێکی بنەڕەتییە لە نەخشەسازییەکەیدا، کە بەوپەڕی وردییەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە فۆرمەکەی بەپێی ئەرکەکانی دادەهێنرێت، کە تاچەند دەکارن بەرگەی هۆکاری کەش و هەوا بگرن، تا چەند ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی فرۆکەدا هەیە، لێرەدا هەندێک باڵەخانە هەیە وەک کۆشک و تەلارە دێرینەکان، کە خودان هەڵگر و دیواری دەرەکین، کە چەندان ئەرک و ئامانجی بنەڕەتی دامەزراندن و دروست کردن دەگرێتە خۆ، هەروەسا دەرچە و دەلاقەکانیش چەندان ئەرکی باگێڕی و ڕووناکی دەگێڕن، بەڵام هێشتا هەندێک هەلی فۆرمبەندی و هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی چەندان تەرز و ستایلی تەلارسازی تێدا هەیە، دەکارین بۆ سەردەمی ئێستا کەڵکی لێوەربگرین. هەڵبژاردنی پێوەندییە جیاکەرەوەکان لە پێوەندییە ئەرکگیرییەکان، خاوەن پرۆژە دایدەنێت، کە چۆن ڕەگەزێکی بۆشایی دیارکراو هەڵدەبژێرێت، بەو پێیەی گرنگییەکی تایبەتی بۆ خاوەن پرۆژەکە هەیە، ئەمەش لەژێر تیشکی چەندان هۆکار دەیخەملێنێت کە خاوەن پرۆژەکە خۆی بە چاکی دەزانێت. هەروەها تەلارساز لە ئاکامی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە تەلارسازییەکان جێگەی تەلار و باڵەخانەکان دەستنیشان دەکات و ئەرک و مەبەستی دروستکردن و تێچوونە ئابووری و داراییەکانیش، بەپێی جیاکەرەوە جۆراوجۆرەکان هەڵدەبژێرێت.. لەدوای ئەوەی پێوەندییە جیاکەرەوەکان دەست نیشان دەکرێت، ڤێجا فۆرمێکی گونجاوی بۆ دادەنرێت، ئەمەش بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەرێتی لەسەر پرۆسەی فۆرمبەندی چێ دەکات.

جێگە دەبێتە باکگراوندێک بۆ فۆرمی تەلارسازی، هەروەسا پێوەندی لەنێوان فۆرم و جێگە بەم شێوەیە خۆی بەرجەستە دەکات:

١- دەشێت تەلارسازی بەسەر باکگراونددا زاڵ بێت کە بریتییە لە (جێگە)، بە ئاوایەک تەلارگەری ڕەگەزێکی جیاکەرەوە لەو جێگەیەدا داگیر بکات، بۆ نموونە وەک بوونی پەیکەرێک لە بۆشاییەکدا، یان جەڤەنگێک لە جێگەیەکدا، یان بوونی تەلارێک، یان خانووبەرەیەک لە لوتکەی تەپۆڵکەیەکدا.

- دەشێت لەنێوان جێگە و تەلاردا پێوەندییەکی یەکسان و هاوسەنگ لە ئارادا بێ، کاتێک ئەو تەلارە دەبێتە کایەیەکی تایبەتی بینین لە چوارچێوەی ئەو جێگەیەدا.

- دەشێت بالادەستی بۆ جێگە بێت، بەشێوەیەک کە لەو دۆخەدا تەلار وەک فۆرمێکی سادە لەو جێگەیەدا بەدەردەکەوێت.

فۆرمی هەر تەلارێک قەبارەیەکی بۆشایی هەیە، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو جێگەیەدا بخرێتە ژێر چنگەوە، واتە ئەو فۆرمەش، بازنەی بینینی هەر چەشنێک بێت لە چوارچێوەی گشتی باکگراوندی ئەو کایەیەدا، دەبێ

هاوسەنگییەک و باڵادەستییەک بۆ هەر بەشێک لەسەر بەشەکانی دیکە فەراهەم بکات. پێوەندی جێگە و فۆرم بریتییە لە پێوەندییە بۆشاییەکان، واتە بۆشایی ناوەکی و دەرەکی و پەیوەستبوون لەنێوانیاندا بریتییە:

١- جێگە بۆشاییەکی دەرەکی ئەرێنی پێکدەهێنێت وەک گۆڕەپان، یان شەقام.

٢- جێگە بۆشاییەکی ناوەکی پێکدەهێنێت، کە دەچێتە سەر بارستایی.

٣- جێگە بۆشاییەکی دەرەکی پێکدەهێنێت، کە لە تەک بۆشاییە ناوەکییەکان یەک دەگرێت، هەروەسا پەیگیرییەک لەنێوان بۆشایی ناوەکی تەلار و بۆشایی دەرەکی پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە جێگە.

ڕەگەزە ماتریالی و پێکهێنەرەکانی تەلارسازی بریتیین لە کەرەستەکانی، ستایلەکانی دامەزراندنی فۆرمبەندی، ئەم ڕەگەزانەش، بریتین لە بەرجەستەبوونی پێکهاتنی فۆرمبەندی تەلارسازی لەواری کردەنیدا، لە هەمان کاتدا بریتیین لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکان وەک ئەستوونگەکان، دیوارە تەواوەکان، دیوارە ناوبڕەکان، کەرەستەکانی ئەم ڕەگەزانە و ڕووپۆشکردنی ئەم ڕەگەزانە،.. تاد، لێرەوەش کەرەستە و دامەزراندن دوو کۆڵەگەی بنەڕەتین کە تەلارسازی بەوانەوە دێتە بوون.

أ- دامەزراندن: بریتییە لە پرۆسەی ڕووپۆشکردن و بنمیچگیری و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان.

ب- کەرەستەکان: بریتیین لە کەرەستەی تەلارسازی کە ئەمانەش کەلوپەلەکانی دامەزراندنن هەر بە مانەشەوە سیستمی دامەزراندن بە یەکدی گرێ دەدرێت.

دامەزراندن ئیستێتیکای هونەری تەلارسازی بەدەردەخات، کە چۆن کێشمە کێشێک لەنێوان قورسایی و ڕەقێتی دەگرێتەوە، تەلارساز هەوڵ دەدات هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا فەراهەم بکات، واتە لەنێوان قورسایی و پاڵەواندا، ئەو بارەی هەڵگرتووە، ئەگەر واز لە بارستایی بهێنین بۆ مەیلە سروشتییەکەی خۆی، واتە بەبێ بەرگری کردن، ئەوە وەک بارستاییەک بەدەردەکەوێت کە بەزەوییەوە شەتەک درابێت، بەواتایەکی دیکە کاردانەوەی قورسایی، واتە ڕەقێتی بریتییە لە کاردانەوەی زەوی بۆی، هەروەک لە ئەهرامەکانی میسر بەرچاو دەکەوێت، لێ لە دۆخی تەلارسازیدا، بنمیچ ڕاستەوخۆ گوشار ناخاتە سەر زەوی، بەڵکو لە ڕێگەی ڕەگەزە هەڵگرەکانی وەک ئەستوونگ و دیوارەکان، ئەم ڕەگەزانە بەرگەی ڕەقێتی دەگرن، قورساییەکەی هەڵگرتووە. ئا بەم شێوەیە ئامانجی ئیستێتیکا بۆ ڕەگەزەکانی تەلارسازی بریتییە لە فەراهەم کردنی کێشمەکێش و هاوسەنگ لەنێوان قورسایی و ڕەقێتی لە تەواوی بەش و پارچەکانی تەلارەکاندا، هەر بۆیە ئیستێتیکا دەوەستێتە سەر گونجان و هەماهەنگی نێوان تەواوی بەشەکانی هەر تەلارێک، دۆخ و قەبارە و فۆرمی هەر پارچەیەکیش دەبێ پێوەندییەکی پێویستگیری تۆکمە لەگەڵ تەواوی پارچەکانی دیکەدا چێ بکات، چونکە ڕەنگە بە دوورخستنەوەی هەر بەشێک، یان بە فەرامۆشکردنی هەر پارچەیەک لەپارچەکان وا بکات، ئەو یەکایەتییە جوانکارییەی لەنێوان بەش و پارچەکاندا لە ئارادایە، هەرەس بهێنێت، لە ئاکامدا لەنگییەک سەرهەڵبدات و نەنگییەکی مەزنیش بەدوای خۆیدا بهێنێت، هەروەسا پێویستە ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی لە تەلارسازیدا بەکاردەبردرێن، دەبێ هەمان ئامانجی بەها ئیستێتیکییەکانی خۆیان فەراهەم بکەن و ئەفراندنی لێ بکەوێتەوە، چونکە هەر کەرەستەیەک ڕەگەزێکی جوانکاری و ئیستێتیکییانە بەرهەم دەهێنێت، هەربۆیە کاتێک تەلارساز کەرەستەیەکی دیکە لە باتی کەرەستەیەکی تایبەتمەند و دیارکراو بەکار دەبات، ئەمە وەک ئەوە وایە کەسێک بەزمانی یەکێکی دیکە بئاخڤێت، کە زمانی خۆی نییە.

فۆرم و ڕووناکی: ڕووناکی ڕەگەزی بینینی فۆرمەکانە، ئەگەر فۆرمێک لە هەموو ئاراستەکانییەوە تیشکی ڕووناکی لێ ببڕین، ئەو دەمە ناکارین ئێمە وێنەی ببینین، هەر بۆیە ڕووناکی پێویستە لە پێناو بینینی فۆرم و وێنەی شتەکان بێت.

لۆکۆر بۆزییە دەبێژێت «تەلارسازی گەمەیەکی ڕێکوپێکی نایابە، بەو بارستاییانەی لە تەک یەکدی دادەنرێن، لەبەر تیشکی ڕووناکیدا، چاوی ئێمە چێ بووە، تەنیا بۆ ئەوەی فۆرمەکان لەبەر ڕۆشناییدا ببینێت، هەر بۆیە ڕووناکی و سێبەر ئەو فۆرمانە دەچنن، لێرەوەش تیشکی ڕووناکی پێویستە بۆ بینینی بۆشاییە دەرەکی و ناوەکییەکان، لەپێناو بینینی پێکهاتە ڕووتەختەکان، فۆرمەکان، ستایلەکان، کە ڕووناکییان بەردەکەوێت، هەر لەوێوەش ڕەنگەکان، پێکهاتەکان، بەرکەوتگەکانی شتەکانیش ڕوون دەبنەوە و بە دەردەکەون.

ڕووناکیش بە گۆڕانی شوێنی مانگ و خۆر دەگۆڕێت، ئاشکرایە خۆر و مانگ دوو سەرچاوەی دەوڵەمەند و بنەڕەتی ڕووناکین، بۆ ڕوونکردنەوەی بۆشاییە تەلارسازییەکان، هێز و جۆر و تاوی ڕووناکیش، بەپێی

کاتەکانی ڕۆژ و لە وەرزێک بۆ وەرزێکی دیکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، هەر ئەویش ڕەنگە گۆڕاوەکان دەگوازێتەوە، دۆخی ئاسمان و کەش لە کڵاوڕۆژنەی فۆرم و ڕووەکان ڕۆشن دەکاتەوە، لەگەڵ گۆڕانی بڕی ڕووناکیش ڕووناکبوونەوەی فۆرمی ڕووەکانیش دەگۆڕێن، دواتریش ئەمە وادەکات زەمینەسازی دەرکەوتنی بۆشاییە دەرەکییەکان چێ بکات بۆ، یان بۆشاییە ناوەکییەکان.

هەروەسا لەگەڵ گۆڕینی بڕینی ڕووناکیش بەرکەوتگەی شتەکان و ڕەنگی فۆرمەکان و ڕەنگدانەوەی ڕووەکانیش دەگۆڕێن، دەشێت فۆرمی بۆشاییەکان ڕوون ببێتەوە، یان بە گۆڕانی ئەم هۆکارانەوە بشێوێنێت. هەمدیس لەگەڵ گۆڕانی ڕادەی ڕووناکیش هەستیاری لە بەرانبەر بۆشاییش دەگۆڕێ، ڤێجا ئەمە وا دەکات، کەشی بۆشایی خۆشنوود، یان خەمۆکی بەدەربکەوێت.

چڕبوونەوەی ڕووناکی لەسەر ڕەگەزێکی جوانکاریانەی دیارکراو، ئەندازەیەکی ڕووناکی یەکجار زۆرمان پێ دەبەخشێت، دواتریش دیمەن و وێنەیەکی جوانی لێ بەرهەم دێت ئاراستەکردنی ڕووناکی و ئاراستەکردنی پەنجەرە و دەرچە و دەلاقە بۆ وەرگرتنی ڕووناکی و ڕاستەوخۆ، ئەندازەیەکی بەرز و باڵای ڕووناکی فەراهەم دەبێت، کە لە ساتەکانی نیوەڕۆدا یەکجار توندو بەتین دەبێت، هەر بۆیە لەسەر ڕووی بۆشایی فۆرمی تیژی لێدەکەوێتەوە، لە تاریکی و ڕووناکیدا وادەکات فۆرمەکان بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕوون بکاتەوە، زێتر، لەنێو بۆشاییەکاندا بەدەربکەوێت.

هەر تاکێک ڕێگە و شێوازی خۆی لە ئەنجامدانی کارەکانیدا هەیە، ئەمەش لەسەر جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەت، لە ئاکامی پەروەردە و شارەزایی لە ژیانیدا سەرچاوە دەگرێت، هەر ئەمەش لەسەر جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەت ڕای دەهێنێت کە دواتر وا دەکات بە کەسایەتییەکی دیارکراو ڕەنگڕێژ بێ، هەر ئەم ئاراستەیەش وادەکات، تەنانەت کار و بەرهەمەکانیشی خودان شەقڵ و مۆرکێکی تایبەت بە خۆی بێ و لە کار و بەرهەمی خەڵکانی دی جیابکرێتەوە..

هەر سەردەم و هەر ژیارێکیش شێوازی تایبەت بەژیان و ڕێوڕەسمی گوزەران و دابونەریتی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت، کە پەسن و خەسڵەتی گشتی و هاوبەش بەرجەستە دەکات، ئەم خەسڵەتانەش فۆرم و ستایلێکی تایبەت بە هونەری تەلارسازی دەبەخشن، هەر ئەم ئاراستە و ئەم خەسڵەتانەیە وا دەکەن، کە لە هونەری تەلارسازی سەردەمەکانی بەر لەخۆی و دوای خۆی جیای بکاتەوە، کە ئەمەش بە ستایل، یان تەرز، یان شەقڵ، یان کولتوور و کەلەپووری تەلارسازی ناوزەد دەکرێت.

ئەم بەهاو کەلەپوورەش دەشێت کەڵکی لێوەربگیرێت، لێ نەک لاساییکردنەوەی کوێرانە، بەڵکو سوود لە چەمکێک لە چەمکەکانی بەهاو کەلەپوورە تەلارسازییەکان ببینرێت لە ڕووی نەخشەسازی و فۆرمەوە، بەو پێیەی ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە و لەخاڵێکی دیاریکراودا گیرناخوات، بۆیە پێویستە بەهاو کەلەپووری هونەری تەلارسازیش بەرەو پێشڤەبچێت، نەک لە چەند فۆرم و مۆدیلێکی نەگۆڕ و جێگیردا دووچاری چەقبەستن و قاڵبگیری بێت، بەڵکو فۆرمەکان پەرەدەسێنێتو بەردەوام لەگۆڕاندا دەبێت، داهێنان و ئەفراندنی نوێ لەلایەن تەلارسازانەوە بەرهەم دێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین پێتڤییە کاروبەرهەمی هونەری دەربڕی کەسایەتی داهێنەرەکەی بێ، بۆیە بە ئەندازەی ئەوەی، دەبێت ڕەنگدانەوەی دانەرەکەی بێت، بەو ئەندازەیەش دەبێت بەها ئیستێتیکییەکان بەرجەستە بکات، چونکە ئامانجی هەر کاروبەرهەمێکی هونەری هەر بە تەنیا گوزارشتکردن لە هونەرێک لە هونەرەکان نییە، یان بەدەرخستنی لایەنی هونەرکارییانە، بەڵکو پێویستە دەربڕی هەست و هەڵچوونە هەندەکییەکانیش بنوێنێت، کە کەسایەتی هونەرمەند هەڵگریەتی، بەواتایەکی دیکە دەبێژین کەسایەتی تەلارساز و هەست و نەستی تاکەکەس بنەمای کار و بەرهەمی تەلارسازن.

ئەگەر کارو بەرهەمی هونەریش بە خەسڵەتێکی یەکسایەتی و یەکبوون جودا بکرێتەوە، لە هیچ کاروبەرهەمێکی خەڵکانی دیکە نەچێت، واتە ئەگەر ئامانج لەو بەرهەمەدا تەنیا پێداهەڵدان و زێدەڕۆییکردن بێت لە دەرخستنی کەسایەتی و شێواندن و دەسخەڕۆکردنی لایەنی ئیستێتکیانەی بەرهەمەکە بێت، ئەو دەمەش ئەو بەرهەمە بە داهێنان دانانرێت، بەڵکو زادەی پیشەیە، نەک هونەر، یان گوزارشتکردن بێت لە هەستونەستی کەسایەتی هونەرمەند، لێرەوەش پێویستە خاڵێکی دیکە بێتە ناوەوە، ئەویش ڕاستگۆییە لە کاری هونەری تەلارسازیدا، ڕاستگۆیی بوون لە دنیای ئەندێشە و خەیاڵ و فانتازیا و جیهانی شێوەکاری داهێنەرانەدا

نەک کەتوارگەری، چوون دەبێژن کاری هونەری درەوشانەوەی ناکەتوارگەرییە لە پێوەندییە ناوەکییەکاندا.

هەر دەست پێشخەرییەکی نوێی تاکەکەسیانە بە ئاراستەی داهێنان، لە بەرانبەردا پەرچەکردارێکی پێچەوانەی لەلایەن کۆمەڵگەوە لێدەکەوێتەوە، کە کاریگەرێکی نەرێنی لەسەر هونەرمەند چێ دەکات، بۆ ئەم کاردانەوەیە زۆرجار وادەکات هونەرمەند نەکارێت کار و بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش بکات، چونکە لەو بیرۆکەیە دەسڵەمێتەوە، کە دەبێژێت «کار و بەرهەمە نوێیەکان، کۆمەڵ لە دژی دەوەستێت، بۆیە ئەمە وای کردووە بەشێوەیەکی یەکسان نەکارێت لە تەک بەرهەمە کۆنباوەکان وەربگیرێت و بەراورد بکرێت، هەلومەرج و ڕەوشەکان هەر چوون بێت، هونەرمەند دەبێ کەسایەتی خۆی و کارەکتەری ڕاستەقینەی وەک خۆی و ڕاستگۆیانە نمایش بکات بەدەر لە دەمارگیری و هەڵەشەیی، کە لە هەناویدا هەڵگری بەهای ئیستێتیکی و هونەرکاریانەی بەرز بێت، چونکە هونەرمەند دەبێ بەدەر لە لووت بەرزی و بوغرا بوون پەی بەو ڕاستییە ببات، ک بەرهەمەکەی پێشکەش بەتاکەکانی کۆمەڵەکەی دەکات، بەواتایەکی دیکە دەبێژین، هیچ کار و بەرهەمێکی هونەری بەبێ تاکەکانی کۆمەڵگە بوون و ژیان و جاویدانی بۆ نانووسرێت، جا ئەو کۆمەڵگەیە لە هەر ئاستێکی زانستی و کۆمەڵایەتیدا بێت، واتە بەبێ بوونی «بینەر، خوێنەر» تەواوی بەرهەمە هونەرییەکان، وێژەییەکان هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نابێت، بەڵکو دەکارین بێژین دەچێتە خانەی فەرامۆش کردن و لەبیرچوونەوەوە، بەڵێ هەر خوێنەرەکان، بینەرەکان، ڕەخنەگرەکانن جاویدانیان بەشاکارە مەزنەکان بەخشیوە و هەر ئەوانیشن وا دەکەن بەرهەمەکان بە زیندووێتی و تا هەتایی بمێننەوە، بۆیە پێویستە بەرهەمی هونەری تەلارسازیش پێشکەش کۆمەڵ بکرێت، هونەرمەندی مەزن و ڕاستەقینەش، ئەو هونەرمەندەیە، بە توندی گوزارشت لە هەندێک لە پێداویستییەکانی کۆمەڵکە دەکات، بە ئاراستەی گۆڕان و بەرەو پێشڤەبردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی چەمک و بەهاکان، بۆیە کاتێک هونەرمەند نە کارێت بوێرانە خواست و خەونە مەزنەکانی کۆمەڵەکەی بخاتە ڕوو، جا لەهەر کایەیەکدا بێت، ئەوە کارو بەرهەمەکانیشی بەهایەکی ئەوتۆیان نابێت و ناکارێت لە کەناری داهێنان نزیک بکەوێتەوە، هەم ناکارێت زیندووێتی بۆ بەرهەمەکەی فەراهەم بکات، بۆیە هونەرمەندی کارا و ڕاستەقینە کاریگەری لەسەر پرۆژە و نەخشەکاندا دەبێت، بە ئاراستەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و داهێنانی نوێ، چونکە مرۆڤی هونەرمەند لە هەر تاکێکی ئاسایی دیکە زیاتر هەست بە نزیکبوونی لە شتەکان دەکات و بە قووڵیی دەڕوانێتە پرسەکان، چونکە بینینی هونەرمەند جیاوازە لەخەڵکانی دیکە، بۆیە هونەرمەندی نوێخواز یەکبینە، منەی مۆدێل و ستایلی نوێ دەکات و هەوڵ دەدات ببێتە قوتابخانەیەک کە هەڵگری خەسڵەتێکی تایبەت بێت، بە ئاراستەی نوێبوونەوە و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە پەی پێ ببەین، کە تەواوی کار و بەرهەمە نوێیەکان، مەرج نییە کاری داهێنەرانە بن، چونکە بەرهەمی داهێنەرانە هەڵگری چەندان بەهای ئیستێتیکی و ڕەهەندی هونەرکاریانەی بەرز و ناوازەیە، کە ساتەوەختێکی مێژوویی دەیسەپێنێت و تاکەکانی کۆمەڵگەش سەراسیمە و سەرسام دەکات، کە ئیتر نەکارن فەرامۆشی بکەن، بەڵکو بخوازن، یان نەخوازن، دەبێ تەواوی دەرگا و پەنجەرەکان واڵا بکەن و بە پیرییەوە بچن، ئەم ئاراستەیەش سروشتی مرۆڤەکان و یاساکانی ژیان بەرجەستە دەکات.

**سەرچاوە:**

**(١) التحليل الجمالي، رامي ديبه، ٢٠٠٢.**

**(٢) لمحات من تاريخ العمارة والحركات المعمارية، شيرين احسان شيرزاد، ١٩٨٧.**

**(٣) عمارة ما بعد المعاصرة كظاهرة وكمفهوم، د. خالد السلطاني، ١٩٨٢.**

**(٤) تأريخ فن العمارة، شريف يوسف، ١٩٨٢.**

# سانت ئەنسلم
# (بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی**

لەگەڵ دەرکەوتنی سانت ئەنسلم (١٠٣٣-١١٠٩ز) فەلسەفە- لاهووت گۆڕانی ئەوتۆیان بەسەردا هاتووە، دەکرێ بە قۆناغێکی نوێی مێژووی فەلسەفە تەماشا بکرێت. ئەو گۆڕانە کە جێ دەستی گۆڕانی دەوروبەر- کۆمەڵگای ئەوسای بە ئاشکرا پێوە دیار بووە، فەلسەفە- لاهووتی سەدەی یازدە و دوازدەی لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا، بەپێی پێودانگی سەدەکانی ناوەڕاست، بە پیتوپێزتر کردووە.

ئەگەر لەلای ئۆگۆستینی پاک گیانی یۆنانی و خواستی ڕۆم تێکەڵ بە جیهاندیدی مەسیحی کرابێ، ئەوە لەسەردەمی ئەنسلمی کانتەربیریدا فەلسەفەی مەسیحی پلە و جێگا و ڕێڕەوێکی نوێی بەدەست هێناوە، بەبێ ئەوەی بە یەکجارەکی دەستبەرداری کۆنەکە ببێ.

ئەنسلمی پاک لەسەردەمێکدا پەروەردە بووە و پێگەیشتووە ئینجا دەست بەکار بووە، ئەنجامی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوە هەمەچەشنانەی گیانی کە لە دەریای مەند و بێ بنی جیهاندیدی سەرتاپاگیری مەسیحی ئەوروپادا دەستبەکاربوون و سەرئاوکەوتبوون هاتنە دی، هەر لەسەر کار لادانی قەیسەری خۆرئاوای ڕۆم ٤٧٦ز تاوەکو دەستبەکاربوونی گوتییەکانی خۆرهەڵات لە ئیتاڵیا و دامەزراندنی نەزم و ئارامی لەو دەڤەرەدا، کێشەی نێوان ڕابەرانی ڕێبازی لاهووتی و ڕێبازی دیالێکتیکی، جەنگی نادیاری ئەودیو پەردەی نێوان پیاوانی کلێسە و قەیسەر و میر و بارون و فیودالەکان لە دابەشکردنی موڵک و ماڵ و دەسەڵاتی دنیایی لەسەر زەوی، لەنێو ئەو ڕەوشە جەنجاڵ ئاسایەی کێشەی دەسەڵاتی سیاسی، ململانێی نێوان پیاوانی

ئایینی (کڵێسه) و قەراڵ و شا و میر و بارون و فیودالەکان، مشتومڕی نێوان دیالێکتیکی (فەلسەفە و مەنتیق) و لاهووتییەکان، ئەنسلم گوێش کراوە و دەستبەکار بووە.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە فەیلەسووف، ئەگەر شایستەی ئەو ناوە بێ، بەبێ گوێدانە پێشهاتی چاوەڕوان کراو و نەکراو، سنووری ڕەنگ بۆ ڕێژراوی لە ئارادابوو دەبەزێنێ، بەڵام ئەم سنووربەزاندنە لەلای خۆیەوە، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لە پێوەندی ڕێژەیی دەربازی نابێ، چونکە هەلومەرجی هەڵکەوت، دەورووبەر، ئەو ڕەوشەی فەیلەسووفەکە تێیدا دەژی جۆرە هزر و بیرکردنەوە و کردار و ڕەفتارێکی دیار و دەستنیشان کراو بەپێویست دەکات، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ لابدات، یان بەهەندی نەگرێ. هەڵوێستی ئەنسلمی پاک کە لە فەلسەفە لاهووتییەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. ڕاستە خۆی ڕابەرێکی کڵێسەی مەسیحی بووە دەبوو لە کایەی ئایین و لاهووتدا دەستبەکار بێ، کەچی هەلومەرجەکەی سەردەمی خۆی ناچاری کردووە پەنا بۆ دیالێکتیک (فەلسەفە و مەنتیق) بەرێت و جۆرە ڕێگایەکی مامناوەندی نێوان هەردوو چالاکییەکەی هزر و ژیر بگرێتەبەر. ئەنسلمی پاک ئەگەر چەند بابەتێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە و تاووتوی کردوون وەک:

– ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب بە بەڵگەی ژیری و فەلسەفە.

– خەسڵەتەکانی ڕەب (سیفەتەکان).

– کێشە و بابەتی هەمەکییەکان، چەمکە گشتییەکان کە بە عەرەبی (کوللیات)یان پێدەگوترێ. Uni-versalien Problem.

– بابەتی مردن و قیامەت و جارێکی دیکە زیندوو بوونەوە.

– چاکەکاری و کێشەی هەبوونی بەدکاری (شر) و چۆنێتی هاتنەوەی ئەو بەدکارییە لەگەڵ بەهرەو دادپەروەری بێ سنووری ڕەبدا.

– نەفس و لەش و کامیان لێپرسینەوەی لەسەرە.

– خواستی ئازاد و چارەنووسی مرۆڤ، کامیان بنەمایە؟!

– پێوەندی نێوان ژیر و سرووش (وەحی)، فەلسەفە و ئایین، دیالێکتیک و لاهووت کە بە عەرەبی (عەقل و نەقل)ی پێ دەگوترێ دەبێ چۆن بێت؟!

– سەرچاوەکانی زانینی مرۆڤ کامانەن. ئایا بڕواو ئیمان مرۆڤ دەهێننە سەر ڕێگای ڕاست، یان مرۆڤ پێویستی بە ژیر و دانایی هەیە بۆ ئەوەی لە نهێنییەکانی ئایین بگات، بە تایبەتی ئایینی مەسیحی؟! دەکرێ هەردوو بابەتی ژیر و بڕوا (ئیمان) بە یەک چاو تەماشا بکرێن و بەیەک پێوەندانگ پێوانە بکرێن و بڕیاریان بەسەردا بدرێت؟!

– خوێندنی حەوت زانستەکە لە زانکۆدا کە بە کۆششی شارل مان (کارلی مەزن) کرابۆوە و بە (حەوت هونەرەکە) ناوبراون و کراون بەدوو بەشەوە:

**یەکەم**: سێ هونەرەکە:

ڕێزمان، دیالێکتیک، وتار. Rhetorik

**دووەم**: چوار هونەرەکە:

ژمێرە، ئەندازە، موزیک، ئەستێرەناسی(۱)

بەپێی سەرچاوەکان ئەو بابەتانەی کە لە زانکۆکاندا خوێنراون، مامۆستا و خوێندکاران سەر بەکڵێسە بوون و لەجیهانی ئایینەوە هاتوون. میتۆدەی خوێندن لە دوو بەش پێکهاتوون.

– مامۆستا وانەی وتۆتەوە کە پتر شێوازی (محازەرە)ی هەبووە.

– ئینجا لە بەشی دووەمدا خوێندکار و مامۆستا قسە و وتووێژیان دەربارەی بابەتی دیار و دەستنیشان کراو کردووە. لە چوارچێوەی دیالێکتیکدا هەردوو بابەتی مەنتیق و فەلسەفە خوێندراون.

سەرنجدانی ئەو بابەتانەی کە بە پێداویستییەکی بنەڕەتی خوێندنی زانکۆی ئەو سەردەمەی ژێر باڵی کڵێسە دانراون، دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک بابەتەکان لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی دوور بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەوشی هەڵکەوتی سەردەمی خۆیانیان بەرجەستە کردووە.

ئەگەر بایەخ بە لۆژیک (مەنتیق) درابێ لەوەوە بووە:

– مەنتیق خۆی لە خۆیدا دەروازەی چوونە ناو جیهانی زانستە و ئامرازی لێکۆڵینەوە و تاووتوکردن دەداتە دەست. مەنتیق بە واتا تایبەتییەکەی دەکرێ بگوترێ لە جیهاندیدا بێلایەنە. لە مەنتیق، هەر لە دەمی داهێنەرەکەیەوە ئەرستۆتالیس ئەوە چاوەڕوان کراوە کە

پەیڕەوکردنەکەی مێشک لە کەوتنە هەڵەوە دەپارێزێ، چونکە ئامرازی بەڵگە هێنانەوە و هزری زانستییانە دەداتە دەست.

- لەلایەکی دیکەوە لایەنە جەوهەرییەکانی ڕاستییەکانی بڕوا و ئیمان لەسەروو (٢) فام و پەی پێبردنی تێگەیشتنی مرۆڤەوەن و ئەو لەسەرو و توانای ژیری مرۆڤەوە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ چالاکی شیکردنەوەی مەنتیقیدا ناگونجێ، بۆیە چاکترین مەنتیق- بەپێی بۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاستەوە- ناتوانێ لەکایە و بابەتی بنەماکانی ئایین و بڕوای مەسیحیدا یارمەتی بدات.

- مەنتیق بە پێچەوانەی دیالێکتیکەوە (فەلسەفە) هیچ جۆرە هەڕەشە و گەفێک لە ئایینی مەسیحی و جیهاندیدی کلێسە نییە، هەر بۆیە لە ئایینەکاندا بابەتی مەنتیق لە مەڵبەندە ئایینییەکاندا (کەنیشتە، کلێسە، مزگەوت) دەخوێنرێ، بەڵام لەژێر ناوی جیاوازدا.

٢- سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی و سەردەمی ئەنسلمی پاک بە تایبەتی سەردەم و چەند قۆناغێکی درێژخایەنن تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە کە بە تەواوەتی لە قۆناغی پێش خۆیان و ئەوانەی بە دوایاندا هاتوون، جیایان دەکەنەوە.

تایبەتمەندییەکی ئەو سەردەمە دەست باڵایی ئایینە، لە ئەورووپا مەسیحییەت کە بابەتی نووسینەکەمانە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا ئایینی ئیسلام، هەردوو ئایینەکە دوو زمانیان بەسەر گەلانی جۆربەجۆردا سەپاندووە، لە ئەورووپا لاتینی و لە ڕۆژهەڵات عەرەبی کە لە ئەدەبیاتی ئەورووپادا ئەو عەرەبییە سەپێنراوە، بەلاتینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبرێ. بە باوەڕی من ئەو دوو ئایینە لە ناوەڕۆک و لەو ئەنجامانەی لێیان کەوتوونەتەوە دوو ئایینی ئاسمان و زەوی لە یەکتری جیاوازن. ئیسلام، عەرەبی لە چەند خێڵێکی لەنێو یەکتریدا نارێک، کردووە بە نەتەوەیەکی گەورەی جیهان و چەندین ڕەگەز و ڕۆڵەی نەتەوەکانی تری هان داوە دەستبەرداری نەتەوە و زمان و کولتووری خۆیان ببن و ببن بە عەرەب. ئەمە نە لە ئەورووپا ڕووی داوە و نە مەسیحییەت سەرگەرمی جێبەجێ کردنی بووە.

لە ئەورووپای بوو بە مەسیحیدا جیهاندیدێکی سەرتاپاگیری ئایینی بەسەر کۆمەڵگا و نەتەوەکاندا سەپێنراوە. ئەو جیهاندیدە ئەوەندە تۆتالیتێر و سەرتاپاگیر بووە کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵگا و ژیان نەماوە کە ڕەگی تێدا دانەکوتێ و دەستی تێ وەرنەدات. ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە دەکرێ لەو خاڵانەدا کۆبکرێتەوە:

- مەسیحییەت ئەوەندەی لە توانایدا بووە نەک هەر کۆمەڵگاکانی گۆڕیوە، بگرە کولتوور و تەمەدون و شارستانیەتی کۆششی ڕەنج و هەوڵ و کاری سەدان ساڵانەی ئەو میللەتانەی ئەگەر لەناو نەبردبێ، ئەوە بە تەواوەتی شێواندوویەتی. لە جێگایاندا کولتوورێکی سەپاندووە کە ئەوپەڕی بە ژیان نامۆ بووە. کولتوورێک کە ئاوێتەی بەهاو دۆگم و نەریتەکانی ئایین بووە، لەلایەکی ترەوە بەوپەڕی تواناوە سەرگەرمی ئەوەبووە ژیانی سەرزەوی لەبەرچاوی خەڵک بخات و سەرنج بۆ جیهانێکی دیکە و ژیانێکی تری دوای مردن ڕابکێشێ.

نیشانەیەکی ئەو ژیان لەبەرچاو خستنە بە دوو لادا کۆششی بۆ کراوە:

- دووپاتکردنەوەی ئەوەی گوایە ئۆباڵی ئەو گوناهەی بە ئادەم کراوە دەچێتە ئەستۆی هەموو مرۆڤێک، کەسێک نییە لەو دنیایەدا گوناهبار نەبێ و لە چوونە ژێر باری ئەو گوناهە بە تۆبزی بە ئادەم کراوە دەربازی ببێ.

- ئەوی تریان باسکردنی بەردەوامی مردن بووە: بەلای ڕابەرانی کلێسەوە ئەگەر پێوەندی نێوان ڕەب و مرۆڤ، بەهۆی گوناهەکەی ئادەمەوە تێکچووبێ، ئەوە مەسیحییەت کە ئایینی ڕاستەقینەی تێکڕای ڕەگەزی مرۆڤایەتییە تاکە ڕێگای هەڵبەستنەوەی ئەو پردەی نێوان هەردووک لایە. ئەو بۆچوونە وادەگەیەنێ کە دەبێ مرۆڤ پشت بە کلێسە و دەزگا ئایینەکانی ببەستێ بۆ پاک بوونەوە لەو گوناهە و ڕزگار بوونی لە دۆزەخی ئەو دنیا. لێرەوە ژیانی دوای مردن نەک ژیانی ئەم دنیایە ئەو چاکە و خێر و خۆشی و بەرەکەت و بەختەوەرییەیە کە مرۆڤ بە ئاواتیەتی و هیوای بۆ دەخوازێ. لەبەرچاوخستنی ژیانی سەر زەوی و باسکردنی مردن و وەبەرخستنی هیوای ژیانی نەمری و بەختەوەری دوای مردن، ئەگەر بێتو سەرنجی ئەو ئەنجامانە بدرێت کە لێی دەکەوێتەوە، جا با کلێسەی مەسیحی پەسندیشی نەکات، ڕەواکردنی زۆر و جەور و ناعەدالەتی و ڕێژیمی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر و زاڵم و زەبرو زەنگە.

ژیانی ئەفسووناوی دوای مردن ئەگەر لە ڕوخساردا چارەسەرێکی دڵخۆشکەرانە (تەفرەدەرانە)ی خەڵکی بووبێ، ئەوە هەرگیز نەیتوانیوە ترس و گرژی و خێوی مردن لەبەرچاو بڕەوێنێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەو بەهەند نەزانینی ژیانی سەر زەوی و هەوڵی خاوکردنەوەی گرژیی ترس لە مردن دوو ئەنجامی تری بەدوای خۆیدا هێناوە کە کڵێسەی مەسیحی چاوەڕوانی نەکردووە:

– بڕوا نەمان بە گوفت و بەڵێنەکانی کڵێسە و قەشەو پیاوە ئایینییەکان، چونکە هیچ هێزێکی ئایینی دەستبەری ئەوە نابێت کە ئەو دنیا خۆشتر نەبێت.

– ئەوی تری ئەو ترس و لەرزەیە کە خراوەتە دڵ و دەروون و ناخی خەڵکەوە بەوەی دوور نییە بە ئاگری دۆزەخ (جێهۆنێم) بسووتێن. ئەگەر ئەشکەنجەی ژیانی سەر زەوی ماوەیەکی دیاریکراو بێت ئاگری دۆزەخی دنیای دوای مردن بەبێ بڕانەوەیە. بەهۆی کڵێسەوە قیامەت و دۆزەخ و ژیانی دوای مردن بووە بەسەرچاوەیەکی تۆقین و دڵەڕاوکێ و لەرزین. ئاگری دۆزەخ و لێپرسینەوە بەجۆرێک بۆ خەڵک باس کراوە، وێنەیەکی تۆقینی لەناخدا ڕەنگ ڕشتوون.

هیچ قۆناغێکی مێژوویی ئەوەندەی سەدەکانی ناوەڕاست بایەخی بە مردن نەداوە. لە هەموو وتارەکانی ڕۆژی یەک شەممەی کڵێسە، لە شایی و لە شیندا، لە بڵاوکراوە و نووسینەکاندا باسو خواس هەر باسی مردن و بێ بایەخی ژیانی سەر زەوی بووە. ئاسایی بووە کە پێ لەسەر ئەو بۆچوونە داگیرابێ، گوایە «مردن لە ژینی ئێستا چاکترە.» هەموو کاتێک ئەو ترسە خراوەتە دڵی مرۆڤەوە کە نووستنی سەر جێگا شتێکی کاتییە و دەبێ مرۆڤ ئەوەی لەبیر بێت کە نووستنی هەمیشە– مردنیش– هەیە، بۆیە دەبێ هەمیشە بیری لێ بکرێتەوە.

هەموو شتێک کاتییە، هەتا سەر نابێ، لەناو دەچێت، ژیان خۆشی لە مەتەڵ و گرێ کوێرەیەک دەچێت نەدەکرێتەوە و نە نهێنییەکانی هەڵدەهێنرێن. لە بۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیدا سروشتی کاتی و لەناوچووی هەموو شتێک لە سێ شێوازدا بەدەرکەوتووە:

**یەکەم**: کوان ئەو کەسانەی بە پلە و پایە و شکۆمەندییان دنیایان پڕ کردبوو ژیانیان ڕازاندبۆوە؟ ڕۆیشتن و دنیایان بەجێ هێشت.

**دووەم**: کوان جوان و شۆخو شەنگان، ئای چۆن مردن ئەو جوانییانە دەفڕێنێ!

**سێیەم**: مردن بەبێ جیاوازی بەماڵی هەموو کەسێک دەزانێ. کەسانێک لە ڕەوش و تەمەنی جیاواز دەبات(٣).

بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە، بگرە ئەوانەی دواتر نووسراون و ڕەوش و هەلومەرجی ئەو قۆناغەیان بەرجەستەکردووە، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ڕاشکاوانە باسی ئەو خێوەی مردنیان کردووە کە خەوی لە چاوی خەڵک فڕاندووە، نیگەرانی کردوون، زەردەخەنە و خۆشی ژیانی لەبیر بردوونەتەوە. بەپێی سەرچاوەکان پاشایەک بەدرێژایی ژیانی پێنەکەنیوە. لێیان پرسیوە، خاوەن شکو بۆ ئەوەندە دڵتەنگ و غەمباری لە وەڵامدا وتوویەتی:

چوار ڕم ئاراستەی دڵم کراون و ئەگەر تۆزە نیشانەیەکی دڵخۆشی پێمەوە دەرکەوت یەکسەر دڵم دەبڕن. چوار ڕمەکە ئەوانەن:

**یەکەم**: ئەو ئێش و ئازارە لە سنوور بەدەرەی یەسووعی مەسیح چێشتوویەتی.

**دووەم**: بیرۆکەی مردن.

**سێیەم**: مردنی لەناکاو بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئاگاداربێت و مردنەکەش بەبێ ئازادبوون لە گوناهی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆ ڕوودەدات.

**چوارەم**: ترسان لە ڕۆژی حەشر و قیامەت(٤).

ئەو بۆچوونە ئایینییە کە دڵ و دەروون و ویژدانی مرۆڤی بە ترسی مردن و ئاگر و سزای قیامەتی دوای مردن بارقورسی کردووە و توندوتۆڵ بەو کۆششەوە بەندە کە بۆ لەبەرچاوخستنی ژیانی دنیا و بە هەند نەزانینییەوە بەند بووە، بۆیە سەیر نەبووە کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەری Humanismus (سەدەی ١٣-١٦ز) سەرگەرمی پێگەیاندنی مرۆڤی ئازاد بووبێ کە بەدەستی خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و ویژدان و ناخی لەژێر باری قورسی بۆچوونە سەرتاپاگیرە تۆقێنەرەکانی کڵێسەی مەسیحی بهێنێتە دەرێ و جارێکی دیکە ژیان لەبەرچاوی شیرین بکات و وای لێ بکات بایەخی پێبدات و بە هەندی دابنێ.

لەم کەشوهەوایەدا ئەنسلمی پاک دەستبەکار و چالاک بووە. لەلایەکەوە وەک لایەنگیرێکی سانت ئۆگۆستین داکۆکی لە ئیمان و لاهووت کردەوە و هەوڵی داوە بڕوا و

ئیمان بخاتە سەر ژیر و مەنتیقەوە، بەبێ ئەوەی فەلسەفە و ژیر لەو کایە و بوارەدا دووربخاتەوە. ئەنسلمی پاک بەپێی سەردەمی خۆی ژیرانە بیری کردۆتەوە. بەلایەوە هەندێک لایەن و بابەتی ئیمان و ئایین هەن لەگەڵ ژیر نایەنەوە و ناتوانن هیچ سوودێک لەژیرەوە وەربگرن، بەڵام هەمیشە دەبێ ئیمان لەسەروو ژیرەوە بێ. دەبێ مرۆڤ چۆن تێبگات ئەگەر ئیماندار و خاوەن بڕوا نەبێت. تێگەیشتن بەبێ بڕوا بوون و بەبێ ئیمان لە کردن نایەت و ناگونجێ. لێرەدا دوو پرسیار دێنە ئاراوە کەوا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە:

– ئایا ئیمان و بڕوا کردار و ڕەفتارن، یان بەشێکن لە جۆرێکی ژینی ئایینییانەی پشت ئەستوور بەبڕوا و ئیمان؟!

– ئایا کێشەکانی جیهان بە ژیانەوە بەهۆی سەرنجدان، یان بەهۆی هزر و بیرکردنەوەوە لێیان بکۆڵرێتەوە و شرۆڤە بکرێن؟!

کردنی ژیر بە پاشکۆی بڕوا و گریمانەکردنی ئیمان بۆ تێگەیشتن هەر لە سەرەتاوە هەموو جۆرە زانینێکی ڕاستەقینە کە سروشتەکەی بێلایەن و گەیشتنە ڕاستی بێت، بە دوور دەگیرێ. دەبێ ئەو تێگەیشتن و زانینەی لە سێبەری بڕوا و ئیماندا دەستگیربێ چاوەڕوانی چییان لێ بکرێت و تا چ ڕادەیەک بڕ بکەن. بڕوا خۆی لە خۆیدا هەموو جۆرە ژیر و مەنتیق و هزرێکی زانستییانە بەدوور دەگرێ، چونکە بەهیچ جۆرێک ئیمان بەژیر و بەڵگەی مەنتیق پشت ڕاست ناکرێتەوە، خۆ ئەگەر پشت ڕاست کرایەوە ئیمان نامێنێ. بڕوا بوون بە شتی لە ڕادە بەدەر و سەرووسروشتی کە سنووری ژیر ببەزێنێ، بنەماکانی ئیمان پێکدەهێنن، بۆیە ئەو زانین و تێگەیشتنەی لە سێبەری ئاییندا گریمانە دەکرێن وەک ئیمانەکە لە ژیر و مەنتیق بەدوورن و لە دڵخۆشکردن بەشتێک کە نەهاتووە و نەدیت بەولاوە چاوەڕێی هیچی دیکەیان لێ ناکرێت.

**مەنتیق**

١- بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە ئەنسلمی پاک لە گۆڕەپانی مەنتیق شتێکی ئەوتۆی نەگوتووە شایانی ئەوەبێ «نوێی» پێ بوترێ. ئەوەی وتوویەتی لەچوارچێوەی مەنتیقی مامۆستای یەکەم و زمانی ئەوسای ئایینەکە نەچۆتە دەرەوە کە لاتینی بووە. ئەو کەرەسەیەی کردوویەتی بە بابەتی توێژینەوە هەردوو لقی مەنتیق و تیۆری زانین دەگرێتەوە، بەتایبەتی کە قسەی لە «ڕاستی» کردووە، هەوڵی داوە پێناسەیەکی سەرتاپاگیرانەی بکات و ئەو لایەن و بابەتانە ڕوون بکاتەوە کە ڕاستی «هەقیقەت»، دەیانگرێتەوە.

لەچوارچێوەی بابەتی مەنتیق (لۆژیک)دا بەتێرو تەسەلی باسی کێشە و بابەتە هەمەکییەکان (کوللیات) کراوە. پشت ڕاستکردنەوەی ڕاستی هەبوون، یان نەبوونی ئەو بابەتەی بە هەمەکییەکان دانراوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە باوەڕ و ئیمانی ئایینی مەسیحییەوە بەند بووە. لەو سەردەمەدا سێ هەڵوێست دەربارەی ئەم کێشەیە کە دواتر خەتوخاڵیان داوە، لە ئارادابوون:

**یەکەم**: هەندێک لەو باوەڕەدابوون، پشت ئەستوور بە تیۆری نموونەی بەرزی ئەفلاتوون، کە هەمەکییەکان لە ئارادان و وەک هەموو شتێکی ڕاستەقینە بوونیان هەیە، ئەم بیرمەندانە بە ڕیئالیستی سەدەکانی ناوەڕاست بەواتای ئەو سەردەمە دانراون. پێداگرتن لەسەر هەبوونی ڕاستەقینەی هەمەکییەکان مەبەستێکی ئایینییان هەبووە.

**دووەم**: ڕابەرانی ئەو ڕێبازە دەڵێن هەمەکییەکان وەک هووبەیەکی گشتی بوونیان نییە. ئەوەی هەیە تەنیا بوونە تاکە هەندەکییە (جزئیە)کانن وەک مرۆڤی تاک: دانا، توانا، زانا، مرۆڤ وەک چەمک بوونی نییە.

**سێیەم**: ئەو بیرمەندانەی ئەم ڕێبازە هەبوونی هەمەکییەکان پەسند ناکەن، وای دادەنێن هەمەکییەکان لە چەند ناوێکی گشتی بەولاوە نین. مرۆڤ بەهۆی هێزی ئەبستراکت کردنەوە لە بەرانبەر تاکەکاندا کە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، بە ئەندێشە چەمکێکی گشتی دادەڕێژێ، ئینجا هەوڵی داوە بوونی پێ ببەخشێ. مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا دانا و توانا و زانای دیوە هەوڵی داوە تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەشی ئەوسێ مرۆڤە لە تاکەکان داببڕێ و داویەتە چەمکێکی هەمەکی گشتی و ناوی لێ ناوە مرۆڤ.

کێشەی هەمەکییەکان لەسەرەتاوە لەو مەنتیقە کەوتۆتەوە کە فرفۆریۆس لە ئەرستۆتالیسەوە خواستوویەتییەوە و ناوی لێ ناوە ئیساگۆگێ و لە مزگەوتەکانی کوردستاندا بە ئیساغۆجی ناودەبرێ و

فەقێیەکان لە حوجرەدا دەیخوێنن.

ئەو بابەتە لە سەرەتادا سروشتێکی مەنتیقی هەبووە لە دواییدا بووە بە بابەتێکی میتافیزیکی. ڕێبازی یەکەم لە ئەفلاتوون و دووەمیان لە ئەرستۆتالیسەوە کەوتۆتەوە(٥).

بوون و نابوون لەخۆیاندا بابەتێکی میتافیزیکین، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەهەندێکی دیکەیان پێ براوە. توندوتۆڵ بە بڕوا و ئیمان و بنەماکانی ئایینی مەسیحییەوە بەستراونەتەوە. ئایا مرۆڤ، دادپەروەری، چاکەکاری، بەهەشت، دۆزەخ، قیامەت، ژیانەوە، خەسڵەتەکانی ڕەب، گیانی پاک..تاد. بوونی سەربەخۆیان هەیە وەک ئەو شتانەی تر کە لە دەوروبەری مرۆڤ و لە دەرەوەی مێشکدان؟! ئەو پرسیارە خۆی لە خۆیدا مەنتیق و میتافیزیک تێکەڵاو دەکات و پەنا دەباتە بەر مەنتیق بۆ گومان کردن لە بنەماکانی بڕوا و ئیمانی مەسیحی.

ئەوی هەیە تاکەکان و ئەوانی تر لە چەند چەمکێکی گشتی کە لە تاکەکانەوە دابڕێنراون و کەوتوونەتەوە بەو لاوەنین. ڕەگەز (جنس genus) وەک زیندەوەر، جۆر (نوع Species) مرۆڤ، تەنیا هەر لە مێشکی مرۆڤدا هەن.

ڕێبازی پۆزیتڤیزمی نوێ بەلایەنگیرانی ڕێبازی سێیەم دادەنرێن کە لەدوای سەدەی یازدەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوە و لە شوێنی خۆیدا قسەی لێدەکەین.

ئەنسلمی پاک وەک ئیماندار و ڕابەرێکی کڵێسەی مەسیحی بابەتی هەمەکییەکانی لەگەڵ بوون و خەسڵەتە (سیفەتە)کانی ڕەب بەرانبەر بە یەکتری داناوە. واتا و دەلالەتی چەمکە گشتییە هەمەکییەکان وەک واتا و دەلالەتی ناوە کەسییە تایبەتییەکان وان. ئەگەر ناوی تایبەتی کەسی بوونی تاکێک نیشان بدات، ئەوە چەمکی ناوی گشتی- هەمەکی دەبێ لەلای خۆیەوە دەلالەت لە بابەتێکی هەمەکی گشتی Universale بکات. لێرەوە ئەو جۆرە گشتیانە بوونی ڕاستەقینەیان Realitat پێ دەبڕێ و بە هەمەکی ڕێئالیستانە ناودەبرێن. ئەگەر ئەو جۆرە گشتییە هەمەکییانە بوونی ڕاستەقینەیان نەبێت، ئەوە بنەمایەکی گرنگی مەسیحییەت کە سێ ڕەنگییەکەیە گومان لە بوونە ڕاستەقینەکەی دەکرێ، ئەوکاتە ڕەب تەنیا ناوێکی گشتی هەمەکی «باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک» دەبێت. ئەو جۆر و ڕەگەزە گشتیانە ناوی بێ ناوەڕۆک نین، بەڵکو بوونی ڕاستەقینەیان هەیە و بەشێکن لەو بابەتانەی ئیمان و باوەڕ و ئایینی مەسیحی کە لەگەڵ بڕیار و توێژینەوەی مەنتیقدا نایەنەوە، بەڵکو بابەتی ئیمان و لاهووتن، ئەمە بەلای ئەنسلمی پاکەوە لەسەرووی هەموو گومان و ئەگەرێکەوەیە.

٢- لە مەنتیقدا کە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەیە، ئەنسلم وەک زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفە لاهووتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پشتی بە هەردوو بەرهەمی مەنتیقی مامۆستای یەکەم بەرهەمی «کاتیگۆری و پێری هیرمینیپاس» چەمک و دەستەواژە بەستووە بۆ ئەوەی لە مەترسی مەنتیق و فەلسەفە کەم بکرێتەوە کە گوایە لەگەڵ بنەماکانی ئاییندا نایەنەوە، ئەنسلمی پاک مەنتیق و ڕێزمانی زمانی لاتینی تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری کردووە، ئەو ئەنجامەش کە لەو پرۆسەیەوە کەوتۆتەوە بریتی بووە لە توێژینەوەی پێوەندی نێوان زمانی نموونەیی مەنتیقی و زمانی ئاسایی و زمانی ڕۆژانە، پێوەندی نێوان فۆرمی مەنتیقی و فۆرمی ڕێزمانی زمان.

ئەنسلمی پاک لە بەرهەمێکدا، کە لەوە دەچێ بۆ وانە گوتنەوە دایینابێ، بەناوی De grammatico ڕێزمانی زمان، قسە لەوە دەکات کە ئایا وشەی گراماتیکۆس بنەیەک، ناوێک، جەوهەرێک، یان خەسڵەت و ئاوەڵناو دەردەبڕێ(٦)؟! ئەو پرسیارە درێژانە بە بۆچوونەکەی مامۆستای یەکەم- ئەرستۆتالیس- کە چەمک و کاتیگۆری گراماتیکۆسی بە نموونەیەکی ئاوەڵناو و خەسڵەت داناوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەنسلمی پاک گەیشتۆتە ئەو بابەتەی بە «پێوەندییە سیمانتیکییەکان» ناودەبرێن، ئەو پێوەندییانە بە چەند جۆرێک دابەش دەکات و شرۆڤەیان دەکات. لەو پرۆسەی شرۆڤەکردنی پێوەندییە سیمانتیکییەکاندا سیمبۆل Signification لە بابەتی بانگ کردن appellation جیا دەکاتەوە. بانگ کردن لە سۆنگەی مەنتیقەوە بەلای ئەنسلمی پاکەوە بریتییە لە:

- پێوەندی نێوان وشەیەک و بابەتێک کە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بۆی بەکاردەهێنرێ.

بەڵام سیمبۆل بە واتا تایبەتییەکەی، بریتییە لە:
– پێوەندی نێوان وشە و ئەوەی پێی نیشان دەدرێت. وەک ناوەرۆکی دەلالەتەکەی، یان مەبەستەکەی ڕوون دەکرێتەوە.

ناوێک، بکەرێک، بنەیەک «مرۆڤ» هەمان سیمبۆل و ئامرازی بانگ کردنی وەک «جەوهەر» هەیە، بەڵام ئەم دووانە لەلای ئاوەڵناو جیاوازن.

ناوی «مرۆڤ» لە خۆیدا وەک یەکەیەک ئەوە دەستنیشان و دیار دەکات کە مرۆڤ بە تێکڕایی لێوەی پێکدێت. تایبەتمەندییە گرنگەکانی جەوهەرن، چونکە ئەو هۆکاری هەموو ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی ترە(٧). بۆیە دەکرێ بگوترێ:

مرۆڤ جەوهەرێکە و جەوهەرێک مرۆڤە.

بەم پێودانگە ناکرێ بگوترێ «مرۆڤ ژیرێتییە»، یان «ژیرێتی مرۆڤە» بەڵکو دەگوترێ «مرۆڤ ژیری هەیە».

کە دەگوترێ «ئەو ئەسپە سپییە» پێش ئەوەی ئەوەم زانیبێ، ناوی ئەسپ جەوهەری ئەسپەکە لە خۆیدام پێدەڵێ، بەڵام وشەی سپی جەوهەرەکە لەخۆیدا نیشان نادات و دیاری ناکات، بەڵکو شتێکی تر ئەمە دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەسپەکە سپییە. ناو و وشەی «سپی» لێرەدا وەک دەربڕینی دەستەواژەی «ڕەنگی سپی هەیە» دەگەیەنێ و هەمان شت نیشان دەدات.

ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەنسلمی پاک بە ڕاشکاوی هەردوو بابەت و دەڤەری مەنتیق و ڕێزمان تێکەڵاو دەکات و سنووری هەردووک لا دەبەزێنێ. ئەم بابەت تێکەڵاوکردن و سنوور بەزاندنە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە بوو بە مایەی پەیدابوونی بابەتێکی نوێ کە بە زانستی گشتی زمان Linguistik ناودەبرێ.

تێکەڵاوکردنی زمان و مەنتیق لەلایەکی ترەوە پتر مەبەستێکی نازانستییانەی هەیە و دەچێتە خانەی پاساودان و ڕەواکردنی دۆگماکانی ئایینەوە. ئەم کۆششە ئەگەر جۆرە زیرەکییەکی ڕستە و دەستەواژە بە کارهێنان نیشان بدات، ئەوە بە هیچ بنەمایەکی مەنتیق و توێژینەوەی زانستی پشت ئەستوور نییە. ڕێزمانی زمان لەگەڵ مەنتیق دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن، ڕاستە کەرەسەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە ئامراز و ئامانجدا جیان.

**ڕەب**

ئەگەر مرۆڤ لە مێژووی فەلسەفە و قۆناغە جیاوازەکانی ورد ببێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە هەر فەیلەسووفە بە بابەتێک ناوبانگی دەرکردووە و هەر قۆناغەش بەپێی هەلومەرج و ڕەوشی دەرکەوتنەکەی تایبەتمەندی سەردەم و دەوروبەری دەربڕیوە. کە مرۆڤ ناوی ئەنسلمی پاک کە بە «ئەنسلمی کانتربریش»یش بەناوبانگە، دەستبەجێ «بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی» بەبیردا دێت.

لە دوو شاکاردا ئەنسلمی پاک (مونولوگیوم) «پاڕانەوەی نەفس» و (پروسولوگیوم)دا کە گوایە لەسەر داخوازی شاگردەکانی نووسیویەتی لە دوو لایەندا کۆشاوە:

**یەکەم:** ژیرەکی ئیمان ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە، بەوەی ئازادی ژیر و پابەندبوونی بە بنەماکانی ئیمانەوە پێکەوە بێنەوە و بگونجێ.

**دووەم:** بەبێ پەنابردنە بەر ناوەرۆکی تەورات و ئینجیل و گوتاری پیاوچاکانی مەسیحی، پشت ئەستوور بە ژیرو بوونی ڕەب ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە، ساغ کردنەوەیەک نەک تەنیا لەلای ئیمانداران پەسند بێت، بەڵکو ئەوانەش کە بێ ئیمانن بڕوای(٨) پێ بهێنن و بەڕەوای دابنێن.

لە شاکاری مونۆلۆگیومدا سێ بەڵگە و لە پروسولوگیومدا بەڵگەی بەناوبانگی ئۆنتۆلۆژی داڕشتووە و هەوڵی داوە بوونی ڕەب پشت ئەستوور بە ژیر و مەنتیق ساغ بکاتەوە. بەڵگەکانیش ئەمانەن:

**یەکەم:** بەڵگەی پشت ئەستوور بە بیرۆکەی بوون (وجود).

**دووەم:** بەڵگەی چاکەکاری (خیر)

**سێیەم:** بەڵگەی تەواوەتی «بیرۆکەی کەماڵ».

**چوارەم:** بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی.

لە سێ بەڵگەی بوون و چاکەکاری و بیرۆکەی کەماڵدا ئەنسلمی پاک ڕێچکەی فەیلەسووف و لاهووتییەکانی پێش خۆی گرتۆتە بەر و شتێکی ئەوتۆی نەوتووە کە شایستەی ئەوە بێ وشەی «نوێ»ی بدرێتە پاڵ. خۆ ئەگەر بەشێوازێکی نوێ دایڕشتبنەوە، ئەوە لە ناوەرۆکدا هیچی نوێیان تێدا بەدی ناکرێ. لەو سێ بەڵگەیەدا هەرسێ بابەتی خەسڵەت (سیفەت) و بوون و بیرۆکەی تەواوەتی

(کەماڵ) دەکات بەو پێشەکییە مەنتیقییانەی ئەنجامی بوونی ڕەببییان پێ پشت ڕاست و ساغ بکاتەوە. ئەنسلمی پاک ورد بۆتەوە و دیتوویەتی کە شت بەهۆی ئەو سێ خەسڵەتەوە لە یەکتری دەچن، بەڵام ڕادەی بوونی ئەو سێ خەسڵەتە تێیاندا جیاوازە و ئەمەش لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، ئەو جیاوازی و لەیەکچوونە دەبنە مایەی ئەوەی بگەینە ئەو ڕاوبۆچوونە کە هەر یەکێک لەو شتانە لە ڕەگەزی خۆی هۆکارێکی هەیە(٩). زنجیرەی هۆکارەکان ناکرێ هەتا سەر و بێ برانەوە بەردەوام بێت، دەبێ لە ڕادەیەکدا بوەستێ کە خۆی هۆکاری هەموو شتێکە و هۆکاری بوونی خۆی شتێکی تر نییە.

سانت ئەنسلم چەند پێشەکییەکی داناوە و لەو باوەڕەدا بووە ئەو پێشەکییانە جێگای دڵنیایین و هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرن، ئینجا لەمانەوە بەرەو ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب و خەسڵەتەکانی وەک بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، نەگۆڕاو، هێز و توانا لە ڕادە و سنوور بەدەر، ئەوپەڕی چاکە و کەماڵ بەرەو پێش هەنگاوی هاویشتووە.

ئەو بوونەوەرانەی مرۆڤ بەجۆرێک لە جۆرەکان هەست بە بوونیان دەکات، بەپێی چاکە و چییەتی و کەماڵ و تەواوەتی لەیەکتری جیاوازن، ئەو جیاوازییەش لەوەوە کەوتۆتەوە کە ئەو بوونەوەرانەی چاک و جوان و زانین و کەمالانەی دێتە بەرچاو و هەستیان پێدەکرێ کە تێیاندایە لەو خەسڵەتانە بەشداری دەکەن کە لە چاکەخواز و دانا و کەماڵێکی مەزنتردا هەن ئەویش ڕەب خۆیەتی. بوونەوەر بەپێی تەواوەتی و کەماڵ لەیەکتری جیاوازن، مرۆڤ لە مەیموون کامڵ و تەواوترە. کەوابوو پلەی جیاوازی تەواوەتی لەنێو بوونەوەراندا هەیە یەکەم لە دووەم و دووەم لە سێیەم کامڵ و تەواوترە، بەڵام ئەم زنجیرەیە هەروا بەردەوام نابێت تاوەکو دەگاتە کەماڵێک کە لە هەمووان تەواوترە و کەماڵ و تەواوەتییەکەی لەخۆیەوەیە و کەماڵی جیاوازی بە بوونەوەرەکان بەخشیوە ئەو تەواوە و کەماڵە بێ وێنەیە ڕەب خۆیەتی.

ئەگەرچی ئەو بەڵگانە پتر سروشتی بیرمەند و ئیماندارێکی مەسیحییان پێوە دیارە، بەڵام بە ئاشکرا شێوازی بەڵگەکانی ئەرستۆتالیسیش تێیاندا سەرنج ڕادەکێشن.

سانت ئەنسلم لاهووتییە بەرلەوەی فەیلەسووف بووبێ لە هەردوو بەرهەمی مۆنۆلۆگیۆم و پرۆسولۆگیمۆدا ئامانجی تایبەتی خۆی بە ئاشکرا ڕوون کردۆتەوە، هاتۆتە سەر باسی ژیر و بڕوا، بڕوا و ئیمانی خستۆتە پێش ژیرەوە، ئەمەش بۆ مەسیحییەک کە سرووش (وەحی) بەسەرچاوەیەکی گومان هەڵنەگری گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە دابنێ، شتێکی ڕەوا و ئاساییە. ئەنسلم گوتوویەتی:

هۆ سەروەر و گەورەی من!

بەندە بەهیچ جۆرێک سەرگەرمی ئەوە نییە بە ناخی ئێوەدا قووڵ ببێتەوە، چونکە گیانی بەندە بە هیچ جۆرێک ئەو توانایەی نییە و ئەوەی لەدەست نایەت، بەڵکو دەیەوێ تۆزقاڵێک لە ڕاستییەکانیان بگەم. ئەو ڕاستییانەی دڵی بەندە بڕوای پێیانە و بەدڵیدا چوون و خۆشی دەوێن، هەروەها بەندە نایەوێ تێبگات بۆ ئەوەی ببێ بە ئیماندار و خاوەن بڕوا، بەڵکو دەیەوێ ببێ بە ئیماندار و خاوەن بڕوا بۆ ئەوەی تێبگات.. بەندە لەوە دڵنیایە کە:

هیچ کاتێک ناتوانم تێبگەم ئەگەر ئیماندار نەبم(١٠).

ئەو قسەیەی سانت ئەنسلم ئەگەرچی لەلاڵنەوە و پاڕانەوە دەچێ و لەنزای نوێژی یەکشەممانی کڵێسەی مەسیحی ناچێتە دەرەوە، هەڵوێستی لاهووت و فەلسەفە بەرانبەر بە کێشەی جەنجاڵ ئامێزی ژیر و سرووش، ڕوون دەکاتەوە.

فەلسەفە ئیمانداریتی و بڕواهێنان بەبێ تێگەیشتنی تەواوەتی و بەبێ پشت ئەستوور بوون بە بنەماکانی ژیر و مەنتیق پەسند ناکات. دەبێ مرۆڤی ئیماندار کە تەنیا هەر گوێ لە هەست و نەستی ناخی خۆی و لێدانی دڵی بگرێت، بەبێ تێگەیشتن کوێرانە بڕوا بهێنێ وەک ئەنسلمی پاک لەو قسەیەیدا گوتوویەتی، چاوەڕێی چی لێ بکرێت؟!

## بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی

ڕاستە ئەم بەڵگەیە لەو ڕۆژەوە لەلایەن سانت ئەنسلمەوە دارێژراوە بۆتە مایەی توێژینەوە و ڕەخنەگرتنێکی زەبەندە، دووریش نارۆین ئەگەر بڵێین هیچ کاتێک لایەنگیرانی لە ناحەزانی پتر نەبوون، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە ئەم بەڵگەیە

نەمری هەتا هەتایی بۆ داهێنەرەکەی دابین کردووە. ئەو بەڵگەیە لە شاکاری پروسولوگیومدا گەڵاڵە کراوە، بەڵام لە پێشەکی و ئەنجامدا بەتەواوەتی لەو بەڵگانەی تری ئەنسلمی پاک کە لە شاکاری مونولوگیومدا دایناون جیاوازترە.

ئەو بەڵگە جۆر بەجۆرانەی لەمونولوگیومدا دایڕشتوون پشت بە خەسڵەت و جەوهەر و تەواوەتی خوازی دەبەستن. لەوێدا ئەنسلمی پاک بوونی چاکەکاری و بوون و پلە و ئاستە جیاوازەکانی جەوهەر و کەماڵ دەکات بە بنەما و پێشەکی بۆ ئەوەی بوونی ڕەبییان لێ بخاتەوە. ئەگەر سەرنجی بوونەوەرەکان بدرێت، دەبینرێ کە ئەو تایبەتمەندیانەیان بە پلەی جیاواز تێدایە، هەروەها لە گەردوون خۆیدا پلەوپایەی جیاوازی تەواوەتی خوازی (کەماڵ) و چاکێتی هەیە. ئەگەر ژمارەیەک لە جەوهەرەکان جۆرە تەواوەتییەکیان هەبێ کە خۆیان هۆکار و مایەی دەستنیشانکردن و ڕادە بۆ دانانەکەی نەبن، ئەوە ئەو تەواوەتی و چاکەییەیان لە جەوهەرێکەوە پێبڕاوە کە لە فۆرمێکی ڕەهاو بێ سنووردا خۆی ئەو چاکەکاری و تەواوەتییەیە. کەوابوو بوونی چاکەکاری و تەواوەتی و دانایی هەبوونی بوونەوەرێکی چاکەکاری ڕەها و دانای بێ سنوور و کاملّی لە ڕادە و سنووربەدەر پشت ڕاست دەکاتەوە(١١). ئەمەش لە ڕەب بەولاوە نییە.

لە شاکاری دووەمدا (پروسولوگیۆم) بەتایبەتی لە خەسڵەتی دووەمدا بەڵگەی ناسراو بە ئۆنتۆلۆژی ڕەنگ دەڕێژێ کە بە تەواوەتی لە شێواز و ناوەڕۆکدا جۆرێکی دیکەیە. لەو بەڵگەیەدا پێناسەی ڕەب دەکات بەو پێشەکییەی ئەنجامی بوونەکەی لێ بکەوێتەوە. جگە لەوەی پشت بەچەند گریمانەیەک دەبەستی:

**یەکەم**: بوون وەک تایبەتمەندییەک تەماشا دەکات کە دەکرێ ببەخشرێ و نەمێنێ.

**دووەم**: جیاوازی لەنێوان بوونی ڕاستەقینە و بوونی گریمانە کراودا ناکات.

**سێیەم**: هەبوونی بیرۆکەیەک دەربارەی بابەتێک لەمێشکدا دەکات بە بنەمای هەبوونی ئەو بابەتە لە دەرەوەی مێشکدا.

**چوارەم**: پێناسەکە دەکات بە پێشەکی مەنتیقییانە بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی لێ بخاتەوە و وەربگرێ.

**پێنجەم**: بوونی ڕەب وا گریمانە دەکات کە بەپێی مەنتیق بوونەکەی ناچارییە، یان ناشیاوەکییە و ناچاری نییە. لەبەر ئەوەی ناکرێ ناشیاوەکی و نا ناچاری بێت، ئەوە دەبێ بوونەکەی بە پێی هزری مەنتیق ناچاری بێت(١٢).

لەسەرەتادا ئەنسلمی پاک لەگەڵ بێ ئیمانێک کە بڕوای بە بوونی ڕەب نییە وتووێژ دەست پێ دەکات، ئەو بێ ئیمانە بە گێلە پیاو Narr ناودەبات. ئەو هەڵوێستە تەورات و ئینجیل Bible دەهێنێتەوە یاد، لەوێدا نووسراوە تەنیا «گێلە پیاو و شێت لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ڕەب نییە!!» ئەنسلمی پاک بەبێ ئەوەی ئەو «گێلە پیاوە» بە کافر و گومڕا دابنێ هەوڵ دەدات وردە وردە بیهێنێتە سەر ڕێگای بڕواو ئیمان، یەکەم شت کە ئەنسلم لێرەدا بۆی دەردەکەوێ ئەوەیە کە ئیماندار و بێ ئیمان، ئەوی بڕوای بە بوونی ڕەب هەیە و ئەوی بڕوای بەو بوونە نییە، دەبێ پێناسەیەکی هاوبەشیان لە بارەی ئەو جەوهەرەوە هەبێ کە لەسەری ناکۆکن. بڕوا و ئیمان لەنێویاندا هاوبەش نییە، ئەوی هاوبەشە پێناسە و دەستنیشانکردنی چەمکە.

ئینجا ئەنسلم بەناوی ئیماندارەوە پێناسەیەکی «ڕەب» پێشنیار دەکات بەوەی کە ڕەب «ئەو جەوهەرەیە کە لەو کاملّ و تەواوتر ناکرێ بە بیر و هزردا بێت».

ئەنسلم وای بۆ دەچێ کە بێ ئیمانەکە لاری لەو پێناسەیە نەبێت. خۆ ئەگەر بێ ئیمانەکە بخوازێ گومڕاییەکەی خۆی لە ڕستەیەکدا دابڕێژێ دەبێژێ: هیچ جەوهەرێک نییە کە لەو کاملّتر بە هزر و بیردا نەیەت. بەم پێیە بێ ئیمان پێناسەکە پەسند دەکات و پتر دێتە نێو وتووێژەکەوە و دەبێ برنەکردنی بێ ئیمانییەکەی ببینێ. خۆ ئەگەر ئەو دەڵێ: هیچ جەوهەرێک نییە ئەگەر لەو کاملّتر و تەواوتر بە بیردا نەیەت(١٣)، ئەوە دەکرێ ئەو جەوهەرە بە نەبوو دانراوە لەگەڵ جەوهەرێکی ئەو جۆرە کە هەیە و بوونی هەیە بەراورد بکرێت. جەوهەرێکی هەبوو (بوون) کە ناکرێ لەو کاملّتر بەهزردا بێت لەو جەوهەرەی نییە کاملّترە. ئەو کاملە ئەوپەڕی بەرز و بڵندە لە پێناسەکەی بێ ئیمانەکەشدا هەیە. ئینجا ئەنسلمی پاک هەوڵیداوە ساغی بکاتەوە کە لاف لێدانەکەی بێ ئیمانەکە لەخۆیدا ناکۆک و نەگونجاوە. ئەنسلمی پاک لە پروسولوگیومدا گوتوویەتی:

«هەر یەکێک لە ئێمە بیرۆکەیەک، وێنەیەک دەربارەی بوونەوەرێک لە مێشکیدا هەیە. بوونەوەرێک کەس لێی گـەورەتر نەبێت، ئەم بوونەوەرە کـە هیچ شـتـێک لێی گەورەتر نییە، نابێ تەنیا هەر لە مێشکدا هەبێ، چونکە لەو گریمانەی دواییدا، مرۆڤ دەتوانێ بە بیری خۆی وای دابـنـێ و وای بـۆ بـچـێ کـــــە ئـەو بـوونـە لـە دەرەوەی مێـشکیـشیـدا هەبێ و ئەوی لە دەرەوەی مێـشکدا هەیە گـەورەتر بێ لەوەی هەر لەناو مـێـشکدا هەیە. ئەمـە بە پێچەوانەی ژیر و مەنتیقەوەیە، چونکە ئەوی لە مێشکدا هەبێ، دەبێ لە دەرەوەشـدا بـبێ، کـەوابـوو بوونەوەرێک هەیە و کـەس لێی گـەورەتر نـیـیـە و لـە مـێـشـک و لە دەرەوەی مێشکدا هەیە، ئەو بوونەوەرە ڕەببە» (١٤).

کاتێک سانت ئەنسلم دەڵێ، ڕەب وا پێناسە دەکرێت کـە لێی گـەورەتر نـاکرێ بەبیـر و مـێـشکدا بێت، جـۆرە دانـپـێـــدانـانـێـک دەردەبڕدرێت کــــە ئـەو بـوونـەی ڕەب بوونێکی خـودییــە و لەناخ و دەروونی مـرۆڤـدا وەک چەمک و وێنە هەیە، بەو واتایە کە لەسەردەمی ئەودا باو بووە، لەگـیـاندا هەیە، بەڵام ڕەب وا پێناسـە کـرا کـە بێ سنوور و ڕەها ئەوپەڕی کـامڵ و گـەورەیە و لەو گـەورەتر بەهزردا نـایەت و ئـەوەی بابـەتیـیـــانـە لە دەرەوەی هزر و مـێـشکدا هەیە، ئەگـەرچی وەک خـودییـە کـە بوونەوەرە، بەڵام گەورەتر و کـامـڵـتـرە لەوەی تەنیـا هەر لە بۆچووندا هەیە، ئەمە بەپێچەوانەی مەنتیق و پێناسەکەوەیە، بۆیە ئەگەر ڕەب ئەوە بێ کە ناکرێ لەو مەزنـتر بەهزردا بێت، دەبێ بە نـاچاری بابەتیـانە هەبێ و بوونەوەر بێت. ئەگـەر مـرۆڤ لەو بەڵگەیە وردبێـتـەوە و لـە ئایینی خـاوەنەکـەی شـارەزابێ، بۆی دەردەکـەوێ کە ئـەو کۆششـە ئەوپەڕی ورد و زیرەکانەی ئەنسلمی پاک کە ئەوپەڕی بلیـمەتی هزر و بیرو بەکارهێنانی زمانی مەنتیقی تێدا بەکارهێنراوە لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی مـەسـیـحـیـیـەت دەربارەی ڕەب بەولاوە نـیـیـە. بەڵگەی ئۆنـتـۆلۆژی هەردووکـایەی بوونی ڕاسـتـەقـینە و بوون لە مـێـشکدا تێکەڵاو دەکـات. ئایا دەکرێ لە هەبوونی بیـرۆکـەیەک لە مـێـشکدا کـە هەمـوو تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی تەواوەتی و کـامڵی هەبێت و وادابنرێت کـە بوونی ڕاسـتـەقـینەش لەلای خـۆیەوە لە چوارچێوەی ئەو تـەواوەتی و کـامـڵـیـیـەی هەیەتی، بوونی ڕاســتــەقــینـەشی هەبێت؟! بە بۆچوونی مـن لێــرەدا ڕاستەقینە و کامڵی بە هەڵە لێکدراونەتەوە و وا دانراون کە دوو شتی لەیەکتری جیاوازن. دەبێ چۆن شتێک کە بوونی ڕاسـتــەقـینـەی نەبێ و تەنیـا هەر وێنە و بیــرو بۆچوونی نێــو مــێــشک و ناخی دەروون بێ کـامڵ و تەواوەتی بێت. تەواوەتی و کامڵی کاتێک دەگونجێ ببێ کە بوونی ڕاستەقینەی هەبێ! (١٥).

## ڕەب و جیهان

ئەگـەر سـانت ئەنسلم لە بەڵگەی ئۆنتـۆلۆژیدا پشت بە کتێبە ئایینییەکان نەبەستێ و کۆششی کردبێ بنەماکانی ئیـمـان بە ژیر و بنەمـای مەنـتـیق پشت ئەسـتـوور و ڕەوا بکات، ئەوە لە بابەتی پێوەندی نێوان ڕەب و جیـهـاندا وەک مـەسـیـحـیـیـەک دەدوێ کـە تەوراتی جـولەکـە بە بنەمای ئینجیل و ئایینی مەسیحی دادەنێ.

ڕەب بەلای ئەنسلمی پاکەوە بەناچاری هەیە و بوونەوەر ئەو بوونـەی پەکی لەسـەر هۆکـار نەکەوتـووە و خۆی خـۆی دروست نـەکـــردووە، بەڵکو هەر هەبووە و هەر هەیە و هەردەمـێـنێ! ڕەب هەیە، بوونە، بوونەوەرە وەک تیـشک وایە کە خۆی ڕووناک دەکاتەوە و تیشکی ڕووناکیش بە دەوروبەردا دەپژێنێ(١٦). ڕەب خۆی جەوهەرێکە و ئەو بوونە. ئەگـەر ڕەب خـۆی بەخۆی و بۆ خـودی بوون بێت، ئەوە هەمـوو شـتـێکی دیکە بوونەکـەی لە ڕەبـبـەوە پێ بەخشـراوە. ڕەب هۆکاری بـوونیـانە و داهێنەر (خـالق)ی هەموو جیهان و بوونە.

سانت ئەنسلم لەو باوەڕەدا بووە کە ئەو جیهانەی ئێمە کـە بەچاو دەیبـیـنین لەکـەرەسـەیەکی بێ ڕوخـسـار، لە کەرەسەیەکی خاو دروست کراوە، بەڵام سەرگەرمی ئەوەش بووە بزانێ ئەو کـەرەسـە خـاوە بێ وێنە و ڕوخسـارە، ئەو هەوێنە لەکـوێوە هاتووە؟! لە وەڵامـدا دوو ڕێـتـێـچـوون لەبەردەمـدا دەبن، یان ئەوەتا لەخـۆیەوە پەیدابووە، یان ڕەب دروسـتی کـردووە، بەڵام هیچ شـتـێک لەخـۆیەوە (Durch Sich) پەیدا نابێ، چونکە ئەو شێـوازی بوونە تەنیـا هەر بەشی ڕەبە، ئیـتـر ئەوە دەمـێـنێـتـەوە گریمانە بکرێت ئەو کـەرەسـەیە، یان ڕەببـە، یان ڕەب دایهـێناوە. ئەو کـەرەسـەیە بێ ڕوخـسـار و خـاوە ناکـرێ ڕەب بێ، چونکە چاکـەیەکی ئەوپەڕی بڵند و بەرز ناکـرێ ببێ بە کەرەسەیەکی پایەنزم و گۆڕاو! ئیتر هەر ئەوە دەمێنێتەوە بگوترێ ڕەب کـەرەسـتـە و جیـهـانی لە هیـچـەوە Nichts داهێناو(١٧). هەرچۆنێک بێت، بەڵگە و گــریمانە و

بیانووی مەسیحییەتی پشت بەستوو بە تەوراتی عیبرانی مووسا ئەو جۆرە هەڵوێست و بۆچوون و جیهاندیدە نە بەژیر نە بە مەنتیق پاساو نادرێ. تەورات وتوویەتی و مەسیحییەت پەسندی کردووە، ڕەبی مووسا لەهیچەوە هەموو شتێکی داهێناوە! ئەو هیچە کەرەسەیە، بنەمایە، یان هیچە؟ کامیان دەبێ؟! ئەگەر ڕێگا بدرێ فەلسەفە و مەنتیق قسەیەک بکات دەڵێ: لە هیچەوە تەنیا هیچ دروست دەکرێت و دەکەوێتەوە بۆ پرسیارەکەی هایدگەر ڕەواییەکی پێدەبڕێ کە وتوویەتی بۆچی لەسەرەتادا بەگشتی «بوون» هەبوو، «هیچ» نەبوو؟

سەرچاوە و پەراوێز:


1- Hirsch berger Jo hannes, Geschichte der Philosophie. Bd. I. komet 1980. S.396.

2- Wolfgang L.Gombocz., Die Philosophie des ausgehenden Antike und des fruhen Mittelalters. Munchen 1997. S.389.

٣- هويز نجا، يوهان،. اضمحلال العصور الوسطى، ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب. ط٢، ١٩٩٨، ص١٣٧-١٣٨.

٤- شورون، جاک.، الموت في الفكر الغربي، ترجمة، كامل يوسف حسين. مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المؤسسة العربية للدراسات والنشر عمان ٢٠٠٠، ص١٠١.

٥- بدوي، عبدالرحمن، فلسفة العصور الوسطى. مكتبة النهضة المصرية ١٩٦٢ ص٦١-٦٢

هەروەها بڕوانە:

Rod, Wolfgang., Der Weg der Phi- – losophie. Bd.I. Munchen 1994. S.319.

6- Pinborg, Jan., Logik und Semantik im Mittelalter. Holzboog 1972. S.43.

7- Pinborg, Jan., Ebenda. S.44.

8- Flasch, Kurt.,Einfuhrung in die Philosophie des Mittelalters. WB. Darmstadt 1994. S.51.

٩- كرم، يوسف.، تأريخ الفلسفة الاوربية في العصر الوسيط، دارالمعارف بمصر، ١٩٥٧، ص٧٧ وفي اماكن اخرى أيضا.

10- Anselm Von Canterbury., Werke. Ubersetzt von Rudolf Allers. Bol. I. Wien... S.350.

11- Copleston, F. C. Geschichte der Philosophie im Muttelalter. Minchen 1976. S.75.

هەروەها بڕوانە

- Weischedel, Wilhelm., Der Gott der Philosophen. Erter Band. WB. Darmstadt 1971. S.124.

12- Copleston, F.C. Ebenda. S.77.

13- Flasch, Kurt., Ebenda. S.54.

14- Anselm., Werke. Ubersetzt von R. Allers Wien... S.537.

١٥- ئەو لایەنە جەنجاڵ و کێشە ئامێزە کاتێک کە هاتینە سەرباسکردنی فەلسەفەی دیکارت و سپینۆزا و کانت پتر ڕوونی دەکەینەوە.

16- Gilson., E., und Bohner, Phil., Christliche Philosophie. 2. Auflage Bd. 1-2. Paderborn 1954. S.310.

17- Gilson, E., und Bohner, Phil., Ebenda S.310.

١٨- هایدیگەر، مارتین، میتافیزیک چییە؟ گۆڤاری ڕامان. ژمارە- ٩٦ مایسی ٢٠٠٥ لاپەڕە- ١٠١.

# کەسایەتی ڤۆلتێر و بەرهەمەکانی

ئەحمەد ئێرانی
لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر (مەریوان)

«لەگەڵ قسەکانتدا نیم، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانی قسەکانت بکەی، ئامادەم گیانم فیدا بکەم».
(ڤۆلتێر)

هەندێ لە نووسەرانی مێژووی شارستانیەت، سەدەی هەژدەمیان وەک سەدەی ڤۆلتێر ناوزەد کردووە، لە ڤۆلتێر وەک «وتەبێژی سەدەی هەژدەم»یش باس دەکەن. لە قۆناغی ژیانی ئەم نووسەر و شاعیر و فەیلەسووفە و هەروەها پاش مردنیشی نازناوی زۆریان بۆ داناوە، نازناوەکانی وەک «گەوهەری درەوشاوەی فەرەنسا»، «ئیمپراتۆری ئەدەب»، «پەیامهێنەری شۆڕش»، «دوژمنی ئایین فرۆشان» و «گەورەترین نامەنووسی مێژوو». لە ڤۆلتێر وەک یەکێک لە دیارترین و ماندوونەناسترین نووسەرانی سەرتاسەری مێژوو یاد دەکرێ. لامارتین هۆزانڤانی گەورەی فەرەنسی، ئاوا لەسەر ڤۆلتێر دەدوێ: «ئەگەر پێوانەی هەڵسەنگاندنمان سەبارەت بە مرۆڤ کارنامەی ئەوان بێ، ئەوە بەم پێیە ڤۆلتێر گەورەترین نووسەری ئەورووپای نوێیە». ڤیکتۆر هۆگۆی نووسەری هاوولاتی ڤۆلتێریش دەنووسێ: «ناوی ڤۆلتێر خشتەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی سەدەی هەژدەمە».

نووسەرانی بەسەرهاتی ڤۆلتێر دەڵێن ناوبراو لەسەرتاسەری مێژوودا لەڕووی نەترسی و ئازایەتی لە خەبات دژی پیاوە ئایینییە دین فرۆشەکان و فێڵبازەکانی مەزهەب بێ هاوتایە و هیچ بیرمەندێکی دیکەی وەک ئەو ئاڵای شۆڕشی لەدژی پیاوانی ئایینی مەسیحی هەڵنەکردووە. زۆربەی نووسەرانی ژیاننامەی ڤۆلتێر وەک نوێنەری بێ هاوتای بزووتنەوەی رووناکبیری لەسەرتاسەری ئەورووپا بەتایبەت فەرەنسای دەناسن.

ڤۆڵتێر زیاتر لە حەفتا ساڵ تەمەنی بۆ کاری نووسین تەرخان کردووە و نەوەد و نۆ دەفتەر و کتێبی لە ڕۆمان، نووسینی شانۆنامە، شیعر و ڕەخنە، مێژوو و فەلسەفە نووسیوە. بەرهەمەکانی ناوبراو پڕاوپڕن لە هۆشیاری و تەنزی هێرشبەرانە، ئازایەتی، توانایی و ئامۆژگاری. لە نووسراوەکانی ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕ و نەریت شکێن و ڕەوانبێژەدا تێبینیی ورد، تانەوتەشەر و توانجی ژاراوی و پەروەردە کردنی هۆشیارانە هەروەک شەپۆلی دەریا لە خرۆشاندایە. ئاناتۆل فرانس سەبارەت بەشێوازی نووسینی ڤۆڵتێر دەڵێ: «قەڵەم لە قامکەکانی ڤۆڵتێر هەڵدێ و پێدەکەنێ». دالامبەر وەک هەورە برووسکەی شەوانی بێ دەنگی و تاریکی سەدەی هەژدە دەیناسێنێ. ڤۆڵتێر لەڕووی کاریگەریی لەسەر بزووتنەوە فیکرییەکانی ئەورووپا و لە فەرەنسا وەک مەشخەڵێک دەزانن کە نزیک بەحەفتا ساڵ سووتا و تیشکی هۆشیاری و ڕاپەڕینی بڵاوکردەوە. گۆتە شاعیری ناوداری ئەڵمانیانی ڤۆڵتێر وەک بلیمەت ناودەبات، بلیمەتێک کە توانایییەکانی لەڕاگەیاندن، ژیربێژی و فەلسەفەدا سیحراوییە.

کاریگەریی ڤۆڵتێر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە تەواوی نووسەرانی خەباتگێڕی سەردەمی خۆی بەرچاوتر بووە. ئەو وەک «باوکی شۆڕشی فەرەنسا» و «باخەوانی شۆڕش»یش یاد دەکرێ. دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی ئەو ئایین و مەزهەبانە بووە کە بەتوندی بێ حورمەتییان بە هۆش و هەست و پێگەی ئینسان دەکرد. ڤۆڵتێر ڕێبەرانی ئایینی و گەورەکانی کڵێسای بە ڕاڕا و دەزگای ئایین و مەزهەبی بەدووکانی فێڵبازی دەزانی. لەسەرتاسەری تەمەنی درێژی خۆیدا دەستی دابووە خەباتێکی بێ کۆتایی لەگەڵ پیاوانی ئایینی و هەتا دوایین چرکەکانی تەمەنی بە تەنزی ژاراوی دەیکوتان. بیرمەندێک کە ئیمپراتۆریی بەهێزی پرۆس و شاژنی ڕووسیای گەورە شانازییان بە دانیشتن لەگەڵیدا دەکرد. نووسەرێک کە پاشاکانی نەمسا، پۆڵۆنیا، دانیمارک و سوێد شانازییان بە دۆستایەتی ئەو دەکرد و دەیانزانی کە داوایان لێدەکا پێش ئیمپراتۆر، یان پاشا بوون، هۆشیار و دادپەروەر بن. یەکێک لەگەورەترین ئاواتەکانی ڤۆڵتێر پاش ڕووخانی دەزگای ئایین، پیادە کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو.

**بلیمەتێک لە باستیل**

ڤۆڵتێر نزیک بە سێ سەد ساڵ لەمەوبەر لە ساڵی هەزار و شەش سەد و نەوەد و چواری زایینی لە پاریس لە دایک بوو. لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی و خوێندەوار پەروەردە بوو، «فرانسوا ئارونە»ی باوکی پارێزەرێکی سەرکەوتوو بوو. «ماری دومارد»ی دایکی ژنێکی ئەشرافزادە بوو، زیرەک و قسەخۆش، جوان و سەربزێو، بەڵام تووشی نەخۆشی سیل ببوو. مامانەکەی پێی وابوو ڤۆڵتێر لە ساتەکانی یەکەمی ژیانیدا بەهۆی لاوازیی زۆرەوە دەمرێ و گیان دەسپێرێت. هەر بۆیە دواتر خۆی دەنووسێ هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانییەوە مەرگ چاوەڕوانی بووە. کاتێک ئەم منداڵە لاوازە حەفتەی یەکەمی تەمەنی تێپەڕاند، خێزانەکەی وەک شتێکی سەیر لە زیندووبوونەوەکەیان دەڕوانی. ئەگەرچی ئەم منداڵە لاوازە هەشتاو چوار ساڵ ژیا، بەڵام لەسەرتاسەری ژیانیدا هەمیشە نەخۆش و لاواز بوو، ئازاری دەچێشت و بەدەست کۆمەڵێک نەخۆشی جۆراوجۆرەوە دەیناڵاند. هەندێ لە پزیشکان لایان وابوو کە ڤۆڵتێر نەخۆشی سیلی لەدایکی بەمیرات بردبوو و ئەم نەخۆشییە هەتا کۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا بوو و هەتا مرد دووچاری نەخۆشی سووتانەوەی سییەکان و تای جۆراوجۆر بوو و هەردەم هەستی بە سەرما دەکرد.

ڤۆڵتێر جەستەیەکی ورد و ڕوخسارێکی لاواز و ناحەزی بووە. دوای تووشبوون بە نەخۆشی ئاوڵە ڕوخساری ناشیرینتر بووە. ئەو کەسانەی سەربردەی ڤۆڵتێریان نووسیوە دەڵێن کە ڕوخساری لە هەمان کاتدا بۆ پێکەنین دەبوو، جێگای ڕێزیش بوو، چاوەکانی درەوشاوە، پرسیارکەر و هۆشیار بوو و لەزەردەخەنەیدا خۆشەویستی و نافەرمانی تێکەڵ دەبوون. ڕوانینەکانی پڕ بوون لە تیشکی بلیمەتی، پێکەوە هەڵکردن و لێبوردن و تەنزێکی فەلسەفی.

پاش فێربوونی خوێندن و نووسین هەر زوو دەستی دایە نووسینی شیعر. باوکی لە ئۆگریی لە ڕادەبەدەری منداڵەکەی بە نووسینی شیعر سەری سوڕمابوو و دەیگوت ئەم کوڕە لە داهاتوودا بێکار و هەژار دەبێ. منداڵی شاعیر لە نۆ تا حەڤدە ساڵی خوێندنی فەرمی خۆی لە قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی یەسووعییەکان کە دەستەیەکن لە کریستیانەکان کۆتایی پێ هێنا. لەم قوتابخانەیەدا لەگەڵ منداڵانی

ئەریستۆکراتی فەرەنسا ئاشنا بوو و ئۆگرییەکی زۆری بە ئەدەب، شانۆ و بەتایبەت نووسینی شیعر پەیداکرد. دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی دواناوەندی باوکی داوای لێدەکا لەبەشی یاسادا درێژە بە خوێندن بدا، بەڵام ڤۆڵتێر ئەدەب هەڵدەبژێرێت، هەربۆیە لەگەڵ باوکی ناکۆکی لێ پەیدا دەبێ، بەڵام ئەم شاعیرە ناوداره دەبێ یەکێک لە دەوڵەمەندە گەورەکانیش بێت، لەم سەردەمەدا ڤۆڵتێر بەم جۆرە بیری دەکردەوە کە لێوەشاوەیی بەبێ پارە ئازارهێنەر و پارەش بەبێ لێوەشاوەیی بێ مانایە. ئەو دەیویست ناودارێکی دەوڵەمەند بێت. کەسێک کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڤۆڵتێری لاو هەبوو شاتۆنۆفی مامۆستای بوو، ئەم پیاوە خۆی بەخواناس، بەڵام بێ دین دەناسی و لەسەر هزر و ئەندێشەکانی شاعیری لاو کاریگەرییەکی هەتا هەتایی بەجێ هێشت.

ڤۆڵتێر لە بیست و سێ ساڵی و لە شیعرێکی رەخنەگرانەیدا گاڵتەی بە شازادەی فەرەنسا کرد. پاش بڵاوبوونەوە شیعرەکەی بۆ ماوەی یازده مانگ لە زیندانی بەناوبانگی باستیلدا دەستبەسەر کرا و بۆ یەکەم جار تامی ئەدەبی خەڵکی چێشت. لەو سەردەمەی لە باستیل بوو، گەڵاڵەی یەکەمین شانۆنامەی خۆی بەناوی «ئۆدیپ» دارشت. لەو کاتە بەدواوە بوو کە نازناوی ڤۆڵتێری بۆ خۆی هەڵبژارد و ئەو نازناوە تا کۆتایی تەمەنی مایەوە و بەو ناوە ئیمزای دەکرد. نووسەرانی ژیانی ڤۆڵتێر ئەو نازناوەیان بە راز و نهێنی دەزانی، هەندێ دەڵێن «ڤۆڵتێر» ناوی شوێنی لەدایکبوونی نووسەرێک بووە کە ڤۆڵتێر لەدەورانی لاوێتیدا ئۆگری تەنزەکانی بووە. هەندێکی دیکە دەڵێن ڤۆڵتێر ناوەکەی لە موڵکی بنەماڵەکەی بە ئیلهام وەرگرتووە.

شانۆگەریی ئۆدیپ لەتەمەنی بیست و چوار ساڵی ڤۆڵتێردا لە پاریس نمایش کرا و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێکرا. ئۆدیپ کە بۆ ماوەی چل و پێنج شەو زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کەس ئامادەی دیتنی بوون، رچەی درێژترین شانۆنامەی شکاند. ئەوەش بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنی ڤۆڵتێر لەسەرتاسەری فەرەنسا و داهاتێکی یەکجار زۆری لێ وەدەست کەوت، لەوکاتەدا ڤۆڵتێر وەک ناودارترین شانۆنامەنووسی فەرەنسا یاد دەکرایەوە. رەخنەگرانی شانۆی فەرەنسا ناوبراویان لەگەڵ کەسانێکی وەک «سۆفۆکلیس»، «کورنی» و «راسین» بەراورد دەکرد. پەیامی شانۆنامە ئاشکرا کردنی سەرەرۆییەکانی پیاوانی ئایینی و فێڵبازییەکانیانە و هەر لە تاقی لاوێتیدا هونەری خۆی لە دروست کردنی دوژمن دەرخست. بە چوونەسەری ناوبانگی، ئەم نووسەرە بلیمەت و هەلپەرستە زیاتر لە جاران لەگەڵ شازادە و ئەریستۆکراتەکانی پاریس و سەرتاسەری وڵات نزیکیی پەیدا کرد. وەڵامە بەجێ و تەنزە ژاراوی و لێهاتوویییەکانی لە شیعر و پەخشاندا ببووە وێردی سەر زاری خەڵک و پاش رزگاربوونی لە زیندانی باستیل بەوپەڕی پاراستنی ئەدەب، بەڵام بە تەنزەوە داوای لە شازادە کرد ئەگەر پێیان باش بێت دەتوانن هەروا خەرجی سێ ژەمی خواردنی رۆژانەی من دابین بکەن، بەڵام ئیزن بدەن لەجیاتی زیندانی باستیل خۆم شوێنی نیشتەجێ بوونم هەڵبژێرم. ڤۆڵتێر بێ ئەوەی پلەی ئەریستۆکراتی هەبێ، تەنیا لەبەر ناوبانگی و شارەزایی لە ئەدەب، لەکۆبوونەوەکانی ئەشرافیدا بەشداری دەکرد و لە هەموو شوێنێک زاڵبوونی خۆی بەسەر شازادەکان و ئەریستۆکراتەکاندا دەسەلماند. ئەم لاوە نە تەنیا گاڵتەی بە ئەریستۆکرات و پیاوانی دەربار دەکرد، بەڵکو شازادە و پیاوە ئایینییەکانیش لە چزووی تەنزە ژاراوییەکانی بێبەش نەدەبوون. کاتێک شازادە بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ماڵییەوە ویستی نیوەی ئەسپەکانی بەمەبەستی دەست پێوەگرتن بفرۆشێ، ڤۆڵتێر وەبیری هێنایەوە کە باشترین رێگای دەست پێوەگرتن لەسەرکار لابردنی نیوەی کەرەکانی کۆشکە.

لە یەکێک لە کۆبوونەوە ئەشرافییەکاندا شازادەیەک روو لە ڤۆڵتێر دەکات و پرسیار دەکات کە ئەم لاوە کێیە بەدەنگی بەرز قسە دەکات و خۆی لە وەڵامدا دەڵێ: «گەورەم، ئەو لاوە کەسێکە کە هەڵگری ناوێکی گەورە نییە، بەڵام لەبەر نازناوێک کە لەسەرخۆی داناوە خەڵکی رێزی لێدەگرن» بە فەرمانی ئەو پیاوە چەند کەسێک رادەسپێردرێن تا لەبەر قسەکانی لێی بدەن، سەردەستەی گرووپەکەش داوا لە بەکرێگیراوانی دەکات لەسەری ڤۆڵتێر نەدەن، چونکە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە لە داهاتوودا شتی سەرنجراکێشی لێ بێتە دەرەوە، چەند رۆژ دواتر ڤۆڵتێر لە شانۆیەکدا رووبەرووی ئەوکەسە دەبێتەوە کە بریندارى کردووە و داوای شەڕی دوو بەدووی لێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەوکەسە کە ڤۆڵتێری بریندار کردبوو لە خزمە نزیکەکانی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بوو، بۆ جاری دووەم ڤۆڵتێر رەوانەی زیندانی باستیل دەکرێ،

دوای دوو حەفتە بەمەرجی بەجێ هێشتنی فەرەنسا و ڕۆیشتن بۆ بەریتانیا ئازاد دەکرێ. ئەو بەریتانیای لە باستیل پێ باشتر بوو، بۆیە قۆناغی دوورخستنەوەی دەستی پێکرد.

## دوورخستنەوە بۆ بەریتانیا

ڤۆلتێر لە سی و دوو ساڵیدا چووە بەریتانیا و سێ ساڵ لەو وڵاتەدا ژیا. لەم قۆناغەدا بەریتانیا یەکێک لە ئازادترین وڵاتانی جیهان بوو. سەرزەوییەک کە شای لە سێدارە داوە، چاکسازیی لە ئاییندا پێک هێناوە و پەرلەمانی نەتەوەیی ناوەندی دەسەڵاتی خەڵکە. ڤۆلتێر هەر زوو بۆی دەرکەوت کە لە بەریتانیا زیندانێکی وەک باستیل لەئارادا نییە و بەم ئاسانییە ناتوانن نەیارانی ئایین و دەوڵەت زیندانی بکەن. بیرمەندی فەرەنسی لە ڕێژەی ئازادیی تاکەکەسی، هەڵسوکەوتی لەسەرەخۆی کۆمەڵگە لە هەمبەر نەیاران و ئازادییەکانی ئایینی لەم دوورگەیە کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ سەرزەمینی بەلاڵێدراوی خۆی نەبوو، زۆر شادومان و خۆشحاڵ بوو و لەبەراورد لەگەڵ فەرەنسا لە ڕووی شارستانیەت، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەکان، پێشکەوتنی زانست بەتایبەت لەبواری بیرکردنەوەی ئازاد زۆر پێشکەوتووتر دەدی و ستایشی دەکرد. نووسەرێک کە لە نیشتیمانی خۆیدا بەبێ دادگایی دووجار زیندانی کرابوو و بەهۆی هزر و ئەندێشەیەوە لەزێدی دەرکرابوو، بۆی دەرکەوت کە ئەگەر نووسەرێکی بەریتانی بوایە، بەهۆی ئەندێشەکانییەوە نە زیندانی دەکرا و نە پەڕیوەی وڵاتانی دیکەش دەبوو.

ڤۆلتێر کە وەک شاعیر، شانۆنامەنووس و نووسەرێکی شۆڕشگێڕ ناوبانگی دەرکردبوو، لەگەڵ نووسەران و فەیلەسووفان و گەورەکانی بەریتانیا ئاشنایی پەیدا کرد، زۆر بە باشی زمانی ئینگلیزی فێربوو و لەگەڵ ناودارانی وەک پۆپ، سویفت، تامسۆن و بێرکلی کەوتە گفتوگۆ. کتێبەکانی فرانسیس بیکۆن، جان لاک، شەکسپیر و نیوتنی خوێندەوە و بەرادەیەک ڕێزی سەرکەوت کە بە دەرباری ئەو وڵاتەیان ناساند. نووسەری دوورە وڵات ڕوانگە و ئەندێشەکانی سەبارەت بەخەڵک و سەرزەمینی بەریتانیا لە بیست و پێنج نامەدا شی کردەوە، کۆکراوەی ئەو یادداشتنامانە دواتر وەک «نامەگەلی فەلسەفی» لە بەریتانیا و فەرەنسادا بڵاوبوونەوە و بەتایبەت لە فەرەنسا لەگەڵ پێشوازییەکی بێ وێنە بەرەوڕوو بوو.

هەندێک لە نووسەرانی مێژووی فەرەنسا لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە بڵاوبوونەوەی «نامەگەلی فەلسەفی» لە فەرەنسا یەکەمین چەخماخەی شۆڕش لێدرا و یەکەمین تۆوی شۆڕش لەسەر ئەو خاکە چێندرا. ڤۆلتێر لەم نامانەدا سەرەڕۆیی شاکانی بە ڕوونی دەرخست، لە دەزگای ئایین و دەوڵەتی فەرەنسا وەک سەرکوتکەرانی ئازادی تاکەکەسی و تالانچییەکانی کۆمەڵگە باس دەکرد، بەڵام لە بەرانبەردا ستایشی ئازادی تاکەکەسی لە بەریتانیا، حکومەتی یاسا، سەربەخۆیی ئایینی و بایەخدان بە زانست لەو وڵاتە دەکرد. «نامەگەلی فەلسەفی» وێنەیەک لە کۆمەڵگەی بەریتانیا لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی هەژدە وەدیار دەخات. ئەو لە نامەکاندا لە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی وەک حکومەت و سیاسەت، فەلسەفە و زانست، ئایین و مەزهەب، ئەدەب و هونەر دەدوێت. نیوتن وەک بلیمەتی زانست دەناسێنێت کە لەدەزگای زانستی ئەودا ئەفسانەگەلی باو لە زانستی فەرەنسا بەدی ناکرێت. جان لاک وەک فەیلەسووفێکی زیرەک ناودەبات کە لە فەلسەفەی ئەودا ئازادی تاکەکەسی پێگەیەکی زۆری بۆ خۆی تەرخان کردووە. حکومەتی بەریتانیا بە مەشرووتەی پاشایەتی ناوزەد دەکات کە خەڵکەکەی لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن و شاکەیان وەک شای فەرەنسا سەرەڕۆ نییە. ڤۆلتێر بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە دەیڕوانییە پێکەوە ژیانی مەزهەبەکان و ڕێککەوتنی ئایینەکان لە کۆمەڵگەی بەریتانیا و دەیگوت زیاتر لە سی ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر لەم سەرزەمینەدا هەن و یەکتەر قەبووڵ دەکەن. هەروەها بیری دواکەوتووانەی مەزهەبی فەرەنسای بە تەواوی هێزە و تواناوە دەبردە ژێر پرسیار و ڕەخنەی لە پیاوانی ئایینی وڵاتەکەی دەگرت. ستایشی پێشکەوتنی زانستی بەریتانیای دەکرد و دەزگای ئایینی و مەزهەبی فەرەنسای لەبەرانبەر دواکەوتوویی زانست لەو وڵاتەی بە بەرپرس دەزانی. هەندێ لەو نووسەرانە کە ڕابردوو و ژیانی ڤۆلتێریان نووسیوە دەڵێن کاتێک چووەتە بەریتانیا تەنیا شاعیر و شانۆنامەنووس بووە، بەڵام پاش بەحێهێشتنی ئەو وڵاتە بووەتە فەیلەسووفێکی شۆڕشگێڕ. زۆرێک لە مێژوونووسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێش سەفەری بۆ بەریتانیا لێهاتوویی فەیلەسووفێکی شۆڕشگێڕ و نووسەرێکی بەتوانای تێدا بووە و لە قۆناغی

ژیانیدا لە بەریتانیا ئەو لێهاتووییەی زیاتر کردووە.

### بڵاوکردنەوەی کتێب و هەڵاتنی نووسەر

ڤۆڵتێر دوای تێپەڕ کردنی قۆناغی سێ ساڵەی دوورخراوەیی لە بەریتانیا، گەڕایەوە وڵاتەکەی و لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو. کتێبی«نامەگەلی فەلسەفی» سەرەتا لەبەریتانیا بڵاوکرایەوە. لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسانی فەرەنسی پشتگیرییان لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لە فەرەنسادا کرد، ساڵی دواتر بەبێ مۆڵەتی حکومەت و تەنانەت بەبێ مۆڵەتی نووسەرەکەی ئەو بەرهەمە لە فەرەنسا چاپ و بڵاوبووەوە. لەوەی کە پەیامی کتێبەکە ڕەخنەی توند لە دەزگای سەرکەوتکەری شاکانی فەرەنسا دەگرێ دامەزراوە ئایینییەکان و ئەریستۆکراتییەکانی فەرەنسی دەگرێتە بەر ڕەخنە، دەبێتە هۆی تووڕەیی دەزگای پاشایەتی و ئەریستۆکراتەکان و بەتایبەت ڕێبەرانی ئایینی لە دژی ڤۆڵتێر. نووسەری نامەکان هیچ ڕێگایەک جگە لە بەجێ هێشتنی دووبارەی فەرەنسای بۆ نامێنێتەوە، بە ناچار لە تەمەنی چل ساڵیدا هەڵدێ و پەنا بۆ یەکێک لە شارە سنوورییەکانی دەبات کە لە سەیتەرەی دیکتاتۆرە زەمینی و ئاسمانییەکان دوور بوو. لەم سەردەمەدا لەگەڵ ژنێکی ڕووناکبیر و ئۆگری زانست و فەلسەفە بەناوی «شاتلە» کە ژنێکی بیست و هەشت ساڵەی دەوڵەمەندی شارەکە بوو، ئاشنا دەبێت. ئەو ژنە وەرگێڕی کتێبی بەناوبانگی «ئوسوۆڵ»ی نیوتن-ە و پازدە ساڵ لەگەڵ ڤۆڵتێر ژیان بەسەر دەبات. ئەوەش وای لە ڤۆڵتێر کرد کە زیاتر لەجاران ئۆگری زانست بەتایبەت زانستی فیزیا و تاقیگە زانستییەکان بێت. هەندێ جار ئەویندارانە لەتاقیگەدا نوقمی تاقیکردنەوە دەبوون کە دنیای دەرەوەیان لەبیر دەکرد. کۆمەڵێک لە مێژوونووسان شاتلە وەک ناودارترین ژن و بیرمەند و ڕووناکبیری سەردەمی خۆی ناو دەبەن. لەماوەی ئەم پازدە ساڵەدا ڤۆڵتێر چەندین بەرهەمی بەپێزی شانۆنامەیی، مێژوویی و فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە نە تەنیا لە فەرەنسا، بەڵکو لە سەرتاسەری ئەورووپادا ناوبانگی زیاتر دەردەکات و وادەکات شازادەکانی ئەورووپا شانازی بە دۆستایەتی بکەن. لە تەمەنی پەنجاو یەک ساڵیدا بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی فەرەنسا و نیشانی مێژوونووسی دەرباری پێ بەخشرا و شا نازناوی «ئەشراف»ی پێدرا.

لە قۆناغی ژیان لەگەڵ شاتلەدایە کە ڤۆڵتێر کتێبی ئینجیل وردتر دەخوێنێتەوە و ڕاڤەی دەکات. بەدڵێرییەکی بێ هاوتاوە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بەکێوێک لە ئەفسانە دەشوبهێنێت کە لاپەڕەکانی پڕن لە چیرۆکی ئەفسانەیی. لە داستانەکانی ئینجیلدا جیاوازییەکان و تەنانەت هەڵەی زۆر دەبینێت و ڕایدەگەیەنێت کە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان قسەی خولقێنەری جیهان نییە، بەڵکو گرووپێک پێکیان هێناوە و دەڵێ ئایین دژی زانست و عەقڵ و ژیربێژییە، تەواوی ئایین و مەزهەبەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاسمانین وەک ئەفسانە دەیانناسێنێت. پێی وایە زانست و ژیربێژی ڕێگەی خەبات لەگەڵ ئایین و مەزهەبە و دەڵێ هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵ ئایین فرۆشان و پیاوە ئایینییە درۆزنەکان بەربەرەکانی دەکات و ڕیشەکێش کردنی مەسحییەت بە ئامانجی خۆی دادەنێت.

### ئیمپراتۆر لەبەردەم بیرمەنددا

شاتلەی دۆست و خۆشەویستی ڤۆڵتێر لە ساڵی هەزار و حەفت سەد و چل و نۆ و لەکاتی منداڵبووندا کۆچبار بوو و بە مردنی زەبرێکی کاریگەر لەبیرمەند کەوت. چەندین ساڵ بوو کە ڤۆڵتێر داوای فریدریکی گەورە ئیمپراتۆری پرۆسی ڕەت دەکردەوە و بردنە سەری ژیان لەگەڵ خۆشەویستەکەی گەلێک لەژیانی ناو دەرباری ئیپمراتۆری ئەورووپای پێ باشتر بوو. فریدریک زۆرجار داوای لێدەکرد بێتە دەربارەکەی و لەنامە بەهەستەکانیدا ڤۆڵتێری وەک پیاوی هەژارەکان و بیرمەندترین مرۆڤی تەواوی قۆناغەکان دەناساند. ڤۆڵتێریش فریدریکی وەک سوقرات، ئەسکەندەر و سولێمانی باکوور دەشوبهاند. مردنی شاتلە بووە هۆی ئەوەی کە ڤۆڵتێر داوای ئیمپراتۆر قەبووڵ بکات و ڕۆیشتنی بۆ دەربار، پاشای ئەورووپا لە شادییەکی بێ وێنەدا نوقم بکات. پێوەندی سەرەتایی ئیمپراتۆری پرۆس و فەیلەسووف زۆر دۆستانە بوو و یەکتریان ستایش دەکرد. ڤۆڵتێر بەدەست و دڵبازییەوە نازناوی «فەیلەسووفی شا»ی لە فریدریک دەنا و ئەویش بە بەخشینی بەرزترین پلە و پایەکان وەک گەورەترین مێشکی ئەورووپا دەیناسی و بەخێرهاتنی دەکرد. ڤۆڵتێر بۆ ماوەی سێ ساڵ لەدەسەڵات و سامانی بەهێزترین و دەوڵەمەندترین شای ئەورووپا هاوبەش بوو، بەڵام گرژی نێوان ئەو و سەرۆکی فەرهەنگستانی زانستی پرۆس و

ڕکەبەرایەتی لەگەڵ سووخۆرێکی گەورە (ڤۆڵتێر بۆ خۆی سووخۆر بوو) بووە هۆی ساردی لە پێوەندی ئەم دووکەسە. ڤۆڵتێر دەفتەرێکی تەنز سەبارەت بە فەرهەنگستان دەنووسێ، تەنزی ژاراوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بلێسەی تووڕەیی ئیمپراتۆر سەر لە ئاسمان بدات. بیرمەندێک کە جگە لە مێشکێکی بەتوانا، چەکێکی دیکەی شک نەدەبرد، بە فەرمانی هەمان مێشک هەڵات.

**فەیلەسووفی لەنیشتیمان وەدەرنراو**

کاتێک ڤۆڵتێر لە دەرباری ئیمپراتۆر فریدریک هەڵات، لەبەر ئەوەی کە فەرەنسییەکی دوورخراوە بوو، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و لە هەر شوێنێکی سەر بە ئیمپراتۆری پرۆسدا بمایایەوە لەلایەن سەربازانی ئەو ئیمپراتۆرییەوە دەگیرا. بیرمەند بەچەکی قەڵەمی خۆی کەوتبووە بەربەرەکانێی شای سەرەڕۆی فەرەنسا و ئیمپراتۆری پرۆس، ببووە مرۆڤێکی بێ نیشتیمان و پیاوێکی هەڵاتوو و دوورخراوە. ئەو شوێنێکی بۆ ژیان هەڵبژارد کە لەژێر چاودێری پرۆس و دەسەڵاتی فەرەنسادا نەبوو، ئەم شوێنە «فرنی»یان پێدەگوت و کەوتبووە نزیک شاری ئێستای ژنێڤ. بوونی ڤۆڵتێر لە «فرنی» شوێنی ژیانی ئەوی کردە پایتەختی ڕووناکبیری ئەوروپا. نووسراوەکانی لەجاران زیاتر بوێرانە بوو و بۆنی توندوتیژی لێدەهات. ناوبانگی لەجیهانی ئەدەب و هزر و ئەندێشەدا تا دەهات زیاتر دەبوو. شازادە و گەورەکانی وڵاتانی دیکە، نووسەران و ناودارانی ئەوروپا سەردانیان دەکرد و ئەویش خزمەتی دەکردن. فەیلەسووفی بەناوبانگ نازناوی «خاوەنی میوانخانەی ئەوروپا»ی لەخۆنا. ڤۆڵتێر شاکاری خۆی بەناوی «کاندید»لەم قۆناغەدا نووسیوە و زۆربەی بابەتە فەلسەفی و مێژووییەکانیشی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. ڤۆڵتێر نزیکەی بیست و چوار ساڵ ژیانی لە «فرنی»دا بەسەر برد. کاتێک بڕیاری دا قۆناغی دوورخستنەوەی تێپەڕ بکات و بگەڕێتەوە پاریس، نزیک بەهەشتا و چوار ساڵ ژیانی پڕاوپڕ لەتێکۆشان و خەباتی تێپەڕاندبوو. ڤۆڵتێر چوار ساڵ پاش مردنی لویسی پازدەم بۆ کردنەوەی دوایین پێشانگەی بەناوی «ئیرن» چووە پاریس. لەکاتی چوونی بۆ پاریس خەڵکی بەشێوەیەک پێشوازییان لێ کرد کە قەت بووکی شارەکانی جیهان و ناوەندی شارستانیەتی ئەوروپا پێشوازی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو. وێنەی پێشوازی خەڵکی پاریس لە ڕوونترین مێشک و بیری فەرەنسا و ئەوروپا وەک یەکێک لە شکۆدارترین وێنەکانی سەدەی هەژدەم باسی دەکەن. نووسەرێک دەنووسێ هەتاوی ئەوروپا کە لە پاریسەوە هەڵهاتبوو، بۆ ئاوا بوون جارێکی تر گەڕایەوە فەرەنسا. ستایشی فەرهەنگستانی فەرەنسا و ڕێزلێنان لە ناوبراو بەجۆرێک جۆش و خرۆشی بەدواوە بوو کە فەیلەسووفی بەجەستە لاواز هاوار دەکات و دەڵێ: «بەم جۆرە ڕێزلێنانە من دەکوژن».

فەیلەسووفی نەخۆش کە سەرتاسەری ژیانی شەیدای پاریس بوو، تەنیا سێ مانگ و نیو لەم شارەدا ژیا. ئەو بیرمەندە گەورەیە کە لە ژیانیدا بەدەست چەندین نەخۆشییەوە دەیناڵاند لە مانگی مایسی هەزار و حەفت سەد و حەفتا و هەشت، واتە یازدە ساڵ پێش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کۆچی دوایی کرد. لەدوایین ساتەکانی تەمەنی کاتێک کە قەشە داوای لێدەکا تا داوای لێبووردن لەخوا بکات، بە دەستەکانی ئیشارەتی پێ دەدات کە لەسەر جێگاکەی دوور بکەوێتەوە و گوتی: «بهێڵە هەتا بە ئاسوودەیی بمرم».

ڤۆڵتێر لە ڕوانگەی دەزگای ئاییندا وەک خوانەناس باسی لێوە دەکرا و بەهۆی قەبووڵ نەکردنی داخوازی قەشە ناویان بەکافر دەبرد. دەزگای کڵێسا کۆسپی زۆری خستە سەر ڕێگای ڕێوڕەسمی ناشتن و بەخاک سپاردنی ڤۆڵتێر. دۆستانی بەناچاری لەشەودا تەرمەکەیان لەپاریس بردە دەر و بەنهێنی بە خاکیان سپارد. ئەو نووسەرانەی ژیاننامەی ڤۆڵتێریان نووسیوە دەڵێن بە ڕاگەیاندنی مردنی بیرمەندی گەورەی فەرەنسا نە تەنیا پاریس و فەرەنسا، بەڵکو سەرتاسەری ئەوروپا ماتەم دایگرت. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، ئێسک و پرووسکی ڤۆڵتێر گەڕێندرایەوە پاریس و خەڵکی شارەکە بەجۆرێک ڕێزیان لەو ئێسک و پرووسکانە گرت کە ئەو ڕێوەڕەسمە تەنانەت بۆ ناودارترین شازادەکانی بەدەسەڵاتیش نەگیرابوو. نەتەوەیەکی گەورە پیاوێکی گەورەی لەخۆیدا نوقم کرد.

**تایبەتمەندییەکانی قۆناغی ژیان**

نزیک بە هەشتا ساڵ ژیانی ڤۆڵتێر لەسەدەی هەژدەمدا بوو. ئەو سەدەیە بەسەدەی شۆڕشی فەرەنسا، یان

سەدەی دایکی شۆڕشەکانی جیهان دەژمێردرێت. لەم سەدەیەدا ئیمپراتۆر و شاکانی وڵاتانی ئەورووپی بە دیکتاتۆری و مستی پۆڵایین کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. لە فەرەنسا شاکان بەسەر گیان و ماڵی خەڵکدا فەرمانڕەوایی بێ ئەملا و ئەولایان دەکرد و خۆیان بە یاسا، حکومەت، و فەرەنسا دەزانی. دەوڵەمەندە گەورەکان، خاوەن موڵکەکان و گەورە پیاوانی سەربازی کە چواردەوری دەزگای پاشایەتییان گرتبوو. حکومەتی تەکنۆکرات و شازادەکانیان پێک هێنابوو. گرووپێکی زۆر کەم بەشێکی زۆری سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی لەدەستدا بووو بە تەواوی توانا و هێزەوە پشتیوانییان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد و دەسەڵاتی تەواوی کۆمەڵگەیان لەدەستدابوو. دەزگای ئایینیش وەک دەسەڵاتێکی بەربڵاو ببووە باسکی بەهێزی تەکنۆکرات و ئەریستۆکراتەکان و لە ڕاستیدا بۆ خۆیان تەکنۆکرات و ئەریستۆکرات بوون کە جلوبەرگی تایبەتییان لەبەردابوو. دەوڵەمەند و پیاوە ئایینییە گەورەکان «حکومەتی هەڵبژاردە»، یان «کۆمەڵگەی ئەریستۆکراتی»یان پێک هێنا. کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ لەسەر بنەمای سەرەڕۆیی زەمینی ئاسمانی بەڕێوەدەچوو. خەڵکی کۆیلەیەک زیاتر نەبوون و گەورەترین ئەرکی ئەوان ئەوە بوو کە پێڕەوی لە فەرمانەکانی شا بکەن. نەزانی، هەژاری، ئەفسانە و نابەرابەری لەوپەڕی خۆیدا بوو. دەزگای حکومەتی کە گەورەترین پێکهاتەکانی دەست و پێوەندی شاکان، دەوڵەمەندەکان، خاوەن موڵکە گەورەکان و ڕێبەرانی ئایینییە لە خۆشگوزەرانی، ڕابواردن، زوڵم و زۆر، درۆزنی و دووڕوویی‌دا نوقم ببوون، شازادەکان نازناو دەفرۆشن و ڕابەرانی ئایینیش کۆشکەکانی بەهەشت. دەرباریەکان و دەسەڵاتداران بەڕابواردن، ڕۆژگار دەبەنە سەر. پیاوە ئایینییەکان جگە لە کۆکردنەوەی سەرمایە و دووڕوویی هونەرێکی دیکەیان نەبوو. نەتەوە لە هەژاری و بێ دەرەتانی و نەخۆشیدا نوقم ببوو.

لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی فەرەنسادا ناشیرینی و جوانییەکان لە تەنیشت یەکدی خۆیان دەنواند. فەرەنسا بەتایبەت شاری پاریس پایتەختی فەلسەفە، هونەر، فەرهەنگ و شارستانیەتی جیهانە، بەڵام فەرهەنگ و شارستانیەتی درەوشاوە نوقمی زوڵم و چەوسانەوە و ئەفسانە بووە. زانستی نوێ و فەلسەفەی نوێ لەگەڵ مەزهەبی کۆن لە شەڕدا بوون. لە تەنیشت ژیانی پڕ شکۆی تەکنۆکرات و شازادەکان، خەڵکی لەوپەڕی دەست کورتیدا دەژیان، بەڕاستی قۆناغی جیاوازییەکانە، لە قۆناغێکی ئەوتۆدایە کە بلیمەتێک لەدایک دەبێ، گەورە دەبێ و دەست بۆ قەڵەم دەبات.

## تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڤۆڵتێر

نووسەرانی مێژووی شارستانیەت، ڤۆڵتێر بەیەکێک لە پڕکارترین، ماندوونەناسترین و نەترسترین نووسەری جیهان دەناسن. ڤۆڵتێر لەبوێری، قەبووڵ کردنی مەترسی و خەباتگێڕی بێ وێنە بووە، بیرێکی زۆر بەهێزی بووە و مێشکی بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر زانست، زانیاری، فەلسەفە و تەواوی وانەکانی وەردەگرت. لەقسەکردن و نووسین ئەوی پێی ڕاست بووبێ باسی کردووە، مێشکێکی پڕ کار، شەفاف و بەتوانای هەبووە، یەکێک لە نووسەرانی ڕابردووی ڤۆڵتێر دەنووسێ: «لەمێشکیدا ئاگرێک هەڵکرابوو کە تا دوایین چرکەکانی ژیانی هەر لە بڵێسەدا بوو». ڤۆڵتێر پیاوێکی لەسەر دڵان، لەخۆبوردوو و دەستودڵ کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەرانبەر نەیارانیدا بە هەڵوێست بوو، لەگەڵ وەستانی بە هەموو هێزی لە بەرانبەر سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و پیاوە ئایینییە درۆزنەکان لە خەباتدا بوو، بەڵام ئۆگری بە ژیانێکی ئاسوودە و شایانەی تێدا بەهێز بوو. لایەنگری سیستمی پاشایەتی بوو بەمەرجێک کە شا فەیلەسووف و بیرمەند بێت. ڤۆڵتێر لەڕاستیدا ئاوێنەی باڵا نوێنی قۆناغی پڕ لە دژبەری و جیاوازی سەدەی هەژدەم لە فەرەنسادا بوو. دەبووە میوانی ئیمپراتۆرەکان و هاودەمی شاکان و ستایشی دەکردن، ڕووی لە سوو خۆری و کۆکردنەوەی پارە کردبوو. بە هۆشیارییەکی بێ وێنە کاری بازرگانی و ئاڵوویری پڕ داهاتی دەکرد. بەکەڵک وەرگرتن لەهێزی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە کارەکانی بەشێوەی دڵخوازی خۆی جێبەجێ دەکرد. لە شوێنی خۆی پشتیوانی تەواوی لەو کەسانە کردووە کە کەوتوونەتە بەر غەزەبی دەزگای سەرەڕۆی حکومەتی و ئایینی. پیاوێک وەک بە تواناترین شانۆمەنووس، چیرۆکنووس، شاعیر و مێژوونووسی ئەورووپا ناسرابوو، ببوورن یەکێک لە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی ئەم کیشوەرە. بلیمەتی و تێکەڵاوییەکی سەیری لە شارەزایی لە ڕووی ئەدەبی و ئابوورییەوە هەبوو. سەرمایەکانی لەکارگەی دروست کردنی پاپۆڕ، ڕستن و چنین، کڕین و فرۆشتنی موڵک و

تابلۆ گرانبەهاکان وەگەڕخستبوو و لەکۆتایی هەر هەوڵێکی ئابووریدا ڕێژەی سامانی دەبردە سەرەوە. هەندێ لەکڕیارانی ناوبراو، ئیمپراتۆرەکان، شازەکان و دەسەڵاتدارانی ئەورووپا بوون. ڤۆڵتێر تەنانەت لە بەخێوکردنی ئەسپ، کرمی ئاورێشم و بەرهەم هێنانی هەنگوین غافڵ نەدەبوو. بە دەستێک دەینووسی و بەدەستێکی دیکە پارەی دەبژارد. قەرزی بە دۆستانی خۆی دەدا و تا دوایین پارەی سوودەکەی لێ وەردەگرتنەوە. کەس نەیدەتوانی سەرپێچی لە حیساباتی بکات، لەبەر ئەوەی دەیانزانی کە ناتوانن ڕووبەڕووی کەسێک ببنەوە کە خۆشەویستی شا و دەسەڵاتدارانە. ڤۆڵتێر لە هەستی نیشتیمانپەروەری، ئۆگری بەنەتەوە و فەرەنساپەرستی بەهرەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لایەنگری ڕاستەقینەی ڕاستی بوو. ڕاستییەک کە سنوور و وڵاتەکان لەبەرانبەریدا کەمڕەنگ دەبن. هەرکاتێک پێویست بوایە بە ستایشی زۆر لە کۆمەڵگەی بەریتانیای وەک ناوەندی ڕێزلێنان لە ئازادی تاکەکەسی و ڕێکەوتنی ئایینی دەڕوانی و ڕەخنەی ئاراستەی فەرەنسا و فەرەنسییەکان دەکرد. فەیلەسووفێک کە شەش شا و شاژنی ئەورووپا شانازییان بە دۆستایەتی ئەوەوە دەکرد، لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی ئاساییش غەمبار دەبوو، بۆ وێنە کاتێک پیاوە ئایینییەکان بازرگانێک بەناوی کالاس بە کوشتنی کوڕەکەی تاوانبار دەکەن و دەڵێن لەبەر ئەوە کوڕەکەی ویستوویەتی ببێتە کاتۆلیک، باوکی کوشتوویەتی، ڤۆڵتێر پشتیوانی لێدەکات و پاش سێ ساڵ دەیسەلمێنێت کە تاوانی پیاوانی ئایینی بێ بنەما بووە. لەمەسەلەیەکی دیکەدا پیاوانی ئایینی باوک و دایکێک بەتاوانی کوشتنی کچەکەیان بەهۆی ئۆگری بە مەزهەبی کاتۆلیک بە لەسێدارەدان مەحکووم کرد، هەوڵەکانی ڤۆڵتێر بۆ سەلماندنی بێتاوانی ئەوان نۆ ساڵی خایاند و لەکۆتاییدا ڤۆڵتێر سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

وەلامدانەوە لەکاتی خۆیدا، قسەی خۆش، بەلام بە مەبەست، تەنزی ژاراوی و ڕستەی کورت، بەلام هەژێنەر، لەتایبەتمەندییە دیارەکانی ڤۆڵتێرن. ئەو تایبەتمەندییانە ئاماژە بە مێشکێکی بەتوانا، بیرێکی بەهێز و توانایی فیکری لە ئاستی بلیمەتیدا دەکەن. بلیمەتی ئەو چەند لایەنە بوو و لە بوارەکانی نووسەری، بەڵگەهێنانەوە، شێوازی قسەکردن، شارەزایی لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و توانایی بەهێزی بیرکردنەوە بوو. بلیمەتی ڤۆڵتێر لەڕاستیدا بلیمەتی لە هونەری ژیاندایە، بەتایبەت ژیان لەسەدەی هەژدەم و لە فەرەنسا.

**پڕ کارترین نووسەری سەدە**

کۆمەڵە نووسراوەکانی ڤۆڵتێر لە نەوەد و نۆ بابەت لەفەرەنسا بلاوبوونەتەوە. ڕێژەی نووسراوەکانی لە ڕووی چۆنایەتییەوە بەڕادەیەک لەسەرەوەیە کە نازناوی پڕ نووسینترین نووسەری سەدەی پێبەخشرا. ئەو وەک شانۆنامەنووس، چیرۆکنووس، ڕەخنەگری شانۆیی، مێژوونووس، فەیلەسووف، شاعیر و یەکێک لە گەورەترین نامەنووسەکانی مێژوو یاد دەکرێت. لە ڕێگەی نووسینەوە پێوەندی بە زیاتر لە هەزار و دووسەد کەسەوە هەبووە و هەزار و حەفت سەد نامەی لێ بەجێ ماوە. ئەو نامانە بەزمانەکانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتالی، ئیسپانی و لاتینی نووسراون و پڕن لە خاڵی سەرنجڕاکێش، پاراوبێژی و باسی تەنزئامێز.

لە زۆربەی نووسراو و چیرۆکەکانی ڤۆڵتێردا پاڵەوانەکان مرۆڤ نین، بەڵکو ئەکتەرانی سەرەکی، ئەندێشە و تیۆرییەکانن. نەزانی و ئەفسانە ڕۆڵی خراپەکارن و زانست و ژیرییش لەو ڕۆڵی خۆشەویستییەدا دەردەکەون. ڕووبەڕووبوونەوەی هزر و ئەندێشە، ڕووداوەکانی چیرۆک پێک دێنن. شەڕی فیکری نادروست و لاواز لەگەڵ ئەندێشەکانی زانستی و لۆژیکی. ڤۆڵتێر لە قۆناغی سێ ساڵەی خۆیدا لەبەریتانیا شانۆنامەکانی شەکسپیری دیت و لەسەر ئەوانە ڕەخنەی نووسی و هۆشیارترین ناسێنەری شەکسپیر بەفەرەنسییەکان بوو. ناوبانگی ڤۆڵتێر لە فەرەنسا بە نووسینی شانۆنامەی «ئۆدیپ» و چوونە سەر تەختەی شانۆ لەتەمەنی بیست و چوارساڵیدا دەستی پێکرد. دواتر شانۆنامەی «هونەری یاد»ی نووسی. پاش گەڕانەوەی لەبەریتانیا شانۆنامەکانی «برۆتوس»، «زائیر» و کتێبی «نامەگەلی فەلەسەفی» بلاوکردەوە. بلاوکردنەوەی ئەو کتێبە بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر لەپاریس هەڵبێت و خۆی لە سنوورەکان ببینێتەوە. لە شانۆنامەی «محەمەد»دا ڕەخنە دەگرێت و بە پەلامار دەمی تیژی شمشێری لەگەڵ ڕوخساری مەسیحییەت ئاشنا کرد. بەرپرسانی فەرەنسی پێشیان بەدرێژەکێشانی شانۆنامەکە گرت و یەکێک لە نووسراوەکانی ڤۆڵتێر بەناوی «ئەلدورادو» شارێک کە هەر ئەم ناوەی هەیە و

له ڕاستیدا شارێکی خەیاڵییە کە تێیدا پیاوی ئایینی و زیندانی تێـدایە. باس لە ئایین و مـەزهەب ناکـات و زانست و ژیربێـژی جـێگای ئەوانی گـرتووەتەوە، بۆیە خەڵکی ئەم شارە ئازادن و بە ئاسوودەیی دەژین.

چیرۆکێک بەناوی «سادق» ڕابردووی نووسـەرەکـەی، یان چیرۆکی ژیانی خودی کەسایەتی ڤۆڵتێرە. سادق بیرمـەندێکی هۆشیـارە کـە پیـاوە ئایینییـەکان ئازاری دەدەن. تاوانی ئەو زانایە ئەوە بوو کە گومانی لەبەزەیی خودا هەبوو و دڕدۆنگ بوو لە خۆشەویستی خودا بەرانبەر بە مرۆڤ پەیامی چیرۆکی «مایکرۆمێگا» لاوازی مرۆڤ لەجیهانی بوون و سەرەڕۆیی پیاوە ئایینیەکان لەهێنانە بەرباسی بانگەشـەی گـەورە،بەڵام بێ بنەمـایە. لەم چیرۆکەداکەشتیوانانی بە جەستە زەبەللاح و لە ئەستێرەی زوحەل و ئەستێرەکانی دیکە دێنە سەر زەوی. ئەمانە لە بچـووکی مـرۆڤ و بانگەشـەی ئایین و مـەزهەب کـە بۆ تەواوی پرسیارە زانستی و فەلسەفییەکان وەڵامی هەیە، سـەریان سـوڕمـاوە. دوای بوومـەلەرزەی ترسناکی «لیشبۆن» لە پورتوگال ڤۆڵتێر هۆنراوەی درێژی سەبارەت بەم کارەساتە مەرگ هێنەرە هۆنییەوە.ئەم بیرۆکـەیە کە هەر کاتێک لەسەر زەوی کاری خودایە و بەبێ حیکمەت نییـە بە توندی ڕەت دەکـاتەوە. بەکـەڵک وەرگرتن لەم کـارەسـاتە گـەورەیە هێـرشی کـردە سـەر ئەندێشـە ئەفسانەییەکان و دژە عەقڵ لە مەسیحییەتدا. جارێکی دیکە توورەییـەکی شـێت ئاسـای ناوەندەکـانی ئایین و مەزهەبی ورووژاند.

کـاتێک ڤـۆڵتـێر شەست و پێنج ساڵی بوو شـاکـاری قـۆناغی نووسـەری خـۆی خولقاند. گەورەترین بەرهەمی ئەم نووسەرە «کاندید»ە. ئەم چیرۆکە فەلسەفییە بۆ سەر زیاتر لە سەد زمانی جیـهانی وەرگێـردراوە، «کـاندید» پیاوێکی گەنج و دڵساف بوو کە لە وڵاتە جیاجیاکاندا خەریکی گەشتوگوزار بوو. ئەم گەنجە وای بۆ دەچوو کە لە جیهاندا هەموو شتێک بەدڵی ئەوە. فەلسەفەی چیرۆک بە دەوری ناوەڕۆکی چاکە و چۆنیەتی خراپە لە جیهاندا سووڕ دەخوات. ئامانجی نووسەر نیشاندانی خراپەکان و خەبات لەگەڵ ئەوانە، چونکە ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە هیچ شـتـێک بە دڵی هەمـوو کـەس نییـە. دوای بڵاوبوونەوەی کـاندید. ڤـۆڵتـێـر وەک گـەورەترین و بەناوبانگترین نووسەری ئەورووپا ناسرا. ناوبانگێک کە لەسـەردەمی خـۆیدا بێ وێنە بوو.ئەو یەکـێک لە هۆشیارترین و پێشڕەوترین مێژوونووسانی سەدەی هەژدەم و یەکێک لەدامەزرێنەرانی شێوازی نوێ لە نووسینەوەی مێژووە. ئەو دەڵێ: «لەجیاتی نووسینی چیرۆکی دوور لە ڕاستی شەڕی ئیمپراتۆرەکان و شاکان دەبێ مێژووی ڕەوتی ئەندێشـەی مرۆڤ، یان مێژووی شارستانیـەتی مـرۆڤ بنووسـرێتەوە. دەبێ مـێـژوو ئاوێنەی باڵانوێنی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕەکانی جۆری ئینسان، سەرهەڵدانی ئەندێشەی نوێ لە سیاسەت، زانست، ئایین و مەزهەب، ئەدەب، هونەر و فەرهەنگ بێت».

مـێـژووی ڕاسـتـەقـینە، چیـرۆکی شـارسـتـانیـەت و فەرهەنگی مرۆڤە. ڕابردووی بزووتنەوەی فیکری و بیری نوێیە. مێژووی ڕاستەقینە هەمان فەلسەفەی مێژووە. لە فەلسەفەی مێژوودا بنەڕەتیترین پرسیارەکان دێنە بەرباس و ئەرکی مـێـژوونووسـان وەڵامـدانەوە بەم پرسیـارانەیە. ڕۆڵی مێژوونووسان نووسینەوەی بەسەرهاتی شازادەکان نییـە، بەڵکو مێژوونـووسی ڕاستـەقینە ڕابردووی جۆری ئینسانەکان تۆمار دەکات. ڤۆڵتێر دەڵێ جیهان شانۆیەکە مرۆڤەکان وەک ئەکتەری سەر تەختەی شانۆ مێژووەکەی پێکدێنن. مێژوونووس لە ڕاستیدا ڕەخنەگری شانۆنامە و ناوبژیوانی یارییـەکـانە. ئەو پێی وایە مـەبەست لە نووسینی مـێژوو دەرس وەرگرتن، بەخشینی زانیـاری و هۆشیار کردنەوەیە.

«ڕەوشت و ڕوحیەتی نەتەوەکان» ناوونیشانی یەکێک لە گەورەترین نووسراوەکانی بواری مێژووی ڤۆڵتێرە. ئەم کتێبە هەزار و شەش سەد لاپەڕەیە و زیاتر لە پێنج سەد هەزار وشـە لەخـۆ دەگـرێت و تێـیـدا پێ لەسـەر ڕۆڵی کـەشوهەوا، حکومـەت، سیـاسـەت، ئایین و مـەزهەب لە دروست بوونی مـێژوودا دادەگرێت. سیـسـتـمی ئابووری شـارسـتـانییـەکـان و شـێوازی بازرگـانی وەک هۆکـاری دروست بوونی مـێـژوو چاولێـدەکـات و لەجـیـاتی پێداهەڵگوتن بەداستانی شەڕەکان و ڕووداوەکان، زیاتر ئامـاژە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشـەکـان و ئاشنایی لەگـەڵ شـارسـتـانیـەتە جـۆراوجـۆرەکـان دەکـات. بە پێچەوانەی مێژوونووسانی ئەورووپی لە پێوەندی لەگەڵ مـێـژووی نەتەوەکـانی ئاسـیـایی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی کردووە و ئایینە گەورەکانی ئەم نەتەوانەی ناسیوە. کاتێک کتێبی ڕەوشت و ڕوحیەتی نەتەوەکان بڵاودەبێتەوە ڕق و توورەیی دەوڵەت و دەزگای کلێسای بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەر ئەوەی ڤۆڵتێر بەپێچەوانەی

نەریتی مێژوونووسی، گرنگییەکی ئەوتۆی بە ئایینەکانی مەسیحییەت و یەهوودییەت نەداوە، باسی لە ئایینەکانی دیکە کـردووە و مـێـژووی ولاّتانی وەک چین، هیند و ئێرانی لێک داوەتەوە. جگە لەمانە ڤۆڵتێر بایەخی بە ئەورووپا نەداوە و ئەوی لە ڕووی پانتـایی بەرانبـەر بە پانوبەرینی و بەربڵاوی ئاسیـا بچـووک نیـشـان داوە، هەروەها نووسەر کتێبی مەسیحییەتی ڕیسوا کردووە و ڕێبەرانیشی بەنەزانی تاوانبار کردووە. لە سەردەمێکدا کە فەرەنساپەرستی لەوپەڕی خۆیدا بوو، ڤۆڵتێر بەپلەی یەکەم خۆی بە ئینسان و دواتر بە فەرەنسییەک دەزانی، بۆیە شا فەرمانی دا ڤۆڵتێر هەتا هەتایە پێ نەنێتە سەر خاکی فەرەنسا.

## کتێبە مێژووییەکانی ڤۆڵتێر

مێژووی سەردەمی شارلی دوازدەم، سەردەمی لویسی سێزدەم، لویسی چواردەم، مێژووی ڕووسیا. لە هەمـوو ئەم کـتێبـانەدا ڤۆڵتـێر شـارەزایی خۆی لە کورتنووسی، سادەنووسی و ڕاڤـەکـردنی ڕووداوەکـان دەرخسـتـووە. لە نووسـینی «فـەرهەنگنامـەی فـەرەنسـا»دا هاوکـاری دامـەزرێنەرانی ئەو فـەرهەنگە «دیدرۆ» و «دالامـبـر» دەکـات و بـابەتی زۆری بۆ نـاردوون. بۆ خـۆیـشی «وشـەنامـەی فـەلسـەفی» بڵاوکـردووەتەوە. کـتـێـبی «پێکهاتەی فەلسەفی نیوتن»ی بە مەبەستی ئاشنابوونی زیاتری فـەرەنسـییـەکـان بە زانسـتی نوێ و بەتایبـەت ئاگادار بوون بەشێوازی زانستی و تیۆرییەکانی نیوتن بەچاپ گەیاندووە. کتێبی «یاسای سروشتی»ی ڤۆڵتێر پاش بڵاوبوونەوەی لەپاریس کـۆکـرایەوە و سـووتێندرا، لەبەر ئەوەی پیاوە ئایینییەکان نەیاندەتوانی بیخوێننەوە و شـاهیـدی بڵاوبوونەوەی لە ناوخـەڵکدا بن. ئەمـڕۆ لە فەرەنسا مێـژووەکانی ڤۆڵتێر، شانۆنامەکـان، شیـعرە حەماسییـەکانی کەمتر دەخـوێندرێتـەوە، بەڵکو زیاتر بایەخی مـێـژوویی هەیە، بەڵام چیـرۆک و هۆنراوەکـانی وەک بەشێک لە یادگاری ئەدەبی فەرەنسا دێنە هەژمار و بەردەوام لەچاپ دەدرێنەوە.

## ئەندێشەکانی فەیلەسووفی شۆڕش

ڤۆڵتێر خۆی بە خوداناس دەناسی، نەک خوداپەرست، ئەو دەڵێ: تەنیا ڕێگای دروستی ئاگاداربوون لە بوونی خـودا پشت بەستن بە عـەقڵ، هەست، ژیربێـژی و بەڵگەهێنانەوەیە. لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە بۆ سەلماندنی بوونی خودا پشت بەستن بە سرووش، ئیلهامی ئاسمانی کـتێبی پیـرۆز و بانگەوازی پێغـەمبـەران دەبێتـە هۆی بەلاڕێدا بردن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانە لەسەر بنەمای فریودانی کەسانی دیکە دامەزراون. لە فەلسەفەی ڤۆڵتێر خوڵقێنەرێکی زانا و بەتوانا جیهانی خوڵقاندووە، بەڵام هیچ کـات پەیامـهـێنەری نەناردووە و کـتێـبی پیـرۆزی نەنووسیـوە. لەم فـەلسـەفـەیەدا بۆ ئاگـادار بوون لەبوونی خـودا ناوبژیوان پێـویست ناکـات، بەڵکو بە سـەرنجـدان بەڕێکخـستنی سـروشت و چۆنیـەتی سـووڕانی پێکهاتەکانی سروشت، بوونی سووڕێنەر، ڕێکخەر، یان خودا دەسەلمێندرێت.

لە فەلسەفەی خوداناسی ڤۆڵتێر سەرەکیترین خاڵ ئەو بابەتەیە کە خـودا پاش خـوڵقاندنی جیـهـان، جیـهـانی بەحاڵی خۆی بەجێ هێشتووە، ئەو بەم ئاکامە دەگات کە خوڵقـێنەری جیـهـان ئۆگرییـەکی بە چارەنووس و ژیانی جۆری ئینسانەوە نییە و ئازادی کردووە. ڤۆڵتێر جیهان وەک کـاتژمێرێکی گەورە دەبینێت کە بە ڕێکخستنێکی سەرسوڕهێنەر لەکـاری خۆی بەردەوام دەبێت. جیـهـانی بوون لە ڕاستـیدا هەمان سەعاتە. سەعاتساز کاتژمێر قورمیش دەکـات و دەیخاتەگەڕ و بەحاڵی خۆی بەجێی دێڵێت. لەدەزگـای فـەلسـەفی ڤۆڵتـێردا خوداپەرستی، خوداترسی، سرووش و ئیلهامی ئاسمانی، پیـرۆزبوونی کتێبە ئایینییەکان، ڕاستبێژی پەیامهێنەرانی ئاسمانی، جـیـهـانی دیکە، گـەڕانەوەی ڕوح بۆ جـەسـتـەی مردووەکان،ویست و بەزەیی خودا جێگای نییە، ڤۆڵتێر تەواوی ئەم ئەندێشـانەی بە هەمـوو هێـز وتواناوە دەدایە بەر ڕەخنە و زیاتر لە حەفـتـا ساڵ لەگەڵ ئەو تیـۆرییـانە بەربەرەکانێی کرد. لەفەلسەفەی ڤۆڵتێر مەسیح بەتەواوی وەلا نراوە، گـاڵتـەی بە کـتـێـبـە پیـرۆزەکـان دەکـرد. ئەندێشـەی ژیانی بەردەوامی مـرۆڤ و گـەڕانەوەی ڕوح لەگەڵ توانجی ئەو بەرەوڕوو دەبوو. ڕێبەرانی ئایینە تاک خـوداییـەکـان و پیـاوە ئایینیـیـەکـانی پێ دووڕوو بوو. لەدەزگـای ئایین و مـەزهەب وەک دەزگـای فـریـودان یاد دەکرد. ئایین و مەزهەبی ڤۆڵتێر شتێک جگە لە ڕەوشت و ئاکـار نەبوو.لە ڕوانگەی ئەخـلاقی ئەوتۆدا پێـوانە سەرەکـییـەکـان هەمـان ڕاسـتـییـە ئاشکراکانن کـە بۆ تێگەیشتنی ئەوانە نە پێویستی بە خودا هەیە نە بە پەیام هێنەرەکـانی. ئەمـانە هەمـانە دادپەروەری چاکین و

ڕاستین. لە ڕوانگەی ئەو فەرمانی خودا بەجۆری ئینسان دەتوانی ئەمە بێت: «دادپەروەر».

ڤۆڵتێر لەنیوەی تەمەنی خۆیدا خەباتی گەرموگوڕ و لەبن نەهاتووی دژی دەزگای ئایین و مەزهەب پەرەپێ دا. کاتێک لە کلێسای کاتۆلیک ئازار و ئەشکەنجەکانی دژی پرۆتستان زیاد کرد، ئەو کە بەردەوام قسەخۆش وتەنزنووس بوو لەناکاو تووڕە دەبوو و لە ئەندازە بەدەر جدی دەبوو. ڕووی لە گەورەکانی سەردەمی خۆی دیدرۆ و دالامبێر کردووە و نووسیویەتی «وەرن با یەکگرین، مێشک وشک و درۆزنەکان لەناوبەرین، سکالانامەگەلی لاواز و چەواشەکارانی داماو و درۆکردن لە مێژوو ڕیسوا بکەین. نەهێڵین زانایان بکەونە داوی تەنزەکان، نەوەی داهاتوو ئازادی و ژیربێژی بە قەرزداری ئێمە دەزانن.»

ڤۆڵتێر دروشمی«ڕیسواکان بکوتین»ی بە گەورەترین دروشمی ژیانی خۆی هەڵبژارد. ئەم دروشمەی لە کۆتایی تەواوی نامە و نووسراوەکانی دەنووسی. مەبەست و ئامانجی لە وشەی ڕیسوا مەسیحییەت بوو. هەندێک دەڵێن مەبەستی کلێسای فەرەنسا، یان کلێسای مەسیحییەت بووە، بەڵام نووسراوەکانی بەئاشکرایی دەری دەخەن کە مەسیحییەتی بە ڕیسوا بانگ کردووە و هێرشی کردووەتە سەر ئەندێشە و باوەڕەکانی ئەم دەزگا ئایینییە. ڤۆڵتێر بێ ئەوەی ڕاشکاوانە باسی جوولەکە بکات لە بەرهەمەکانیدا سووکایەتییان پێ دەکات و ئەوانی لە بەرانبەر سەرهەڵدانی مەسیح، پەرەسەندنی مەسیحییەت و تەواوی کارەساتە ئینسانییەکان لە قۆناغەکانی مێژووی شارستانیەت بە بەرپرس دەزانێت. بە پێچەوانەی نووسراوەکانی سەردەمی خۆی، جوولەکەکان بە بکوژی مەسیح نازانێت و ئەوانی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕۆڵەکانی مەسیح لە قەڵەم نادات. هۆی بێزاربوونی لە یەهوودییەت ئەمە بوو کە هۆکاری سەرهەڵدانی مەسیحییەت بووە. پێی وابوو کە یەهوودییەت بووەتە هۆی ئەوەی کە لە مەسیح شەهیدێکی هەتاهەتایی دروست ببێت. لەسەردەمی ژیانی دوور و درێژیدا ئاسەوارێک لە ئاشتی لەگەڵ پیاوە ئایینییەکان نابینرێت و لەتەمەنیدا لەگەڵ تووڕەیی و زویری شێت ئاسای پیاوە ئایینییەکان بەرەو ڕوو بووە.لە تەواوی نووسراوەکانیدا ڕێبەرانی ئایینی بەخەڵک فریودەر ناو دەبات و پێی وابووە ڕەگوریشەی سەرهەڵدانی ئایینەکانی سامی، یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بێ ئاگایی و تێنەگەیشتوویی خەڵکی ساویلکە سەرچاوەی گرتووە و پیاوە ئایینییەکان لە دەزگای ئایین و مەزهەب وەک دووکانێک بۆ فرۆشتنی ئەفسانە کەڵکیان وەرگرتووە. بە فرۆشتنی گوناهەکان بە پارە و کۆشکەکانی بەهەشت بەکاڵفامەکانی دەست پەروەردەی خۆیان، بوونەتە دەوڵەمەند و مالیک و خاوەن زەوی و زار و بەدەسەڵاتی بەربڵاویان لەناو خەڵکدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەدەست هێناوە کە دەتوانن تاج بنێنە سەر ئیمپراتۆرەکان و لەسەر کاریشان لابەرن.

ڤۆڵتێر دەڵێت گەورەترین ڕەمزی سەرکەوتنی پیاوە ئایینییەکان لەم خاڵەدا شاردراوەتەوە کە توانیویانە خەڵک لەخودا بترسێنن و لە ئاکامی ترسێکی ئەوتۆدا خەڵک نە تەنیا ڕێزیان لێ دەگرن، بەڵکو بەتوندی لێیان دەترسان ، پێی وابوو ڕێبەرانی ئایینی بە بڵاوکردنەوەی ئەفسانە و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و زانستی شارستانیەت جۆری ئینسانیان ئالوودە کردووە. لە نامەیەکدا بۆ فریدریکی گەورە ئیمپراتۆری پرۆس ئاوا دەنووسێت: «ئایینی ئێمە بێ گومان بێ ناوەرۆکترین و خوێناویترینی هەموویانە کە بووە هۆی ئالوودە بوونی جیهان.» ڕابەرانی ئایین کە بەردەوام ستایشی هەژاری، قەناعەت، خۆبواردن و ژیانی ساکار دەکەن بۆ خۆیان خاوەن سەرمایەیەکی بەهێزن کە لەوپەڕی ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا دەژین، کەڵکی خراپ لە بەرهەمی خەڵکی ستەمدیدە وەردەگرن و گاڵتەیان پێ دەکەن.

ئەم نووسەرە ئازادە باوەڕی بە ئازادی ئایین و مەزهەب لەکۆمەڵگەدا هەیە و بە هەموو توانایەوە لایەنگری لە ئەسڵی سازانی ئایینەکان و پێکەوەژیانی مەزهەبی بە دڵ ئاوەڵاییەوە لەبەرانبەر ئەندێشەکانی دیکە کردووە. دەڵێت نەتەوەی فەرەنسا پێویستە سەیری نەتەوەی بەریتانیا بکات. توندوتیژی ئایینی، ناسازگاری مەزهەبی، دەمارگرژی لە ئەندێشەکان وەلا بنێن. دەستیان بەزانستی سەردەمی خۆیان ڕابگات.تیۆرییەکانی زانستی کۆپەرنیکۆس، کۆپلەر، گالیلۆ و نیوتن بخوێننەوە و زانست و زانیاری لە شوێنی ئەندێشە کۆنە ئایینییەکان و بیرۆکەی داڕزیوی مەزهەبی دابنێن.

ڤۆڵتێر گەورەترین هاندەری خەبات دژی دیکتاتۆرییەکانی زەوی و ئاسمانی بوو و لەسەر ئەسڵی لەناوبردنی سەرەڕۆیی شاهانە و ئایینی پێی دادەگرت. ڤۆڵتێر وەک دەنگی بەرزی سەدەی هەژدەم و وتەبێژی بێ

هاوتا دێتــە هەژمــار. ئەم نووســەرە لە بابەتەکــانیــدا بەقەڵەمی بەهێزی جیهـانی فیکری فەرەنسا و ئەورووپا دەلەرزێنێت.

## ئەو ڕەخنانەی لە ڤۆڵتێر گیراوە

هەندێک لە ڕەخنەگــرانی ئەورووپا دەڵێن ســەرەڕای ئەوەی کە نیشـانەی بلیمەتی ئەدەبی پێوە دیار و بەرچاو بوو، بەڵام ناتوانین ناوبراو لە هیچ کـام لە بەشـەکـانی جــیــهــانی ئەدەبدا بە بلیــمــەت بزانین. چیــرۆک و هۆنراوەکانی بە قووڵی و گەورەیی ئاسەواری نووسەران و شاعیرانی بلیمەت نییە لە شانۆنامەکانیدا جوانییەکانی ئەندێشــە و دەروونناسی کـەسـایەتیــیــەکـانی تواناى کێبەرکێی لەگەڵ فیکر و ئەندێشەی شانۆنامەی نووسەرە گـەورەکـان نیـیـە. فـەلسـەفـەی ڤـۆڵـتـێـریش لەبنەڕەتدا بەنوێخـوازانە و ڕەسـەن نانـاسن و تەنانەت هەندێکیش ناوبراو بە فـەیلەسـووف نازانن، چونکە سـیـسـتـمـێکی فەلسەفی نوێی دانەمەزراندووە. ڤۆڵتێر ئۆگری ژیانێکی ئاســـوودە بووە و بۆ خـــۆی یەکــــێک لە گــــەورەترین دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆی بووە، بەتوندی لایەنگری لە سیستمی پاشایەتی کردووە و لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە ئەگەر شا، فەیلەسووف و دادپەروەر بێت،دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەدا دەچەسپێت و پەرەدەستێنێت.

لەڕوانگەی فەلسەفی ڤۆڵتێر، شا و فەیلەسووف دەبێ خــاوەن دەســەڵاتێکی بەربڵاوبن و بە مــســتی پۆڵایین کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن. لە سیستمێکی ئەوتۆدا کۆمەڵانی خەڵک جێگەیەکیـان نیـیـە و بەرانبـەری کـۆمـەڵایەتی ناتوانن مـانایەکــیــان هەبێت. لەگـەڵ ئەوەی کـە ئەم خەباتگێڕە لەگەڵ دەزگای دیکتاتۆری ئیمپـراتۆرەکان و شــازادەکــان لەخـەباتدا بووە، بەڵام لەوان پارە و دیاری وەردەگرت و لەگەڵیشیان دادەنیشت. ڤۆڵتێر بەگاڵتەوە باسی خەڵکی دەکرد و باوەڕی بە حکومەتی خەڵک، یان دیموکــراسی نەبووە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە خــەڵک لە حکومـەت کـردن بەسـەر خۆیاندا بێ توانان، ئەو دەڵێت: (خەڵکی هەموو کاتێک کاڵفام و دواکەوتوون، خەڵک وەک گای نێر وان کە پێویستیان بە چەڵەمە، سیخورمە و هەندێک وێنجە هەیە».

**سەرچاوە:**

**www.Shahruand.com**

# ڕەخنە و بایەخدان بە خوێنەر

ڕێبین خەلیل قادر*

لە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بایەخ بە سێ لایەن دەدرێت (دانەر، بەرهەمی ئەدەبی، خوێنەر) ئەم سێ لایەنە پێوەندییەکی بەتین بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، چونکە جۆرێک لە هاوسەنگی بەپرۆسەی ڕەخنەگرتن دەبەخشێت. بە پێچەوانەی مێژووی دروستبوونی میتۆدە ڕەخنەییە جیاوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، کە هەر یەکەیان بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک بنەمای ڕەخنەیی و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی جیاوازەوە بایەخ بە لایەنێک لەم لایەنانە دەدات و ئەوانی تر فەرامۆش دەکات. بۆ نموونە میتۆدە ڕەخنەییەکانی وەک (مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی) ئەوەندەی بایەخ بە دانەری بەرهەمی ئەدەبی دەدەن، ئەوەندە بەلای خوێنەردا ناچن، وەک ئەوەی خوێنەر بەشێک نەبێ لە کرداری ڕەخنەگرتن، یان میتۆدە ڕەخنەییەکانی وەک (بنیادگەری و فۆرمالیزم و شێوەکانیان) دیسانەوە ئەوەندەی بەلای زمان و ڕوخساری بەرهەمە ئەدەبییەکەدا دەچن، ئەوەندە بەلای خوێنەردا ناچن، کەچی مەسەلەی بایەخدان بە خوێنەر (وەرگر) ئەوەندە گرنگ بووە لەپێش زایینەوە کەسانی وەک (ئەفلاتوون و ئەرستۆ و لۆنجینۆس و...تاد) ئاوڕیان لە خوێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری (تراژیدیا و کۆمیدیای ئەو سەردەمە) داوەتەوە، واتە لە ڕەخنەی کلاسیزمی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکاندا مەسەلەی خوێنەر و بەرهەمی ئەدەبی یەکێک بووە لە مەسەلە گرنگەکانی ڕەخنەی تیۆری ئەو کات.

(ئەفلاتوون) لە گفتوگۆی (ئەیۆن- ion)دا باسی دوو بابەتی پەیوەست بە ڕەخنەی ئەدەبی دەکات، یەکێکیان باسی سەرچاوەی شیعر لەلای شاعیر دەکات، ئەوی تریان باسی جیاوازی لەنێوان بڕیاری شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی لەسەر شتێک و جیاوازی بڕیاری عەقڵ و زانست لەسەر هەمان شت دەکات. (ئەفلاتوون) لەم گفتوگۆیەیدا دەیەوێت بڵێت کە ئیلهام لە خوای شیعرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر (وەرگر)، بەڵام ئەم گوێزانەوەیە هەروا بە

خـۆڕایی و ڕاســتــەوخــۆ نابێت، بەڵکو بۆ گــوێزانەوەی پێویستی بە ناوەندێک هەیە، ئەو ناوەندەش (شاعیر)ە، ئەم پرۆسەیە بە مـوگناتیس و ئاسن دەچوێنێت، کـاتێک مـوگناتیس پارچە ئاسنی جـۆراوجـۆر بۆ خـۆی کـێش دەکــات، ئەوە ئەو پارچە ئاسنانەی بە یەکــتــرییــەوە نووســاون ئەوانیش توانای کـێـشکردنی پارچە ئاسنی دیکەیان هەیە. هەر (ئەفـلاتوون) لە گـفـتـوگـۆیەکـانی بەناوی (فێـیـدروس- Phaedrus)دا شاعیـران لە پلەی شەشەمدا ڕیزبەند دەکات و لەگەڵ وێنەکێشەکانیـان دادەنێت، ئەمـەش لەبەر ئەوەی شاعیـر مـامـەڵە لەگەڵ هەست و سـۆزەکـانی مـرۆڤ دەکـات و هەست و سـۆزە خراپەکانی مرۆڤ دەورووژێنێت، واتە کاریگەری خراپی بۆ سەر خوێنەر دەبێت.

(ئەرستۆ) کاتێک باسی تراژیدیا دەکات، مەبەست لە تراژیدیا وروژاندنی هەستی ترس و بەزەیییە، ئەمەش دەبێتە هۆی پاکبوونەوە (Catharsis) لەم سۆزی ترس و بەزەیییە. (ئەرسـتـۆ) بە پێـچـەوانەی مـامـۆسـتـاکـەیەوە (ئەفلاتوون) ڕای وایە کـە شـیـعـر هیچ کـاریگـەرییـەکی خــراپی لەســەر خــوێنەر (وەرگــر) نیــیــە، بەڵکو بە پێـچـەوانەوە پایەی شـیـعـری بۆ ئاسـتی فـەلسـەفـە بەرزکردەوە، چونکە هەردووکیان بەدوای ڕاستیدا وێڵن، هەریەکەشیان بە ڕێگەی تایبەتی خۆی.

(لۆنجینۆس)یش لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (On the Sublim) ئاماژە بە کاریگەری زمانی شیعری بۆ سەر خوێنەر (وەرگر) دەکات و وا لە خوێنەر دەکات زیاتر کاردانەوەی هەبێت، واتە ئەگەر خوێنەر بەشێک بێت لە ڕووداو و هاوبەش بێت لە زمانەکەدا، ئەوە پێویستی بە گەڕان بەدوای مانادا نابێت. لێرەوە گرنگی و کاریگەری و جادووی زمانی ئەدەبمان بۆ دەردەکەوێت کە کاریگەری بۆ سەر خوێنەر هەیە، لەلایەن خوێنەریشەوە کاردانەوە و وەڵام بۆ دەقی ئەدەبی دروست دەبێت.

لەســەردەمی بووژانەوەشــدا، ســەرەڕای ئەو ڕۆڵە ئاکــارییــەی خــرابووە ســەر شــانی ئەدەب، کــەچی وەڵامـدانەوەی ئەدەبی (الأسـتـجـابة الأدبیـة) هەروەکـو تەوەرەیەکی تیـۆری ڕەخنەیی مایەوە، بە مـەرجێ ئەگەر چاکی و جوانی شیعر بەچەندێتی کاریگەرییەکەی لەسەر خوێنەران بپێورێت. ئیدی وردە وردە بایەخدان بە خوێنەر و مـەسـەلەی کـاردانەوە و وەڵامی خـوێنەر بۆ ئەو دەقـەی دەیخـوێنێـتـەوە بوو بە تەوەرەیەکی گـرنگی ڕەخنە، ئەم کورتە باسەی سەرەوەش تەنیا ئاماژە بوون بۆ دەرکەوتنی سەرەتاکانی تیـۆری وەرگـرتن و وەڵامـدانەوەی خوێنەری دەق، تا لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بوون بە بناغەی سەرهەڵدانی میتۆدێکی ڕەخنەیی گرنگ بەناوی (تیۆری وەرگرتن- Reception theory).

لێــرەوە بایەخــدان بە خــودی خــوێنەر دەرکــەوت و بیـروڕایەکانی خوێنەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتای جــیــاواز بۆ دەق و شــیــکردنەوەی دەق بەپێی ئاســۆی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی بۆ کۆد و ڕەمزەکانی دەق بوونە جـێگەی سـەرنج و ڕامـان، چونکە وەک (مـیـخـائیل ریفاتێر) دەڵێت: دیاردەی ئەدەبی تەنیا دەق نییە، بەڵکو خوێنەریش دەگرێتەوە، سەرەڕای کاردانەوەکانی لەسەر دەقەکە.

(ئەلیـکســــــەندەر پـۆپ) لەیەکــــێـک لە وتـارە ڕەخنەیـیــەکــانیــدا بەناوی (Essay on Criticism) بەرگری لە ئەدەب دەکات، چونکە بەڕای (پۆپ) ئەدەب کـاریگەرییـەکی ترسناکی لەسـەر ڕێڕەوی ڕووداوەکـاندا بەرەو باشـتـر، یان خـراپتـر هەیە و لەم بارودۆخـەشـدا وەڵامــدانەوە و کـــاردانەوەی خـــوێنەر بەشـێـــوەیەکی یەکـلاکـەرەوە سـروشـتی چالاکی ئەدەبی دەسـتنیـشـان دەکات، هەروەها ئاراستەکانی ئەدەبیش دیاری دەکات، لێرەوە ڕەخنەگران گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکەن کە ئایا ئەم وەڵامـدانەوە و کاردانەوەیە بەشێکە لە واتا، یان ئەم واتایە لە دەقەکەدا، یان لە خوێنەرەکەدا هەیە.

ڕەخنەگران ڕای جیاوازیان لە بابەت چەمکی (خوێنەر- وەرگـر)ەوە هەبوو، بەتایبـەتی لەو سـاتەوەی کـە ڕەخنەی فۆرمالی (Formal Criticism) دەرکەوت، ئەمەش بە کــاریگـەری هەندێ هۆکــار لەوانەش ئەو لێکتــرازانە ڕوونەی لەنێــوان ژیانی سـیــاسی و بەرهەمی ئەدەبیــدا ڕووی دا و بڵاوبوونەوەی چاپ بووە هۆی فــراوانبــوونی بازنەی خـوێندنەوە، ئەمـەش بووە هۆی گـۆڕانی شـێـوازی پێوەندی نێوان دانەر و خوێنەر. دەکرێت بڵێین بایەخدان بە خـوێنەری بەرهەمی ئەدەبی لە نیـوەی دووەمی سـەدەی بیستەمدا کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر ئەو جۆرە ڕەخنەیەی کە لەپەنجاکـانی هەمـان سـەدەدا باو بوو، چونکە هەمـوو بایەخدانەکان لەخودی دەقی ئەدەبیدا چڕبوونەوە و وەکـو جیـهـانێکی سەربەخۆ مـامـەڵەیان لەگـەڵدا دەکـرا، بەبێ ئەوەی خوێنەر (وەرگر) لەم پرۆسەیەدا هیچ قورساییەکی هەبێت. دەبێ ئەوەش بزانین کە خوێنەر زۆرجار هەست بە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی لەناو دەقدا دەکات و پرۆسەی خــوێندنەوەش ســەرلەنوێ ئەزمـــوونی خــوێنەر دروست دەکـاتەوە، هەروەکـو (وڵفگانگ ئایزەر)ی ئەڵـمـانی لە بارەی خوێندنەوەوە دەڵێت: خوێندنەوە دووبارە پێکهێنان و ئاوێتەکردنی بەردەوامی ئەزموونەکانمانە.

یەکـێک لەوانەی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کــاردانەوە و وەڵامی خــوێنەر ڕەخنەگـری ئینگلیــزی

(ڕیچاردز- Richards)ە. ئەم ڕەخنەگرە پێی وابوو کە شیعر ڕزگارکەری مرۆڤە و ئەو کاریگەرییەشی دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ڕیتمی سۆز و هەڵچوونەکان.

ڕیتشاردز لە کتێبی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی)دا بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی پێوەندی نێوان نووسەر (شاعیر) و خوێنەر (وەرگر) داوە. باسی کردەی گەیاندن (پێوەندی- التوصیل) دەکات، بە بۆچوونی ئەو لە کردەی گەیاندندا پشت بەستن بە پاڵنەرە شعوورییە بە ئاگاکان بە هەند وەردەگرین، ئەوکاتە گرنگی کردەی داهێنانمان بۆ دەردەکەوێت. (ڕیتشاردز) ئاماژە بەوە دەکات کە هونەرمەند سەوورە لەسەر ئەوەی هاوسەنگییەک لەنێوان پاڵنەرەکانی خۆیی و پاڵنەرەکانی خوێنەردا هەبێ. بەلای (ڕیتشاردز)ەوە ئەوەی لە کردەی گەیاندندا گرنگە بریتییە لە توانای داهێنەر لە گەڕانەوەی بۆ حاڵەتی بە ئاگایی (شعوری) تایبەت بەو ئەزموونەی دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات. بە ئاگایی شعوور یارمەتی دەدات بۆ گەڕانەوەی حاڵەتە شعوورییەکەی تا گوزارشتی لێ بکات، بە جۆرێک مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت دووبارە ئەزموونی خۆی بگەڕێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پارێزگاری لە هاوسەنگی و هێمنی خۆی دەکات.

(تی. ئێس. ئیلیەت)یش دەورێکی گرنگی لە مەسەلەی بایەخدان بە خوێنەر هەبوو، ئەو بڕوای بە جیاکردنەوەی شاعیر و شیعرەکەی هەبوو، لێرەوە لە جیاتی بایەخدان بە شاعیر، ئەوە زیاتر بایەخ بە خودی شیعر درا. لە ئەنجامدا جەخت لەسەر لایەنی جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی زانست کرایەوە. زمانی زانست و زمانی شیعر جیان، چونکە ناوەڕۆک وا لە زمانی شیعر دەکات کە لە زمانی زانست جیابێتەوە و بە هەر شێوەیەک بێت گوزارشت لەم ناوەڕۆکە بکات. لێکۆڵینەوەش لەم ناوەڕۆکەوە لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی زمانییەوە دەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیەش تەنیا پێویستی بە لێکدانەوە (تفسیر) نییە، بەڵکو پێویستە ڕەخنەگر بنەماکانی خوێندنەوە شارەزا بێت، تا لە چوارچێوە زانستی و بابەتییەکەی دەرنەچێت، ئەم ئەرکەش پێویستە بە جیا لە هەموو زانستەکانی وەک مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی.. تاد ئەنجام بدرێت.

ئەو ڕەخنەیەش کە بە (شیکردنەوەی دەق- Textual qnqlysis) ناسراوە و سەر بە ڕەخنەی نوێیە، داوای سوود وەرگرتن لە زانستگەلی مرۆیی و هەست و شعووری خوێنەر دەکرد. ئەم جۆرە ڕەخنەیە بەرگری لە هەڵوێستی خوێنەر دەکات و دەوری خوێنەر لە دیاریکردنی واتای دەق لە بەرچاو دەگرێت. بڕواشی وابوو کە شیعر لە خودی خۆیدا تەنیا نماشێک نییە، بەڵکو مەبەستێکە لەگەڵ ئەو ئەزموونە تایبەتییەی هەر خوێنەرێک دەیخاتەسەر، واتا لەگەڵ ئەو ئەزموونەی دەقەکە هەیەتی، ئەوە خوێنەریش چەندین ئەزموونی تایبەتی خۆی بۆ زیاد دەکات، بەم شێوەیە واتاکانی دەقەکە فراوان دەبن.

قوتابخانەی (کۆنستانس)ی ئەڵمانیش بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی خوێنەر دا، ئەم قوتابخانەیە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی تیۆری وەرگرتن دادەنرێت، بەڕای (هانز ڕۆبەرت یاوس) دەقی ئەدەبی دەقێکی والایە و خوێندنەوەی جیاواز وەردەگرێت، ئەم فرە واتاییەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی خودی دەقەکە و لێرەوە هەردوو تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە یەک دەگەن. (یاوس) بڕوای وایە کە پێویست ناکات دەقێک لەناو چوارچێوە مێژووییەکەیەوە بخوێنینەوە و لێکی بدەینەوە، چونکە خوێنەر کۆمەڵێک سەرچاوەی لەبەردەستدایە، کە دەتوانێت واتا بۆ دەقەکە بدۆزێتەوە.

بە بۆچوونی ئەم ڕەخنەگرانە، خوێنەران لەکاتی شیکردنەوەی دەقەکاندا هەرگیز یەکسان نابن، بۆیە خوێنەران دەکەن بە سێ بەشەوە:

١- خوێنەری ئاسایی، هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر دەقەکە، ئەمەیان خوێنەرێکی نێگەتیڤە.

٢- خوێنەری شارەزا، ئەمەیان بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیەتی دووبارە دەقەکە بەرهەم دێنێتەوە.

٣- خوێنەری ڕەخنەگر، ئەمەیان سەرلەنوێ دەقەکە دادەڕێژێتەوە بەشێوەیەک کە خوێنەرێکی تریش بتوانێت شتێکی جیاوازتر لەمەی ئەو ئەنجام بدات، ئەمەش لەلای ڕەخنەگرانی قوتابخانەی (کۆنستانس) بە خوێنەری (بەرهەم هێن) ناسراوە.

*** قوتابی ماستەر - کۆلێژی زمان**

**سەرچاوە:**


**١- في النقد والنقد الألسني، د. ابراهيم خليل، دارالكندي للنشر والتوزيع، أمانة عمان الكبرى، عمان، ٢٠٠٢.**

**٢- مناهج النقد الأدبي الحديث (رؤية إسلامية)، د. وليد قصاب، ط١، دارالفكر، دمشق، ٢٠٠٧.**

**٣- مبادىء النقد الأدبي، إ. آ. ريتشاردز، ت: د. مصطفى بدوي، مراجعة: د. لويس عوض، المؤسسة المصرية العامة، القاهرة، دون سنة طبع.**

**٤- النقد الأدبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال، ط٣، دار نهضة مصر للطبع و النشر، الفجالة- القاهرة، ١٩٧٧.**

# خۆشەویستی و پارە

ریتشارد ڕورتی
لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵەندا)

ئایا «دامەزراندنی خۆشەویستی» هەموو شتێکە؟ ئایا خۆشەویستی شتێکی پەسەندە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هاواردز ئەیند دەیکا. دوا وشەی نێو ڕۆمانی ئی.م. فۆرستەر ئەم وشەیە «تەنیا پێوەندی دامەزرێنە»، بەڵام لە شوێنێکی دیکەی نێو ڕۆمانەکەدا دەنووسێ؛ تەنیا لە کاتێکدا دامەزراندنی پێوەندی مەیسەرە ئەگەر پارەوپوولی پێویست لەبەردەستدا بێ. مارگریت شلیگلی ژنە قارەمان، سەری سوڕماوە لەوەی کە ئایا «ڕوحی جیهان ئابوورییە؟ لەدەستدانی خۆشەویستی کەوتنە خوارەوە نییە بۆ نێو قووڵایی دۆزەخ، بەڵکو لەدەستدانی پارەوپوولە». فۆرستەر بە دەنگی خۆی دەڵێ، دەنگێک کە تێکەڵە بە بەزەیی و قێزەونی: «ئێمە ئەوەندە مەیلمان بەلای پیاوی هەژاردا ناڕوات، ئەوان کەسانێکن تەسەور ناکرێن،تەنیا شاعیر و ئامارناس خۆیان بەم کەسانەوە سەرقاڵ دەکەن. ئەم چیرۆکە دەربارەی کەسانێکە کە ئەسڵزادەن، یان ناچارن وا خۆیان نیشاندەن ئەسڵزادەن. لیۆنارد باست کەسێکە لەو کەسانەی ناچار بووە وا خۆی نیشاندا کە پیاوێکی ئەسڵزادەیە، ئەم زاتە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا گیان لەدەست دەدا، دەرئەنجامی ململانێی نێوان شلگەکان و ویلکاسەکان، شلگەکان ئامادەن خۆشەویستی بکەن و ویلکاسەکانیش هەموو خەم و خەونیان ئەوە بوو کە چۆن پوول و پارە بەدەست بێنن. باست گەر نەشمردایە ئەوەندە جێگای سەرسوڕمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو لە ئەسڵزادەییەوە دابەزیبووە نێو هەژارییەکی جەرگبڕ.

دەکرێ تا ئەو کاتە باس لە بەست بکرێ کە خاوەنی پارەوپوولی تەواو بوو، تاوەکو بە ڕووکەشی وەک ئەسڵزادەیەک خۆی نیشان دا، تا ئەو کاتەی مارگریت و

کەسانی وەک مارگریت دەیانتوانی پێوەندی لەگەڵ دامەزرێنن، بەڵام کاتێ کار لە دەست دەداو بێ پارە و پوول دەبێ چیتر ناکرێ باس بکرێ. ئەمەش نەک بەهۆی بەرزی و مەزنی مرۆڤە ئەسڵزادەکانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە بەست نیگەرانی خۆی و هاوسەرەکەی بوو، بۆیە نەیدەتوانی بیر لە هیچی تر بکاتەوە، یان دەربارەی شتی تر بدوێ. نەبوونی پارەوپوول، نەبوونی شایستەیی دامەزراندنی پێوەندییە. نەبوونی پارەوپوول نەبوونی توانایی مومارەسەکردنی خۆشەویستییە. مرۆڤی هێجگار هەژار، کەسانێکن لە قوولایی خەم و ئازاردان، خەڵکانێکن بە قەولی برێخت «لە تاریکیدا دەژین» نە توانای خۆشەویستیان هەیە، نە توانای وتووێژ، «تەنیا پێوەندی دامەزرێنە» هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئەوان ناتوانن خاوەنی کارێک بن کە مەبەست نەبێ، ئەو تیشکەی بەسەر ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ هیچ تیشکێکی بەر ئەوان ناکەوێ.

لە «لایەنەکانی ڕۆمان» دا فۆرستەر «گۆڕانکاری ڕۆمان» کە پێوەندی بە «گۆڕانکاری مرۆڤایەتییەوە» هەیە، لەو بزووتنەوە بێ ڕوحە جیادەکاتەوە کە پێی دەوترێ مێژوو.. دووەمیان ئەو بابەتانەن ئەوەندە نرخیان نییە، ئەو بابەتانەش پەیوەستن بە مێژووەوە نەک بە هونەرەوە» ؛نموونەکانی فۆرستەر دەربارەی مەسەلە بێ نرخەکانن وەک، دەستەمۆکردنی ئەسپ و چوونە سەرمانگ و نەمانی جەنگ و ململانێێن. یەکەمیان «حەزێکی شەرمنانەی قرژاڵئاسایە بەرەو نەرمونیانبوونی هەست و سۆز، نەرمونیانییەک کە پەیوەستە بە توانایی دامەزراندنی پێوەندییەوە، فۆرستەر دەربارەی نەرمونیانی هەست و سۆز دەڵێ:

زۆر ئاڵۆزتر لە حەزی سێکسی نەرمونیانی هەست و سۆزە، کە لە ناواخنی ئەو نەرمونیانییەدا بەدووی حەزەکانماندا دەگەڕێین؛ زۆر فراوانترە لە دووری نێوان ئێمە و مەزراکان، لە نێوان مەزراو زبڵ و خاشاک کە مەزرا خۆی پێ تێر دەکا. بەرەو پێش دەڕۆین، بە شێوەیەک زانست لە هەڵسەنگاندنی ئەو پێشکەوتنەی ئێمەدا دەستەوەستانە ،بەرەو پێش دەڕۆین، بەرەو ئامانجگەلێ کە خواکان جورئەتی ئەوەیان نییە بیری لێ بکەنەوە. ئەو کاتە خواکان دەڵێن «مرۆڤ گەوهەرێکی دروست کردووە» ، ئەم وتەیەش نەمریان پێ دەبەخشێ.

وا پێدەچێ هەندێ جار فۆرستەر دەیەوێ بڵێت مرۆڤی هەژار کەسانێکن جورئەتی ئەوە لە خۆدا نابینن مومارەسەی عیشق و خۆشەویستی بکەن، چون هەموو ساتی ڕۆژەکانیان تەرخان کردووە بۆ سەرقاڵبوون بە پەیدا کردنی پارووی نان، ئەوان زیاتر لە مەزرا دەچن تا لە مرۆڤی ئەسڵزادە، لە زبڵ و پەینوپاڵ دەچن تا لە ئێمە. وێڵز و برناردشۆش هەندێ جار ئەم شێوە بۆچوونەیان دەربارەی مرۆڤی هەژار هەبووە، بەڵام فۆرستەر بە نەزاکەتتره لەوان، بۆیە بەو بۆچوونانەی ئەوان ڕازی نییە. لە بەرانبەردا فۆرستەر ئاواتەخوازە، هەروەک ئێمە هەموو مرۆڤی ئەسڵزادە ئاواتەخوازین کە سەرەنجام ویلکاسەکان بتوانن ئەوەندە پارەو پوول بەدەست بێنن کە ئەگەر بە شێوەیەکی چاک دابەش بکرێ، هیچ کەسێکی هەژار نەمێنێ.فۆرستەر چاک ئەو ڕاستییە دەزانێ کە ئەو «بزووتنەوە بێ ڕوحەی کە بە مێژوو ناسراوە» بزووتنەوەیەکی ئابوورییە. ئەو ئەو ڕاستییە دەزانێ نەرمونیانی هەست و سۆز و بازدانی شەرمئاسای قرژاڵانە کاتێ دێتە دی،کە ئەوەندە پارەوپوول هەبێ، تا ماوەیەک دەست بەتاڵی بێنێتە ئاراوە، تا هەلێکی کورت بخولقێ تێیدا مرۆڤ بتوانێ مومارەسەی عەشق و خۆشەویستی بکات. نەفس بەرزی ئەو لە دڵنیاییەوە سەرچاوە دەگرێ کە نەرمونیانی هەست و سۆز لە ڕاستیدا کاتێ دێتە دی کە ئەوەندە پارەوپوول هەبێ بەس بێ بۆ ژیان، بەڵام فۆرستەر لەگەڵ برناردشۆ و وێڵزدا لەو بۆچوونەدا یەک دەگرێتەوە کە پارەوپوول هۆکاری گۆڕانکاری ئایندەو گۆڕانکاری نەرمونیانی هەست و سۆزە. ئارەزوو و حەزەکانی فۆرستەر بەوەی کە سەرەنجام ئەوەندە پارەوپوول هەبێ کە دووبارە دابەشکردنەوەی لە هەموو جێگایەک پێوەندی و نەرمونیانی سۆز و هەستەکان بێنێتە دی، لە بیری لیبرالییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو بیرەی لە شۆڕشی فەرەنساوە گەیشتووەتە ئەمڕۆی ئێمە. هەر نوێبوونەوەیەکی لیبرالیانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، لە نەهێشتنی کۆیلایەتی و فراوانکردنی مافی هاووڵاتێتی تا جێگیربوونی سندووقی نێودەوڵەتی پوول و بانکی جیهانی، لەو بیرەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگە ڕۆژێک بێت چیتر ناچار نەبین خۆمان وەک کەسێکی ئەسڵزادە لە کەسانی تر جیاکەینەوە، لەو کەسانەی کە وەک ئاژەڵ دەژین. داهێنانە سیاسییە ڕۆشنگەرە لەخۆبوردووەکان بە

شێوەیەکی دادوەرانە ئەو هەموو سامانە دابەش کەن، ئەو کاتە هیچ کەسێک نامێنێ کە توانای ئەوەی نەبێ مومارەسەی نەرمونیانی هەستونەستەکان نەکات، ئەو کاتە هەرچی مرۆڤە لە رووناکاییدا دەژی و هەمووشیان دەبنە پاڵەوانی بەهێزی نێو رۆمانەکان.

گەر بروانینە ئەم بۆچوونەی فۆرستەر، زۆرتر رێکنەکەوتنی مارکسیزم و لیبرالیزم لەسەر ئەم خاڵەیە: ئایا دەتوانرێ ئەوەندە پارەوپوول بەدەست بهێنرێ کە دووبارە بە شێوەیەکی چاک دووبارە دابەش کرێتەوە، ئەمەش لە رێگای بە سیاسەتکردنی بازاڕ و هەروەها لەلایەن بەرنامەرێژانی حکومەتەوە لە جیاتی ویلکاسەکان. ئاشکرایە کە ئەنجامدانی ئەم کارە ئەستەمە. لیبرالەکانی رۆژگاری فۆرستەر وەک مارکسیستەکان بە چاکی ئەوەیان دەزانی کە روحی مێژوو - ئەگەر نەڵێین روحی رۆمان، یان روحی مرۆڤایەتی - ئابوورییە، بەڵام ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە مێژوو دەبێ راستەوخۆ بە دەستی ئەسڵزادەکان رێنوێنی بکرێ. مارکسیستەکان ئۆمێدیان ئەوەبوو سەردەمێ بێتە ئاراوە تێیدا مرۆڤە چەوساوەکان دەسەڵاتداربن و سەری کار بگرنە دەست، ئەو سەردەمەش شۆڕش هەموو شتەکان سەرەونگون بکاو شتەکانیش ئەو کاتە هەر هەموو لەخۆیانەوە چاک دەبن. بەداخەوە لەمەشدا دیسان مارکسیستەکان بە هەڵەدا چوون، کەواتە مارکسیسم چیتر ئەوەندە شتێک نییە جێگای سەرنج بێ، بۆیە ئێمە ماوین و ئەم پرسیارەش کە ئێمەی مرۆڤانی ئەسڵزادە چاکتر وایە رەدووی چ داهێنانێکی باڵا بکەوین ئەو داهێنانەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام دەدرێ؟.

تا ئەو سنوورەی کە سەرنجمان رووەو نیوەی باکووری گۆی زەوی بێت، ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی ماقووڵ دێتە بەرچاو. گەر هەر هەمووان بەزەییمان بەم پارچە زەوییەدا بێ (تا بە شێوەیەکی گونجاو دابەش بکرێ هەر بۆ نموونە ئوسترالیا بگرێتەوە و چینی لێ دەرچێ)، ئەو کاتە ئاساییی بوو گەر بڵێین لێرەدا ئەوەندە پارە هەیە کە بەشی هەمووان بکات، یان بە زوویی ئەوەندە پارە دەبێ کە بەشی هەمووان بکات، ئەو کاتە گرفتمان تەنیا ئەوە دەبێت کە چۆن ئەو پارەیە دابەش بکەین. تەنیا کارێ کە دەبێ ئەنجام بدرێ دەستنیشانکردنی دەرخواستی شلگەکانە بۆ نەرمونیانی هەست و سۆزی مرۆڤی ئەسڵزادە، کە هەڵبژێرەرانی نەتەوە سامانەدارەکان پێکدێن. ئەو داخوازیانەی کە بەسەر چاوچنۆکی ویلکاسەکاندا سەردەکەوێ. پێدەچێ لەسەرتاسەری نیوەی باکووری گۆی زەوی بەرادەیەکی تەواو پارەوپوول بڵاوبووەتەوە و بەکارهێنانیشی سەرەنجام بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانە لە ئەوروپای رۆژهەڵات، بە ئەندازەیەک وەک ئەوروپای رۆژئاوای لێ بێت. ئاستی ژیانی یورکشایەر بگاتە ئاستی ساری و ئاستی ژیانی بەدفۆر - ستویڤیست وەک ئاستی ژیانی «بنسۆنهەرست»(١)ی لێ بێ. تارادەیەک کۆمەڵێ بەرنامەی دڵخۆشکەرە هەیە کە لە سەرەوە کار بۆ داهێنانی دەکرێ، ئەو بەرنامانە بواری ئەوە دەڕەخسێنن کە ژیانی یەکسانی بۆ هەموو باکوورییەکان بە ئەنجام بگات. ئومێدی لیبرالی لەم بەرنامەیانەوە سەر هەڵدەدا، ئومێدی دنیایەکی ڕازاوەی پڕ خێروخۆشی ئەو دنیایەی کە پەیمانەکانی مەسیحییەت تێیدا بە ئەنجام دەگات.

ئەو ترسەی خورپە بە دڵی هەموو مرۆڤانی ئازادیخوازی باکووردا دێنێ، ئەوەیە کە هیچ داهێنانێکمان نییە بۆ ئازادکردنی باشوورییەکانی گۆی ئەم زەوییە، ئەو ترسەی کە لە دنیادا هیچ وەختێ ئەوەندە پارەوپوول نابێ کە رزگاری ببەخشێتە باکوورییەکان.خەریکین ئەو سیناریۆیە لە دەست دەدەین کە سنووری نێوان باکوور و باشوور دەبڕێ، زیاتر بەهۆی گەشەکردنی زیادبوونی ترسناکی دانیشتوانی وڵاتانی وەک ئەندۆنیزیا و هیند و هایتی. ئەم بەشە لە گۆی زەوی بە شێوەیەکی زێدەڕۆ بیری لێ ناکرێتەوە. خەریکین زیاتر دڵەڕاوکێی ئەوەمانە کە کاروباری ئەم کارانە ببەخشینە کارشناسانی ئامار، یان بە شاعیران، ئەوانەش پێیان دەوترێ «ئەتنۆلۆژیست».

لە کاتی سەفەری یەکەمم بۆ هیند تووشی ئەم دڵەڕاوکێیە بووم، ئەو کاتە چاوم بە پرۆفیسۆرێکی بواری فەلسەفە و هاوکاری کەوت، ئەم زاتە لە هەمان کاتدا سیاسەتمەداریش بوو. لە دەیەی شەستەکاندا وەک نوێنەرێکی لاوی نێو ئەنجوومەن دەستی بە کاری سیاسی کردبوو، ئەندێشەی ئەوەی لە بیردا بوو کە شێوازی تەکنەلۆژیای رۆژئاوایی بۆ سەرکەوتن بەسەر گیروگرفتەکانی هیندستان بەکاربێنێ، بە تایبەت لە بواری رێژەی زاووزێدا. ئەم کابرایە بۆ ماوەی سی ساڵ

ئەرکی هەمــەچەشنەی لە ئەســتــۆ بوو، لەوانە وەزیری تەندروستی. لە پلەو پایەی زۆر گونجاو بوو، تا بتوانێ ڕوانین و بەرنامــەی گــەشــبــینانەو دیاریکراو بخــاتە مێشکییەوە، بەڵام هیچی پێ نەکرا. دەیگوت پاش ٣٠ ســاڵ نوێنەرایەتی کــەســانێکی وەک خــۆی لە نێــو پەرلەماندا، تا ئێستاش تاقە مەسەلەیەک بۆ دایکان و باوکانی گوندنشینان گرنگ بێ ئەوەیە کە هەوڵدەن بە هەر شـێــوەیەک بێت هەشت منداڵ بەرهەم بێنن. دەبێ هەشت منداڵ بێت، چون دووان لەو منداڵانە بە منداڵی دەمــرن، سـێــیــان لەوانەی دەمــێنن کــچن و کــچــیش لە کـۆتاییدا جیـهازی دەوێ،یەکێک لە کوڕەکان دەچێتە شاری بۆمبای و ئیتر ئاگایان لە باس و خەبەری نابێ. ئەوەی دەمێنێ دوو کوڕن، ئەوانیش لە تەواوی ژیانیاندا بە هەمــوو تواناکانیانەوە کــار دەکــەن، بێ ئەوەی هیچ کاتێکیان هەبێ بۆ بیرکردنەوە لە هەست و سۆز، بۆچی ئەمــەش دەکەن تا دڵنیــابن لە بەدیهــێنانی جیــهازی خوشکەکانیان، باوک و دایکیشیان لە تەمەنی پیریدا دڵنیان لەوەی کە لە برساندا نامرن.

لە مــیــانەی ئەم سەفــەرەمدا، بۆم دەرکــەوت من وەکـو زۆربەی باکووریــیــان لە باشــوور، کاتێک دەگــەڕێمــەوە بۆ هوتێلە خـۆش و ئێـرکـۆندیشناوییـەکـەم چیـتـر بیـر لەو سواڵکەرانە ناکـەمـەوە کە لەسـەر شەقامە گـەرمەکاندا بەدووی ناندا دەگــەڕێن.ئەو هیندیانەش کــە نــاســیــاوم بوون، مامۆستای دانیشگاکان، خانەوادەکانی هاوڕێم، باکووره شەرەفزادەکان وەک من تەنیا یەک بەش لەو سەد بەشەی کە لە گیـرفانیان بوو دەیان دا بەو سواڵکەرانە کـاتێکیش دەگەڕانەوە مـاڵەکـانیـان چیـتـر بیریان لەو سواڵکەرانە نەدەکردەوە.سواڵکەران وەکـو فـۆرسـتـەر باسـیـان دەکـا کـەسانێک نین وەک مـرۆڤ بیـریان لێ بکرێتەوە.لە جیاتی ئەمە ئێمە هەردووکـمان بیرمان لە داهێنانە لیبرالییەکان دەکـردەوە، ئەو بیـرکـردنەوەیەی ڕەنگە چینی سواڵکەران بسڕێتەوە، بەڵام هیچ یەک لە ئێـمـە داهێنانێکی وەهای دانەهێنا کـە دڵنیـاکـەر بێت، پێدەچێ وڵات و ڕەنگە جیهانیش ئەوەندە پارەوپوولیان هەبێ کە ژمارەی ئەو باشووریانەی کە لە نیوەی سەدەی بیـــست و یەکـــەم دەژین، دووربن لە نائومـــێـــدی، ئیمکانیاتی ئەوەش فەراهەم دەبێت کـە پێوەندی لەگەڵ ئەو بزووتنەوە قرژاڵییـە پەیدا بکەن کە لە باکووردا ڕوو دەدا.

ڕەنگە ئەوەندە پارەوپوول هەبێ، چونکە زانست و تەکنەلۆژیا ڕەنگە جارێکی تر بە فریای ئەم بارودۆخە بکەوێ. چەند ئەگەرێکی زانستی کەم هەیە، بۆ نموونە گەشەکردنی گرنگی زانستی لە بواری فیزیای پلازما کە ئەویش فیزیایەکە وزە دروست دەکا، بەم جۆرەش (بۆ نموونە)، ڕەنگە بێ خوێکردن و ئاویاری، لە ڕووبەرێکی زۆر فراوان بە هەرزان فەراهەم بکات، بەڵام ئەم ئومێدە تاڕادەیەک ئومێدێکی زۆر کزە. کەسێک کە بەم بارودۆخە چاو دەخشێنێ بە ئاماری بێ نەوایانی باشوور ئەوانەی هەژارییـان تەسـەور ناکـرێ، ناتوانێ هیچ شـێـوە خۆشبینییەکی تێدا ببینێ.

حەز دەکەم دەرئەنجامێکی چالاکانە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی کـۆتایی بەم بیـرە ڕەشبـینانە بێنم، بەڵام تەنیا شتێک کە دەتوانم پێشنیاری بکەم ئەوەیە کە ئێمەی خەڵکانی باکوور، باکوورییە ئەسڵزادەکان، تاڕادەیەک خۆمان بە ڕاستگۆیی هێشتووەتەوە.دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێ هەروەک چۆن فۆرستەر وەبیری هێناوینەتەوە، تەنیا خـۆشـەویسـتی بەس نییـە- لە لایەکـەوە بەراستی مارکسیستەکان لەسەر حەقبوون کە دەیانگوت - ڕوحی مێژوو ئابوورییە. هەرچی قسەی جیهان هەیە دەربارەی ئارەزووی وازهێنان لە «واقعیەتی تەکنۆلۆژیا» و ڕاگرتنی ڕەوەندی «بەشمەکبوون» و دەربارەی «بەها نوێیەکان»یان «شـێوەکانی بیـرکـردنەوەی نارۆژئاوایی»، نابنە هۆی بەدەستهێنانی پوول و پارە بۆ گوندنشینە هیندییەکان. ئەم قسانە هیچ ئەنجامێکیان نابێ تا ئەوکاتەی کە گوندنشینان بە پێی وتەی ویبەر weberian دوا شێوازی واقیعانەی خۆیان هەبێ ودرک بەوە بکەن کە پێویستیان بە هەشت منداڵە. هەرچی عیشق هەیە لە جیهان و گشت هەوڵێک بۆ وازهێنان لە (ئەورووپا میحوەری) و وازهێنان لە (کەسخوازی لیبرالی) و (هەمەچەشنی سیاسی) و قسەکردن لەسەر گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت، وەک بایەو بەلای گوێدا دەڕوا.

وەک دەزانین تەنیا خاڵێک ڕەنگە یارمەتیدەر بێت، بریتییە لە دەسپێشکەری تەکنۆبیرۆکراسی کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە ئەنجام دەگات، هەروەک سیاسەتی بێ بەزەییانەی چین لەمەڕ ئەوەی کە هەر خێزانەو دەبێ یەک منداڵی هەبێ «یان بەواقیعکردنی میتافۆری لەسەرەوە بۆ

خوارەوە، بەرەوپێشبردنی شتەکان بە هەنگاوێکی درندەئاسا، پرژاندنی ماددەی کیمیاوی نەزۆککەر بەسەر گوندنشینانا.». گەر تەنیا ڕێگاچارەیەکی شادیبەخش بۆ ئەم بنبەستە هەبێ، ئەوە دەرئەنجامی ئەو پێویستیانەیە کە بەرازیلییە هەژارەکان هەیانە بۆ دۆزینەوەی کار، هەروەها پێویستی هەر هەموو ئێمەش بەو ئۆکسجینەی کە لە جەنگەڵە باراناوییەکانی ئەمازۆنەوە دروست دەبێ، ئەمانەش دەرئەنجامی ئەو دەستپێشکەرییە تەکنۆبیرۆکراسیانە دەبێت کە تا ئەم ساتە کارێکی چاوەڕواننەکراوە، نەک دەرئەنجامی شۆڕش بەرپاکردن لە بواری «بەهاکان».

بزووتنی قرژاڵئاسا، لە سایەی گۆڕانکاری جیهانبینی فەلسەفیدا خێرایی بەخۆیەوە نابینێ، دراویش گۆڕانکارییەکی سەربەخۆ دەبێ.

پێم وایە جەماوەرێتی خۆبەخۆ لە نێو ئێمەی باکوورییە لیبرالییەکاندا لەمەڕ قسەوقسەڵۆکی دژ بە تەکنۆلۆژیاکردن، خولانەوەمانە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لە بەرنامەڕێژییەوە بۆ خەون بینین، لە زانستەوە بۆ فەلسەفە، پەرچدانەوەیەکی هەڵچوونانەو خۆهەڵخەڵەتێنەرانەیە بەرانبەر بە پەی بردن بەوەی کە ڕەنگە تەکنەلۆژیا ئەنجامێکی باشی نەبێ. ڕەنگە ئەو مەسەلانە کە پێشینانی ئێمە بیریان لێ دەکردەوە قابیلی چارەسەرکردن بێت، لەراستیدا ئەم مەسەلەیە تا بڵێی دژوارە. ڕەنگە تەکنۆلۆژیاو بەرنامەڕێژی سەنتەری هیچ بەرهەمێکی نەبێ، بەڵام ئیتر هەر ئەمەش دەسکەوتەکە. نابێ هەوڵدەین خۆمان لە ڕاستییەکان گێل بکەین بەوەی بڵێین تەکنۆلۆژیا گەورەترین هەڵە بوو، یان بڵێین چیتر بەسەو با واز لە بەرنامەڕێژی و داهێنان لەسەرەوەو شێوەکانی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا بێنین، ئەمەش بە تەواوی ڕێگایەکی دیکەیە، ڕێگایەکی ڕاستگۆیانە، ڕێگای ئەو وتەیەی فۆرستەرە کە دەیگوت: کەسانی زۆر هەژار کەسانێکن تەسەور ناکرێن.

**سەرچاوە:**

**Philosophy and Social Hope**
**Richard Rorty**
**Penguin Books,1999**
**Love and Money**

# دەق خوێنەری چەند ڕەهەندی دەوێ

کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

بارت لە نەبوونی ئامادەیی نووسەر دەدوێ و دەڵێت: هاتنە دنیای خوێنەر هاوتای نرخی مەرگی نووسەرە و مالارمێ لای وایە کە ئەوە زمانە دەئاخوێ، نەک نووسەر و نووسینیش گەیین بەو مەبەست و شوێنەیە کە زمان ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ نەک منی نووسەر. هایدگەریش دەڵێت: زمان خانەی هەستی و بوونە، ئەو بۆچوونە لە جێی خۆیدا گرینگایەتییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەوە زمانی دەقە کە خوێنەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە ڕاو بۆچوونی سارتر ئەوە ئەو بە پێچەوانەی ئەم خاوەن ڕایانە جگە لە زمان بڕوای بە ژیانی نووسەریش هەبوو (بیۆگرافی) کە ئەم بۆچوونەش گرینگە، واتە سارتر لای وا بوو چۆنیەتی ژیانی نووسەر و ئەو سەردەمەی نووسەری تێدا ژیاوە لەسەر پێکهاتەی دەق و ڕوونکردنەوەی تاریکییەکانی نێو دەق بایەخ و گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە سەرنجی بدرێتێ، چونکە هێندێ دەق لێڵی و پرسیار و.. تێدایە کە زۆرجار خوێنەر تاک ڕەهەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا و بەم ئاکامە دەگات کە دەقەکە فرەلایەن نییە و حوکمی یەک لایەنی بەسەر دەقدا دەسەپێنێ، بەڵام ئەگەر لە هێندێ دەقدا بەم بۆچوونەی سارترەوە بچینە ناو دەقەکەوە نەک هەر بیری تاک ڕەهەندانە و ڕەشبینی سەبارەت بە دەق دەگۆڕدرێ، بەڵکو دەق لە باری زمان و ئیماژ و ماناشەوە چێژی تایبەت بەخۆی دەبەخشێ. بۆ کردنەوەی باسەکە وێنەیەک لە شیعری (لەم دەربەندەدا)ی شاملوو دەخەمە بەرچاو.

**بۆن بە دەمتەوە ئەکەن**
**نەک وتبێتت خۆشم دەوێی**
**بە دڵتەوە**

**ڕۆژگارێکی نامۆیه نازەنین**
........
........
........
**ئەوەی شەو لە دەرکە دەدات**
**هاتووه بۆ کوشتنی چرا**
**دەبێ نوور**
**لە پەسێوی ماڵا حەشار بدەی**
**نیشتەجێ لە سەرە ڕێیەکان**
**بە ساتۆری شەڵاڵی خوێن**
**بوونەتە قەساب**
......
**لەسەر لێوان بزە نەشتەرگەری دەکەن**
**گۆرانیش بەسەر لێوەوە**
........

بەشێ لە شیعری- دراین بن بست- لە کتێبی (ترانه های کوچک غربت) لە ئەحمەد شاملوو

ئەگەر خوێنەر لە گۆشەنیگای سارترەوە (واتە بایەخدان بە ژیان و کەسایەتی نووسەر) لەم چەند کۆپلە شیعرییە نەڕوانێ، ڕەنگە بەم ئاکامە بگا کە شاملوو حوکمێکی یەک لایەنە و ڕەشبینانەی دەرکردووە و بڵێ ڕەنگە ئەو کەسەی کە شەوانە لە دەرکە دەدات، دەکرێ میوانێک، یان هاوڕێیەک، یان... بێت، بەڵام ئەگەر خوێنەر ئاوڕ لە ژیانی شاملوو (بەشێوەی خوێندنەوەی کولییەتێ لە دەقەکانی) بداتەوە بۆی دەردەکەوێ کە شاملوو بە زمانی ئیجاز و نیشانە (هاوئاهەنگ و نیسبەتی شەو- چرا و ژینی نووسەر) لەو چرکە چرکانەی ژیانی خۆی دواوە کە لە زیندانەکانی ساڤاکدا ژینی ئیعدامی تێپەڕ کرد و لە دەرکەدانی شەوانەی ئەو هەلومەرجەش هاوتای بانگ کردن بۆ ئیعدام بووە، هەروەک زۆر هەڤاڵی شاعیر (شیعرە بۆنەییەکانی شاملوو) بە لە دەرکەدانی شەوانەی نێو زیندان چرای هزری خەباتیان کوژاوەتەوە و تیرباران کراون. ئەم شێوە دەربڕینە هەروەک وترا بەهۆی ئیماژ و جیاوازی لەگەڵ زمانی ئاسایی و زانستی درەنگ هەزمە و ڕەنگە خوێنەری تاک ڕەهەند کە زمان دەکاتە قوربانی مانا بەتاک ڕەهەندی بزانێ. ئەگەریش خوێنەر، یان ڕەخنەگر لە زانینی بیۆگرافی نووسەر خۆ و بەبێ نیاز بزانێ، پێویستە کەوا کولییەتێ (بەشێکی زۆر) لە دەق و تێکست و بەرهەمی نووسەر بخوێنێتەوە تا لە ڕێگەی ئەم کارە و لانی کەم لەگەڵ دەقی نووسەردا وەک:

(مۆتیڤ و دەلالەتەکان و بووتیقا و...) شارەزایی پەیدا بکا و بە کۆکردنەوەی هۆشیاری و زانستی پێویست بە فەلسەفەی ئەو دەلالەت و نیشانانە بگات کە زمان وروژاندوونی. لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگەین کە هیچ تیۆرییەکی ئەدەبی ڕەها نییە و ئەگەر تیۆرییەک لەسەر دەق پیادە بکرێ (قابلیەتی پیادە بوونی هەبێ) بەو مانایە نییە کە لەسەر هەموو دەقەکانی دیکەش وەڵامدەرەوەیە، ئەمەش گەورەیی دەق دەگەیەنێ (ئەوە دەقی داهێنەرانەیە کە تیۆری ساز دەکات) و ئەم هۆشیارییەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەدەبیات دنیای ڕێژەییەکانە و لەچوارچێوەی تیۆریەکاندا ناحەجمێ و نابێ خوێنەر لە مەڕ گەڕان بەدوای ماناد‌ا زمانی مەجازی و خوازەیی دەق لە یاد بکات و خوێندنەوەکانی خۆی تەنیا بەپێی تیۆرییەکان هەڵسەنگێنێت.

**سەرچاوە:**

**ساختار و تاويل متن. بابک احمدی- ترانه های کوچک غربت. احمد شاملو.**

# خوێندنەوەی کتێبێکی (تۆدوروف): ئەدەب لە مەترسیدایە

لە عەرەبییەوە: د. فوئاد ڕەشید
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیژی پەروەردەی بنیات)

لە سایەی باڵادەستی و زیدەڕۆپێکردنی میتۆدە تەکنیکییەکانی ڕەخنەدا، چ بوارو دەلیڤەیەک بۆ سەرچاوەکانی تێکستی ئەدەبی ماوەتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکی و جەوهەرییەیە کە ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی (تزفیتان تۆدۆرۆف) لەچوارچێوەی پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی و فیکری هەمەلایەندا دەیوروژێنێت و پرسیارە ئیشکالییەکانی خۆی پێ یەکالا دەکاتەوە. ئەمەش لەدوا کتێبیدا بەدی دەکرێت کە بەناوی (ئەدەب لە مەترسیدایە = La literature en peril)

کە دەزگای بڵاوکردنەوەی (Flzmarion) لە پاریس، ساڵی (٢٠٠٧) بڵاوی کردۆتەوە(*).

ئەم کتێبە بچووکە، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێوەندە فیکری و ئەکادیمییەکانی فەڕەنسادا هەبوو، ئەمەش بەهۆی بوێری بیروبۆچوونەکانی و ڕەخنەگرتنێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە فەڕەنساو ڕۆژئاوادا دەستیان بەسەر ڕەخنەی ئەدەبیدا کێشاوە.

ئەم میتۆدانەش کە بریتیین لە فۆرمالیستی و بنیادگەری و سیمۆلۆژی، کە پتر کار لەسەر بنیادی پێکهاتەی دەق دەکەن و گیانی دەقی ئەدەبی و چوارچێوەی (سۆسیۆ - ڕۆشنبیری) یانەی دەق فەرامۆش دەکەن. بەم جۆرە ڕوانین و کارکردنە بووەتە هۆی ئەوەی عەقڵییەتێکی تەکنیکارانە، تاکلایەنە دەست بەسەر کارە ڕەخنەییەکاندا بکێشێت و لەنێوەندە ئەکادیمییەکانیشدا چەند ڕێگاو ڕێبازێکی زانستییانەی توند پەیڕەو بکرێت کە لەمیانیدا دەق لە ئەرک و گیانی ئەدەب دابڕێت و بۆ تێگەیشتنی سیستمی دەقەکان تەنیا لەبنیادی شاراوەو پێوەندییە نێوخۆییەکانی دەق بکۆڵدرێتەوە، ئەو ڕاستییەش بەلاوە بنرێت کە تێکستی ئەدەبی هەڵگری

جۆرێک لە جیهانبینی و ژیانبینییە.

**لە دەسەڵاتی تیۆرەوە بۆ درەوشانەوەی تینی دەق**

(تۆدۆرۆف) لەدوای بڕینی ڕێگایەکی دوورودرێژ لەگەڵ میتۆدو مەعریفەو بەرهەمە فیکری و ڕەخنەییەکاندا، دەگاتە ئەم قەناعەتە «ئەگەر ئەمڕۆ لەخۆم بپرسم بۆچی ئەدەبم خۆش دەوێت؟ ئەوە خۆ بەخۆ ئەم وەڵامە بە بیروزەینمدا دێت: چونکە یارمەتیم دەدات بژیم» (١).

لێرەدا تۆدۆرۆف ئاماژە بەوە دەکات کە دەکرێ کارلێکردنێکی بنیادنەرانە لەگەڵ کەسانی تردا بەدی بهێنین، ئەمەش جیهانمان لەپێش چاو جوانتر و پڕ ماناتر دەکات.

(تۆدۆرۆف) بەگیان و دیدێکی نوستالیژییانەوە بە تیۆرو تێڕوانینەکانی ئیستێتیکای کولتووری ڕۆژئاواییدا دەچێتەوەو بەهرە لە گیان و هزری ڕووناکبیری (Enlightenmwnt) و بنەماکانی فەلسەفەی هیومانیزم وەردەگرێت، بەشێوەیەک وەک بڵێی هەستی بە قورسایی و کۆت و بەندی تیۆری بنیادگەری ئەدەبی کردووەو هەوڵیداوەو مەبەستیشی بووە لەم کۆت و بەندە ڕزگاری بێت و زیاتریش دەرگای بیروهۆشی بەڕووی فرە ڕەهەندی – نەک تاکڕەهەندی – عەقڵی ئازاددا بکاتەوە، تۆدۆرۆف جەخت لەسەر ئەو ئەدەبە دەکاتەوە، کە ڕەگمان بۆ نێو ئەم جیهانە دەگەڕێنێتەوەو چاومان بەڕووی قەیرانەکانی مرۆڤدا دەکاتەوە، لێرەوە ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی واقیعی دامەزراوە ئەکادیمی و فێرکارییەکانی فەڕەنسا دەکات، کە چەند نەریتێکی دژ بە پەیام و ئامانجی ڕاستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبییان چەسپاندووە، هەڵبەتە ئامانجی ڕەخنەش بریتییە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی تێکستەکان بەپێی کۆمەڵگاو مێژوو و چوارچێوەی ڕۆشنبیری.

لەسایەی دامەزراوە ڕەخنەییەکانی ئێستادا پتر جەخت لەبیروبۆچوونی تیۆری و ڕای ڕەخنەگران دەکرێتەوە، نەک لە پەیامی دەق و قسەی نێو دڵی دەقەکان. لەم میانەدا تۆدۆرۆف ئەم پرسیارە دەورووژێنێت کە ئاخۆ میتۆدو دەق کامیان بووەتە ئامرازو کامیان بووەتە ئامانج؟

هەڵبەتە خودی بیروبۆچوونە تیۆرییەکان بوونەتە ئامانج و مەبەست و دەقیش تەنیا بووەتە تاقیگەیەک، کە ڕادەی چالاکی و ناچالاکی ئەم تیۆرانەی تێدا تاقی دەکرێتەوە، ئا لێرەوە ئەدەب دەکەوێتە مەترسییەوە.

**لەبواری ئەدەبدا، قوتابخانە چ شتێک پێشکەشی فێرخواز دەکات؟**

تەنها سەرقاڵی ئەوەی دەکات کە ئاشنای ژانرە ئەدەبییەکان و ئاستەکانی گوتارو بنەماکانی سیمۆلۆژیاو پراگماتیک و شیعرییەت و ڕەوانبێژی بێت. لێرەدا تۆدۆرۆف دەپرسێت «ئایا پێویست دەکات ئەم مەسەلانە بکەینە بابەتێکی بنچینەیی و لەقوتابخانەکاندا بخوێندرێن؟ ئەم بابەتە مەعریفییانە چەند بنیاتێکی ئەبستراکن و چەمکانێکن زادەی شیکردنەوەی ئەدەبین و بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرهەمە ئەدەبییەکان داڕێژراون» (٢).

ئەمانەش ڕاستەوخۆ پێوەند نین بەوەی کە دەق دەیڵێت، لێرەدا شێوەیەک لە شێوەکانی نامۆبوونی ئەدەب، لەنێو دەزگاو دامەزراوە فێرکاری و ئەکادیمییەکاندا هاتۆتە ئاراوە. لەسایەی ئەم ڕەوتە تەکنیکسازییەدا پەیام و ڕوحی دەقە ئەدەبییەکان پەراوێز خران و ئامانجی توێژینەوەی ڕەخنەییش تەنیا بۆ تێگەیشتنی ڕەگەزەکانی بنیادی دەقی ئەدەبییە، نەک بۆ تێگەیشتن لەو دەلالاتانەی کە لە پشتەوەی دەقەکەن.

**ئەدەب و جیهان: مێژووی دابڕان و بەیەک گەیشتن**

تۆدۆرۆف بەمێژووی فیکری ئەوروپادا دەچێتەوەو خوێندنەوەیەک بۆ بیری لێکدابڕانی ئەدەب و جیهان دەکات و سەرنجی ئەوە دەدات کە سەرەتای ئەم بیروبۆچوونە بۆ بنیادگەران و ڕەخنەگرانی هاوچەرخ ناگەڕێتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئەم بیروبۆچوونەی لەسەدە تازەکاندا بەدی کردووە، کە لەسایەی پرۆسەی بەزانستیکردنی ئایین و بەپیرۆزکردنی هونەردا هاتە ئاراوە. کاتێک پێگەی ئەو بۆچوونە کلاسیکییەی لەق کرد کە هونەرو ڕاستییان پێکەوە دەبەستەوە، ئەمەش لەدوو ڕێگاوە: یەکەمیان «دووبارە بەها بەخشین بە هونەرمەندی ئەفرێنەر، کە چەندە بەرهەمێکی جوان و ڕێک و داخراو بەرهەم دەهێنێت» (٣) لەم گۆشەنیگایەوە تەنیا گرنگی بە تواناو جوانی داهێنان دەدرا. ڕێگای دووەمیش خۆی لەوەدا بەرجەستە کردووە کە تەنیا جەخت لەچەمکی جوانی کراوەتەوە، ئەمەش لەسەدەی هەژدەمی زایینیدا ڕێگا خۆشکەربوون بۆ هزروبیری دابڕانی هونەر لە ئەرک و پەیامی واقیعییانەی و پتر باڵادەست بوونی چەمکی جوانی.

پاشان تۆدۆرۆف لەسەدەی رووناکبیری ورد دەبێتەوەو ئەوە روون دەکاتەوە کە لەم سەدەیەدا لێکدابڕانی ئەدەب و جیهان قوولتر و بەرفراوانتر کراوە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگای ئەوروپی، گرنگترینیان سەرهەڵدان و چەسپاندنی چەمکی (ئازادی) بوو. ئازادی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لەمانەش ئازادی هونەر و ئەفراندن ئەگەرچی هزرڤانانی فەلسەفەی رووناکبیری بەرِوونی پێوەندی نێوان ئەدەب و جیهانیان نەپچری، بەڵکو شەنگستی گرنگیدان بەچەمکی جوانی بۆ خۆی لەخۆیدایان چەسپاند و دواتریش لە رێگای (کانت)ەوە تیۆرێکی ئیستێتیکی دارێژرا کە بنەماکەی لەسەر بیروبۆچوونی جوانی دامەزراوە، جوانییەک خاڵی و دابڕاو لەهەموو مەبەست و سوودو پەیامێک (تۆدۆرۆف) دەگەرێتەوە بۆ لای (بۆدلێر) وەک نوێنەری تیۆری (هونەر بۆ هونەر) کە لەسەر هەمان رێرەوی (کانت) رۆیشتووە کە پێی وایە (بابەتی شیعر راستی نییەو شیعر جگە لەخودی خۆی هیچ بابەتێکی دیکەی نییە»(٤) بۆدلێر بیروبۆچوونی (سەربەخۆیی هونەر)ی پێشکەش کردووە بەو مانایەی هونەر بوونێکی سەربەخۆیەو پێویست ناکات رواڵەت و رەهەندەکانی جیهانی پێکەوە بلکێنیت.

بەم شێوەیە (تۆدۆرۆف) لەپێداچوونەوەو لێپیچینەوەیەکی مێژووییدا کە ئامانجەکەی بریتییە لە دۆزینەوەو دیاریکردنی ئەو هۆکار و هەلومەرجانەی کە لە مێژووی گۆڕانکارییەکانی فیکری ئەوروپادا، بوونەتە هۆی لەدایک بوونی تیۆرە ئیستێتیکییەکان. لەم چوارچێوەیەشدا دەگاتە ئەو خاڵەی کە بیری دابڕینی ئەدەب لە جیهان و ژیان، زادەی فۆرمالیزم و بنیادگەری و رەخنەی نوێ نییە، بەڵکو رەگوریشەی ئەم بیروبۆچوونە لەخودی فیکری رۆژئاواییدایەو لە سیستەمی دیدگای ئەوروپادایە بۆ چەمکی جوانی.

### دووماهی(**)

ئەم کتێبەی (تۆدۆرۆف) (ئەدەب لەمەترسیدایە) چیمان پێدەڵێت؟ تازەیی بۆچوونەکانی تۆدۆرۆف لەچیدایە؟ پێم وایە بەر لە (تۆدۆرۆف) خەڵکانی تریش بۆچوونی هاوشێوەی نێو کتێبی (ئەدەب لەمەترسیدایە) یان دەربریوە، بەڵام هێزی قسەکانی تۆدۆرۆف لەوەدایە کە خۆی تیۆریزەکارێکی دیار و گرنگی میتۆدەکانی بنیادگەری و فۆرمالیتی و شیعرییەتە، بەڵام ئێستا لەم کتێبە نوێیەیدا، باس لە گرنگی و بایەخی راستی و بەها مرۆییەکان و پەیمانی نێو هەناوی دەقی ئەدەبی دەکات.

ئەگەر (تۆدۆرۆف) بەم کتێبەی نێوەندی رۆشنبیری و رەخنەیی فەرەنسای ئازراندبێت و پرسیاری لایان دروست کردبێت، ئەوە نێوەندی رەخنەی کوردی پتر شایانی پرسیار لەخۆکردن و ئاوردانەوەیە لە ئاراستەی کارە رەخنەییەکانی، با رەخنەی کوردییش کە ئێستا لە هەنگاونانی نوێکردنەوەی زمان و کەرەستەوە ئاراستەکانێتی، هەوڵی هاوسەنگ راگرتنی چی گوتن و چۆن گوتن بدات.

**پەراوێزەکان:**

**(*) هەڵبەتە ئەم کتێبەی (تۆدۆرف) لە هەمان ساڵدا وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بروانە: تزفیتان تودوروف، الأدب في خطر، ت عبدالكبير الشرقاوي، دار توبقال، الدار البيضاء، ط١، ٢٠٠٧.**

**(١) تودوروف، الأدب في خطر، ت عبدالكبير الشرقاوي، ص، ١٠.**

**(٢) هەمان سەرچاوە، ص ١٣.**

**(٣) هەمان سەرچاوە، ص ٢٤.**

**(٤) هەمان سەرچاوە، ص ٢٤ – ٣٦.**

**(**) وەرگێری عەرەبی لەژێر ناونیشانی (الخاتمة) چەند دێرێکی دەربارەی بۆچوونی خۆی بەرانبەر کتێبەکە نووسیوە ئاماژەی بە رەخنەی عەرەبی کردووە کە هەڵوێستی چی و چۆن بێت بەرانبەر بیروبۆچوونەکانی تۆدۆرۆف. ئێمەش لەجیاتی ئەو قسانەی (عبدالوهاب شعلان) چەند دێرێکمان بۆ رەخنەی کوردی نووسیوە کە لە ئاست ئەم کتێبەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ دەق بکات.**

**سەرنج: ئەم نووسینە (خوێندنەوەی کتێبێکی تۆدۆرۆف..) وەرگێرانێکە بە کورتکراوەیی و دەستکارییەوە بۆ نووسینی:**

**«النقد و رهان العودة الى منابع النصوص قراءة في كتاب (الأدب في خطر) لتودوروف» كە (عبدالوهاب شعلان) نووسیویەتی و لە گۆڤاری (فصول) ژ (٧٣)، ٢٠٠٨ بلاوكراوەتەوە.**

# توانایی منداڵ لە پێگەی بەردەنگی ئەدەبیدا

**موحسین هیجری**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

## سەلماندنی وزەی جوانیناسی منداڵ لە دەزگای ناسیاری «کانت»دا

قەبووڵ کردنی ئەو بابەتەی کە منداڵ دەتوانێ ببێتە بەردەنگی وێژە، ڕەنگە لە هەموو شتێک زیاتر، لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا بێ کە منداڵ دەتوانێ ببێتە بەر دەنگی وێژە و توانایی ئەوەی هەیە کە حوکمی جوانیناسانە دەرکا، ئەی بڵێی بتوانێ کاتی بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ دەقێک لە باری جوانی ناسییەکەی بگا و «کانت» (١) گوتەنی حوکمی سەلیقەیی دەرکا یان نا؟ ئەگەر ئەو تواناییەی منداڵ بە لامانەوە پەسەندە و بە سەرنجدان بەو نەبوونی ئاوەزە جیاوازەی لای ئەو(٢)، دەکرێ بڕوا بەو هۆگرییەی بکەین و دەتوانین ئەو لە پێگەی بەردەنگێکی چالاک دانێین کە لە تواناییدا هەیە سنوور لە نێوان جوانی و ناحەزییەکاندا بکێشێ. پرسیاری دواییش ئەوەیە کە بێژی منداڵ کاتی دەرکردنی حوکمی جوانیناسیانە، لەگەڵ بەردەنگی گەورە جیاوازی تەواوی هەبێ، یان بە بۆچوونێکی تر لە هێندێ بارەوە کەموکوڕی هەیە؟ یان نا، بە پێچەوانەوە دەتوانین ئەو لە بەردەنگی گەورە بە چاکتر بزانین و قەبووڵی بکەین، ئەو ڕادەی تێگەیشتنی لە دەقێکی جوانیناسانە زیاترە لە گەورە.

وەڵامی ئەو پرسیارانە، لەو بابەتەوە گرینگە کە لە ڕوانگەی بڕێک لە خاوەنڕایانی وێژەی منداڵەوە، لە پێک گرتنی تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ لەگەڵ ئەو نوێنەرە جوانیناسیانەی لە دەقی وێژەییدا هەیە کەمتر سوودیان لێوەردەگیرێ. هەر بەو هۆیەش وێژەی منداڵ زیاتر ئاوڕ لە دەقە فێرکارییەکان دەداتەوە و بە بۆچوونێکی تر خۆ لە قەرەی وێژەی پەتی و بێ

خەوش(٣) نادا. هێندێکی تر ناولێنانی وێژە وەک دەق منداڵ تەوەر بەباش دەزانن، چونکە پێیان وایە بەردەنگی وێژە دەبێ توانایی دەرکردنی حوکمی جوانیناسییانەی هەبێ، بەڵام منداڵ بە هۆی نەبوونی ئاوەزی جیاواز لەو چەشنە توانایییە بێ بەشەو هەر بەو هۆیەشەوە دەقی ئەدەب بۆ منداڵ خۆ لە قەرەی جورێک پاشکەوتوویی، یان داچوونی ناچاری دەدا و ڕەنگە هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بێ کە بڕێک کەس وێژەی منداڵان بە شێوەیەکی ناتەواو و نیوە چڵی وێژەی گەوران دەزانن و بۆ نووسەرانی ئەو بوارە سەرکەوتنی زیاتر لە ژانری وێژەی گەوراندا بە ئاوات دەخوازن!

ئێمە لەم نووسراوەیەدا بە سوود وەرگرتن لە ڕوانگەی «کانت» لە چۆنیەتی دەرکردنی حوکمی جوانیناسییانەدا، یان بە بۆچوونێکی تر حوکمی سەلیقەیی ئاماژە بەو بابەتە دەکەین. کە نەبوونی ئاوەزی جیاواز توانایی منداڵ لە دەرکردنی حوکمێکی ئەوتۆدا نافەوتێنێ و هەر بەو هۆیەش نابێ پێمان وابێ کە وێژەی منداڵ بە هۆی نەبوونی لێهاتوویی بەردەنگی تایبەتی خۆی، کەمتر سوود لە تایبەتمەندییەکانی جوانیناسی وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بابەتەشمان بە دڵ بێ کە بە هۆی سنووردار بوونی چوارچێوەی وشە و فامی منداڵ، دەبێ دەقی وێژەیی پابەندی بەردەنگ بێ، دەبێ بپرسین کام دەقی وێژەیی گەوران هەیە کە بە بێ سەرنجدانی بە سنووردار بوونی بەردەنگەکەی گووراوە و نووسەرێک کە زمانێکی تایبەت بۆ نووسین هەڵدەبژێرێ، ناتوانین بڵێین بە شێوەیەکی سروشتی خۆی بە تایبەتمەندی زمانی و تێگەیشتنی تاقمێک لە بەر دەنگەکانییەوە بەستۆتەوە؟

## گریمانە نەسەلمێندراوەکان

«ئێمە هەر لە منداڵییەوە بیروباوەڕێکمان سەبارەت بە عەدالەت و جوانی هەیە کە شوێنی ئەوان لە سەر پەروەردە بوونی ڕوح، وەک شوێن دانانی دایک و باوک وایەو ئێمەش خوومان بەوە گرتووە کە ڕێزی بۆ دانێین» (٤).

جگە لە ئەفلاتوون کەسانێکی تریش وەک ڕۆسۆ(٥) هۆگری منداڵ بەو نیشاندەرە جوانیناسانەیە بە شتێکی زاتی(٦) دەزانن، بەڵام ئەم هۆگرییە بە جوانیناسی، یان بە بۆچوونێکی گشتیتر، شتی جوان چ پێوەندییەکی لەگەڵ سیستمی فیکری منداڵ هەیە. لەو چەشنە گریمانەیەدا وەڵامێکی دڵنیاکەرانە نادۆزرێتەوە و ئەگەر بۆچوونی «پیاژە» لە تەمسیلێکدا وەک خوێندنەوەی بیرۆکەی منداڵ چاولێکەین و قەبووڵمان بێ و ئەگەر پێمان وا بێ هەمیشە خەریکی پێک گرتنی وردەکارییەکانە، کەوایە ئەو چۆن دەتوانێ بچێتە نێو دۆزێکی وەک ئەدەبیاتەوە کە لەودا دەرگای مەجاز و خوازە و کینایە و ئاماژە ئاواڵەیە و هەموو شتێک تەنانەت ڕاستەقینەش لە پانتاییەکی جیاواز و بەرچاودا هەست پێدەکرێ.

لێرەدا بە پێڕەوی لە فرۆید(٧) ئەگەر قەبووڵمان بێ کە هۆگری بە هونەر، بە هۆی نەستی خنکێندراوەوەیە یان بە دژواز بوون لەگەڵ یۆنگ(٨) بڵێین کە نەستێکی هەمووانی ئێمە بەرەو ئەو لایە ڕێنوێنی دەکا، یان ئەوەی کە وەکو شوێنکەوتووانی ڕێبازی دزەی هەستەوەری(٩) بەو شێوەیە بەڵگە بێنییەوە کە مرۆڤ کاتی دیتنی ڕاستەقینەی هەست پێکراو، دەرگای زەینی ئاواڵا دەکا بۆیان و بە هۆی هەستی ئەوەوە ئەو شتانە دەبیندرێن، بە هەر شێوەیەک بێ زۆربەی مەسەلە نەسەلمێندراوەکان دەستیان لێهەڵدەگیرێ و وێژەی منداڵان لە پاڵەوپشتێکی فەلسەفی بێ بەش دەبێ. لە ڕاستیدا ئێمە بە سەلماندنی فەلسەفییانەی توانایی منداڵ لە تێگەیشتنی جوانی، بەو باوەڕە دەگەین کە لێوەشاوەیی زاتی بەردەنگی وێژەی منداڵان باشە و ئەم گرنگایەتییە لە دەست ئەم هەوڵانە نایە کە ئاماژەمان بە بڕێکیان کرد.

## بەردەنگی وێژەی منداڵان لە ڕوانگەی کانتەوە

بە سەرنجدان بە وتەکانی کانت کە سەبارەت بە سەلماندنی هۆگری مرۆڤ بۆ جوانی، بە دۆز و دەرەنجامێکی باش دەگا و لە دەسپێکی باسکراودا، ئاکامێکی باش بەدەستەوەدەدا، هەر بۆیە بە باشی دەزانین کە بە کەڵک وەرگرتن لە جوانیناسی کانتی، پێگەی منداڵ وەک بەردەنگی ئەدەبیات زەق کەینەوە، بە تایبەت ئەوەی کە دەستکەوتەکانی کانت لەگەڵ تیۆرییەکانی نێو ڕەوانناسی منداڵیش سازگارە.

کانت دەڵێ: «لە بەرەو ڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، مرۆڤ هەوڵ دەدا جۆرە هاولێکی لە نێوان ناسیاری خۆی و دیاردەکانی بەرامبەریدا دروست بکا؛ بە

جۆرێک کە پڕژوبڵاوی جیهانی دەرەوە لە ئەندێشەی خۆیدا کۆکاتەوە و هەموویان بخاتە ژێر فەرمانی یاساو ڕێسای گشتی خۆیەوە. کاتێک ئەو هاولێکییە پێک دێ، هەست بە چێژێکی خۆش دەکا، چونکە وا هەست دەکا کە لە سروشتدا، ئامانجداری هەیە و ئەویش توانیویەتی تێی بگا، بەڵام کاتێک لەگەڵ نالێکی بەرەوڕوو دەبێ هەست بە وەڕەزی دەکا»(١٠)

کانت لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەست کردن بە چێژ و ئازار، ئەگەرچی بەشێک لە سیستمی ناسیاری ئێمە نین، بەڵام پێوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵیدا هەیە. ئامانجداری دیاردەکانیش شتێکی هەست پێکراو و لەبەرچاو نییە، بەڵکو چەمکێکە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین و لە هەمبەر دیاردەی ناسیاریدا شتێکی ڕواڵەتییە و وەک چێژ و ئازار ناتوانین بە بەشێک لە سیستمی ناسیاریان دانێین. لەو حاڵەتەدا مرۆڤ کاتێک سروشت بە ئامانجدار دەزانێ کە بۆچوونی ئەو بۆشناس هاوڕێ لەگەڵ چێژ بێ و ئەو بۆچوونە خۆیشی، بۆچوونێکی جوانیناسانە لە ئامانجدار بوون بێ.

بە بڕوای کانت، زەین کاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ئامانجداری دیاردەیەکە، بێ ئەوەی بیەوێ لەگەڵ چێژ ئاوێتە دەبێ و لەو کاتەدایە کە ئەو دیاردەیە بە جوان دەزانین. بە واتایەکی تر چێژی نائاگایانەی ئێمە لە ئامانجداری دیاردەیەک، پێمان دەسەلمێنێ کە بە جوانی بزانین. کانت ئەو حوکمەی دەبێتە هۆی چێژێکی ئەوتۆ، بە حوکمێکی سەلیقەیی دەزانێ. ئەگەر ئەوەی کانت دەیلێ بە گریمانەی بزانین، ئەو کاتە تێدەگەین کە بۆچی منداڵ سەرەڕای کەموکوڕی دەزگای ناسیاری و نەبوونی ئاوەزمەندی جیاواز، حوکمی جوانیناسیانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەردەکاو لەو چوارچێوەیەدا، نەک جیاوازی لەگەڵ گەوران نییە، بەڵکو واتای جیاواز نابێتە مێمڵ و ملۆزمیان و تا ڕادەیەکی زۆر لە مەترسی بە دوورن. لەگەڵ ئەوەی تووشی جوانی دەبن لە ڕێوە تێی دەگەن و دەبنە هۆگری. بەوەدا کە کانت ئاوا بە باشی بەڵگە دێنێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە حوکمی(سەلیقەیی) لە ڕووی ئەزموون و بارستایی ئەوەوە نییە، هەر بۆیە نەبوونی ئەزموونی منداڵیش ناتوانێ ببێتە کۆسپێک لە سەر ڕێی دەرکردنی حوکمی جوانیناسی.

## هاوڕێژەیی حوکمی سەلیقەیی لەگەڵ ئەندێشەی تەمسیلی منداڵ

خاڵێک کە زۆر گرینگ و شیاوی ئەوەیە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ، هاوڕێژەیی حوکمی سەلیقەیی لەگەڵ ئەندێشەی تەمسیلی منداڵە کە بەر لەوە بە ئاماژە کردن بە بواری دەروونناسی، ئاوڕمان لێدایەوە، لە ڕوانگەی کانت-ەوە حوکمی سەلیقەیی، یان دەستنیشان کردنی باری جوانی، کاتێک مسۆگەر دەبێ کە زەین لەگەڵ دیاردەیەکی پاژەکی بەرەوڕوو بێ و پاشان بیگەڕێنێتەوە بۆ ماکی ئامانجداری کە لە زەیندا نیشتەجێیە. کانت لە سەر ئەوباوەڕەیە کە بۆ بڕینی دیاردەیەکی پڕ دەستکەوت پێویست ناکا زەین بە دوای یاسایەکی گشتیدا بگەڕێ؛ چونکە بەرلەوە ئەم ئامانجدارییەی وەک بنەما و ماکێکی گشتی قەبووڵ کردووە، هەر بۆیە لەگەڵ دیتنی دیاردەیەکی ئامانجدار بواری دەرکردنی حوکمی سەلیقەیی بۆ دەڕەخسێ، چونکە بە شێوەیەکی نائاگایانە بابەتی پاژەکی بۆ دەستووری گشتی، یانی ئامانجداری دەگێڕدرێتەوە و بەم شێوەیە حوکمی سەلیقەیی دەردەکرێ کە ڕاست ئەو دیاردەیەیە وا مەبەستی ئێوەیە.

کەوابوو ئەندێشەی تەمسیلی منداڵ کە تەنیا لەگەڵ پاژەکان هەڵسوکەوت دەکاو دەرەقەتی جیاوازی واتا گشتییەکان نایەت، بۆ دەرکردنی حوکمی سەلیقەیی سەبارەت بە واتای جوانی لەگەڵ هیچ کۆسپێک بەرەوڕوو نابێ و بەم شێوەیە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بۆچی منداڵ بەر لە گەیشتن بە تێگەیشتنی جیاوازی توانایی دەرکردنی حوکمی جوانیناسانەی هەیە و داوەری ئەو سەبارەت بە واتای جوانی، نەک بایەخی بەقەد داوەری گەوران نییە، بەڵکو بە هۆی نەبوونی دەخەزداری و بەرژەوندخوازی، زیاتر لەگەڵ پاکی و ڕاستی ئاوێتەیە. توانایی منداڵ بۆ دەرکردنی حوکمی سەلیقەیی، چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوەی وزەی ئەو لە بەستێنی وێژە و هونەردا بە جوانی شی دەکاتەوە، چونکە لەو بەستێنەدا پێوەندیدانی پاژەکان لەگەڵ ئەسڵێکی ئامانجداردا کە ماکی حوکمە جوانیناسییەکانە، قسەی یەکەم دەکا. کەوایە لە لایەنی جوانیناسانەوە، وێژەی منداڵان لەگەڵ بەردەنگێکی بێ توانا بەرەوڕوو نییە و تووشی بەربەست نابێ و ئەگەر نووسەر خوازیاری ئەوە بێ کە واتای جوانیناسانە لە دەقەکەیدا بێنێ، لە لایەن منداڵەوە هیچ

کۆسپێکی بۆ نایەتە پێشێ، تەنانەت دەتوانین لە سەر ئەوە پێداگری بکەین کە سەرەکیترین بەردەنگی وێژە و ئەدەب منداڵانن؛ چونکە تێگەیشتنی جوانیناسی ئەو لە مەترسی دەستەبەندی زەینیدا نییە و ئەو بە سانایی دەتوانێ بە بێ ئەوەی بچێتە ژێر باری دەسەڵاتی واتا گشتییەکان، جوانی بدۆزێتەوە و شاتوشوویش نییە ئەگەر بڵێین بەردەنگی گەورەی ئەدەبیاتیش لە حاڵی گەڕانەوەدایە بەرەو بارودۆخێکی وا کە چێژی وێژەیی بدۆزێتەوە؛ چونکە ئەگەر ئاوەز هەڵگەڕێتەوە بۆ سەر ئاکام و بەرژەوەندبین دەسەڵاتداربێ (یانی هەر ئەو شتەی کە پێداویستی ژیانی ئاوەزمەندە). چوون بۆ نێو دنیایەک کە تەنیا لە دەرووی خەیاڵەوە بەردەنگ دەدۆزێتەوە، بە هیچ کلۆجێ نالوێ.

**پەراوێز:**

**(١) ئیمانوئیل کانت (immanuel kant 1724-1804)**

**(٢) گیرسانی نمانا لە منداڵاندا،یان play,dreams and imitation childhood ژان پیاژێ وەرگێرانی زینەت تۆفیق، ٢٠٠٢**

**(٣) مەبەست لە وێژەی پەتی و بێ خەوش بەستێنێکە کە لەودا چێژی ئەدەبی لە سەروو هەموو واتایەکی ترەوە و تەنانەت لە فێر کردن و پەوەردەش باشترە.**

**(٤) کۆماری ئەفلاتوون، وەرگێرانی فوئاد رۆحانی. پەخشانگەی زانستی و فەرهەنگی ٢٠٠١**

**(٥) ئەمیل، ژان ژاک رۆسۆ، وەرگێرانی غولام حوسێن زیرەکزادە و پەخشانگەی ناهید،٢٠٠٣**

**(٦) مورتەزا مووتەهەری زات وەک سروشت و خۆماک بە شتێکی گووراو دەزانێ؛ بەو جیاوازییەوە کە زات لە خۆماک ئاگاترە. زات، لاپەڕە ٣٣ پەخشانگەی سەدرا ٢٠٠٥**

**(٧) ئاماژە بە دەخەزی نووسەر کە لە ئەندێشەی فرۆیددا کار و کاردانەوەی مرۆڤ لە منداڵییەوە هەتا پیری دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.**

**(٨) جوانیناسی بە زمانێکی سادە. مەحموود عیبادیان، لاپەڕەی ٤١، ناوەندی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هونەری ٢٠٠١**

**(٩) رێبازی دزەی هەستەوەری، چەمکێک لە ڕەوانناسی خۆ ڕاوانانە، یان introspeclive دێتە ئەژمار.**

**(١٠) ڕەخنەی وزەی حوکم، ئیمانوئێل کانت، وەرگێرانی عەبدولکەریم ڕەشیدیان، پەخشانگەی ٢٠٠٧**

**فەرهەنگۆک:**

**پاژەکی: جزئی**

**پەخشانگە: انتشارات**

**ئامانجدار: هدفمند**

**منالّ تەوەر: کودک محور**

**دزەی هەستەوەری: رسوخ حسی**

**بەردەنگ: مخاطب**

**وێژە: ادبیات**

**ملۆزم: مزاحم**

**مێمڵ: مزاحم**

**هاوڕێژەیی: تناسب**

**دەستەبەند: طبقەبندی**

**نمانا: نماد**

**گیرسان: شکل گیری**

**خۆماک: غریزە**

**گووران: تکوین**

**دەخەز: عقده**

**خۆڕوانانە: خودنگرانه**

**سەرچاوە:**

**پژوهشنامەی ادبیات کودک و نوجوان شمارە ٥١، ١٣٨٦ تهران.**


# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیبراهیمی قادری**

تا ئەمرۆ زیاد لە جارێک ئەم گۆرانیبێژەم دیوە و چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجام داوە، بۆ نموونە: لە هەشتاکاندا کاتێک بە دوای گۆرانیبێژانی شێوازی فۆلکلۆری و میللی و ئاوازی کۆن و کەسانێکی دی دەگەڕام کە دەنگخۆش نین، بەڵام ئاوازی کۆن و فۆلکلۆرییان لەلایە، وەک گۆرانی: سەردولکە و لاواندنەوەی منداڵ و گۆرانی شایی، جگە لەوە بە دوای وەستای دروستکاری ئامێرەکانی موزیک و موزیژەنانی میللی و دەروێشانی دەفژەن و شایەرانی سەرچۆپی کێش و شایەرانیشدا دەگەڕام، ئیبراهیمی قادری ئەوکاتە پێشمەرگە بوو، جارێکیان لە شاری ڕانیە چاوم پێی کەوت، دیارە لەو ڕۆژەوە تا ئەمرۆ زیاد لە جارێک و شوێنێک بە دیداری شاد بووومە.

ناوی تەواوی ئەم گۆرانیبێژە (ئیبراهیم کەریم ڕەحمان قادر)ە و بە (ئیبراهیمی قادری) ناوداره، وەک خۆی دەڵێ: تەمەنی (٧٥) ساڵە، لە گوندی (عیساکەند)ی نێوان هەردوو شاری (بۆکان) و (مەهاباد)، چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە. هەر لە تەمەنی (١٦ - ١٧) ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە. لە وەڵامی پرسیارێکماندا گوتی: لە کەسانی دەنگخۆشەوە حەزم چۆتە گۆرانی گوتن، یەکێک لەوانە باوکم کە یەکێک لە هەرە دەنگخۆشەکانی ناوچەی موکریان بوو، باوکم یادی بەخێر هەرکاتێ میوانێکی دەهات، بانگی دەکرد: برایم؟ دەمگوت: بەڵێ دەیگوت: وەرە گۆرانییەک بۆ ئەو بەرێزە بڵێ؟ باوکم گۆرانی تەنیا بۆ خۆی و دۆست و برادەر و ناسیاوان دەگوت و لەگەڵ شاعیرانی بلیمەتی وەک: هێمن و هەژار و مام هێدی برادەر بووە و ئەوان لەسەر دەنگخۆشیی باوکمیان نووسیوە. ئێمە (٥ - ٦) برا



ئیبراهیمی قادری

بووین، له ژیانماندا لەبەرانبەر باوکمان نە (نان) نە(چای)مان نەخواردووە، ئەمە وەک ڕێزگرتن! باپیریشم لە خوێندنی قورئاندا زۆر دەنگخۆش بوو. ئیبراهیمی قادری (٤) کوڕی هەیە و یەکێکیشی لە ڕێگەی شەرەفمەندی و کوردایەتی لە سێدارە دراوە و تاقە کچێکیشی هەیە. شایانی باسە کوڕەکانی هیچ کامیان گۆرانی ناڵێن! کاتێ لێم پرسی بۆ؟ گوتی: مامۆستا گیان کە کوڕەکانم منداڵ بوون، لە کووچە و کۆڵان منداڵان دوایان دەکەوتن و بە کوڕی (چاوەش) بانگیان دەکردن، بەو هۆیەوە منداڵەکانم هیچ کامیان خۆیان لە قەرەی گۆرانیبێژیی نەداوە! هەرچەندە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕوانینی خەڵکی بە گشتی بۆ گۆرانیبێژ و مۆزیکژەنان گۆڕاوە و شوکور ئەمڕۆ بە هونەرمەند بانگیان دەکەن.

* ئەگەر بیرت مابێت، یەکەم جار لە داوەت بوو، یان چ شوێنێکی دی گۆرانیتان گوت؟

– کەسێک هەبوو بە ناوی (محێدین حاجی فەرەج) ئاهەنگ و داوەتی ڕێک دەخست، برادەرم بوو، دەیزانی دەنگم خۆشە، جارێکیان بۆ داوەتێک بەدوام داهات، لەبیرمە بەپێ بۆ داوەتەکە چووین، شایی خزمێکی خۆیان بوو، لەوێ لێیان پرسیم: کوانی ڕەفیقت ڕۆڵە؟ چونکە یەکەم جارم بوو، ئەو شتانەم جارێ هێشتا نەدەزانی، گوتم: کەسم لەگەڵدا نییە! بۆیە گۆرانیبێژێک کە لەو دێیانەی دەوروبەر بوو بە ناوی (ڕەحمان) بەدوایاندا نارد، هەروەها بە دوای (هەمزەی حەسەن پیرە)ی خەڵکی دێی (مەنوچەهر)ی نزیک مەهابادیاندا نارد، ئەو مام هەمزەیە ئامێری (شمشاڵی ئاسن)ی دەژەند، ئیدی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕەحمانی گۆرانیبێژ بە شمشاڵ و بە چەپڵە دەستمان بە داوەتی کرد! ڕۆژی دووەمی داوەت بوو، سەیرمان کرد منداڵان بەرەوخوار ڕادەکەن، دواتر هاتنەوە گوتیان: ئەوە (حەسەن دووزەلە)یە، سەیرمان کرد بە دووزەلە ژەنینەوە بۆ لامان هات. گوتم: یاخوا بەخێر بێی ئەوە تۆ فریشتەی لێرە پەیدا بووی ؟ ئیدی ئەو ڕۆژە بە هۆی هاتنی حەسەن دووزەلەوە داوەتەکەمان زۆر بە جۆش و خرۆش و گەرمتر بوو.

* یەکەم گۆرانی کە لە ژیانتدا گوتت کامە بوو ؟

– گۆرانییەکی گۆرانیبێژ (عەلی خەندان) هەبوو زۆرم پێخۆش بوو، هەمیشە لەگەڵ خۆمدا دەمگوت کە دەڵێ:

**ئۆخەی ئۆخەی خەزاڵێ**
**وەی کابانێ گەورە ماڵێ**
**جحێڵ مزگێنیم دەنێ**
**مەڕ هاتەوە سەر ماڵێ**
**پێی بڵێن بە بێریە چکۆڵەی**
**کەمێک قۆڵی هەڵماڵێ**

دیارە کاتێ ئیبراهیمی قادری لەسەر داوای ئێمە تۆزێکی لە ئاوازی ئەو گۆرانییە گوت، بۆمان دەرکەوت، ئاوازەکە هی گۆرانی فۆلکلۆری بەناوبانگ: (ئایشێلێ نازەنینێ)یە.

* دەکرێ بزانین تا ئەمڕۆ چەند بەرهەمی تۆمارکراوتان هەیە؟

– نەوەت دانە گۆرانیم هەیە کە لە هۆنراوە و ئاوازی خۆمن، بۆ هۆنراوەش دیارە حەزم لە هۆنراوەکانی شاعیرانی گەورەی وەک: هێمن و هەژار و هێدی و عەلی حەسەنیانی بووە، بۆیە جگە لەو گۆرانییانەی خۆم، شیعری ئەوانیشم بەکارهێناوە.

* لە سەرەتای ژیانتدا وەبیرت ماوە، کاروانچی باشووری کوردستان بۆ لای ئێوە، بۆ موکریان هاتن و کۆڕی بەزم و گۆرانی و مەقام گوتنیان دامەزراندبێت؟

– بەڵێ، بۆ نموونە خاڵم (سەید مستەفا) هەر لە دێی خۆمان بوو، ژنی نەهێنابوو، ئەوکاتەی من باسی دەکەم ئەو تەمەنی (٤٠ – ٥٠) ساڵان بوو، هاموشۆی

باشووری دەکرد، کاروانچی بوو، وڵاخی هەبوو، قاچاخی دەهێنا، بۆ باشووری کوردستان دەهات زۆرتر بۆ شارەکانی (کەرکووک) و (کۆیە)و (سلێمانی) دەهات، قوماشی دەهێنا، لە بیرمە لە کۆیە و کەرکووک و سلێمانی ڕەفیقی هەبوو، جا ئەوانە هەرجارە لە ماڵی خاڵم کۆدەبوونەوە و دادەنیشتن گۆرانییان دەگوت! میوانە کاروانچییەکان کەسێکی یەکجار دەنگخۆشیان لەگەڵدا بوو، خەڵکی (کۆیە) بوو، مخابن ناویم بیرنەماوە، دەهات لە دانیشتنی ئەو شەوانە لەگەڵ باوکم گۆرانییان دەگوت! لە ماڵ دادەنیشتن شەو تا درەنگ گۆرانی و مەقام و لاوک و حەیرانیان دەگوت، کاروانچییەکان زۆرتر لە ماڵی مستەفای خاڵم کۆدەبوونەوە و مەجلیسی گوتنیان ڕێک دەخست، کاروانچییەکانی لای خۆتان، کە دەهاتن دیاری و شتی جوانیان بۆ باوکم دەهێنا، چونکە وەک گوتم: باوکم یەکێک لە دەنگخۆشترین گۆرانی و بەیتبێژانی ئەوسای ناوچەی (موکریان) بوو.

* سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی گۆرانیبێژان، یان دەنگخۆشانی ناوچەی ئێوە کێ بوون؟

– کەسێک لای ئێمە بە نێوی (حوسێن شەشە) کە بە (حوسێن کەنیلە) ناسرابوو، لە دێی (حاجیاڵی کەند)ی نزیکی مەهابادێ بوو، دواجار ماڵیان هاتۆتە مەهاباد، دوای کۆماری مەهابادیش هاتۆتە (سەردەشت)ێ و دواجار لە شاری (ڕەبەت) کۆچی دوایی کردووە، نزیکەی (١٣٠) ساڵ ژیا، سەدی هەشتای ئەو گۆرانی و (بەیت)انەی ناوچەی موکریان لە ئاواز و هۆنینەوەی ئەو حوسێن کەنیلەیە بوون، بۆ نموونە: بەیتی (لەشکری)، کەم کەس دەیتوانی دوو بەندی لێ بڵێ، ئەو چوار بەندی دەگوت! حوسێن کەنیلە توانای دانانی بەیتیشی هەبووە، بۆ نموونە: لە کتێبێک کە لای کاک (ئەحمەدی بەحری) هەیە، نووسراوە: کاتێک کچی (برایم خانی) شاری (کەندی)، بەدوای بەردەستێکی ماڵەکەی خۆیان کەوت، حوسێن کەنیلە یەکسەر گۆرانییەکی بۆ ئەو ڕووداوە داناوە: کە سەرەتاکەی دەڵێ:

**قەوماوە قەوماوە**
**لە برایم خان قەوماوە**
**جحێڵ قوڕیان بەسەری**
**(عەزیمە) هەڵگیراوە**
**(عەزیم) لە باڵەخانێ**
**(ڕەسوو) لە(باخی ساوا)......**

دیارە باخێک لە بەر واتە لە خوار دێ بەو ناوە واتە (باخی ساوا)وە هەبووە. دواتر سەرداری (بۆکانی)، ئەو کوڕە و کچەی بەخشین، واتە لێیان خۆش بوو. کەسێکی دی بە نێوی (سەید عەوڵای سەید مینەی) هەبوو، ماڵی لە (بورهانی) بوو، سەوادی نەبوو، کچی هەموو (گوڵستان) و (بوستان)ی لەبەر بوو، ئاوازی زۆر گۆرانی وەک (ناڵەشکێنە) هی ئەو بوو، هەرجارە هەڵدەپەڕی و گۆرانی دەگوت، کەسانی بەڕێز و پیاوماقوڵیش لەو هەڵپەڕینەیدا بۆی دەبوونە گاوانی. لەبیرمە مامۆستا هەژاری شاعیر لای (مەلا سەعیدی سێلەکەیی) دەیخوێند، جا مامۆستا هەژار (لایە لایە)یەکی دانابوو، خەڵکی زۆریان پێخۆش بوو، زۆربەی دەنگخۆشان دەیانخوێند، ئەوکاتە دەنگخۆشان بە زۆری گۆرانی و شێوە گوتنەکانی نەمر (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)یان دووبارە دەکردەوە! لە وەڵامی پرسیارێکی ئێمەدا گوتی: باوکی محەمەدی ماملێ واتە (سەعیدی مامڵێ)م لەیادە، من ئەوکاتە لە کۆتایی کۆماری مەهابادێ (١٠ – ١٢) ساڵان بووم، سەعیدی مامڵێم دیوە، نەک هەر سەعید بگرە محەمەدی مامڵێش تەنیا لە (مەهاباد) خەڵکیان دەناسی! بۆ دەرەوەی مەهابادێ بۆ داوەتێ نەدەچوون. (١) ئیبراهیمی قادری وەڵامی پرسیارێکی دیکەشی داینەوە و گوتی: بەڵێ، دەنگخۆشانی موکریان بۆ نموونە: مەنیج حەیران، حاجی برایم هەللامە، عەوڵای سنجاون)(٢) و هی تریشم لەیادن، هەندێکیان (نەوار – کاسێت)ی تۆمارکراوی دەنگیان ماوە، بەڵام بۆ نموونە: مەنیج حەیران نییەتی! یەکی تر هەبوو بە ناوی (زلێخا چەختی) ئەمەیان شەڕە گۆرانی لەگەڵ گۆرانیبێژانی پیاودا دەکرد و جنێوی پیسی پیاوانەی بە گۆرانی پێدەدان!

* لە سەردەمێکی ئاوادا کە هەموو کەسێک لەبەر ناو و ناتۆرەی کەسانێکی نەفام و نەزان و لە نرخی هونەری پیرۆزی گۆرانی و موزیک نەگەیشتوو، نەیوێراوە گۆرانی بڵێن، ئەدی ئەو ژنانە چۆن توانیویانە گۆرانی بڵێن؟

– دیارە وەک گوتت، بۆ نموونە: لەبەر گۆرانی گوتن، قەوم و قیلە هەمووی حاشایان لە مەنیج حەیران کردبوو، بەڵام (حاجی میرزا ڕەحمەت)، ناوێک کە پیاوێکی دەوڵەمەند و خێرخوا بوو، داڵدەی داوە و بەخێوی کردووە.

* کەسی دیکەی لەو بابەتە بۆ نموونە: شاعیر، یان

گۆرانیبێژی ناوچەی موکریان گەر بیرتان مابێت؟

– کەسێکی دی هەبوو بەناوی (سەید کاملی ئیمامی) شاعیرێکی گەورە بوو، بۆیە لە ساڵەکانی شۆڕشی ئەیلوول (بارزانی) نەمر داوەتی کرد و ماوەی سێ مانگ لێرە میوانی بوو. دوایی کە گەڕایەوە هۆنراوەیەکی درێژی لەسەر بارزانی دانا. دەنگخۆشی دیکە هەبوون، بۆ نموونە باوکی خۆم کە نەدەهاتە ناو کۆڕی هونەرەوە. عەباس ئاغای برای مامۆستا (هێدی) شاعیر کە لەگەڵ باوکم دادەنیشتن و دەیانگوت، دەنگی زۆر خۆش بوو، (جەمال موفتی) شەهید و (حەسەن خانی قاراوا و بۆگەبەسی)، کە دێیەکە لە بن (بۆکانێ)، ئاغای ئەو دێیە بوو، دەنگی یەکجار خۆش بوو، دڵی بە کچە (جوولەکە)یەکەوە بوو، بە نێوی (باشان) دواتر کچە لە سلێمانی مێردی کرد. گۆرانییەکی بۆ دانا بە نێوی: (بە عینوانی). کەسێکی تر بە ناوی (مەجیدە گڕوێ) هەبوو، زمانەکانی (کوردی، ئەرمەنی، فارسی، ئازەری، شووروەوی)، دەزانی و گۆرانیشی پێ دەگوتن. ئەمە پێش ماملێ بوو. کەسێکی دی بە نێوی (عەزیزی عەلییە خڕەی) هەبوو، شاگردی (حوسێن کەنیلە)ی بوو، خەڵکی دێی (قەمتەرێ و بورهان) لای مەهابادێ بوو. دوو کەسی دی هەبوون بە نێوی (محەمەد حەتووتە) و (شەریف)، بەزم بوون لە داوەتێ بە یەکترییان هەڵدەگوت، زۆر شیرین بوون. فەتاحی ئەمیری شاعیرێکی گەورەی شاری بۆکانێیە، (غەفوور لچە) هەبوو، خاڵی (کانەبی خدری نەیژەن) بوو، کەسێک نەبووە وەک ئەو غەفوورەیە، شمشاڵژەن و ئاواز زان! ئەوانی ئەمڕۆ هەموویان شاگردی ئەون! قالە مەڕە لە یادەوەرییەکانیدا ناوی بردووە. (دیسان مەلا حوسێن عەبدوڵلا زادە) کەسێکی جوان و دەنگخۆش بوو، بە تایبەتی کە دەستی بە گۆرانی گوتنێ دەکرد، مرۆڤ عەشقی دەبوو! پێوەندیمان لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو، ئەوەندە هەبوو ڕێگەی نەبوو نەوارێکی لە بازاڕدا هەبێ! محەمەد سەفایی گۆرانی قافییەداری نەبوو، بەڵام کە ئامێری دەفی دەگرتە دەست، حەزت دەکرد بیخۆی!

* ئامێرەکانی موزیکی ناوچەی موکریان هی سەردەمی منداڵیت گەر بیرت ماون کامانە بوون؟

– ئەوکاتە ئامێرەکانی (شمشاڵی ئاسن) و (شمشاڵی گوێز)(٣)یش هەبوون، (دووزەلە) و (دەهۆڵ) و (زوڕنا) و (نەرمەنای، یان باڵەبان) هەبوون. (٥٨) ساڵ پێش ئەمڕۆ کە هاتم بۆ مەهابادێ کەسێک بە ناوی (عەزیزەکوێر)، کوردی دانیشتووی ئەو شارە بوو، لەگەڵ گۆرانیبێژ (عەولای سنجانێ) ئامێری (تار)ی دەژەند. کەسێکی ئازەریش هەبوو لەو شارە هەر ئامێری تاری دەژەند.

خۆشم ماوەیەک لە کاری سیاسیدا بووم، کە دەستم بە گۆرانی کرد، بە بڕیاری حزب بوو! وەسیەتی باوکیشم بوو، ئومێدی هەبوو گەر بۆ خۆی بمێنێ، دەبێ لە هونەری گۆرانیدا بەردەوام بم. ئەوکاتەی پێشمەرگە بووم لە شاری (ڕانیە) بووم، وەک پێشمەرگەیەکی (حزبی دیموکرات) لێرەبووم، چاکەی (پشدەرییان)م قەت بیر ناچێتەوە. هەرکاتێک لە چایخانە بووبێت، یان چێشتخانە کە هەستاوم پارە بدەم پێیان گوتووم: پارەکەت دراوە! ئەمە نەک هەر لێرە بگرە لە شاری (سلێمانی)ش بە هەمان شێوە بوو. هەر ئەو ماوەیەی لێرە بووم، جارێکیان (عەباسی بایزی باولاغای سەنگەسەر) بە (حاجی مەحمودئاغای هێرۆیێ) خەبەری بۆ ناردبووم، نەوارێکی بۆ پڕ بکەمەوە؟ لە وەڵامدا گوتم: دەبێ، یان پێشمەرگە بم، یانیش گۆرانیبێژ، بۆیە هەرچەندە گوتبووی (٣٠٠٠) دیناری دەدەمێ کە بۆ ئەوکاتە پارەیەکی زۆر بوو، بەڵام چونکە پێشمەرگە بووم، کاسێتم بۆ پڕ نەکرایەوە. من لە باوک و باپیرانەوە، زەوی و موڵکم بۆ بەجێ ماوە، بەو بۆنەیەوە هەمیشە دەرامەتی باشم هەبووە، ماوەی (٥٨) ساڵە لە هونەردا کاردەکەم، لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەمیشە دەوڵەمەند بوومە، خاوەن تایەفە بوومە، نەمهێشتووە تا ئەمڕۆ کەسێک لێم زویربێ، یان خوانەخواستە قسەیەکی ناشیاوم پێ بڵێن، گەلێ جار لە داوەتان کاتێک دیومە گۆرانیبێژی هاوەڵم هەژارە و کەم دەرامەتە، من هەقی خۆم بە دەستی خۆم داوە بەو!

**پەراوێز:**

**(١) مەبەستی کاک برایمی قادری ئەوەیە (سەعیدی ماملێ) دەنگخۆش بووە، بەڵام بۆ سەر داوەت و شایی نەچووە، دیارە وەک زۆربەی دەنگخۆشانی ئەو سەردەمە ئەویش تەنیا لە کۆڕی بەزم و شادی برادەر و ناسیاوان گوتوویەتی.**

**(٢) مەنیج حەیران وەک من زووتر تێگەیشتبووم، لە ڕاستیدا حەیرانبێژ نەبووە! بەڵکو وەک کاک برایمی قادری گوتی: دایکی مەنیج ناوی (حەیران) بووە، ئەو ناوەی مەنیجیش لەوەوە هاتووە، نەک لەبەر ئەوەی مەنیج حەیرانی گوتبێت!**

**(٣) شمشاڵی گوێز: مەبەست لەوەیە ئامێرەکە لە دار گوێز دروست کراوە. دیارە ئەمە پێش پەیدابوونی بۆڕی و لوولەی ئاسن بووە.**

# گەیشتن بە ئەندێشەکردنی باڵا
# لە ڕۆمانی «من ناوم سوورە»ی ئۆرهان پامۆکدا


ئارام سدیق
(سلێمانی)

**سەرەتا**

ئەدۆنیسی شاعیری عەرەب دەڵێت: کاتێک لە بارەی گوڵێکەوە دەنووسم وەک ئەوە وایە تەواوی باخچەکان بنووسمەوە، لە ڕێگەی گوڵێکەوە خۆشەویستی خۆم بۆ تەواوی باخچەکان دەخەمە ڕوو. نووسەری داهێنەر تەنیا شتێک دەکاتە مۆدێل بۆ ئەوەی لە بارەیەوە بنووسێت، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدات تەواوی جوانیی نێو هەموو ئەو شتانە بنووسێتەوە، کە ئەو مۆدیلێکی لێوەرگرتووە، وەک چۆن ئەدۆنیس تاکە گوڵێک دەکاتە مۆدیل بۆ ئەوەی تەواوی باخچەکان بنووسێتەوە.

لێرەوە دەمەوێت قسە لەسەر ئێشکردنی ئۆرهان پامۆک بکەم، ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکانیدا لە سادەییەکی جوانەوە بەرەو قووڵایی نێو ڕووداو و ئەو فەزا فەنتازییە پەلکێشمان دەکات کە کارەکتەرە خەیاڵییەکانی پامۆک خوڵقاندوویانە، لە ڕۆمانی «بەفر و من ناوم سوورە»دا بە تەواوی هەست بە هێزی گێڕانەوە و گرێچن و ئەو ئاستە فیکرییانە دەکەین کە ڕۆماننووس هەوڵی خستنەڕووی داوە. ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵی قسەکردن لەسەر دیوێکی ڕۆمانی «من ناوم سوورە»ی ئۆرهان پامۆک دەدەین، کە بەکر شوانی بە کوردییەکی جوان وەریگێڕاوە.

«من ناوم سوورە»یە ڕۆمانێکە کە هەم لە گێڕانەوە و گرێچن و ئاستە فیکرییەکاندا شایەنی ئەوەیە لەسەری بوەستین و هەم خوێندنەوەی جیاجیاشی بۆ بکەین. پامۆک لەم ڕۆمانەدا لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکی چەند نیگارکێشێکەوە لە دەرگای چەندین باسی جۆراوجۆری داوە، کە سەرجەمیان پێوەندییان بە نیگارکێشانەوە هەیە. وەک «بینین» و ڕۆڵی «خالق» لە خوڵقاندنی نیگارداو هاوکات پەنابردنی نیگارکێشەکان بۆ خۆکوێرکردن و گەیشتن بە چێژی کوێربوون. واتە پامۆکیش ئەدۆنیس ئاسا هەوڵی داوە لە ڕێگەی باسکردن لە نیگارکێشانەوە هەم باسی تەواوی قوتابخانە نیگارکێشییەکانی کۆن بکات و هەم باسی چەندین مەسەلەی تری پەیوەست بە نیگارکێشانەوە بکات. ئێمە لەم نووسینەدا ئەوەی پێوەندی بە کوێری و نیگار و خالقەوە هەبێت لێی دەدوێن و



هەوڵی ئەوەش دەدەین کە تەنیا لەو چوارچێوەیەدا بین و قسە لەسەر رەهەندەکانی تری رۆمانەکە نەکەین، بەڵام هاوکات هەوڵی نزیکبوونەوەی بەراوردکارانەش دەدەین بە رۆمانی «کوێری» ساراماگۆ، بێ گومان ئەمەش لەپێناو زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکە دایە.

## لە بارەی ناوونیشان و هێڵی گشتی رۆمانەکەوە

بەرلەوەی بچینە نێو مەبەستی سەرەکی ئەم باسەوە پێم باشە کورتەیەک لە مەڕ رۆمانی «من ناوم سوورە»وە بخەمەڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لە مەبەستی سەرەکی نووسینەکە نزیک ببێتەوە. رووداوەکانی رۆمانەکە لە نۆ رۆژی زستانی ساڵی (١٥٩١)دا روودەدەن و رۆمانەکە بەسەر (٥٩) بەشدا دابەشکراوە و یەکەم بەشی رۆمانەکە بەناوی «من مردووم» کە دەستپێکێکی جوان و سەنجراکێشە بۆ رۆمانەکە و هەر لەو بەشەوە نووسەر خوێنەر بۆ نێو رووداوەکان کەمەندکێش دەکات و عەوداڵی ئەوە دەبێت کە بزانێت کێ مردووە؟ پاش ئاشکرابوونی ئەویش نووسەر دیسان خوێنەر عەوداڵی ئەوە دەکات بکوژەکە کێیە؟ ئەو بەشانەی بکوژەکە دەیگێڕێتەوە و لەژێر ناوی «دواجار پێم دەڵێن بکوژ» خراونەتەڕوو خوێنەر تا کۆتایی نازانێت ئەو بکوژە کێیە؟ یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە جوانییەکی زۆر دەبەخشێتە ئەم رۆمانە «فرەگێڕانەوە»یە. نووسەر رۆمانەکەی بەشێوەیەک دارشتووە کە هەریەک لە فیگۆرەکان چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە و ئەو بەشەشی کە دوو فیگۆری تێدایە ناوی ناوە «ئێمە دوو عەوداڵین» ئەو دوو عەوداڵە، قەرەو مامۆستا عوسمانن، کە بەدوای بکوژەکەدا دەگەڕێن، هەروەها هەریەک لە (سەگ، پارە، دار، مردن، ئەسپ، ئیبلیس، ژن و رەنگی سوور) ئەمانیش لە پاڵ فیگۆرە جوولاوەکانی تردا چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە. کە ئەمەش ئەوەندەی تر جوانی بەم رۆمانە بەخشیوە و هەریەک لەو شتانەی ئاماژەی پێدرا باس لە نەهامەتی و مافەکانی لە زمانی خۆیەوە دەگێڕێتەوە.

خوێنەر کە رۆمانەکە دەبینێت هەر لەناوونیشانەکەوە گرێیەکی لا دروست دەبێت کە بزانێت کێ ناوی سوورەیە؟ هەروەها لە یەکەم رستەشدا نووسەر زۆر زیرەکانە خوێنەر دیلی تێکستەکە دەکات و رۆمانەکە بەم رستەیە دەست پێدەکات: ئێستا من مردوویەکم، تەرمێکم لە بنی بیرێکدا. لێرەوە خوێنەر وەک (ئەدگار ئالان پۆ) دەڵێت: لە دەستپێکی چیرۆکدا خوێنەر تێدەگات ئەو تێکستە چی لە هەگبەیدا بۆ خوێنەرەکەی پێیە. پامۆک کارەکتەرەکانی بەسەر دووبەرەی ناکۆکدا دابەش کردووە، کە یەکەم بەرەیان دەیەوێت کتێبێک بەناوی «جەژننامە» بنووسێت، کە باس لە تەدارەک و ئاهەنگ و خەتەنەسوورانێی کوڕانی سوڵتانی عوسمانی دەکات. نیگارکێشەکانی ئەم بەرەیە بە سەرۆکایەتی مامۆستا عوسمان ناوێک کە گەورەی نیگارکێشانی شێوازی هونەری رۆژهەڵاتی کۆنە، کە بە رێچکەی نیگارکێش و خۆشنووسانی هەرات و تەورێز و ئەسفەهان و سەمەرقەنددا دەڕۆن و لەم کتێبەدا نیگار بەبێ چیرۆک نابێت و شێوە لە خزمەتی دەربڕیندایە، کە ئەمەش هاوشێوەی روانگەی ئیسلامییە بۆ نیگارکێشان. هاوکات بەرەی دووەمی نیگارکێشەکانیش بە نهێنی بۆ ئامادەکردنی کتێبێک لەسەر شێوازی ئەوروپایی کاردەکەن، دەیانەوێت وەک دیاری بۆ دۆقی ڤینیسیای بنێرن. ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کتێبی دووەم بە «زاوا» دەسپێردرێت، کە پێشتر ئەم کەسە باڵیۆز و نێردراوی سوڵتان بووە بۆ ڤینیسیا و لەوێ بە شێوازی نوێی نیگارکێشانی ئەوروپایی ئاشنا بووە. لەم شێوەیەدا بەرجەستەکردن و پیشاندانی کەسایەتی و نەخشێنراوەکان دەکەوێتە پێش شتێکی ترەوە، واتە ئەفزەڵییەت بەوێنەیە، نەک بە وشە، کە ئەمەش لە روانگەی ئیسلامەوە رێگە پێدراو نییە و قەدەغەیە و مورید و مەلای مزگەوتەکان نیگەران دەکات، بۆیە چارەنووسی سەرپەرشتیکردنی کتێبی دووەم بە کوژەران دەگات. دواجار دەوڵەت مامۆستا عوسمانی گەورە نیگارکێش بۆ دۆزینەوەی بکوژی «زاوا» رادەسپێرێت و لێرەوە نووسینی کتێبی دووەم لەناو دەچێت. تا دواجار لە رێی نیگارەکانەوە خۆ حەشاردانی بکوژی «زاوا» ئاشکرا دەبێت.

لەگەڵ چیرۆکی نووسینی ئەم دوو کتێبەدا و ئەو رووداوە یەک لە دوای یەکانەی کە لەم رۆمانەدا روودەدەن چیرۆکێکی ئەڤینداریش لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا رێ دەکات، چیرۆکێک کە تا ئەوپەڕی هێز پڕ لە دوودڵی و گومانکردن و نادڵنیایی هەر یەک لە عاشق و مەعشووقە. ئەم چیرۆکە لەنێوان شەکوورەی خاوەن دوو منداڵ و قەرەی نیگارکێشدایە، کە چوار ساڵە

شــەکـــووره بێ هاوســـەره و هاوسەرەکەی لە جەنگ نەگەڕاوەتەوە و قــەرەش تا ئەوپەڕی شــەیدابوون عـاشقی شەکووره دەبێت. قـەره بەر لە دوازده ســاڵ لەو ڕووداوانە دڵـی خـۆی بۆ شـەکـووره دەکـاتەوە و هەر ئەوەش ناچاری دەکات سەری خـۆی هەڵگرێت، بەڵام کــاتێک لەلایەن باوکی شەکووره، کە ناوی «زاوا»یە بانگ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی نووسینی ئەو کـتێبـەی لەگـەڵدا تەواو بکات دیسـان ئاگری ئەو عـەشقە بڵێسـە دەسـێنێـتـەوە، بەڵام هاوکـاتیش شـەکـوورەی بەردەوام چاوەڕوان لە مـردن و گـەڕانەوەی هاوسـەرەکـەی پێـشـووی بە گـومـانە، بۆیە ڕەوتی ڕووداوەکــان هەر بەنائومـــێـــدی بەردەوام دەبن. لێرەدا زیاتر نامەوێت لەمەڕ چیرۆکی ئەم ڕۆمانە بوەستم، بەڵام ئەوەی کـــە مـن لەم ڕۆمـــانـەدا هەڵـمـبـــژاردووە بۆ ئەوەی قـسـەی لەبارەوە بکەم پێوەندییەکانی نێوان کـوێری و نیگارکـێـشـەکـانە، کـە ئەمــــەش ڕۆڵێـکی گــــەورەی لە ڕووداوەکـاندا هەیە، کە دواجـار بە خۆکوێرکردنی مـامـۆسـتا عـوسمـان کۆتایی دێت.

## کوێری و پاکیزەیی

ئێسـتـا کـاتی ئەوەیە بپرسین کـە پێـوەندی نێـوان کـوێری پاکیـزەیی لەکوێدایە؟ ئایا کـوێرەکـان مـرۆڤـە پاکیزەکانی کۆمـەڵگەن؟ بێ گومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕەنگە زۆر لەوە قـورسـتـر بێت کــە لە نووسینێکی لەم چەشنەدا دەرەقـەتی بێین، بەڵام ئێمـە لە ڕۆمـانەکـەدا هەوڵی گەڕان دەدەین بەدوای وەڵامی ئەم پرسـیـارانەدا. پامـۆک لەم ڕۆمانەدا بە تەواوی ئەوە دەخاتەڕوو کە کوێر و نابینا نابن بەیەک و ئەو نیگارکـێـشـانەش کـە «خۆکوێرکردنیان» هەڵبژاردووە، ئەوە کـارێکی «قـارەمـانانە»یان کـردووە. واتە لای پامۆک هەڵبژاردنی کوێری، یان دروستتر بڵێم «خۆکوێرکردن» بۆ گـەیشتن بە خـالق دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی مـرۆڤ بتـوانێت ئەوەی خـالق لە عـەقڵی مـرۆڤدا دەیچێنێت ئەوە بکرێتە نیگار، نەک ئەوەی لە دنیادا دەبینرێت، چونکە وەک یەکـێک لە کارەکتەرەکانی تری هەمان ڕۆماندا دەڵێت: کوێری جیهانێکی بەختەوەر و ئیبلیس و تاوانی تێدا نییە، بۆیە دەکـرێت بڵـێین کـوێری ڕاکـردنە لە تاوان و گـەیشـتنە بە پاکی. واتە فـیگۆرە کـوێرەکـان، کـوێری بە ڕێگـەیـەک بـزانـن بـۆ ئـەوەی بـە پاکبوونەوە بگەن و لە گوناه و تاوان هەڵبێن.

پامـۆک لە ڕێگەی کـارەکـتـەرێکی ترەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە: «هەندێک لە نیگارکـێشـانی خـاوەن شـێـوازی کۆن کوێری بە گەورەترین فەزیلەت و خێـری خوایی دەزانن، بەهۆی ئەوەی سـەرباری چوونە ناو سـاڵـیـانەوە هێـشـتـا کـوێر نەبوون، شـەرمـیـان بەخـۆیاندا دێتـەوە و لەبەر ترسـیـان لەوەی ئەمـە بەڵگەی بێ توانایی و بێ هونەری بێت، هێـشـتـا لاسـایی کـوێران دەکـەنەوە»، واتە دەکـرێت ئێمە لەم ڕستانەوە ئەوە بخوێنینەوە کـە کـوێربوون گـەیشتن بووە بە بالاتربوون، یان گـەیشتن بووە بە پاکیزەیی، بێ گومان پاکیـزەییەکی داهێنـەرانە، یان ئـەو جـــۆره لـە پاکـیـزەیی کـە تەنیـا داهێنەرەکـان خـاوەنین و دەتوانن پێی بگەن. بۆیە ڕەنگە شـەرمکردنی نیگارکـێـشـان لەوەوە سـەرچاوەی گـرتبـێت کـە ڕوانگـەی دەوروبـەر وەهـا بـووە ئـەو نیگارکـێـشـانەی بە کـوێربوون گـەیشـتـوون بە پاکـبـوونەوەی یەکجاری، بەڵام ئەوان بەهۆی ئەوەی کـوێر نەبوون، واتە هێـشـتـا نوقـمی گـوناهن و پاکـبـوونەوەیان ئەزمـوون نەکـردووە. هاوکـات لای سـارامـاگـۆ لای کوێرەکان هەست بەو پاکیزەییە ناکـــەین، بەڵـکو هـەست بە بەدبەختبوون و داڕمان و دابڕانێکی گەورە دەکەین بە هەمـوو شتێکەوە و کە دواجار دەوڵەت هەمـوو کوێرەکان لە نەخـۆشـخـانەیەکی دەروونیـدا کـۆ دەکـاتەوە و چاودێری توندوتیـژیان دەکات.

## کوێری ڕەنگەکان

ئایا کوێرەکان هەست بە ڕەنگەکان دەکەن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە من دەخوازم لێرەدا وەڵامی بدەمەوە، یان بەدوای وەڵامـەکـەیدا بگەڕێم، هەم لای پامـۆک و هەم لای سـارامـاگـۆ. فـیگۆرە کوێرەکـانی نێـو ڕۆمانەکـەی سـارامـاگـۆ دنیـا لەبەرچاویاندا ڕەش نابێت، وەک ئەوەی زۆرجـار بـاس دەکـرێت، کـە کـوێرەکـان هەمـوو شـتـێکیـان لەبەرچاو ڕەشـە، بەڵکو دنیا لەبەرچاویان «زەرد، یان شیری» دەبێت. سـاراماگـۆ لە چاوپێکەوتنێکدا لە بارەی بیـرۆکەی ئـەم ڕۆمـانـەوە دەڵـێت: لـە ڕێسـتۆرانتێکدا دانیـشـتبـووم لە پڕ هەستم کرد هەموو شتێک لەبەرچاوم زەرد بوو و هەستم بە کوێربوون کرد، بەڵام پاش چەند دەقیـقـەیەک بینایی ئاسـاییم بۆ گـەڕایەوە. قـسـەکـردن لەسـەر بایەخی ڕەنگ لای کـوێرەکـان یەکێکە لە شتە گرنگەکان و دەکرێت بپرسین ئایا کوێرێک وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەزانێت شین چۆنە؟ یان ئایا هەست بە بوونی ڕەنگەکـان دەکـات؟ من ڕام وایە هەمـوو ئەو کـەسـانەی لە زگـمـاکـەوه کـوێرن هەست بە بوونی

ڕەنگەکان ناکەن، چونکە نازانن سوور چۆنە تا بزانن شین، یان هەر ڕەنگێکی تر چۆنە و جیاوازی لەنێوانیاندا بکەن.

ڕەنگەکان نەک لای کوێر، بەڵکو لای مرۆڤی ئاساییش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە هەر پامۆک لە ڕۆمانی بەفردا باسی جوانی ڕەنگی سپی دەکات. هاوکات ماکسێنس فێرمینیش لەڕێی سێینەکەیەوە (بەفر، کەمانچە ڕەشەکە، هەنگوین) باس لە بایەخی ئەو سێ ڕەنگە لە ژیانی فیگۆرە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکانیدا دەکات. پامۆکیش لە ڕێی دوان لە فیگۆری نێو ڕۆمانی «من ناوم سوورە»وە باسی کاریگەری ڕەنگەکانی کردووە لەسەر نیگارکێشان و ئەوانەی کە خۆیان کوێر دەکەن، هەروەها لەلاپەڕە (٢٧٩) کاتێک کە ڕەنگی سوور خۆی دەکەوێتە قسە، ئیتر تەواو هەست بەو بەدەنگ هاتنەی ڕەنگەکان دەکەین.

پامۆک لە لاپەڕە (٢٨٢)دا دەنووسێت:

ئەو نیگارکێشە کوێرەی نیگاری ئەسپەکەی کێشابوو گوتی: ئێمە بێ گومان لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ژیانی نیگارکێشیمان بە شەوق و باوەڕەوە کارمان کردووە و دواجار کوێربووین، دەزانین و بیرمان دێتەوە ڕەنگی سوور ڕەنگێکی چۆن و هەستێکی چۆنە؟ بەڵام ئەگەر بە کوێری لەدایک بووبایین، چۆن لەو سوورە تێدەگەیشتین کە ئێستا شاگردە جوانەکەمان ڕەنگی پێدەکات؟

پاشان پامۆک دەنووسێت: «ڕەنگ بۆ تێگەیشتن نابێت، هەستی پێدەکرێت». پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کوێرەکان چۆن هەست بە ڕەنگەکان دەکەن، بەڵام هەر خودی پامۆک لەلاپەڕەی دوایدا دەنووسێت: «مرۆڤ ناتوانێت باسی ڕەنگی سوور بکات کە خۆی ڕەنگەکە نەبینێت». واتە لێرەدا تێدەگەین کە کوێرەکان دەتوانن ئەندێشەی ڕەنگەکان بکەن، نەک بیبینن، ڕەنگە ئەو ڕەنگەی مرۆڤی ئاسایی بە سووری دەزانێت لای ئەوان جۆرێکی تر بێت، بۆیە کوێرەکان ڕەنگی نوێ ئەندێشە دەکەن، بە تایبەتی ئەو کوێرانەی کە لە زگماکەوە کوێرن، چونکە ئەوانەی کە «خۆیان کوێر» کردووە، لە زاکیرەیاندا ماوە کە ڕەنگی سوور، یان هەر ڕەنگێکی تر چۆن بووە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی ئێمە لەم ڕۆمانەی پامۆکدا کوێرەکان توانای ئەندێشەکردنی ڕەنگی تریان هەیە، کە پێدەچێت لە سروشتدا نەبێت، یان ڕەنگی جودابن، یان دەتوانین بڵێین ئەو ڕەنگانەی کوێرەکان ئەندێشەی دەکەن، ئەو ڕەنگانەن کە لە سروشتدا نین و تەنیا لە دنیای میتافیزیکدا هەن.

## کوێری و مردن

ژیان لای کوێرەکان چۆنە؟ ئایا ئەوان هەست بە هەموو ڕووداوەکانی تری ژیان دەکەن کە لە دەوروبەریاندا ڕوودەدەن، بێ گومان بە لەدەستدانی بینایی، مرۆڤ لە زۆر شت دادەبڕێت، یان دروستتر بڵێین لە واقیع دادەبڕێت و زیاتر وەک ئەوە وایە کە لە ئەندێشەدا بژی، چونکە پاش کوێربوون مرۆڤ توانای بینینی هیچ وێنەیەکی نییە، بەڵکو تەنیا ئەو وێنانە دەبینێت کە ئەندێشەیین و لە ڕوئیا و خەیاڵەوە دەیانخولقێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ لەڕێی چوار هەستەکەی ترەوە توانای دروستکردنەوەی پێوەندی هەیە بە واقیعەوە و لەو ڕێیەوە دەتوانێت وێنە ئەندێشەییەکانی لە واقیع نزیک بخاتەوە.

ساراماگۆ لە ڕۆمانی کوێریدا پێوەندی نێوان «کوێری» و «مردن» دەخاتە ڕوو و ئەویش لەڕێی گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەرەوە و کە باسی ئەو پێوەندییە دەکەن و یەکێکیان دەڵێت: کوێربوون و مردن یەک چەشن نین. ئەوی تریشیان پشتگیری قسەکەی دەکات و دەڵێت: بەڵێ، بەڵام مردن کوێربوونیشە، ئەم بۆچوونەی ساراماگۆ لە ڕێی ئەو کارەکتەرانەوە خستوویەتییە ڕوو دژی ئەو ڕاوبۆچوونانەیە، کە کوێری بە مردن دەزانن، بێ گومان لەم خاڵەدا پامۆک و ساراماگۆ لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بەڵام ساراماگۆ پێی وا نییە، بەڵام زانست ئەوەی سەلماندووە کاتێک مرۆڤ یەکێک لە ئەندامەکانی لەشی لەدەست دەدات، ئەو هێز و وزەیەی لەو ئەندامە بەکاری بردووە و لە کاتی لەکار کەوتنیدا ئەو هێز و وزەیە لە لەشی ئەو مرۆڤەدا ماوەتەوە، بۆیە بەسەر ئەندامەکانی تردا دابەش دەبێت، یان لە یەکێک لە ئەندامەکانی لەشدا کۆدەبێتەوە و لە ڕادەی ئاسایی خۆی چالاکتری دەکات.

کوێرەکان لای ساراماگۆ لە بێ ئومێدییەکی بێزارکەردا دەژین، بەو پێیەش کە دەبرێنە شێتخانەوە و لەوێش کۆمەڵێک کارەساتی جۆراوجۆریان بەسەردا دێت و چەندین کوێر بە بەرچاویانەوە دەکوژرێن، ئەمە تەواو بێ ئومێدیان دەکات. یەکەم کارەکتەری کوێری نێو ڕۆمانەکەی ساراماگۆ کە لە چرکەیەکدا هەست بە کوێربوون

دەکات، پاش بەسەربردنی چەند ساتێکی کوێری ئەوەندە دڵ تەنگ دەبێت تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بڵێت: ئەگەر قەرار وابێ هەر ئاوابم باشتر وایە بمرم. لەم ڕستەیەوە تەواو هەست بە قووڵی ئەو حوزنە دەکەین، کە خۆزگە خواستنە بە مردن، بۆیە ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت کە بڵێین کوێربوون نزیکبوونەوەیە لە مردن، یان جۆرێکە لە مردن. واتە دەکرێت ئەم ئەنجامەش لە ڕۆمانەکەی ساراماگۆ بخوێنینەوە، بەڵام لای پامۆک کوێری لە مردنمان نزیک ناخاتەوە، بەڵکو کوێربوون دەمانگەیەنێت بە خاڵێک کە من ناوی دەنێم «باڵاتربوون»، یان ڕەنگە چەمکی سۆپەرمانەکەی نیتشە شیاوتر بێت و پامۆک ناڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا تەوزیفی کردبێت. واتە لای پامۆک خۆزگە خواستن بە کوێربوون هەیە، نەک هەڵهاتن لە کوێربوونەوە بۆ لای مردن، کە دەکرێت ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوان ڕۆمانی «من ناوم سوورە» و «کوێری» بێت. کوێربوونی نیگارکێشەکان لای پامۆک، یان خۆکوێرکردنی نیگارکێشەکان بۆ گەیشتنە بەو خاڵەی کە مرۆڤی ئاسایی پێی ناگات و ئەوان دەیانەوێت پێی بگەن، کە ئەویش لە ڕێی ئەندێشەکردنەوەیە، واتە دەکرێت بەپێی تێگەیشتنی ئێمە نیگارکێشەکان لەدەستدانی بینایی بە چێژی ئەندێشەکردن دەگۆڕنەوە، کە پاشان لە نیگارەکانیاندا هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو ئەندێشانە دەدەن، یان لەپێناو خوڵقاندنی ڕێباز و شێوازێکی تری نیگارکێشاندا، کە دواتر بە درێژی لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەم.

**کوێری و خالق**

کوێری بە کوێمان دەگەیەنێت؟ یان بە چ شتێکمان دەگەیەنێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا لای خوێنەر دەورووژێت. بێ گومان ئەم پرسیارانە هەم لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی پامۆکدا ڕووبەڕووم بووەوە و هەم لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی ساراماگۆدا، بۆیە ئەم بەشەم بۆ تەرخان کرد. بێ گومان لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دەگەینە دوو وەڵامی جیاواز، کە لێرەدا دەیخەمە ڕوو.

لای ساراماگۆ کوێریی مرۆڤ بە بێ ئومێدییەکی کوشندە دەگەیەنێت و دواجار لە شێتخانەدا خۆی دەبینێتەوە، وەک ئەو چارەنووسەی کە کارەکتەرەکانی ساراماگۆ تووشی هاتن، هەروەها ئەو شتەش کە پێی دەگەیشتن ئەوپەڕی بێ ئومێدی بوو. بێ ئومێدییەک کە وەک لە سەرەوەش خستمەڕوو کە یەکێک لە کارەکتەرەکان بڵێت: (ئەگەر حاڵم بەم چەشنە بێت بمرم باشترە)، بەڵام لای پامۆک وەک لە لاپەڕە (٤٢٥)دا دەیخاتەڕوو کارەکتەرەکان کوێرییان بە خەڵاتێکی گەورەی خودایی زانیوە و چاوەڕوانیان کردووە، یان لەلاپەڕە (٥٤٩)دا لەڕێی «پەپوولە»ی نیگارکێشەوە ئەوە دەخاتەڕوو «کە نیگارکێش ئەو شتەی خۆی دەیبینێت نا، ئەو شتە دەکێشێت کە خودا دەیبینێت». لێرەدا دەکرێت ئەوە بخەینەڕوو کە کوێربوون، واتە نزیکبوونەوە لەخالق و ئەندێشەکردنی ئەو شتانەی کە ئەو ئەندێشەی دەکات، یان نزیکبوونەوە لە ئەندێشەکانی خالق. بۆیە وەک لەسەرەوەش خستمەڕوو بەشێک لە مامۆستایانی بەتەمەن لە ئاست شاگردەکانیان، یان نیگارکێشانی تردا کوێرنەبوونیان بە نەنگی زانیوە، بۆیە هەوڵی ئەوەیان داوە کە خۆیان وەک کوێر پیشان بدەن، یان بەشێکی تریان خۆیان کوێرکردووە تا خۆیان لە «خودا» نزیک بکەنەوە، یان وەک لەسەرەوە گوتم لە ئەندێشەکانی خودا نزیک ببنەوە و بە وێنەی ڕاستەقینە بگەن و نیگاری بکێشن، کە لایان وابووە کوێربوون بەو وێنەیان دەگەیەنێت.

لە ڕۆمانی «من ناوم سوورە»یەی ئۆرهان پامۆکدا مامۆستایانی نیگارکێش ئاوات بە کوێربوون دەخوازن بۆ ئەوەی بە حەقیقەتی خالق بگەن. یەکێک لە کارەکتەرەکانی پامۆک دەڵێت: «بۆ ئەوەی وەک دوو هەژاری ڕاستەقینە و دوو دەروێشی سواڵکەر و دوو قەلەندەر بکەوینە بەرچاوان وەک کوێر دەمانڕوانی»، یان لە شوێنێکی تردا پامۆک دەنووسێت: «ئەو نیگارانەی بە کوێری دەکێشرێن سادەتر و بێگەردترن». لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا کوێرەکان توانای ئەندێشەکردنیان زیاترە، یان ئەوان چۆن ئەندێشە دەکەن. بێ گومان مرۆڤی ئاسایی کە باسی گوڵێک دەکات، شێوە و جۆری گوڵەکانی لەبەرچاودایە و لەسەر مۆدێلی یەکێکیان قسە دەکات، بەڵام کوێرەکان ئەگەر بیانەوێت باسی گوڵێک بکەن ڕەنگە وێنەیەک بە بەرانبەر بدەن کە پێشتر نەیبینیبێت، بۆیە ڕەنگە لە کاتی نیگارکێشانیشدا ئەگەر بە نیگارکێشێکی کوێر بڵێی وێنەی گوڵێک بکێشە ڕەنگە وێنەی گوڵێک بکات کە پەڕەکانی شێوەیەک بن کە لە هیچ جۆرە گوڵێکی ئاساییدا نەیدۆزینەوە، واتە

وێنەی لە سروشتدا نەبێت چونکە ئەو گوڵە لە ئەندێشەوە خوڵقێنراوە.

ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە بپرسین نیگارکێشەکان بۆ پەنا بۆ کوێربوون دەبەن؟ ڕەنگە لە سەرەوە وەڵامی بەشێک لەم پرسیارەمان دابێتەوە، بەڵام مەبەستمە لێرەدا لەسەر ئەوە بوەستم کە بۆچی نیگارکێشەکان خۆیان کوێرکردووە، یان جۆری کوێرکردنەکەیان چۆن بووە. وەک لە پێشەوەش ئاماژەم بۆ کرد نیگارکێشەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی خۆکوێرکردنەوە ئەندێشەی شتی نەبینراو بکەن و پێدەچێت لە بینینی شتەکانی دەوروبەر بێزار بووبن، یان ئاواتیان لەوە زیاتر بووبێت کە لە ژیانی واقیعیدا هەستیان پێکردووە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەرخۆکوێرکردن. پامۆک وێنەی خۆکوێرکردنی دوو لە کارەکتەرەکانی دەخاتەڕوو کە هەردووکیان بەیەک دەرزی خۆیان کوێرکردووە، کە یەکێکیان بەهزادی مامۆستای گەورەی نیگارکێشانە و ئەوی تریشیان مامۆستا عوسمانە.

خۆکوێرکردنی بەهزاد بەم شێوەیە بووە:

«هێدی هێدی ئەم دەرزی پەڕەمووچەی لە چاوی خۆی چەقاند و ماوەیەک دوای دەرهێنانەوەی، بەکاوەخۆ تاریکایی شاهانەی خوا بەسەر چاوی ئەو نیگارکێشە دەست بە پەرجوەی بەندەی خۆیدا هات، ئەم دەرزییە، کە لە بەهزادی ئیدی کوێر و مەست لە هەراتەوە دەچێتە تەورێز».

نهێنی ناردنی ئەو دەرزییە بۆ تەورێز لەوەدایە کە پاشان مامۆستا عوسمانیش بە هەمان دەرزی خۆی کوێر دەکات. بەهزادی مامۆستای گەورە بۆیە خۆی کوێر کرد تا ناچار نەکرێت شێوازێکی نوێی نیگارکێشان پێشکەش بکات، بەڵکو لەڕێی کوێربوونەوە بگاتە شێوازێکی نوێ. هاوکات مامۆستا عوسمانیش بۆیە خۆکوێرکردنی هەڵبژارد تا بگاتە وێنەیەکی تری دنیا کە نەبینرابێت و بتوانێت لە ڕێی ئەو ئەندێشەکردنانەوە وێنەیەک بکێشێت پێشتر نەکێشرابێت، یان ئەندێشەی خالقی تێدا بەرجەستە کرابێت. لێرەدا ئەگەر سەرنج لە (تاریکی شاهانەی خودا) بدەین، دەبینین ئەم ڕستەیە جەخت کردنەوەیە بۆ ئەوەی نیگارکێشەکان بۆ گەیشتن بە خالق خۆیان کوێر دەکەن، یان دەیانەوێت بە چێژی ئەندێشەکردنی بگەن، کە لایان وایە گەیشتن بە تاریکی کوێربوون، گەیشتنە بەو تاریکییە شاهانەیەی خودا کە زۆر کەس ناگەن و توانای گەیشتنیان نییە پێی. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا جەختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە لای کارەکتەرەکانی پامۆک گەیشتن بە کوێری، واتە گەیشتن بە باڵاتربوون و ئەمەش بە ناڕاستەوخۆیی لە ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام لای ساراماگۆ گەیشتن بە کوێری لەگەڵ ئەوەی کە گەیشتنە بە دنیایەکی تر کە بۆ مرۆڤ تایبەتمەندە، بەڵام شێوەیەکیشە لە «دەعەجانبوون» و ئەمەش ئەو کاتە تەواو چڕ دەبێتەوە کە یەکێک لە کارەکتەرەکان دەڵێت: ڕێگە زۆرە بۆ بەجانەوەربوون، کوێری یەکێکیانە، بۆیە نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا بینایی بۆ کارەکتەرەکانی دەگێڕێتەوە.

## بەر لەکۆتایی

ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو قسەکردن بوو لەسەر لایەنێکی ڕۆمانی «من ناوم سوورە»یە و دەکرێت لایەنەکانی تریشی قسەی لە بارەوە بکرێت، چونکە دواجار وەک میلان کۆندێرا دەڵێت: ڕۆمان تێڕامانە دەربارەی بوون لە ڕێی ڕوانگەی فیگۆرە خەیاڵییەکانەوە، بۆیە ناکرێت تەنیا فیگۆرە خەیاڵییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەش لە کوێربووندا کورت بکەینەوە، بەڵام من مەبەستم بوو قسە لەبارەی ئەم لایەنەی بکەم، چونکە ئەم لایەنەی ڕۆمانەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو لای من و لە کاتی خوێندنەوەیدا چێژێکی زۆرم لە قسەی ئەو مامۆستایانە دەبینی کە بە شەوقێکی زۆرەوە باسی کوێربوونیان دەکرد. بێ گومان ئەم نووسینە جگە لە دەروازەیەک لە مەڕ ئەم پرسەش ناکرێت هیچ ناوێکی تری لێبنرێت. دواجار دەستخۆشی بۆ وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە، کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بە وەرگێڕانەکەیەوە دیارە.

**سەرچاوەکان:**

**١- ئۆرهان پامۆک، من ناوم سوورەیە- ڕۆمان، وەرگێڕانی: بەکر شوانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر (٢٠٠٨).**


**٢- خۆزێ ساراماگۆ، کوێری- ڕۆمان، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر (٢٠٠١).**

**٣- میلان کۆندێرا، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٠٠٨).**

# کراس ڕەش

هاشم سەڕاج

«نیتشە» لەکتێبی «وەهای گوت زەردەشت»دا دەڵێ: «ژن توانای دۆستایەتی نییە، ئەو تەنیا ئەوین دەناسێ» دەکرێ لە پرۆسەی نووسیندا کەینوونەی دەربڕین بە تەواوەتی ئازاد و سەربەست بێ، لە ڕێگەی خەیاڵگەی ڕەنگین و وزە نادیارەکانی گیانەوە، بەوپەڕی ڕەهایی هێزە جادووییەکانی هەست و سۆز و زەین و وڕێنە و چرکەکانی ئیرۆتیک و جوانییەکانی نێوچاو و پڕشنگە درەوشاوەکانی جەستە بنووسێتەوە و فۆرم و شێوازی هەمەڕەنگ و جیاجیاش بە جەستەی تێکست ببەخشێت و شەبەنگی ماناش لەشێوەی تەڵەزم و وردەساچمەی تەقیوی ڕوحی و لیریکی لە کەینوونەی دەقدا بە هەپڕوونکراوی پەرشوبڵاو بکرێت و دەق مانەندی جەستەیەکی لەنجەدار پێشوازی لە خوێنەر بکا، بەڵام تێکڕای ئەو هەموو حاڵەتی پرۆسەی نووسینە بەر لە هەر شتگەلێک پێوەندییەکی پتەوی بە عیشق و بەهرە و توانایی و پاشخانی مەعریفی و هەستی ئیستێتیکی و چرکە سەرمەستییەکانی ڕوح و وڕێنە لەزەتمەندەکانی زەینەوە هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەم تۆزێ لە بزاڤی جووڵە جوانەکانی کردەی نووسین و ئەو بێ دەنگییە کپ و خامۆش و شاراوەیە بدوێم کە لە هەندێ لە تێکستەکانی کتێبی «کراس ڕەش»دا بەشکڵ و شێوەیەکی شیعری و ئیستێتیکی لە ماسک و لیڤڵەکانی زماندا بەرجەستە کراون. «کراس ڕەش» کۆی چواردە تێکستی شیعری دوو ئەڤیندار، یان دوو هاوسەری عیشق دۆستی گرتۆتە خۆ و ڕەنگی ڕەش وەک هێمایەکی هەیوولایی لە زۆربەی تێکستەکاندا ڕووە و فرە دەلالەتی بردراوە و هەندێ جار «بەتایبەتی لە دەقەکانی ماردین»دا گوزارشت لە دەرکەوتنی یاری کراس ڕەش و پژانی عەتری پۆشاک و چرکە خۆشەکانی ژوان و دیدەنی و ژیان دەکا، زۆرجاریش مانەندی دەلالەتێکی شاراوە هەڵگری خەم و ئازار و مەینەتێکی هەمیشەیی و گومان و بێزارییەکی ئەبەدییە، بەڵام بێ دەنگییەک کە لەسەر هیچ شتێک ئارامی نەبێت لەسەرجەم تێکستەکانی «لازۆ و ماردین»دا بوونی خۆی پاراستووە و هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار ترس لە دابڕان و تەنیایی و هەستکردن بە غەریبی ڕستەگەلێک بە خەسڵەتەکانی



هەڵچوون و ورووژان و شەیدایی دەخرۆشێنێت هەڵبەتە ئەو بێ دەنگییە کوشندەیەش کە لەنێو بزاڤی جەستەی شاراوەی نووسیندا بوونی هەیە کە پێشتر ئاماژەم پێ دا، پێوەندی بە ڕوانین و گۆشەنیگای شیعرییەوە هەیە، دەکرێ لەودیوی زمانی کەرنەڤالئامێزی تێکستەکانەوە هەردوو ئەڤیندۆست بە چرپە چرپەوە بەیەکدی بڵێن تۆ نەبای بەسەر دەسەڵاتی نائومێدییا زاڵ نەدەبووم، لازۆ بەزمانێکی ڕوونتر مۆنادە پەخش و پەخشانەکانی گیانی دەنووسێتەوە و هەرچی کەرەسە و ئامرازی ئارایشکاری کچێنی هەیە لە ڕێگەی سۆز و لیریک و شیعرییەت ڕووە و قوولاییەکانی ژیان هەڵدەدرێن، دەشێ «زمانی شیعر» بە چنگە چپسێ «وشەیێ» بچوێنرێت، ئەو دەمەی بەبێ موبالاتی هەڵدەدرێتە نێو تاوەی ڕوح و ئەڤین لە پرێکا دەکرێتەوە و شکڵ و شێوەیەکی جیاوازی ئیستێتیکی وەردەگرێت..

لازۆ لەتێکستی «ئەو پیاوەی بە ماچێک داگیرم دەکات»دا نهێنییە جوانەکانی ڕەنگی ڕەش ئاوێتەی ئولفەت و خۆشنوودی و ئەڤین و خۆشگوزەرانی دەکا و «عاشق» لە چاوی «مەعشووق»دا مانەندی ڕاهیبێکی ڕەشپۆش دەردەکەوێ و دێ و ئاگری چرکە ئیرۆتیکییە ڕەنگاوڕەنگەکان دادەگیرسێنێ..

**ئێوارەیەک دێت**
**ئەو دێت،**
**پانتۆڵێکی ڕەش**
**قاپووتێکی ڕەش**
**کراسێکی ڕەش و**
**دوو چاوی ڕەش**
**لە دوورەوە خەمبار دیارە**
**لە دوورەوە تەڕایی چاوی بریسکەی دێ**
**دەڵێ خانمەکە:**
**تەڕایی لێوتم پێ بفرۆشە**
**ڕووناکی ناو چاوانتم بدەرێ**
**تاڵێ لە برژانگتم بۆ بکە موفەڕک**
**تەنها یەک ڕووتبوونەوەتم نیشان دە**
**ستیانە ڕەنگ ئەرخەوانییەکەتم بۆ بکە دیاری...**
**ماچەکانت تامی هەرمێ دەدەن...**

بەڵام تارمایی بێ دەنگییەکی ترسناک کە لەودیو بزاڤ و جووڵەی کرانەوەی فۆرمی نووسیندا پەنهان و شاراوەیە، خەریکە هێدی هێدی دەردەکەوێ، بێ دەنگییەک خاوەندی وێرانکاریترین هێز و وزەیە کە لە «عەدەم» دەردەکەوێ، بێ چەند و چون و بە ئەسپایی کۆشک و تەلار و هەورەبانەکانی عیشق و ئولفەت و ئارامی و خۆشگوزەرانی خاپوور و سەربەرەو ژێر دەکا و هەرچی هیوا و ئومێد و ئارەزوو هەیە لە خشتە دەبردرێن.

دەقی «گەر تۆ بمریت» هەڵگری ڕەوتی خەتەرناکترین ڕووبەڕووبوونەوەی بێ دەنگییەکانی تەنیاییە بەرانبەر کارەساتەکانی مەرگ.

**گەر تۆ بمریت**
**منیش دەبمە کچی مردن**
**ئیتر من دەبمە تەشی ڕێس**
**دەبمە نانکەری ماڵان**
**دەبمە ئەو کیژە سەماکەرەی**
**کە خۆیشی سەر لەو ئاگرە دەرناکا**
**کە تەنیایی لە جەستەی بەردەدا**
**گەر تۆ بمریت..**
**من دەبمە چاگێڕی ئەو پیاوانەی**
**هیچ نازانن،**
**شەڕ نەبێت**
**هیچ نازانن**
**تووڕەیی نەبێت**
**هیچ نازانن**
**کوشتن نەبێت...**
**گەر تۆ بمریت**
**جلەکانم بە خۆڕایی دەدەمە خەڵک**
**سووراوەکانم دەدەمە کچانی بچووک**
**ماسکاراکانم**
**تەوقەکانم**
**ئاوێنەکانم لە دەرگای حەوشەوە تووڕ دەدەم..**
**گەر تۆ بمریت**
**ناگاتە ئێوارە**
**دەستم دەچێتە شیعر و**
**خۆم دەکوژم..**

هەروەها «نیشتمان» وەک چەمکێکی خۆشەویستی هەمیشە زیندوو لەسەرتاپای تێکستەکانی «کراس ڕەش»دا پێگە و پانتاییەکی بێ پایانی داگیرکردووە.. زۆرجار مانەندی ئاوازێکی شاراوە و نادیار لە ڕێگەی بەریەک کەوتنی وشە و ڕستە شیعرییەکانەوە دەژەندرێ و حەسرەتگەلێکی سووتێنەر لە دڵ و دەروون و زەینی خوێنەردا جێ دەهێڵێ، «لازۆ» لە دەقی «یاربوونەوە لەگەڵ نیشتمان»دا سەرپاکی سەردەمی دەورانی منداڵی و کچێنی خۆی لە چرکەساتێکی گەرموگوڕی نۆستالیژیدا دەتەقێنێتەوە و نیشتمان لە خولگەی وەسفی تەقلیدی و پیاهەڵدانی ڕاستەوخۆ دەرباز دەکا و نیشتمان بە کچێک، قەیرەیەکی، کەیبانوویەک و ئافرەتێکی دووگیان دەچوێنێت و دواجار هەرچی کەرستە و ئامراز و پێداویستییەکانی جیهانی ئافرەتان و هەرچی داب و سرووت و ڕێنماییەکانی قۆناغی دوو گیانی هەیە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نیشتیمانی دایکدا بەرجەستە

دەکرێت و هاوکات ئەو مامەڵە زمانییەی لەگەڵ شتگەلە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجامی دەدا، چەندین وێنەی دانسقە و مانا و دەلالەتی دەگمەن و ئاخاوتن هەڵچووی شیعری و دیدگای تایبەت و بوێری ئیرۆتیکی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت.

**دەزانم ئێستا نیشتمان سەری بەستووە**
**نیشتمان دەستی بە پشتییەوە گرتووە**
**دوو گیانە ئەو،**
**ئێواران تەلەفۆنێک بۆ مێردەکەی دەکات و**
**داوای لێدەکات شەربەتی مێوژی بۆ بێنێتەوە**

«بێزووی بەمرەبای هەنجیرەوە دەکرد» «پێڵاوی بەرز لەپێ ناکات» «ئیتر پانتۆڵی تەسک بە بەریدا ناچی» «زۆر بەهێواشی نیوەڕوان دەچێتە «سابوونکەران».. بۆ کڕینی کیلۆیەک تەماتە و دەسکێ نەعنا» «من سووراوی پەمەیی نەبوایە نەمدەویست» «من بۆ لەبەرکردنی تەنوورەیەکی کورت هەزار جار دەمقیژاند بەسەریا» «خوشکەکەم لەبەر تەواوبوونی کرێمی دەموچاوی هەفتەیەک ڕووی لێ گرژ دەکرد» «تۆ بڵێیت هەر هیچ نەبێت کۆلانێکیمان نەداتێ» «بۆ چاوشارکێ؟» «بەردێک بۆ خەتخەتێن؟» «من شەوێک لە خەوما نیشتمان خەنەی لەپرچی دابوو، نینۆکەکانی تازە بۆیە کردبوو، چاوی ڕشتبوو، بە چەتاڵ نانی دەخوارد» «ئیتر نیشتمان کچێکی بچووکی عەیار نەبوو» «ئەو کە یبانووی ماڵ بوو، ئەو کە دەڕۆیشتە دەرێ قژی شانە دەکرد، «مکیاژی دەکرد، بۆنی گرانبەهای لە سنگ و مەمکی دەدا» «پێڵاوی بەرزی لەپێ دەکرد و هەر جارێکیش لەماڵ دەچووە دەر» «تەنوورەکەی تا سەر ئەژنۆی کورت دەکردەوە»

«من هێشتا بۆنی، ساوەری سوور و پەنجەکێشی و ڕێحانەی باخەکەی ماڵی نەنکم لێدێ،.. سەرم گەرمە، تووڕەم مەکەن، دەنا خوا هاوار، لەبەردەم پیاوەکانی «شەعب»دا خۆم ڕووت دەکەمەوە، لەبەردەم سەرکردەکانتانا خۆم ژەهر خوارد دەکەم، خۆم دەخەمە «تەنوور»ەکەی ماڵی باجی «سۆیبە»وە، تووڕەم مەکەن دەنا لە شەوی «بەرات»دا لەگەڵ کوڕێک ماچێک بە نوقڵێک دەگۆڕمەوە، سەرم گەرمە و تووڕەم مەکەن، دەنا ئینجانەکانتان دەشکێنم» بە کیتەڵە نەوت دەڕژێنمە بن دار هەنجیرەکانتان، میز دەکەم بە قاچی جەللادەکانتانا، بەکۆشکی سەرکردەکانتانا، باسی مەمکەکانم بۆ کانییەکی «کونجرین» کرد و کردمییە سۆزانی، من ئێستاش ستیانەکانم پڕن لە نامەی کوڕانی شار، ئێستاش چاوەکانم پڕن لە چاو باشقاڵی بەردەرگا....».. ئیتر «ماردین» وەک ئەڤیندۆستێک لەبەردەم گزنگ و پڕشنگی ڕەنگاوڕەنگی خۆری «کراس ڕەش»دا سەرمەست و سەرگەردان، وێنە زەینییەکانی کۆژیتۆی شیعر هەڵدەدا و خەریکە ئاگری عیشق و جوانی سەرلەبەری هاوکێشەکانی عەقڵ و لۆژیک لەناو دەبات «نالی» دەڵێ:

**فەلەک تۆی دا کە ئەمشەو ڕۆژمان بووی**
**لە ڕەجمی نەجمی ناهیدی نەما باس**

ماردین.. شەبەنگی بوارە جیاجیاکانی مەعریفە لە زیندانی زمان و ئاتەشکەدەی عیشقی کراس ڕەشدا دەتوێنێتەوە و لە کەرنەڤاڵی دیۆنیزۆسیەتی ئەو ئەڤینە نیتشەییەدا، هێما فەلسەفی و فەلەکشوناسی و میتۆلۆژییەکان بەسەما دێنێ و شەبەنگی هزرگەلێکی تەنک مانەندی سێبەری ئاگرێکی شەرابی لەودیو گەمە ناوکۆییەکانی ڕستە و دەستەواژەکان دەکەونە جووڵە و بزاڤ، دەلالەگەلێکی جیاواز جیاواز هەڵدەدەن لە تێکستی «پێنج پیاوی وەحشی بوون» هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی پڕ ژەنگ و ژاری سەلەفییەت دەدا و هەموو جوانییەکانی جیهان لە جەستە و چرکەساتە ئیرۆتیکییەکانی «کراس ڕەش»دا کۆدەکاتەوە، ئاخر عیشق عەقڵ و لۆژیک پڕووکێنە..

**پێنج سەگی پیر بووین، حەزمان دەکرد لە سێبەری**
**حەوشەی ماڵی «کراس ڕەش»دا بخەوین**
**منداڵترینمان، فەهمیترینمان بوو.**
**ئەوەی لە هەموومان پیرتر بوو**
**عاشقترینمان بوو..**
**لە هەموومان حەکیمتر، دێوانەترینمان بوو.**

ئێوارە بەو هەموو پیرییەی خۆیەوە شەرمی لە ئێمە دەکرد دەمانگوت باخەوان ئێمە غەریبین «ماڵی کراس ڕەش» لە کوێیە؟!.

کۆژیتۆی شیعر لە تێکستی «تاعوون»دا ئاگرینترین چرکەساتە ئەنتۆلۆژییەکانی ڕوح و گەمە بێهوودەییەکانی سەیروورەی بێ بڕانەوەی گەردوون و چارەنووسە بزر و نادیارەکەی ئینسان لە سیستمی «فارما کۆنیەت» و «ئایدۆنیەت»ی زماندا بەرجەستە دەکاو هزرگەلێکی شیعری لە دووتوێی ڕستێک وێنەی

دەگمەن دەگمەندا هەوڵ و کۆششی بێهوودەییانەی ئینسان و ئەو هەموو حەسرەت و نیگەرانی و مەرگەسات و ڕەنج بە خەسارییەی دەخاتەڕوو، ئینسان لەم گەردوونە بێ کۆتاییەدا ڕەوتەنیترین موسافیرێکی عاشق و لەخۆباییترین بوونەوەرێکی کەساس و لەنێو چووە.

**ئەستێرەناسێک پێی گوتم:**
**تۆ لە ئێوارەیەکی غەمگیندا**
**لەنزیک شۆستەیەکی بەویقاردا دەمریت**
**تۆ لەنێوان خۆرنشین و دار لیمۆیەکی تەڕدا**
**لەناو گەمارۆی تەمومژێکی خەستدا دەمریت**
**دەمریت و کچان لەسوورپۆشی خۆیان ناکەون و**
**ژیانیش ئیقاعە بێ مەعناکانی تێک نادا**
**بەردەکان بێدەنگی خۆیان ناشێوێنن**
**هاوڕێکانت وەکو جاران لە شەقامەکاندا قاقا پێدەکەنن و**
**تەنها لە ئەلبومەکاندا بیریان دەکەوێتەوە**
**کە تۆش سەردەمێک ژیاویت**
**ڕۆژانێک بە کچەکانت وتووە بەیانیتان باش**
**لە زەماوەندەکاندا سەمات کردووە و**
**بەدەم گۆرانی وتنەوە بەکۆڵانەکاندا ڕەت بوویت**
**تۆ دەمریت و هاوڕێکانت تۆیان لەبیر دەچێتەوە.**
**ژیانیش ئیقاعە بێ مەعناکانی خۆی تێک ناداو**
**کچانیش لەسوورپۆشیی خۆیان ناکەون.**

تێکستی «خوشکەکانم» بە هەستێکی غەمگین و ترسناک لە لەناوچوونی کەڤاڵە خوداوەندییەکانی جوانی ڕوخسار دەدوێت و هاوکات ئاگری عیشقی «کراس ڕەش» پابەندی چرکە خۆشەکانی ژیانی دەکاو بەشێوەیەکی بەردەوام هەستی ئاسوودەیی و ژیاندۆستی لەلا دەوروژێنێت، ئەو دەمەی لەوحی جوانی دەردەکەوێ «عەقڵ» کۆنترۆڵەکانی دەسەڵاتی لە دەست دەدا و سەرسام و سەراسیمە لە بوونی خۆی ڕادەمێنێ و دەرگاکانی وڕێنە ئاوەڵا دەکرێن و زمان بە مۆسیقای شێتی دادەڕژێ.

**جوانی بۆ کوێ چوو؟!**
**جوانی چی لێهات؟**
**وەک ئەسپێکی تووڕە بە بناری حەسرەتدا ڕایکرد**
**وەک مامزێکی ترساو ئاوڕی نەدایەوە**
**کوا جوانی؟**

* * *

**پێمگوتن با لە ئێوارەیەکی هاویندا**
**لای کێلگەیەکی زەردی گوڵەبەڕۆژە خۆمان بکوژین**
**ئەو هەموو جوانییەی لە هەڵفڕینی کتوپڕی پۆڕێکدا بوو**
**ئەو هەموو نەشئەیەی لە بۆنی گەڵامێوێکدا بوو**
**پەشیمانی کردینەوە.**

ڕەنگی ڕەش وەک هێمایەکی ئاڵۆز و جوان، یان وەک شکۆمەندترین و سەلاریترین دەلالەیەکی نازپەروەری جیهانی پۆشاکە جوانەکانی بواری شیکی و ڕێکی و شەنگی کە پابەندە بە بەرزاییەکانی جەستە و لەزەتە شاراوەکانی دنیای ئیرۆتیکی، دەسەڵاتی عیشقگەرایی و ئولفەتگەرایی خۆی بەسەر تێکڕای فەزای تێکستەکانی کتێبی «کراس ڕەش»دا دەسەپێنێت، لە هەندێ تێکستدا ڕۆڵی کەرنەڤاڵێکی ئیرۆتیکی دەگێڕێ و جارجارەش ئاماژە بەدەرکەوتنی «مەعشووق» دەدا، ڕەنگی ڕەش مانەندی پشکۆیەکی ئیرۆسی ئەزموونی هەردوو شاعیری ئەڤیندۆست لە جەستەی خرۆشێنەری وشە و لە کتێبێکی شیعریدا لەژێر ناوی «کراس ڕەش» ئاوێتە و ئاوێزانی یەکدی دەکا، بەڵام دوو دەنگ و دوو شێوازی جیا، ئەوەی کۆژێتۆکان کۆ دەکاتەوە تەنیا عیشق و جوانییە، ئەگینا «لازۆ» وەک بەهرەیەکی بوێری شیعری زیاتر کەناڵەکانی سۆز و لیریک و ئیرۆتیک و ئەندێشە دەوروژێنێت، کەچی «ماردین ئیبراهیم» وەک شیعر و ئەزموون بەعشق و ئاگاییەوە سەرقاڵی کردنەوەی دەرگاکانی زەین و هاوکێشە لۆژیکییەکان و بەرجەستەکردنی شەبەنگی دەلالەتە هزرییەکانە ئیتر کتێبی «کراس ڕەش» وەک توحفەیەکی شیعری و ئیستێتیکی پێویستی بە چەندین خوێندنەوە و ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی جیاجیای ئەدەبی هەیە، هەڵبەتە ئەمەیش کاری ڕەخنەکارانی لەزەتمەند و ئەو خوێنەرە عاشق و مەجهوولانەیە کە شەیدای جیهانی شیعرن.

**ناوی کتێب: کراس ڕەش.**
**بابەت: شیعر.**
**ناوی نووسەر: لازۆ و ماردین ئیبراهیم.**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**
**کوردستان- سلێمانی ٢٠٠٧.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# پانتۆمیم– Pantomime

پانتۆمیم، یان نمایشی بێ دەنگ لە دەستەواژەی پانتۆمیموس– Pantomimus–ی لاتینی و پانتۆمیمۆس– Pantomimos–ی یۆنانی (گریکی) هاتووە. بە مانای پیشاندانی هەست و ئەندێشە و مەبەستێکی دیاریکراو بە بزووتنەوەی لەش و ڕوخسار دێ، کە هیچ دیالۆگ و ئاخاوتنێکی تێدا بەکار نایەت. لە بنچینەدا بریتی بووە لە گێڕانەوەی داستانێک لە ڕێگای جوولّە و بزووتنەوەی لەش و ئاماژە و ئاماژەکانی ڕوخسار. پانتۆمیم شێوەیەکی سەربەخۆی نمایشە کە لەسەردەمی ڕۆمانە کۆنەکان و یۆنانییەکان سەری هەلّداوە و گەشەی کردووە. شانۆنووس و ئەکتەری ڕۆمانی کۆن لیۆیوس ئەندرۆنیکۆس بەوە ناسراوە گوایە دەنگی دەنووسێ، ناچار یەکێک ڕادەسپێرێ لە تەنیشت خۆی لەسەر شانۆ گوتار و ئاوازەکانی ئەو بخوێنێتەوە و پیشانی بدا. ئەم ڕووداوە کە لە سالآنی ٢٤٠ پ.ز هاتۆتە پێش، بەسەرەتای سەرهەلّدان و پەیدابوونی پانتۆمیم دادەنێن کە دەنگ و ئاخاوتن هیچ ڕۆلّێکیان لە گێڕانەوە نییە. لێرەوە پانتۆمیم وردە وردە گەشە دەکا و تێکەلّ بە موزیک و سەما و گێڕانەوەی داستانی ئەفسانەیی و مێژوویی و خۆشەویستی و عاشقانە دەبێ. گێڕانەوە بە جوولّە و بزووتنەوەی لەش و ئاماژەی ڕوخسار وەک هونەرێکی سەربەخۆ دەردەکەوێ.

لەسەردەمی بووژانەوەدا، پانتۆمیم شێوازێکی کلاسیکی تایبەت وەردەگرێ، تێکەلّ بە کۆمێدیا و تراژیدیا دەبێ، هەلّبەت وێڕای موزیک و سەما و جلوبەرگی ئالآووالآ و ڕەنگاوڕەنگ، زۆر بە دوورودرێژی و پڕ لە جۆرێک لە درێژدادڕی بە مەبەستی پیشاندانی هەستی (فخامة)ی هەروەک ڕوخسارێکی، یان تایبەتمەندییەکی کلاسیکییە، پانتۆمیم لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرا. ئێستاش لە ئەوروپا، لە کاتی جەژنی کریسمیس بۆ پیشاندانی هەندێ ڕووداوی کۆنی ئایینی، سوود لە پانتۆمیم وەردەگیرێ. ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە، لە سەرەتای سەرهەلّدانی سینەما، فیلمەکان بێ دەنگ بوون، فیلمەکانی چارلی چاپلن و زۆری تر، بە فیلمی پانتۆمیم ناسراون، خۆشی بە ناسراوترین هونەرمەندی پانتۆمیم ناسراوە.

### ئیماژیزم – Imagisme

دەستەواژەی ئیماژیزم لە ڕەگی وشەی ئیماژ– Im-age–ەوە هاتووە کە بەرانبەرەکەی بە کوردی دەکاتە: وێنە، ڕەسم– نیگار، یادگاری، یان بیرەوەری، خوازە و مەجاز، خەیالّ، هەروەها بەمانای چیرۆکێکی سادەش دێ. زاراوەی ئەندێشە– Imaginntion–یش لە هەمان ڕەگەوە دێ. ڕەگە لاتینییەکەی ئیماژۆ، یان ئیماگۆ–

Imago-یە. یەکـەمین مـانای لە زمـانە ئەوروپییـەکـان بریتییـە لە ڕەنگدانەوە، یان پێچەوانە کردنەوەی وێنەی کەسێک، یان شتێک لە ئاوێنە، یان لەسەر ئاو...تاد. لێرەوە مـاناکەی وێڕای گـەشـەسـەندنی فـیکر و ئەدەب و هونەرەکان پەلوپۆی لێ کەوتۆتەوە.

ئیماژیزم بزووتنەوەیەکی شیعری بوو لەنێوان ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٧ لە ئینگلستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـریکا دەرکـەوت، ئیـمـاژیسـتـەکـان کـەوتبـوونە ژێر کاریگەریی شیعری پارناسی و سەمبۆلیزمی فرەنسایی، ئەمـەش لە ڕوانینە فـیکری و هونەرییـەکـانی فـرانک سـتـیـوارت فلینت-ی F.S.Flint (١٨٨٥- ١٩٦٠) شاعیر و وەرگێڕی ئینگلیزی و تیۆرە دژە ڕۆمانسیبەکانی هیۆم بە جوانی دیارە، کە لەگەڵ ئەوە بوون ئیماژ و وێنەی ڕوون و پوخـتـە بۆ داهێنانی شـیـعـری زۆر گـرنگ و پێویستە.

ڕابەری ئەم بزووتنەوە شـیـعـرییـە ئەزرا پاوەند بوو کـە ساڵی ١٩١٢ لە گۆڤـاری شیـعر- The Poetry کە لە شیکاگۆ دەردەچوو بۆ یەکەمین جار زاراوەی ئیماژیزم-ی بەکـارهێنا. پاوەند و فلینت لە هەمـان گـۆڤـار، دواتر لە ١٩١٣ بۆچوون و ڕوانینی خـۆیان لە بارەی بنچـینـە و ناساندنی ئیماژیزم وەک بزووتنەوەیەک بە وردی خستۆتە ڕوو. بەخـێـرایی کـۆمـەڵێک شـاعـیـر وەک ئیـمـاژیست دەناسـرێن و لە گـۆڤـارەکـانی ئەمـریکا و ئینگلسـتـان بەرهەمـەکـانیـان بڵاودەکردەوە، هەر لەم سـاڵانەدا، وەک قوتابخـانەیەکی ئەدەبی ئەنگلۆ- ئەمریکی دەناسرێ. تا سـاڵانی ١٩١٤ و ١٩١٥ چەندان شـاعـیـر کـە هەرەناسراوترینیان بریتی بوون لە ئەزرا پاوەند و ڕیشارد ئەدینگتن- R. Aldington (١٨٨٣- ١٩٦٤) شاعیر و ڕۆمـاننووسی ئینگلیزی و فلینت و شاعیری ئەمریکی ئێـمی لۆوێل- Amy.L.Lowell (١٨٧٣-١٩٢٥)، وێڕای چەندانی تر شـیعری ئیـماژی-یان بڵاودەکردەوە، بەڵام وردە وردە ئەزرا پاوەند لەم ناوەندە ئەدەبییـە دوور دەکـەوێتـەوە و خـۆی کـەنارگـیـر دەکـا، ئێـمی لۆوێل ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە دەکا، لۆوێل زۆربەی شیعرەکانی شـاعـیـرانی ئیـمـاژیست لە سێ بەرگ بڵاودەکـاتەوە لە ١٩١٥ و ١٩١٦ و ١٩١٧، هەر بەرگـێـکیش بەناوی (شاعیرانی ئیماژیست) بوو.

بەگشتی مێژووی کەم تەمەنی شاعیرانی ئیماژیست پڕ بووە لە ململانێ و ناکۆکی کە ئەزرا پاوەند لە چەقی ئەم ناکۆکییەدا دەژیا.

سـاڵی ١٩١٧ ئیـمـاژیزم وەک بزووتنەوەیەکی شـیـعـر کۆتایی پێ هات و بزر بوو، هەریەکە لە شاعیرەکان بەرەو ئاسـۆیەکی تر هەنگاویان ناو و لێک دوورکـەوتنەوە، پاوەند خۆی رووی لە فـەلسـەفـەی ڤـێرتیسـیـزم- Verticisme کـرد، واتە فـەزیلەتخـوازی. ئیـمـاژیزم هەر لەسەرەتاوە وەک دژایەتییەکی کۆن و بێ سەروبەری بوو لە ئەدەب بەگـشـتی و لەشـیـعـر بەتایبـەتی، دژایەتی تەنگەنەنەفـەسـتی و تاک ڕەهەندی لە ڕوانین و بۆچوون دەکرد، بەتایبەتیش لە شیعردا، داهێنانی شیعر لەلای ئەوان پێویستی بەزمـانێکی ڕوون و پوختـە و کـۆنکرێت هەبوو. پشتگیرییان لەو ڕوانینە دەکرد کە شیعر بە قەد ڕوانینی مـرۆڤ وەک ژیان وەک وجـوود قـووڵ بێ و لە هەمان کاتدا ئەم قووڵییە دەبێ بەزمانێکی سادە و ساکار بێ، لەهەمـان کـاتدا ئاڵۆز و پوخـتـە بێ. بەهەرحـاڵ باڵادەسـتی شـاعـیـرانی ئیـمـاژیست دژی نا ڕوونی و ناپوختەیی لە شیعر و دژی ڕۆمانسیزم و کۆنگەرایی، دواتر کـاریگەری زۆر لە ئیلیـەت- Eliot دەکـەن، کـە کـودەتایەک لە چەشـە و سـەلیـقـە و شـێـوازی شـیـعـری ڕوانینی بێ شـێـواز دەکـەن. لەوانەیە کـەسـێک زۆرترین سوودی لەم بنچینەیە وەرگرتبێ ئیلیەت- Eliot بێ کە بە شاعیری ئەنگلۆ- ئەمریکی ناسرابوو.

شاعیرانی ئیماژیست هەستێکی سەرشاریان هەبوو کە وەک ئەندێشـە و حـاڵەتی دەروونی دەبوایە بەزمـانێکی ڕوون و تونـدوتۆڵ شـیـعـر بنووسن، لەم ڕووەوە زۆریش سەرکەوتووبوون، بەڵام درەنگتر فلینت و ئێمی لۆوێل لە گـۆڤـاری (شـیـعـر)دا دەڵێن بەرانبـەر بەم بزووتنەوەیە وەفادار دەمێننەوە و وەک مانەفێستێک شێوازی خۆیان بەم چەشنەی خـوارەوە لە هەندێ تایبـەتمەندی هونەری و ڕوانینی خـۆیان لە بارەی شـیـعـر و زمـان و ڕوانینی فـەرهەنگی پێـشـان داوە، ئەمـانەش بریتین لە: بەکـارهێنانی زمـانی ئاخـاوتن، بەکـارهێنانی زمـانێکی وێنەیی، (کـۆنکرێت)، داهێنانی کـێـشی شـیـعـری تر، ئازادی لە ڕوانین و بیـرکـردنەوە، بەکـارهێنانی ئاوازێکی تەوس ئامێز و ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە کۆمەڵ و دەسەڵات، داهێنانی شیعری سەخت و ڕۆشن، پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شـتـەکـان کـە هەندێ جـار زەینین و هەندێ جـاری تریش عەینی.

## شانۆی بێهوودە – Theatre Absurde

شـانۆی بێـهـوودە، یان شـانۆی پووچگەرایی، یان

پووچی، ..تاد، بە عەرەبییەکەی (مسرح العبث)ە. بەڕای ئێمە (بێهوودە)، چونکە دەمێکە لەناو فەرهەنگی کوردی ڕۆیشتووە، پێمان جوانتر بوو هەمان شت دابنێینەوە، ئەگەرچی (بێهوودە) مانای پڕاوپڕ و ئاڵۆزی (Absurde) ناگەیەنێ، بەڵکو زۆر لێی نزیکە، بەڵکو (پووچی، یان پووچگەرایی) زۆرتر بۆ زاراوەکە دەگونجێ. ئێمە دەتوانین هەردو زاراوە بەکاربهێنین. بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیە ساڵی ١٩٦١ ناوونیشانی کتێبێک بوو لە بارەی شانۆی بێهوودە- Theatrw Absurde کە لەلایەن مارتن ئێسلا- M. Esslin بڵاوکرایەوە.

ئێسلا هەوڵی داوە لەم کتێبەدا هەستی بێهوودە و پووچگەرایی لە جیهانی بێ مانا پیشان بدا. هەر لەم سەردەمەدا، بەڵکو زووتریش، ئەلبێر کامو- A.Camus لە زۆربەی کتێبەکانی هەمان ڕوانین و فەلسەفەی پیشان داوە، بەتایبەتی لە ئەفسانەی سیزیف و بێگانە، لێک تێنەگەیشتن، زۆری تریش. لەم ڕووەوە ڕوانینی کامو ناسراوە، «مرۆڤ لەناو بێهوودەیی دەژیێ، بۆ دەرچوون لێی پێویستی بە ڕاپەڕینە» مێژووی شانۆی بێهوودە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم درێژ دەبێتەوە، دەشێ یەکەمین شانۆگەری کە ئەم هەستەی بەجوانی پیشان دابێ، شانۆگەری شا ئوبو- Ubu Roi-ی ئەلفرێد ژاری- A. Jarry-یە. ژاری بە شێوازێکی کۆمێدی و تەنزئامێز باس لە بێهوودەیی دەکا، لە هەمان کاتدا باس لە ستەمکاری بۆرژوازی دەکا، بەڵام بێهوودە، یان پووچگەرایی دوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆر گەشە دەکا و لە کارەکانی بێکێت Becket و یۆنیسکو و هارۆڵد پینتەر و ژان ژێنێ و ئیدوارد ئەلبی بە خەستی ڕەنگ دەداتەوە.

دەتوانین بڵێین هەر ئەمانە شانۆی بێهوودەیان دامەزراندووە. شانۆی بێهوودە وەک ئەنجامێکی هەموو ئەو نوێبوونەوە و دەوڵەمەندییە فیکری و هونەری و ئەدەبییەیە کە سوریالیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم و ئێگزیستانسیالیزم (وجودییەت) و جەنگ و فاشیسزم و کەپیتالیزم و سۆسیالیزم...تاد، لەگەڵ خۆیان هێنایان. شانۆنووسانی فرەنسایی بەدژایەتی کردنی شانۆی باوی ئەو سەردەمە شانۆی بێهوودەیان دامەزراند. یەکەمین شانۆگەری بەم ئاراستەیە، ساڵی ١٩٥٧ لە پاریس پێشکەش کرا، ئەمەش شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆ)ی بێکێت بوو کە ناوبانگێکی جیهانی وەرگرت. لە چاوەڕوانی گۆدۆ، باس لە مرۆڤ دەکا کە چاوەڕێی هیچ شتێک ناکا. ئەمەش لە ڕێگای گێڕانەوەی ژیانی دوو کەس کە چاوەڕێی گۆدۆ دەکەن کە قەت نایێ. گفتوگۆ بە شێوازێکی زۆر بێ مانا گەشە دەکا، لەم نێوانەدا بەدەم چاوەڕێ کردنی گۆدۆ هیچ شتێک ڕوونادا، «نە کەس دێ، نە کەس دەڕوا، نە شتێک ڕوودەدا» تەنیا ژیانی ماندوو و تەمبەڵانەی مرۆڤە دووبارە دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی دوو کەسەکە ئەوەیان بە بیردا دێ کە خۆیان هەڵواسن بۆ ئەوەی شتێک ڕوویدا، بەڵام هیچ ڕوونادات، ئەوان ناتوانن خۆشیان هەڵواسن. لە چاوەڕوانی گۆدۆدا شاکارێکی شانۆی بێهوودەیە، بەشێوەیەکی ڕەشبینانە و گاڵتەئامێز، وەک شێوازێک، بێکێت باس لە بێ مانایی ژیان و جیهان دەکا، لێرەوە مەسەلەی سەرەکی تێگەیشتنە لە ژیان و جیهان کە سەخت و ئاڵۆزە، سەرەنجام لەکۆتاییدا مرۆڤ بە تەنیا دەمێنێتەوە. یەکێ لە خاسییەتەکانی شانۆی بێهوودەیی بێکێت ئەوەیە، ئەم بێهوودەییە خاسییەتێکی سەرەکی هەیە، ئەمەش خاسییەتی میتافیزیکی-یە کە لە هەموو ئەوانی تری جیا دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لەو نووسەرانەی کە بە شانۆنووسی سەرەکی بۆ شانۆی بێهوودە دادەنرێن، یۆژین یۆنیکسۆ- J.Ieonesco-یە، ناسراوترین شانۆگەرییەکانی یۆنیسکۆ بریتین لە گۆرانیبێژە کەچەڵەکە- La Cantarice Chauve، کەرکەدەن- Renoceroce، وانە- Lecon، کورسی- La Chaine. لە شانۆگەری گۆرانیبێژە کەچەڵەکەدا، یۆنیسکۆ باس لە تەنیایی مرۆڤ و تێکەڵ و پێکەڵ کردنی ڕێسا و یاساکانی زمان دەکا.

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٥٣ پێشکەش کرا. سێیەمین شانۆنووسی ناسراوی شانۆی بێهوودە هارۆڵدپینتەرە، کە بە هەمان شێوەی ئەوانی تر ڕووبەڕووی هەمان ئایدیا بووەتەوە، هەڵبەت وێڕای تایبەتمەندی خۆی، کێشەی بێ مانایی و بێ توانایی مرۆڤ و چاوەڕێ کردنی ڕزگاری و ئومێد و تەنیایی مرۆڤ. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شانۆی پینتەر ئەوەیە بە جیا لەوانی تر، هەبوونی ڕوخسارێکی سیاسییە لە شانۆگەرییەکانیدا. ناسراوترین شانۆگەری پینتەر شانۆگەری (دەرگەوان)ە کە ساڵی ١٩٦٠دا پێشکەش کراوە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چواردەمین ساڵەی تەمەنییەوە

# (ڕامان) هەژی شانازییە

جەلال زەنگابادی

لە حوزەیرانی ١٩٩٦دا لە هەرەتی براکوژیی نگریس و ڕەوشێکی نالەباردا، گۆڤاری (ڕامان)ی مانگانەی ڕۆشنبیریی تەڤگیر، لەلایەنی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گولاّنەوە دەرچوو. هەر لەو گاڤەوە ڕێوڕەوتی نەتەوەیی و فلیڤانی خوە گرتەبەر، گەرچی بارودۆخیش نالەبار بوو. هەڵبەتە سەرپەرشتڤانەیلی بە ئایندەیەکی هەڤپەیڤینبار و برایی و نایابکاریی ئازاد هیوادار بوون. جا (ڕامان) بە کردەوە لەم سێزدە ساڵەدا توانی زۆربەی ئارمانجێن قۆناخی و ستراتیژیی خۆی ڕاپەڕێنێت و ئاستی بەرزی خۆیشی بپارێزێت، لەمیان چەندین گۆڤاری باشی دیکە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا کە پاشڕا دەرچوون.

ئەوەتانێ ڕێپێوانی بەخشندەی (ڕامان) دەگەیێتە ژمارە (١٥٠) و ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارەکانی لە مابەینی (٢٠٠- ٣٧٠)دا و تیراژی ژمارەکانی لە (١٠٠٠- ١٥٠٠) بووە. هیچ ژمارەیەکی بێ تەوەرێک، یان دۆسیەیەک سەبارەت بە لایەنێکی ڕۆشنبیریی نەبووە، بگرە هیچ ساڵێکیش بێ ژمارەیەک، یان دوو ژمارەی تایبەت نەبووە شبتی: (ژمارە ٣٤ نیسانی ١٩٩٩) تایبەت بە شانۆ (٣٧٢ل) کە نزیکەی سەد نڤیسەر و شانۆڤان و وەرگێڕ، بە دەیان وتار و دەق و توێژینەوە و هەڤپەیڤین، تێیدا بەشداربوون. هەر ئەچنەو (ژمارە ٣٧ تەمموزی ١٩٩٩) تایبەت بە وەرگێڕان (٣٤٨ل) بە بەشداریی (١١٠ نڤیسەر و وەرگێڕ) بابەتە وەرگێڕدراوەکان لەم زمانانەوە بوون: عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی، سویدی، تورکی، ڕووسی و هۆڵەندی.

هەڵبەتە (ڕامان) دەرهەقی هیچ چەشنێکی وێژەیی، یان هونەری، یان زانینی گشتی درێغی نەکردووە چ بە ژمارەیەکی تایبەت، چ بە تەوەرێک، یان بە دۆسییەک لە ژمارەیەکدا، بگرە پتریش، لە بوارێن: وێژە (دەقێن هۆزان و چیرۆک و ڕەخنە...)، هونەرێن شێوەکاری، فەلسەفە، مێژوو، کەلەپوور، شانۆ، سینەما، فۆتۆگراف، مۆسیقا و گۆرانی و هەڤپەیڤین... هەر ژمارەیەکیش بەدەیان وێنە و کەڤال و مۆتێڤ.. ڕازاوە بووە.

سەرباری ئەمەش (ڕامان) چالاکییەکی بەرچاوی لە سازدانی چەندین کۆڕ و سیمینار و میهرەجانی ڕۆشنبیرییدا هەبووە، زنجیرە پەرتووکێکیشی پەخشکردووە، کە پتر لە بیست کتێبی بلاوبۆتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە شایستەی باسە ئەوەیە کە (ڕامان) هەر لە سەرەتاوە خودانی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتە و کراوە لەسەر هێمی ئازادی و دیموکراتی بووە و هەمیشە لاپەڕەکانی والاّ بووە بۆ هەمووان، چ ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق و چ ڕووناکبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە وەل کوردانی مشەختگەی ئەورووپادا، بۆیەش گەیشتۆتە پلەوپایەیەکی بڵند.

مەحاڵە گۆڤارێک بەم چوونگەو قەوارەیە سووکە هەڵەی چاپ و هونەری جارنەجار تێنەکەڤێت.


هەڵبەتە پرۆژەیەکی ئەوتۆ سەرناکەڤێت بەبێ هاریکاری و هاوکاریی هەیشەتێک لە وێژەڤانان و پەیجۆوان و وەرگێڕان و هونەرمەندان و دەستەی نووسەران و هونەرکاران و سەرنڤیسەرێکی ڕۆشنبیر و توانا و دڵسۆز و مشوورخۆر مینا سەیدا ئازاد عەبدولواحید.

جا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەمووان دەکەم و ئاواتەخوازم (ڕامان) بەردەوام و سەرکەفتوو بێت، چونکە بەڕاستی هەژی شانازییە وەل دەستە خوشکانیدا: پەیڤ، کاروان، گەلاوێژی نوێ، پەیڤین، ئایندە، زانستی سەردەم و سەردەمی عەرەبی...

هەر لێرەش ئێژم مەخابن و داخەکەم کە گۆڤاری (گولانی عەرەبی) لەنیوەڕێدا خودانێن خوە تیرۆریان کرد و گرگنێکی بێ ئاستیان لە باتی پەسند کرد، دەنا ئەویش یەکێک لەم دەستە خوشکانە بوو!

# نامەی بارزانی نەمر بۆ دکتۆر مارف خەزنەدار

**ئا: ڕامان**



برای خۆشەویست کاک دکتۆر مەعرووف خەزنەدار

تەوفـیق و سەربەرزیتان لەخودا ئەخوازم. نامەیەک کە بەهۆی هەژارەوە ناردبووت لەگـەڵ کـتـێـبی تاریخی ئەدەبیـاتەکـەت، پێم گـەیشت، دڵخـۆشی کـردم و ئەیخوێنمەوە. لەخودا داوا ئەکەم گەلێک گەنجی وەک تۆ لە کورد پەیدا بێن و بتوانن خزمەت بەگەلە لێقەوماوەکەی خۆیان بکەن و بۆ ئاوەدانی نیشتمانەکەیان تێ بکۆشن... هەروەها هەدیەکەی خێزانی کـوردۆییفم پێ گـەیشت... مەمنوون بووم..

وەک هەژار پێی گـوتووم مـەشـغـوڵی کـە لە جـامـیـعـە دامەزرێی و ئەدەبیـاتی کـوردی بەدەرس بڵـێـیـەوە، خـودا مـووەفـەقـتـان بکا بۆ خزمـەتی کـورد و کـوردسـتـان. ئیـتـر خۆشیتان.

**ئیمزا**
**براتان**
**بارزانی مستەفا**




# سەبارەت بە ڕەخنەی درامای کوردی

حەیدەر عەبدولڕەحمان



دراما بۆ ئێمە و مانان هونەرێکی تەمەن کورتە کە ڕەنگە خۆی لە دەوروبەری چل سالێک بدات، ئەو کورتە ماوەیەش بەس نییە بۆ کامڵ بوونی پێکهاتەکانی دراما، لەوانەش ڕەخنە، خۆشمان چەواشە دەکەین ئەگەر بەو ماوە کورتە بمانەوێت لە ڕووی دراماوە خۆمان لە قەرەی وڵاتە زەبەللاحەکانی دنیا بدەین، یان پێشبڕکێیان لەگەڵدا بکەین، چونکە وڵاتی وا هەیە بە سەدان ساڵە دراما بەرهەم دەهێنێ، کەچی تا ئێستاکە خۆی بە خاوەنی دراما نازانێت، ئەگەر ئێمە لەو ئاستەدا بین لە چاو درامای دنیا بەگشتی، ئەوە دیارە لە ئاستی ڕەخنەی درامیشدا لەوەندە دەست کورتترین، ڕەخنەش- لە هەر بوارێکی فیکری و ئەدەبی و هونەریدا پارچەیەکە لە جەستەی ئەو هونەرە و لێی جودا نابێتەوە، چونکە مومکین نییە ڕەخنەییەکی تێروتەسەلی چڕوپڕ لە باوەشی هونەرێکی مردوودا لە دایک بێت، هەمیشەش بەرهەمی زیندوو گەشە بە ڕەخنە دەدات، ببینینی ئەو بەرهەمانەی ورووژاندنیان تێدایە چۆن دەکەونە بەر بارانی ڕەخنە، کەواتە ڕەخنە لە ناو بەرهەمە زیندووەکاندا لە دایک دەبن.

دەکرێت بڵێین ئاستی تێڕوانین و ڕەخنەی بینەر ئێستاکە هەمان ئاستی بەرتەسکی جاران نییە، بەڵکو بە حوکمی نزیکیی لە سەتەلایت و بەسەرکردنەوەی دراما بیانییەکان دیدی بینەر و چێژ و فیکری بەشێوەیەکی دیکە پەروەردە بووە کە بتوانێت لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لە ئاست بەرهەمەکاندا هەبێت، بۆیە ئەوەی دوای کۆتایی هاتنی هەر درامایەک لە بینەری دەبیستی، دەتگەیەنێتە ئەو باوەڕە کە بینەرێکی هۆشیاریش هەیە توانای وەرگرتنی هەیە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین پانتایی ڕەخنەی بینەر لە هەموو ڕەخنەکانی دیکە بەرفرەوانتر و بەربڵاوترە، لە هەندێ حاڵەتدا بەگشتی عادیلانەتریشە، چونکە بیروڕای خەڵکی بەگشتی ناکەوێتە ژێر کاریگەری پرسی تایبەتی، هەمیشە ئازادانەتر و بێ پەرواتریشە.

دەتوانین لە پەراوێزی ئەو ورووژاندنەی پرسی ڕەخنە بپرسین، ئاخۆ هۆی چییە کە دراماکارانی ئێمە بەگشتی دان بە ڕەخنەدا نانێن؟ یان بۆچی ڕەخنە ڕەت دەکەنەوە؟ من پێم وایە هۆکارەکان دەبارێنە سەر هەردوو لایەنی ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراو، بەر لە هەمووشیان ئەگەر شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ کەسایەتی ئێمە بکرێت ئەوە بەگشتی سروشتی فسیۆلۆژی و دەروونی کورد بەگشتی سروشتێکی تەنگەبەرە بۆ ڕەخنە و قەبوڵکردنی ڕای موخالیف، چونکە کۆمەڵگای ئێمە ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر بنەچەیەکی میللی کە کەمتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دیموکراسیەتی ئاخافتن و دیالۆگی شارستانیدا هەبووە، کە ڕەنگە ئەو ئەقڵیەتە بووبێتە بۆماوەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆیە کەمتر خۆی دەداتە دەست ئەو بیروڕا موخالیفانە، ئەگەرچی بڕوای تەواویشی پێی نەبێ.

لەلایەکی دیکەوە دراماکارانی ئێمە لە گۆشەی چاوی خەڵکەوە بەرهەمەکانی خۆیان هەڵناسەنگێنن، بەڵکو لە سۆنگەی بۆچوون و قەناعەتی تایبەتی خۆیان بەرانبەر بە بەرهەمەکەیان، کە دیارە ئەمەش پێوەر نییە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئاستی ئەو بەرهەمانە، بەڵکو چەواشەکردنی (خود)ە کە لەژێر کاریگەرییەکی دەروونی نغرۆ بووە، بێ ئەوەی ئەوکەسە درکی پێ بکات.

دراماکارانی ئێمە ڕەخنە وەک زەروورەتێک لە زەروورەتەکانی پێکهاتەکانی دراما سەیر ناکەن کە چۆن ئەو پێکهاتانە دەبنە توخم بۆ دروست بوونی پیشەسازی دراما، بەڵکو ڕەخنە بە تەوژمێک بۆ لەکەدارکردنی بەرهەمێک تێ دەگەن، یان ڕووخاندنی، ئەم تێنەگەیشتنە لە چەمکی ڕەخنە وای کردووە کە ڕەزای ڕەخنە لەبەرچاوی دراماکارەکان قورس بێت و کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکەن.

ڕەنگە هەندێ جاریش کە خۆیان باسی نائامادەیی ڕەخنەگر لە گۆڕەپانی کاری درامیدا دەکەن، ئەوە دراماکارەکان خۆیان هۆکاری یەکەم بن لە سەرکۆنەکردنی ئەوەی پێی دەگوترێت ڕەخنە و ڕێگەگرتن لەبەردەم نەشونماکردن و پێگەیینی ڕەخنە، خۆ ئەگەر دراماکارانی ئێمە نەبوونی ڕەخنە بە بۆشاییەک بزانن و هانی قەڵەمی ڕەخنەیی بدەن، ئەوە قەڵەمی ڕەخنەییش پتر لەوە متمانە بەخۆی پەیدا دەکات بۆ خزمەتی کاری درامی دەکەوێتە خۆی.